# ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی

## جزمی ٣

لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە و کۆکردنەوەی

(بابی لالۆ)

**کەمال ڕەئووف محەمەد**



ناوی کتێب: ئەدەبی نامەنووسینی کوردی
جزمی: ٣
دانانی: کەمال ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٦٣
دەرهێنانی هونەریی ناوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی پیت لێدان و هەڵەچنی و دەرهێنان: ئەمیری حاجی داود
هەڵەگری: نووسەر
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٥٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێڕستی بابەتەکان


٢- پەخشاننامەی کوردیی - ڕەسمیی ..... 11

١/٢- سەردەمی یێکەم حوکوومەتی کوردستان باشوور. سلێمانیی: ..... 11

٢/٢- سەردەمی یێکەم داگیرکردنی بریتانیا. سلێمانیی: ..... 12

٣/٢- سەردەمی دووەم حوکوومەت-مەملەکەتی کوردستان باشوور. سلێمانیی: ..... 17

٤/٢- سەردەمی دووەم داگیرکاریی بریتانیا. سلێمانیی: ..... 24

٥/٢- سەردەمی سێیەم حوکوومەت-مەملەکەت-ی کوردستان باشوور. سلێمانیی: ..... 27

٦/٢ سەردەمی داگیرکاریی(بریتانیا)مەملەکەتی عێراق عەرەب. کوردستان باشوور ..... 37

٧/٢- سەردەمی کۆماری کوردستان-کوردستانی خۆرهەڵات. مەهاباد ..... 87


## بەشی شەشەم


١. هێندی نامەی هەمە جۆری کوردیی ..... 97

١/١- ئەرزوحاڵنامە ..... 99

٢/١- ئیجازە نامەی زانستیی ..... 103

٣/١- جاڕنامە ..... 104

٤/١. سەفەرنامە ..... 160

٥/١. شیننامە ..... 166

٦/١. قەسسامنامە ..... 170

٧/١. مەزبەتەنامە ..... 173

٨/١. وەسیەتنامە ..... 176

٩/١. وەقفنامە ..... 180

١٠/١. وەکالەتنامە ..... 181





١١/١. یاداشتنامە ..... 185

دەستنووسەکان ..... 209

ئەلبومی نێوداران ..... 451

فەرهەنگۆک (ئینسکلۆپیدیا) ..... 471

# کلیلی نیشانە و زاراوەکان

🖹: پوولی پۆستە

●: مۆر (مۆری کەسیی)

◎: مۆر (تەمغەی دەزگەیێ/ ڕەسمیی)

❍: نامەنووس بە شیعر

⊖: نامە هەنێر

❑: نامە وەرگر

❑⊖: نامە هەنێر و نامە وەرگر

×: نێوی کەسێ لە نامەییێکدا هاتبێت

(*): پەراوێز

✡: یێکەم جارە بڵاودەبێتەوە

🕮: بڵاوە

🕮✡: پێشتر هەر من بڵاوم کردووتەوە

(...): وشەیێ ڕستەیێ بۆم نەخوێندرابێتەوە،یان ونە.

(!!): گومان لێ کردن

[ ]: بۆ نواندنی باسێ یا ڕایێک

(...): وشەیێ، ڕستەیێ بۆم نەخوێندرابێتەوە یان ناتەواوە، یان ونە!

[ ]: دوو کەوانێ من دامناوە بۆ نواندنی باسێ یان ڕایێکم.

-/ : ژمارەی سەرچاوە، نامە هەڵگر یان نامە هەنێر.

/-: کۆی گشتیی نامەکان (بەکەسیی و ڕەسمییەوە بێ لە شیعرنامە و نامەی بیانیی زمان!).

/-/: ژمارەی نامەی نێو سەرچاوەیە، یان ژمارەی نامەکان نامە هەنێرێ

/و-../: وەڵامنامە - ژمارە.

-//-//-: ژمارەی سەرچاوە یان نامەهەنێر/ ژمارەی نامەکانی نامەهەنێر/ کۆی گشتیی نامەکانی بیانیی زمان.

ئە. م. سلێمانیی: ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانیی.



ئە. ئـ. سلێمانیی: ئەنجوومەنی ئیداریی سلێمانیی.

ح. د. کوردستان: حیزبی دیموکراتی کوردستان - خۆرهەڵات (ئێران).

پ. د. ک: پارتی دیموکراتی کوردستان - باشوور (عێراق)

پ. ز: پێش زایین، پێش عیسا.

پ. ش: پارتی شیووعی (کۆمەنیست).

پ. ن: پەخشاننامە (نامەی نووسراو بەپەخشان).

پ. ن؛ ڕە: پەخشاننامەی ڕەسمیی.

پ. ن؛ کە: پەخشاننامەی کەسیی.

پ. ن - ت/ ڕە: پەخشاننامەی تورکیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ت/ کە: پەخشاننامەی تورکیی/ کەسیی.

پ. ن - ع/ ڕە: پەخشاننامەی عربیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ع/ کە: پەخشاننامەی عربیی/ کەسیی.

پ. ن - ف/ ڕە: پەخشاننامەی فارسیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ف/ کە: پەخشاننامەی فارسیی/ کەسیی.

پ. ن/ کە (ف - ک): پەخشاننامەی کەسیی (فارسیی - کوردیی)

ت: تورکیی

١. ج. گێتی: یێکەم جەنگی گێتیی.

٢. ج. گێتی: دووەم جەنگی گێتیی.

ز: زایینی، ساڵی عیسایی

ژ: ژمارە

ڕ: ڕۆمیی، ساڵی دارایی عوسمانیی

س: ساڵ

ش: شوێن

ش. ن: شیعرنامە (نامەی نووسراو بەشیعر)

ع: عەرەبیی

ف: فارسیی

ف. ع- کەرکووک: فێرگەی عیلمییە - پیشەسازیی - کەرکووک.
ف. م - بەغدا: فێرگەی مامۆستایان - بەغداد.
ق. ئا: قوتابخانەی ئامادەیی
ق. ئا. س. بەغدا: قوتابخانەی -فێرگە-ی ئامادەیی سەربازیی بەغدا
ق. ڕ: قوتابخانەی -نێوەندی-ی ڕوشدییە
ق. ڕ. س - سلێمانیی: قوتابخانە ڕوشدییەی سەربازیی - سلێمانیی
ق. س: قوتابخانە سەرەتایی
ق. ن: قوتابخانە نێودەندیی
ک. برایەتی: کۆمەڵ/ پارتی برایێتی
ک. پشتیوان: کۆمەڵ/ پارتی پشتیوان
ک. خێیبوون: کۆمەڵ/ پارتی خۆیبوون
ک. دارکەر: کۆمەڵ/ پارتی دارکەر
ک. م. و - سلێمانیی: کۆمەڵ/ پارتی مودافەعەی وەتەن - سلێمانیی (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن)
ک. ز. ک - سلێمانیی: کۆمەڵی زانستیی کوردان - سلێمانیی.
ک. زەردەشت: کۆمەڵ/ پارتی زەردەشت.
ک. ژ. ک: کۆمەڵ/ پارتی ژ. ک (ژیانەوەی کورد).
ک. س. کوردستان: کۆمەڵ/ پارتی سەربەخۆیی کوردستان.
ک. کوردستان - سلێمانیی: کۆمەڵی کوردستان - سلێمانیی (جەمعیەتی کوردستان)
ک. ل. کورد: کۆمەڵی لاوانی کورد.
ک. هـ. پ. کورد - ئەستەمبووڵ: کۆمەڵ/ پارتی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد - ئەستەنبووڵ. (کورد تەعالیی و تەرەققیی جەمعییەتی).
ک. هـ- بەغدا: کۆمەڵ/ پارتی هیوا- بەغداد
ک. ی. پ. ع/ ئەستەنبووڵ: کۆمەڵ/ پارتی یێکیەتیی و پێشکەوتنی عوسمانیی- ئەستەتبووڵ (ئیتیحاد و تەرەقیی جەمعییەتیی).
ک. ی. پ. ع - سلێمانیی: کۆمەڵ/ پارتی یێکییەتیی و پێشکەوتنی عوسمانیی - لقی سلێمانیی.



م: مێژوو
م. ع - ئەستەنبووڵ: مەکتەبی حەربییە - کۆلێجی جەنگاوەریی - ئەستەنبووڵ.
ن: نومرە، نومێرۆ/ ژمارە.
هتد: هەتا دوایی.
هـ. خ: (هـ.ش/ هیجری شەمسی) هیجری خۆریی: مانگی کۆچیی لای موسڵمانە شیعەکان.
هـ. م: (هـ. ق/ هیجریی قەمەریی) هیجری مانگیی: مانگی کۆچیی لای موسڵمانە سوننەکان.
ودبنبڕە: وێنەی دەستنووس و بەڵگە و نامە و بەڵگەنامە ڕەسمیی.
ی. س. ک - بەغداد: یانەی سەرکەوتنی کوردان - بەغداد.
ی. ن. ک: یێکییەتیی نیشتمانیی کوردستان.
E: ئینگلیزیی.
F: فڕانسیی.
G: گریکی - یۆنانی
K: کەمال/ نووسەر
L: لاتینی

## ٢- پەخشاننامەی کوردیی- ڕەسمیی

٢/١- یێکەم سەردەمی حوکوومەت -حوکمدار-ی کوردستانی باشوور؛ سلێمانیی:

📖. پ. ن؛ ڕە: ٢٠٥/١١/٢٤(*)

[حاکم/ حوکمداری کوردستان مەحموود ـــ شێخ ئەمین خاڵ](١)

ن [ژ]: ١٨٣

٨ جومادی ئەووەل ٣٧٧ (١.ک- ١٩١٩/٢/٢٨ز)

[سلێمانیی]

حاکم کوردستان مەحموود

پۆستنشینی دەرگەی نەقشیی جەناب حاجیی شێخ ئەمین دامەفەیزوهو

لە سایەی ئەڵتافی ئیلاهیی و بە یاریەی حەزرەتی پەیامبەری ئەنام و بە دەستیاریی ئەنبیا و ئەولییای عیزام، لە تەحتی حیمایەی دەوڵەتی فەخیمەی بریتانیدا، حوکوومەتی جەدیدەی جەلیلەی کوردستانی ئیسلامییە تەشەککولی کردووە. حوکوومەتی حازیرە مەقسەدی ئەسڵیی، خولاسەی فیکری، نەشری علووم و مەعاریف و تەرویجی ئەحکامی شەریعەت و تەریقەتی نەبەویی و خیدمەت و موحافەزەتی دینی موبین و ئاییینی ئیسلامییە! لە نەزەر ئێمەدا خیدمەت و ئیرشاداتی جەنابی ئێوە، چونکە سەبەقەتی کردووە، لە ئیعتیباری ١ی جومادی ئەووەلی ٣٣٧ەوە، بۆ تەئمینی ئیدارەی خۆتان و لەوازیماتی خانەقا و بۆ سەرەفی مەعیشەتی سالیکان، مانگی پەنجا ڕوپییە مەعاشمان بۆ ئێوە ئینعام و تەخسیس کرد. ئومێدم ئەمەیە ئینشاالله لەمەوپێش و زیاتر خدمەتی دین و لە ئیرشادی موسوڵمانان بن و مەوجوودییەتی ماددیی و مەعنەویی خۆتان، (...) دینییە ئیترشاداتی نەفییسە لە حەمییەتی جەنابی ئێوە مەتلووبە...

٨ جومادی ئەووەل ٣٣٧ حوکمداری کوردستان

●

[مۆری ئیمزای مەحموود]

[تەواو]

---

(*) گەنجینەی مامۆستا شێخ محەممەد خاڵ!

(١) مامۆستا خاڵ بۆ منی گێڕایەوە کە باپیری ئەو مووچەیەی پەسەند نەکردووە و وەرینەگرتووە!



٢/٢- یێکەم سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا- کوردستانی باشوور؛ سلێمانیی:

✡ پ. ن؛ ڕە: ٢٠٦/١/٦٥(*)

[بەڕێوەبەریی هەتیوان ـــ قازیی]

◎ [مۆری دائیرەی ئەیتامی سلیمانیی]

نومیرۆ: ٢٠

٩٢٠/٧/١٧ [١. ز]

بۆ حوزووری عالیی جەناب قازیی شەریعەتی سلێمانیی دامەفەزلوهو

بە موجیبی حوججەتی ئیدانە ٢٧ شەعبان سەنە ٣٢٨، تەئریخ و ١٩٠ نومیرۆ؛ مەحموود ئەفەندیی کوڕی جەودەت ئەفەندیی لە پارەی حسێن و محەممەد عەلیی ئەولادی سیغاری حاجیی عبدالله ناو، مەبلەغی ٨٩٤٨ غرووش کە دەکاتە ١١٨٨ ڕوپییە و هەشت ئانە، بە وەعدەی دووساڵ بە سووڕەتی ئیدانە لە سووندووقی ئەیتام ئیستیقرازی کردبوو وە بۆ تەئمینی ئەو مەبلەغە بە موافیق ئەم شەش قیتعە سەنەدەی تاپۆی مەڕبووتە، حەققی موشاعەی لە چاپخانە و دوکان و خانووی کە لەم سەنەداتەدا مەحدوود و موعەیینە، بە وەکالەتی دەورییە، بەناوی مودیری ئەیتامەوە، بە سوندووقی ئەیتام داویە بە ڕەهن و هەتا تەئریخی حاڵی تەمامی ئەییام کە مورووری کردووە، موقابیل بە نەفەقەی ئەو منداڵانە لەگەڵ وەسیی حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا تەنزیل کراوە و لە قەیدی ئەساسی ئەیتامدا بە سەحیفە ٣١ و سەرەی نومیرۆی ١٦ قەید بووە، سەحجولباقیی، مەجمووع ڕەئسولماڵ و قازانج ١١٨٠ ڕوپییە و دوازدە ئانە، موومائیلێه مەحموود ئەفەندیی مەدیوون مابووەوە و ئەم مەبلەغی مەزکوورەیە بە تەواویی تەسلیمی بە سوندووق ئەیتام کردەوە، هیچ زیمەتی نەمابووەوە، بینائەن عەلێه موقابیل ئەم مەبلەغە وەک لە بالاوە عەرز کراوە، حیسسەی مەعلوومەی مەرهوونەی لەو چاپخانە و دوکان و خانووە کە لە دائیرەی تاپۆدا مەرهوونە بۆ خاتری موعامەلەی کوللییەی ئیجرا بکرێ و لەسەر قەیدی شەرح بدرێ، ئەم ڕاپۆرە تەنزیم و تەقدیم و بۆ حەواڵە فەرموونی بە دائیرەی تاپۆ مەنووتی ئەمرۆ ئیرادەی عالییە، قوربان!

---

(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمانیی؛ ١/١١/١٩٨٩ز.

۳۰ شەووال سەنە ۳۳٦      مودیری ئەیتامی سلێمانی
۱۷ جولای سەنە ۹۲۰      ●

[تەواو][(۱)]

☼ پ. ن؛ ڕە: ۲۰۷/٥/٦٦(*)
[نامەیێکی ڕێبەری تاپۆی سلێمانیی ـ جەنابی ساحیب][(۲)]
ژمارە- ۱۷۹
٦/۱۹۲۱/٦(۱. ز)

داخلی شاری سلێمانیی لە گەڕەکی جوولەکاندا وەکو سوورەتی قەیدی لەسەرەوە نووسراوە، خانوویێک لە تەئریخی تەشرین سانیی ۳۱۰دا بەناوی ئیسحاق کوڕی هاڕوونەوە قەیدە بە مووجیبی مەقبووزی مەربووتە؛ حەقدە ڕوپیە کەشفییە و قەدەمییە و چوار ڕوپیە تەحەڕڕی و قەیدییە وەرگیراوە، بە ئیراد قەید کراوە، ڕاپۆری کەشفی مەربووتی تەقدیم کرا لە ڕاپۆر کەشفەکەدا وا تەحقیق کراوە؛ ئەم خانووە کە بووە بە عەرەسەی موڵکی ئیسحاق کوڕی هاڕوون، ئێستا وەرەسەی هاڕوون دەیفرۆشن بە ساڵح بەنەشی. بۆ مەحکەمەی شەرعییە حەواڵە فەرموونی مەنووتی ئەمری (جەنابی ساحێبە).
لە ٦ی جوون سەنە ۹۲۱.

موقەییدی تاپۆ
مودیری تاپۆ
[ئیمزای نەناسراوێ!]
[ئیمزای فائیق][(۳)]

[تەواو][(٤)].

(۱) نووسین و پەراوێزەکانی قازیی، مۆری دائیرەی حاکمی سیاسیی و ئیمزای ئینگلیزیی لەسەرە و پێ ویست نەزانرا- کە وێنەی فۆتۆکۆپیی بڵاوە- نیشان بدرێتەوە!
(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمانی؛ ۲/۳/ ۱۹۸۸ز.
(۲) وەکو لە دوا دێرا نێوی (جەنابی ساحێب) هاتووە، هەڵبەت مەبەست لە یاریدەری فەرمانڕەوای سیاسیی بۆ کاروباری دارایی/ سەرۆکی مالییە؛ کاپیتان ڕایت بووە.
(۳) ڕێبەری تاپۆی ئەوکاتە- وەکو ئیمزایشی دیارە- فائیق - ئەحمەد فائیقە/ فائیق تۆفیقە!
(٤) نامەکە لە شێوەی خشتەدا- ئیستمارەیێکی تاپۆدا هاتووە- لەبەر بڵاوکردنەوەی فۆتۆکۆپییەکەیشی نواندی خشتەکەم پێ ویست نەزانیی کە (وشەی تورکیی لە خشتەکەدا دەبینرێت)



☼ پ. ن؛ ڕە: ۲۰۸/۱/٦۷(*)
[مەئمووری ئیجرای سلێمانی ــ ڕییاسەتی ئیجرا]
نومیرۆ: ٦٥. ۹۲۱/۳۱
[۱۹۲۱/۹/۲۰ز][(۱)]

بۆ حوزووری حەزرەتی ڕییاسەتی ئیجرا تەقدیم. لە مەحەللەی سەر شەقام، واقیع حەمامێک و کە بە حەمامی حاجیی سەعید ئاغاوە مەشهوورە و بە خانووی حاجیی عەبدالله عەزیز فەتاح کۆیی و خانووی حاجیی حەمەڕەحیم و بەردەمی شەقامی عام و پشتی بە خانی ڕژیی مەحدوودە و بە ئیعتیباری سێ بەش یێک بەش کە عائید بە حاجیی عبدالله عەزیز فەتاح کۆییە، موقابیل بەیێک و سەد و سیی و پێنج لیرا، بە سوورەتی قەتعیی بە حاجیی سەعید ئاغا و حاجیی عەلیی ئاغا و حاجیی مەلا موحیەددین ئەفەندیی فرۆتووە و پارەکەیشی بەتەواویی وەرگرتووە، بینائەن عەلێه بەبێ ڕەزا و تەقدیری ئەو، ئەم سێ یێکی حەمامە بەناویی موومائیلێهون:

حاجیی سەعید ئاغا و حاجیی عەلیی ئاغا و حاجیی مەلا موحیەدین فەراغ بکرێ لە مەحکەمەی شەرعییەی سلێمانیی بە تەئریخی ۲٥ی ڕەبیعولئەووەلی سەنەی ۳۳۷، وا حوکم دراوە وە ئەو حوکمەش ئوسووڵەن تەبلیغ و ئیکتیسابی قەتعیی کردووە و لە دائیرەی ئیجراشدا ئوسووڵەن بۆ تەقدیری فەراغی ئەخبارنامە تەبلیغ کراوە، بە مووجیبی حوکم تەماشای ڕەزا و تەقریرنەکری سێ یێکی ئەم حەمامە موقابیل بەم یێک سەد و سیی و پێنج لیرایە، بەناوی حاجیی عەلیی ئاغا و حاجیی سەعید ئاغا و حاجیی مەلا موحیەددین ئەفەندییەوە قەیدی تاپۆی تەسحیح بکرێ و سەنەدی تاپۆیان بدرێتێ.

ئەمر بە جەنابی مەئمووری تاپۆ بفەرموورێ ئەم فەککی فەراغە تەقدیم بە حوزوور حەزرەتی ڕییاسەت ئیجرا کرا!

۱٦ موحەڕڕەموڵحەرام سەنە ۱۳٤۰      ۱۷ ئەیلوول سەنە ۹۲۱
مەئمووری ئیجرا
[ئیمزا]

[تەواو][(۲)]

(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمانیی؛ ۲/۳/ ۱۹۸۸ز.
(۱) مێژووە نووسراوەکەی خۆی- لەبەراوردا- هەڵەیە بۆیێکا ئەم مێژووەم بە ڕاستتر دانا.
(۲) پەراوێز و نووسراوەکانیم- لەبەر بڵاوکردنەوەی فۆتۆکۆپییەکەی- پێ ویست نەزانیی.

☼ پ، ن؛ ڕە: ٦٨/٢/ ٢٠٩[*]

[یاریدەری فەرمانڕەوای سیاسیی- بریتانیی/ ٢ ـــ مەئمووری تاپۆ]

حوکوومەتی سیاسیی سلێمانی[١]

ژمارە: ٣/١/٣١٧

ڕۆژ: ٢١/١١/١٤ [١٩ز]

بۆ جەنابی مەئمووری تاپۆ

لە لایێن وەکالەتەکەی ئیبراهیم کوڕی بەنحاس کە حەسقێل ناوی کردووە بە وەکیل، بە پێی کاغەزی تەئریخی ٢ی نۆڤمبر ١٩٢١ و ژمارە: ٢٨٦٢ کە لایێنی نازیری تاپۆی بەغدادەوە هاتووە، نووسیوویەتی کە ئەو ئیبراهیم کوڕی بەنحاسە، لەسەر قسەی خۆی باقییە کە حسقێلی کردووە بە وەکیل و ئەو وەکالەتنامەیە ڕاستە!

موعاوینی حاکمی سیاسیی

[ئیمزاییێکی ئینگلیزیی][٢]

[تەواو]

☼ پ. ن ڕە: ٦٩/١/ ٢١٠[**]

[سەرۆکایەتی بەلەدییەی سلێمانیی ـــ حاجیی ئاغا فەتح الله]

ریاسەتی بەلەدییەی سلێمانیی

ژمارە: ٢٣٣

تەئریخ [مێژوو]: ٣ جولای ٩٢٢ [ ١٩٢٢/٧/٣ز][٣]

بۆ جەنابی حاجیی ئاغا فەتح الله

لەسەر ئەمری جەنابی حاکمی سیاسیی بۆ تقدیری کرێ خانووی شێخ مەحموود

(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمان؛ ١٩٨٩/١١/١٠ز

(١) واتە فەرمانڕەوایی بریتانیای داگیرکەری سلێمانیی.

(٢) بە وردبوونەوە لە ئیمزاکە، وێ دەچێت ئیمزای کاپیتان (هۆڵت)ی یاریدەدری فەرمانڕەوایی سیاسیی بێت!

(**) گەنجینەی تۆفیق حاجیی ئاغا فەتح الله بە هۆی فەرەیدوونی کوڕیەوە سلێمانیی؛ س ١٩٨٨ز.

(٣) نزیکەی دوو مانگێ بەر لە خۆکشاندنەوەی دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەرە و گەڕانەوەی حەفید زادە مەحموودە!



ئەفەندیی کە عەسکەرییە تیا دانیشتوون، جەنابتان لەگەڵ حاجیی ئەحمەد چەلەبیی، حاجیی کەریم تەنسیب کراون کە لەگەڵ ئێمە و مومەسیلێکی شێخان بچین ئەو خانووە کەشف و کرێی بۆ تەقدیر بکەین لوتفەن سبحەینێ سەعات سێی عەرەبیی تەشریف بهێنن بۆ داییرەی بەلەدییە هەتا بە یێکەوە بچین ئیجابی تەماشا بکەین.

ڕەئیسی بەلەدییە

[ئیمزای مەحموود]

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: ٧٠/١/٢١١[*]

[سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی سلێمانی/ شێخ قادر ـــ عبدولفەتاح چەلەبیی][١]

[سلێمانی]

نومیرۆ [ژ]: ٧٧

٢٠ ئەیلوول ١٣٣٨[ز: ١٩٢٢/٩/٧ز]

بۆ جەنابی عەبدولفەتاح چەلەبیی ئەعزای مەجلیس[٢]

لەسەر تەڵەبی ئەعزاکانی مەجلیس، لە ئیعتیباری ١٦ی ئەیلوول ١٣٣٨وە، مەعاشی

(*) گەنجینەی تۆفیق حاجیی ئاغا فەتح الله- بە هۆی فەرەیدوونی کوڕیەوە- سلێمانی؛ س ١٩٨٨ز

(١) ئەم ئەنجوومەنە- وەک بانگی کوردستان؛ س ١، ژ٦، دووشەممە ٢٦ موحەڕڕەم ١٣٤١، ١٩٢٢/٩/١٨ز دەگێڕێتەوە- لە ١٩٢٢/٩/٥ز. دا دامەزرا کە دەسەڵاتی سیاسی و سوپایی بریتانیای داگیرکەر لە سلێمانییدا بە یێکجاری کشانەوە کە دەست بەجێ کاروباری ئاساییش و ئیدارەی سلێمانی گرتە خۆی و تا هاتنەوەی حەفید زادە مەحموود و دەسەڵات گرتنی و دامەزراندنی دووەم حوکوومەتی کوردستان بڕی کرد، ئەنجوومەنەکەش ئەم زاتانە بوو؛ (شێخ قادر، مستەفا پاشا یامەلکێ، حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا، عەبدولفەتاح چەلەبیی، مەجید ئەفەندیی حاجیی ڕەسووڵ ئاغا، ئەحەمەد بەگی تۆفیق بەگ).

(٢) عەبدولفەتاح چەلەبیی؛ (١٧٨٣ز. سلێمانی ـــ ١٢٩٥/١٢/٣ز. سلێمانی) کوڕی حاجیی عەبدالله کوڕی ئاغا ساڵح وێ دەچێت بە دەستووری سەردەمەکەی، لە فێرگەکانی ئایینەوە خوێندەواریی دەستگیر بووبێ. هێندەی بە ڵگەنامەی خۆی- هەروەها ڕەسمییانەی عوسمانیی تایبەتی خۆی- لەبەر دەستمە و دەگێڕنەوە کە لە س ١٨٩٥ز. دا جێگری قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بووە. هەروەها لە نێوان س ١٨٩٧ز- ١٩٠٦ز. دا، ئەندامی ئەنجوومەنی ئیداریی=

جەنابتان لە سەد ڕوپییەوە بە دووسەد ڕوپییە زیاد کرا![1]

**٢٠ ئەیلوول ١٣٣٨**

[ئیمزای عەبدولقادر]
ڕەئیسی مەجلیسی میللیی
سلێمانیی

سووڕەتی بۆ خەزێنە.[2]

[تەواو]

## ٣/٢. دووەم سەردەمی حوکوومەت -مەملەکەت -ی کوردستان باشوور؛ سلێمانیی:

📖 پ.ن؛ ڕە: ٢١٢/١٢/٢٤(*)

[فەرمانی حوکمدار]

سووڕەتی ئیرادەی علییەی حەزرەتی حوکمدار، لەمەملەکەتی سلێمانییدا نووسرا عەدەد [ژ]:١
١٨ سەفەرلخەیر ١٣٤١[ک]/٩ تەشرین ئەووەل ١٩٢٢ (ز)

لە مەحموودی ئیبن سەعید بۆ کافەی میللەتی کورد

لەپاش تەڵەبی سەعادەت و مەغفیرەت لە بارەگەی ئەحەدییەت، بۆ ئەم میللەتە مەزڵوومەی خۆمە ئیعلان ئەکەم کە لەبەر بەعزێ ئەسباب و عەواریزی سیاسییە،

---

= سلێمانیی و لە س ١٩٢١ز شدا - سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا- دیسان ئەنجوومەنی ئیداریی سلێمانیی بووە و لە حوزەیرانی ١٩٢٢ز.دا خۆی کشاندووەتەوە دیسان لە هەلی دووەم شۆڕشی حەفید زادەدا- وەک بەڵگەنامەی ڕەسمیی لە ئێرەدا بڵاوە- لە ١٩٢٣/٦/١١ز. دا ئەندامی تەشکیلاتی حوکوومەتیی ڕاسپێردراو و داتاشراوی دەسەڵاتی بریتانیا و مێجەر ئەدمۆنەس بووە.
لە ئەو هەلە ڕاوە هەواڵی نییە کە تێکەڵیی کاروباری سیاسیی بووبێ و تا دوارۆژی وەک موڵکدارێکی ناسراوی سلێمانیی ژیاوە!
سەرچاوە:
١- بەڵگەنامەکانی خۆی
٢- پێشکەوتن- سلێمانیی
٣- ڕۆژنامەی ژیانەوە.

(١) ١٦ ئەیلوول ١٣٣٨= ١٩٢٢/٩/١٣ز.

(٢) نامەکە بە تیپنووس/ تیپڕایتەر نووسراوە!

(*) بانگی کوردستان- س ١، ژ ١٠، یێکشەممە، ٢٣ سەفەر ١٣٤١، ١٩٢٢/١٠/١٥ز.



موددەتێکە لە خزمەت ئەم میللەتە سادیقەی کوردە، دوور و مەهجوور مابووم.

ئەمڕۆ لە سایەی خودا و ڕۆحانییەتی مستەفا (سلهم) و هیممەتی ئەجداد و لە سایەی نیاز و تەزەڕڕوع و قووەتی ئەم میللەتە سادیقەوە، ئەمڕۆ دەستم کردووە بە تەدویری پەروانەی حوکوومەت و موحافەزەی مەوجوودییەت و ئیستیقلالییەتی کوردستان! ئومێد و ئارەزوو ئەکەم، هەمووتان بە یێک غایە و مەسلەک و بێ فاسیڵە، سەعیی بۆ دەوامی ئەم ڕۆژە و کۆشش بۆ تەعالیی ئەم میللەتە ئەکەن! کورد وەک یێک عائیلە، موتتەفیقەن و موتتەحیدەن لەگەڵ من بۆ تەحکیم و دەوامی ئەم حەققە سەریحەیە کە دەستمان کەوتووە، لازم و فەرزە سەعیی و غیرەت بکەین!

ئەی میللەتم! ئەمین بن کە زامن و سەعادەت و مووەففەقییەتی ئەقوام؛ ئیتتیحاد و ئیتتیفاقە و میللەتێ کە خوێنی ڕشتبێ بۆ حەققی خۆی قەتعییەن مەحرووم و ئەسیر نابێ و قەراری عالەمی مەدەنییەتیش ئەمەیە کە: هەر قەومێ و هەر عونسورێ، خۆی بە خۆی، ئەبێ ئیدارە بکا!

ئەووەڵەن؛ ئێمە کە میللەتی کوردین. سانیەن؛ بۆ ئەم غایەیە قوربانییەکی زۆرمان دا. بە ئەو شەرتە کە یێک دڵ و یێک زبان و یێک و جوودبین، بەئیزنی خودا، هیچ کەس زەفەرمان پێ نابا و منیش تا ئاخیر قەترەی خوێن و ماڵ ، خۆم و ئەولاد و ئەتباعم بۆ سەعادەتی ئێوە سەرفم کردبوو و تیکرار ئەیکەم!

هیممەت لە ئێوە، مووەففەقییەت لە خودا!

حوکمداری کوردستان
مەحموود

[تەواو]

پ. ن؛ ڕە: ٢١٣/١٣/٢٤(*)

[فەرمانی حوکمدار]

سووڕەتی ئیرادەی علییەی حەزرەتی حوکمدار، لە مەملەکەتی سلێمانییدا نووسرا.

عەدەد [ژ]:٢

١٩ سەفەرلخەیر ١٣٤١[ک]/ ١٠ تەشرین ئەووەل ١٩٢٢[ز]

بۆ تەشکیلاتی حوکوومەتی کوردستان، نەسیب و تەعیینی ئەم زاتانەم لە کابینەی حوکوومەتدا موناسیب دیی:

| | |
|---|---|
| سوپا سالار | شێخ قادر [حەفید](١) |
| ڕەئیسی داخیلییە | شێخ محەممەد غەریب(٢) |
| ڕەئیسی مالییە | عەبدولکەریم عەلەکە(٣) |
| ڕەئیسی مەعاریف | میر لیوا مستەفا پاشا(٤) |
| ڕەئیسی شەرع و عەدل | |
| ڕەئیسی گومرگ | ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ(٥) |
| ڕەئیسی نافیعە(٦) | محەممەد ئاغا عبدوڕڕەحمان ئاغا |
| ڕەئیسی ئەمینیەتی عموومیی. | سەیید ئەحمەد بەرزنجیی |
| موفەتتیشی عموومی کوردستان | میر لیوا سدیق قادریی پاشا |

هەر کەس مەقام و وەزیفەی خۆیم پێ سپاردن و ئیرادە ئەکەم، دەرحاڵ دەست بە تەدویری ماکینەی حوکوومەت بکەن (ومن الله التوفیق)

حوکمداری کوردستان

مەحموود

[تەواو]

(*) بانگی کوردستان– س ١، ژ. ١، یێکشەمە ٢٣ سەفەر ١٣٤١، ١٥/ ١٠/١٩٢٢ز.

(١) برای.

(٢) خزمی و زاوای.

(٣) مەسیحایی سلێمانیی.

(٤) مستەفا پاشا یامەلکێ.

(٥) ئەحمەد حەمدیی (شاعیر).

(٦) ئەشغال.



پ. ن؛ ڕە: ٢١٤/١٤/٢٤(*)

[فەرمانی حوکمدار]

لە پێتەختی حوکوومەتی کوردستان لە سلێمانییدا نووسرا

عەدەد [ژ]:٣

٢٤ سەفەر ١٣٤١/ ١٥ تەشرین ئەووەل ١٩٢٢[ز]

ئیرادەم کرد بە ئیفای مەواددی ئاتیە

١- بیلعموموم ڕوئەسا، هەفتەی دوو ڕۆژ، دوو شەنبە و پێنجشەنبە، پاش نیوەڕۆ، ساعەت لە هەشتەوە تا ساعەت دە، ئەبێ لە دائیرەی خوسووسیی خۆمدا ئیجتیماع بکەن بۆ حەللی مەسائیلی موهیممەو ئوموری حوکوومەت!

٢- لە ئەحواڵی فەوقولعادەدا و عیندەلحاجە، هەر ڕەئیسێ، لە هەر وەقتێکا حەققی مولاقاتی لەگەڵ من هەیە!

٣- بیلعموموم ڕوئەسا لە خوسووساتی ئایتەوە ئەبێ تەرتیبات و تەنزیماتی دەوائیری خۆیان عەلاعەجەل ئیمزا بکەن:

ئە: مونتەزەمەن وەک ماکینە دەوام کردن لەسەر وەزیفەدا.

بێ: حەرەکەت کردن لە هەر جیهەتێکەوە بە مووافیقی پرۆغرامێکی مونتەزەم بێ کە ڕەئیسی دائیرە تەرتیبی کردبێ!

جێ: تەنسیقات بە مووافیقی ئەحواڵ و واریداتی مەملەکەتە!

دێ: تەرجیحەن ئیستیخدام کردنی ئەربابی سەداقەت و عیففەت و ئیستیقامەت!

لەپاش تەرتیب و تەشکیلی ئەم نەوعە ئیجرائاتانە، ئەبێ جەدوەل و ئەوراقی تەقدیم بکرێ!

٤- بە ئینتیخاب و تەرتیب، عموومی ڕوئەسا، ئەبێ بۆ هەموو دائیرەیێک تەرتیباتی ئاتیە ئیجرا و بەعدەهو عەرزو تەسدیق بکەن و لەپاش تەسدیق ئیعلان بکرێ وەک قانوون:

ئە: بۆ عموومی دەوائیری موڵکییە و عەسکەرییە قادرۆ نامەیێکی مونتەزەم و موفەسسەڵ.

(*) بانگی کوردستان– س١، ژ ١٢، جومعە، ٥ ڕەبیعولئەووەل ١٣٤١، ٢٧/ ١٠/١٩٢٢ز

بێ: دروست کردنی لیستەیێکی مەعاشاتی عومومییە کە لە نەفەرەوە هەتا نازیر، هەموو ڕوتەب و وەزائیفی عەسکەرییە و مولّکییەی حاویی بێ و بەمووجیبی قادوورەکە بکرێ!

جێ: لە هەردوو جیهەتەکەوە، ئەحوالّی واریدات و لیاقەتی مەملەکەتە بە ئەساس ئیعتیبار بکرێ.

٥- تەقسیمی وەزائیف و دەرەجەی سەڵاحییەت مەقاماتی عالییەی حوکوومەت بەر وەجهی ئاتیی نووسراوە!.

ئە: ڕییاسەتورڕوئەسا- حەققی نەزارەتی بەسەر عومووومی ڕوئەساوە هەیە و ڕوئەسا لە هەر ئەمرێکی موهیمدا مەجبووری ئیستیشارەی ئەوە. ڕییاسەتی مەجلیسی ڕوئەسا بە خۆی عائیدە!

بێ: سوپا سالار، بیلعومووم مەسائیلی حەربییە و عەسکەرییە، ڕاجیعی ئەو مەقامەیە!

جێ: ڕییاسەتی داخلییە، بیلعومووم موتەسەڕریف، قائیمقام و مودیرییەتەکان و موتەسەڕریفییەتی مەرکەز، بەلەدییە، تاپۆ لەژێر سەڵاحییەتی ئەم دائیرەیەدا و موئەققەتەن دائیرەی سیححیەکە عیبارەتە لە خەستەخانە!

دێ: ڕییاسەتی مەعاریف، بیلجوملە ئومووری مەعاریف و هەرچیی تەرتیباتێ ئیجاب بکات، لەم خوسووسەوە ڕاجیع بەڕییاسەتی مەعاریفە!

هێ: ڕییاسەتی نافیعە، توروق و مەعابیر، پۆستە و تەلغراف، موهەندیسخانە و ئەعمالاتخانە، ئورمان و زراعەت، ڕاجیع بەڕییاسەتی نافیعەیە.

واو: ڕییاسەتی شەرعییە و عەدلییە، بیلجوملە مەحاکمی شەرعییە و عەدلییە، مەحاکیمی سولّح و مەحاکیمی مونفەریدە، ئیستیناف، تەمیز، دائیرەی ئەوقاف بەغەیرەز وەقفی ئیتعامی مەساکین، راجیع ئەم ڕییاسەتەیە!

زێ: ڕییاسەتی ئەمنییەتی عومومییە، موحافەزەی داخیل، دەوائیری پۆلیس و ژاندارمە و دەوائیری ئیستیتڵاعات، یەعنی مەرکەز و مولحەقاتی حوکوومەتی کوردستان، عائید ئەم ڕییاسەتەیە!

حێ: موفەتتیشی عومومیی حوکوومەت لەسەر بیلجوملە دەوائیر و مەقاماتی حوکوومەتدا، مانگی دەفعەیێک حەققی تەفتیش و لە ئەم خوسووسەوە سەڵاحییەتی پێ بەخش کراوە و عیندەلئیقتیزا بە ئیرادەی عالیە، لە هەر وەقتێکا حەققی تەفتیشی



هەیە!

طا: ڕییاسەتی مالییە، بیلجوملە ئومووری مالییە، حوکوومەت و خەزینە ڕاجیع بە ڕییاسەتی مالییەیە!

٦- لە پاش ئیعلان و تەعمیمی ئەم ئیرادە نامەیە، هەرچیی ئوسووڵ و تەرتیباتێ کە لە سابیقەوە مەرعییوولئیجرا بووە، مەفسووخە!

٧- بیلجوملە مەئموورین؛ لە نەفەرەوە تا نازیر، ئەبێ لە هەر جیهەتێکەوە بە قەدەر زەڕڕەیێ تەکاسول و عەجزی وەزیفەی خۆیان نەهێنن و ئەدنا خەتایێک و یا موسامەحەیێک و یاخود بێ قانوونییەک لە هەر کەسێکەوە کە زاهیر بوو، یاخود دەرک بکرێ، بەلا تەفریق موبتەلای ئەشەدد جەزا ئەکەم و عیبرەتەن لیلعالەمین ئەنواعی موجازاتی شەدیدە لە حەقیا ئیجرا ئەکەم!

٨- هەر مەئموورێ بەلا تەفریقی دەرەجە و مەقام، ئەبێ خۆیان بەخدمەتکاری میللەت بزانن و لەگەڵ هەر فەردێکی میللەتدا ئەبێ بە حیلم و موسالەمەت و نەزاکەت موعامەلە بکەن! ئەدنا دڵشکێنییەکی غەیرە قانوونیی، مووجیبی عوقووبات ئەبێ و هەر نەوعە خیدمەت و مولاییمەتیێ بۆ جەلب و تەتیبی خاتیری ئەفرادی میللەت ئیجرا بکرێ، فەقەت تیکراری ئیقازی ئەکەم کە لە قانوون بە دەرنەبێ!

حوکمداری کورستان

مەحموود.

[تەواو]

پ. ن؛ ڕە: ٢١٥/١٥/٢٤(*)

[مەلیکی کوردستان- مەحموود ـــ گشت ئاغا و کوێخا و ئەهالیی دێهاتی کوردستان](١)

[سلێمانیی]

[بێ ژمارە]

١٩/١٠/[١]٩٢٢ ز

بۆ عموومی ئاغا و کوێخا و ئەهالیی دێهاتی کوردستان

دزیی و جەردەیی و سابیر موعامەلاتی بێ شەرعیی و بێ مەعنا، لەم ڕۆژەدا لە هەموو وەختێ زیاتر عەیب و گوناهە، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی برایەتیی و دۆستی و خزمەتی دین و میللەتە!

بەتەحقیق بزانن، ئەم نەوعە حەرەکاتە بێ مەعنایە، نەتیجەی هەر نەدامەت و پەرێشانییە، لە حودوود و سنووری هەر دێهاتێ دزیی و جەردەیی و سابیرە ڕوو بدات، بەو دێهاتە تەزمین ئەکرێ و ئەهالیی ئەو جێگایانە تەجزییە ئەکرێ، فاعیلەکەیشی کە دۆزرایەوە، بەنەوعێ تەجزییە ئەکرێ کە ببێ بە عیبرەت بۆ خۆی و هەموو عالەم و حەتتا تەیارەشی سەوق ئەکرێتە سەر ئەم نەوعە جێگایانە کە بۆمباردومانییا بکات، لەبەر ئەوە ئیتر ئەبێ واز لەم حەرەکات و موعامەلاتە بێنن.

لازم بوو لەپیشەوە بۆتان ئیعلان بکرێ!

٢٩- ١٠- ٩٢٢

مەلیکی کوردستان

مەحموود

[تەواو]

(*) بانگی کوردستان- ش١، ژ ١٣، جومعە ١٢ ڕەبیحولئەوەل ١٣٤١، ٣/١١/١٩٢٢ز.

(١) ئەم بابەتە بە نێوی (ئیعلان)ەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام وەک ماناکەی ڕوونە، خۆی (بڕیارنامەیە و لە گەورەترین دەسەڵاتدارەوە دەرچووە!)، بۆیێکا من لە ڕیزی نامەی ڕەسمییدا دامنا!



پ. ن؛ ڕە: ٢١٦/١٦/٢٤(*)

[فەرمانڕەوانی حوکمدار]

سووڕەتی ئیرادەی علییەی جەنابی حوکمداری کوردستان

لە پێتەختی حوکومەتی کوردستان لە سلێمانییدا نووسرا

عەدەد [ژ]:٤

٣٠ سەفەر ١٣٤١[ک] / ٢١ تەشرین ئەووەل ١٩٢٢[ز]

ئیرادەم کرد مستەفا بەگی عبداللە عوسمان پاشا بەتەعیین کردنی بۆ مودیرییەتی فەوقولعادە بە مانگیی ٣٠٠ سێسەد ڕوپییە بۆ ناحیەی پێنجوین لەبەر ئەخزی تەعلیمات و ئەوامیری لازمە، سەریعەن ئەبێ موراجەعەت بەڕیاسەتی داخیلییە بکرێ!

حوکمداری کوردستان

مەحموود

[تەواو]

٤/٢. دووەم سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا- کوردستانی باشوو، سلێمانیی:

پ. ن؛ ڕە: ٢١٧/١/٧١(**)

[مەئمووری سیاسیی لەشکری بریتانیا؛ میجەر ئەدمۆنس ـــ دەزگەکانی حوکوومەت]

[سلێمانیی]

٥ جوون/ حوزیران [١]٩٢٣ ز

بۆ عموومی دەوائیری حوکوومەت

ئەوانەی کە لە زەمانی شێخ مەحموودا تەعین بوون و مەئمووریەتیان دراوەتێ، عموومەن وەزیفەیان لەغوە. لە ئەمانە، هەرکەس ئەگەر ئارەزووی مەئمووریەت و خزمەتی حوکوومەتی هەیە (١)، موراجەعەت بە جەنابی مەئمووری سیاسیی بکات کە لەگەڵ ئۆردووی حوکوومەتی فەخیمەدایە.

(*) بانگی کوردستان- س ١، ژ ١٢، جومعە، ٥ ڕەبیعولئەووەل ١٣٤١؛ ٢٧/١٠/١٩٢٢ز.

(**) بانگی کوردستان- ش ١، ژ ١٤، جومعە، ٢٣ شەووال ١٣٤١، ٨/٦/١٩٢٣ز

(١) واتە دەسەڵاتی داگیرکەر. ڕاستییەکەیشی حوکوومەتێ دانەمەزرابوو.

ئەوانە بە مەئموور دەناسرێن کە ناویان لە دائیرەی سیاسیی نووسراوە و تەعلیق کراوە.

مەئمووری سیاسی بائوردووی

حوکوومەتی فەخیمە

مێجەر ئەدمۆنس

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: ٢١٨/٢/٧١(*)

[مەئمووری سیاسیی لەشکری بریتانیا، داگیرکەر؛ مێجەر ئەدمۆنس ـــ شێخ قادر حەفید]

[بێ مۆر]

مەئمووری سیاسیی بائۆردووی حوکوومەتی فەخیمە![(١)]

١١ جوون ١ حوزەیران ٩٢٣[١.ز]

بۆ خیدمەت ڕەئیسی مەجلیس جەنابی شێخ قادر ئەفەندیی

لە خوسووس تەقسیمی وەزائیفی ئەعزای (مەجلیس)، دوێنێ خواهیشتتان فەرموو بوو کە ڕەهنمایی لەم دائیرەوە بکرێن کە بە چ سووڕەتێک موناسیبە؟

بەفیکری من وەک تەرتیباتی خوارەوە موناسیبە:

(*) گەنجینەی تۆفیق حاجیی ئاغا فەتح الله- بەهۆی فەریدوونی کوڕییەوە- سلێمانیی؛ س ١٩٨٨ز

(١) ئەم بەڵگەنامە و تەواوی نێوەکان و فرمانەکانیان لە چ سەرچاوەییەکی مێژووی سیاسیی، هەرگیز دەرنەکەوتووە ئەویی هەیە و نییە، س. ج. ئەدمۆنس لە (کرد تورک و عەرەب)دا دەڵێت؛ (ئەنجوومەنی ئیدارەی دەمەکیی سلێمانیی بەسەرۆکایەتی شێخ قادر- لە ١٩٢٣/٦/١٤ز. دا- سێ ڕۆژ دوای دامەزراندنی- پێکەوە دەستبەردارینامەیان پێشکەش کرد! [ل ٣٠٢]. هەڵمەت وەکو لە ژیننامەی حەفید زادە مەحموود و بەر لە ئەویش لە (ب-٢)دا باسم کردووە، ئەم ئەنجوومەنە حوکوومەتییە دەمەکییە (داتاشراوە) دوای ڕوودانی دووەم شۆڕش و داگیرکردنەوەی سلێمانیی هەڵکەوتووە کە وێنەییێکە لە گەمە سیاسییە چەپەڵەکانی بریتانیاو دیسان ئەدمۆنسی تاوانباری جەنگ. ئەم نێوانە- بەشێخ قادریشەوە- بەدۆستی بریتانیا لە قەڵەم دراون و وێڕاش نێوەکان مانای دییان هەیە، بۆ وێنە؛ شێخ قادر کە لە کابینەی دووەم حوکوومەتدا (سوپا سالار) بوو، لە ئێرە بەدواوە هەرگیز نێوی لە ڕیزی سێیەم کابینەدا و لە شۆڕشدا دەرنەکەوتووەتەوە هەروەها مستەفا پاشا یا مەلکێ، ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ (ئەحمەد حەمدیی شاعیر) کە تێکەڵی دووەم کابینە بووە =



| | |
|---|---|
| ڕەئیسی مەجلیس و ڕەئیسی تەشکیلاتی حوکوومەتیی | جەنابی شێخ قادر ئەفەندیی |
| مالییە | ساڵح پاشا |
| ئەمنییەتی عومووميی | محەممەد ئەفەندیی |
| گومرگ و ڕژیی | ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ |
| ئەعزای موشاویر | عەبدولفەتاح چەلەبیی |
| قائیمقامی سلێمانیی | ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ |
| سکرتێری مەجلیس و موعاوینی ڕەئیسی تەشکیلات | حاجیی مستەفا پاشا |

مەقسەد ئەمەیە کە ئەو ئیش و کارانەی من تا ئێستا دیومە لە «هەنجیرە»دا، جەنابی عالیی لە منی وەربگرن و لە دائیرەی حوکوومەتدا دابنیشن؛ ڕوئەسای دەوائیری دەوڵەت، عومووم‌مەن موراجەعەت بە جەنابی عالیی بکەن.

منیش بۆ دائیرەی خۆم لە خانووی جەناب (مێجەر گوڵد سمیت) ساحێب، نەقڵ دەکەم!

بۆ هەموو نەوعە مەشوەرەتێ حازرم!

مێجەر ئەدمۆنس

مەئمووری سیاسیی بائۆردووی

حوکوومەتی فەخیمە

١١ جوون ٩٢٣

بۆ جەنابی ئەعزای موشاویر عبدولفەتاح چەلەبیی.

سووڕەتی ئەمرنامەی جەنابی مێجەر ئەدمۆنس، عەینەن نەقڵ کراوەتە سەرەوە لەمەولا هەموو ڕۆژێ بەیانیان؛ لە سەعات یێکەوە تا پێنج و پاش نیوەڕۆیان لە سەعات هەشتەوە تا دە، لە دائیرەی سیاسیی ئیجتیماع و ڕوئیەتی ئیش و کار ئەکرێ!

= پێ ویستە بشڵێم ئەم تێکەڵییەی ئەحمەد فەتاح بەگ، نیشانەییێکی نوێ و بەهێزە بۆ ناکۆکیی حەفید زادە لەگەڵ ئەو شاعیرە کە تا ئەوڕۆ لێ کۆڵەکان ئەدەب بە ئەم ڕاستییەیان نەزانیوە! بێ گومان هەر ئەم نێوانە لە (ڕۆییشتنە عومووییەکە سلێمانیی؛ ١٩٢٣/٦/١٧ز) ڕاوە لە سلێمانییدا نەمان، بەتایبەتی چونکە وەک سەرچاوە: (٩٣/١، ج ٢، ٥١٠٧) نیشانی داوە، حەفید زادە مەحموودی مەلیکی شۆڕشگێڕ لە ٨ی مارتی ١٣٣٩ر/ ١٩٢٣ز. دا، یێکەم بەیاننامەی شۆڕش لە چوارەم بەندا دەڵێت؛ (... بۆ مەنفەعەتی ئینگلیز و تە شویقی موفسیدین، هەر کەسێ مەئمووریەت قوبووڵ بکا، بەقەراری شوررای میللەت، بەلا ئیستیسنا جەزای ئیعدامە!).

لوتفەن هەموو ڕۆژێ لە میعادی موعەییەنەدا تەشریف و وەزیفەی مەوعوودەی خۆتان ئیفاو ئیجرا بفەرموون!

**١١ جوون ٩٢٣**

ڕەئیسی مەجلیس
[ئیمزای شێخ قادر]

[تەواو]

**٢/٥. سێیەم سەردەمی حوکوومەت -مەلیک-ی کوردستانی باشوور؛ سلێمانیی:**

**٢/٥/١. دەسەڵاتی بەر لە سێیەم شۆڕش.**

📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٤/١٧/٢١٩(*)
[فەرمانی پاشایانە]
**٩ سەفەرلخێر ٣٤٢ [١،ک] / ٢٠ ئەیلوول ٣٣٩ [١.ر] / ١٩٢٣/٩/٢٠ز.**
....[١] تەشکیلاتی تەدویری ئوموری مەملەکەت بە ڕەئیی مەجلیس پێ ئەکری کە ئەم مەجلیسە لەژێر ڕیاسەتی نائیبی مەلیکی موعەززەم[٢] لە حوزووری خۆیدا ئیجتیماعیان پێ ئەکات.

ئەم مەجلیسە عیبارەتە لە ڕوئەسای دەوائیر و ئەشرافی مەملەکەت کە لەژێرە نووسراوە:

ئەعزای تەبیعیی

| | |
|---|---|
| ڕەئیسی داخیلییە | شێخ محەممەد غەریب |
| ڕەئیسی مالییە و گومرگ | سەیید ئەحمەد ئەفەندیی |
| ڕەئیسی مەحکەمە | مەعرووف ئەفەندیی |
| ڕەئیسی تیجارەت و مەعاریف و نافیعە | حاجیی مەلا سەعید ئەفەندیی[٣] |

(*) ئومیدی ئیستیقلال- س ١، ژ ١، پێنجشەنبە ٩ سەفەرلخێر ٣٤٢ [١. ز] ١٩٢٣/٩/٢٠ز.
(١) بێ پێشەکییە.
(٢) سەرچاوەیێکم نەدیتووە (نێوی نائبی مەلیک) ڕوون بکاتەوە کە بێ گومان (نائیبی مەلیک و ڕەئیسوڕڕوئەسا- سەروەزیران- لە کابینەی دووەم حوکوومەتدا شێخ قادر)بووە و ئەوەش لە ڕۆژی کوردستان؛ س ١، ژ ١، ١٥/١١/ ١٩٢٢ز. دا بە ئیرادەی ڕەسمیی بڵاوکراوەتەوە و لە ئەم کابینە نوێیەدا دوور خراوەتەوە و بەشدار نەکراوە!
(٣) کەرکووکیی زادە



| | |
|---|---|
| ڕەئیسی قوماندانی عەسکەریی | ڕەزا بەگ |

ئەشراف و مونتەخەبی سلێمانیی
حاجیی مەلا سەعید ئەفەندیی
محەممەد ئاغا عبدوڕڕەحمان ئاغا
محەممەد بەگ قادر پاشا
حاجیی ئەحمەد حاجیی کەریم
مەلا حسێن ئەفەندیی
حاجیی ئیراهیم ئاغا
حاجیی ئەمین حاجیی عەزیز
حاجیی ڕەحیم
حەسەن بەنەشی

تەرتیباتی دائیرەی مولووکانە:

| | |
|---|---|
| یاوەر و سەرکاتیب | جەنابی سەیید ئەحمەد |
| کاتیب | جەنابی سەیید سەبریی[١] |
| زابیتی ئەمر | جەنابی مولازیم ئەووەل ماجید ئەفەندیی |
| قوماندانی بلووکی مەعییەت | جەنابی محەممەد ئەفەندیی |
| هەیئەتی نودەما | (لە پاشدا ئەکرێ!). |

مەئمووری مەساریفاتی دائرەی مولووکانە:

| | |
|---|---|
| | شەریف ئاغا |
| مودیری موسافیرخانە | سەعید ئاغا |
| سەرخەدەمە | شەمسوددین[٢] |

[بێ ئیمزا]

[تەواو][٣]

(١) ئەحمەد خواجەی خاوەندی چیم دی!
(٢) حەسەن فەلاح (نیگارکێش، برای ئەفسەری شۆڕشی حەفید زادە عبداللە عادیل).
(٣) خویندەوار دەبینێت کە ئەم سێیەم کابینەیە وەک دووەم کابینە گەورەتر نییە کە دیارە تا کشاندنەوە لە سلێمانیی و ڕوودانی سێیەم شۆڕش هەر ئەوهە ماوەتەوە چونکە لە ڕۆژنامەی زمانحاڵی فەرمانڕەوایی پاشایانە (ئومێد ئیستیقلال)دا چ هەواڵی لە مەڕ گۆڕینی دەرنەکەوتووە!

📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٤/ ١٨/ ٢٢٠(*)

[مەلیکی کوردستان-مەحموود ـــ سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی و سەرۆکی نێوخۆ- غەریب]

[سلێمانیی]

[١٩٢٣/٩/٢٧ز]

بۆ جەنابی ڕەئیسی مەجلیسی میللیی و ڕەئیسی داخلییە

جوابی ٢٢ی ئەیلوول ٣٣٩ و «١»م ژمارەی...

لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتەوە، بۆ سەلامەتیی وەتەن و میللەت تا ئێستا بۆ تەئمین و ڕابیتە و موناسەبات لەگەڵ حوکوومەتی بریتانیا و دۆستیی لەگەڵ عێراق زۆر موخابەرە جەرەیانی کردووە و لە موخابەرات پاش نەکەوتووین.

ئومێد ئەکەم بەم زوانە نەتیجەی خەبەر و مووەففەقییەتمان دەست کەوێ![1]

مەلیکی کوردستان

مەحموود

[تەواو]

---

(*) ئومێدی ئیستیقلال، س١، ژ ١، پێنجشەنبە ١٦ سەفەرلخێر ٣٤٢ [١.گ] ٢٧ ئەیلوول ٣٣٩ [١. ر] ١٩٢٣/٩/٢٧ز.

(١) ئەم وەڵامنامە سیاسیە دوای نامەیێکی سەرۆکی ئەنجوومەنی نێوبراو هاتووە کە ئەمەیە کە لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا بڵاوە و ئەمەیە:

📖 پ. ن؛ ڕە: ١٧/و-١/ ٢٢١

[سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی و سەرۆکی نێوخۆ ـــ مەلیکی کورستان]

[سلێمانیی]

[ژمارە: ١]

[١٩٢٣/٩/٢٢ز]

بۆ حوزووری حەزرەتی مەلیکی موعەززەم دامەشەوکەتوهو قەراری مەجلیسی میللی وایە، حەزرەتی مەلیک دامەشەوکەتوهو، بە سووڕەتێکی عاجیل، بەهەر نەوعی خۆی تەسویبی ئەفرمووێت، بۆ سەلامەتیی وەتەن و میللەت، تەئمینی موخابەرە و موناسەبەت و ڕابیتە لەگەڵ حوکوومەتی بریتانیا و دۆستیی لەگەڵ حوکوومەتی عێراق بکات ئیتر ئەمر ئەمری ئوولوولئەمرە!

ڕەئیسی مەجلیسی میللی و

ڕەئیسی داخلییە

غەریب



📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٤/ ١٥/ ٢٢٢(*)

[مەلیکی کوردستان/ مەحموود ـــ سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی/ غەریب][1]

[بڕیارنامە]

[سلێمانی]

١٠ تەشرین ئەووەل ٣٣٩ [١.ر] ١٠/ ١٠/ ١٩٢٣ز

بۆ جەنابی ڕەئیسی مەجلیسی میللیی

جوابی ٨ی تەشرین ئەووەلی ٣٣٨ و «٥» ژمارەی قەرار مەجلیسە!

ئەوانەی کە لەبەر خۆف و بۆمباردومان و یاخود لەبەر ئەفعالی خۆیان سووئوززەنیان بۆ حاسڵ بووە و بەواهیمە بەماڵەوە هیجرەتیان کردووە، غەیرەز ئەوانەی کە (لە ئەشکەوتەوە فیراربوون)[2]، من عەفووم ئیعلان کردبوون لەسەر تەکلیفی ئێوە و غایەی خۆم، ئەم جارەیش عەفوەکەیان تیکرار ئەکەمەوە، چونکە مەعلوومی جیهانە، ئەم فیداکارییە کە هەتا ئێستا ئیقتیحام کراوە، سەڕف بۆ تەرەققیی و سەعادەتی ئەم میللەتەیە، غەیری ئەم جیهەتە مەشرووعە نەبێ، هیچ ئەمەلێکی تر تەعقیب نەکراوە.

وا لازم ئەکا ئەمانەیش بۆ حاسڵ بوونی ئەم تەرەققیی و سەعادەتە و نەجاتی خۆیان و بە قەدەر ئێمە سەعیی بکەن و هەموو بێتەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان و مەشغووڵی

---

(*) ئومێدی ئیستقلال- س ١، ژ ٤، پێنجشەنبە ٣٠ سەفەر ٣٤٢ [١.ک]، ١١ تەشرین ئەووەل ٣٩٩ [١.ر] /١١/ ١٩٢٣/١٠ز.

(١) سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی و سەرۆک- وەزیر-ی نێوخۆ شێخ حەمە غەریب.

(٢) مەبەستی ئەو ئەفسەرانەی لەشکری کوردستانە کە لە پاڵ شۆڕشی دووەمدا بوون و دوای ماوەیێکی کەم لە نیسانی ١٩٢٣ز. دا گەڕانەوە لای دەسەڵاتی داگیرکەر.

ئەحمەد خواجەی هاوڕۆژگاریان- لە چیم دی؛ ب ٢، ل٢١، ٢٢، ٣٠دا- نێوی هێناون خالد سەعید، ڕەشید سیدقی غەفوور، عەلیی کوردیی، ئیبراهیم زۆری، عەبدولعەزیز ئەفەندیی، فوئاد مەستیی، مەجید خانەقینی، عەزیز قەززاز، فائیق کاکە ئەمین. جێگەی گوتنە ئەمانە بەتەنێ نەگەڕاونەتەوە بەڵکوو بە ٧٠٠ چەکدار و چەک و جبەخانەوە!.

دۆزینەوەی ڕێگەی سەعادەت و کەسابەتی خۆیان بن! بەم سووڕەتە تیکرار ئیعلانی بکەنەوە:[1]

**١٠ تەشرین ئەووەل ٣٣٩**
**مەلیکی کوردستان**
**مەحموود**

[تەواو]

(١) ئەم بڕیارنامەیە وەڵامنامەییێکە بۆ نامەییێکی سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی کە لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا بڵاوە و ئەمەیە:

☼ پ. ن؛ ڕە: ١٧/ و-٢/٢٢٣
[سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی و سەرۆکی نێوخۆ ـــ مەلیکی کوردستان]
[سلێمانیی]
ژ: ٥
[م]: ٨ تەشرین ئەووەل ٣٣٩ [١.ک] ٨/ ١٠/١٩٢٣ز

بۆ حوزووری عەدالەت و دەستوور شەوکتەمەئاب

حەزرەتی مەلیکی کوردستان دامەئیجلالەهو

قەراری مەجلیسی میللیی وایە ئەوانەی لەبەر خۆف و بۆمباردومان وە یا بەعزێ ئیش کە خیلافی حوقووقی وەتەن بێ کردوویانە، موجریمن،(*) قیسمەن بەعائیلەوە فیراریان کردووە بۆ کەرکووک و بەغداد و مەواقیعی سائیرە، بۆ ئەمەی کە بێنەوە مەسکەن و مەئوای خۆیان، حەزرەتی شەوکەتمەئاب عەفوویێ سادیر بفەرمورێ لەسەر قەراری مەجلیس عەرزکراوە.

ئیتر ئەمر ئەمری جەلالەتمەئابە فەرمان.

٨ تەشرین ئەووەل ٣٣٩
ڕەئیسی مەجلیسی میللی و
ڕەئیسی داخیلییە
غەریب

[تەواو]

*(*) مەبەست ئەوانەیە- بەگشتیی- کە لە ١٩٢٣/٦/١٧ز.دا لەگەڵ نیرووەکانی بریتانیای داگیرکەر، سلێمانییان بەجێ هێشت و هەیان بووە تێکەڵی و هاریکارییان کردووە، بەتایبەتی ئەندامەکانی (ئەنجوومەنە داتاشراوەکەی نێو براو بە ئەنجوومەنی تەشکیلاتی حوکوومەتیی!).*



☼ پ. ن؛ ڕە: ٥٤/٢/٢٢٤(*)
[فەرماندە سوپایی- ماجید مستەفا ـــ سەر فەرماندەی گشتیی مەحموود]
[ش؛]
[ژ؛]
٦ شوبات ١٣٤٣[ر]/ ١٩٢٤ز!![1]

...

بۆ حوزووری باش قوماندان تەقدیم

ئەمرنامە گەییشت لە خوسووسی ڕۆیشتنی پشدەرەوە ئەمرتان فەرموو بوو، مەعلوومی عالییە؛ لەپێش ڕۆیشتنی حەمەکەریم و ئیبراهیم بەگدا، کاغەزێکم بەسووڕەتی خووسووسیی بۆ حەمە ئاغا و ڕەشید ئاغا نووسیی بوو لەپاش ئەم کاغەزە حەمە کەریم بەکاغەزە مەعلوومەکانەوە ڕۆیشت ئێستا جوابی کاغەزە پێشووەکان هاتووەتەوە، تەقدیمی حوزوورکرا.

ئێستاش لەپاش دوو کاغەز وا ئەزانم جارێ بەعەجەلە چوونم موناسیب نییە مەعەهازا ئەمر ئەمری حەزرەتی عالییە بە فیکری بەندە لەپێشدا کاشکی خۆم بڕۆیشتمایە... گوزەشتە گوزەشتە مونتەزیری ئەمرم!

خەبەراتی عیبارەتە لە (...) پیادە لە شێخولمارین، سواریی لە مامەخەلان و ولیاوا، «٨٠» سوار، هەر بەم هەیئەتە سواریی پشدەر، پیادە (...) بۆ شارەزوور حەرەکەت ئەکرێت قوربان.

[ئیمزای ماجید]

(*) گەنجینەی ئەحمەد خواجە؛ سلێمانیی - ١٩٨٤/٧/١٩ز. [خۆی پێشکەشی کردووم]

(١) من دڵنیام ئەم مێژووە کە بەقەڵەمی کڵ دانراوە- هی ئەحمەد خواجە خۆیەتی- و مێژوویێکی هەڵەیە و ئەگەر ساڵی ١٣٤٢ یان ١٣٤٣ی ڕۆمیش بێت من پیم وەیە نامەکە دوای داگیرکردنی سلێمانییە لە س ١٩٢٤ز.دا.

٢/٥/٢. دەسەڵاتی سەردەمی سێیەم شۆڕش.

📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٢٥/١/٧٢(*)

[فەرماندەی سوپا- ڕەزا ـــ مەلیکی کوردستان و سەرفەرماندەی گشتیی](١)

قەڵاچوالان

ژمارە:١

ڕۆژ: ١ ئاوگستۆس ١٩٢٤[ز]

بۆ پێشگاهی مەلیک و باش قوماندن

لەسەر فەرموودەکانتان، تەرتیبات کراوە لەژێرەوە عەرز ئەکرێ و ئەم پرۆغرامە بە هەموو فەرماندەکان گەیاندراوە جا بۆ ئەوەی هەرکەسە بۆ جێگەی خۆی بچێت و بەزووترین کات بگەنە جێ پێ سپێردراویان.

چاوەڕێی فەرمانتانین

ڕەزا

قوماندان

| | سوپایی | عەشایر |
|---|---|---|
| ١- بۆ سەر کلکەی قەیوان- عەزیز ئەفەندیی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٢- بۆ سەر پشتی خەفرە- ڕەشید ئەفەندیی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٣- بۆ سەر ئەزمەڕ- ڕەمزیی ئەفەندیی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٤- بۆ چاڵە بەفرەکان- عومەر ئەفەندیی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٥- بۆ کەلی گوێژە- جەلال ئەفەندیی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٦- بۆ ڕێی قرگە- حیکمەت ئەفەندیی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٧- بۆ کلکەی خەراجیان- عەبداللە ئاغا | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٨- لە شار باژێر- ماجید ئەفەندیی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٩- بۆ شارەزوور- خەلیفە یوونس و سوارەکانیان | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ١٠- بۆ قەرەداخ-سەیید محەممەد جەباریی و سەییدە و سوارەکان | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ١١- بۆ بازیان- سابیر بەگ (هەمەوەند) و سوارەکانیان. | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ١٢- بۆ سرووچک- مەحموود خاتر و سوارەکانیان | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ١٣- پیادەی هەورامی-لە جێگەی خۆیاندا چاوەڕێی فەرمان دەبن. | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ١٤- پیادەی شارباژێڕیی-لە جێگەی خۆیاندا چاوەڕێی فەرمان دەبن. | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |

[تەواو]

(*) ١/٢٥؛ ج ٢، ل ٦٥- ٦٦



📖 پ، ن؛ ڕە: ٢٤/ ٢٠/٢٢٦(*)

[مەلیکی کوردستان و سەر فەرماندەی گشتیی ـــ هەموو فەرماندە و هێزەکان]

فەرمانی پاشایانە

ژمارە: ٣٠

ڕۆژ: ١٥ی شوبات ١٩٢٦[ز]

پشت بەخوا

بۆ هەموو فەرماندە و هێزەکانی سوپایی و عەشایر

بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە ڕۆژی ٢٠ی شوباتەوە بەپێی ئەم تەرتیباتەی ژێرەوە دابەش ئەبن و بەرامبەر بەهێزی حوکومەت دلێریتان ئەبێت ببینرێت و لە هەموو جێگە و شوێنێکدا بۆ پایە ماڵ کردنیان چاوەڕێی هەڵمەتتانین و ئازاری نیشتە دێیەکان هەرگیز دروست نییە!

١- بەشی سوارە

| | |
|---|---|
| ١- ماجید و سوارەی سوپایی | لە سلێمانییەوە تا مووان. |
| ٢- خەلیفە یوونس و سوارەکانی | لە مووانەوە تا خورمال |
| ٣- ئەحمەد ڕۆستەم | لە سێتەلانەوە تا جێشانە. |
| ٤- سابیر و تۆفیق ئاغا | لە سلێمانییەوە تا تابین. |
| ٥- ئەمین حەمەی ئیمام | لە تەپە شوانکارەوە تا دەربەند. |
| ٦- ئەحمەد خواجە | لە بازیان و قەرەداخ. |
| ٧- شێخ محەممەد پچکۆلە و حەمەی شێخ عەلیی. | لە شارباژێر و پێنجوێندا. |

بۆ هات و چۆو نامەبەریی، تۆفیق ئاغا تۆفیقە سووری شیوەکەڵی بۆ لای هەموو لقەکان هات و چۆ دەکات.

(*) ١/٢٥؛ ج٢؛ل ١٢٨- ١٢٩

٢- بەشی پیادە

١- فەرماندە حیکمەت ئەمین

٢- ڕەمزیی ئەفەندیی. ڕەشید ئەفەندیی.

٣- عادیل ئەفەندیی.

٤- لە پیادەکانی پیران و کوڕی گەپلە، برنجە، لە جێگەی خۆیان دەمێننەوە.

٥- پیادەی شارباژێر؛ لە جێگەی خۆیدا نابزوون تا لە فەرماندەکانی پیادە داوای یارمەتیتان لێ دەکرێت!

مەلیک و باش قوماندان

مەحموود

[تەواو]

📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٢٧/٢١/٢٤(*)

[مەلیکی کوردستان و سەر فەرماندەی گشتیی ـــ فەرماندەی پیادە- یوونس]

دار سەیران- مەریوان

ژمارە:٢٨٤٩

ڕۆژ: ٢٨ تەمووز ١٩٢٥

بۆ جەنابی یوونس ئەفەندیی فەرماندەی پیادە.

١- لە عوموومی پیادە، بیست نەفەر و قیسمەن لە مولتەجیی تەفریق و بەناوی تاقمی موعەیییەنەوە تەودیع بەئەحمەد ئەفەندیی بکەن وە مووەققەتەن باشچاوەتی فارس، داخلی ئەم مەوجوودەیە.

٢- ئێوە و سائیری زابتان، لەبەر ئەوەی دائیمەن لەگەڵ پیادە ئەبن، هەموو وەختێک موومائیلێهـ ئەحمەد ئەفەندیی لای من مەوجوودە، لەبەر ئەمە بە قوماندانی مەعییەت تەعین کراوە. ئەمڕۆ ئەم موعامەلەیەی تەسلیمیە و ئیجرا بکرێت.

مەحموود

م. و باش قوماندان

[تەواو]

(*) ٢٥/١؛ ج ٢، ل ١١٠- ١١١



📖. پ. ن؛ ڕە: ٢٢٨/٣/٥٤(*)

[فەرماندەی سوارەی سوپایی/ ماجید مستەفا ـــ فەرماندەی گشتیی]

کانیی مانگا [پێنجوین]

ژ: ؟

ڕۆژ: ١٩٢٧/٤/٧[ز]

بۆ پێشگاهی باش قوماندان

دەستتان ماچ دەکەین

ئەمە خولاسەی ڕاپۆڕی هێزەکانی و فەرماندەکانیان:

١- لایێن هێزی شێخ عەوولەوە زۆر بەشیددەت دوژمن تەزبیق کراوە لاشەی «١٠» پۆلیسی کوژراو نێژراوە وە تفەنگەکانیان «١٠» تفەنگی ئینگیزیی لەگەڵ یێک، ئەسپ بەزینی کوردییەوە هێنراوە.

٢- تەیارە بوار نادات، تەنیا بەمەترالیۆز دەجەنگن!

٣- لەوە پێش ئەحەی بەکر بەئەسپەکەیەوە کوژرا. شێخ عەلیی باراویش کە خۆی چوو بووە سەریان ئەویش کوژرا لاشەکەی بەشەو هێنراوەتەوە.

٤- تەقەی هەورامی زۆرە، دەڵێن زۆر پەریشانیان کردوون، چونکە مەقەڕڕی سوپاکەیان بە تەواویی بەرامبەر بەهەورامیەکانە، کوشتاری عەسکەر زۆرە.

٥- تۆپیان کارمان لێ دەکات ئینشاالله موفقەقییەت و سەرکەوتن هی خۆمانە چاوەڕێی فەرمانتانین!

ماجید

قوماندانی سوارە و پیادە

[تەواو]

(*) ١/٢٥؛ ج ٢، ل ١٤٣

## ٦/٢. سەردەمی داگیرکاریی مەملەکەتی عێراقی عەرەب- کوردستانی باشوور:

🕮☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٢٩/٤/٢٩(*)

[موتەسەڕڕیفییەنی سلێمانیی ـــ مامۆستای قوتابخانە مەلا سەعید کابان](١)

دائیرەی موتەسەڕڕیفی سلێمانیی

ژمارە: ٤٥١٩٦

ڕۆژ: ١٩٢٦/٣/٢٢[ز]

بۆ جەنابی موعەللیم مەلا سەعید ئەفەندیی

لە پاش ئیحتیرام

ئەوا بە پێچراوەیی سوورەتێکی تەحەیراتی مودیری عامی مەعاریفی عێراق؛ ژمارە١/٦٣٨/٣ی ڕۆژی ٧ی مارت ١٩٢٦ لەگەڵ سوورەتێکی ئەو تەرتیباتە کە بۆ حورووف و حەرەکەی زبانی کوردیی تەسەووڕ و دەرسیان کراوە، نێررا،(٢) مەمنوون ئەبم لە پاش موتالەعە و تەدقیق هەتا ڕۆژی پێنجشەنبە ٢٧ی مارت، پاش نیوەڕۆ، بەفیکر و نەزەرییەو ئیقتیراحی خۆتان، لەم خوسووسەوە، لەسەر کاغەزێک بنووسن و بینێرنە ئەم دائیرە. ئیتر مەوەددەت!

[ئیمزا]

موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانی

[تەواو]

(*) گەنجینەی مامۆستا سەعید سیدقی کابان- بەهۆی بەهجەتی کوڕیەوە- سلێمانیی؛ س ١٩٨٢ز.

(١) موتەسەڕڕیفی ئەوێ دەمێ ئەحمەد تۆفیق بەگ بووە.

(٢) نامەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی مەعاریفی عێراق- بەعەرەبیی- و پێشنیازەکەی لە مەڕ (زمان ڕێنووسی کوردیی) و وەڵامی سەعید کابان، ئەمەن:

٢/١. نامە عەرەبیەکە:

🕮☼ پ. ن- ع: ٦/١/١٢

وزارة المعارف

العدد: ٦٣٨/٣/١

التأريخ: ٧ مارت ٩٢٦

=



........................................

= الي سعادة متصرف لواء السليماني المحترم

الي سعادة متصرف لواء اربيل المحترم

تحية وتوقيرا

ان وزارة المعارف الفّ لجنة لترجمة الكتب المدرسية الى اللغة الكردية. وعا ان بعص اعضاء اللجنة قد أقترحوا في مسألة الحروف و الاملاء اقتراحاً خاصاً، رأت الوزارة ان تطلع على اراء منوريّ الاكراد بخصوص مسألة الحروف والاملاء وقد أستفسَرتْ رأيهم تحريراً في المسائل التالية:

١- ماهي الحروف أو الحركات التي يجب أنْ تضاف الى الحروف المسنتحملة في العربية والفارسية لكتابة اللغة الكردية.

٢- الى ايّ درجة يمكن أو يجب انْ يُستفاد من الحركات المستعملة في العربية؛

٣- ما رأيكم في الاقتراح المربوط و المتعلق بوضع اشارات على بعض الحروف للدلالة على الاصوات المختلفة؛

فنرجو أنْ تجمعوا اعضاء مجلس المعارف مع من لهم إلمام في المسألة وتخبرونا عن رأيهم بصورة مفصلة مع ملاحظتهم (كيفية التوفيق بين قراءة الكردية وقراءة القران الكريم!).

نرجو ان يصلنا جوابكم باعظم سرعة ممكنة هذا ولسعادتكم فائق الاحترام×.

مدير المعارف العام

(ساطع الحصري)

مەتنی وەرگێرانەکەی بۆ کوردیی- لەلاییێن منەوە- ئەمەیە:

وەزارەتی- زانستیی- مەعاریف

ژمارە: ٦٣٨/٣/١

مێژوو: ٧ مارت ٩٢٦ (١.ز)

بۆ بەڕێز سەعادەتی موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی

بۆ بەڕێز سەعادەتی موتەسەڕڕیفی لیوای هەولێر

سڵاووڕێز

وەزارەتی- زانستیی- مەعاریف بۆ وەرگێڕاندنی کتێبەکانی قوتابخانە بۆ زمانی کوردیی، لیژنەییێکی پێک هێناوە لەبەر ئەوەی هێندێ ئەندامی لەمەڕ باسی تیپەکان و ڕێنووسی کوردیی، پێشنیازێکی تابەتییان کردووە، وەزارەت دەبینێت کە لە مەڕ باسی تیپەکان و ڕێنووس، چاکترە ئاگاداری بیروڕای ڕۆشنبیرەکانی کورد بێت پرسیش بۆ بیروڕای نووسراویان، ئەم لاییێنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- ئەو تیپانەی، یان ئەو بزوێنانە چین کە پێ ویستە بخرێنە سەر تیپە بەکابراوەکای عەرەبیی و=

= فارسیی بۆ نووسینی کوردیی؛
٢- تا چ ئاستێ دەتوانرێت یان پێ ویستە کەڵک لە بزوێنە بەکاربراوەکانی عەرەبیی وەربگیردرێت؛
٣- ڕاتان چییە بەرامبەر پێشنیازێ بۆ دانانی نیشانە بەسەر هێندێ تیپەوە بۆ دەربڕینی جوداکان؛
ئەوجا تکا دەکەین ئەندامەکانی ئەنجوومەنی - زانستیی- مەعاریف لەگەڵ ئەوانەی شارەزان کۆبکەنەوە و بیروڕای تەواوایانمان ئاشنا بکەن لەگەڵ تێ بینیی کردنی؛ (چۆنییەتیی گونجاندنی خوێندنەوەی کوردیی لەگەڵ خوێندنەوەی (قرآن)ی بەخشندە!).
تکا دەکەین یێکجار خێرا وەڵاممان بدەنەوە ئیدی ڕێزی یێکجارمان بۆ سەعادەتتان.
ڕێبەری گشتیی مەعاریف
(ساتیعولحوسەریی)

[تەواو]

٢/٢. مەتنی پێشنیازە کوردییێکەی (لیژنەکە) وەک خۆی (بەزیادکردنی ڕێنووسی خۆمەوە لە نووسینەوەدا).
بۆ نووسینی زمانی کوردیی بەحورووفی عەرەبیی
ئەم تەرتیبەی خوارە بە باش زانراوە
هەمووومان ئەزانین کە حورووف دوو بەشە:
١- بێ دەنگەکان- الحروف الصامتە
٢- دەنگ بەخشەکان- الحروف الصائتە
حەرفە بێ دەنگەکان هەر یێکێ بۆ پێشاندانی دەنگێک دانراون، بەڵام لە خۆیانەوە دەنگیان لێ دەرنایەت حەرفە دەنگ بەخشەکان کە بخرێتە پاڵیان، دەنگداریان ئەکەن.
ئەمما ئێمە ئەبێ تەماشای بکەین چەند دەنگمان لە هیی عەرەبیی زیاد و یا کەم هەیە و چەند دەنگ بەخشیان زیادە بۆ زیادەکان وەک میللەتەکانی کە، هەر یێکە لە تیپی خۆی، حەرفە عەرەبییەکەی بۆ قوبوول ئەکەین و نیشانێکی بۆ دائەنێین. ئەم تەرتیبە زۆر چاکە؛ چونکە حەرفی زیاد ئیجاد ناکرێ و حورووفی عەرەبیش تێک نادرێ.

| ناوی تیپی حورووف | عەرەبیی | زیادیی کوردیی | وەک |
|---|---|---|---|
| گەروویی | د.ح. خ. ع. غ. ه | —— | —— |
| لێویی | ب. ف. م. د | پ. ڤ | —— |
| دانیی | ق. ث. د. ذ. ظ | ت. د | دەست کورت. نادری |
| زمانیی | ن.ل.ر | ل.ر | فرین. هەلمات |
| | | [ڵ.ڕ.K] | (فڕین هەڵمات. K) = |



| | | | |
|---|---|---|---|
| = فیشکەیی | ز.س.ش.ص | ژ | ژوور |
| مەلاشویی | چ.ط | چ | چاو |
| زمانە پچکۆلەیی | ق. ک. ی | گ | گۆست (گۆشت. K) |

لە لیستەی سەرەوەدا، سیی و حەوت حەرفی بێ دەنگ ئەبینرێ، لەمانە هەشتیان (ح. ع. ق. ظ. ص. ض. ط) خاس عەرەبیین.
کورد؛ (ح. ع. ق) ئەبێژێ ، وەلێ زۆر سووکیان ئەبێژێ (ت ظ. ص. ض. ظ) . تەلەففوز ناکا: بەڵام لە پێنج شەش کەلیمەدا (س) نزیکی (ص) یەعنی نەختێ ئەستووری ئەبێژێ لە کوردییدا حەرفی (ذ)یش نەماوە. لە نۆ «٩» دەنکە زیادەکەماندا؛ (پ، ج، ژ، ک) لە هەموو شێوەکانی کوردییدا هەن (ڤ) لە لای ئێمە هەر لە کەلیمەی؛ (هەڤدە، ڤنگ، بڤە، فرەفرِ [ڤرِە ڤرِ. K]دا هەیە ئەم حەرفە لە تەئسیری عەرەبیی، لای ئێمە نەماوە، ئەگینا لە کوردیی سەروودا هەیە؛ (ث. پ. ل. [ڵ.K) ئەم دەنگانە لە کوردیی سەروودا نین، بەڵام لە کوردیی ئەردەڵان و لوڕ و ئێمەدا هەن!
دوو (ر) مان هەیە: یێکێکیان سووکە وەک (بەرد) ،ئەوی کەیان سەختە وەک: (کەر. (کەڕ. K)

**حورووفی دەنگبەخش**

| شکڵ | تەلەففوز | ناوی | وەک |
|---|---|---|---|
| ا | ئا | هەلکیش (هەڵکیش. K) | بابا |
| ە | ئە | سەر | بەبە |
| ی | ئی | ژیر (ژێر. K) | گیرفان. بەردی ڕەش |
| ی | ئی | داکیش [داکیش.K) | زیر. کریر [ژیر.گزیر.K] |
| ی | ئی | بەر | کلینجان [گلێنجان.K] |
| ێ | ئێ | نەناسراو | مێز. دێز. خێرەومەند |
| و | ئۆ | بوری کورت (بۆری کورت. K) | کورت، کورد، کولاو (کولاو. K) |
| وو | ئوو | بوری درێژ ( بۆری درێژ. K) | دوور، شارەزوور، موو. |
| ۆ | ئۆ | بوری کراوە (بۆری کراوە.K) | زۆر، خۆم، ئەڕۆم. |
| و | ئو | بوری خوراو (بۆری کراوە. K) | کور، خون، سونە |
| و | ئو | بوری داخوراو (بۆری داخوراو. K) | دور بەشێوەی کوردەکانی کەم قول. |

(ا) ئەم حەرەکەیە لە (ئەلفی مەحدوودە)ی عەرەبیی کورتترە و لە (فەتحە)وە نزیکە (ء) سەر، وەک (فەتحە)ی عەرەبیی نییە؛ لە مەیانی (فەتحە) و (نەناسراو)ایە (ی) بۆ تەرکیبی ئیزافیی بەکەڵک دێت، وە لە کەلیمەکانی ئەجنەبییدا هەیە، ئەگینا لە هەموو شێوەکان کەدا ئەمێنێتەوە، = =ئەبێ لە

کوردییا (ژێر) نەبووبێ. (و) بۆری داخوراو لای ئێمە نییە- شێوەی سلێمانیی K- لە شێوەکانی کەدا هەیە. ساکین- لەناو کەلیمەدا هەر بێ دەنگێ دەنگ بەخشینێکی لە دواوە نەبێت ( ساکین) ئەخوێنرێتەوە، بەڵام هەووەڵ حەرفی هیجاییێک لە پاشیەوە، حەرفێکی بێ دەنگی حەرەکە داربێت؛ ئەم هەردوو بێ دەنگە بەسەرییێکەوە حەرەکە ئەخوێنرێتەوە، کەچیی حەرەکەییێکی زۆر سووک لە مابەینانا هەیە، نەنووسینی گەرەکە.

(و ء) شکڵی (و) ئەگەر لە مەیانی لەدوای بێ دەنگ ئەچێ، بەڵام بۆ جویێ کردن، ئەبێ بزانرێ جێ (و)، جێ (ء). ئەگەر لە مەیانی دوو دەنگ بەخشا وە یان لە لاییێکیانەوە دەنگ بەخشێ بێت، بێ دەنگن ئەگینا دەنگدارن. بەڵام ئەبێ شکڵی (ـە) لەگەڵ (ء)ی بێ دەنگا دائمیا جۆی بکرێتەوە!

[تەواو]

ئەمما بۆری خوراو؛ وەک؛ (کور، خون [کوێر، خوێن، K] و بەر وەک (کلینجان. گلینجان. K) و نەناسراو وەک (مێز، دیز. [میز، دێز. K]؛ هەموویان داخڵی داکێشن، چونکە سوورەتی تەلەففوزی (کور، خون) بۆ ئێمە بەم ڕەنگەیە (کوێر، خوین) و هەم ئەگەر دیققەت بفەرموون بە بەرو نەناسراویش، بەو ڕەنگە دەردەکەوێ ئەمما بۆ نووسینی لوغەتی کوردیی، لە باتیی حەرەکە، ئەو حەرفانەی کەواجیبە عەلاوەی حورووفی موستەعمەلە لە عەرەبییدا بکرێ، هەر ئەم حەرفانەبن...

| شکل | تەلەففوز | ناو | میسال |
|---|---|---|---|
| ا | ئا | هەلکیش [هەڵکێش. K] | بابا. ئالان. باران |
| ه | ئە | سر [سەر. K] | تەنە. بەبە. پەپە |
| ی | ئی | ژیر [ژێر. K] | بیر. تیر. شیر. میر |
| د | ئو | بوری کورت [بۆری. K] | کورد. کوندە. خولە |
| وو | ئوو | بوری درێژ [بۆری. K] | دووکەڵ. دوور. ژوور |
| ۆ | ئۆ | بوری کراوە [بۆری. K] | بۆ خۆم. دەڕۆم |

ئەمانە لە باتیی حەرەکە لە عەمەل هێنانیان زۆر چاکە بەشەرتێ کەلیمەکان کوردیی بن ئەمما ئەلفازی عەرەبیی و فارسیی لەسەر ئیملای خۆیان بنووسرێن و بەحەرەکەی خۆیانەوە بخوێنرێنەوە و هیچ تەسەڕووفیان تێدا نەکرێ.

لە کوردییدا دوو نەوع (ر) لە عەمەل دێنرێ؛ (١) پچووک، سووک...

وەک (سەر) نیشانەی ناوێ (٢) گەورە سەختە... وەک (گەرر، پەرر) بە دوو دەفعە نووسین موناسیبە بینراوە.

حەقیقەت دوو نەوعە (د) مان هەیە؛ لاکین لەهجە و ئاهەنگی (دال)ی دووەم هەر مەخسووسی



شاری سلێمانییە، کەوا لازمە تەی بکرێ، داخڵ کردنی لازم نییە. لاکین مەسئەلەی (ی) موشکیلەیە چونکو دەبێتە زەمیر موفرەد غائیب وەکو (خوێندی) و لەپاش موزاف و یا مەوسووفی کە ئاخیر حەرفەکانیان حەرفی ئیملای پێ واقیع دەبێ وەکو (خورمای بەسڕە، شەربەی بەغداد، لیمۆی شیرین، ترێی ڕەش)وە هەم بۆ وەحدەت دەبێ وەکو (پیاوێ، منداڵێ). ئەمجا ئەگەر لەگەڵ حەرەکەت لە عەمەل بێنرێ موشکیلات ڕوو دەدا وە جویێ کردنەوەی ئەم حاڵانە نەختێ زەحمەتە، تەدبیری حەواڵەی داخڵ کردنی لازم نییە! [واتە فەرامۆش بکرێ. K] لاکین مەسئەلەی (ی) موشکیلە؛ چونکە دەبێتە زەمیری موفرەدی غائیب، وەک (خوێندی) و لەپاش موزافی یا مەوسووفێ کە ئاخیر حەرفەکەکانیان حەرفی ئیملای پێ واقیع دەبێ، وەک؛ (خورمای بەسرە، شەربەی بەغداد، لیمۆی شیرین، ترێی ترش) و هەم بۆ وەحدەت دەبێ وەک؛ (پیاوی، منداڵی) ئەمجا

[تەواو]

٣/٢. وەڵامی سەعید کابان (بەدەستکاریی ڕێنووسی ئاخاوتنی نامەکەیەوە)

📖☼ پ. ن؛ کە ٧٣/و- ٢/ ٢٣٠

[مامۆستا سەعید کابان سیدقی کابان ـــ موتەسەڕڕیفی سلێمانیی]

[سلێمانیی]

[-/١٩٢٦/٣ز]

ئەم ئوسووڵە و دانانی ئەم حەرفانە لەگەڵ بەعزێ ئیشارات بۆ نووسینی کوردیی لە تەرەف لیجنەی موحتەرەمەوە تەرتیب کراوە، زۆر بەجێیە و گەلێ موناسیبە، فەقەت بەعزێ مولاحەزات هەیە کە دەبێتە سەبەب بۆ تەسهیلاتی، بەلازمی دەبینم عەرزی بکەم

زبانی کورد؛ هەروەکوو حەرفانی هیجای عەرەبیی لە عەمەل دێنێ، موحتاجی بە هەشت حەرفی کەیە کە ئەمانەن؛ (پ، چ، ژ، ڤ، گ، ل، ۆ، ی) ئەم حەرفانە، هەرچەندە لەسەر شکڵی حەرفانی عەرەبین، لاکین بەنوقتەی زیا لە بەعزێکیان وێری زیاد و ئیشارە لە بەعزەکەی کەدا جویێ بوونەوە بۆ (ۆ، ی) ئەم ئیشارانە زۆر موناسیبە.

لە کوردییدا؛ (ل) دوو نەوعە: (١) لام (لەر [لەڕ، K]) نیشانەی (٢) لام (قەلەو [قەڵەو. K])

بۆ ئەم نەوعە نیشانە لازمە، سێ نوقتە موناسیب بینراوە و (و)یش دوو قیمە؛ (١) گوشراو: نیشانەی ناوێ (٢) کراوە بە: نیشانەی گەرەکە.

(و) گوشراویش دوو ڕەنگە؛ (١) بۆری کورت نیشان دەدا، وەک (خولە کوردە!). (٢) بۆڕی درێژ نیشان دەدا، وەک (دوو روو [ڕوو. K]) دوو دەفعە نووسینی لازمە.

(و) کراوەش دوو نەوعە (١): بۆری کراوە نیشان دەدا، وەک (تولەکە، چوولەکە [تۆڵەکە. K])،

ئەم نیشانەیە موناسیبەیەتی. (٢) بۆری خوار نیشان دەدا، وەک؛ قول. [قول. K]، لاکین ئەم نەوعە ئیجاب ناکا داخل بکرێ بۆ خاتری تەسهیلات لازمە تەئخیر بکرێ.

(ی)ش دوو قیسمە: (١) ڕاستە، نیشانەی ناوێ ئەم نەوعە ژێر نیشان دەدا وەک (نیمە، قیمە) (٢) داکێشە؛ نیشانەی گەورەکە وەک میر، قیر [مییر، قییر. K] ئەم نیشانەیە زۆر باشە.

زەحمەتە تەدبیری حەواڵەی ڕەئی مونیری ئەنجوومەنە!

ئیقتیراحی داعیی دائیر بە مەسئەلەی حورووف و ئیملای کوردیی،(*) ئەمەیە کە عەرزکرا! وە بەندە قەواعیدێکی سەڕف و نەحووی کوردییم تەرتیب و بۆ تەدقیقات تقدیمی ئەنجوومەنی مەعاریفم کردووە، بە تەفسیل حورووفات و ئووسووڵی ئیملای کوردیی لەوا بەیان کراوە. ئینشاالله بۆ تەبع تەقدیم دەکرێ!

داوێنباسی نامەکان

نامەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی مەعاریف- نووسراوی ساتیعولحوسەریی- بۆ موتەسەڕڕیفەکانی؛ سلێمانیی، هەولێر و داوای بۆ تێکەڵ کردنی ئەنجوومەنەکانی مەعاریفیان و ڕۆشنبیرە شارەزاکان، هەروەها نامەی مستەفا سابیب (بۆ مەبعووسەکان) و ڕەخنەی لە باری خوێندەواریی و بەتایبەتیش لە (ساتیعولحوسەریی)، ئەمانە بێ گومان خوێندەواریان دڵنیا کردووە کە بەڕاستیی (کێشەیێک) لە ئارادایە لەمەڕ تیپەکانی زمانی کوردیی و ڕێنووسی کە (ئەنجامی کێشەکەیشی لێ ونە!!).

ئەو کێشەیە کەی و چۆن هەڵکەوتووە و چیی لێ کەوتووەتەوە و ئەنجامەکەی کوا؟

ئەز بۆ ڕۆشنایی بیری خوێندەوار و گۆشە تاریکەکانی مێژوو، پێ ویستم زانیی دوای بکەوم، لێی وردبېمەوە، بکۆڵمەوە و ڕاستییەکان ئاشکرا بکەم و سەرەتا بڵێم، کێشەکە کێشەیێکی سیاسییە!

*(*) ئەم وەڵامنامەیە کە مێژووی لێ نەدراوە- دیاریشە هەر لە مانگی مارتدایە- لە نێو (مذکراتی/ یاداشتەکان)ی ساتیعولحەسەریی ڕێبەری گشتیی مەعاریفی عێراق ئاماژەی بۆ نەکراوە و دیارە کە یا نەگەیشتووەتە جێ کە هەرگیز باوەڕ ناکرێن، یان - وەک هەر وەڵامێکی سلێمانیی- نرخی نەگیراوە و فەرامۆش کراوە کە ئەمیان چاوەنۆڕ دەکرێت!*

## بەشی یێکەم

### کێشەییێکی سیاسیی

### بەنێوی نووسین و خوێندەواریی کوردییەوە

**پیشەکیی**

سەر وەزیرانی مەملەکەتی عێراقی عەرەب لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران- پەرلەمان ڕۆژی ١٩٢٦/١/٢١ گوتارێکی داو گوتی: (... ئەم وڵاتە ناژیێ تا هەموو ڕەگەزێکی، هەموو مافێکی خۆی پێ نەدرێ!... پێ ویستە مافەکانی گەلی کورد بدرێ! پێ ویستە کارگێڕەکان هەڵبژاردەی نێو خۆی بێ! پێ ویستە زمانیان بەڕەسمیی بناسرێ! پێ ویستە منداڵانیان لە قوتابخانەکەدا بەزمانی خۆیان بخوێنن [٢/١٧/١١٣؛ ج٢، ص٣١])

بەندی (٣) سێی یاداشتنامەی نهێنیی ١٩٢٦/٣/٢ی لیژنەی ڕاسپێردراوی کۆمەڵەی گەلان و تایبەت بەچارەنووسی هەرێمی مووسڵ (!!)، کۆمەڵەی ڕاسپاردووە کە: (پێ ویستە ڕێزی ئارەزووەکانی کورد بگیرێ کە چاوی بڕیوەتە دامەزراندنی کارگێڕی کورد نەژاد بۆ ڕێبەریی کردنی کاروباری وڵاتەکەی! پێ ویستە خوێندن لە قوتابخانەکاندا یێکسان بێ و لە هەموو کاروبارێکدا زمانی کوردیی پێ ڕەو بکرێ! (٢/١٨/١١٤؛ ص١٥٤)

بە ئەم پێیە ئەوە پێ ویست بووە کە حوکوومەتی مەملەکەتی عێراق، بەوەزارەتی مەعاریف- زانستی- یەوە، بەشی هەرە گەورەی ئەو گفتەی خۆی و ڕاسپاردە نێو دەوڵەتییەکەش جێبەجێ بکات، بۆیێکا پرسیار ئەوەیە؛ چەند و چون ڕەفتاریان کردووە؟

ڕەفتاری وەزارەتی مەعاریف- بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی گشتیی یێکێ لە دەزگە بەرپرسەکانی وەزارەتی مەعاریف، بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی گشتیی بووە کە بەشێکی گەورە و گرنگی ئەو ئەرکەی بەرەو ڕوو کرابووەوە.

ساتیعولحوسەریی- عەرەبی یەمەن: ١٨٨٠ز ــــ ١٩٦٨ز، ڕێبەری گشتیی مەعاریفی عێراق لە نێوان ١٩٢٣/١/٥ ــــ ١٩٢٧/٧/٣١ز.دا ئەو ئەرکەی هێندە پچووک کردووەتەوە، نێوی لێ ناوە (باسی نووسینی بەزمانی کوردیی/ قضیة الكتابة باللغة الكردية- قەزییەتولکیتابە بیلوغەلکوردییە!). ئەم نێونیشانە پچکۆلانەیە و لە ئەم چێوە تەسکەدا کە جێگەی (باسی سەپاندن و بڵاوکردنەوەی کوردیی) گرتووەتەوە، هەر لە



یێکەم تەماشاوە مایەی گومانە!! گریمان پەسەندیش کرا، دەی چۆن و چەند و چاک یان خراپ ڕەفتاری لەگەڵ کردووە؟

یاداشتی ساتیعولحوسەریی!

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی، هەر لە داندراوە عەرەبییەکەی خۆیدا (موزەککەراتی فیلعێراق/ یاداشتەکانم لە عێراقدا) دەڵێت: (کاتێ کە حوکوومەتی عێراق باوەڕی هێنا و بڕیاریدا لە باژێڕ و گوندەکانی کورداندا؛ زمانی کوردیی ڕەسمیی بێ، لەسەر وەزارەتی مەعاریف کەوت کەچیی پێ ویستە دەستی بداتێ و ڕاپەڕێنێ بۆ سەپاندنی ئەم بڕیارە لە مەیدانەکانی فێرکردندا! بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک- بەچاودێریی خۆی/K- لە چوار ڕۆشنبیری دانیشتووی بەغداد پێک هات کە: تۆفیق وەهبیی، عەبدورڕەحمان ساڵح، شوکریی فەزڵیی، نووریی بەرزنجیی بوون ئەرکی لیژنەکە ئەوەبوو کتێب وەربگێڕن بۆ کوردیی و لە قوتابخانەکانی سەرەتاییەوە دەست بێ بکەن! بەڵام لە ئەم هەلانەدا مقۆ ققۆ پەیدا ببوو لە مەڕ وەرگێڕانی کتێبەکانی قۆناغی ئامادەییش وەکو فیزیا و کیمیا و جەبر و ئەندازە.

خۆم هەر زوو لیژنەکەم ئاگادار کرد کە کتێبەکانی سەرەتایی، بەتایبەتی بۆ پۆلەکانی یێکەمین مەبەستە! لە یێکەم کۆبوونەوەی لیژنەکەدا- ڕەنگبێ لە نێوندی شوباتی ١٩٢٦دا/ K- تۆفیق وەهبیی ڕاییێکی نواند کە ئەمەیە: «بەر لە وەرگێڕاندن، پێ ویستە کێشەی نووسینی کوردیی چاک بکرێت!». ئەو وەکو لایێنگیری نووسیینی لاتینیی نییە، تیپەکانی عەرەبیی بۆ دەنگەکانی کوردیی؛ بە کەم و ناتەواو دەزانێت و دەڵێت: «پێ ویستە تیپی دی دابڕێژرێت کە چاپخانەکانیش ناچار دەبن ئەو تیپانە بەکار ببەن» و «ناشێت دەست بدرێتە چاپ کردنی چ کتێبێ تا ئەو تیپانە ئامادە نەکرێن!» ).

ساتیعولحوسەریی پتر دەگێڕێتەوە کە دووای یێکەم کۆبوونەوە؛ محەممەد ئەمین زەکیی وەزیری ئەشغالی دیتووە و ئەویش پێی گوتووە: (فێرکردن- پێ خوێندن- دەبێت بەکوردیی هەموو قوتابخانەکان بگرێتەوە تا دەشگاتە خوێندنی باڵا و دەشبێت لە کۆلێجی قانووندا بەشێکی تایبەتیی بکرێتەوە. هەروەها لە کۆلێجی سەربازیشدا!).

پتر دەڵێت: (بەڵام باوەڕی هەبوو کە دەبێت لە قوتابخانەکانی سەرەتاییەوە دەست پێ بکرێت!).

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی پتر باسەکانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (لە کۆبوونەوەی

دووەمی لیژنەکەدا، تۆفیق وەهبیی پرۆژەییەکی پێشکەش کرد کە پێ ویست دەکات پانزە تیپی نوێ دابرێژرێت بە زیادکردنی چەندین خاڵ و نیشانە بۆ یانزە تیپی عەرەبیی باو ئەمەش- بەقسەی ئەلحوسەریی/ K- مانای دانانی: (٤٥) چل و پێنج شێوە تیپە کە دەبێت لە چاپخانەکاندا زیاد بکرێن و دابرێژرێن و، ئەمەش گیروگرفتە بۆ خوێندن و نووسینی کوردیی و بۆ چاپخانەکەش!!)[واتە ئەو شێوە تیپانەی پێشنیازنامەکەی لە ئێرەدا بڵاو/ K].

ساتیعولحوسەریی لە یاداشتەکانیدا لەسەر قسەیی دەڕوات و دەڵێت کە تۆفیق وەهبیی و عەبدوڕڕحمان سالّح هەڵوێستەیان بێگدگیر و ئەوانەی دی- وەکو چاویان لە دەمی خۆی کردبێ/ K- لایێنگیری خۆی بوون!! هەروەها دەشڵێت کە دووای مشتومڕێ، ڕاست و ڕەوان بە ئەم جۆرەی باس دەکرێ؛ بڕوای خۆی بۆ تۆفیق وەهبیی ئاشکرا کردووە و پێی گوتووە: (من لە ئەم باسەدا ناتوانم بڕیاری ببڕای ببڕ بدەم و پێم وەیە کە لیژنەییێکی بەرفراوانتر دەبێت تەماشای باسەکە بکات و لێی بکۆڵیتەوە و بڕیاری بدات!!). تۆفیق وەهبی بەناڕەزاییەوە وەڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی؛ (بۆچیی؟ ئەدی ئێوە نین کە هەڵتانبژاردووین؛ ئێوە بانگتان نەکردووین؟ ئەدی بۆچیی ڕای ئێمە پەسەند ناکەن؟).

ڕێبەری مەعاریفیس گشتیی؛ ساتیعولحوسەریی لە یاداشتەکانیدا پتر باس دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کە «باسی ناکۆکیی!!» کەوتەوە دەم محەممەد ئەمین زەکیی و عەبدولموحسین ئەلسەعدوونی سەر وەزیران و سەبیع نەشئەتی وەزیری مەعاریف، پێیانگوت: (تۆ کە کوردیی نازانیت، بۆچیی کارێ دەکەیت- چۆن شیعەکان ناحەزتن کوردیش ناحەزت بن؟) نێوبراو پتر دەگێڕێتەوە کە دووای ئەمسەر و ئەوسەری لیژنەکە و ئەو کاربەدەستە گەورانە و (ئەدموندس C.d. Edmonds)ی ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆ، پێکهاتن لەسەر (پلانێکی نێونجیی) بۆ یێکلاییی کردنەوەی کێشەکە!

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی لە مەڕ پلان و کردەوەی خۆیان پتر باس دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (پلانەکە بریتیی بوو لە ڕاوەگرتنی هەموو ڕۆشنبیر و زاناکانی کورد و بەبێ بانگ کردنیان بۆ کۆبوونەوە«!!» و بەتەنێ قاییل بوون بەناردنی پێشنیازی نووسراوو وەرگرتنی بیروڕای نووسراویان «!!»)، پتر هەڵوێستەی خۆی دەنوێنێت و دەڵێت: ( من ئەم پلانەم پەسەند کرد؛ چونکە هێندە بەس بوو کە باسەکە لە چێوەی تەسکی لیژنەکەدا دەرهاوێژرێت و یارمەتیی بدات بۆ بەشدار بوونی کۆمەڵێ ڕۆشنبیری کورد لە بڕیارداندا کە بەرێگەوەیە... ئەوانەی کە پێشنیازە باس کراوەکەیان بۆ دەچێ، بۆیان هەیە یێکێ لە ئەم



سێ چارەسەرە هەڵبژێرن: قاییل بوون بە بەشێکیان، پەسەند نەکردنی ئەوانی دی، قاییل بوون بە ئەو تیپانەی کە لە نووسینی فارسیی و تورکییدا خراونەتە سەر تیپەکانی عەرەبیی!).

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی ڕەفتاری خۆیشی دەنوێنێت و دەڵێت: (بۆ ئەمە، بە پەلە کەوتمە کارکردن و بەپێی ئەم پلانە: تۆفیق وەهبیی ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی بە زمانی کوردیی نووسیی و پێشنیازەکانی بە هەوای خۆی هۆنییەوە! لیژنەکەش بڕیاری ئەو نێوانەی دا کە پێ ویستە ڕاپۆرتەکەیان بۆ بچێ و لێی بکۆڵنەوە و ڕایان بەرامبەر پێشنیازەکان بنوێنن! دیوانی وەزارەتیش چەند ژمارەی پێ ویستی لە ڕاپۆرتەکە چاپ کرد! منیش وێنەی ئەو نامەیەم نووسیی کە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا دەنێردرێ... لەنێویدا مەبەستیشم ڕوون کردەوە و بە ئەم ڕستانەش بڕاندمەوە: (تکام هەیە کە ڕای خۆتان بەرامبەر پێشنیازەکانی نێو ڕاپۆرتەکە بنووسن، لەگەڵ تێ بینی کردنی: چۆنییەتیی گونجاندنی خوێندنەوەی کوردیی لەگەڵ خوێندنەوەی قرآن ی پیرۆز؟)؛

دیوانی وەزارەتیش ژمارەی نامەی پێ ویستی چاپ کرد. لە ئەو ڕۆژەدا کە کارگێڕەکانی دیوان وێنەی ڕاپۆرتەکە و نامەکەیان دەخستە زەرفەوە تا نێوی کەسەکان و نێونیشانیان بنووسن، تۆفیق وەهبیی هات بۆ تەماشاکردنی ڕەوتی کاروباری کاتێ نووسیینەکەی منی دیت، زۆر پەشۆکاو بەتووڕەیی و ڕەخنە لێ گرتنەوە پێی گوتم: (بۆچیی ئەم قسانەتان تێ خستووە؟ لیژنەکە بڕیاری ئەوتۆی نەداوە؟!). منیش لەسەرخۆ گوتم؛ (من بەنێوی لیژنەکەوە نەمنووسیوە، بەڵکوو بە ئەو نێوەوە کە ڕێبەری مەعاریفی گشتیم پێشنیازەکانیشتان بەشێوەی خۆیانەوە، چۆنتان نووسیون، تەواو دەگەنە دەستی کەسانی نیشانە کراو!).

تۆفیق وەهبیی درێژەیدا بە پرسیار و ڕەخنەگرتن و گوتی: (بۆچیی قرآن تێ هەڵکیشی ئەم باسە دەکەن؟)... گوتم: (چونکە فێربوونی قران لە بەرنامەی خوێندنی بڕیار دراودایە بۆ موسلمانان! دەشمەوێ تێ بینیی بکەن کە من لە مەڕ ئەم باسە هێشتا ڕای یێکجارەکیم نەداوە، بەڵکو داوام لێ کردوون کە ئاگاداری ئەو تێ بینییە بن کە بەبێ ئەوەی ڕێگەم لێ بڕیحابن بۆ دەربڕینی ئەو ڕایەی پێی دەگەن!). دووای بیرکردنەوە و وردبوونەوەیێ؛ تۆفیق وەهبیی بە تووڕەییەکی زۆرەوە ژوورەکەی بەجی هێشتم! دەمزانیی کە ئەو دەست بەجێ دەچێتە کن ئەمن زەکیی و ئەویش دەست دەخاتە کارەکەوە و دەچێتە کن موحسین ئەلسەعدوون، بۆیێکا بڕیارم دا کە هەموو لایێ بخەمە بەردەم قەوماوەکە...

بەسەرۆکی دیوان شوکری ئەلحەمانیم گوت؛ بەپەلە نێو و نێونیشانەکان بخەنە سەر زەرفەکان و دەست بەجێ بیاندەنە پۆستەخانە و چاوەنۆڕیی تەواو کردن و پێچاندنەوەی نووسراوەکانی دی- ئەوراق/ K- مەبن، بەڵکوو چ ئیش و کاری دیتان هەن بەلاوەی بنێن تا هەموو زەرفە کوردییەکان دەپێچنەوە!«!!» .

درەنگێ پێم زانیی کە ئەوان- ویڕای نارەزایی بوونیان- دڵنیا بوون لە ناردنی زەرفەکان و بڕیاریان داوە کـە وێڕای پڕوپاگـەندەیان، هێندێ کـەس و نامـەش بنێـرن بۆ کن ئەو کەسانەی داوامان لێ کردوون، تا بەئەوان ڕابگەیێنن «ساتیعولحوسەریی دەربەستی قرآن نایەت و ئەویی ئەو نووسیونی بۆ کارتێ کردن و دەستخەڕۆکردنتانە!» ) .

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی هەر لە یاداشتەکانیدا، مەتنی دوو ڕاپۆرتنامەی نیشان داوە کە بۆ سەروەزیرانی عێراقی ناردووە و ڕایگەیاندووە کە ( ٥٢٠ ) پێنجسەد و بیست نامەی بۆ موتەسەڕڕیفەکانی (هەولێر، سلێمانیی) ڕوانەکردووە و بەتەنێ (٢٣) بیست و سێ وەڵامی کەسانێکی وەکوو وەزیر، ئەندامانی پەرلەمان، ئەنجوومەنی پیران، ئەفسەر و ئایینناس، ڕۆژنامەوان، کاربەدەستەکانی وەرگرتووەتەوە!

ساتیعولحوسەریی ڕێبەری مەعاریفی گشتیی لە ئەو دووا ڕپۆرتنامەیدا هاتووە لەسەر وەزیرانی مـەملەکـەتی عـێـراقی گـەیاندووە گـۆیا (پڕۆژەکـەی تۆفـیق وەهبـیی سـەری نەگرتووە!!). [ ١/٥؛ ص ٤٥٧- ٤٧٤ ]

## لێ کۆڵینەوە!

بۆ دەستگیرکردنی ئەنجامی کردو کۆشی ڕێبەری مەعاریفی گشتیی ساتیعولحوسەریی، زۆر پێ ویستە وردببینەوە، بکۆڵینەوە و هەرچیی نهێنیێ هەیە، تەنانەت ڕووداوەکانی ئەو دیو ڕاپۆرتنامەکە و هەر ڕەفتارێکی دی بەراوورد و یێکالا بکەیینەوە بەئەم شێوەیە:

١- ئەو باسە و هەڵویستەکانی مەعاریفی گشتیی، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٦دا هەڵکەوتوون و لە هەلی ڕەوتی خوێندندا هاتوونەتە پێشەوە و زۆری بەدەمەوە هەیە کە خۆیان بۆ ساڵی خوێندنی ئایینده؛ ١٩٢٦- ١٩٢٧ ئامادە بکەن و هەموو باسەکەش گەورەیە و لە قەبارەی دانیشتنێ و دوو، یان نامە گۆڕینەوە و ڕا وەرگرتنێکی خێرادا نییە!

٢- ئەو؛ ساتیعولحوسەریی- بەڕۆشنایی قسەکانی خۆیشی کە دەڵێت: (لەسەر وەزارەتی مەعاریف کەوت کەچیی پێ ویستە دەستی بداتێ و ڕاییپەڕێنێ بۆ سەپاندنی ئەم بڕیارە لە مەیدانەکانی فێرکردندا!). هەروەها بۆ خۆپەڕینەوەی لە ئەو هەڕەشەیەی کە



سەروەزیران و وەزیری مەعاریف لییان کردبوو؛ کە: (تۆ کوردیی نازانیت، بۆچیی کارێ دەکەیت- چۆن شیعەکان ناحەزتن- کوردیش ناحەزت بن!). بەڵێ دەبوو خۆی وەک کارگێڕی دەزگەییێکی بەرپرس بچێتە مەیدانەوە و دیدەنیی کوردستانی- تازە لکێندراو بە مەملەکەتی عێراقی عەرەبەوە- بکردبایە و لە نزیکەوە تەماشای هەموو بارێکی خوێندن، قوتابخانەکان، مامۆستاکان، تەنانەت بیروڕای موتەسەڕڕیفەکان، ئەنجوومەنی مەعاریفی بکردایە! دەبوو کۆبوونەوەی لەگەڵ پسپۆران، ڕۆشنبیرەکانی باژێڕەکانی بکردایە و لە ئەوان و هاوتایان لە بەغداد دا نەک بە تەنێ لیژنەییێک چەندین لیژنەی پێک بهێنایە!

ڕاستییەکەی وەکو یاداشتەکەی بەڵگەیە ئەو هیچ پلانێکی پەروەردەیی، خوێندەواریی، زانسیتیی، هیچ حسابێکی دارایی بۆ ڕاپەڕاندنی تەواوی ئەوکەکە بەبیردا نەهاتووە و لە دەستدا نەبووە، بۆییێکا دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم؛ بیر و بنچینەی ڕەفتاری پووش بووە و دامەزراندنی لیژنەییێکی ئەوها بچووکی دانیشتووی بەغداد و کەم دەسەڵاتیشی، هەر بەبیانوویێ زانیوە بۆ ڕانەپەڕاندنی (ئەرکە قانوونیی و زانستییەکە!) کە بەڵگەکانی داهاتوو ئەم ڕاستییە پتر دەسەلمێنن!.

٣. ئەو؛ وەکو مەتنی دووا ڕاپۆرتنامەی بۆ سەروەزیران کێڕاوەتەوە گۆیا بە ئەو پێیەی ڕێزی ڕۆشنبیرانی کورد و شارەزایانی گرتووە، لە پێنجسەد و بیست نامەدا، هەر بیست و سێ وەڵامی بۆ هاتووەتەوە!! هەروەها ڕایگەیاندووە کە بە ئەو ڕۆشناییەدا دەردەکەوێ گۆیا: (پڕۆژەکەی تۆفیق وەهبیی سەری نەگرتووە!)، ئەوە بە دڵنیاییەوە، فێڵی کردووەو ڕاستیی سەروەزیران شاردووەتەوە... بەڵگەش ئەمەیە:

١/٣. هیچ پێوانەییێکی زانستیی ئەو ئەنجامە پەسەند ناکات کە لە کۆی پێنجسەد و بیست نامەدا، پشت ببەسترێ بە وەڵامی بیست و سێ نامە!

٢/٣. ئەو بیست و سێ وەڵامەش کە هاتوونەتەوە و (پشتی پێ بەستوون و بە ڕۆشناییان بڕیاری ناسراوی خۆی داوە گۆیا پڕۆژەکەی تۆفیق وەهبی سەری نەگرتووە!) ڕاستییەکەی زۆربەیان - بەنێواخن و ئامانجەوە- لایێنگیری تۆفیق وەهبین، تەنانەت هێندێکیان داوای بەکاربردنی لاتینییان کردووەکە یێکێکی وەکو تۆفیق وەهبیی- بەڕۆشنایی یاداشتنامەکە- لایێنگیری نییە!

٣/٣. سلێمانیی لە کۆنەوە و هەتا ئەو ڕۆژگارەش، مەڵبەندی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی کورد بووە ساتیعولحوسەریی- ناحەزانەش نەبێ، نازانستانە ڕەفتاری لەگەڵ

کردووە، خۆی لە دووا ڕاپۆرتنامەکەیدا بە سەروەزیرانی گوتووە: (... بەڵام وەڵامەکانی سلێمانیی هێشتا نەگەیشتوونەتەوە جێ؛ چونکە باسەکەش زۆر دواکەوت (!!/ K) پێم چاک بوو کە پوختەی پشنیازە- پرۆژە ئەسڵەکە و تێ بینەکانم بۆ خاوەند بەرزیتان بنوێنم!) (١١٥/١٩/٢؛ ص١٦٦)

لە ئێرەدا بەرۆشنایی ڕەفتار و قسەی خۆی و بە بەڵگەشەوە باسەکەی ورد دەکەمەوە:

ئە: ئەو خۆی- یاداشتنامەکەیشی بەڵگەیە- بێ پێچ و پەنا گوتوویەتی: (بڕیارم دا هەموو لایێ بخەمە بەردەم قەوماوەکەوە. بەسەرۆکی دیوان شوکری ئەلحەمانیم گوت: بەپەلە نێوونێونیشانەکان بخەنە سەر زەرفەکان و دەستبەجێ بیاندەنە پۆستەخانە و چاوەنۆڕی تەواوکردن و پێچاندنەوەی نووسراوەکان -ئەوراقەکان-ی دی مەبن، بەڵکو چ ئیش و کاری دیتان هەیە بەلاوەی بنێن تا هەموو زەرفە کوردییەکان دەپێچنەوە!).

بێ: نامەکەی مەعارفی گشتیی و پێشنیازەکەی لیژنەکە، وەکو لە بەردەستدان؛ (ڕۆژی ١٩٢٦/٣/٧) ڕەوانەی باژێڕەکان و ئەنجوومەنەکانی مەعاریف و کەسانی دی کراون بەگەیشتنی -بۆ وێنە- بۆ سلێمانیی، دەستبەجێ- لە ١٩٢٦/٣/٢١دا- بەرەو ڕووی شارەزایان و ڕۆشنبیران کراوە و داوایشیان لێ کراوە کە تا ڕۆژی (پێنجشەممە ١٩٢٦/٣/٢٧) سەرنج لە پێشنیازەکە بدەن و وەڵامیان گەڵاڵە بکەن.

ئەمە مانای ئەوەیە؛ لە لایێکەوە نامەکە و پرۆژە پیشنیاز کراوەکە، دووای دوو حەوتۆ لە بەغدادەوە گەیشتوون. لەلایێکی دیەوە دوو ڕۆژ دووای گەییشتنە سلێمانیی، بەپەلە بەرەو ڕووی شارەزایان و کەسانی دی کراوە. دوواجار ماوەیێکی کەمی وەکو پێنج ڕۆژ بۆ وەڵام وەرگرتنەوە دەست نیشان کراوە... ئەمانەش هەمووی چست و چالاکیی و پەلەکردن دەنوێنن!

وێڕا، ڕۆژنامەی (ژیان- پێنجشەممە ١٩٢٦/٤/٢٢) هەواڵ ڕادەگەیێنێ کە ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی مارتی ١٩٢٦ لە مەقامی موتەسەڕڕیفییەتدا بۆ بەیان و موتالەعەی ئیقتیراحی لیژنەی تەرجەمەی وەزارەتی مەعاریف لە خوسووس حورووفی کوردیی و حەرەکاتەوە، تەودیعی بەعزێ زەواتی مونەوویر و موتەفەککیر کراو بۆ جوابەکان لە ئەنجوومەنەکەدا خوێندرایەوە فەقەت لەبەر موساعەدەی وەقت تەئحیل کرا بۆ جەلسەیێکی تر!/ «تکایە دووا ڕستە ورد تەماشا بکە/K»

[ژیان- ژ ١٢، ١٩٢٦/٤/٢٢، ل٢]



ئەم هەواڵەش لە لایێکەوە ڕاستیی دەسەلمێنێت کە ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانی، هەر دوو ڕۆژێ دوای وەڵام وەرگرتنەوە- ٢٧ ـ ٢٨- دانیشتووە و لە وەڵامەکان وردبووەتەوە بێ گومان لەبەر زۆریی کەسەکان و وردیی باسەکە، وردبوونەوە بەدانیشتنێ تەواو نەبووە و هەر کۆڕێکی دی ویستووە! بۆ ئەمەو بۆ ڕێگەی بەغدادیش ئەو پەڕییەکەی دوو حەوتۆی دی ویستووە کە بێ گومان ماوەکە ئاساییە بۆ ئەو ڕۆژگارەی باری هاموشۆی تێدا سەخت و گران بووە! هەڵبەت تا ئەوڕۆش لە ئەم وڵاتەدا نەبووەتە باو؛ پۆست بەفڕۆکە بگواسترێتەوە!

کەواتە ئەگەر ڕێبەری... گشتیی مەعاریف بەڕاستیی پەرۆشی ئەگەر نەڵێم ئەرکەکەی خۆی و باسەکە و پێشنیازی لیژنەکە بووایە، ئەگەر بەڕاستیی ڕێزی ڕۆشنبیرەکانی بگرتایە و فەڕی خەڵکی کوردی بویستایە دەبوو (دوو حەوتوێ) چاوەنۆڕ ببوایە... دەبوو نرخی ماندووبوون و ڕای کۆمەڵەی خەڵکانێکی داوا لێکراوی لەلا هەبووایە، دەبوو قەدری موتەسەڕڕیفییەتی سلێمانیی و ئەنجووومەنی مەعاریفی نەشکاندبایە و بیروڕای ئەوانی- هەروەها هەولێریشی- تێکەڵ بە ئەو بیست و سێ وەڵامە بکردبایە و ئەوجا دروست بوو دووا ڕاپۆرتنامەی خۆی بۆ سەر وەزیرانی بنوێنێ!!

ئەو بە پەلە نامەکان ڕەوانە و داوای وەڵامی پەلە دەکات، بەڵام بۆ باسێکی گەورە- ڕاوەرگرتن- چاوەنۆڕیی پێ نەکرێ و ڕای خۆی بەسەر پێنجسەدوبیست ڕادا تێ بپەڕێنێ و بڵێ: (پێشنیازەکەی تۆفیق وەهبیی سەری نەگرتووە!)؛ ئەوە ڕاست و ڕەوان خۆی ساخ دەکاتەوە کە باوەڕی بەڕۆشنبیرەکان، بەشارەزاکان، بە ئەنجوومەنەکانی مەعاریفی ئەو باژێڕانە، بەچارەسەرێکی زانستانە و چاکەخواز و بەئەنجامێ کە ڕووی حوکوومەتەکەی سپیی بکات (نەیبووە!!) و لە ناخی دەروونداا باوەڕی بەڕاپەراندنی ئەرکەکەیشی نەبووە نەخوازەڵا بە ئەو چارەسەرە نێونجییە کە پێشنیازەکەی لێ کەوت بووەوە... ئیدی ئەم نامە نووسین و سەرقاڵ کردنەش بەتەنێ یاریی بووە و چیی دی نا!!

## ئەنجام

وردکردنەوەی باسەکە؛ کۆمەڵێ ئەنجامی ڕاست و گرنگمان دەخاتە لەپی دەستەوە:

١- ئەنجامەکەی ڕێبەری مەعاریفی گشتیی؛ هیچ متمانەیێکی زانستیی پێ نابڕێت و دەچێتە خانەی ساختەوە!

٢- باسەکە وەکو باسێکی تایبەتی کەسی تۆفیق وەهبیی و مەعاریفی گشتیی و

ڕێبەرەکەی، هەروەها وەکو کێشەی ڕێنووسێ نایێتە بەرچاو بەڵکو تەواو دیارە کە گەورەترە و ئەو بڕوبیانووانەی بەنێوی نووسین یان ڕێنووسەوەن، فێڵێکە بۆ مەبەستێکی گەورەتر.

٣- چ کەسێکی ژێر باوەڕ ناکات کە ڕێبەری مەعاریفی گشتیی بە ئارەزووی خۆی- بێ پشتیوانێ- ئەم هۆش و ئەتوار و ڕەفتارانە بنوێنێ و بڕیار بدات!! ڕاستییەکەی دەبێت گەورە کەسانێ لەپشت پەردەوە ئافەرینیان کردبێ! سەرچاوەکانی مێژووش ڕادەگەیێنن کە هەر حیجازیی (پاشا فەیسەڵ) ئەم کەسەی هێناوەتە عێراقەوە و پێی دەنازێ! دیارە کێشەکەش سیاسیەو ئەم کابرایە دەسکەلایەتی!



**بەشی دووەم**

پێشەکیی

لە مانگی تەمووزی ١٩٢٧ز.دا ساتیعولحوسەریی ڕێبەری گشتیی مەعاریف لەسەر کار و فەرمانی ئەما، دەی باری خوێندن و خوێندەواریی کوردیی لە هەلی کاری ئەو و دوای ئەودا لە چ ئاستێکدا بوو تا- بەکورتیش بێ- بەتێ گەییشتنی بتوانین ڕاستییەکان بناسیینەوە و زووتر بگەین بە وەڵامی ئەو پرسیارە گەورەیە: کێشەکە چ جۆرە بوو؟

بۆ ناسینەوەی وەڵامی چاک و بەجێ، دەبێت کار ئەوە بێت وردببینەوە و هێندێ ڕاپۆرت و بەڵگەنامەی ڕەسمیی، هێندێ هەڵوێستە و نووسینی مامۆستاکانی قوتابخانەکان، تەنانەت هێندێ هەڵوێستەی ڕۆژنامەنووسیی یادبکەیینەوە!بزانە بەڵگەکان چۆن دەدوێن؟

بەڵگەی یێکەم:

چەند داندراوێکی فەرامۆش کراوی مامۆستایان و وێنەیان ئەمەیە:

١: زانستی هندسە- تالیفی عبدالقادر وجدی. مترجمی: ع.

و. م ژ ١. لەسەر پیرەوەی وەزارەتی معارف نووسراوە بۆ ریزی چوارەم: ١٩٢٨ [بەڕێنووسی خۆیەوە/K].

٢: مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی؛ سەعید سدقی کابان، چەند کتێبێکی خوێندەواریی داناوە(*) و چاپ نەکراون یێکێکیان ئەمەیە کە دیتوومە و وەڵامە ڕەسمییەکەیشیم بەرچاو کەوتووە:

ئەم وەرگێردراوە کە هەرگیز لە خۆڕا دەستی نەدراوەتێ لە لایێن بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی مەنتیقەی بەغدادەوە، بە (نامەی ژمارە: ٢٧٧٨/٧/٦ ی.٣٠ تەشرین ئەووەل ١٩٢٨) وەڵام دراوەتەوە کە من هەر مەتنە عەرەبییەکەی دەگێڕمەوە و ئەمەیە: (كان قد قدم سعيد صدقي المدرس في السليمانية الاولى كتاب جغرافية في اللغة الكردية للصوف الثالثة لاجل تدقيقه، ولم يكن كتاب جغرافية مقرراً في اللغة العربية للصفوف الثالثة نرجو- بەموتەسەرریفییەتی سلێمانیی دەڵێ/K- ان تخبرو الموما اليه بعدم

(*) جغرافیا- س ١٩٢٨(بۆ سونفی سێیەمی مەکتەبانی ئیپتیدائیی لە تەرەف سەیید نووریی بەرزنجییەوە و سەعید سدقیەوە تەرجەمە کراوە! [بەدەستکاریی ڕێنووسیەوە!/ K]

امكان تدقيقة من قبل اللجنة تجدون الكتاب المذكور طياً لاعادته الى الموما اليه!
اَلتوقيع مدير منطقة معارف بغداد

بەڵگەی دووەم:

محەممەد ئەمین زەکیی نوێنەری سلێمانیی لە ئەنجوومەنی نوێنەران- پەرلەمان-ی عێراقدا دوو ڕاپۆرتی بەئەنجوومەنەکە داوە کە ڕۆژنامەی (ژیان- ٢١ی حوزەیران) بڵاوی کردووتەوە ڕۆژنامەکە لە پێشەکییدا نووسیویەتی: (خولاسەی دوو تەقریری مەبعووسی موحتەرەمی سلێمانیی ئەمین زەکیی بەگ کە تەقدیمی مەجلیسی مەبعووسان- پارلەمان/K-ی کردووە لە خووسووس مەعاریف کوردستان و تەشکیلی لیجنەیێکی عیلمیی بۆ تەئلیف و تەرجەمەی کتێبانی تەدریسییەی کوردیی و بۆ ئیحداس و تەشکیلی مودیرییەتێکی مەعاریف و تەعینی موفەتتیشینی کورد بۆ مەنتیقەی کوردەکان/ تەواو- بەدەستکاریی ڕێنووسیەوە!).

ب٢/١: خولاسەی تەقریری ئەووەڵ:

لە لیوای مووسڵ، هەولێر، کەرکووک و سلێمانیی، حاڵی حاز (٢٨) مەکتەبی کوردیی تیا مەوجوودە (K/!!)، لە مەکاتیبی ئیبتیدائیی، سانەویی کوردەکانا، لەسەر مینهاجی ڕەسمیی مەعاریف بۆ (٥٨) مەوزووع کە مەجبوورن تەدریسی بکەن (K/!!) تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کوردیی هەیە. (K/!!) بۆ مەوزووعەکانی کە؛ چونکە کتێب نییە (K/!!)، تەلەبەکان مەجبوورن نۆت بکرن و لەسەر ئەو نۆتانە مەحکوومی سەعیی کردنن. (K/!!) مومکین نابێ نۆتێکی سەحیح بکرن و لە خاریجی ئیمکانیانا نییە! (K/!!) لە غەیری ئەوەی کە بەغەڵەت و عەجەلە دەفتەرەکانیان ڕەش بکەنەوە ناتوانن سەعییەکی تر بکەن (K/!!) لەبەر ئەوە زیهنیان بەمەعلووماتی غەیرە سەحیحە ئیشغال و مانگو- ماندوو/K- ئەکرێ (K/!!)، هیچ ویجدانێک قوبووڵی ناکات ئەم تەلەبانە کە ئومیدی ئیستیقبالی کوردەکانن، بەمەعلووماتی غەیرە سەحیحە زیهن و دەماغیان موشەووەش و ژەهراویی بکرێ (K/!!) مەجبوورن ئەو مەکتەبانەی کە کراونەتەوە، بیکەن بە موئەسسەیێکی مەعریفەت بە وەسائیتی تەدریسییەیێکی چاک، ماددەتەن و مەعنەن، تەجهیزیان بکەن! لەبەر ئەمە ئیستیرحام ئەکەم بۆ ئەوەی دەست بەجێ دەست بکەن بە تەرجەمە و تەئلیف، بەعەجەلە (لیجنەیێکی دائیمیی) تەشکیل و لە کوردە مونەووەرە مووقتە دیرەکانی ئێرە، ئەعزای بۆ تەعین بکەن!

(تکایەورد سەرنجی دووا بەند بدەن!/K).



ب٢/٢: خولاسەی تەقریری دووەم:

ئەو مەکتەبانەی کە لە لیوای سلێمانیی، هەولێردا مەوجوودن، قیسمێکیان لە تەرەف مودیرییەتی مەنتیقەی مووسڵ و قیسمێکیان لە تەرەف مودیرییەتی مەنتیقەی بەغدادەوە ئیدارە ئەکرێن (K/!!) لەبەر ئەمەی کە مودیری هەردوو مەنتیقەکان، کوردیی نازانی (K/!!) عادەتا بێگانەن بەم لیسانە، ناتوانن تەفتیش و موراقەبەی مەکتەبەکان و لە قودرەتی تەدریسییەی موعەللیمەکان تێ ناگەن و بەتەواوی عاجزن کە ئیسلامی تەرزی جەرەیانی ئوسوولی تەدریسییەی مەکتەبەکان بکەن (K/!!)، لەبەر ئەم وەزعییەتە چونکە مەکتەبە کوردەکان لە موراقەبەو نەزارەتێکی موتەمادیی مەحروومن و (K/!!) نەتیجە بووە بەسەبەبی عەدەم تەرەققی و تەکامولیان (K/!!)، لەبەر ئەوە هەڵەب ئەکەم ئەو مودیرییەتی مەنتیقەی کە دوو سێ ساڵ لەمەوپێش بۆ ئەم خوسووسە هەبووە (K/!!) بەعەجەل ئیحداس و ئیعادەی بفەرموونەوە و مەکاتیبی سلێمانیی، کەرکووک و هەولێر ڕەبتی مەکتەبە کوردییەکە لە لیوای مووسڵدا هەیە (K/!!) بۆ تەفتیش و موراقەبەیان موفەتتیشی کوردی موقتەدیر ئیستیخدام و عەلاوەی قادرۆی- کادیر؛ دەستەی/K- مودیرییەتی مەنتیقەی مووسڵی بکەن و موحەققەقەن لێم ئومێدم تەرویج ئەفەرموون.

[تەواو]

بنۆڕە: [٨/ل ١-٣]

بەڵگەی سێیەم:

لە ١ی حوزەیرانی ١٩٢٨دا- وەکوو ژیان: ژ ١١٨ دەنوێنێ دەستەیێ لە نوێنەرە کوردەکانی نێو پەرلەمان، لە مەڕ مەعاریف- خوێندەواریی کورد ڕاپۆرتێکیان داوە بەوەزارەتی مەعاریف کە مەتنە تەواوەکەی ئەمەیە:

بۆ وەزارەتی جەلیلەی مەعاریف

لە فەخامەتتانەوە مەعلوومە کە جیهەتی شیمال- کوردستان/K- لە خویسووس عیلاقاتی سیاسییە و ئیقتیسادییەوە، لە ناو حوکوومەتە گەنجە تازە پێ گەییشتووەکەمانا ئەهمییەتێکی گەورەی هەیە، لەبەر ئەمە لازمە ئیزالەی هەموو مەوانیعێک بکرێ (K/!!) لە خوسووسی نەشری مەعاریفەوە و ئەو شتانەی کە جەهل لائەبات ئەو سەبەبانەی کە مەعاریفی مەنتیقەی دوواخستووە ئەمانەن:

١- نەبوونیی کتێبانی تەرجەمە کراو بە کوردیی کە لیسانی تەدریسییەی ئەو مەنتیقەیەیە و عیبارەتە لە چەند لیواو قەزاییێکی موهیم کە توول و عورزیی لە زاخۆوەیە هەتاکو پێنجووین و خانەقین و بەدرە!

٢- کەمیەتیی موعەللیم لەو مەنتیقەیەدا!

٣- بۆ ئەوەی ئیرشاد و موراقەبەییێکی تەواوی موعەللیمەکان و مەکتەب بکات و تەرەققیی و تەعمیمی مەعاریف بکات و لەسەر یێک ڕێ و یێک پرۆگرام تەدریس و تەدرسیان پێ بگات، بۆ ئەم مەنتیقەیە مودیرێکی مەعاریف نییە (K/!!)!

٤- لەم مەنتیقەیەدا مەکتەبێکی موکەممەلی سانەویی نییە کە ببێ بە کە فیل و واسیتەی تەواوکردنی ئەو عیلمانەی کە تەلەبەکان لە مەکاتیبی ئیپتیدائییەدا خوێندوویانە و بۆ ئەوەی کە لەوێدا لەزەت لە خوێندن وەربگرن وعلمێکی چاک فێری تەلەبەکان بکرێت بەنەوعێک کە بتوانن بچنە مەکاتیبی عالییەوە. (K/!!).

٥- ئەم مەنتیقەیە مەحروومە لە مەکتەبێکی دارولمەعەللمینێ کە مەوجووبەتی ئەلزمە و یێکانە واسیتەیە بۆ ئەوەی موعەللیمی موقتەدیر و عالیم پێ بگەیێنێ کە بتوانن چاک و بەکوردیی تەدریس بکەن . (K/!!)

٦- لەبەر فەقیریی، ئەهالیی ئەو مەنتیقەیە ناتوانن و مومکینیان نابێ ئەو لاوەکانیان بۆ ئیکمالی تەمسیلی سانەویی و عالیی بنێرن بۆ مەرکەزی حوکوومەت! «K/!!».

٧- زۆر ئەسبابی تر هەیە کە بووە بە سەبەبی ئەوە کە ئەبەوینەکان «بابەکان/K» ئیهتیمام ناکەن بۆ ئەوەی ئەولادەکانیان بنێرنە مەکتەب.

ئەو ڕێیەی کە لازمە لە خوسوس نەشری مەعاریفەوە تەبەعیەتن پێ بکرێ ئەوەیە کە ئەو نوقسانیانە و ئەو سییستیەی لە خوسووس مەعارفەوە هەیە و زیهنی ئەهالییەکەی ئیشغال کردووە کە ئیهتیمان بە مەعاریف ناکەن «K/!!» ، لازمە لابرێ کە ئەمانەن:

١/٧ : تەشکیلی لینجەییێکی تەرجەمە و تەئلیف کە ئەعزانەکانی لە عالیم و مونەووەرە مونتەخەبەکانی کوردەکان بێ، کە مووافیقی پرۆغرامی کتێب تەئلیف و تەرجەمە بکەن و ئیعتیقادمان وایە کە ئەم لینجەیە ئیشەکانیان زۆر چاک و بەتەواویی بەجێ ئەهێنن وەزارەتی مەعاریف بۆ ئەم خوسووسە مەساریفێکی زۆری ئەبێ و ئەگەر وەزارەتی مەعارف لە حالّی مەعزوور لە تەشکیل کردنی ئەم لینجەیە کە زۆر پێ ویستە بۆ لابردنی تەزەبزوب، هیچ نەبێ ڕجا ئەکەین ڕەسمەن ئیعلانی بکات کە ئەو کەسانەی مووافیقی



پرۆغرامی مەعاریف کتێبێک تەرجەمە و تەئلیف ئەکەن؛ بە نیسبەت چالاکیی کتێبەکانەوە ئیکرامییەییێکی ئەدریتێ کە ئەقەللەن «٥٠٠» ڕوپییە کەمتر نەبێ. وە ئەگەر ئەم مەسئەلەیە تەرک بکرێ، بۆ تەشەببوسی خۆیان نابێ، چونکە ئەمە لە میللەتێکا ئەکرێ کە لە ناویانا عیلم موتەرەققیی بێ و قەدری مەعاریف بزانن و ئەگەر مەساریفی ئەم مەسئەلەیە بۆ تەشەببوسی شەخسیی تەرک بکات، باوەڕ ناکەین هیچ کتێبێک لە خۆیەوە ئەم خزمەتە بکات، چونکە بۆ خۆی ئینتیفاعێکی ماددیی و زەروریی تیا نابینێ! (لیژنەی وەرگێڕاندن و دانان لەسەردەمی ساتیعولحوسەرییدا پەک خرا: K/).

٢/٧ : بۆ ئەوەی موعەللیمی موقتەدیری عالیم بۆ سونفە سانەوییەکان چنگ بکەوێ، لازمە وەزارەتی مەعاریف لە خووسووسی زیادیی مەعاشەوە ئیهتیمام بکات، چونکە ئیعتیقادمان هەیە کە پیاوی زۆر موقتەدیر، عالیم هەیە لە وڵاتەکەمانا ، فەقەت لەبەر مەعاش کەمیی ئینتیساب ناکەن بەمەعاریفەوە «K/!!»

٣/٧ : لازمە دائیرەییێکی مەعاریف لەم مەتیقەیەدا تەشکیل بکرێ بەشەرتێک مەرکەزەکەی لە وەسەتی- نێوەندی/K- ئەم مەنتیقەیەدا بێ کە بتوانێ موراقەبەی هەموو مەکتەبەکان بکات و لازمە مودیرێکی وای بۆ تەعین بکرێ کە لە مەداریسی عالییە دەرچووبێ کە موقتەدیربێ، حاڵەتی مەعاریف بگەیێنێ بە حەددێکی مەتلّووبەوە بوونی ئەم دائیرەیەش زەرووریيە بۆ نەشری عیلم و مەعریفەت و حوکوومەت لە تەشکیل کردنی ئەو دایەرەیە و مەسرەفێکی زۆری نابێ بەنیسبەت ئێستاوە کە بۆ تەفتش و موراقەبەی لیوای سلێمانیی و کەرکووکی داوە بەغداد و «K/!!» ، ئەقزیەکانی شیمال وەکو زاخۆ، دهۆک، عەمادییە، عەقرەی داوە بە مووسڵ «K /!!» لەمەدا هەم لە خووسووس مەعارفەوە، هەم لە خوسووسی تەدریستاتەوە خراپە «K /!!» چونکە تابیعی مەنتیقەییێک نین تەدریسیان وەکو یێک نابێ و غەیری ئەمەیش چونکە موفەتتیشین و مودیرینی ئەم مەنتیقانە کوردیی نازانن «K /!!» هیچ فائیدەییێکیان لێ حاسڵ نابێ! «K /!!».

٤/٧- ئیکمال و تەنزیمی مەکاتیبی سانەویی بە سوورەتێکی وا کە حەسبەلمەتلّووب تەکەففول تەربییەی تەلەبەکان بکات و ئیمتیمانیان دەفع بکات و لە خوسووس ئەو مەحزوورەوە کە تەلەبەکان چونکە بەعەرەبیی ناخوێنن، لە مەکاتیبی عالییەدا موشکیلات ئەکێشن «K /!!» ، ئەمیش ڕاست نییە چونکە ئەم مەحزوورە بەزیادکردنی ئەوقاتی تەدریسییەی دەرسی عەرەبیی لە سونفە سانەویەکان لاچێت!

٥/٧- کـردنەوەی مـەکـتـەبێکی دارولموعـەللیـمین «!!/ K» بۆ ئەوەی ئیـحـرازی موعەللمینی موقتەدیری چاک بکات کە بتوانن لەسەر ئوسوولی تازە موافیق و مەتلووب تەلەبەکان پێ بگەیێنن!

٦/٧- کردنەوەی مەکاتیبی کچان!

٧/٧ هەر وەقتێک مەکتەبەکان و مەعاریفی ئەم مەنتیقەیە بەم نەوعە کە عەرزمان کردن، تەنزیم کرا، ئەو وەقتە ئە بەوینەکان شەوقیان ئەبێ کە منالەکانیان بنێرنە مەکتەب بۆ تەحسیل! ئینجا ئیستیرحام لە وەزارەتی مەعاریف ئەکەین کە ئیهتیمامێکی کافیی و تەواو بەم مەعرووزاتانەمان بکات، لەم ساڵەوە دەست بکا بەم ئیسلاحاتە مەتلووبە و قەتعییە و ئیزالەی هەموو مەوانیمێک بکات کە ئەبێ بە سەبەبی عەدەم تەرەققیی مەعاریفی ئەم مەنتیقەیەو ئێمەش پێشەکیی تەشەککوری ئەکەین!

| | | |
|---|---|---|
| مەعرووف جیاوک | ئیسماعیل ڕواندزیی | محەممەد ساڵح |
| نائیبی ئەربیل | نائیبی ئەربیل | نائیبی سلێمانیی |
| محەممەد جاف | سەبریی | عبداللە |
| نائیبی کەرکووک | نائیبی سلێمانیی | نائیبل ئەربیل |
| جەمال بابان | سەیف اللە | محەممەد سەعید |
| نائیبی ئەربیل | نائیبی سلێمانیی | نائیبی کەرکووک |

بەغداد (حوزەیران ١٩٢٨)

بەڵگەی چوارەم:

لە ٢٠ی ئابی ١٩٢٨دا، دیسان محەممەد ئەمین زەکیی نوێنەری سلێمانیی ڕاپۆرتێکی گرنگ و وردتری لەمەڕ ناڵەباریی و دوواکەوتوویی خوێندن و خوێندەواریی کوردیی پێشکەشی پەرلەمانی عێراق کردووەتەوە؛ چەندوچۆنیی هەموو بارێکی؛ لە ڕووی داراییشەوە و بەدەم بەراووردی ئاستی باژێڕەکانی عێراق و بە ئەژمارێکی بەڵگەدار و دڵنیاوە سەلماندووە! (زیان- س ٣، ژ ١٢٨، پێنجشەمە ١٩٢٨/٩/١٣ ـ ژ ٣٧: ١٥/١١/ ١٩٢٨، واتە لە (٦) شەش ژمارەدا ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردووەتەوە... ئێرە بەشی بڵاوکردنەوەی ناکات!).



بەڵگەی پێنجەم:

لە ٤ی نیسانی ١٩٢٩دا، دیسان نوێنەرانی کورد؛ سەیف الله خەندان، بابان، حازم شەمدینی، ئیسماعیل ڕواندزیی، محەممەد بەگ جاف، محەممەد ساڵح محەممەد عەلی؛ سکاڵانامەیێکیان داوە بە سەر وەزیرانی عێراق و وێنەشی بۆ نوێنەری باڵای بەریتانیا لەنێویدا گلەییان لە جێ بەجێ نەبوونی (بڕیارەکانی ئەسپاردەی کۆمەڵەی گەلان) کردووە و داواییێکیشیان ئەوەیە: (خەرجیی- یان بووجەی- پێ ویست بۆ مەعاریفی کوردستان زیاد بکرێ! هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی مەعاریفی گشتیی کوردیی دابمەزرێ!).

بەڵگەی شەشەم

لە شوباتی ١٩٣٠دا؛ نوێنەرەکانی کورد، سکاڵانامەیێکی دیان داوە بە (نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراقدا). عەبدورڕەزاق ئەلحەسەنیی خاوەندی «تەئریخ ئەلوەزارات ئەلعیراقییە/ مێژووی وەزارەتەکانی عێراق» دەڵێت: هەردوو جار- لە جاری پێشووەوە- تەماشای داخوازییان نەکراوە [١١٣/١٧/٢؛ ج ٣، ص٦٣]

بەڵگەی حەوتەم:

لە مارتی ١٩٣٠شدا، دیسان چەند نوێنەرێکی کورد، سکاڵانامەیێکی گرنگتریان داوە بە سەروەزیرانی عێراق و وێنەیشیان لێ داوە بەنوێنەری باڵای بەریتانیا و سەرلەنوێ داوای: (بەڕسمیی ناساندنی زمانی کوردیی، دامەزراندن بەڕێوەبەرایەتییەکی مەعاریفی کوردیی لە باژێرێکی کوردستاندا، بایەخ دان بەوەرگێراندن و دانانی کتێبی کوردی)یان کردووە!

هەڵچوون!!

کورد و مافەکانی و حوکوومەتی مەملەکەتی عێراقی بەرچاو تەنگ و دەسەڵاتدار و پشت ئەستوور بە ئینگلیزی چاودێری؛ دوو بەرەبوون، ڕۆژ بەڕۆژ لە یێکدی بەگومان بوون، بەتایبەتیی کە کەمترین مافی خوێندن و خوێندەواریی ڕەوای کورد وەکوو ئەو بەڵگانە ساخیان کردەوە ڕەفتاری چەوت چەوێڵی لەگەڵ دەکرا!

لە ئەو هەلانەدا کۆڕی باسی پەیمانبەستنی نوێی ئینگلیز- عێراق گەرم بوو ئەو دوو لایێنە هەر یێکە بۆ فەڕی خۆی و بە جۆرێ پەرۆشی هاتنەدیی و مۆرکردنی بوو.

لە لایێکی دییەوە، کورد وەکو چاوەنۆڕی ئەنجامی ئەو پەیمانە بوو چۆنی ڕێز دەگرێ

هەروەها چاوەنۆڕیی بێ هوودەیشی بۆ مافی تەواوی خوێندەواریی، بەتایبەتی دووای هەردوو سکالا نامەکەی (نیسان ١٩٢٩- مارت ١٩٣٠) کارێکی زۆری تێ کردبوو، بێزار و ڕوو لە هەڵچوون بوو.

حوکوومەتی عێراق- بێ گومان بە ئامۆژگاریی ئینگلیز- ویستی سروەیێکی خۆش بەرامبەر بەکورد بنوێنێ و هێووری بکاتەوە، بۆیێکا پێش مۆرکردنی پەیمانەکە لە ١٠/ نیسان/ ١٩٣٠دا، بەیاننامەییێکی بڵاوکردەوە گۆیا (لەبەر تیشکی مادە «١٧»ی بنچینەی قانوونی عێراقیی، لە مەڕ بەڕەسمیی ناساندنی زمانی کوردیی، پێشنیازی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران کردووە تا لێی بکۆڵێتەوە و پەسەندی بکات!) [١١٣/١٧/٢؛ ج٢،ص١٢-١٣].

پێش بەرگرتنی ئەم بەیاننامەیەش لە ٣٠/حوزەیران/ ١٩٣٠دا، چوارەمین پەیمانی ئینگلیز- عێراق بۆ ماوەی «٢٥» بیست و پێنج ساڵی دیی مۆرکرا!.

ئەم پەیمانە- وەکو هێندێ پارتی عەرەبی عێراق پێیی گران بوو لەلای هەموو چینە جۆر بەجۆرەکانی گەلی کورد ناپەسەند و پێ شێلی هەموو (مافە نەتەوییەکانی گەلی کورد) بوو، بەتایبەتیی کە لە هیچ برگەییێکی پەیمانەکەدا، لە مەڕ هەر مافێکی کورد و ئەسپاردەی کۆمەڵەی گەلان، دەنگ و ڕەنگێکی نەبوو!

لە ئێرەوە (مافی تەواوی خوێندەواریی) وەکو ئەڵقەییێکی پچووک تێکەڵی تەواوی ڕستەکانی کێشەی سیاسیی گەلی کورد بوو!

زۆربەی جەماوەری کوردستان- باشوور- لە نێوان مانگەکانی تەمووز و ئەیلوول ١٩٣٠دا، ئاشتی خوازانە کۆبوونەوە و خۆنیشاندانی ناڕەزاییان دەست پێ کرد... سکالانامە و بروسکەیان کردە سەر نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراقدا، هەروەها سکرتێری کۆمەڵەی گەلان!

حوکوومەتی عێراق- بەئامۆژگاریی و هاریکاریی هاوپەیمانەکەی- دوورکوژانە دەینۆڕی و مەبەستی گەورەی لەبەردەمدا بوو؛ یێکیان ئەوەبوو هەڵبژاردنی نوێی ئەنجوومەنی نوێنەران جێبەجێ بێ و پەیمانەکە پەسەند بکات!

لە ئەو پێناوەدا و بۆ بەرگرتن لە هەڵچوونی جەماوەری کورد، کەوتە کرد و کۆش و لەپێشدا جێ نشینی تەختی عێراقیی- وەلیی عەهد- لە ١٦/٧/ ١٩٣٠دا دیدەنیی سلێمانیی کرد... جەماوەریش بە خۆنیشاندانێکی ئاشتیانە و ناڕەزایانەوە؛ پێشوازیی کرد



دوواتر بۆ هەمان مەبەست، هەروەها بۆ نواندنی هاوپەیمانیی و یێکدگیریی هەڵوێست؛ جێگری سەروەزیرانی عێراق و جێگری نوێنەری باڵای بەریتانیا، دیدەنیی باژێڕەکانی کەرکەووک، هەولێر، سلێمانیی کرد و لەگەڵ کۆمەڵانی ناسراوان وەکو ژمارەیێ نوێنەری نێو پەرلەمان، دەوڵەمەندەکان، سەرخێڵەکان، ڕۆشنبیرەکان؛ چەند کۆبوونەوەییێکیان کرد کە هەموو خەڵکەکە، نەک هەربێزارییان بەرامبەر پەیمانەکە دەنواند، بەڵکو لە تاو زۆروستەمی ڕیزە حوکوومەتەکانی عەرەبی عێراق و بەپشتیوانی بڕیارە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵەی گەلان، بەئاشکرا (داوای جوێ بوونەوە و دامەزراندنی: حوکوومەتی کوردستانی سەربەست- چاودێری کراو ئینگلیز)یان دەکرد!

جێگری سەروەزیرانی عێراق؛ جەعفەرولعەسکەریی؛ چیی نوێی لە هەگبەدا پێ نەبوو، ئەوەی هەیشی بوو، کۆی بکەیتەوە لە ئەم دەنکە قسانە پتر نەبوو؛ (عێراقین... یێکسانین... گەڵاڵەنامەییێکی قانوونیی بۆ بەڕەسمیی ناساندنی زمانی کوردیی پێشنیاز کراوە و چاوەنۆڕی پەسەندی پەرلەمانە... پشکنەرێکی مەعاریف بۆ قوتابخانە کوردییەکان داندراوە!). [ژیان- ژ ٢٥٧، ١٤/٨/ ١٩٣٠ز]

مێجەر یۆنگ Young جێ گری نوێنەری باڵای بەریتانیا، ئەویش شتێکی چاکی لە ژێر شەپقەکەیدا پێ نەبووە، هێندە نەبێ بە ئەم مانایەوە، سەلماندی: (پەیمانەکە هەرگیز لایێنگیری جوێ بوونەوەی کورد نییە! دڵنیایە کە حوکوومەتی عێراق قەدری زمانی کوردیی و ئارەزووەکانی دەگرێت! [ژیان- ژ ٢٥٧]

ڕووداوەکان دەیسەلمێنن کە نوێنەری باڵای بەریتانیا، کۆمەڵەی گەلان، حوکوومەتی عێراق، هەموو ئەو ناڕەزایی و سکالانامە و برووسکانەیان نەگرتە بەرچاو و گوێ و دڵیان نەدایێ و نرخیان نەگرتن! ئەوپەڕی وەلامێکیش کە دەستگیر بووبێ، وەلامێکی ساکاری (لیژنەی چاودێریی) ماندات بوو کە دەڵێت: ( باسکالا نووسەکان ئاگاداربن و تێ بگەیێندرێن کە کۆمەڵەی گەلان کۆشش دەکات هەمیشە ڕێزی مافەکانی کورد بگیردرێ، ئەگەر دەرکەوت کوردەکان دڵسۆزیی بۆ حوکوومەتی عێراق دەنوێنن و لە کردوکۆشدا دەبن بۆ سەقامگیربوونی ئاساییش!)

دووای هەموو بێزاریی و لە یێک نەگەیشتن و بەدەنگەوە نەهاتن، هەڵچوونی ڕەوا و کارەساتی (٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠- شەڕی بەردەرکی سەرا-ی سلێمانیی) قەوما کە کاربەدەستەکانی حوکوومەتی عەرەبی عێراقیی و ئینگلیز بەپلانێکی بڕیاردراو و زووتر،

خۆنیشان دانی ئاشتییانەی جەماوەریان گوللەباران و خڵتانی خوێن کرد و چەند هاونیشتیمان، بەمنداڵ و گەورەوە، کوژران و دەیانی دی بریندار و تیران و بەند کران!

دەی لە نێو ئەم هەمـوو بارە ئاڵۆز و خوێناویەدا (مافی تەواوەتیی خوێندەواریی کورد!) چیی لێ بەسەرهات؟

وەرچەخاندێکی ناچاریی!

گەلی کوردی خاوەندی مافەکان، ورەی بەرنەدا لەبریی نووچ دان، لە مانگی تەشرینی یێکەمی ١٩٣٠دا- بەخوێنی شەهیدانی ٦ی ئەیلوول- سەرلەنوێ حەفید زادە مەحموود، مەشخەڵی شۆڕشی داگیرساندەوە هەروەها لە کانوونی یێکەمی ١٩٣١ز دا ڕاپەڕینی (بارزان)یش قەوما و بێزاریی و متمانەنەکردنی خەڵکیش پتر گەرم و گوڕ بوو؛ ئەمانە هەموویان بۆ ئامانجەکانی ئینگلیز و عێراق ترسناک و مۆلەکەبوون!

ئینگلیز هەروەکو حوکوومەتی عێراق؛ هەڵپەی بوو پەیمانە مۆر کراوەکەیان بکەوێتە گەڕ حوکوومەتی عێراقیش لە لایێکەوە پەرۆشی کۆتایی هاتنی (چاودێریی ئینگلیز/ ماندات) بوو لە لایێکی دیەوە بەنێوی هاتنەدی سەروەرییەوە، عێراق بەرۆشی بە ئەندام بوون بوو لە کۆمەڵەی گەلاندا... بەئەو ڕۆشناییانە، هەردوولا، دەبوو هاویکارین و هەنگاوی وەرچەرخاندن بنوێنن!

لە ئەم ڕووەوە؛ بەهاریکاریی هەردوولا، دووا شۆڕشی چەکدارانەی حەفیدزادە مەحموود، بەشەڕی (ئاو باریک- ١٩٣٢/٤/٢٠) و بەدیل گرتنی لە ١٩٣١/٥/٣١دا، کۆتایی پێ هێنرا هەر بە ئەو هاریکاریەش ڕاپەڕینی (بارزان) دامرکێندرایەوە!

لە سەرێکی دیەوە، حوکومەتی عێراق بۆ جوان کردنی وێنەی و لە ڕایێڵەی (قانوونی زمانەکان نێو خۆیی/ ژ ٧٤- ماددە «٥»ی ساڵی ١٩٣١)دا زمانی کوردیی بەڕەسمیی ناسیی!

کۆمەڵەی گەلان- بێ گومان بە فیتی ئینگلیز- مەرج و بەڵێنی کۆکتری لە حوکوومەتی عێراق دەویست بۆ (پەسەندکردنی بەئەندام بوونی!)، یێکێ لە ئەو بەهانانەی؛ گۆیا (پاراستنی مافەکانی نەتەوە کەمەکان بوو!!) کە بێ گومان ئەم باسەی هەر کوردی نەدەگرتەوە.

حوکوومەتی عێراق ناچار ما لە ١٩٣٢/١/٢٨دا، بڕیاری چەند بەڵێنی بدات و لە ١٩٣٢/٥/٥شدا، پەرلەمانی عێراق پەسەندی کرد.



لەنێو یێکێ لە بەڵێنەکاندا؛ بۆ یێکەمین جاری، بەڵێنی بەکۆمەڵەی گەلان دا: (حوکوومەتی عێراق، قاییلە لە قەزا کوردنشیینەکانی لیواکانی مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانیدا، زمانی کوردیی ڕەسمیی و هاوشانی زمانی عەرەبیی بێ! بەڵام لە قەزاکانی کفری و کەرکووکی سەر بە باژێڕێ کەرکووک کە بەشی زۆریان گۆیا تورکمانن!!- ئەوە زمانی ڕەسمیی هاوشانی عەرەبیی؛ کوردی یان تورکمانی دەبێت! / ماددە: ٩، بەندی :١) [١١٣/١٧/٢، ج٣، ص١٩٧]

شەش مانگی پێ نەچوو، ڕاستتر لە ١٩٣٢/١١/٣دا، لایێکەوە عێراق بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان لەلایێکی دیەوە چوارەم پەیمانی ئینگلیز- عێراق، هەر لە ئەو ڕۆژەوە گەوتە گەڕ!!

ئەنجامی گشتیی

دەرکەوت کێشەیێ بە نێوی نووسین و خوێندەوارییەوە بنچینەنییە و ڕاستیەکەی (کێشەی تەواوی مافەکانی گەلی کوردە) کەیێکی لەنێویاندا مافی تەواوەتیی خوێندەوارییە لەنێو مەملکەتی عێراقی تازە دەوڵەتدا، هەروەها دەرکەوت کە ئەم مافە کەمەش چۆن پەتپەتێنی پێ کراوە و چەندی خایاندووە!

وێڕای ئەوانە و گەلێ باسی دی لە ئێرەدا جێگەیان نابێتەوە زۆر پێ ویستە بەدووای ئەنجامی ئەم کێشە پچکۆلەیەشدا بگەڕێین و بپرسین:

داخۆ ڕیزە حوکوومەتەکانی عێراق، بەتایبەتی تا ساڵی ١٩٥٨، بڕیار و بەڵێنی قانوونیی خۆیان و ڕاسپاردە و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیان ڕاست و ڕەوان جێبەجێ کردووە؟

وەڵام دانەوەی پرسیارێکی ئەوها هێندە گەورە، بێ گومان بەچەند لاپەڕە و بەڵگەنامە و چەند هەڵسەنگاندنێ تەواو نابێت و نابڕێتەوە، بەڵام کۆشش دەکەم ڕوواڵەتە گرنگەکانی- لێم کۆڵیونەتەوە- لە چەند خاڵێکدا نیشانە بکەم و بڵێم:

١- لە ساڵانی ١٩٣١- ١٩٣٢ بەدوواوە، وەکو زمانی کوردیی بە ڕەسمی ناسرا، ئەوە ئەم قانوونە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی لە کوردستانی باشوور باکووری عێراق!!- دا نەگرتەوە!

٢- پلان دانانی خوێندن و ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانە و مسۆگەرکردنی پێ ویستییەکانی، بەپێی هەوا و ئارەزووەکانی نێوچەکە و خەڵکەکەی نەبووە!

٣- هەر لەسەرەتاوە خوێندن بە زمانی کوردیی، هەر بەشی قوتابخانەکانی سەرەتایی بووە نەک قوتابخانەکانی نێوەندیی، ئامادەیی، کۆلێجەکان.

٤- هەر لەسەرەتاوە چەند وانەیێ لە کۆی گشت وانەکاندا بەزمانی کوردیی بووە نەوەکا گشتیی (بۆ لە عەرەبیی و ئینگلیزیی).

٥- لە ساڵی ١٩٣٠ بەدوواوە کە (موفەتتیشییەتی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان) لە باژێری کەرکووکدا دامەزرا، بەچەند کادیرێکی کەم و کەسانی نەشارەزا وەکو نووریی بەرزنجیی کوردیی کەمزان بەرێگەوە دەبرا، گۆیا سەرپەرشتی باری خوێندن و خوێندەواریی قوتابخانە کوردییەکانی ئەو شوێنە نیشانە بکەن!! ئەم دەزگا پڕ لە کەم و کورتییەش هەر لەگەڵ دەست پێ کردنی جەنگی گێتیی دووەمەوە تا ساڵی ١٩٤٥پەکی کەوت و بەرەبەرە لە چاو ون بوو!

٦- لە یێک کاتدا نا، لە بەرەوە؛ باژێڕەکانی مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانیی بەرێوەبەرایەتیی مەعاریفیان تێدا دامەزرا و توانای دارایی و کەرەستەکانی قوتابخانەکان و خوێندنیش بەسترابوون بە وەزارەتی مەعاریفی بەغدادەوە.

٧- هەر لە سەرەتاوە بگرە هەتا ئەمڕۆ، هێندێ نێوچەی کوردستان بڕیاری خوێندنی کوردیی بەسەردا نەسەپێندرا بۆ وێنە گەلێ نێوچەی کەرکووک خۆی و دەوروبەریشی، هەروەها نێوچەی براکانمان کە بەشێوەی کرمانجیی باکوور دەخاخڤن.

٨- هەر لە سەرەتاوە منداڵانی کورد لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا ئامادەیی؛ بێ بەش بوون لە خوێندن و ناسیینی ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، کەلەپووری نەتەوەیی خۆیان. بەپێچەوانەوە هەمان بەرنامەکانی خوێندنی منداڵێکی عەرەبی نێوەند و باشووری عێراق بەسەر قوتابیانی کوردستاندا سەپێندرابوو.

٩- تا درەنگێکی زۆر، لە هیچ باژێڕێکی کوردستانی باشووردا- باکووری عیراق!!- فێرگەی پێ گەیاندنی مامۆستایان بۆ هەر جۆرە خوێندنێ ئاوەدان نەکراوەتەوە ئەم بارەش گەلێ ئەنجامی تاڵی بەخشیوە... لە لایێکەوە کەم و کورتیی کادیری مامۆستا، لەلایێکی دیەوە پڕکردنەوەی هەر کەم و کورتین بە مامۆستای عەرەب و هاوتای کە بێ گومان ئەرکی خۆیان لە قوتابخانە کوردییەکاندا پێ نەبراوەتە سەر، یان ناتەواو بووە دیسان ئەم بارە زەبری لە پێشکەوتنی فێرگەیێ، ئەرکی دارایی گرانی دەخستە ئەستۆی هەر خوێندکارێ کە بۆ مامۆستایی ڕووی بکردایەتە فێرگەی مامۆستایانی بەغداد یان مووسڵ!!



١٠- خوێندکاری کورد، یێکسان لەگەڵ خوێندکاری دی نێوچەکانی، عەرەبی عێراق ڕەفتاریان لەگەڵ نەکراوە، چ لە وەرگرتن بۆ مامۆستایی، چ لە تەواوکردنی کۆلێجەکان، چ لە ناردنیان بۆ هەندەران و خوێندنی باڵا... تەنانەت تا ئەمڕۆش هێندێ کۆلێج لە خوێندکاری کورد قەدەغەیە!!

١١- سیاسەتی پەروەرشت و خوێندەواریی ڕیزە حوکوومەتەکانی عێراق بەرامبەر منداڵان، لاوان، مامۆستایانی گەلی کوردستانی باشوور باکووری عێراق!! هەمیشە بەدەم نۆڕینێکی جودا و نواندنی توند و تیژییەوە، نەیاری هەست و سۆزی کوردایەتیی خەڵک بووە!

ئەو خەڵکە هەمیشە ناچارکراوە هەستی فەرزکراوی هاونیشتیمانی عێراقییشیان لاوازبێ بە ئەوەی بەلای ڕژێمەکان و پارتەکانیاندا بەزۆر ڕاکێشراون و بیروڕای سیاسیانەی خۆیان و عەرەبایەتییان بەسەردا زاڵ کردوون! هەر دەمێ، بەهەر بیانوویێ- داتاشراوو ساختەوە بووبێ، چۆنیان ویستووە، دەستیان لێ کردوونەتەوە و زەبری گورچک بڕیارن لێ داون... سا یان دەرکراون، بەندکراون، نان بڕاوکراون، لە سێدارە دراون هەڵبەت ئەم کارە نا ئاسایی و ناقانوونیی و نا ئینسانییە، خۆی مایەی خولقاندنی دووبەرەکیی و جوداییە، نەک هاوسۆزیی نیشتیمانیی و برایی ئینسانیی و ژینێکی ئاسوودە و دڵنیا!

١٢- هێندێ هەواڵی کورت و پێ ویست وەکو وەڵام:

* یێکەم فێرگەی ئامادەیی پیشەسازیی لە هەموو کوردستاندا لە ساڵی ١٩٥٥دا لە سلێمانییدا دامەزرا!
* یێکەم فێرگەی مامۆستایانی نێرینە و مێینە لە ساڵی ١٩٥٦دا لە سلێمانییدا کراوەتەوە.
* یێکەم بەشی کوردیی لە کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغداد دا، لە ساڵی ١٩٥٨دا کراوەتەوە.
* بەرێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردیی؛ لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەغداد دا ئاوەدان کراوەتەوە.
* یێکەم زانکۆیێ لە کوردستانی باشووردا؛ ساڵی ١٩٦٩ لە سلێمانییدا کرایەوە.
* دووەم بەشی کوردیی کۆلێجی ئەدەبییات لە ساڵی ١٩٦٩ لە زانکۆی سلێمانییدا کرایەوە.
* دووای ماوەیێ پەکخستن، لە ساڵی ١٩٦٩دا بەرێوەیەرایەتیی خوێندنی کوردیی بووژایەوە.

* لە ساڵی ١٩٧٠ بەدوواوە و دووای بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بڕیاری خوێندن بە کوردیی بۆ قوتابخانەکانی نێوەندیی و ئامادەیی بەرە بەرە پەیڕەوکرا، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا نەسەپێندرا! نێوچەکانی کەرکووک و دهۆک فەرامۆش کران!!

* لە ساڵی ١٩٧٤دا، بەپێی قانوونی خودموختاریی نێوچەی کوردستانی عێراق- «(K/!!)- پەیڕەوکردنی فێربوون و خوێندنی کوردیی هەموو نێوچەکەی گرتەوە، بەڵام تا ئەمڕۆ وەکو بڕیارە لە هەموو شوێنێکدا جێ بەجێ نەکراوە وێرا زۆر نێوچەی کوردی گەرمیان خراونەتەسەر باژێڕی «تکریت/ سەلاحەددین» و «دیالە» و کوردان لە خوێندەواریی کوردیی بێ بەش کراون!

١٣- ئەگەر هەر لێ کۆڵێکی زانست پەروەر و بەویژدان و سەر بە هەر ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتیی لە بڕیارە ئەسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان وردبیێتەوە و بەراووردی ڕەفتارەکانی ڕیزە حوکوومەتەکانی عێراقی بکات و هەڵبکشێ بۆ ساڵەکانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان، ڕوون دەبێتەوە کە گەلی کوردستانی باشوور تێ کۆشاوە بۆ مافەکانی خۆی و بەزۆری خۆی هێندێ مافی داخوازیی ڕەوای خۆی دەستگیر کردووە و بەدرێژایی نیو سەدەش، مافە ئینسانیەڕەواکانی قوتابیان، لاوان، مامۆستایان؛ تووشی پێ شێلیی بوون و گەلێ کورد تووشی پاکۆ بوولی ڕەگەز جینوساید Genocide بووە!



📖☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣١/١/٧٤(*)

[وەزارەتی نێوخۆی عێراق ــــ موفەتتیشی ئیداریی سلێمانیی] (١)

[بەغداد]

ژمارە:١١٣١٦

ڕۆژ: ١٩٣٠/٨/٢١[ز]

لە وەزارەتی داخلییەوە

بۆ موفەتتیشی ئیداریی سلێمانیی!(٢)

ئیعلامتان ئەکەین کە ئیستیغنا کرا لە خەدەماتی موتەسەڕڕیف تۆفیق وەهبیی بەگ!

[تەواو]

---

(*) گەنجینەی پارێزگای سلێمانیی- دۆسێی تۆفیق وەهبیی؛ س ١٩٨٥ز.
(ئەم مەتنامەم لە لێ کۆڵینەوەی «تۆفیق وەهبیی کوڕی پیرەمەگروون- کاروان- س ١٩٨٥ز. دا بڵاوکردەوە!).

(١) خوێندەوار بۆی هەیە بەئاسانیی جێ پەنجەی دەسەڵاتی بریتانیا بەسەر دەوڵەتی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا ببینێت کە ئەو هەو بەئاشکرا، وەزارەتی نێوخۆی دەوڵەت لە بریی ڕووی دەمی بکاتە موتەسەڕریفییەتی خۆی، ڕووی لە پشکنی ئیداریی ئینگلیز کردووە و دوایی هەر ئەویش بەنێوی موتەسەڕریفی سلێمانییەوە نامەکەی بڵاوکردووەتەوە! شایانی باسە، پشکنی ئەو ڕۆژگارە (شبرد) نێو بووە!

(٢) ئەم بەڵگەنامەیە بۆ خۆی وەڵامە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن گۆیا کوشتارەکەی شەڕی بەردەرکی سەرا؛ ٦ی ئەیلوول ١٩٣٠ز لە ئەستۆی موتەسەڕریف تۆفیق وەهبییدایە! ڕاستییەکەی نێوبراو بەر لە ئەم قەوماوە، دوور خراوەتەوە و لە بەغداد دا دەست بەسەر کراوە!

☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٢/١/٧٥
دائیرەی موتەسەڕڕیفی لیوای سلیمانیی
ژمارە: ١٨٢٥/٨٢
ڕۆژ: ١٩٣٠/٨/٢٤

بۆ ڕوئەسای دەوائیر

ئەوا سوورەتی موتەرجەمەی تەلغرافی وەزارەتی داخیلییە دائیر بەئیستیغنا کردن لە خەدەماتی تۆفیق وەهبی بەگ بۆ مەعلوومات نێررا.

[ئیمزاییێکی ئینگلیزیی]
وەکیلی موتەسەڕریف.

سوورەتی بۆ
قائیمقامی قەزای... بۆ زانین
مودیری ناحیەی.... بۆ زانین

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٣/١/٧٦(*)
[ئەوقافی سلێمانیی ــــ مەلا عەبدولعەزیز موفتیی]
ژمارە: ٢٨٧/٤٢
ڕۆژ: ١١ ئاب ٩٣١[١. ز]

بۆ جەنابی مودەڕریسی مەلا عەزیز موفتیی سلێمانیی

بەپێی ئەمرنامەی ژمارە ١٠٧٣٥ ڕۆژی ٨ ئاب ٩٣١، سەعادەتی مودیری عامی ئەوقاف لە ئیحتیباری ١ی ئاغستۆس ٩٣١ەوە مەعاشەکەتان بە بەلاغ کرایە (٦٠) ڕوپییە مەعاشی ئەووەڵتان کە «٢٠» ڕوپییە بوو لە تەئریخی مەزکوورەوە نادرێتێ، فەتع ئەکرێت، ئیتر عەرزی حورمەت

[ئیمزا]
مەئمووری ئەوقافی سلێمانیی

سوورەت بۆ مودیری موحتەرەمی ئەوقافی کەرکووک / بۆ مەعلوومات.

[تەواو]

(*) گەنجینەی خۆی لە لای زاوای؛ نووری شێخ ڕەشید؛ سلێمانیی ١٩٩٧/٥/٢٤.



☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٤/١/٧٧(*)
[موفەتتیشی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان/ کەرکووک ــــ ڕێبەری قوتابخانەی یێکەمی سلێمانیی]
موفەتتیشییەتی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان
لە کەرکووک
ژمارە:٨٦٨
ڕۆژ: ٩٣٢/٩/٥ [١. ز]

بۆ موعەللیمی ئەووەلی مەدرەسەی ئوولای سلێمانیی

نیشانە بە تەحریرات ژمارە: ١٤٤ و ڕۆژی ٩٣٢/٦/١٢ کە نووسرابوو بۆ مەئمووری مەخزەن بەغداد، بەپێ ناردنی بۆ ئەم دائیرە بەپێچراویی سوورەت قائیمەی کتێبی مەکتەبتان بۆتان ئەنێرین لەسەر ئەمە مەوجوودی کتێبەکان «١٠٠» کتێبی ئەلیفبا و «١٠٠» کتێبی قیرائەتی کوردیی جوزئی ئەووەل و سائیرە، لە مەدرەسەتانە مەوجوودە، ئەم تەڵەبە لەسەر چیی واقیع بووە؟ ئایا ئەو کتێبانە لە ئەووەلدا فرۆشرابوونە؟ قائیمەی فرۆشتنتان بۆچ نەنارد و ئەگەر تا ئێستا مەوجوودن بۆ چیی وەرەقەی تەڵەب ناردبووتان؟

دەرحەق ئەم مەسئەلەی موهیممە لە زەرف ٢٤ سەعات جواب بدەن![1]

[ئیمزای نووریی بەرزنجیی]
موفەتتیشی مەعاریفی
مەنتیقەی کوردستان

[تەواو]

(*) گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانیی- س ١٩٨٣ز.
(١) خوێندەوار بۆی هەیە لەنگیی کوردییەکەی نووسەرەکەی؛ نووریی بەرزنجیی باس کراو، هەست پێ بکات!

☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٥/٥/٢٩(*)

[موتەسەڕڕیفی سلێمانیی ـــ فەرمانی ئیداریی]

[من/لە] موتەسەڕڕیف لیوای سلێمانیی

قەڵەمی تەحریرات

[رقم: ژ]: ٩٥١٨

[تأریخ: ر]: ١٩٣٢/١٢/١١ [ز]

ئەمری ئیداریی لەبابەت ئیجازەی قائیمقامی شاباژێڕ

نەزەر بە موراجەعەتی حاجیی تۆفیق ئەفەندیی[١] قائیمقامی شاباژێڕ کە تازە گەییشتووەتە سلێمانیی و ئیستیحقاقی قانوونیی و زەروورەتی مەوجوودە، ئیجازەی ئیعتیادیی یێک ڕۆژ درا بە موومائیەیهێهە کە لە مەساڵیحی زاتییەیدا و ئیحزاراتی سەفەری خۆی و عائیلەیدا بۆ مەحەللی وەزیفەی تازەی ڕایئەبوێرێ![٢]

[ئیمزای ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ]

موتەسەڕڕیف لیوای سلێمانیی

سووڕەتی بۆ:

- وەزارەتی داخیلییە- بەغداد

- قائیمقامییەتی قەزای شارباژێڕ بۆ بەیانی تەواریخی مواسەڵەتی بە سلێمانیی و ئستیعمالی ئیجازەی و موباشەرەتی بەوەزیفەی تازەی

- موحاسیبی لیوا.

[تەواو]

(*) دۆسێی حاجیی تۆفیق فائیق- پارێزگای سلێمانیی؛ س ١٩٨٤ز.

(١) نێوی بابی نەنووسراوە.

(٢) نووسراوە عەرەبییەکەی (بەرامبەر کوردییەکە)ی پێ ویست نەزانرا بنووسێتەوە کە لەبەشی دەستنووس و بەڵگەدا، وێنەی نامەکە خراوەتە ڕوو!



☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٦/٦/٢٩(*)

[موتەسەڕڕیفی سلێمانیی ـــ سەرۆکی زانستیی][١]

ژمارە: ٣٩٤

١٩٣٣/٢/١٥[ز]

بۆ ڕەئیسی زانستیی

مەوزووع: دەوام

جەوابە بۆ تەقریری ڕۆژی ١١ی شوباتی ١٩٣٣تان...

هەتا هەیئەی ئیدارەی زانستیی ئینتیخاب ئەکرێتەوە و تەرتیباتی لازمە ئیتتیخاز ئەکرێت، موافەقەت ئەکەم کە عەبدولواحید ئەفەندیی و زەکیی سائیب ئەفەندیی دەوام بکەن![٢]

[ئیمزا]

لە جیاتی موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٧/١/٧٨(**)

[قائیمقامی شاباژێڕ ـــ موتەسەڕڕیفی سلێمانیی]

[من/لە] قائیمقام قەزای شاباژێڕ ـــ قەلەم مالییە

[الی/بۆ] سەعادەتی موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی

[رقم: ژ] ٣٧٣/١٥

[التأریخ: م] ١٩٣٣/٢/١٩ [ز]

ئیشارە بەو ئەمرنامەی ژمارە ١٠٠٥ و ڕۆژی ٣٣/٢/٩ بۆ ئەمەی موافیق ئەمر، هەموو

(*) گەنجینەی یادگاری مستەفا ساییب.

(١) سەردەمی موتەسەڕڕیف ئەحمەد تۆفیق بەگە و دوای هەڵبژاردنی دەستەی نوێی (کۆمەڵی زانستیی) پیرەمێرد بوو بە سەرۆکی.

(٢) مەبەست عەبدولواحید نووریی و و مستەفا سایببە.

(**) گەنجینەی پارێزگای سلێمانیی- دۆسێی تۆفیق فائیق؛ س ١٩٨٤ز

ئەمواڵێکی غەیرە مەنقوولەی مووەززەفین هەیە لەگەڵ قیمەتی واریداتی سەنەوەییان، داخیلی دەفتەری خیدمە بکرێ و لە پاش ئیمزا بە عەجەلە بنێررێ، بە ژمارە «٣٥٥» و ڕۆژی ٣٣/١/١٥ تەبلیغی مودیرانی نەواحیی و عومومیی مەئموورینی مەرکەزی قەزا کراوە حاڵی حازر ئەو مەئموورانەی کە دەفتەری خیدمەتیان لە قەزادا مەوجوودە، وەکوو لە ژێرەوە نووسراوە، بە پێچراوەیی تەقدیم کرا قیسمێ لە مەئموورینی مەرکەزی قەزا دەفتەری خیدمەتیان لە سلێمانیی بەجێ هێشتووە، نووسیویانە کە بۆیان بنێررێ هەر وەقتێ هات، لەگەڵ دەفتەری خیدمەتی مەئموورینی نەواحیید بەجوێ تەقدیم ئەکرێ!

[ئیمزای: تۆفیق فائیق](١)

قائیمقام شاباژێڕ

دەفتەری خیدمەتی قائیمقام مەعە ١١ وەرەق سوورەتی وەسائیقی ڕەسمیی:

دەفتەری خیدمەتی مودیر مال.

دەفتەری خیدمەتی مەئموور جیبایە.

دەفتەری خیدمەتی کاتیب واریدات عەبدوڕڕحمان بەگ.

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٨/١/٧٩(*)

[ڕێبەری مەعاریفی سلێمانیی ــــ موعەللیم سەعید سیدقی کابان]

مودیرییەتی مەعاریف لیوائ ئەسلێمانییە

ئەلعەدد:١٥٦٣

ئەلتەئریخ: ٢٦ شەعبان ٣٥٣ [١.ک] ٩٣٤/١٢/٣[١. ز]

ئەلمەوزووع

بۆ موعەللیمی مەکتەبی سەرگەڵوو

لە وەقتێکدا ئەهالیی «قەمچووغە» لە خاریجی دێ و لە ناوی باغ و بوستانیان بوون، بینای مەکتەبتان دڵسۆزانە وەک بینای خۆتان شەو و ڕۆژ بۆ تەواو کردنی سەعیتان کرد و

(١) ئەم نێوە تۆفیق فائیقی کوڕ حاجیی ئاغا فەتح الله نییە! پێم وەیە ئەحمەد فائیق- فائیقی تاپۆیە.

(*) گەنجینەی سەعید سیدقی کابان- بەهۆی بەهجەتی کوڕیەوە- سلێمانیی؛ س ١٩٨٥ز



ئەم سەعیی و کۆششەتان موجیبی شوکرانە و سوورەتێکی ئەم تەحریراتە لە مەلەففەی شەخسییەتانا ئەکرێ، ئومێد ئەکەین سەرفییاتەک کە عائید بەئێوەیە بە جەدوەلێکی زوو تەنزیم و بۆمان ڕەوانە بکەن!

[ئیمزا]

وەکیلی مودیری مەعاریفی لیوای سلێمانیی

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٣٩/١/٨١(*)

[موتەسەڕریفی سلێمانیی ــــ سەرۆکی زانستیی]

موتەسەڕریفییەتی لیوای سلێمانیی

تەحریرات

ژمارە: ٨٦٢

ڕۆژ: ٩٣٦/٤/١٥/١٤ [١. ز]

بۆ حاجیی تۆفیق بەگ(١) ڕەئیسی زانستیی

لەسەر تەڵەبی خۆتان و موراجەعەتی عەلاقەداران، ئەوا بە ئەم ئەمرە، قەرار درا کە لیجنەیێکی تەحقیقییە لە زەواتی ئاتییە تەشکیل بکرێ:

ڕەئیس: ئەمین بەگ- مەئمووری مەرکەزی کومرگ و مەکووسی سلێمانیی

عوزوو: واحید ئەفەندیی- مودیری مەکتەبی خالیدییە لە سلێمانیی

عوزوو: مستەفا سائیب ئەفەندیی موهەندیسی دائیرەی ئەشغال

عوزوو: محەممەد ڕەمزی ئەفەندیی کاتیبی واریداتی سلێمانی.

عوزوو: حەبیب بەدرییە ئەفەندیی عوزووی مەجلیسی ئیدارەی لیوا.

ئەم هەیئەتە لازمە لە ئەوقاتی موعییەنە ئیجتیماع و حیسابی ئەووەڵ و ئاخیری (زانستیی) چاک و تەدقیق و تەحقیق بکا و بزانێ لە ئیبتیدای تەشکیلی جەمعییەتی زانستیی، تا ئەمڕۆ چ پارەیێک بۆی کۆکراوەتەوە و چەندی و بۆچیی سەرف کراوە و تا

(*) گەنجینەی یادگاری مستەفا سایب!

(١) مەبەست (پیرەمێرد)ی شاعیر و ڕۆژنامەڤانە... ئەندامانیش (واحید/ عبدالواحید نووریی) و (مستەفا سایب) و (محەممەد ڕەمزیی- ڕەمزی مەلامارفی شاعیر)ن.

ئێستا چەند پارەی مەوجوود هەیە و چەندی لە قەرزدا ماوە و لەلای کێیە؟ ئەم جیهەتانە بە ڕاپۆرتێکی موفەسسەڵ و موشتەرک عەرزی ئەم مەقامە بکات[٢]

[ئیمزای موتەسەڕڕیف سالّح زەکی ساحێبقڕان]
موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی

سووڕەتی بۆ:
ڕەئیسی بەلەدییەی سلێمانیی بۆ مەعلوومات
سووڕەتی بۆ ڕەئیسی و ئەعزایانی هەیئەتی مەزکوورە بۆ ئیجرای لازم.
سووڕەتی بۆ موحاسەبە بۆ مەعلوومات.
سووڕەتی بۆ مولاحیزی ئەشغالی سلێمانیی.
سووڕەتی بۆ مودیری مەعاریفی مەنتیقەی کەرکووک

[تەواو]

(٢) کۆمەڵی زانستیی کوردان- سلێمانی (١٩٢٦ز- ١٩٣٨ز) کە یێکەم کۆمەڵی ڕۆشنبیریی کوردە بەپێی قانوونی مەملەکەتی عێراقی عەرەب دامەزراوە، چەند کارامە و گرنگ بووە، گەلێ کێشە و کۆسپی هاتووەتە ڕێگە. ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ لە نێوان (١٩٢٦ز - ١٩٢٧ز)دا سەرۆکی بووی دوای ئەو موتەسەڕڕیفەکانی دی و ئەوجا پیرەمێرد لە نێوان ١٩٣٣ز - ١٩٣٨ز. دا سەرۆکی بوو. ئەم بەڵگەنامەیە کە هەڵکەوتووی سێیەم قۆناغە، وێنەی (کێشەیێکی دارایی) کۆمەڵەکەمان دەخاتە دڵەوە کە خۆیشی ڕادەگەیێنێت، پێشنیارەکە هی پیرەمێردە! ڕاستییەکەی باسی لێ پێچانەوەی دارایی، شتێکی نوێ نییە، بەتایبەتیی کە هەر پیرەمێردی ئەندامی دەستەی ئیدارەیی س ١٩٣٢ز لە (ژیان - ٢٤ / ١٠/١٩٣٢ز)دا بەنێو نیشانی (میللەت حیسابی ئەوێ) سەرگوتارێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا گوتوویەتی؛ (١٢ هەزار ڕوپییە لە بەلەدییەی پێشوودا دانرا، دووجاریش بۆ کڕینی چاپخانە پارە کۆکراوەتە... هتد). دوای ئەو سەرگوتارەش لەمەڕ پارەیێ کە بەهۆی ئاهەنگی تیاترۆوە کۆکراوەتەوە، ڕێبەری قوتابخانەی نێوەندیی لیستی داهات و خەرجیی لە ڕۆژنامەکەدا نیشان داوە. ئیدی لە ئێرە بەدواوە، هەر پارەیێ بەنێوی (زانستیی)ەوە دەستکەوت بووبێت، لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا ئاشکرا کراوە بۆ وێنە دوای نواندنی دوو نمایشی شانۆیی (ژیان- س ١٠، ژ ٤٣٦، شەموو ٦ نیسان ١٩٣٥) حساب خراوەتە ڕوو. هەروەها لە هەلی پێک هێنانی ئەم لیژنەیەدا دیسان هەر پیرەمێرد لە (ژیان- ١٩٣٦/٥/٩ز)دا بەنێوونیشانی (مەکتەبە کانمان)ەوە سەرگوتارێکێشی بڵاوکردووەتەوە و دەبێژێت؛ (بارەها ئیسبات بووە کە ئەم میللەتی ئێمەیە؛ ١٢ هەزار ڕوپییە و ١٠ هەزار و، ٨ هەزار- دینار .K - پارەیان بۆ مەتبەهە و مەعاریف کۆکردووەتەوە وە حەتتا لەم دواییەشدا بە تەمسیل پارەیێکی زۆریان دا بەڵام درێخ و حەسرەت، ئەوانەی کە =



☼ پ. ن؛ ڕە: ٨٠/٢/٢٤٠(*)
[موتەسەڕڕیفییەی سلێمانیی ـــــ تاپۆی سلێمانیی][١]
دائیرەی موتەسەڕڕیفییەتی لیوای سلێمانیی
مەئموورییەتی ئەملاکی ئەمرییە
ژمارە:٨٧
ڕۆژی: ٢٩ حوزەیران سەنە ٩٣٦ [١. ز]

بۆ مودیری تاپۆی سلێمانیی

ئیشارە بە تەحیراتی مودیری تاپۆی عام ژمارە: ٧٠٧٨ و ڕۆژی ٩٣٦/٥/٢٨ کە بۆ مودیرییەتی عامی ئەملاک و ئەڕازیی ئەمیرییە نووسراوە و سووڕەتی بە ئێوە دراوە و

=بەناوی میللەت پەروەریەوە تەپڵیان لێ ئەدا، خواردیان! خوا کاری ڕاست بێنێ، سەیید سالّح زەکیی موتەسەڕڕیف، هەیئەتی لە پیاوە ڕاستەکان داناوە بە چرای گەرچەکەوە کون و قوژبن دەگەڕێن. هیوامان وایە لە قورگی خواردەکانی بێننە دەرێ!... هتد). دەی ئەنجامی پێکهێنانی ئەم لیژنەیەو نووسینەکەی پیرەمێرد گەییشتنە کوێ؟ بەتایبەتی کە لە ١٩٣٦/٧/١ز. دا (موتەسەڕڕیف سالح زەکی ساحیێقڕان) ڕاگۆسترایەوە! ڕاستییەکەی- وەک چ بەڵگەنامەیێکی دیم لەمەڕ ئەنجامی ئەو باسە دەستگیر نەبووە- دوای داخستنی یێکجارەکیی کۆمەڵی زانستیی و لکاندنی قوتابخانەکەیشی بە دەزگەی مەعاریفی سلێمانییەوە (ئەحمەد شوکریی) لاوەکیانە لە (زبان- س ٢، ژ ٦٢، شەموو ١٩٣٨/١٢/٣١ز/ گوتار: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ کەبابچی)دا، باسی دەگێڕێتەوە گۆیا بە تەنێ «٣٠٠» دیناری کۆمەڵی زانستیی لە لای (بەلەدییە) ماوە!! ئیدی وێ دەچێت کە پێکهێنانی لیژنەی باس کراو (لێ ئەنجام بووبێت) بۆیێکا کە سەرەکە لە دڵی پیرەمێرد دا، گەورەتر بووە و تا درەنگانێ هەر تلاوەتەوە و هاواری لێ هەڵستاوە. ئەوەتە لە (ژین- س ٢١، ز ژ ٨٨٠، پێنجشەموو ١٩٤٧/٧/٤ز)دا جارێکی دیی تەقیوەتەوە و دەڵێت؛ (... ئەو هەموو پارەیە کە بە زانستی وەهبیی کە ئەو هەموو پارەیەی بۆ کۆکردەوە- لە س ١٩٣٠ز. دا K دیسان ئەویش خورا!!). تەنانەت پیرەمێرد لە تۆفیق وەهبیی پرسیوە: (بۆچیی لێی ناپرسیتەوە؟). کەواتە بەهۆی هەڵس و کەوت و کێشەکانی کۆمەڵی زانستییەوە کەسانێکی دەست پیس، پارەیێکی میللەت خوراوە و هەرگیزیش وەڵامی پرسیاری (کێ کردی و کێ خواردی) بەتەواویی نەدراوەتەوە!!
(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمانیی؛ ١٢/٨/ ١٩٨٩ز.
(١) ئەم نامەیە کە لە نێوخۆی باژێڕەکەدا نووسراوە، وێنەی ڕەواج پێ دانی بەکاربردنی ئاخاوتنی عەرەبییە، هەروەها وێنەی ئاخاوتنی عەرەبییشە لەگەڵ دەزگەیێکی بەغدادی پێتەختدا (بنۆڕە فۆتۆکوپیەکەی)

تەحیراتی مودیرییەتی ئەملاک و ئەڕازیی ئەمیرییەی عام ژمارە: **٤٢٥٨** و ڕۆژی **٩٣٦/٦/٧** بۆ ئێمە هاتووە، ڕجا ئەکەین مەعلووماتمان لە نەتیجەی موعامەلەی بدەنێ کە جوابی تەحریراتیی مەزکوورە بدەین!

[ئیمزا]

و. موتەسەڕیفی لیوای
سلێمانیی

سوورەتی بۆ:
مودیرییەتی، ئەملاک و ئەڕازیی ئەمیرییەی عام
نیشانە بە مووزەککەرەی ژمارە:٤٧٨٨ و ڕۆژی **٩٣٦/٦/٢٥** کەیفییەتی عەرز ئەکری، جوابی تاپۆکە هاتەوە.

◎
مۆر تاپۆ

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: **٢٤١/٢/٧٩**(*)

[بەڕێوەبەرایەتیی نێوچەی مەعاریفی سلێمانیی ـــ ئەندامانی ئەنجوومەن]

مودیرییەت مەنتیقەت مەعاریف ئەسلێمانییە

ئەلعەدەد [ژ]:١٩١

ئەلتەئریخ [م]: ١٣٠٦/١٢/٢٦ [ک]

١٩٤٢/١/١٤[ز]

ئەلمەوزووع: تەوزیع تەبەڕروعات

ئیلا جەنابی: ئیسحاق ئەفەندیی عەلەکە عوزووی مەجلیسی ئیدارە.

حاجیی مەلا فەرەج عوزووی مەجلیسی ئیدارە.

نیشانە بە تەحریراتی موتەسەڕریفی لیوای سلێمانیی ژمارە **١٢٣** و ڕۆژ

(*) گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانیی- س ١٩٨٣ز.



**١٩٤٢/١/١٤**، تکا ئەکەین ڕۆژی پێنجشەنبە کە تەسادوفی **١٩٤٢/١/١٥** ئەکات لە سەعات **٣** زەوالیی پاش نیوەڕۆدا، تەشریف بفەرموونە مەکتەبی فەیسەڵییە بۆ تەوزیعاتی پارەی تەبەڕووعات بەسەر تەلەبە فەقیرەکاندا.

[ئیمزا]

مودیری مەنتیقەی مەعاریف

وێنەیێکی بۆ:
جەنابی سەیید ڕەفیق حیلمیی بۆ عەینی غایە!

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە: **٢٤٢/٣/٧٩**(*)

[بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی سلێمانیی ـــ فائیق بێ کەس]

[ژ]: **١٣٦١/٣/٢٥**

[م]: **١٩٤٢ /٤/١٢**

**(لێ دانی تەلەبە)**

بەواسیتەی ئیدارەی مەکتەبی قەرەداغەوە[1]

بۆ وەکیل موعەللیم فائیق بێ کەس

لە کاغەزی مودیری مەکتەبی قەرەداخ کە بە ژمارە **١** و **٩٤٢/٤/١١** نووسراوە، حاڵیی

(١) ئەم نامە ڕەسمییە ،دوای نامەیێکی ڕەسمیی ڕێبەری قوتابخانەی ئاوایی قەرەداخ هاتووە کە ئەمەیە:

☼ پ، ن؛ ڕە: ٢٤٣ /١/٨١

[ڕێبەری قوتابخانەی قەرەداغ ـــ بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریف]

مەکتەبی قەرەداغ ئیبتیدائییە

ژمارە: سیڕڕیی- ١

ڕۆژ:١٩٤٢/٤/١١ [ز]

بۆ مودیرییەتی مەنتیقەی مەعاریفی سلێمانیی

مەوزووع: وەکیل موعەللیم فائیق عەبداللە

لەبەر ئەوەی کە موعەلیم فائیق عبداللە زۆر خراپ لە منداڵان ئەدات، لێ دانی خراپ بە شەق و بەدار، سەری موتەعەددید تەلەبەی شکاندووە، ڕۆژ لە- دوای/K- ڕۆژ تەلەبەکانی فیرار ئەکەن و =

بووین ئێوە خراپ لە تەلەبەی مەکتەب دەدەن و هەتا ئێستا چەند جار لە لایێن ئەهالییەوە شکاتتان لێ کراوە و تەلەبە لەسەر ئەم کردەوانەی ئێوەیە وردە وردە مەکتەب تەرک ئەکەن!

ئێوە زۆر باش دەزانن کە غایە لە کردنەوەی مەکتەب ئەوەیە؛ تەلەبە باش تەربییە بکرێت و هیچ وەقتێک موعەللیم نابێت لە تەلەبە بدات!

هەر موعەلیمێک لە تەلەبەی دا، دیارە ئەو موعەللیمە زەعیفە و ئیستیفادەی لە فەننی تەربییە و تەعلیم نەکردووە و لە ئیشی خۆیدا ناتوانێت سەرکەوێت! غایە لە تەعینی ئێوە و ئەمسالی ئێوە ئەوەیە؛ خزمەتی ئەولادی ولات بکەن و دڵی ئەهالیی ڕابگرن، نەک بەشەقەوە لە تەلەبە بدەن و دڵی ئەهالیی لە مەکتەب بکەن!

لە سەرتانە ئیتاعەی ئیرشاداتی مودیری مەکتەب بکەن و بەپێی نیزام، وەزیفەی خۆتان باش بەجێ بهێنن وە ئیللا بەشیددەت تەجزییە دەکرێن!

[ئیمزای ڕێبەر:

مستەفا(٢)]

مودیری مەنتیققەیی مەعاریف

وێنەییێکی بۆ

مودیری مەکتەبی قەرەداغ:

---

=نایەنەوە و کەس و کاریان موتەعەددید جار لە حوزووری مودیری ناحیەدا شکات ئەکەن! کە ئێمەش ئەنێرین بە شوێنیانا، جەوابەن ئەڵێن: منداڵانمان نەناردووە بۆ شەق لێ دان، ئیشی پێ ئەکەین چاکترە! لەم خوسووسەوە مەکتەبەکە ڕۆژ بەڕۆژ لە کەمییدایە خۆیشم زۆر جار ڕجا لە موعەللیمی ناوبراو ئەکەم، بەقسەی نالائیق جواب ئەداتەوە هیچ سوودی نییە و ئەم موعەللیمە جگە لەوەش لە واجیباتیا زۆر تەماهول ئەکات نەئەهالیی، نەئیدارە و نە مەکتەب، لە ئەفعال و موعامەلەی مەمنوون نییە و هیچ کراوە، بەلکی ئیسلاح ئەبێ، فائیدەی نەبوو!! مەجبوورەن بۆ مەعلوومات عەرزمان کرد!

(ئیمزای ڕەشید کەریم)

مودیری مەکتەبی قەرەداغ

(٢) وێڕا کە نێوی نێوبراو لە نامەکەدا ئاشکرا نەکراوە، بەڵام وردبوونەوەم لە دۆستی باسەکە و ئیمزای مستەفا مەزهەر، دڵنیام کە نامە و ئیمزاکە هی ئەوە. جێگەی گوتنە- وەک بەپرس کردن بۆم ڕوون بووەتەوە- مستەفا مەزهەر هێندێ خزمایەتییشی لەگەڵ بێ کەس هەبووە و کە لە س ١٩٤٦ز. شدا کۆچی کردووە، بێ کەس بەشیعر بۆی لاواوەتەوە و شینی بۆ کردووە (بنۆڕە: دیوانی بێ کەس).



دەبێ زۆر باش موراقەبەی مومائیلێهـ بکەن، جوزئێ موخالەفەی لێ بینرا، زوو ئیخبارمان بکەن!(٣)

---

(٣) دوای نامەکەی مەعاریفی سلێمانیی، (بێ کەس) خۆی، دوای ئەو نامە و هەڕەشەیە کەوتووە و بەدەستنووسی خۆی وەڵامی مەعاریفی داوەتەوە:

☼ پ، ن؛ ڕە: ٨٢/و-١/٢٤٤

[بێ کەس ـــ ڕێبەری مەعاریفی سلێمانیی]

[قەرەداغ]

١٥- ١٦/٤/١٩٤٢!![ز].

بۆ سەعادەتی مودیری مەنتیقەی مەعاریفی سلێمانیی

ئیشارەت بۆ تەحریراتی ژمارە: س/١ ڕۆژی ٩٤٢/٤/١٢ تان تکا ئەکەم تەماشای مەعرووزاتی خوارەوە بفەرموون:

١- هەتا ئێستا لە هیچ تەلەبەیێکم نەداوە، وە ئەوانەی کە تەرکی مەکتەبیان کردووە، تەنها لەبەر عەدەم ئیقتدار و فوقری حاڵیان بووە کە حاڵی حازر بە کەسابەتەوە ئیشتیغال ئەکەن! ڕجا ئەکەم بە واسیتەی ئیدارەی ناحیەوە، یا لە تەرەف مەقامەتانەوە تەحقیقاتی لازیمە ئیجرا بکرێ کە عەجەبا ئەو تەلەبانەی کە بەلێدانی من تەرکی مەکتەبیان کردووە کێن و ئاشکرا و لە مەقاماتەوە مەعلووم ئەبێ کە ئەمە لە سیححەت عاریی و تەنها ئەغرازی شەخسییە!

٢- بەندە موودەتی ٧ ساڵە لە مەعاریفدا خزمەت ئەکەم، بە تەبیعەتی حاڵ لەم لێ دان مەمنوعە و غایە لە کردنەوەی مەداریس چییە و تەلەبە چۆن تەربییە و تەهزیب ئەکرێ، بەڵام مودیری موومائیلێهـ کە تەبیعەتەن ئینسانێکی موشاغیب و لەگەڵ کەس ئیمتیزاج ناکات وە هەتا ئێستا لە هەر جێگاییێک بووبێ لەگەڵ هەیئەتی تەدریسییە ئەم عەدەمی ئیمتیزاج و مونافەرەتەی ئاشکرا سابیت بووە!

٣- من بە کەمالی سورووڕەوە ئامادەم کە گوێ لە ئیرشادات بگرم و هەتا ئێستا هیچ نەوعە ئیرشادێک نەکراوم لە تەرەف مودیری مەدرەسەی قەرەداخەوە، چونکە مودیری موومائیلێهـ لەبەر ڕاوە کەو و کەوباڕی، گەلێ ڕۆژ لە بەیانییەوە تەرکی مەکتەب و تەدریساتی کردووە، چووە بۆ ڕاو وە ناپەرژێتە سەر شتێکی کە!

٤- بۆ سیانەت و حوقووقی خەزینە، تکا ئەکەم کە ئەم مەعرووزاتەی خوارەوەم بەچاوی ئەهەمییەتەوە مولاحەزە بفەرموون؛ مودیری مەدرەسەی قەرەداغ لە زەرفی ئەم سەنەی تەدریسییەدا بەناوی تەدریساتی شەوەوە، ٣ ئیلا ٤ قائیمەی موخەسسەساتی وەرگرتووە، وە لەحاڵی حەقیقەتدا لە =

= یێک مانگ زیاتر تەدریساتی تری نەکردووە شایەد مودیر مووماْئلێه خیلافی ئەم تەحقیقە ئیددیعا ئەکات؛ عەجەبا ئەو تەلەبانە کێن و ناویان چییە و موددەی چەند شەو تەدریسیان کردووە. ئیستیرحام ئەکەم ئەم قەزیییەیە، شەخسییەن تەدقیق و تەحقیق بفەرموون بۆ ئیزهار حەقیقەت![*]

[تەواو]

*(*) لەسەر نامەکەی بێ کەس، مێژووی نووسین ئاشکرا نەکراوە، بەڵام پەراوێزێکی دەستنووسی ڕێبەری مەعاریف کە دەڵێن؛ (بابیهێنن لە فورسەتێکدا تەحققوق وەرگرن- ١٦ی مینهو!!) ئەوە ڕادەگەیێنێت کە نامەکە لە نێوان ١٥- ١٦/٤/١٩٤٢ز. دا نووسراوە. شایانی باسی ئەوەیە- وەک نامەی ڕێبەری مەعاریف داوای چاودێریی بێ کەسی کردووە باسەکە زوو نەبڕاوەتەوە، بەپێچەوانەوە نزیکی ساڵێکی خایاندووە. ئەوەتە ڕێبەری مەعاریفی سلێمانیی بەنامەی عەرەبیی (س/٢٢/١٦/٢/١٣٦٢، ڕۆژی ٢٢/٢/١٩٤٣) بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی مەعاریفی بەغدادی- بەپشتی ڕاپۆرتێکی ڕاپۆرتێکی ڕێبەری قوتابخانەی قەرەداغ؛ س١٦، ڕۆژی ١٤/٢/١٩٤٣- ئاگادار کردنەووە کە (فائیق عبداللە بێ کەس، وەکیل موعەللیمی قوتابخانەی قەرەداغ، تا ئەم کاتە گازندەی لێ نەکراوە و باری خۆی چاکن کردووە و گوێ ڕایێڵی هەر ئامۆژگاریی و پەیڕەو نامەیێکی مەعاریفە!)*



☼ پ. ن؛ ڕە: ٢٤٥/١/٨٣[*]

[بەیاننامەی ڕێبەری ناحیەی خورماڵ ـــ نیشتەنییەکان]

مودیرییەتی ناحیەی خورماڵ

قەڵەمی تەحریرات

ژمارە: ١٤٣٣/٥٢

ڕۆژ: ١٠/١٠/١٩٤٧

بەیان

بۆ هەموو دانیشتوانی ناحیەی خورماڵ

مەوزووع: تەسجیلی عام

تکایە بەدیققەت بەیانی وەزارەتی شوئوونی ئیجتیماعییە مولاحەزە بکەن کە لە هەموو

(*) گەنجینەی هادیی ڕەشید چاوەشلیی- نۆزدە ڕۆژ بەر لە مردنی لە ١٠/٦/١٩٩٦ز. دا، لەگەڵ ئەم نامەیەی خۆی بۆی ناردم بۆ سلێمانیی!

☼ پ. ن؛ کە: ٢٤٦ /١/٨٤

[هادیی ڕەشید چاوەشلیی ـــ کەمال ڕەئووف محەممەد]

[هەولێر]

١٠/٦/١٩٩٦ [ز]

بۆ برای بەڕێز مامۆستا کەمال ڕەئووف / نووسەری بەڕێز پێشکەش

پاش سڵاوێکی گەرم ئەو دوو نامەی بەدوای ئەگەڕام نەم دۆزییەوە، بەڵام دوو نامەی کەم بەدەست کەوت کە یێکێکیان بە ئیملا و ئینشای خۆم نووسیوومە لە ساڵی ١٩٤٧دا دەربارەی تۆمارکردنی نووفووس کە تا ئێستا ئەم نوفووسە کاری پێ ئەکرێ وە نامەی دووەم دەربارەی خاک و خۆڵی «بانی بنۆک»وە «بەردەبەل» و «نەوێ» لە ناحیەی خورماڵ تەحقیقاتی لێ کراوە وە ئەم دوو نامەیە کۆنە و ئەتوانن ئەم نووسراوەن هەڵبسەنگێنن و بە تەواویی ڕۆشنا ئەبێ کە زمانی کوردیی، نووسینەکەی تا چ ڕادەیێک گۆڕاوە. ئیتر سوپاس وە بەخواتان ئەسپێرم[*]

[ئیمزا]

هەولێر- هادیی چاوەشلیی

١٠/٦/١٩٩٦

[تەواو]

*(*) ئەم نامەیەی مامۆستا چاوەشلیی- نیشان بە ئەو نیشانەی لە دیدەنیی کردنییدا لە ٧/٦/١٩٩٦ز. دا. چەند دانراوێکی خۆی پێشکەش کردوم و گوتەکانی بەدۆستم تاریق ئیبراهیم شەریفی نووسەر دەنووسییەوە و ئەوجا بەگرانێکەوە ئیمزای خۆی لەسەر دانا- لەبەر لەش بە باریی دەستنووسی خۆی نییە!*

جێگاییێک هەڵواسراوە و لازمە موندەریجاتی لە لاییێن هەموو کەس تەتبیق و تەنفیز بکرێ.

ڕۆژی ١٩/ ١٠/ ٩٤٧ کە تەسادوفی ڕۆژی ییێکشەممە ئەکات، تەسجیلی نوفووسی عام ئەکرێ لە هەموو ئەنحای وڵاتی عێراق، ڕۆژی- ناوبراو- هات و چۆ مەمنووعە لە بەینی دێهات و لە ماڵێک بۆ ماڵێکی کەو هەروەها نابێ کەس لە خاریجی ئاوایی بمێنێ لازمە هەموو ئیعتیبارەن لە فەجرەوە هەتا ڕۆژئاوا لە ماڵی خۆیدا بێ! ڕۆژی ١٨/ ١٠/ ٩٤٧ نابێ کەس سەفەر بکات بۆ دێهاتی کە ئەو کەسانەی کە جێگەی موعەییەنیان نەبێ لە دێ، لەسەر مزگەوت تەسجیل ئەکرێن فەقەت مەوجوودی حازریی تەسجیل ئەکرێ و هەر کەس غائیب بێ، تەسجیل ناکرێ و هەر کەس لە کوێ مەوجوود بێ لە عەینی جێگەدا تەسجیل ئەکرێ موخالیفان ناویان تەسجیل ئەکرێ لە تەڕەف موسەججیلین و ئەفرادی شوڕتەوە، ڕۆژی س٢٠/ ١٠/ ٩٤٧ ناویان تەقدیم ئەکرێ و تەجزیەیان و موخالیفین کە ئامە شۆیان کردووە لە ڕۆژی موعییەن جەلبی نزیکترین دێ ئەکرێن و تەسجیلیان ئەگەر هەر ئەهالیی ئەو جێگەیە نەبوو، لازمە تەسجیل بکرێ لەسەر ئیستیمارەی مؤسسەساتی عامە؛ وەک چایخانە و مەتعەم و ئیلا ئاخیریهی... لە ڕۆژی تەسجیل (...) بێ ئیجازەی مودیری ناحیە مەمنووعە حەرەکەت و تەنەقولات بەهەموو جۆرێک، هەتا مردوو ناشتنیش جائیز نییە!

لازیم لەسەر هەموو کەسەکە مەعلووماتی تەواو ڕاست تەقدیم بە موسەجیل بکات موخالفین بەپێی قانوونی زەیلی نوفووسی ساڵی ٩٤٧ تەجزییە ئەکرێ و ئەگەر جورمیان تەتابوقی کردبوو، ئیجرائاتێ کە بەپێی قەوانینی مەرعییە، بە شیدەدەت تەجزییە ئەکرین!

[ئیمزا]

مودیری ناحیەی خورماڵ

- سووڕەت بۆ مەئموور مەرکەزی خورماڵ/ بۆ تەنفیز و تەعمیمی بەسەر مەخافیردا
- سووڕەت بۆ ڕەئیسی بەلەدییەی تەوێڵە/ بۆ ئیعلانی عەینی غایە.
- سووڕەت بۆ مودیری مەکەتەبی بیارە/ بۆ مودیری مەکەتەبی بیارە
- سووڕەت بۆ مودیری مەکەتەبی گوڵپ/ بۆ ئیعلانی عەینی غایە و موراقەبە.
- سووڕەت بۆ مودیری مەکەتەبی تەوێڵە/ بۆ مەعلوومات و تەدریسی ئەهالیی بە موندەریجانی و تکایە (...) بڵاو بکەنەوە.
- سووڕەت بۆ لەوحەی ئیعلانات



- سووڕەت بۆ سەعادەتی قائیمقامی قەزای هەڵەبجە بۆ ئیتتیلاع.
- سووڕەت بۆ موفەتتیشی تەسجیلی ناحیە بۆ ئاگاداربی.

[تەواو]

☼ پ. ن؛ ڕە ٨٣/٢/٢٤٧(*)

[ڕێبەری ناحیەی خورماڵ ـــــ قائیمقامی هەڵەبجە](١)

مودیرییەتی ناحیەی خورماڵ

قەڵەمی تەحریر

ژمارە: ١١٤٦

ڕۆژ: ١٥/٨/١٩٤٨ ٨/ ١٠/ ٣٦٧ [ز]

بۆ سەعادەتی قائیمقامی قەزای هەڵەبجە

م، مونازەعەی ئەرازیی نەوێ و بانی بنۆک

نیشانە بە هامیشتان، ژمارە ١٧٥٣، ڕۆژی ٣/٦/٩٤٨ و هامیشتان ژمارە ٤١١٠، ڕۆژی ١١/٨/٩٤٨، لەسەر عەرائیزی شێخ مەحموودی شێخ فەرەجی «بانی بنۆک» کە ڕەبتەن ئیعادەیە و نیشانە بە نووسراومان ژمارە ١١٣٨، ڕۆژی ١٠/٧/٩٤٨ دائیر بە مونازەعەی ناوبراو ئیددیعائاتی شەخسیی موومائیلیێه مونحەسیرە لە دوو مەسئەلە: دێی «نەوێ» ئەم مەسئەلەیە لە تەڕەف ئێمەوە موتەعەددید جار حەل و حەسم کراوە و شێخ مەحموودی «بانی بنۆک» تەبلیغ کراوە بە قەرار (!!) بەهیچ بۆ نەییێک ڕازیی نییە بە حەقی قانوونیی و دائیمەن خەریکی موراجەعاتی دوور و درێژە و شەخسییەن خۆی لە عەریزەکەدا ئیعتیرافی کردووە کە ئەم مونازەعەیە موددەی هەشت ساڵە دەوام ئەکات ئەمما مەسئەلەکە موفەسسەلەن وا عەرزتان ئەکرێ:

- مەسئەلەی دێی «بانی بنۆک»، عیبارەتە لە چەند قیتعە ئەرازیی لە قیتعەی مەزکوور دوو قیتعەیان کە بە ئەرزی (بەردی و چانیی کوژراو!) مەستهوورن، دوو بەشی عائید بە شێخ مەحموودی شێخ فەرەجەو لەژێر تەسەڕڕوفیایەتی و هیچ موخالەفەتێک و موعارەزەییێک و موقابیلی نییە! بەڵام سێ ییێکی هەردوو قیتعەی مەزکوور، عائید بە

---

(*) گەنجینەی هادیی ڕەشید چاوەشلیی؛ هەولێر- ١٠/٦/١٩٩٦ز. (بەنامە و دەستیی).

(١) ئەم نامە ڕەسمییە وێنەییێکی بەکەڵکە بۆ ناسینی کێشەی کۆمەڵیی نێو کوردەواریی!

خاتوو سەلمە کچی شێخ ئەحمەدە و ئەویش حەمە سەعید حەمە ڕەزا بەگی کردووە بە وەکیل بۆ تەسەڕووفی، وە شێخ مەحموود ئەیەوێ ئێمە شەخسی ئەخیر مەنع بکەین لە وەرگرتنی حەقی خۆی و ئەمەش لە داخیلی سەلاحییەت و سولتەی قانوونیی ئێمە نییە، چونکە ئەرزی مەزکوور موونازەعەی سابیقەن حەسم کراوە و لە تەرەف مەحکەمەوە خاتیمەی پێ دراە بەپێی قەراری مەحکەمەی بیدایەی هەڵەبجە؛ ژمارە ٩٤٤/٦ و بە قەراری مەحکەمەی تەمیزی عێراقیی ژمارە ٢٧٨ ب/ ٩٤٦ حوکمی مەزکوور تەسدیق کراوە و مەعلوومی عالیتانە سولتەی ئیدارە واجیبە لە سەریان کە قەراراتی مەحاکیم تەنفیز و تەتبیق بکات و موحافەزەی حوقووق بە پێی قەراراتی مەزکوور بکات! ئینجا ئێمە تەتبیقەن بۆ قەراری مەزکوور ئەمرمان ئیسدار کردووە کە موڵکانەی «بانی بنۆک» لە ژێر موراقەبە و ئیشرافی شورتەی مەحەللیی، حەقی هەرکەس تەسلیم بەدەستی بکرێ بۆ ئەوەی کە موونازەعەیێک ڕوو نەدات.

مەسئەلەی «نەوێ»؛ دێی «نەوێ» زەمانێکی زۆرە لەژێر تەسەڕووفی ئەولادی نەسرالله بەگە کە ئێستا حەمید حەمە خان و براکانی کەیان تەسەڕڕوفی دێی مەزکوور ئەکەن لە دێی مەزکوور موتەعەددید ئیددیعائات هەیە لە تەرەف شەوکەت بەگی ئەحمەد بەگی جاف و حەمە شەریف بەگی وەیسە و شێخ مەحموودی بانی بنۆکەوە وە ئەم ئیددیعائاتە و موونازەعاتە موددەی هەشت نۆ ساڵە دەوام ئەکات، بەڵام ڕەغمەن لە موراجەعاتی موتەعەددیدەی مەرقوومیین، موددەی چەند ساڵە هیچ قەرارێکیان ئیستیدساڵ نەکردووە موتەسەڕڕیفی وەحیدی دێی مەزکوور ئەولادی نەسرالله بەگ بوون. هەتا ئێستا بەڵام ساڵی پار مەحموودی بانی بنۆک موراجەعەتی ئێمە کرد کە سێ یێکی دێی مەزکوور لە حەمە شەریف بەگی وەیسەی کڕیوە و ئێمە قەرارمان دا کە تەسەڕڕوف کەی بۆ ئیعادە بکرێتەوە بە شەرتێ حەمە شەریف بەگی وەیسە، ئیعتیراف و ئیقرار بە بەیعی مەزکوور بکات، چونکە بەیعی مەزکوور بەپێی ئەحکامی ماددە «١» لە قانوونی تەسەڕڕوفی ئەموالی غەیرە مەنقوو لە، موبەتتەڵ حیسابە ئەمە لە جیهەتێکەوە، لە جیهەتێکی کەوە، حەمە شریف بەگی وەیسە، جەلبی ئەم مەرکەزە کران و لە حوزووری خۆیدا ئیعتیرافی بە بەیعی مەزکووری نەکرد، هەروەها ئیددیعای کرد کە سەمەنی بەیعی مەزکوور دەفع نەکراوە و ئەملاکی مەزکوورە ئەگەر عائیدی ئەویش بێ، ئێستا لەژێر تەسەڕڕوفی ئەولادی نەسرالله بەگە ئەگەر حیسسەیێکی بێ، ئەوان تەسلیمی ئەکەن!

ئەمە لە جیهەتێک و عەلاوەتەن لەسەر ئەمە، موونازەعەی مەزکوور بە نووسراومان



ژمارە: ٢٠١، ڕۆژی ٩٤٧/٢/١٣ عەرزتان کراوە و ئەمەش لەوەختی خۆیدا، موراجەعەتەکە واقیع بووە بۆ موتەسەڕڕیفییەت و لە پاش جوابی مەزکوورمان ئەوراقی نێرراوە بۆ موتەسەڕڕیفییەت و سەعادەتی موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی بە نووسراوی ژمارە: ٥٤٨ و ڕۆژی ٩٤٧/٣/٩/٨ قەراری ئەم مودیرییەتەی بەئیعتیبار وەرگرتووە و ئەمری فەرمووە ئەگەر شێخ مەحموودی بانی بنۆک ئیددیعای لە «نەوێ»دا هەبێ، موراجەعەت بە مەحکەمەی موختەسسە بکات و ئیزافە لەسەر هەموو مەعرووزاتمان شێخ مەحموودی شێخ فەرەج بۆ ئەم مەسئەلەیە موراجەعەتی مەحکەمەی نەکردووە هەروەها موراجەعەتی تەسوییەی کردووە و مەعلوومی عالیتانە بەپێی ئەحکامی قانوونیی، بۆ دەعواییێک موراجەعەت ناکرێ بە موختەلیفی مەراجیع و ئەگەر موراجەعەت کرا، بە مەرجەعێک، مەرجەعێکی کە، سەماعی ناکات بەپێی ئەحکامی ماددە: ١٨٣٧لە موجەللەدی ئەحکامی عەدلییە و مەواددی کە لە قانوونی مەزکوور!

ئیزافەتەن لەسەر هەموو ئەم مەعرووزاتە دێی «نەوێ» بەپێی ئیعلانی ڕیئاسەتی تەسوویە، تەسوییەی ئیعلان کراوە لە جەریدەی ڕەسمیی وەقائیعی عیراقییە؛ ژمارە: ٢٤٧٢، ڕۆژی ٢٤/مایس/ ٩٤٧.

مەعلوومی عالیتانە بەپێی ماددە: ٣٢ لە قانوونی تەیسوویەی حوقووقی ئەڕازیی، هەرچیی ئەرازییەک ئیعلانی تەسوییە و لازمە لەسەر سولتاتی ئیدارە، وەزعی تەغیر، وەزعی ڕاهین موحافەزە بکەن و حەسمی موونازەعات هەتا نەتیجەی قەراری تەسوویە، وە بینا لەسەر ئەسبابی مەعرووزە و لەبەر ئەمەی کە ئەولادی نەسرالله بەگ مودەیێکی زۆر وازیعولیەد و موتەسەڕڕیفن لە دێی مەزکوور، ئێمەش بە پێی بەیانمان: ٥٩٤، ڕۆژی ٩٤٨/٤/٢٤ قەرارمان دا کە وەزعی ڕاهین موحافەزە بکرێ و ئەڕازیی مەزکوور بەدەست وازیعولیەدەوە بمێنێ، هەتا موددەعیی شێخ مەحموودی شێخ فەرەج قەرارێک لە تەسوویەوە یا لە مەحکەمە ئیستیحساڵ ئەکات، وەوا دووبارە بە کیتابێکی لاحیق ئەمرمان ئیسدار کرد بۆ شورتەی ناحیە، بۆ موحافەزەی وەزعی ڕاهین لە «نەوێ» و بۆ موحافەزەی ئەسحابی حوقووق لە «بانی بنۆک» و هەردوو تەرەف تەبیلغ کران بە مەزموونی ئەم تەحریرە و لەگەڵ ئەم تەحریرەش نێرران بۆ مەقامتان وەتیکراری موراجەعات خیلافی ئەم مەعرووزاتە، خیلافی حەقیقەتەو غایەو مەقسەد ئیزعاجی دەوائیر و مەقاماتی ڕەسمییە و هەروا سەبەب ئەبێت بە تەشویشی دەوائیری ڕەسمیی.

ئینجا ئەگەر تەڕەفەین، لەمەولا شتێکی خیلافی قانوون رووی دا، مەجبوورین ئیجرائاتیان دەربارە بکەین.

مودیری ناحیەی خورماڵ

[ئیمزا و نیۆی- هادی چاوەشلیی](١)

[تەواو]

٧/٢. سەردەمی کۆماری کوردستان- کوردستانی خۆرهەلات؛ مەهاباد...

📖 پ، ن؛ ڕە: ٢٤٨/١/٨٥(*)

[جەعفەر کەریمی ـــ چەند هاوکاری](٢)

هێزی دیموکراتی کوردستان ◎

ستادی کول

ژمارە:١١٨

بەروار:٢٥/٢/٧ [١٣. هـ. ق- ١٩٤٦/٤/٢٧ز]

برایانی بەرز و خۆشەویستم ئاغان حسێن ئاغا و محەممەد ئاغە محەممەدیی و حەسەن خانی بوداغیی و قاسم ئاغا و ئەحمەد ئاغای نالیی لەپاش سوپاس و ڕۆژ باش

نامەیێکی ئاغای حەمە ڕەشید خان بۆ ستادی کوللی هێزی کوردستان ناردبوو، زۆری لە جەنابتان ڕەزامەندیی نووسیوە کە بەر لە ئێوە کەسی دیکە بۆ هاریکاریی و کۆمەگیی بەجێی حازر نەبووە ئێستاش ئێمە عەینی گوزارشی ئاغای حەمە ڕەشید خانمان بۆ ئاگاداریی مەقامیی پێشەوای موعەززەم و وەزیری بەرزی هێز ناردە «تەوریز» و زێنەن ڕوونووسی ئەو کاغەزەش کە بە ژمارە: ١٨٨ - ٥/٢/٦، بۆ تەوریز ناردرا وە بۆ ئاگاداریی پێشکەش جەنابی حەمە ڕەشید خان کرا مومکینە لەوێدا مولاحەزەی بفەرمووێ بەر لەوانەش چاوەنۆڕبن کە زیاتر لەوە هەمکاریی لەگەڵ جەنابی حەمە ڕەشید خان

(١) لە فۆتۆکۆپییەکەدا پەڕیوە و دەرنەکەوتووە!

(*) سەرچاوە: ٥٢/١- ل ٣٩- ٤٠

(٢) جەعفەر کەریمیی پلەی سەرباز مایۆری لە کۆماردا هەبووە و سەرۆکی دەزگەی مەڵبەند- ستاد- ی هێزی کوردستان بووە و دوایی لە ١٣٢٥/٢/٣١دا بووە بە یاریدەری جەنگاوەری- موعاوین حەرب-ی وەزارەتی هێزی کورستان؛ (هـ. س. پ)



بفەرمووێ و گوێ نەدەنە قسەی پووچ و بێ جێی ئەو کەسانەی کە بۆ ئیستیفادەی شەخسیی و وەدەستخستنی شەئن و مەقام کار دەکەن، چونکە فیکر و بیریان بەتەواوی بە غەڵەت چووە بەهەر حاڵ ئێمە لە کاغەزی خوسووسییدا هەمکاریی و کاری چاکیی ئێوە بە وەزیری هێز عەرز کردووە ئەوەش بزانن کە لە کات و ڕۆژی خۆیدا بەر لە قەدردانی کاری زۆر گەورە بە جەنابتان دەسپێردرێ. چاوەنۆڕی لە خۆ ڕابردووی ئێوە فیداکاریی لە ڕێگەی میللییەتدا زیاتر دەکەن. ڕوونووسی سەرەوە بۆ ئاگاداریی فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتیقەی بۆکان؛ جەنابی حەمە ڕەشید خان ناردراو هیوامان وایە کە زیاتر لەوە ئەو ئاغایانە و ئەمسالی وان بۆ فیداکاریی تەشویت بفەرموون!

سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان

جەعفەر کەریمیی

[ئیمزا]

[تەواو]

📖 پ. ن؛ ڕە ٢٤٩ /١/٨٦(*)

[محەممەد قازیی سەرکۆمار ـــ محەممەد ڕەشید خان](١)

[شوێن؟]

٢٥/٢/١٢ [١٣. هـ ق- ١٩٤٦/٥/٢ز](٢)

جەنابی ئاغای محەممەد ڕەشید خان

لەو دیفاعەی کردووتە، تەبریکت دەکەم هەر نەوعە ئیحتیاجێکو هەیە، فەوریی بۆم بنووسن کە خەریک بم ڕەفعی بکەم، چونکە نومایندای وە لە تارانێ خەریکی گفتوگۆیە بەهیچ وەجھ نابێ بچنە سەر دوژمنی، لەو جێ هەن ڕاوەستن وە خۆتان مەحکەم کەن!

[ئیمزا: محەممەد قازیی]

٢٥/٢/١٢

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو؛ ل ٤٩.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نیوداران.

(٢) بڵاوکەرەوەی هەر بەتەنێ لە ئەسڵەکەوە مێژووی ساڵە هیجریی قەمەرییەکەی وەرگرتووە و خۆم بەرامبەرەکەیم داناوە. هەروەها بڵاوکراوە بەڵگەکانی - بێ نووسینەوە- بەتەنێ خستووەتە ڕوو!

📖 پ، ن؛ ڕە: ٢٥٠/١/٨٧[*]

[محەممەد عەلیی ئاغازادە- وەهاب ـــــ محەممەد ڕەشید خان][١]

ئاڵتووونی سەروو

٣٢٥/٢/٢١ [١. ه. ق- ١٩٤٦/٥/١١ز]

گەورەم جەنابی ئاغای محەممەد ڕەشید خان

عەرز و تەقدیم

دەستتان ماچ دەکەم و ئەحواڵی شەریفتان دەپرسم و ئێمەش باشین... بەڵام گەورەم ئەو زوڵمەی کە من لە دێی «ئاڵتوونی سەروو»ی دەکەم، تا ئێستا کە عەجەم نەیکردووە ئەگەر وایە فەرق لە بەینی من و ئەمنییە چییە؛ سەد خۆزگەم بە ئەمنییە.

١. ئەم دێیە «١٠» ماڵە، چواریان دایکی هەتیون!

٢. لەو ڕۆژەوە کە هاتوومە ئێرە، ئەهالیی ئێرە نەماست نە دۆیان خواردووە دیسان بەشی نیوەی قووەتم ناکات.

٣. پیاوەکانیان یان نان بۆ پۆست دەبەن یان داردەشکێنن، یان لە دێدا ئیشی دییان پێ دەکەم.

٤. ژنەکانیان یان نان دروست دەکە یان چێشت لێ دەنێن!

٥. خانووەکانم خراپ کردن چەند ماڵ ئێستا بێ سوکنا ماوون!

٦. گوێ درێژەکانیان دائیم لە ئیشن!

٧. حەیوانیان نییە. «١٠» شەکم لێ ستاندوون.

٨. هەرماڵێک ١٥ نەفەرمان لێ داناوە جێگەی ساحێب ماڵ نییە لێی دانیشێ!

(*) سەرچاوەی پێشوو- ل ١٠٣- ١٠٤

(١) لە ئەسڵدا هەر نێوی محەممەد عەلیی زادە نووسراوە کە هەر وەهاب ئاغای جوندیانە کە ئەفسەری کۆمار، هەروەها پێشمەرگەیێکی شۆڕشی ئەیلوول- ١٩٦٦ز بوو. وەهاب ئاغا مرۆڤێکی کوردپەروەری ڕاستەقینە و ڕۆشنبیر بوو... من خۆم- لە ڕواندزدا- ساڵانی ١٩٥٧و ١٩٥٨ بەهۆی دۆستایەتیی بابمەوە لەگەڵی و هاوەڵیم لەگەڵ دلاوەری برای، دۆستی بووم، بەڕاستیی جوامێر بوو مخابن لە ساڵی ١٩٩٧ز. دا، لە سلێمانییدا (ئازاد جوندیانیی) کوڕیم ناسییەوە و ڕامپسپارد ژیننامەیێکی بابیم پێ ڕابگەیێنێت، کەچیی وەکو گفتی دا- هەروەها نامەیێکی سەعید قەززازیش بۆ بابی بمداتێ- نەیبردە سەر! وەک بابی ڕاستگۆ نەبوو.



٩. نوێنەکانیان داگیرکراون، نوێنیان نییە خۆیان پێ بخەون.

١٠. مەنجەڵ و دیزەیان هەموو لای ئێمەی، نییانە چێشتیان تێدا بخۆن!

١١. مەوجوودی ئێمە «١٣٢» نەفەرە لە دێیەکانی «١٠» ماڵیی هەژاردا!

گەورەم؛ ویجدانم زۆر ناڕەحەتە، حەتتا نانیش بەڕحەتیی ناخۆم لەبەر ئاه وناڵەی ئەهالیی پیرەژن و منداڵ و گەورە و گچک، یەعنی ئەم ناڕەحەتییەی ئەهالیی ئەم دێیە تێیدایە کەسی تێدا نییە!

ئەگەر هەر نەبێت ئەمر بفەرموون کە کاکە مستەفا تەواو نەقڵی «ملقەرەنیی» بکات، بەڵکو «٦٠» نەفەرێک لە «سەییداوا» تەئمین بکەم، یان موساعەدە بفەرموون «٦٠» نەفەرێک لە «ئاڵتوونی خواروو» دابنێم ئیدی چارەیێک نەفەرموون، ئەهالیی بە شەو دەکەونە کێوان و لەژێر ئەم زوڵمە ڕادەکەن.

بۆیێکا بە ڕەسمیی عەرزم ئەکردی، چونکە نامەوێ کەسێ حیسسی ئەم زوڵمە بکات.[١]

ئیدی ئەمر ئەمری جەنابی عالیتانە گەورەم!

پچووکی موخڵیستان

محەممەد عەلیی ئاغازادە

[ئیمزا]

[تەواو]

(١) هەرچەندە خۆی نامەکەی بە نامەی ڕەسمیی دانەناوە، بەڵام من لە ئەم ڕیزەدا دامنا، بەتایبەتی کە لە مەڕ هەل و مەرجێکی ڕەسمییە و هەستی مرۆڤانە و نەتەوەیی خۆی لە گەرمەی خەبات و کێشەکانییدا دا زیندوو ڕاگرتووە!

🕮 پ. ن؛ ڕە: ٢٥١/١/٨٨(*)

[مستەفا خۆشناو ـــ محەممەد ڕەشید خان](١)

هێزی دیموکراتی کوردستان

لکی بۆکان

ژمارە: ٣٠

بەروار:١٣٢٥/٢/٢٨[هـ. ق- ١٩٤٦/٥/١٨ز]

زۆر گەورەم فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی لە فەرماندەی هێزی بارزانیی لک (أ)

١. ڕجا ئەکەم ئەمر بفەرموون کە ئەو تفەنگەی لە دەست حەمەد ئاغادایە بۆمان چاک بکەنەوە، ئەگەر مومکینە!

٢. دوشمن ئەو قوللەی ملەی «تەپەی مالات»یان هەتا پشتێن بەرز کردووەتەوە و ئەتڕافی قوللەش حەسارێکی گەورەی لێ دوروست کراوە، لەسەر قشلەیە تەبعەن ئەوە لە ڕووی «ملقەرەنی»یە!

٣. مەبەستم لە تەقریری ژمارە: ٢٨ی ڕۆژی ٣٢٥/٢/٢٧ تەنها تەقدیمی مەوقیفە، بەو نەزەرەی کە خودم تێ دەکەم پێ ویستە عەرزی مەقامی عالیتان بکەم وە ئیللا مەبەستم کردنی هیچ جۆرە کارێک نییە بەبێ فەرماییشتی فەرماندە.

٤. دوشمن نەشاتی گەلێ زۆرە، لە تەنەققول و ئیستیحکامات و خۆ تەقوییە کردندا ئەوەی بە تۆپیی تێ دەگەییشتین نە تۆپیوە، بەڵکو لە هۆشە خۆی چووە، بەڵام ئەوە تەبیب دەرزیی ڤیتامیناتی لێ دەدات ئێک لە دوای ئێک بۆ بەهێزبوونەوەی، بەڵام تەبیب تەبیبی شەیتەنەتە، نەتیجەی حەتمییەی هەر دەتۆپێ زوو تا درەنگ!

٥. مەعنەوییاتی هێز زۆرە؛ فەوقی تەسەوورە، تەنها چاوەنۆڕی فەرماییشاتی فەرماندەی بەرزین!

(*) سەرچاوەی پێشوو؛ ل ١٢٣- ١٢٤.

(١) مستەفا خۆشناو (شەهیدی ئازادیی کورد و کوردستان)، کۆلۆنیل- عەقید، لە کۆماردا ئەفسەر لە سوپای عێراقدا و بەشداری شۆڕشی بارزان- س ١٩٤٥ز زیرەک و توانا. دوای ڕمانی کۆمار درایەوە بە حوکوومەتی عێراقی عەرەب و لەگەڵ هاوەڵانی لە ١٩٤٧/٦/١٩ز. دا، لە سێدارە درا. نەوەی پێ گەیشتووی هەیە و پزیشک «پەری» دانیشتووی سلێمانییە.



[ئیمزای مستەفا خۆشناو]

فەرماندەی لک (أ) بارزان

[تەواو]

🕮 پ. ن؛ ڕە: ٢٥٢/١/٨٩(*)

[پەخشنامەی وەزارەت]

هێزی دیموکراتی کوردستان ◎

ستادی ناوەندیی

ژمارە: ١٥/ ٣٨٠

بەروار: ١٣٢٥/٣/١ [هـ. ق- ١٩٤٦/٥/٢٢ز](١)

پەخشنامەی وەزارەت

پات پولوکونێل ئاغای محەممەد نانەوازادە(٢) کە بەهۆی حوکمی ژمارە ٢٥/٣/٢٩/٣٠٢ بەموعاوینی سیاسیی وەزارەتی هێزی کوردستا ئینتیساب کراوە، بەرامبەر بەو پەخشنامەیە لە غیابی وەزیری هێزدا، دەتوانێ لە جەلەساتی سیاسیی و غەیرەی موتەشەککیلەی وەزارەتخانان و هەیئەتی بەرزی میللییدا شیرکەت بکا.

وەزیری هێزی جەمهورییەتی

کوردستان

سەیف قازیی

٣٣٩- ٢٥/٢/٣٠

(*) سەرچاوەی پێشوو؛ ل- ١٤١.

(١) بڵاوکەرەوەی ئەم مێژووەی داناوە و مێژووی سەر نامەکە: ٣٢٥/٣/٣ی بەهەڵە زانیوە.

(٢) پات پولوکونێل- عەقید- نانەوازادە لە ١٣٢٥/٤/٢٥ [هـ. ق- ١٩٤٦/٧/١٦ز]دا بەهۆی بەربوونەوەی فڕۆکەی ئێرانەوە، شەهید بووە. ڕۆژنامەی کوردستان- ژ ٣، پووشبەر ١٣٢٥[هـ. ق- تەمووز ١٩٤٦ز] بەبۆنەی شەهید بوونیەوە، شیعری بەردا هەڵ داوە!

– ڕوونووسی بۆ ئاگاداریی ژەنەڕاڵ مایۆر جەنابی محەممەد ڕەشید خان تەقدیم ئەو دەکرێ.

موعاوین سیاسیی وەزارەتی هێزی
کوردستان
نانەوازادە
[ئیمزا: نانەوازادە]

[تەواو]

📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٥٣/١/٩٠(*)
[فەرماندە؛ محەممەد ڕەشید خان ــــ پێشەوا محەممەد قازیی – سەرکۆمار]
[ش]

١٢– یان- ١٣٢٥/٢/١٣[هـ. ق- ٦/٢ یان ١٩٤٦/٦/٣ز]

بۆ پێشەوای بەرزی جەمهوورییەتی کوردستان

مەوزووع: تەقدیری کردەوەی ئازایەتیی عێلی بارزانیی و سەرکردەکانیان.

١. بە کەماڵی ڕوو سووریی و سەربەستیی و سەربەرزیی، کردەوەی خاریقەی عێلی بارزانیی و ئەفسەر و سەرکردەکانیانت بە عەرز دەگەیێنم هەرچەندە بە نووسینی ژمارە: ١٢٦ و ڕۆژی ١١/٢/ ٣٢٥ موختەسەری ئەم مەعرووزاتەم تەقدیم بەستادی کول کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی کە پێشەوای بەرزیش لە ڕەشادەتی ئەم برا بەقیمەتانەم ئاگادار بکەم، ئەوە نموونەیێکی قابیلییەتیان لە خوارەوە عەرز دەکرێ...

٢. لە ڕۆژی ٩/٢/ ٣٢٥سەعات ١١ و ١٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆی مۆسکۆ، دوژمن بۆ جیهەتی «سەرچاوە» و بۆ جیهەتی «سەرا» لە ناکاودا هوجوومی کردە سەر ئیستیحکاماتی «مەل قەرەنیی» بۆ «بێژنگ بەسەر» کە لەژێر نەزارەتی (ئاغا بەکر ئاغای حەوێزیی)دا بووە وە لە جیهەتی «سەرا» دا هوجوومی کردە سەر ئیستیحکاماتی «کەلی سەرا» کە لەژێر نەزارەت و مەسئوولییەتی (ئاغای میرحاج)دا بوو، وەجیهەتی دییان ڕووی کردبووە ئەو شانەیش کە جەناحی ڕاستەی کێوی «بالومان»ی پێ دەڵێن و لەژێر نەزارەتی (ئاغای مستەفا خۆشناو)دا بوو. لەو وەختەی کە دوژمن لە هەموو لایێکەوە خەریکی تەقەدووم و ئاگر باران بوو، پێشمەرگەکانی

(*) سەرچاوەی پێشوو؛ ل ٥٥– ٥٦



هێزی بارزانیی پێک بەپێک بە نیهایەتی حەماسەت و نەشلەژاندن، گوێیان لە ئەوامیری فەرماندە و قیادەی خۆیان ڕادەگرت بە وێنەی نیزامی مودەڕڕەبی دەوڵەتیی و حەرفییەن تەتبیقی ئەو پرۆگرامەیان دەکرد کە لە تەڕەف قیادە و سەرکردە و ئەفسەران پێیان دەبینرا، بەئەندازەیێک لە ئیقدام و فونوونی جەنگ و نیشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزابوون کە قەڵەم لە تەعریفی عاجیزە.

٣. سەرکردەی دەستەی بارزانیی کە (ئاغای میر حاج و ئاغای بەکر ئاغای حەوێزیی و مستەفا خۆشناو و وەهاب ئاغا) ناوان[1]، فەوقولعادە سەربەرزیان کردم حەقیقەتەن خزمەتی ئەم چوار زابتە گەنجانە بە هەموو مەعنایێکەوە تەقریر دەکرێ، ئەووەڵ شیرکەتێکی سیاسییە کە ئەم زاتە خاوەن حیسسییات و ئادابی عەسکەریی زانانە بخرێنە بەر نەزەری بارەگەی بەرزی جەمهوورییەتی کوردستان و هەمیشە بەرامبەر بە قابیلیەت و شەجاعەتی خۆیان دڵداریی و تەڵتیف بکرێت.

جا بەو موناسەبەتەوە تکایە عەلاوەی ئەمەی کە ئاساری خزمەتیان بخرێتە ناو دەفتەری خزمەتیانەوە، بە پێ ویستی دەزانم کە ڕەسمەن تەقدیری عەمەلیات و موکافاتی فیداکارەیان تەبلیغ بفەرموون!

٤. موعاوینی زابتانی ناوبراو (ئاغا محەممەد ئەمین میرخان و مامەندی شیخ ساکو و خۆشەویی خەلیلی) فەوقولعادە نیشانەی قارەمانییەت و مەسلەکەی نیشتمانپەروەرییان بە خەرج دا. حەقیقەتەن بۆ لە شکرێکی تازە تەمەن کاری کوردستان پێ ویستە کە هەمیشە بەم زاتانە ئیقدامات و تەزیناتی پێ بدرێ.

جا تکایە ئەم زاتانە موقابیل بە عەمەلییات و حەماسەتی مەردانەگیی خۆیان بە دەرەجاتی لائیق مەسروور– و تەشجیع بفەرموون ئیدی ئیجابی موتەرققیفی ئیرادەی بارەگەی بەرزی پێشەوامانە.

٥. نەزەرییەتی زەعیمی موحتەرەم (مەلا مستەفا)ش هەر لەسەر ئەم تەقریرەیە و تەفسیلات هەر ئەوەیە کە عەرزتان کراوە!

[ئیمزا]
فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی سەرا

(١) نێوەکان ئەفسەری کورد بوون لە سوپای عێراقدا و چوونە پاڵ شۆڕشی بارزان و ئەوجا کۆماری کوردستان.

📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٥٤/٢/٨٦(*)

[محەممەد قازیی/ سەرکۆمار ـــ محەممەد ڕەشید خان]

حیزبی دیموکراتی کوردستان ◎

مەهاباد

کۆمیتەی مەرکەزیی

ژمارە: ١١٣٥

بەروار: ٣٢٥/٣/١٣ [١. هـ.ق- ١٩٤٦/٦/٣ز]

ئاغای فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی سەرا

ده جوابنامەی ژمارە ٤٧١/ ٢٥/٣/١٠(١) هەر کارێکی جوزئیی دەکەن، دەبێ لەگەڵ ئەوزاعی بەینولمیلەلیی تەتبیق بکرێ چ جای کاری مە کە کوللییە، لەبەر ئەوەی ئێمە مەجبوورین لە ڕێی مەسلەحەتەوە تامومکین بێ، ناتوانین بەڕێی دیبیدا بڕۆیین، ئەو تەئخیرەی ئیی وەیە، دەنا ئەمن لە تۆ بەپەلەترم.

لە هاتنی عائیلە لە لایێک خۆشحاڵم بە سەلامەتیی نەجاتیان بووە، لە لایێک غەمگینم کە تا کەنگی کورد دەبێ مالیکی جێگەی خۆی نەبێ! خودا ڕوحمێکی بکا!

[ئیمزا محەممەد قازیی]

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو؛ ل ٩٤

(١) ٢٥/٣/١٠. هـ. ق= ١٩٤٦/٥/٣١ز



📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٥٥/٣/٨٦(*)

[محەممەد قازیی/ سەرکۆمار ـــ محەممەد ڕەشید خان]

[ش؟]

ژمارە: ٢٦٣

بەروار: ٣٢٥/٣/١٨ [ا. هـ. ق- ١٩٤٦/٦/٨ز](١)

ئاغای ژەنەڕاڵ مایۆر محەممەد ڕەشید خان

ئەوە هەژار(٢) و شێخ عوبیدالله‌م(٣) ناردە خزمەتت، هێندێک سفارش هەیە؛ هەژار عەرزت دەکا.

[ئیمزا: محەممەد قازیی]

[تەواو]

📖 پ. ن؛ ڕە: ٢٥٦/٤/٨٦(**)

[محەممەد قازیی/ سەرکۆمار ـــ محەممەد ڕەشید خان]

وەزارەتی هێزی دیموکراتی کوردستان ◎

«هێزی بۆکان»

ژمارە:٤٧

بەروار:١٣٢٥/٣/٢٩ [هـ. ق- ١٩٤٦/٦/١٩ز]

ئاغای ژەنەڕاڵ محەممەد ڕەشید خان

بە ژمارەی «٤٥» دەستوورم بەهێزی ناوەندیی داوە کە «٣٠» هەزار فیشەک بهێنن بۆ ئێرە مەعلووم سووڕەتی تەوزیح کردنی بۆ مەهاباد دەنێرییەوە.

[ئیمزا: محەممەد قازیی]

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو- ل ٢٢٣

(١) بڵاوکەرەوەی ژمارە و مێژووی نووسراوی ئەسڵەکەی سەرنامەکە «٢٤/٣/١٨» بەهەڵە ژماردووە. ئەوەی خراوەتە ڕوو ڕاستەکەیە.

(٢) شاعیر هەژار عەبدوڕڕحمان موکریی.

(٣) پێم وەیە مەبەست شێخ عوبیدالله‌ی زینوێی شێخی بێت!

(**) سەرچاوەی پێشوو- ل ٢٤٢.

# بەشی شەشەم

## داوێن

۱. هێندی نامەی هەمە جۆری کوردیی

۱/۱- ئەرزوحاڵنامە

۲/۱- ئیجازە نامەی زانستیی

۳/۱- جاڕنامە(*)

---

(*) لە لای من (ئەرزوحاڵنامە، ئیجازە- شەهادەت- نامەی زانستیی، سەفەرنامە، شیننامە، قەسسامنامە، وەسیەتنامە، وەکالەتنامە، یاداشتنامە) وەک (بەرنامەی سیاسیی و هاوبابەتی، بێزارینامە، پاکانەنامە، پرسەنامە، پۆزشنامە، پیرۆزنامە، تکانامە، سوپاسنامە، مژدەنامە، هۆشیاریی نامە، هەڕەشەنامە) ناچنە خانەی جاڕەوە. بە ئەو پێیە، ئەز لە دوای نواندنی (هەردوو جۆری جاڕی کەسیی و ڕەسمیی)ەوە، چلێکی دیی (جاڕنامەی هەمەجۆرە)م ڕیز کردووە و وێنەیانم خستووەتە ڕوو. بۆ (بێزارینامە)ش، مخابن، لە مەنفادا ڕۆژنامەی (ژیان)م لەبەردەست نییە تا وێنەی بنوێنم کە لەساڵی ۱۹۳۰ز. ڕاوە هەڵکەوتووە. بۆ (پاکانەنامە)ش کە لە کۆتایی چلەکاندا و لەژێر سیبەری ستەمی سیاسیی مەملەکەتی عێراقی عەرەب- لە کوردستانی باشوور-دا هەڵکەوتووە و دەزگەکانی ئاسایش (لایینگری پارتەکان) یان ناچاردەکرد نکوولیی لە بیروڕاو پارەتەکانیان بکەن و ئەوەش لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرایەوە، ئەز بۆ ڕێزی کەسەکان، چ وێنەیێکم نەخستووەتە ڕوو). هەڵبەت خوێندەواریان لێ کۆڵ، بۆیان هەیە لە ڕۆژنامەکاندا وێنەیان ببینن، بۆ وێنە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی پەنجاکاندا! بۆ (داوەتنامە)ش کە لە ئێرەدا وێنەیم- لەبەربێ سەرچاوەیی نەنواندووە ئەوە لە نێو کوردەوارییدا، لە داوەتنامەی دەم و دووییەوە تا نووسراو باو بووە، هەر لە داوەتەوە بۆ شایی و خەتەنە سووران، تا داوەتنامە بۆ ئامادەبوونی کوڕی زانستیی بەڵام بەشێوەی نووسین بەتایبەتی لە ساڵەکانی پەنجاکاندا باوی پتر و بەهێزبووە کە تەنانەت بەشێوەی (کارت)ی نووسراو و چاپ کراویش هەڵکەوتووە خوێندەوار دەتوانێ داوەتنامەیێکی (شێخ عومەر قەرەداخیی بۆ شێخ محەممەدی خاڵ) تا بۆ تێکەڵی لە کۆڕێکی زانستییدا، بەوێنەیێ وەربگرێت!

هەروەها بۆ (هەڕەشەنامە)، (تەهدیدنامە)، کە ڕەسمیی و کەسیی هەیە، ئەوە هێندێ لە وێنەکانی =



۱/۳/۱- جاڕنامەی کەسیی

۲/۳/۱- جاڕنامەی ڕەسمیی

۳/۳/۱- جاڕنامەی هەمەجۆر

۱/۳/۳/۱- بەرنامەی سیاسیی

۲/۳/۳/۱- بەرنامەی ڕۆشنبیریی

۳/۳/۳/۱- بەخێر هاتننامە

٤/۳/۳/۱- بەیاننامەی سیاسیی

٥/۳/۳/۱- پرسەنامە

٦/۳/۳/۱- پۆزشنامە

۷/۳/۳/۱- پیرۆزنامە

۸/۳/۳/۱- تکانامە

۹/۳/۳/۱- سوپاسنامە

۱۰/۳/۳/۱- مژدەنامە

۱۱/۳/۳/۱- هۆشیاریی نامە

٤/۱- سەفەرنامە

٥/۱- شیننامە

٦/۱- قەسسامنامە

۷/۱- مەزبەتەنامە

۸/۱- وەسیەتنامە

۹/۱- وەقفنامە

۱۰/۱- وەکالەتنامە

۱۱/۱- یاداشتنامە

---

=(هوشیارینامە) دیسان هەڕەشە نامەیە، بەڵام (هەڕەشەنامەی کەسیی) وەک ئەوە یێکێ هەڕەشە لە دەزگەیێک، کاربەدەستێ، کەسێکی کردبێت- کە پتر لە دەزگەکانی پۆلیسدا وێنەیان هەیە- مخابن من چ وێنەیێکم دەستگیر نەبووە تا بینوێنم!. من خۆم لە کاتی لاوییدا، بەهۆی کاری بابمەوە، گەلێ وێنەی ئەوتۆم دیتووە!

١/١- ئەرزوحاڵنامە

☼ پ. ن؛ کە: -/-/٢٥٧(*)

[خۆو ولاتیی- حسقێل ـــــ یاریدەری فەرمانڕەوای سیاسیی].

[سلێمانیی]

١٩٢١/١١/٥[ز](١)

بۆ حوزووری حەزرەتی موعاوینی شار دامە ئیقبالوهو(٢)

عەرزی بەندە ئەوەیە

لە گەڕەکی جوولەکان، خانووی ئیبراهیم بنحاس، ڕەهنی سوندووقی ئەیتام بووە و خۆی لە «عیمارە» بووە، ئیعلامی وەکالەتی بۆ من ناردووە کە بیفرۆشم ، بەدەل ڕەهنەکەی ئەیتام بدەمەوە و منیش لەسەر ئەو ئیعلام و وەکالەتنامەیە خانووەکەم فرۆتووە و بەدەل ڕەهنەکەم داوەتەوە لەبەر ئەوە کە لەمەو پێش دائیرەی تاپۆ موعامەلاتی نەدەکرا، تا بەئەمرۆ فەراغ نەکراوە و ئێستە موراجەعەتم بەدائیرەی تاپۆی کردووە گۆیا ساڵێکە موعامەلەی نەکراوە و ڕابوردووە، لەسەر ئەوە موعامەلەی فەراغم بۆ ناکەن حاڵ وەهایە مەعلوومی جەنابی ساحێبە کە دوو ساڵە دائیرەی تاپۆ ئیشی نەکردووە کە منیش موراجەعەتم نەکردبێ!(٣) مەرحەمەت و ئەمر بفەرموون بەدائیرەی تاپۆ کە موعامەلەی فەراغی ئەو خانووەم بۆ ئیجرا بفەرموون.

باقیی ئەمر ئەمری جەنابی ساحێبە

حسقێل



[تەواو]

(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمانیی؛ ١٩٩٦/٨/١٨ز.

(١) لە فۆتۆکۆپییەکەدا مێژووەکەی دەرنەکەوتووە.

(٢) مەبەست یاریدەری فەرمانڕەوانی سیاسیی (حوکوومەتی سیاسیی) بریتانیای داگیرکەری سلێمانییە.

(٣) ئەم قسەیەی ڕاست نییە و وەکو بەڵگەکان دیارن، تاپۆی سلێمانیی هەر دەست بەکار بووە!



☼ پ. ن؛ کە: -/-/٢٥٨(*)

[موعەللیم عەبداللە سەبریی ـــــ پشکنی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان](١)

[بەرزنجە- سلێمانیی]

٨ مایس ١٩٣٢[ز]

بۆ سەعادەتی موفەتتیشی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان

تەقدیم

عەرزی داعیی ئەمەیە؛

داعیی لەپاش سەورە و تەخلییەی سلێمانیی(٢)، لە تەئریخی ١٩٢٤/١٠/٢٦دا بە ئەمری سەعادەتی مودیرییەتی مەعاریفی عامە، مانگیی بە ١٢٠ ڕوپییە بۆ ڕواندز تەعین فەرمووورام لە میانی تەخفیزاتی عومووميیدا(٣)، ١٠ ڕوپییە لە مەعاشەکەم تەنزیل کرا وەحەتا ئێستا سەد و دە ڕوپییەم وەرگرتووە باخوسووس لە تەڕەف جەنابی عالییتانەوە وەرەقەی میلاکی ١٩٣١/١٠/١ کە پێم تەبلیغ فەرسووراوە، مەعاشەکەم بە١١٠ ڕوپییە پێشان دراوە مەعە هازا- لە- مارت و نیسانی ٩٣٢ موحاسەبەی لیوا مەعاشەکەیان بە١٠٠ ڕوپییە حیساب کردووە و بەو نەوعەش بۆم نێردراوە لە ویجدانی جەنابی عالیتان وا ئومێد دەکرێت کە بەبێ موجیب و بێ حیساب مەعاشی هیچ مەئموورێک تەتزیل نافەرموون با خوسووس شەخسێکی وەک داعیی کە بە١٠ نوفووس عائیلەوە تەرکی وەتەن و ئیختیاری غوربەت و کولفەتم کردووە، تەنزیلی مەعاشم مووافیقی ویجدان و عەدالەتی

(*) گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانیی؛ ١٩٨٣/١/١٢ز.

(١) عەبداللە سەبریی (١٨٩١ز. کەرکووک ـــــ؟) یێکێکە لە مامۆستا پێشڕەوەکانی دەرچووی فێرگەی مامۆستایانی مووسڵی سەردەمی عوسمانیی پێشتر (ق./ سەربازیی) و (ئا. سەربازیی) تەواو کردووە. لە ١٩١٣/١٠/١ز. دا بۆ یێکەم جار دامەزراوە بە مامۆستای قوتابخانەی هەڵەبجە. لە ١٩٥٠/١٠/٣٠ز. دا خانەنشین کراوە [دۆسیی خۆی لە هەمان سەرچاوەوە!].

(٢)- مەبەستی لە (تەخلییە/ چۆڵ کردن)ی سلێمانیی، قەومانی شۆڕشەکانی حەفید زادە مەحموودە کە تا تەمووزی ١٩٢٤ز فەرمانڕەوایی هەبووە و لە هەلی داگیرکردنی دواجاردا، چەند ڕۆژێ خۆ ولاتییەکان لە کارکەوتن و گەلێکیان باژێڕەکەیان چۆڵ کرد.

(٣) مەبەست دابەزاندن- کەم کردن- ی مووچەی فەرمانبەرانە کە بەهۆی باری سەختی ئابووریی عێراقی تازە دەوڵەتەوە ئەم بارە لە ١٩٢٦/٣/١ز. ڕاوە دەستی پێ کرد.

جەنابتان ڕەوا نابینم، فەقەت ئیحتیمالی هەیە کە ئەم سەهووە لە تەڕەف کاتیبانی دائیرەی جەنابی عالیتانەوە کرابێ.

بینائەن عەلێه بۆ ئەوەی کە مەغروور نەبم، ئیستیرحام دەکەم کە بۆ تەسحیحی مەعاشەکەم ئەمر بەموحاسەبەی لیوا بفەرموون.

ئیتر ئەمر ئەمری حەزرەتی موفەتتیشی مەعدەلە و مەعییەتپەروەرە.

موعەللیمی مەکتەبی بەرزنجە
عبدالله سەبریی ئەمین

پوول و ئیمزا و مێژوو
**٨ مایس ٩٣٢**

[تەواو]

پ. ن؛ کە: -/-/٢٥٩(*)
[ئەدهەم ئەحمەد ـــ موتەسەڕڕیفی سلێمانیی][1]
[سلێمانیی]
١٩٣٤/١/٧[ز]

بۆ حوزووری حەزرەتی عالیمی جەناب
موتەسەڕڕیفی ئەفخەم تەقدیم

لە تەئریخی ١٥ی تەشرین تانیی ١٩١٨دا کە حوکوومەتی فەخیمەی ئینگلیز لە سلێمانییا، حوکوومەتی تەئسیس کرد[2]، بەندە لە موستخدەم و هەتا تەئریخی وقووعاتی دەربەند لە چمچەمال قوماندان ژاندارمە بووم!

بۆ موددەتی ئەم خیدمەتە وەسیقەم نییە کە عەلاوەی خیدمەتی عەسکەرییەم بێ

(*) گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینانی سلێمانیی- ١٩٨٩/١١/١٧ز.
(١) کۆنە ئەفسەری ژاندارمی عوسمانیی، ئەوجا ئەفسەری پولیس لە یێکەم حوکوومەتی کوردستاندا.
(٢) ئەم مێژووە بۆ دامەزراندانی (یێکەم حوکوومەتی کوردستان) چەندلە ڕاستییەوە نزیکە، وێرا ناتەواوە و بەپێی بەڵگە و نووسراو لە ١٩١٨/١/١٧ز. دا دامەزراوە بۆ دڵنیابوون بنۆڕە: (کەمال ڕەئووف محەممەد- یێکەم حوکوومەتی کوردستان لە ١٩١٨/١١/٧ز. دا نەک لە ١٩١٨/١١/١ز. دا دامەزراوە/ کوردستانی نوێ- ١٩٩٧/٧/١٠. سلێمانیی)



وەقانوونەن ئیستیفادەی لێ بکەم لە دارولیعتیماد[1] بۆ جەلبی وەسیقەی ئەو خیدمەتەم لە عەدالەت و مەرحەمەتی حوکوومەت ئیستیرحام ئەکەم.

سابیق قوماندان ژاندارمەی
چەمچەماڵ
یوزباشیی ئەدهەم ئەحمەد
سلێمانییە

[تەواو]

پ. ن؛ کە: -/-/٢٦٠(*)
[پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد ـــ موتەسەڕڕیفی سلێمانیی][2]
[سلێمانیی]
٤٨/٣/٢٠ [١٩. ز]

سەعادەتی موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی

بۆ چا لێ نانی جەژنی نەورۆز پێ ویستمان بە «٢٠» کیلۆ شەکرە، تکایە بفەرموون کە شەریکە بماندات بە نرخی خۆی![3]

لە بریتیی لیجنەی پێکهێنانی
جەژنی نەورۆز
مەحامیی ئیبراهیم ئەحمەد
١٩٤٨/٣/٢٠

[تەواو]

(١) مەبەست باڵیۆزخانەی بریتانیا لە بەغدادا.
(*) گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسف/ لە تەها بابانەوە؛ س ١٩٩٦ز.
(٢) ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح (١٩١٢ز . سلێمانیی ـــ ٢٠٠٠ز. لۆندون ـــ سلێمانیی) نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسیی ناسراوی کورد.
(٣) نووسینی پەراوێزەکانم پێ ویست نەزانیی کە دوای برۆوبێنەیێکی دوورودرێژ شەکرەکەیان پێ دراوە!

۱/۲. ئیجازەنامەی زانستیی/ عیلمیی

☼ پ. ن؛ ع: ۱۳/۱/۷(*)

[ئیجازەدانی مامۆستای هەولێر ئەبووبەکر کوڕی عومەر ـــــ مەلا محمد حەمدیی](۱)

[هەولێر]

۲۱ تەمووز ۱۳۱۵[ر] ڕەبیعولئەووەل ۳۱۷ [۱.ک/۱۸۹۹ز]

یاحضرت شاه حسام الدین

روحی فداه

حمداً لله حّل إحسانه وعَظُمَ إمتنانه و به كلُّ فضل يُستجاز ولحقيقة القبول مجاز وشكراً لمنْ أيدَّ الشريعة المحمدّية على مدى الأيّام وايد الملّةَ الحنيفية بأشهر اقلام منْ علماء الاَعلاَم و صلوة وسلاماً على من اطلعه في سماء النبوة شمساً بازغة مكان لظَلم جهالات ناسخة دافعة محمد واله واصحابه ذوى الفضائل واسئلك برضى عن العلماء الاماثل القائمين بخدمة الشريعة فلا أجد لهم في ذلك مُماثل.

أمّا بعد فان الفاضل اللبيب والكامل الاديب الدقيق فهمه الكثير علمه المرتفع على رؤوس الاقران منْ فضله وعلمه الراسخة في تحقيق الفنون عند تصادم الاراء والظنون قدمة إبنَ عّمي و مَنْ هو بمنزلة أخي عندي الملا محمد حمدي افندى وفقة الله السيّد المبُدي، ولازم الدروس مدة مديدة واعواماً عديدة في عدة فنون وقرأ لديّ جملة كتب منْ شروح و متون في المعقول والمنقول والفروع والاصول حتى تحقق لدينا أنة قد عرجَ معارجَ التحقيق وعلا على سنام مدارج التدقيق فأجزنا له بتدريس العلوم ونشر الرسوم وشهدنا له بالفضل التام وأنة حريّ لأنْ يعدُّ منَ الاعلام، سائلاً من الله أنْ ينفعنيِ وأياه ويبلغنا لما نتمناه ويوفقنا لما يُحبِّ ويرضاه أمَين.

۲۱ تموز سنة ۳۱۵، ربيع الاول سنة ۱۳۱۷ قال بلفضه وكتب بقلمه

● وأنا المجيز الفقير الى الله والغني بالخليل

ابوبكر بن عمر / المدرس باربيل

[تەواو]

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد ڕەشاد موفتیی- هەولێر ۱۹۹٦/٦/۵ز

(۱) هاوتای ئەم (ئیجازەنامەیە) لە چەند سەرچاوەی دیدا زۆرە ئەز بۆیێکا ئەم وێنەیەم هەڵبژارد تا- لەمەودای مێژووی ئەم کتێبەدا- بزانرێت کە ئیجازەدان درێژەی هەبوو کە دەتوانم بڵێم تا ساڵانی سییەکانیش هەر باوبووە؟



۱/۳/ جاڕنامە

۱/۳/۱. جاڕنامەی کەسیی

🕮 پ. ن: -/-/۲٦۱(*)

[ئەستەنبووڵ]

[۱۳۲۹/٦/٦- ۱۹۱۳/٦/۱۹ز]

ئیعلان

هەکیم حەیدەریی زادە ئەحمەد بەگ هەموو ڕۆژی یێکشەنبە بەخۆڕایی لە ئەجزاخانەی (آچیق باش) لە وەزنەجیلەر، کوردە نەخۆشەکان موعاعەیەنە دەکا و عیلاجیش دەدا.

[بێ ئیمزا]

[تەواو]

🕮 پ. ن: -/-/۲٦۲(**)

[سلێمانیی]

[۱۹۲۰/۵/٦ز]

بۆ تێ گەییشتنی حەموو

لەم ڕۆژەوە «ئەسپێک»ی عەرەبیانی سەکلاویی کە لە مووسڵ کڕراوە، خستوومەتە پیانقۆوە هەر بلیتێ بەحەوت ڕوپییە دەدرێت؛ هەچ کەس دەیەوێت بۆ ناونووسین و پارەدان بێتە موهەندیسخانە کە خانووەکەی فەتاح بەگە بەناوی بلیتی هەچ کەسەوە ئەم ئەسپە دەرچوو، ئەسپەکە دەبێت بەهیی ئەو کەسە!(۱).

عەزیز خان

[تەواو]

(*) ڕۆژی کورد- س ۱، ژ ۱، ڕەجەب ۱۳۳۱ [ک] ٦ی حوزیران ۱۳۳۹ [ر]- ۱۹۱۳/٦/۱۹ز

(**) پێشکەوتن- سلێمانیی؛ س۱ ، ژ۲، پێنجشەممە ۱۹۲۰/۵/٦ز.

(۱) هەمان ڕۆژنامە؛ س۱، ژ۷، ۱۹۲۰/٦/۱۰ز ئەنجامی بڵاو کردووەتەوە و ئەسپەکە بۆ عیززەت بەگی عوسمان پاشا جاف- دەرچووە!

پ. ن: -/-/٢٦٣(*)

[سلێمانیی]

[١٩٢٠/١١/٢٥ز]

بۆ زانین

تا چەن ڕۆژێکی کە کەل و پەلی زستانەی باشم لە بەغدادەوە بۆ دێت هەچ کەس بەرگی ئەفەندییانەی پێ ویستە، بفەرمووێت بەرگی باشی بۆ دەدرووم. لە چاک و باشیی کەل و پەلەکان و باش بڕیت و جوان دروون دەتوانم گلەیی نەهێنمە سەرخۆم!

جلدروو

محەممەد سەعید

[تەواو]

پ. ن: -/-/٢٦٤(**)

[سلێمانیی]

[١٩٢٠/١١/٢٥ز]

بۆ زانین

حەمامی قشلە(١) کە گەلێ ساڵ لەمەوپێش پەکی کەوت بوو و ئیشی نەدەکرد، لەم چەند ڕۆژانەدا خەریکی چاک کردنەوە و ڕێکخستنی بووم سەد قات لە جاران باشتر و جوانتربووە، لە سەرچاوەوە ئاوی بۆ دێت. دەرەجەی سارد و گەرمیی حەوز و ناوفەرش، حیرەت بە ئینسان دەدات هەرکەسێ تەنەززول و تەشەریف بفەرمووێ لە ئیحتیرام و حورمەت گرتنیا قوسوور ناکرێ. لوتفەن هەچ کەس ئارەزوو دەکات بۆ خۆشتن و خزمەت کردن و تەماشاکردنی تەمیزیی و نەزافەتی ئەم حەمامە، دەفعەییێک تەشریف بێنێت:

حەمامچیی / ئۆستا قادر.

[تەواو]

(*) پێشکەوتن- سلێمانیی؛ س١، ژ٣١، پێنجشەممە ١٩٢٠/١١/٢٥ز

(**) پێشکەوتن- سلێمانیی؛ س١، ژ٣١، پێنجشەممە ١٩٢٠/١١/٢٥ز.

(١) ئەم گەرماوە لە نێوەندی ساڵەکانی حەفتادا تێک دراو ئێستا بازاڕە لە شەقامی مەولەویی سلێمانییدا. نێوەکەیشی لە (قشڵە)ی عوسمانییەوە هاتووە کە ئەو شوێنە بارەگەی لەشکری تورکی داگیرکەری سلێمانیی بابان بووە.



پ. ن: -/-/٢٦٥(*)

[سلێمانیی]

[١٩٢١/٣/٢٧ز]

لە فەننی فۆتۆگرافدا بۆ دەرهانین

قارت نۆ بەدوازدە و سێزدە بەهەژدە، شەش عەدەدی بەسێ ڕوپییە و دوازدە عەدەدی بە شەش ڕوپیە دەردەچێ.

کەسێ تاڵیب بێ، لە جادەی سەرای جەدیددا موراجەعەت دەکرێ!

فۆتۆغرافیی

مەحموود حیلمیی(١)

٢٧ی مارچ ١٩٢١

[تەواو]

پ. ن: -/-/٢٦٦(**)

[سلێمانیی]

[١٩٥٤/٢/١١ز]

سینەمای ڕەشید

ئاواتی گشت ئەهێنێتەدیی(٢)

بە ئەرک و لێ بوردنی زۆرەوە، ڕێگەی پەیداکردنی فیلمی نایاب و باشمان دۆزییەوە. فیلمی باش ئەوەیە تا بلێیی خۆش بێ، جوان بێ، بەرزبێ، بەکەڵک بێ. ئیدارەی ئەم سینەمایە بەڵێن ئەدا لەمەوپاش هەمیشە فیلمی وا، فیلمی بەناوبانگی جیهانیی پێشکەش بکات.

ئیتر خۆتان ئامادەکەن بۆ بینینی جوانترین و بەناوبانگترین فیلمی ئەدەبیی،

(*) پێشکەوتن- سلێمانی؛ س١، ژ٤٩، پێنجشەممە ١٩٢١/٣/٢١ز.

(١) ژیننامەی بڵاوە؛ ئەو وێنە کرخانەیەیشی ئێستا لە سلێمانییدا بە نیۆی (ستۆدیۆ ڕەفیق)ی کوڕیەوە، ئاوەدانە.

(**) ژیان- س ٩، ز ژ ١١٨٦، پێنجشەموو ١٩٥٤/٢/١١ز

(٢) سینەماکە لە س ١٩٥٢ز. دا دامەزراوە هێشتا ئاوەدانە!

کۆمەڵایەتیی، تەربەوییی، ئەی هاونیشتمانەکان.

ئیدارەی سینەمای ڕەشید

سلێمانیی

[تەواو]

📖 ٢/٣/١. جارنامەی ڕسمیی

📖 پ. ن: -/-/٢٦٧(*)

[فەرماندەی لەشکری بریتانیای داگیرکەری بەغداد ـــــ گشت]

[س ١٩١٨ز]

ئیعلان

من کە ولیەم ڕین مارشاڵ- کەی سێ، بێ- و فەریق ئەووەلم، بینا لەسەر ئەو سەڵاحییەتەی بە سیفەتی لەشکر گێڕێ عومومیی قووەتی عێراق کە لە جەلالەتمە ئابی بریتانیاوە بە من دراوە، فەقەراتی ئایتە ئیعلان دەکەم: هەرکەسێ قسەیێک یا درۆ یاخود شایێعەیێک یا تەقریرێک کە خەلەل بە ئەمنییەتی عومومیی بگەیێنێ و... خەڵق بێ لزووم بترسێنێ و ئەفکاریان موشەووەش بکا، کە ئەم جورمە لە سەری سابیت بوو، بە ئیعدام و یا بە عوقووبەتێکی سووکتر بە پێی بیری دادگە حوکم دەدرێ!

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٢٦٨(**)

[سلێمانیی]

[١٩٢٠/٤/٢٩ز]

بۆ زانینی هەموو

حوکوومەت شاگردی دەوێت بۆ ئەمە کە فێرئیشی ئوتوموبێل بێت. عەرەب و ئەرمەنیی و جوولەکە لە شوێنێکی فێربێت، ڕادەگیرێت، بەڵام نابێ لە حەڤدە ساڵ بچووکتر بن مانگانەکەیشی کەم بێ، دەبێ پێی خۆش بێ.

(*)تێ گەیشتنی ڕاستیی، س١، ژ٢٧، ١٩١٨/٥/٦ز [١/٣؛ ل١٤٢]

(**) پێشکەوتن- سلێمانیی: س١، ژ١ پ، پێنجشەنبە ١٩٢٠/٤/٢٩ز.



هەچ کەس دەیدەوێت خۆی بنووسێ، بێتە دائیرەی سیاسیی!

حاکمی سیاسیی

مێجەر سۆن

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٢٦٩(*)

[سلێمانیی]

[١٩٢٠/٧/٣ز]

بۆ زانینی هەموو

ڕۆژی ٣ی جوڵای ١٩٢٠ کە شەممە بوو، سەعات دەی ئینگلیسیی ئەم زاتانەی کە ناویان نووسراوە، لە دائیرەی مالییەدا کۆبوونەوەو بۆ هەموو دەغڵ و دانی زستانە و هاوینە نرخیان دانا کۆمەڵەکە ئەمانە بوون:

| | |
|---|---|
| تیجار | حاجیی مەلا موحیەددین ئەفەندیی |
| تیجار | میرزا فەرەج ئەفەندیی |
| تیجار | حاجیی ئەحمەد چەلەبیی حاجیی کەریم |
| تیجار | خواجە عەبدولکەیم عەلەکە. |
| مودیری قەرەداغ | عەبدوڕڕەحمان ئاغا |
| مودیری تانجەرۆ | عەبدولمەجید ئەفەندیی |
| خاوەن موڵک | عیززەت بەگ عوسمان پاشا |
| خاوەن موڵک | محەممەد ئاغا عەبدوڕڕەحمان ئاغا |
| خاوەن موڵک | حەمدیی بەگ ڕەشید پاشا |
| خاوەن موڵک | فارس ئەفەندیی عەبدوڕڕەحمان ئاغا |
| نانەوا | ڕابیعە خانم |
| نانەوا | مەلا ئەحمەد |
| فەلاح | عەولی باغەبان |
| تیجار | - حاجیی مەلا سەعید ئەفەندیی کەرکووکلی |

(*) پێشکەوتن- سلێمانیی: س١، ژ١١، پێنجشەممە ١٩٢٠/٧/٨ز

تیجار – خواجه یەنتووب.

فەلاح – خەڵقی مەڵکەندیی ئەمین حاجیی کەریم

– (ئەم زاتانە هەرچەند لەم کۆمەڵەدا نەبوون بەڵام تەشریفیان نەهات بوو)

ئەمانە یێکەیێکە کۆبوونەوە و دانیشتن، جەنابی موعاوینی حاکمی سیاسیی (ڕەئیسی مالییە)یش لەم کۆمەڵە دانیشت. یێکە یێکە فیکریان پرسیی. لەپاش گفتوگۆیێکی زۆر، قسەیان یێکی گرتەوە و هەموو لایێکیان بەم تەحرەی کە لە ژێرەوە نووسراوە نرخیان دانا.

| عانە | ڕوپییە | حوققەی سلێمانیی | |
|---|---|---|---|
| . | ١ | ١ | گەنم |
| ١٢ | . | ١ | جۆ |
| . | ١ | ١ | ماش و نیسک و نۆک (دانەوێڵە) |
| ١٢ | . | ١ | کەپەل و پوولەکە و گەنمە شامیی |
| ٦ | . | ١ | [نەخوێندرایەوە!!/K.] |

بەم تەحرە هەموو لایێکیان بە باشیان دانا و بڕییانەوە. ئەم نرخەی کە ئەم کۆمەڵە بڕیی بوویان لە لاییێن حەزرەتی حاکمی سیاسییشەوە بەچاک بینراو، «باشە»ی لەسەر فەرموورا.

بەپێی ئەم نرخە هەچ کەس کە بیەوێ و پێی خۆش بێ، دەتوانێ لە جیاتیی دەیێک پارە بدا!

موعاوینی حاکمی سیاسیی

کەپیتان ڕایت

٣ی جولای ١٩٢٠

[تەواو]



📖 پ، ن: -/-/ ٢٧٠(*)

[سلێمانیی]

[١٨/٩/١٩٢٢ز]

ئیعلان ڕەسمیی

مەعلوومتان بێ کە کوردستان ڕۆژی لێ بووەوە. حوکوومەتی بریتانیا لە مەمالیکی خۆیا ئیعلانی کردووە، بە قەراری ئەورووپا ئیدارەی موستەقیللەی کوردستان تەودیع بە جەنابی شێخ مەحموودیان کردووە و بە نیابەت جەنابی شێخ قادر ئەفەندیی تەعیین کردووە و بۆ تەحکیمی حودوودکە کفریی و کەرکووک هەولێرە تەشەببوس کراوە. بۆ ئەمە هەموو کوردێ لازمە شادیی و ئیعلانی ئازادیی بکا.

عبدالقادر(١)

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/ ٢٧١(**)

[سلێمانیی]

[١٣/١٢/١٣٣٨/ - ١٣/١٢/١٩٢٢ز]

ئیعلان

هەموو ڕۆژێ لە سەعات چواری کوردییەوە هەتا سەعات ٣ی شەو، هەموو کەس ئەتوانێ سەربەست زیارەتی وەکیلی فەخامەتی مەندووبی سامیی جەناب کاپیتان چاپمان بکات. لەم خوسووسەوە هیچ مانعێ نییە و بۆ ئەوە حوکوومەت ئارەزوو ئەکا.(٢)

ڕۆژی کوردستان

[تەواو]

(*) بانگی کوردستان- س١، ژ ٦، دووشەممە ١٨/٩/١٩٢٢ز.

(١) برای حەفید زادە مەحموود. ئەم جارەش دوای کشاندنەوەی نێروو و دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەرە لە ٥/٩/١٩٢٢ز. دا.

(**) ڕۆژی کوردستان- س١، ژ ٤، ١٣/١٢/١٣٣٨/ - ١٣/١٢/١٩٢٢ز.

(٢) مەبەستی دووەم حوکوومەتی کوردستانە.

پ. ن: -/-/ ٢٧٢(*)

[سلێمانیی]

[١٣٣٨/٢/١٠ر - ١٩٢٢/٢/١٠ز]

ئیعلان

بلووکێکی ئێسترسوار قەید ئەکرێ، هەچ کەس تاڵیبە بە ئیسترچاکی خۆیەوە، بۆ قەیدکردنی موراجەعەت بکات.

ڕییاسەتی ئەمنییەتی عموومیی

[تەواو]

پ. ن: -/-/٢٧٣(**)

[سلێمانیی]

[١٩٢٣/٤/٥ز]

کلیلێکی ئاڵتوونی سەری منداڵ لەگەڵ جووتەیێکی نەقشاویی عەجەم لە ژنێک سەندراوە، هینی هەرکەسێکە بە ناونیشانەوە موراجەعەت بە پۆلیسخانە بکات ئەیدرێتەوە!

پۆلیسخانە

[تەواو]

پ.ن: -/-٢٧٤(***)

[سلێمانیی]

[١٣٣٩/٩/٢٠ ر- ١٩٢٣ز]

ئیرادە

لە ئەتباع و خدمەتکار و مەئموورانی من، هەر کەس غەدر و یا ناحەقییەکی کرد، بەلا

(*) ڕۆژی کوردستان- س١. ژ ١٣، ١٣٣٨/٢/١٠ر - ١٩٢٢/٢/١٠ز.

(**) ئومیدی ئیستیقلال- س١، ژ ٢١، پێنجشەنبە ٢٩ شەعبان ٣٤٢ [١.ک] ٣ نیسان ١٣٤٠ [ر- ١٩٢٣/٤/٥ز].

(***) ئومێدی ئیستیقلال- س١، ژ١، پێنجشەنبە ٣٣٩/٩/٢٠ [١.ر- ١٩٢٣ز].



تەرەددود، بەسەر بەستیی بێت موراجەعەت بە دیوانی حەرب بکا. ئەمرمان بە دیوانی ئەرکانی حەرب داوە، ئەگەر کەسێک بە ناحەقیی غەدر لە میللەت و ئەهالیی بکات، بە جەزای شەدید موجازات بکرێ!

مەلیکی کوردستان

[تەواو]

پ. ن؛ -/-/٢٧٥(*)

[دەسەڵاتی- سوپایی- مەملەکەتی عێراقی عەرەب]

[سلێمانیی]

[-/١٩٢٥/٣ز]

ئیعلان

بۆ ئیعاشەی عەسکەر و ئالیکی حەیوانات کە لە مەنتیقەی شەرقییە لە سلێمانییدا مەوجوودە، لە ئیعتیباری ئەووەڵی مانگی نیسانەوە هەتاکوو شەش مانگ تەعەهھود پێ ویستە. بە ئەمری وەزارەتی جەلیلەی حوکوومەتی عێراق، هەرکەس بۆ ئەم تەعەهھودە تاڵیبە، لە ئیعتیباری ئەمڕۆوە موراجەعەت بە دائیرەی عەسکەریی بکا لە سلێمانیی و شەرائیتی تەعەهھوداتی بکا و موناقەسات دەبێ هەتاکوو ڕۆژی بیست و شەشەمی مانگی مارت تەواو بێت، هەرکەس تاڵیبە موراجەعەت بە جیبهەتی عەسکەر بکات. بۆ زانینی هەموو کەس ئیعلان دەکرێ!

ئامیری مەنتیقەی شەرقییە

عەلیی ڕەزا ئەلعەسکەریی

[تەواو]

(*) ژیانەوە- س١، ژ٢١، پێنجشەنبە؛ ١٩٢٥/٣/١٩ز.

پ. ن: -/-/٢٧٦(*)

[داوەری مونفەریدی سلێمانیی ــــ ئەرزوحاڵنووسەکان](١)

[سلێمانیی]

[-/١٠/١٩٢٥ز] ئیعلان

## ئیعلان

لەو ڕۆژەوە کە لە سلێمانییدا مەحکەمە تەشەککولی کردووە، چەند ئیستیدعایێک تەقدیم مەحکەمە کراوە لەبەر ئەمەی مووافیقی قانوون نەنووسرابوو، مەجبووری قوبووڵ نەکردنی ئەو ئیستیدعایانە بوون.

ئەمەیش مووجیبی زەرەری ساحێب دەعوایە کە بێ فائیدە پارەی پوول و کرێی ئەرز و حاڵچیان لە کیس دەچێ.

لەبەر ئەمە بۆ موحافەزەی حوقووقی ئەهالیی، ئیعلانی ئەو کەسانە ئەکەین کە عەرزوحاڵ دەنووسێ، لەمەو پاش هەرکەسێک موراجەعەتیان پێ بکات، لازمە حەقیقەتی دەعواکەیان تێ بگەن ئەمجا بینووسن و ئەگەر نەیاتوانیی تێیی بگەن، بۆ تێ گەیشتنی تەسویری ئەو دەعوایە، موراجەعەت بە قەڵەمی مەحکەمە بکەن و لە پاش ئەوە عەرزوحاڵ بنووسن وە ئیللا مەحکەمە پارەی پوول و کرێی ئەو ئیستیدعایە کە مووافیقی قانوون نەبێ و مەحکەمە قوبووڵی نەکا، لێی تەزمین و تەسلیم بەساحێبی دەکات. لەگەڵ ئەمەیش هەر لە دەعوای سوڵحدا مەحکەمە دەتوانێ بێ ئیستیدعا دەعوا قوبووڵ بکا بە ئەو شەرتە ساحێب دەعوا بە قەڵەمی مەحکەمە موراجەعەت و دەعواکەی زەبت بکات.

عەرزوحالچیەکان ئەگەر بۆ مەحکەمە لە ئیستیدعا نووسینی ئوسووڵییدا ئیسرار بکەن، لە عەرزوحاڵچیەتیی مەنع دەکرێت!

حاکمی مونفەریدی لیوای سلێمانیی

[تەواو]

(*) ژیانەوە- س٢، ژ ٤٥، پێنجشەنبە ٢٢/١٠/١٩٢٥ز

(١) ئەم جارەم بۆ خوێندەواران و لێ کۆڵەکانی ڕۆمانی (مەسەلەی. ویژدان- ئەحمەد موختار جاف؛ س ١٩٧٠ز/ نووسراوی ١٩٢٨ز) هەڵبژارد کە زۆرایی عەرزوحاڵنووس دەڵێت (بەرتیلم دا تا کارێکی ئەوهە و فەرمانێکی ئەوتۆ دەربکرێت و هەر من بتوانم ئەرزوحاڵ بنووسم).



پ. ن: -/-/٢٧٧(*)

[دادگەی بیدایەتی سلێمانیی ــــ شێخ مەحموودی شۆڕشگێڕ](١)

[سلێمانیی]

[-/٢/١٩٢٦ز]

## ئیعلان

مەحموود ئەفەندیی ڕەئیسی بەلەدییەی سلێمانیی بە سیفەتی مومەسسیلی بەلەدییە، لەسەر حەفید زادە شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید، لە مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانیی، ئیقامەی دەعوای کرد، تەڵەبی تەحسێلی «١٠٠٦٤» ڕوپییە و «٣٨» لیرەی کرد کە لەوەختی خۆیدا ئەم پارەیە لە تەرەف ئەهالیی. سلێمانییەوە بۆ جەلبی ماکینەیێکی تەبع تەبەڕووع کرابوو و لە تەرەف شێخ مەحموودەوە غەسب کراوە. لەبەر ئەمە کە موودەعا عەلێهـ محەللی ئیقامەتی مەجهوولە، بینائەن عەلێهـ بۆ موحاکەمەی ٣٠ کانوون تانی ١٩٢٦، ڕۆژی شەممە سەعات پێنجی عەرەبیی تەعین کرا. سلە وەقتی موعەیییەندا ئەگەر موددەعا عەلێهـ خۆی بیلزات حازر نەبێ و یا وەکیلێکی موسەددەق بۆ مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانیی نەنێری، بە پێی ئوسووڵی موحاکەمە لە حەقی، بەغیابیی ئیجرا دەکرێ!

مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانی

[تەواو]

(*) ژیانەوە- س٢، ژ ٥٦، پێنجشەنبە، ١٤/١/١٩٢٦ز.

(١) ئەمە یێکێکە لە وێنەکانی سیاسەتی شەڕی ڕاگەیاندنی بریتانیا- عێراق و بە هۆی ئەم ڕۆژنامەیەی زمانحاڵییانەوە لە دژی حەفید زادەی نەتەوەپەروەر و شۆڕشگێڕ!

## ٣/٣/١ جاڕنامەی هەمەجۆرە

### ١/٣/٣/١. بەرنامەی سیاسیی

📖 پ. ن؛ س: -/-/٢٧٨(*)

بەرنامە- پرۆغرام- جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن لە سلێمانیی/ ئاشکرا]

[سلێمانیی]

[بەر لە ١٤/٢/١٩٢٥ز]

---

(*) ژیانەوە- س١، ژ١٦، پێنجشەنبە ٢٥ رەجەب ١٣٤٣- ١٩/٢/١٩٢٥ز.

ڕۆژنامەکە بە ئەم پێشەکییەوە، بەرنامەکەی بڵاوکردووەتەوە: (لەم ڕۆژانەدا خەبەر زانرا کە «عوسبەتولئومەم» هەیئەتێکی ناردووە بۆ عێراق بۆ تەدقیقی حودوود و بە موناسەبەتی ئەوەوە کە مەجلیسی عوسبەتولئومەم هەیئەتێکی ناردووە بۆ عێراق و ئەو هەیئەتە ئەڵبەتە بە هەموو مەهارەتی خۆیانەوە تەحقیقی ئەحواڵ و تەماشای حودوود ئەکەن و ڕاپۆر ئەدەن بە عوسبەتولئومەم، هەرچەندە نەزاهەت و ویجدان و حەقپەروەریی عوسبەتولئومەم و هەیئەتەکە کە هاتووەتە عێراق، جێی شوبهە نییە، فەقەت بۆ ئەوەی بەعزێ حەقاییق لە تەڕەف میللەتەوە عەرزی قۆمیسیۆنەکە بکرێ، عوموومی ئەشراف و توجار و ئەهالیی لە «جێگاییێک» گردبوونەوە و لە پاش گفتوگۆ و موزاکەرە، قەراریان دا کە بەناوی «جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن لە سلێمانیی»دا جەمعییەتێک تەشکیل بکەن و پرۆغرامێکیان بۆ ئەم جەمعییەتە تەرتیب کرد.). هەروەها دوای نووسینەکەی (بەرنامەکە)، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی؛ (بە کەماڵی مەسروورییەوە بەیانی ئەکەین کە ئەم پرۆغرامەو تەشکیل کردنی ئەو جەمعییەتە لە سلێمانییدا، لە تەڕەف حوکوومەتەوە تەسدیق کرا. بە عدەهو، ڕۆژی ١٤ی شوبات ١٩٢٥، عوموومی ئەشراف و توجار و مونەوویران و ئەسناف و کەسەبەی مەملەکەت، پاش نیوەڕۆ لە خانەقای مەولانا گردبوونەوە و شێخ محەممەد ئەفەندیی- گولانیی. K- بە سووڕەتێکی موختەسەر دائیر بەوەزع و وەزیفەی ئەهالیی لەم وەقتەدا نوتقێکی جوانی دا). ڕۆژنامەکە- وەکو تەواوی دووانەکەی بڵاوکردووەتەوە- ئەوجا نووسیویەتی؛ (ئینجا لە تەڕەف عوموومەوە)، قەرار درا کە لە ئەعزای عوموومییەی دائیمە، پانزە کەس بەناوی ئەعزای فەعالەوە ئینتیخاب بکرێ کە دائیما بۆ ئیش و کار و سەرپەرشتیی و موراجەعات و نەشری ئەفکار و مودافەعەی وەتەن لە فەعالییەتدا بن.

بە ئەکسەرییەتی ئارا، ئەم زەواتە ئینتیخاب کرا:

جەناب ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ [موتەسەرریف. K].

جەناب ڕەشید مەستیی ئەفەندیی

جەناب تۆفیق بەگ مەحموود ئاغا [پیرەمێرد. K] =



ئەساسی پرۆغرافی جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن لە سلێمانییدا(١)

ماددە:

١- ئەم جەمعییەتە بە ناوی جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن تەشەککول ئەکا.

٢- ئەساس و غایەی ئەم جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن و حودووی حازیرەی ویلایەتی مووسڵە کە لە موتەممیماتی عێراق مەعدووده.

---

= جەناب محەممەد ئاغای عەبدورڕەحمان ئاغا

جەناب شێخ محەممەد ئەفەندیی گولانیی

جەناب عیززەت بەگ عوسمان پاشا [جاف. K]

جەناب عەلیی عیرفان ئەفەندیی

جەناب حاجیی سەعید ئاغا

جەناب ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ [ئەحمەد حەمدیی شاعیر. K]

جەناب محەممەد بەگ قادر پاشا

جەناب حاجیی ئیبراهیم ئاغا

جەناب میرزا تۆفیق قەززاز

جەناب محەممەد بەگ حاجیی ڕەسوول بەگ

جەناب مەحموود ئەفەندیی ڕەئیسی بەلەدییە

جەناب فەتاح ئەفەندیی ئەوقات.

جەناب فائیق بەگ مەعرووف بەگ.

جەناب شەوکەت بەگ عەزمیی بەگ [بابان. K]

(١) ئەم کۆمەڵەیە- وەک ژمارە «١٧»ی ڕۆژنامەکە برووسکەی پشتیوانیی کۆمەڵی مووسڵی بڵاوکردووەتەوە- چەشنی کۆمەڵی مووسڵە؛ (جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن. مووسڵ: ٢٥/١/١٩٢٥) مەبەستی ئەم دوو کۆمەڵەیەش- بۆ یێک مەبەست دامەزراو- ئەوەیە؛ بەرهەڵستیی داخوازی تورکیای کەمالیی لەبەر چاوی لیژنەییێکی (کۆمەڵی گەلان) بکرێ کە لەسەرەتای س ١٩٢٥ز. دا پێکی هێنا بۆ ڕاوەرگرتنی خەڵکی هەرێمەکە لە مەڕ ئەوەی؛ ئایا چوونە پاڵ تورکیا یان پاڵ عێراق پەسەند دەکەن؟ لیژنەکە- دوای دیدەنیی کردنی لۆندۆن و ئەنقەرە- لە ١٦/١/١٩٢٥ز. دا گەیشتیە بەغداد و لە ٢٧/١/١٩٢٥ز. دا گەییشتە مووسڵ و نزیکەی دوو ڕاپۆرتی بۆ (کۆمەڵی گەلان) بەرز کردەوە. سەر ئەنجام کۆمەڵی گەلان لە ١٦/١٢/١٩٢٥ز. دا بڕیاری دا کە کێشەی مووسڵ ببڕێتەوە بە (لکاندنی ئەو هەرێمە بە مەملەکەتی بریتانیادا بێ) و هێندکۆکەیێکیش (مافی ڕۆشنبیریی بە کورد بدرێت!) جێگەی باسە، دوای تەواوبوونی ئەو بارە و گەڕانەوەی لیژنەکە، هەردوو کۆمەلەکەی مووسڵ چووە نیو پارتەکانی دی و پەرلەمانەوە!

٣- ئەفـرادی ئەم جـەمـعـیـیـەتە خـۆی بەکـوردێکی عـێـراقـیی ئەناسێ و وەتەن و مەملەکەتەکەیان لەگەڵ ویلایەتی مـووسـڵـدا بە جوزئێکی لایەنفەککی عێراق عەد ئەکات.

٤- بۆ تەئمینی ئەم غـایەیە کـە لە مـەوادی سـەرەوە زیکرکـراوە و کـافـیل و زامـینە بۆ سـەلامەت و سـەعـادەتی وەتەنیـیە و عـومـوومـییـەمـان، بە هەموو نەوعێ سەعـیی و تەشـەببوس کـردن و عـینـدەلئیـجاب تەحریرەن و شـیـفـاهەن بۆ مـەقـامـاتی رەسـمـیـیە، مـوراجـەعـەت و ئەفکاری عـومـوومـیـیـە بۆ ئیـغـای ئەم مـەقـسـەدە تەتنویرکـردن بە وەزیفەیێکی ئەساسییە بۆ خۆمان عەد ئەکەین.

٥- لە داخیلی ئەم پرۆغـرامـەدا بۆ نەشری ئەفکار و تەمـسـیلی هەیئەتی عـومـوومـیـیـەی جەمعییەت و بۆ عەرزکردنی ئەفکار و حیسسییاتی جەمعییەت، بە مەقاماتی لازیمە لە ئەعزای جـەمـعـییـەت هەیئەتێکی دائیـمـە لە تەرەف ئەفـرادی جـەمـعـیـیـەتەوە بە رەئیی خەفیی ئەکسەرییەت ئارا ئینتیخاب و تەشکیل کرا.

لە داخـڵی ئەم پرۆغـرامـەدا کـە لە سـەرەوە نووسـراوە، ئەعـزایەتیی ئەم جـەمـعـیـیـەتەمـان قوبووڵ و دەرعەهدە کرد!

[تەواو]

📖 ✡ پ. ن؛ س: -/-/٢٧٩(*)

[بەرنامەی جەمعییەتی پێشکەوتنی کوردان. سلێمانیی/ نهێنیی][(١)]

[سلێمانیی]

(بەر لە ١٩٢٦/١/٧ز]

پرۆگرامی جەمعییەتی پێشکەوتنی کوردان

١. ئەم جەمعییەتە کۆبووەتەوە بە پێی ئەو ماددانە کە لە خوارەوە نووسراوە، بەئیـتتیـفاقی

(*) گەنجینەی مستەفا سایب- بەهۆی ئازاد سایبی برازایەوە-؛ سلێمانیی: س ١٩٨٢ز.

(١) ئەم کۆمەلە (نهێنییە) کە من بۆ یێکەم جار ئاشنای دەکەم، شایانی ناسینەوە و لێ کۆڵینەوەیە، بە تایبەتی کە چ سەرچاوەیێکی مێژووی سیاسیی کورد لێی نەدوواوە و بەتەنێ ڕۆژنامەڤان و لێ کۆڵی فڕەنسیی (کریس کۆچێرا Chris kurshera) لە دانراوی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد- پاریس؛ س Le muvement  National kurde, paris 1979١٩٧٩)دا هەر هێندەی لێ گـــوتووە: ( لە =



هەموو لایێک بۆ مەنافیعی میللەتی کورد سەعی ئەکات.

٢. غـایەو مـەقـسـەدی جـەمـعـیـیـەت یێکـیـەتی، نەشری مـەعـاریف، تەنویری ئەفکار، موحافەزەی حوقووقی مەشرووعەی نیللەتی کوردە!

=ساڵی ١٩٢٦دا، ئینگلیز لە سلێمانییدا «کۆمەڵی پێشکەوتن»ی نهێنیی هەڵوەشاندەوە و بەری گرت کە ئامانجی ڕێکخستن و ڕووناکبیریی ئەندامەکانی بوو، بەڵام دوای ئەو خێرا کۆمەڵێکی دی پێک هات و جێگەی گرتەوە!/ ل٩١).

بۆ تێ گەییشتن و نزیک بوونەوە لە ناسینەوەی ئەم کۆمەڵەیەش پێ ویستی دەبینم سەرەتایێکی مێژووی کۆمەڵە- پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور تا هەڵکەوتنی ئەم کۆمەڵەیە ڕوون بکەمەوە و ئەوجا لە هەل و مەرجی هەڵکەوتنی ئەم کۆمەڵەیە بگەڕێم و بەندەکانیشی ورد بکەمەوە تا بزانین چۆن و لە لایێن چ کەسانێکەوە دامەزراوە و بۆچیی لەکار کەوتووە؛

سەرەتایێکی مێژوویی!

ئەو بەڵگە و سەرچاوانەی لەبەر دەستی مندا هەن؛ دڵنیایی دەبەخشن کە دووای هەڵکەوتنی- مەشرووتەی عوسمانیی- ژینی دەستووریی لە ١٩٠٨/٧/٢٣دا وەکوو لە باسێکی تایبەتدا دەردەکەوێت- هەواڵ ڕاستەکە (جەمعییەتی ئیتتیحادوتەرەققیی عوسمانیی- لقی سلێمانیی) هەبووە بەڵام سەرچاوەی ئەوتۆمان لەبەر دەست نییە تا (لقەکانی دی) کوردستانی باشوور بناسینەوە...

وێڕاش ئەوەم پێ سەیرە کە سەرچاوەیێ هەواڵ نابەخشێ لە مەڕ هەبوون و چالاکیی (جەمعییەتی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد- کورد تعاون و ترقی جمعیتی: ئەستەنبوولە ١٩٠٨/٩/١٩) لە کوردستانی باشووردا و بە تایبەتی لە سلێمانییدا!!

دوای پاکۆبوونی دەسەڵاتی عوسمانیی، لە سەردەمی یێکەم حوکوومەتی کوردستانی باشوور؛ ١٩١٨/١١/١٧دا- سەردەمی حوکمدار حەفید زادە مەحموود- چ هەواڵی بەدەستەوە نییە کە ئایا کۆمەڵەیێکی سیاسیی هەبووە یان نا؟ من خۆم باوەڕ دەکەم کردوکۆش هەبووە و چ کۆمەلەیێ نەبووە!

لە سەردەمی سلێمانیی داگیرکراوی ئینگلیزدا و لە نێوان ١٩١٨/٦/١٨- ١٩٢٢/٨/٥دا هەواڵی کەم و کورت لە مەڕ هەبوونی چەند کۆمەڵەیێکی سیاسیی و نهێنیی نەیاری ئینگلیز بەدەستەوە هەیە.

مێژوونووسی سەردەمەکە؛ ئەحمەد خواجە- بێ نیشان دانی مێژووی دامەزراندن، بەرنامە و شێوەی کارکردن، نێوی ئەندامان، باری چالاکیی و سنووری- دەگێڕێتەوە کە ئەم «کۆمەڵانە- پارتانە»: (بەرزیی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیدایانی کورد، وەتەنپەروەران بە سەرۆکایەتیی کۆنە ئەفسەری عوسمانیی جەمال عیرفان دامەزراو و هەبوون!). (١/٢٥؛ ج١، ل٦١)

یاداشتنووس ڕەفیق حیلمیی دەگێڕێتەوە کە بەنهێنیی و بە سەرۆکایەتیی خۆی (کۆمەڵەی =

٣. جەمعییەت بۆ گەییشتن بەم مەقسەدە لە هیچ نەوعە تەشەببوسێکدا متوسوور ناکات و

---

=سەربەخۆیی کورد- س ١٩٢٠) لە سلێمانییدا دامەزراوە و- خۆی گوتەنیی- بێ بەرنامە و تەمەن کورتیش بووە، بەڵام هەر خۆیشی چەند جارێ نێوی هێندێ ئەندامی دەستەی ڕێبەریی کۆمەڵەکەی هێناوە وەک: (ڕەفیق حیلمیی، ماجید مستەفا، مەحموود جەودەت. سەیید عەبداللەی سەیید حەسەن، عەزمی بەگ بابان) [١/٢٢؛ ب١؛ ل١٠٠- ١٠٤]

لەلاییێکی دیەوە هەر لە هەمان سەردەمدا، بە ئیزنی کاربەدەستەکانی ئینگلیزی داگیرکەری سلێمانیی؛ یێکەم کۆمەڵەی ئاشکرای نیمچە سیاسیی و ڕۆشنبیریی؛ (جەمعییەت کوردستان- ١٩٢٢/٧/٢١، سلێمانیی) دامەزراو بە هەڵبژاردنی ئاشکرا(١٣) کەسی ناسراوی سلێمانیی لە بازرگان و فەرمانبەر و ڕۆشنبیر و کۆنە ئەفسەری عوسمانیی بوون بە سەرۆک و ئەندامی دەستەی ڕێبەری ئەم کۆمەڵەیە کە ئەم زاتانە بوون: (مستەفا پاشا یامەلکێ- سەرۆک)، ئەندامان (ڕەفیق حیلمیی، ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، ساڵح ئەفەندی قەپتانچی، فایەق بەگ مەعرووف بەگ، حاجی ئاغا فەتح اللە، عیززەت بەگ عوسمان پاشا، بەهجەت ئەفەندیی سەرکار، عەلی ئەفەندیی باپیر، عەبداللە ئەفەندیی محەممەد ئەفەندیی، شوکری ئەفەندیی عەلەکە!)

بنۆڕە: [بانگی کوردستان- ژ١، ١٩٢٢،٨،٢].

ئەم کۆمەڵەیە- خۆی گوتەنیی- کە بۆ: (خزمەتی وڵات و بەرزکردنەوەی مەعاریف) هەڵکەوتووە، دیسان بێ بەرنامە بوو! بەهاتنەوەی حەفید زادە- شێخ- مەحموودیش لە ئەسارەتی هیندوستان و بوونی بەحوکمدار- مەلیکی کوردستان، ئەوپەڕی چالاکیی کۆمەڵەکە (بەهێزکردنی پێوەندیی کورد و حوکمداری کوردستان لەگەڵ ئینگلیز بووە، هەروەها لە سەرەتاوە دەرکردنی ڕۆژنامەیێکی حەوتۆیی زانستیی. کۆمەڵیی، ئەدەبیی، سەربەست و مللیی: (بانگ کردستان- ١٩٢٢/٨/٢٢- ١٩٢٣/٦/٨. سلیمانیی) لە دەست هاتووە!

بەگشتیش- ڕەفیق حیلمیی گوتەنیی- دوای هەڵکەوتنی دووەم حوکوومەتی کوردستان لە١٠/١١/١٩٢٢دا، (کۆمەڵە)ی نێوبراو بەرە بەرە پەک کەوتە و بێ ئەنجام بوو!

لە سەردەمی حوکمڕانیی پچڕ پچڕی حەفید زادە -شێخ- مەحموودی مەلیکی کوردستان: ١٩٢٢-١٩٢٤دا، هیچ کۆمەڵەیێکی سیاسیی دەنگ و ڕەنگی نییە و وێ دەچێ زۆریش پێ ویست بووبێ بۆیێکا یێکێکی وەک ڕەفیق حیلمیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی زمانحاڵی (حوکوومەتی کوردستانی جونووبیی!) لە ڕۆژنامەکەدا: (ئومێد ئیستقلال- س ١٩٢٣)دا بانگی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیێکی سیاسیی داوە و دەڵێت: (حەتتا لە تەحتی ریاسەتی جەنابی مەلیکدا بە پرۆغرامێکی قەتعیی و فائیدە بەخش «جەمعیەتێکی ئەحرار» تەشەکول بکا!!) [ئومید ئیستیقلال- ژ٨، ١٩٢٣/١١/٧ز] بەڵام وێ دەچێت کەس بە پیریەوە نەچووبێ و بانگەوازەکەی بۆ هودە بووبێ!!.=



خۆیشی بۆ یارمەتیی دانی ئەو کەسانەی کە خزمەتی ئەم غایەیە ئەکەن موکەللەف ئەزانێ!

---

= کۆمەڵە یێکەمەکانی سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەب

دوای داگیرکردنی سلێمانیی- پێتە ختی مەملەکەتی کوردستانی باشوور- لە لاییێن بریتانیا و عێراقی عەرەبەوە لە ١٩٢٤/٧/١٩ز. دا و لکاندنی باژێرکە بە دەسەڵاتی بەغدادەوە بارێکی نوێ خوڵقا. لە ئەو هەلانەشدا (کۆمەڵی گەلان) سەرقاڵی کێشەی- بەنێو هەرێمی مووسڵ- کوردستانی باشوور بوو:

لە ئەم ڕۆژگارەشدا- وەک بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵی ڕابردوو خرایە ڕوو- لە دەسەڵاتداران و خانەدان و ڕۆشنبیران و بازرگانەکانی سلێمانییدا و لە پێناوی پەرچ دانەوەی داخوازیی (تورکیای کەمالیی) بۆ گێڕاندنەوەی هەرێمی مووسڵ و دانەپڕانی لە عێراقی عەرەب، ئەو کۆمەڵە ئاشکرایە (جەمعییەتی موودافەعەی وەتەن- بەر لە ٢/١٤/ ١٩٢٥ز) دامەزرا کە وەکو بەندەکانی بەرنامەی دیارە، ڕەنگ و ڕوویێکی دڵڕفینی نییە بەرامبەر خەباتی خۆێناویی و مافی چارەنووسی گەلی کورد، هەر بۆیێکا لە تەک ئەو هۆیە و بەتایبەتیش بە ڕۆشنایی قاییل بوونی (کۆمەڵی گەلان) بەلکاندنی هەرێمی بەنێو مووسڵ بە مەملەکەتی عێراقی عەربەوە و کڵپەسەندنی سێیەم شۆڕشی حەفید زادە مەحموودیش لە چیادا، چاوەنۆڕ دەکرێت کە هەر (کۆمەڵێکی سیاسیی نهێنیی کورد) هەڵبکەوێت ئەمەش ڕووی داوە و (کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردان)ی نهێنیی دامەزراوە!

لێ کۆڵینەوە

ئەو بەرنامە سیاییە -لەسەر پەڕەییێکی زەردباوی ٣٠ × ٢٠س نووسراوە- دیارە بە دزییەوە وێنەی بە دەست نووسراوەتەوە گەیاندراوە بە (موتەسەڕریفی سلێمانیی) کە ئەویش بە قەڵەمی سووری خۆی لە داوێنی قاقەزەکەدا نووسیوبەتی (سیرڕی: تەحریرات؛ بەئینگلیسیی تەرجومە بکرێ و دوو سووڕەتی بۆ ئێمە بنێرێت! ١/٧).

وەک وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیشی لەبەر چاوە، دیارە کە هەڵکەوتنی ئەم کۆمەڵە، ترسێکی گەورەی هەبوو! بەڵام بۆچیی؟

جارێ پێویستە (بەرنامەی کۆمەڵەکە) لە بەرامبەر نووسینەکەی (کریس کۆچێرا) ڕابگرین و بە بەراوورد جوداییەکان ڕوون بکەینەوە:

«١». بە پێچەوانەی قسەی کۆچێراوە؛ (کۆمەڵی پێشکەوتن) نێوی تەواوی کۆمەڵەکە نییە و ڕاستییەکەی (کۆمەڵی پیشکەوتنی کوردان)ە.

«٢». بەپێچەوانەی قسەی کۆچێراوە کە دەڵێت؛ (مەبەستی کۆمەڵەکە ڕۆشنبیریی) بووە، ئەوە ڕاستییەکەی مەبەستی (موحافەزەی حوقووقی مەشرووعەی کورد)ە! =

٤- جەمعییەت بۆ پێشکەوتنی میللەتی کورد ڕەهبەری خۆی ئەمڕۆ حوکوومەتی بریتانیا ئەناسێ!

---

= «٣» وەک دەستنووسی موتەسەڕڕیفی ئەو ساتەی سلێمانیی- ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگە بەسەر قاقەزی بەرنامەکەوەیە و لەبەر چاوە؛ زۆر وێ دەچێ پێچەوانەی قسەی کریس کۆچێرا کە دەڵێت؛ (ئینگلیز لە سلێمانییدا کۆمەڵەی پێشکەوتنی هەڵوەشاندەوە و بەری گرت!) ئەوە نەک بەتەنێ ئینگلیز، بەڵکو بە هاریکاریی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز- عێراق؛ کۆمەڵەکە ناسرابێتەوە و قەدەغە کرابێ!

«٤». وەک موتەسەڕڕف مێژووی «١/٧»ی لێ داوە کە بێ گومان دەکاتە (١٩٢٦/١/٧ز)، دیارە کۆمەڵەکە لە ئەم مێژووەدا- بەرەسمیی - ناسراوەتەوە. بەپێی ئەم دەستنووسە و بەپێی ڕاگەیاندنەکەی کۆچێرا کە دەڵێت؛ (ساڵی ١٩٢٦ دامەزرا!) ئەوە ناچارین لایەنی ساڵی ١٩٢٦ بگرین و باسەکە ئەوها وەربگرین کە لە (یێکەم هەفتەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە سیاسییە نهێنییە)دا، نهێنبیرەکانی دەوڵەت، زەفەریان پێ بردووە و ناسیویانەتەوە!

«٥». بەپێچەوانەی بێ دەنگیی کریس کۆچێرا، ئاشکرا دیارە کە کۆمەڵەکە: (ئەمڕۆ بۆ پێشکەوتنی میللەتی کورد، بەریتانیا بەڕەهبەری خۆی دەناسێت!).

سێ پرسیاری گرنگیش چاوەنۆڕی لێ پرسینەوە و وەڵامن:

پ١: ئەم کۆمەڵەیە- ئینگلیزی بەڕەهبەری خۆی ناسیی بێ- بۆچیی بە ئاشکرا کار ناکات؛ بۆچیی بەری لێ گیراوەو قەدەغەکراوە؛

پ٢: دامەزرێنەکانی کۆمەڵەکە کێن؟

پ٣: ئەو کۆمەڵەیەی- کۆچێرا گوتەنیی- هەر زوو دووای کۆمەڵی پێشکەوتنە دامەزرا، کام کۆمەڵەیە؟

بەپێی توانا، وەڵام دانەوەی کورتم ئەمەیە:

١/١: لەلای ئینگلیزی چاودێری دەوڵەتی عێراق و حوکوومەتی مەملەکەتی عێراقیش، هەر کۆمەڵەیێکی کورد مایەی گومان و ترسە کە بێ ئاگاداریی خۆیان و بێ ئافەرینی قانوونیی، بەنهێنیی دابمەزرێ!

٢/١: ڕستەی (حوقووقی مەشرووعە!) لەوەتیی ئاگر بەستی جەنگی گێتیی یێکەمەوە، کە کەوتووەتە سەرزای چینە شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیرە نەتەوەپەروەرەکانی گەلی کورد... لە بۆ ئەو دوو لایێنەش؛ (ئینگلیز- عێراق) مایەی گومان و ترسە، بەتایبەتی لە ئەو ڕۆژگارانەدا- ڕۆژگاری دامەزراندنی کۆمەڵەکە- حەفید زادە مەحموود لە دژی هەردوو لا شۆڕشی دەگێڕا!

بۆ ڕاستیی و سەلماندنی باوی ئەم ڕستە گرنگە، تەنانەت بەکابراوی حەفید زادەش، ئەوە =



٥- واریدات و مەساریفات و تەئمینی موخابەرەی جەمعییەت بەپێی ئیقتیدار و

---

=بەڵگەیێکی زیندوو بەیاننامەیێکی سیاسیی ١٩٢٢/١٢/٢ی حەفید زادە خۆیەتی کە بڵاوە و تێیدا گوتوویەتی: (لە تەڵەبی حەققی مەشرووعمان ڕوو وەرناگێڕم حەققی ئەم میللەتە مەغدوورەم دەوێ و لازمە تا نیهایەت بۆ ئیستیحساڵی دەوام و ئیسڕار بکەم!)

بنۆڕە: [١/٩٣؛ ج٢، ل ١١١]

ڕاستییەکەیشی- وێڕای ئەوەی لە ئەم ڕۆژگارانەدا کێشەی هەرێمی مووسڵ و عێراق و کێشەی کورد کەوت بووە بەردەم کۆمەڵەی گەلان- لەلای حەفید زادە و لەلای زۆربەی ڕۆشنبیرەکان، (مافی ڕەوای کورد- حوقووقی مەشرووعە!) بریتیی بوو لە (سەربەخۆیی کوردستان) کە ئەمە هەرگیز لە بەرنامە سیاسییە دووڕەوەکانی ئینگلیز- عێراقدا نەبووە و قەدەغە بووە! کەواتە بەر لێ گرتن و قەدەغەکردنی پێ ویست بووە و وێش ناچێ ئینگلیز خۆی، هەرگیز ئافەرینی لە دامەزراندنی کردبێ!

١/٢: وەک چ بەڵگەنامەیێکی ڕاست و ڕەوان بەدەستەوە نییە وەڵام بداتەوە و دامەزرێنەکان ئاشنا بکات، کڵاوڕۆژنەیێکی ڕووناکیی هەیە و توانایێکمان دەداتێ بڵێین: باوەڕ ناکرێت لایێنگیرانی نزیکی حەفید زادەی شۆڕشگێڕ ئەم کۆمەڵەیەیان دامەزراندبێ و باوەر بەهێزترە کە ڕۆشنبیرانێکی لایێنگری (مافە ڕەواکانی میللەتی کورد و ئارەزوومەندی دۆستایەتیی کورد- ئینگلیز) ئەم کارەیان لە دەست هاتبێ! دیارترین چست وچالاک؛ (مستەفا پاشا یامەلکێ) بووە کە لە ڕۆیشتنە عومومییەکەی ١٩٢٣/٦/١٧ بەدوواوە چوو بووە بەغداد و لە ڕۆژگاری (هەڵکەوتنی ئەم کۆمەڵەیە)دا، هەر خۆی لە ١٩٢٦/١/٢٨دا- یازدە ڕۆژ دووای دەرکەوتنی بەرنامەی ئەم کۆمەڵەیە بۆ موتەسەڕڕیفی سلێمانیی- سەرلەنوێ ڕۆژنامەی (بانگ کوردستان: ژ١٤-١)ی لە بەغدادا دەرکردەوە و لە (بانگ کوردستان- ژ ١٤-٢: ١٩٢٦/٢/١٥)دا سەر گوتارێکی دەڵێت: (نەوەک لە کوردستانی وەسەتا- کوردستانی عێراق/K- هەموو وڵاتی کوردانی تر حەز دەکەن بە بوونی ئینگلیزان کە هەمیشە چاویاریان- چاودێریان/K- بکەن و ئارەزووی ئەوان لەسەر هەرچیی بێت کوردان بۆ مەسڵەحەتی خۆیان پێیان خۆشەو دەزانن کە ئینگلیزان ئێسکانی کوردان ناشکێنن!!)

تەنانەت لە هەمان ژمارەدا مستەفا پاشا شیعرۆکەیێکی خۆی بڵاوە کە تێیدا دەڵێت:

ئێمە کوردین دۆستی ئینگلیزین ئەگەر گیو لە ئیمەی نەکا ئیددیعای ئێمە (!!!) تەسلیم گوڕگانمان نەکا!

بەڵام هەر دووای (بانگ کوردستان: ژ ١٤- ٣: ١٩٢٦/٤/١)

دەنگی مستەفا پاشا کپ و وێنەی ڕۆژنامەکەیشی بۆ بەرەو دووا لە چاوان ون بوو!!

٢/٢: لە هەلی دەکردنی ڕۆژنامەی نێوبراودا و هەڵکەوتن و ئاشکرا بوونی (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان) بۆ کار بەدەستەکان، لە لایێکەوە جم و جووڵ بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی عێراقیی و هەڵبژاردن لە ئارادا بوو، مستەفا پاشاش یێکێ بوو لە نێو ڕیزی کەسەکانی کورددا کە بە هیوای =

حەمییەتی خۆیان دوو خوولییە ئەدەن بە سندووقی جەمعییەت بێجگە لە دوو خوولییە،

---

=هەڵبژاردن و سەرکەوتنی خۆی بوو... بنۆڕە: (لە ئەشراف و تیجار و مونەوویرانی سلێمانیی؛ فەتاح بەگ زادە ئەحمەد، عەبدوڕڕەحمان ئاغازادە محەممەد ناجیی، حاجی ئیبراهیم خەففاف، حەسەن ئاغا زادە حاجی، مەحامیی ڕەفیق تۆفیق، تۆفیق قەززاز، ڕەشید مەستی، مەعرووف بەگ زادە فایەق، حاجی شەریف زادە فەتاح. حاجی فەتاح زادە ڕەمزی) لە بریی سەد کەسی ناسراوی سلێمانیی؛ ئاگاداری نامەیێکیان بۆ ڕێبەری ڕۆژنامەی (ژیان)ی سلێمانیی ناردووە کە تێیدا گوتوویانە: لەبەر ئەوەی حاجی مستەفا پاشا بە زاتێکی موقتەدیر و بەلیاقەت ئەزانین، بۆ ئەوەی کە سلێمانیی لە مەجلیسی نووابدا- پارلەمان/K- تەمسیل بکات، نامەزدیی موشار و ئیلێه ئیعلان دەکەین!). [ژیان- ژ ٥؛ ١٩٢٦/٢/١٨ز] بەتیشکی ئەم ڕووناکییە ئاشکرایە کە (مستەفا پاشا) لایێنگیرانێکی لە ڕیزی هەرە ناسراوەکانی سلێمانییدا هەیە و متمانەی پێ دەکەن و پشتیوانین!

کەواتە زۆر چاوەنۆڕ دەکری لەنێو ئەو کۆمەڵە کەسانەوە (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان) سەری هەڵ دابێ و دامەزرابێ، بە تایبەتیش کە -لای لێ کۆڵەکان- زۆربەی ئەو نێوانە، بەوردبوونەوە لە تێکەڵییان، بەدۆستی پێوەندیی کورد- ئینگلیز دێنە بەرچاو!

١/٣: وێڕای ئەوەی کۆچێرا نێوی (کۆمەڵەکەی بریی کۆمەڵەی پێشکەوتن!!)ی نەبردووە، ئەوە کۆمەڵەیێ کە زۆر زوو دووای ١٩٢٦/١/٧ دامەزرابێ و جم و جوولی خێرای بە دوودا هاتبێ، ئەوەیە کە لە ١٩٢٦/١/٢٧دا- بیست ڕۆژ دووای ناسینەوەی بەرنامەی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان- سێ کەسی بەنێوبانگی سلێمانیی: (پارێزەر ڕەفیق تۆفیق، ڕەمزیی حاجی فەتاح، فایەق مەعرووف بەگ) کە لە ڕیزی پشتیوانەکانی مستەفا پاشاشدان، داخوازییان داوە بە وەزارەتی نێوخۆی عێراق بۆ دامەزراندنی (جەمعیەتی زانستیی کوردان- سلێمانیی) و دەزگەی نێوبراویش بە نامەی (ز ٥٧١- ١٩٢٦/٢/٢٤) ڕەزامەندیی نواندووە و شەوی ٢-١٩٢٦/٤/٣یش ئاهەنگی کردنەوەی کۆمەڵەکە کراوە و ئەو سێ کەسە دامەزرینەش بوونەتە ئەندامی ڕێبەریی کۆمەڵەکە و- موتەسەڕڕیف- ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و- موتەسەڕڕیف- ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەکە! [ژیان- ژ١٣، ١٩٢٦/٤/٢٥ز]- کەواتە هەر ئەم دووەم کۆمەڵە ئاشکرا و ڕۆشنبیرییە دووای کۆمەڵە نهێنییەکە ( پێشکەوتنی کوردان) دامەزراوە و ئەم جێگەی گرتووەتەوە نەوەکا کۆمەڵەیێکی دی وەک کۆمەڵەی زەردەشتی نهێنیی و دامەزراوی مستەفا سابیب کە دوای دامەزراندنی بە ئەندازەوان لە دەزگەی ئەشغال سلێمانیی و پاییزی ١٩٢٦دا، ئەم کارەی لە دەست هاتووە.

ئەنجام

وێڕای ئەوەی هەر بەڵگەنامە هەموو نهێنییێ ساغ دەکاتەوە، دەتوانم بڵێم ئەم ئەنجامانەم لەبەر چاوە:

١. کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان کە وێ دەچێ لە یێکەم هەفتەی ساڵی ١٩٢٦دا دامەزرابێ، =



ئەوانەی کە ئەسحابی مەعاشن بەپێی مانگانەیان لائەقەل بەنیسبەتی سەدیی دوو نیو، ئەبێ یارمەتیی جەمعییەت بدەن، لەوە زیاتر یارمەتیی دان بۆ ئەسحاب جەمییەت مەربووتی ویجدانیانە!

[تەواو]

---

=یێکەم کۆمەڵەی سیاسیی نهێنیی بووە لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقدا و- خۆی گوتەنیی- مەبەستی پێشکەوتنی میللەتی کورد و یێکیەتیی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی و لەسەروو ئەوانەشەوە (پاراستنی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد) بووە.

٢. قەدەغەبوونی بەتەنێ ئەنجامی بارە نهێنییەکەی نییە، بەڵکو ترسی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز- عێراق بووە لە ئامانج و مەبەستەکانی بەتایبەتی لە (مافە ڕەواکانی میللەتی کورد!).

٣. دامەزرێنە (ون)ەکانی، کەسانێکی دۆستی پێوەندیی و هاریکاریی کورد- ئینگلیزن. هەر بۆیێکا بێ سڵ کردنەوە (حوکوومەتی بەریتانیا بە ڕەهبەری- ئەو ڕۆژەی- دەناسێت!) هەرگیز باوەڕیش ناکرێت کە سەر بە حەفید زادە مەحموود و بەرنامە سیاسیەکانی ئەو بووبێ!

زۆرتر وێ دەچێ کەسانێکی دۆست و لایێنگری مستەفا پاشا یامەلکێ بووبن کە وێش دەچێ- دووای ئاشکرابوونیان- بەشداری دامەزراندنی (کۆمەڵەی زانستیی کوردان)ی ڕۆشنبیرییان کردووە.

٤. کۆمەڵەی باس کراوی کریس کۆچێرا- دوای کۆمەڵەی پێشکەوتن- کە زۆر زوو هەڵکەوتبێ، هەر (کۆمەڵەی زانستیی کوردان- سلێمانیی)یە. باوەڕیش بەهێزی کە بنچینەی ئەم کۆمەڵەیەش مەڵامەتێکی سیاسییە نەک ڕۆشنبیریی ڕوون!!

* تێ بینیی: وشەی (جمعیە)ی عەرەبیی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا تا دووای دروست بوونی مەملەکەتی عێراقی عەرەبیش لە بریی (حزب، پارت)ی سیاسیی، تەنانەت ڕۆشنبیریی بەکار دەبرا، بۆ یێکا (جەمعییەتی پێشکەوتنی کوردان) وەکو پارتێ دەناسرێت. وێنەی مەتنە ئینگلیزییەکەش لەبەر چاوە، وشەی (جەمعییەت) بە شێوەی (کۆمەڵە؛ یێکیەتیی Assoia-tion) وەرگێڕدراوە.

٢/٣/٣/١. بەرنامەی ڕۆشنبیریی.

🕮 پ. ن: -/-/٢٨٠(*)

[بەرنامەی کۆمەڵی- ڕۆشنبیریی و کۆمەلیی- زانستیی کوردان. سلێمانیی](١)

پرۆغرامی جەمعییەتی زانستیی کوردان. سلێمانیی.

١. ناوی جەمعییەت؛ (جەمعییەتی زانستیی کوردان) و مەرکەزی سلێمانییە.

٢. مەقسەدی جەمعییەت: تەعمیم عیلم و مەعریفەتە لە کوردستاندا بەپێی ئەم وەسائیتە:

ئە: بە نەشری غەزەتە و وەسائیلی کەوە

بێ: تەرجەمە و تەئلیف و کتێبی تەدریسییەوە سائیرە.

جێ: مەکتەب کردنەوە و ئیجرای تەدریسات بە ڕۆژ و بەشەو

حێ: بە سووڕەتی موحازەرە و ئەهالیی تەنویرکردن.

دێ: کتێبخانە کردنەوە.

هێ: بۆ ئیکمال تەحسیلْ بۆ مەمالیکی موتەرەقییە، قوتابیی ناردە.

(*) (ژیان- س ١٩٢٦) بەرنامەکەی بڵاوکردووەتەوە و من لە مەنفادا لەبەردەستم نییە، بۆیێکا لە سەرچاوە: ٩٤/٣/١؛ ج٢، ل٦٠١- ٦٠٢ەوە وەرمگرت.

(١) کۆمەڵەکە- وەک ژیان نیشانی داوە- بەنامەی ٢٥٧١ی ڕۆژی ١٩٢٦/٢/٢٤، وەزارەتی نێوخۆی مەملەکەتی عێراقی عەرەبەوە ئیجازەی دامەزراندنی بەرکەوتووە و لە شەوی ٢-١٩٢٦/٤/٣ز، دا ئاهەنگی دامەزراندنی گێڕاوە و یێکەم دەستەی بەڕێوەبردنیشی هەڵبژاردراوە کە ئەمەن:

| | |
|---|---|
| سەرۆک | موتەسەڕڕیفی مەعاریفپەروەر جەنابی ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ |
| ئەندام | قازیی جەنابی شیخ مستەفا ئەفەندیی [قەرەداغیی] |
| ئەندام | قازی جەنابی محەممەد ئاغا عەبدوڕڕەحمان ئاغا. |
| ئەندام | قازی جەنابی عیززەت بەگ عوسمان پاشا |
| ئەندام | قازی جەنابی غەفوور ئاغا |
| ئەندام | قازی جەنابی ڕەمزیی ئەفەندیی [ڕمزیی فەتاح] |
| موحاسیب | قازی جەنابی فایێق بەگ مەعرووف بەگ |
| موعتەمید | قازی جەنابی ڕەفیق ئەفەندیی [ڕەفیق تۆفیق] |



٣. جەمعییەت ئەحواڵی تەئریخییە، جوغرافییە، ئەتنۆغرافیەی کوردان بە سووڕەتی مەخسووسە تەدقیق و مەحسووڵی مەساعیی نەشر دەکات.

٤. جەمعییەت بۆ تەئمینی مەحەببەت و موئانەسەت لە مابەینی ئەهالیی و حوکوومەتدا وە بۆ تەقوییەی ڕووحی ئیتاعەت، بە سووڕەتی مەخسووسە و بەواسیتەی ئەعزایان مەخسووسیی پەند و نەسیحەت ئیجرا دەکا.

٥. جەمعییەت بەهیچ سووڕەتێک لەگەڵ سیاسەت خەریک نابێ.

| | | |
|---|---|---|
| مەعرووف بەگ زادە | مەحامیی | حاجیی فەتاح زادە |
| فایێق | ڕەفیق تۆفیق | ڕەمزیی |

[تەواو]

٣/٣/٣/١. بەخێرهاتننامە.

🕮 پ. ن: -/-/٢٨١(*)

[پ/ پێشکەوتن ـــ مستەفا پاشا یامەلکێ]

[سلێمانیی]

[١٩٢١/١٠/٦ز]

هاتنەوە

جەنابی حاجیی مستەفا پاشا یێک دوو مانگ لەمەوپێش لە ئەستەنبووڵەوە هات بووە بەغداد. لە بەغدادیشەوە تەشریفی هاتەوە ئێرە. شەوی سێ شەممە، ٤ی مانگ گەییشتەوە سلێمانیی.

بەناوی خۆ وڵاتییەکانەوە بەخێرهاتنی دەکەم.

پ [پێشکەوتن - سلێمانیی]

[تەواو]

(*) پێشکەوتنی- سلێمانیی؛ س٢، ژ٧٦، پێنجشەممە؛ ١٩٢١/٧/٦ز.

پ. ن: -/-/٢٨٢(*)

[پ. پێشکەوتن ـــ ڕەفیق حیلمیی]

[سلێمانیی]

[١٩٢١/١٠/١٣ز]

هاتنەوە

جەنابی ڕەفیق حیلمیی ئەفەندیی لە کەرکووک بۆ سێ چوار ڕۆژ تەشریفی هاتووەتەوە سلێمانیی. لە مەدرەسەی سانەویی و نموونەی سەعادەتدا دەرس دەڵێتەوە، وا ڕادەپەرموریێت کە منالی ولات زۆر ئیستیفادەی لێ بکەن. دوعای مووە ففەقییەتی دەکەم و بەخێرهاتنی لێ دەڵێین!

پ [پێشکەوتن- سلیمانیی]

[تەواو]

پ. ن: -/-/٢٨٣(**)

[بانگی کوردستان ـــ مەلا مەحموود - بیخودی شاعیر]

[سلێمانیی]

[١٩٢٢/٨/٢١ز]

بەخێرهاتن

شاعیری شەهیری کورد، موفتیی زادە جەنابی مەحموود بێخود ئەفەندیی کە موددەتێک بوو لە کەرکووکدا ئیقامەتی کردبوو، هەفتەی پێشوو تەشریفی هاتەوە بۆ سلێمانیی. بەخیرهاتنی ئەکەین!

بانگی کوردستان.

[تەواو]

(*) پێشکەوتن- سلێمانیی؛ س٢، ژ٧٧، پێنجشەممە ١٣/١٠/١٩٢١ز.

(**) بانگی کوردستان- س١، ژ٣، دووشەممە ١٩٢٢/٨/٢١ز.



پ. ن: -/-/٢٨٤(*)

[بانگی کوردستان ـــ کۆمەڵێ ئەفسەری کورد]

[سلێمانیی]

[١٩٢٢/٩/٢٩ز]

تەشریف

بێکباشیی ئەرکان حەرب جەنابی تۆفیق وەهبیی بەگ و بێکباشیی خالید سەعید بەگ و یوزباشیی ڕەشید ئەفەندیی و مولازیم ئەمین ئەفەندیی و مولازیم ڕەواندزلیی ئەمین ئەفەندیی لە بەغدادەوە، ڕۆژی دووشەمبە ٢٥ی ئەیلول ٩٢٢ تەشریفیان هێناوە بۆ سلێمانیی. عەرزی بەخێرهاتنیان ئەکەین!

بانگی کوردستان

[تەواو]

پ. ن: -/-/٢٨٥(**)

[ڕۆژی کوردستان ـــ ساڵح زەکیی ساحێبقران]

[سلێمانیی]

[١٩٢٢/١٠/١٥ز]

تەشریف

بێکباشیی جەنابی ساڵح زەکیی بەگ کە یێکێکە لە ئەزکیا و وەتەنپەروەرانی کورد، لەمەوپێش لە عەقرە قائیمقام مولکیی بووە، مەحزەن بۆ خزمەتی وەتەن و میللەت ئیستیعفای کردووە و هەفتەیێک لەمەوپێش تەشریفی هێناوەتە سلێمانی، بەخێرهاتنی دەکەین!

[بێ ئیمزا]

[تەواو]

(*) بانگی کوردستان- س١، ژ٨، جومعە ١٩٢٢/٩/٢٩ز.

(**)ڕۆژی کوردستان- س١، ژ١، چوارشەممە ١٥/١٠/١٩٢٢ز

📖 پ. ن: -/-/٢٨٦(*)
[ژیانەوە ـــ پیرەمێرد]
[سلێمانیی]
[١٩٢٥/٢/٢ز]

هاتن

جەنابی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغا کە ٢٣ ساڵە لەوەتەن دوور کەوتووەتەوە، شەوی ٣٠ی کانوون سانیی ٩٢٥ تەشریفی هاتەوە. مەملەکەتەکەمان بەقودوومی ئەم زاتە زۆر مەسروور و پێخۆشحاڵە. بەناوی هەموو خۆ وڵاتییەکەوە بەخێرهاتنی دەکەین.

ژ [ژیانەوە]

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٢٨٧(**)
[ژیانەوە ـــ ساڵح قەفتان و هی دی]
[سلیمانیی]
[١٩٢٥/٩/١٧ز]

هاتن

حەفتەی ڕابوردوو ساڵح ئەفەندیی قەپتانچیی- قەفتان. K- بە مودیرییەتی مەکتەب، مودیری سەییار و وەکیل غەزەتەی ئەلموفید قەیسی زادە جەناب سەیید مستەفا ئەفەندیی بۆ گرکردنەوەی بەدەڵاتی ئیشتراکی ئەلموفید، تەشریفیان هێناوەتە سلێمانیی عەرزی تەبریکی ئەووەلیان و بەخێرهاتنی هەردووکیان ئەکەین!

[بێ ئیمزا]

[تەواو]

(*) ژیانەوە- س١، ژ١٤، دووشەنبە ١٩٢٥/٢/٢ز.
(**) ژیانەوە: س٢، ژ٤١، پێنجشەنبە ١٩٢٥/٩/١٧ز.



📖 پ. ن: -/-/٢٨٨(*)
[ژیانەوە ـــ مەلیکی عیراقی عەرەب]
[سلێمانیی]
[١٩٢٥/١٢/٣ز]

تەشریف

حەزرەتی جەلالەتی مەلیکی موعەززەم و خۆشەویستمان، ئێوارێی ڕۆژی پانزدەی مانگی جاریی تەشریفی بە بەغدا فەرمووەتەوە، بە کەماڵی خوڵووسەوە عەرزی خۆش ئامەدیی تەقدیمی جەلالەتیان ئەکەین.

[بێ ئیمزا]

٤/٣/٣/١ بەیاننامەی سیاسیی

📖 پ. ن؛ س: -/-/٢٨٩(**)
[حەفید زادە مەحموودی مەلیک ـــ گشت]
[سلێمانیی]
[نێوان تەشرینی دووەم - کانوونی یێکەم/ س١٩٢٢ز]

بسم الله الرحمن الرحیم

وەما تەوفیقی وەما ئیعتیسامی ئیللا باللە عەلێهی تەوەککەلت وەئیلێهی ئونیبب.

ئەمرۆ هەرچیی کوردە و ئیسلامە و لە دیانەت حیسسەمەندە، وا دەزانم کە لەلای مەعلووم و موحەققەقە کە من نە مەحروومی جاه و ئیقبال و نە موحتاجی ماڵ و مەنسەبم! من؛ ئەساسەن تەعەسسوبی دینیی سەوق و حەمییەت منی مەجبوور کرد بەفیدای ماڵ و جاهم بۆ ئیستیقلال و ئیستیخلاسی ئەم میللەتی نەجیبەی کوردە و هەر موعامەلەیێکم بەسەرهات و لە ئەم ڕێیەوە بۆ ئەو مەقسەدی خێرە، گەلێ شەهید و ئەسیر و زەرەرێکی عەزیمان دی. ئومێدەوارم ئەم فیداکارییەم لەلای هەرچیی ئیددیعا دەکا بە کوردایەتیی هەموو کوردێک موسەددەقە و بە شەرەفی ئەم جیهاد و فیداکارییەم ئیفتیخار ئەکا و لە ئەو سایەیە ناو و مەوقیعی کوردایەتیی ئەمرۆ لە لای هەموو کەس بڵندە و هەموویان

(*) ژیانەوە- س٢، ژ٥١؛ پێنجشەنبە١٩٢٥/١٢/٣ز.
(**) بڵاوکراوە- بە فۆتۆکۆپییەوە- ؛ ١/٩٤؛ ج٢، ل ٤٢٨.

ئەزانن ئێمە قەومێکی دیندار و جەنگاوەرین و بۆ زەڕڕەیێکی خاکی پاکمان دەمرین و دەژین و لە ئەم ڕێ بمرین، شەهید بمێنین، سەعید و بەختیارین.

ئەمڕۆ هەموو میللەتێک بۆ حەق و سەعادەتی خۆی سەعیی و ئیجتیهاد دەکا کە خۆی لە ژێر زنجیر و زوڵم و ئیستیبداد خەلاس بکا، ئێمە تاکەی زەرەر و مەنافیعی خۆمان نەزانین و بۆ مەنافیعی سیاسەتی یێکێکی کە، ئالەت بین و خوێنی ئەمەندە ئیسلام و برادەرانی خۆمان بڕێژین و بۆ مەنافیعێکی زۆر و یا کەمی دنیا، ئاخیرەمان بفرۆشین و بسووتێنین و میللەتە بێ گوناهەکەی خۆمان لەژێر پێی ئەجنەبیی بهێڵێین؛ بۆ خاتری خودا و پێغەمبەر بەسە، لەمەو دوا هوشیار و لەم خەوی غەفلەتە بێداربین و یێکتریی نەخەڵەتێنین!

ئەم فورسەتە عەزیمەی ئەمڕۆ لە دەستماندا هەیە دەرینەهێنین، ڕۆژێکی وامان ئیتر دەست ناکەوێ، لە پاشا نەدامەتیش فائیدەمان نادا، ئەبەدیی مەحکوومی سەفالەت و مەنفوری عالەمیش دەبین!

ئێمە، وا لە ڕێی حەق و (ئیستیقلالییەتی تامەی و سەربەخۆیی کوردستان) خەریکین و بەهەموو سووڕەت و وەسیلەیێک تەشەببوسمان کردووە و دەیکەین و ئێستاش ئومێدمان قەتع نەبووە و بۆ موساعەدەمان هەرکەس دەستمان بگرێ، دەستی دەگرین، فەقەت خۆمان ژێر بارێکی لە تاقەممان خاریج ناهێڵێین و (لەگەڵ هەموو دراوسییەکانمان دەمانەوێ کە بە دۆستیی و بە خۆشەویستیی ڕابیتەیێکی چاک بە ئەساس دابنێین، فەقەت بە شەرتێک ئەویش قەدر و قیمەت و حوقووقمان بە تەمامیی بناسێ و ئیعتیرافمان پێ بکات!)، چونکی ئێمە میللەتێکین زیللەت قوبووڵ ناکەین و بۆ موحافەزەی شەرەفمان حەیاتی خۆمان دەفرۆشین و بەوە ئیفتیخار دەکەین.

وەلحال خەبەرێکمان وەرگرت کە (سەیید تەها ئەفەندیی) لەم ڕۆژانەدا تەعەهھودی کردووە، بەناوی کوردایەتییەوە، بەپارەیێکی زۆر و بەقووەتێکی چەند سەد کەسیی، موتەوەججیهـ و ساعییەکە عەسکەرەکانی تورک بە شەڕ لە ڕوراندز و ئەترافی تەڕد و ئیخراج بکات!

بە ئەم حەرەکەت و ئەم تەشەببووسەی ئەم زاتە، قەتعییەن من خەبەر و موافەقەتم نییە. (سەیید تەها ئەفەندیی) و تەڕەفدارانی (نە لەگەڵ من و نە لەگەڵ حوکومەتی کوردستانی من، هیچ عیلاقە و موراجەعەتێکیان نییە و نەبووە!).

من، ئەگەر مەنافیع و ئیستیخلاسی ئەم میللەتە بەخێر و بە ئەم سووڕەتە مووافیق و



چاکتر بزانیایە، ئەلحەمدوللە، من ئەم قووەتەم هەیە کە بە هەر سووڕەتێک حەرەکەت و موحافەزەی حوقووقی کوردستانی خۆم بکەم. فەقەت هەتا (ئەم حەققە مەشرووعە) و ئەو مەتاڵیبە مەحزەی کوردستان بەتەواویی تەسلیم بەدەستمان و ئیعتیرافی پێ نەکرێ، مومکین و مووافیق نییە بەهیچ حەرەکەتێک تەشەببوس بکەین!

ئەی قەومی عەزیز و جەنگاوەری کورد، بەسە ئیتر یێکتریی بخەڵەتێنین دین و دنیامان، قەوم و براکانمان بۆ ئیستیفادەی مەنافیعێکی ڕەزیل بکوژین، خوێنمان بفرۆشین ئەلحەمدوللە ئێمە ئیسلامین، کوردین وبۆ سەلامەتیی میللەتی کورد ئەژین. پشتمان بەخودا، دەستگیرمان حەزرەتی پێغەمبەرە، لە ئاخیرەت لە شەفاعەت مەحرووممان نەکات. ئیمانمان ئەلحەمدوللە بە قووەتە، دینمان دینی محەممەدە، ئیمانمان (قرآن)ی عەزیمولشەئنە، بێدار و هۆشیاربین، بەحەول و قووەت نیهایەت نەتیجەی زەرفەرهیی ئێمەیە!

ئەمڕۆ من لە سلێمانیی، هەموو عەزم و قودرەتم و بەڕۆح و ماڵم، بۆ حەیات و (ئیستیحساڵی ئیستیقلالی کوردستان) وەقف کردووە. سەعیی و موجاهەدە دەکەم لە هەموو براکانی کوردیشم موساعەدە و موعاوەنەت لازمە و حەتا ڕۆح و نەفسم هەیە، لەم فیداکارییە و لە ئەم شەرەفە ناگەڕێمەوە، خوداو عالەمی ئیسلام و هەموو کورد موعین و زەهیرمانە و ئینشاالله هیچ قووەت و سەتوەتێک، فوتوور و ساردمان ناکات لە تەڵەبی (حەققی مەشرووعمان) ڕوو وەرناگێڕم!

حەققی ئەم میللەتە مەغدوورەم ئەوێ و لازمە تا نیهایەت بۆ ئیستیحساڵی دەوام و ئیسرار بکەم و ئەم میللەتە مەحوو وە قوربانی و مەنافیعی غەیرە نەکەم

والله عەلا ما ئەقوول وەکیل، وەلعاقیبەتو لیلموتتەقین، وەسسەلامو عەلا مەن سەمیعە وە وەعا![1]

فیدائیی میللەتی کورد
حەفید زادە مەحموود.

[تەواو]

---

(١) بۆ پتر تێ گەیشتنی ئەم بەیاننامە سیاسییە مێژوویییە- بەکورتیی هێندێ قسەوباسی نوسراوەی خاوەندی کورد تورک و عەرەب؛ (٢/٤/١٠٠؛ ل٢٧٦) لە ئەم بارەیەوە دەگێڕمەوە... ئەدمونس دەڵێت: (ئەو هەلە بەدڵدا دەهات کە پێشنیاز بکرێت ئەو مەنسەبەی کە درابوو بەشێخ مەحموود، بیدرێتی!/ واتە بەسەیید تەها. K).

ئەدمۆنس پتر دەڵێت؛ (سەیید تەها ئامادەیی هاریکاریی نواند بۆ دەست گرتنەوە بەسەر ڕواندرزدا =

پ. ن: س: -/-/ ۲۹۰(*)

[فەرماندەی گشتیی و مەلیکی کوردستان مەحموود ـــــ گشت]

بەیاننامە، ژمارە:۱

۸ی مارتی ۱۳۳۹ [ر- ۱۹۲۳/۳/۸ز / دووەم شۆڕش]

۱. پێنج مانگ لەمەوپێش بەناوی عومومی کوردستانی جونووبییەوە بۆ تەشکیلی حوکوومەتێکی کورد، حوکوومەتی ئینگلتەرە لەسەر هەیەجان و فەعالییەتی عەشائیر مەجبوورییەتێکی حیس کرد، لە سلێمانییدا دەست کرا بە تەشەبووسات و تەشکیلاتی حوکوومەتی کوردستان، لەگەڵ موشاویرین و مەئموورینی ئینگلیزدا دوور و درێژ کەوتنە موزاکەرە و لەبەر ئەوەی (.../ ناخوێندرێتەوە) و قیامی عەشائیر بە تەشکیلی حوکوومەتی سلێمانیی، موبەددەلی سوکووت و ئاساییش بوو، ئینگلیز دەستی کرد بە بەهانە گرتن، لە وەعد و میساقی خۆی نکوولیی کرد گەلێ موشکیلات ئیفساداتی هێنایە مەیدان لاکین ئێمە لە حوسنی نییە لامان نەدا لەبەر ئەوەی کە بە شکلێکی موستەحسەن ئیستیقلال و سەربەخۆیی کورد ئیستیحساڵ بکرێ، لە ئەسنای موزاکەرەدا موقابیل مەتالیبان و بیانووی ئینگلیز گەلێ مەتانەت، فیداکاریمان ئیبراز کرد. لاکین مەعەلئەسەف حوسنی نییەت و فیداکاریی ئێمە هیچ نەتیجە بەخش نەبوو. نیهایەت بەبێ وەسیلە، بە بێ ئیجاب، بە تەیارە ئەهلی شاری سلێمانیی تەهدید کرد!

تەشکیلاتی میللییەی ئێمە بە بەیاننامەی خۆی، ڕەسمەن ئیخلال کرد. بۆ ئیفساد و ئیخلالی کوللیی سەعیی و کۆششی کرد. فەقەت قەومی نەجیبی کورد کە بە ڕەئیی و تەنسیبی خۆیان منیان بە (ڕەئیس و مەلیکی خۆیان ئینتیخاب و قوبووڵ کردبوو)، بەم ئیفسادات و ئیخلالاتە ئیغفال نەبوون.

بۆ دەرچوونی من لە سلێمانیی، ئینگلیز ئەهالییان بە تەیارە تەهدید جائیز بینیی. موددەتێک لەسەر ماکینەی تەلغرافخانە، ئیستیرحامی بەقامی منیان کرد و لەژێر ڕیاسەتی شێخ قادر ئەفەندیی چوو بۆ کەرکووک، لاکین ئینگلیز بە بەهانە بوو، هیچ گوێی نەدایە ئەو ئیستیر حامات و مودافەعانە. ئەو ڕۆژە کە هەیئەتمان گەییشتە کەرکووک، مەعەلئەسەف (بۆ دەرچوونی من و تێک دانی ئیدارەی میللییەی کوردستان) ئینگلیز ئیسراری کرد. بە تەیارە هاتنە سەر شاری سلێمانیی، بە بۆمبای نیهایەت سیستەم مەملەکەتیان بوردومان کرد. بەم بۆردومانە گەلێ خانوو خراپ، بەعزێ کەس ماڵ وێران بوون. گەلێ منداڵ و عیالی بێ دەستەڵات و مەعسووم تەلەف بوون. ئەم وەحشەتە، بەڵێ ئەم تەجاووزە کە بۆ ئەهالییە بێ گوناه و بێ مودافەعەیە ڕەوا بینراوە، ئەڵبەت بێ جەزا نامێنێ. عالەمی مەدەنییەت و ئینسانییەت حیسابی ئەمە دەپرسیی (غیرت الله) دێتە غەلەیان!

۲. ئەم وەحشەتە، ئەم زوڵم و ئیعتیسافە، حەقیقەتەن مەربووتییەت و سەداقەتی ئەشراف و ئەهالیی تەئییدی کرد، لاکین من ئیستیراحەت و سەلامەتیی مەملەکەتم تەرجیح کرد. لەبەر ئەوەی کە ئینگلیز وەزعی بوردومانی ئەهالیی بۆ گوناه بکا، لە میانەی فوغان و ویداعی ئەشراف و ئەهالیی مەملەکەت لە شار دەرچووم. بۆ سەلامەتیی ئەهل و ماڵ و منداڵی شاری سلێمانیی، قەسەبەم مووەقەقەتەن تەرک کرد. ئوردوی کوردستان بە قوماندان و هەیئەتی زابیتان و ئەفرادیەوە، ڕەفاقەتی ئێمەیان تەرجیح کرد. ئەمانە لەگەڵ عەشائیر و ئەفرادی میللەتی کورد بۆ مودافەعە و ئیستیحساڵی حورییەت و ئیستیقلالییەتی کوردستان، هەتا ڕۆح لە بەدەنیانا مابێ، دەوامی موجاهەدە و مودافەعە دەکەن، خوا موعین و دەستگیری هەموو چاکان بێ!

۳. مەقسەدم لەگەڵ کەس، شەڕکردن نییە. موخالەفەتی حەققی کەس ناکەم، لاکین بۆ

---

= و دەرکردنی تورک. هەروەها گوتی کە خێڵەکەی خۆی و دۆستەکانی لە پیاوانی خێڵی هەرکییدا، ڕادەکێشێت و بەکاریان دەبات، بەڵام هەر هێندێ پشتیوانیی نێرووی هەواییو هێندێ تفەنگ و جبەخانە و پارەیێکی دەوێت بۆ دابین کردنی ئازووقە لەشکرەکەی. خۆیشی داوای چ پاداشتێکی نەکرد و هەر هێندەی هیوا بوو- وەک شێخ مەحموود. K- دەسەڵاتی بەسەر قەزاکانی ڕواندز و ئاکرێ و ئامێدیدا بکشێ.

سەیید تەها بەفرۆکە برا بۆ بەغداد بۆ کۆنگرەیێکی سێ قۆڵیی نێوان نوێنەری باڵای بریتانیا و پاشا فەیسەڵ و دەستەیێکی سلێمانیی بۆ باس کردنی دوارۆژی پێوەندییەکانی ئەو لیوایە- سلێمانیی. K- کە خودموختاریی بەر دەکەوێت و حوکوومەتی عێراق... هتد)

خوێندەوار بۆی هەیە باسی سەیید تەها و ئەو خۆبردنە پێشەوەی، بەراوردی یێکەم بەیاننامەی بریتانیا بکات کە لە (۱۹۱۸/۱۱/۱۷ز)دا حەفید زادەی بەنوێنەری کورد و لە سنوورێکی دیاریی کراودا ناسیوە!

(*) ۹٤/۱؛ ج۲، ل۵۰۹- ۵۱۰

دوای چۆڵ کردنی سلێمانیی بەهۆی بۆ مباردومانی نێرووی هەوایی بریتانیای داگیرکەر [بنۆڕە بەشی جارنامەی ڕەسمییی]

(حوقووقی مەشرووعەی میللەتی کورد) تەجاووزی کەسیش ڕەوا نابینم. ئەو زابتان و ئەفرادەی خەبەریان نەبووە و لە سلێمانیی دەرنەچوون، هەتا پانزەی مانگی مارت ئیلتیحاقی ئێمە بکەن. ئەوانەی کە لەسەر تەشویق و ئیغفالی بەعزێ موفسیدین لە قەتعەی خۆیان جوێ بوونەوە، دووبارە هەتا یانزەی مارتی **١٣٣٩** ئەگەر بێن و ئیلتیحاقمان بکەن، لە سزا عەفوویان دەکەم.

٤. ئەوانەی کە عەسکەرن و مەئمووری عەسکەرین و ئەوانەی خۆیان بە موسڵمان و کورد حیساب دەکەن، بەبێ ئەمری من، هیچ خیدمەتێک و هیچ مەئمووریەتێک قوبوول نەکەن، زیرا- هەروەها/ K- من بە ئینتیخاب و رەئیی عموومی ڕوئەسا و ئەفرادی میللەتی کورد (بەمەلیکی کوردستان قوبووڵ کراوم) هەتا ئۆردووی کوردستان بەعەون و عینایەتی باریی موزەففەرەن داخیلّی شاری سلێمانیی دەبێ، بۆ مەنفەعەتی ئینگلیز و بۆ تەشویقی موفسیدین، (هەرکەس مەئمووریەت قوبووڵ بکا، بەقەراری شوورای میللەت، بەلا ئیستیثنا، جەزای ئیعدامە) ئەو عەسکەرانە و ئەو زابتانەی ماونەتەوە، هەتا یانزەی مارتی **١٣٣٩** ئیلتیحاقی ئۆردوو نەکەن، بەقەراری دیوانی حەربی عەسکەریی غیابەن حوکمی ئیعدامیان دراوە. ئەهلی شار و دەرەوە دەبێ بە هەموو شوورای میللەت ئەمر دەکەم موخالیفی ئەم قەرارە (هەر کەس حەرەکەت بکات، دەعوەتی حەرەکەتیان تەسهیل بکا و بۆ دەرکردنی ئینگلیز سەعیی و موجاهەدە نەکا) لەپاش تەحقیقات کە تێ بینیی کرد، بە قەراری شوورای میللەت، حوکمی ئیعدام دەدرێ.

(فمن یعمل مْثقال ذره خیرا یر ومن یعمل مثال ذره شراً یر).

باش قوماندان و مەلیکی کوردستان

مەحموود.



📖 پ. ن؛ س: -/-/٢٩١(*)

[بەیاننامەی جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن. سلێمانیی ـــ گشت][١]

[سلێمانیی]

[١٩٢٥/٢/٢٣ز]

بەیاننامە

ئێمە کە لە ئەفرادی ئەم وەتەنەین و لە ئەشراف و موتەحییزانی کورد ئەژمێررێین،

---

(*) ژیانەوە- س١، ژ١٧، دووشەممە ٢٩ ڕەجەب ١٣٤٣ [ک] ، ١٩٢٥/٢/٢٣ز.

(١) دوای دامەزراندنی کۆمەڵی نێوبراو- هەمان ژمارەی ڕۆژنامە- برووسکەیێکی (جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن مووسڵ بۆ سلێمانیی هاتووە کە ئەمەیە: (سووڕەتی تەلغرافێک کە لە تەڕەف جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن- مووسڵەوە جوابەن بۆ عموومی ئەهالیی سلێمانیی هاتووە)

بۆ عموومی ئەهالیی موحتەرەمەی سلێمانیی

ئەی برای عەزیزەکان ئێوە مەعلوماتتان بێ، ئەم وەتەنە عەزیزەی ئێمەیە دەفعی ئەو تورکانەی کرد کە تەڵەیی نەزع و پارچە پارچەبوونی مەملەکەتەکەی ئێمەیان دەکرد و دەیانویست قەتڵی ڕوحی وەتەنەکەمان بکەن. عەجەبا ئێوە ئەو فەزائیع و فەلاکەتانە دەرخاتر ناکەن کە تورکەکان لە مەملەکەتەکەی ئێمەدا کردیان و بۆیان بەجێ هێشتین؛ ئایا ئێوە نازانن کە حوکوومەتی تورک حوکوومەتێکی دینیی نییە و ئیحتیرامی دیانەت ناکا ئیللا خزمەتی عونسورەکەی خۆی نەبێ کە تورکە؟ حەربی عموومیی ئێمەی نەجات دا لە دەست عەبدایەتیی و ئیهانەتی تورکەکان. خودا ئێمەی هیدایەت دا و فورسەتێکی بۆ ڕێ خستنی و ئێمەیش خۆمان دەرکمان کرد و تەشکیلی حوکوومەتێکی عیراقییەمان کرد؛ کە ئەم حوکوومەتە مورەککەبە لە نەوجەوانانی کوردی نەجیب و عەرەب «K .!!» ئەم مەملەکەتی ئێمەیە عێراقە، ئەبەدەن جوێ نابێتەوە و ئەحەدێ لە ئێمە ڕازیی نابێ کە دەفعەیێکی کە ئەو قەڵای حوکوومەتییە کە ئێمە دروستمان کردووە، لە تەڕەف دوشمنی ئێمەوە بڕوخێنرێ. ئەو حەمییەت و حەماسەتە وەتەنییە کە لە تەڕەف ئەهالیی سلێمانییەوە ئیزهار کرابوو، تەبلیغی عموومی ئەهالیی مووسڵ کراو و ئەو مەتاڵیبەی کە ئەوانیش دەرمیانیان کردبوو، مەتڵەبیکی مەعقوول و چاک بوو، بوو بەباعیسی فەرەح و سورووریێکی زۆر! ئەهالیی مووسڵ تەمەنای ژیانتان دەکا، وەک برایێک کە تەمەنای ژیانی برایێکی بکات و دەوام کردنیش لە ئێوە ئەمەل دەکەین.

خودا یاریدەری هەموو لایێک بێ!

[بێ نێو و بێ مێژوو]

[تەواو]

بەئیتتیفاقی عوموومی عولەما، سادات، ئەشراف، توجار، زورڕاع، بۆ مودافەعەی وەتەنەکەمان جەمعییەتێک تەشکیلی کردووە. غایە و مەقسەدی ئەم جەمعییە و عومووی تێ گەییشتوانی میللەت ئەمەیە کە ئەم ئەحواڵ و کەتانەی کە لەمەوپێش چاومان پێ کەوت، دەفعەییێکی کە نەیبینینەوە ئەو زوڵم و موعامەلە بێ ڕەحمانە کە لە تورکەکانمان دیی، هەموو زۆر چاک ئەیزانین لە حەربی عومووومیدا، سولس- ثلث- و بەڵکە نیسفی میللەتەکەمان لە برسانا مردن. هەزاران لە ئەفرادی میللەتەکەمان بێ گوناه و بێ جورم ئیعدام کران!

مەزاڵیمی تورک ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو وەقتەشدا قیاس ناکرێ، هەزار قات زیادی کردووە! ئێمە ئەمانەوێ ئەم میللەتەی ئێمەیش وەک میللەتەکانی کە لەمەولا بەڕحەتیی و ئیستراحەت ئیمراری حەیات بکات و تیجارەت و زراعەت و ئیقتیسادییاتی مونتەزەم و سەربەست جەرەیان بکا. زاتەن لە عومووومیشەوە مەعلوومە کە هەموو موعامەلاتی تیجارییە و ئیقتیسادییەی ئێمە لەبەر ئەوە کە بەعێراقەوەیە، بێ عێراق ژیانمان نابێ. (K/!!). لە داخیلی ئەم فیکر و مەقسەدەدا کە مەنافیعی عومووومییەی تێدایە، ئومێد دەکەین کە هەموو ئەفرادی میللەت بە کەماڵی فیداکاریی، موعاوەنەت و تەعقیبی مەسلەکی ئێمە بکەن و هەرکەس لە داخیلی ئەم پرۆغرام و غایەیە، فیکر و مولاحەزاتێکی باش و جوابی بێ، لوتفەن بەیانی بفەرمووێ و ئێمەش مەعەلمەمنوونییە قوبووڵی دەکەین. هەرکەس غەیری ئەم فیکرە غایە و مەقسەدێکی تەعقیب بکا، لە نەزەر جەمعییەت و عومووومی میللەتی کورددا، بەخائینی وەتەن و دوشمنی میللەت عەد دەکرێ!

**١٩ شوبات ١٩٢٥** جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن

سلێمانی

[تەواو]



📖 **پ. ن؛ س: -/-/٢٩٢**(*)

**[کۆمەڵی ژیانەوەی کورد ـــــ گشت]** (١)

**ک. ژ. ک**

**ژ: ٣٢٢**

**٢٥ی سەرماوەز ١٣٢٢ [هـ. ق- ١٥/١٢/١٩٤٣ز]**

بەناوی یەزدانی گەورە و بەرزی بێ هاوتاوە

هەمیشە بیروباوەڕی تازە دەبێتە ئامانجی تیری بەربەرەکانیی خاوەندانی بیری کۆن و مێشکە ڕزیوەکان! ڕۆژێکی ئێمە ئەم کۆمەڵەیەمان بنیاد نا، دەمانزانیی لەم دەستوورە گشتیی و تەبیعیە ڕزگاربوونمان نییە، درەنگ یا زوو لە جەنگەی کارکردندا دەبێتە نیشانەی لۆمە و توانجی هێندێک لە کوردە بێ تەعەسسوب و کۆنە پەرستەکان، بەڵام نەماندەزانیی لە چیی ڕێگاییێکەوە پەلامارمان دەدەن. بڵاوکردنەوەی چاپەکانمان- مەتبووعات- ئەم ئیشکالەی هەڵگرت.

هێندێک لە خاوەندانی (ماڵ و مەقام) کە پێشکەوتنی ئێمە و پاش کەوتنی خۆیان لە ڕیزێکدا دەدیت، دەستیان کرد بە پروپاغاندە کە (کۆمەڵەی ژ. ک.) کۆمەڵێکی شیوعیی- بە لشەویک- یە و بەنێوی کودایەتییەوە کار دەکات! بۆ دروست هەموو چەشنە بەرهەڵستێک لە ڕێگای پێش وەچوونی ئێمەدا بەهەموو هێزی خۆیان کۆششیان کرد، بەڵام بێ کەڵک و سوود بوو، چونکە مەردوم وەک ئەوان لێکیان دابووەوە، نەزان و ناتێ گەیشتوو نەبوون، ئێمەیان زۆر چاک دەناسیی و دەیانزانیی ئارمانی ئێمە؛ خۆشیی ژیانی هەموو کوردێکە!

لەبەر ئەمە تیری ئەم برا خۆشەویست و کۆنەپەرستانە لە باتیی جەرگی کۆمەڵەی ئێمە، وە بەردی قوبووڵ نەکردنی جامعە کەوت و گەڕاوە بۆ سینەی پڕ کینەی خۆیان و دەست و

---

(*) گۆڤاری نیشتیمان- سەرماوەرز و ڕێبەندانی ١٣٢٢ [هـ. ق- کانوونی یێکەم ١٩٤٣ز، کانوونی دووەمی ١٩٤٤ز] ل؛ ٩- ١٠ [بنۆڕە: جەمال نەبەز- گۆڤاری نیشتمان؛ (لە جێی سەرەتا- ل٣١ـــــ ٣٤)]!

(١) کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک) لە ١٦/٩/١٩٤٢ز. دا و لە باژێڕی مەهابادی کوردستانی خۆرهەڵاتدا دامەزرا. لە سەرەتای س١٩٤٤ز. دا پێشەوا قازیی محەممەد بوو بە سەرۆکی. ئامانجی کۆمەڵەش یێکگرتنەوەی کوردستانی لەت کراو و سەربەستیی و شادیی میللەتی کورد بوو!

پێوەندیان. لەنێو مەردومدا بێ قەدر و ئیحتیرام بوون. ئەمەیە تالووکە کردن لە کاراندا ئەمەیە نەتیجەی بێ مێشکیی و نەزانیی!

ئەم برا خۆشەویستانە دەبوو بزانن کە چۆن هەتاو هەمیشە لەژێر رووی رووناکی حەقیقەت و ڕاستیی بپۆشێت؟ ئێمە ئارەزوومانە دیسان هەرچیی لە تواناندا هەیە بۆ بەربەست کردنی پێشکەوتنی ئێمە کۆششت بکەن تا نەیرووی مەعنەویی کۆمەڵەیان چاو پێ بکەوێت!

بژیی کورد و کوردستان بە سەربەستیی و سەربەخۆیی!

آ/ل. ب هەیئەتی نێوەندیی

کۆمەڵەی . ژ. ک

[تەواو]

### ٥/٣/٣/١. پرسەنامە

📖 پ. ن: -/-/٢٩٣(*)

[سلێمانیی]

[٢٠/١٠/١٩٢١ز]

ماتیی(١)

حەفتەی پێشوو مەرحووم عبداللە بەگ حسێن ئەفەندیی وەفاتی کرد. حەقیقەتەن جێی ئەسەفە بۆ هەمموو لا کە زاتێکی وا لە وڵاتەکەماندا کەم بووە. خودای تەبارک و تەعالا مەرحووم بەر عەفووی خۆی بخات، بەخزم و کەس و کاری و هەمموو لا سەبووریی بدا!

پ [پێشکەوتن- سلێمانیی]

[تەواو]

(*) پێشکەوتن- سلێمانیی: س٢، ژ٧٨، پێنجشەممە ٢٠/١٠/١٩٢١ز.

(١) لە چێوەیێکی ڕەشدا بڵاوکراوەتەوە!



📖 پ. ن: -/-/٢٩٤(*)

[سلێمانیی]

[٢٠/١٢/١٩٢٢ز]

زیانێکی گەورە(١)

لە ئەزکیا و مونەوویرانی وەتەن، عیرفان زادە جەمال بەگ، شەوی چوارشەممەی ڕابردوو ١٢- ١٣ی کانوون ئەووەل ١٣٣٨ لە تەڕەف ئەشخاصی مەجهوولەوە دەستڕێژێکی لێ کرا و گوللە ئیسابەتی کرد؛ پاش سێ سەعات وەفاتی کرد.

حەقیقەتن زیاعی ئەم زاتە بۆ کورد و کوردستان موجیبی تەئەسسوربوو. بەناوی ئەشراف و عوموومی ئەهالیی مەملەکەتەوە لە عائیلەی موحتەرەمیان بەیانی تەعزیەت و تەمەننای تەسلیەت دەکەن.

ڕۆژی کوردستان

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٢٩٥(**)

[سلێمانیی]

[١٦/٥/١٩٥٣ز]

پرسە(٢)

نەقیب زادە حەفسەخانم کە یێکێک بوو لەو ژنە کوردانەی بەدەگمەن هەرئەکەوت، وەخاوەندی تەبیعەتێکی جوامێرانەی وابوو کە ناوبانگی لە دەر و ناوی وڵاتەکەمان دەنگی دابووەوە، لە شەوی یێکشەمووی ئەم هەفتەیەدا کۆچی دوایی کرد. خوالێ خۆش بوو جەنازەکەی بە ماتەمێکی زۆر بەسۆزەوە لە کەرکووکەوە هێنرایەوە بۆ سلێمانیی.

بۆ کەس و کاری بەڕێزی سارێشی برینی ئەم کۆستە گەورە- هیوا. K- ئەخوازین و

(*) ڕۆژی کوردستان- س١، ژ:٥، چوارشەممە ٢٠ی ڕەبیعولئاخیر ١٣٤١[ک- ٢٠/١٢/١٩٢٢ز].

(١) لە چێوەیێکی ڕەشدا بڵاوکراوەتەوە!

(**) ژین- س٢٨، ز ژ: ١١٤٥، پێنجشەموو ١٦/٣/١٩٥٣ز.

(٢) لە چێوەیێکی ڕەشدا بڵاوکراوەتەوە.

خوای گەورە بە ژیانی بەهەشتی شاد بکات!

[...][1]

[تەواو]

### ٦/٣/٣/١. ڕۆژنامە

🕮 پ. ن: -/-/٢٩٦(*)

[ڕۆژی کوردستان ـــ خوێندەواران]

[سلێمانیی]

[١٩٢٣/١/١٧ز]

ئیعتیزار

وەختی کە حەزرەتی قەهرەمانی کوردستان ئیسماعیل ئاغا داخیلّی شاری سلێمانیی بوو، بە شەرەف و حورمەتی ئەم زاتە موقەددەسەوە، حەوت عەدەد تۆپی سەلام و ئیحتیرام ئەنداخت کراوە.

لە نوسخەی پێشووی ڕۆژی کوردستاندا لە مەراسیمی ئیستیقبالدا ئەم خوسووسەمان لە بیر چووبوو، عەرزی مەعزەرەت ئەکەین!

ڕۆژی کوردستان

[تەواو]

🕮 پ. ن: -/-/٢٩٧(**)

[ئومێدی ئیستقلال ـــ خوێندەواران]

[سلێمانیی]

[٣٣٩/١/٣١ - ١. ر ١٩٢٤ز]

ئیعتیزار

لەم بەینی پێشووەدا ماکینەی مەتبەعە جەپەڵ بووبوو، لەبەر ئەوە تەئخیری ئینتیشاری

(١) بێ نێوی کەسێ بڵاوکراوەتەوە و دیارە بەنێوی ڕۆژنامەکەوەیە!

(*) ڕۆژی کوردستان- س١، ژ٩، چوارشەممە ١٩٢٣/١/١٧ز

(**) ئومیدی ئیستیقلال- س١، ژ١٦، پێنجشەنبە ٣٣٩/١/٣١ [١. ر/ ١٩٢٤ز].



غەرزەتەکراو پاک کرایەوە. ئەمجارە بیمیننە تەعالا دەست بە ئینتیشاری کرا.

نومرۆی غەزەتە موتەسەلسلیەن دەوام ئەکا، ئەگەر لە تەئریخا موبایەنەت هەبێ ئیعتیبار بە ژمارە بکرێ بۆ مەعلووماتی هەموو برادەرانی موحتەرەم ئیعلان کرا.

ئینشاالله بە واسیتەی ئیتتیحاد و حوببی میللەتەوە نائیلی ئامال و مەعادەتی خۆمان ئەبین، ئامین!

[بێ ئیمزا]

[تەواو]

🕮 پ. ن؛ -/-/٢٩٨(*)

[ژیانەوە ـــ خوێندەواران]

[سلێمانیی]

[١٩٢٥/١٢/٢٤ز]

ئیعتیزار

لە ناوەڕاستی تەبعی غەزەتەی حەفتەی ڕابوردوودا قەزائەن ماکینەکەمان شکا. لەبەر ئەوە مەحرووم بووین لەوەی کە سەعاتێ زووتر بە موناسەبەی قەراری ئەجەللی عوسبەتولئومەم سووڕەتی جەریانی ئیحتیفالەکە تەقدیم ئەنزاری خوێندەوارانی کیرامی بکەین.

لە پاش کۆششکێکی زۆر ئەنجا دوێنێ بەچاک کردنەوەی مووەففەقییەت پەیدابوو. بۆ ئەم خوسووسەو ئەم تەئەخخوراتە غەیرە ئیختیارییەمان بەیانی ئیعتیزار ئەکەین.

ژ [ژیانەوە]

[تەواو]

(*) ژیانەوە- س٢، ژ٥٤، پینجشەنبە ١٩٢٥/١٢/٢٤ز.

٧/٣/٣/١. پیرۆزنامە.

🕮 پ. ن: -/-/٢٩٩(*)

[بانگی کوردستان ـــ سەعید قەززاز]

[سلێمانیی]

[١٩٢٢/٩/٢٩ز]

تەعین

لە ئەزکیای کورد قەززاز زادە سەعید ئەفەندیی لەسەر تەنسیبی (مەجلیسی میللیی کوردستان) بە موعەللیمی مەکتەبی سلێمانیی تەعین کراوە، تەبریک و دوعای موەففەقییەتی ئەکەین.

بانگی کوردستان

[تەواو]

🕮 پ. ن: -/-/٣٠٠(**)

[ڕۆژی کوردستان ـــ چەند کەسێ]

[سلێمانیی]

[١٩٢٢/٢/٩ز]

ارادەی حەزرەتی ملووکانە

ڕەئیسی زەنگەنە جەنابی عەلیی ئاغا و ڕەئیسی داودە جەنابی ڕەفعەت بەگ و قەدەملی ئەرکان حەرب یوزباشی جەنابی تۆفیق وەهبیی بەگ بەیاوەرانی حەزرەتی ملووکانە وە ئەمین ئەفەندیی زادە جەنابی تاهیر ئەفەندیی بە باشکانیی مابەینی ملووکانە و شێخ قادر زادە عیززەت ئەفەندیی بە ڕەئیسولئومەناوە جەنابی شێخ موحیەددین ئەفەندیی کانیی کەوەیی بە قوماندانی مەعییەتی قیوای میللیی بە ئیرادەی مولووکانە تەعین فەرمووراون، خوا لێیان موبارەک بکات.

ڕۆژی کوردستان

[تەواو]

(*) بانگی کوردستان - س١، ژ٨، جومعە ١٩٢٢/٩/٢٩ز.

(**) ڕۆژی کوردستان-س١، ژ٣، چوارشەممە ١٩٢٢/١٢/٩ز.



🕮 پ. ن: -/-/٣٠١(*)

[ئومێدی ئیستیقلال ـــ عەبدوڕڕەحمان ئاغا]

[سلێمانیی]

[٣٣٩/٩/٢٠- ١. ر- ١٩٢٣ز]

تەعین

لە ئەشراف و موعتەبەرانی مەملەکەتی جەنابی عەبدوڕڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا کە لەمەوپێش زۆر بۆ میللەت و وەتەنی کردووە، لە قائیمقامی شاباژێڕەوە تەحویلەن بۆ ڕەئیسلی بەلەدییەی سلێمانیی تەعین و تەنسیب فەرمووراوە، دوعای مووەفقەقییەت و موبارەکبایی ئەکەین.

ئومێدی ئیستیقلال

[تەواو]

٨/٣/٣/١- تکانامە.

🕮 پ. ن: -/-/٣٠٢(**)

[پێشکەوتن- سلێمانیی ـــ خوێندەوارەکان]

[سلێمانیی]

[١٩٢٠/١١/٩ز]

بۆ کرێکارەکان

ئەوانەی هێشتا پارەیان نەگەیاندووە، تکا دەکەم لەمە زیاتر پاشی نەخەن. ئەوەی (پێشکەوتن)ی بۆ دەچێت خۆی دەزانێ حیسابی چۆنە پێ ویست نییە یێکە یێکە بنووسرێتە خزمەتیان کێ چیی لەسەرە بینێرێت!

مستەفا(١)

[تەواو]

(*) ئومێدی ئیستیقلال- س١، ژ١، ٢٠ ئەیلوول ٣٣٩ [١. ر- ١٩٢٣ز]

(**) پێشکەوتن- سلێمانیی؛ س١، ژ٣٣، ١٩٢٠/١١/٩ز.

(١)- مستەفا= مستەفا مەزهەر سکرتێری فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا و ڕێبەری (پێشکەوتن سلێمانیی) میجەرسۆن.

٩/٣/٣/١. سوپاسنامە

🕮 پ. ن: -/-/٣٠٣(*)

[بانگی کوردستان ـــــ حوکمداری کوردستان/ مەلیکی کوردستان]

[سلێمانیی]

[١٩٢٢/١١/٣ز]

عەرزی تەشەککور

لەو ڕۆژەوە کە حەزرەتی حوکمدار شەرەفواریدی سلێمانیی بوون بۆ نەشری مەعاریف هەر هیممەتێ کە لازیم بێ، دریغی نەفەرمووە و لە سایەی هیممەتی خوسراوانەیەوە لەم چەند ڕۆژانەدا لە نەفسی سلێمانییدا مەکتەبێکی ئیعدادیی هەفت سونفیی و مەکتەبێکی ڕوشدییەی جیایی و دوو مەکتەبی ئیبتیدائیی تەشکیل کرا. وە بینا لەسەر تەنسیبی هەیئەتی ڕوئەسا و ئارەزووی عامە، ئەم مەکتەبانە بەناوی موبارەکی خۆیان و بەناوی برادەر و ئالاشانی جەلالەتمەئاب حەزرەتی شێخ قادر و بەناوی مەخدومان حەزرەتی مەلیک؛ شێخ ڕەئووف و شێخ لەتیف ناونرانیان، یەعنی (ئیعدادیی مەحموودیی، ڕوشدییەی قادرییە، ئیبتیدائییەی ڕەئوفییە، ئیبتیدائییەی لەتیفییە) موساعەدە فەرموورا.

لەگەڵ ئەمەیش بۆ موعاوەنەتی بانگی کوردستان کە دەوامی نەشرییاتی ببێ و بۆ هەموو لایێک بنێرێ. بەناوی ئوجرەتی تەبعییەوە، کاغەز لە ئیدارەخانەی غەزەتە، هیچ موتاڵەبە ناکرێ. بۆ ئەمە لە جانیبی ڕەئیسی داخیلییە (وەکیلی ڕەئیسی ڕوئەسا) کە ئەلحەق سەداقەت و خێرخواهییان موسەددەقی عامە، موساعەدە فەرمووراوە کە ئەم نەوعە موساعەداتانە هەموو بۆ تەشویق و تەرغیبی مەعاریفە.

بانگی کوردستان کە موتەمەئین بوو حەزرەتی حوکمدار قەدروانی بەناوی بەیت باڵای غەزەتەکەمانی تەقدیر و بۆ نەشری مەعاریف هیممەتی بڵندی هەموو ڕۆژێ تەجللیی دەکا، ئەز دڵ و جان عەرزی تەشەککور و بۆ دەوامی عومرو ئجلالی لە یەزدانی پاک نیاز و تەزەڕووع دەکات!

[بێ ئیمزا]

[تەواو]

(*) بانگی کوردستان- س١، ژ١٣، جومعە ١٩٢٢/١١/٣ز.



🕮 پ. ن: -/-/٣٠٤(*)

[ساڵح زەکی ساحێبقڕان ـــــ گشت]

[سلێمانیی]

[١٣٣٨/١٢/٢٩- ر- ١٩٢٢ز]

لە مێژەوە- دەمێ بوو- لە وەتەن و قەوم و برادەرانی عەزیزم دوور و مەهجوور بووم. شوکری خوا ناتوانم بەجێ بێنم کە من لەم ڕۆژە پیرۆزەی سەربەخۆیی قەومی کوردەوا هێنایەوە سلێمانیی لە لوتف و مەرحەمەتی ئەشرافی مەملەکەت و موتەحەییزان و برادەرانی وەتەن گەلێ مەسروور و موباهیم. لە درەنگ و زوویی ئیعادەی زیارەت تەماشای قوسوورم نەکەن. خوا لە هەموو لایێ ڕازیی بێ. بەواسیتەی ڕۆژی کوردستانیشەوە عەرزی تەشەککورات و تەئید و ئیحتیرامات دەکەم.

قوماندانی عەسکەریی کوردستان

ساحێبقڕان زادە

ساڵح زەکیی

[تەواو]

🕮 پ. ن: -/-/٣٠٥(**)

[ژیانەوە ـــــ سەرۆکی بەلەدییە]

[سلێمانیی]

[١٩٢٥/١١/٢٦ز]

تەشەککور

لە سایەی هیممەتی وەتەنپەروەرانەی ڕەئیسی بەلەدییەوە کە دائیمەن بۆ ئیعمار و پێشکەوتنی وڵاتەکەمان هەوڵ ئەدا و تێ ئەکۆشێ و بۆ تەئمینی ڕاحەتی میللەت ئانێ لە چاک کردن و دروستکردنی جادە و ڕێیەکان فەراغەت نافەرمووێ، وا ئەم جارەیش هەر بەو فیکرەوە قیسمێک لە جاددەکان بە چرا ڕووناک کراونەوە و خەبەر زانراوە کە ئەکسەری

(*) ڕۆژی کوردستان- س١، ژ٣، چوارشەممە ١٣٣٨/١٢/٩ [ر- ١٩٢٢ز].

(**) ژیانەوە- س٢، ژ٥٠، پێنجشەنبە ١٩٢٥/١١/٢٦ز.

کۆڵانەکانی کەیش بەم نەوعە تەنویر ئەکرێن. ئەمەیش هەرچەند دەرحەق بەوڵاتەکەمان هیممەتێکی پچووکە، فەقەت ئێمە لە بەجێ هێنانی تەقدیر و تەشەککوراتی خۆمان دوا ناکەوین و ئومێد ئەکەین لەمەودوا کە بەزوویێکی نزیک بۆ ئیعمار و خۆش کردنی وڵاتەکەمان هیممەت و بۆ بەرزبوونەوە و پێشکەوتنمان هەرچیی پێ ویست بێ لە کردنیا قوسوور نەفەرمووێ و لە جیاتیی ئەم چرایانە بە نووری ئەلەکتریک جادەو کۆڵانەکانمان بۆ تەنویر بکرێ کە زۆر دەمێکە ئەم ئارەزوویە لە تەسەووردایە. ئەمەڵمان وایە کە بەواسیتەی هیممەتی مووماالیلێهەوە بێتە مەیدانەوە تاکوو هیچ نەبێ بگەیینە سەوییەی دراوسێکانمان.

ژ [ژیانەوە]

[تەواو]

🕮 پ. ن: -/-/٣٠٦(*)

[چەند بەندکراوێ ــــ نەقیب زادە حەفسەخان]

[سلێمانیی]

[٢٠/١١/١٩٤٧ز]

......(١)

ڕۆژی ٢٤/١٠/١٩٤٧، خانمی موحتەرەمە نەقیب زادە حەفسە خانم بەشی ٢٠٠ کەس لە برنج و ڕۆن و بامیە و تەماتە و گۆشت و بارێک ترێی بۆ ناردین، بۆ ئێمە کە حەپسەکانی بەندیخانەی سلێمانیین تاکو ئێمەیش وەک هاونیشتیمانەکانی دەرەوەی زیندان بۆ بەیانیی یێکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، خواردن بۆ خۆمان دروست بکەیت.

ئێمەش کە چەند حەپسێکین لە حەپسەکانی بەندیخانەی سلێمانیی، بە ناوی هەموو برا گیراوەکانی ئەم زیندانەوە، سوپاسی بێ پایانی ئەو ئینسانە بەشەرەفە دەکەین کەوا بەدائیم لە یاریدەی هاونیشتیمانە لێ قەوماوەکانی وە هەژرەکانی دوانەکەوتووە وە سستیی پێشان نەداوە وە هیوامان زۆر بەرزە کە هەموو خوشک و برایێکی ئەم نیشتیمانە لە

(*) ژین- س٢١، ز ژ ٨٩٤، پێنجشەموو ٢٠/١١/١٩٤٧ز

(١) پێشەکییەکەی بەرەو ڕووی ڕۆژنامەکە کراوە کە دەڵێن: (بۆ مودیری موحتەرەمی ڕۆژنامەی ژین. تکا دەکەین ئەم نامەیە لە ڕۆژنامە خۆشەویستەکەماندا بڵاوبکەنەوە!).



وەقتی تێریی وە کامەرانییدا، برا و خوشکە برسییەکانیان وە لێ قەوماوەکانیان لەبیر نەچێت وە ئەوانیش لەسەر ئەو ڕێگە بەنرخەدا بڕۆن.

لە بەندیخانەی سلێمانییدا:

نووریی ئەحمەد تەها

ئەحمەد فەرەج

عەزیز عومەر

حسێن محەممەد

حەسن فەرەج

[تەواو]

🕮 پ. ن: -/-/٣٠٧(*)

[خۆ وڵاتیی مەجید ئەسڵان ــــ خۆ وڵاتیەکان هەڵەبجە]

[هەڵەبجە]

[٧/٥/١٩٥٣ز]

سوپاس

کارگەچیی مەجید ئەسڵان و محەممەد هەژار، سوپاسی پڕ بەدڵ پێشکەشی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە وە بەتایبەتی دەستە، مامۆستایانی ئەو ناوچەیە ئەکەن بەرامبەر بەو دڵسۆزییە کە بۆ جەنازەی مامۆستای جوانە مەرگ نووریی مەجید ئەسڵان پێشانیاندا. هەروەها سوپاسی ئەو زاتانەش ئەکەن کە لە سلێمانییدا لە جەنازە سپاردنا ئامادەبوون یان تەلگراف و نامەیان ناردووە!

[تەواو]

(*) ژین- س٢٨، ز ژ ١١٤٨، پێنجشەموو ٧/٥/١٩٥٣ز.

پ. ن: -/-/۳۰۸(*)

[ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەو ــــ هاونیشتیمانەکانی]

[سلێمانیی]

[۱۹۵٤/۱/۲۱ز]

سوپاس

بەدڵێکی پڕ هەستی گەرم و گوڕەوە، سوپاسی ئەو هاونیشتیمانە بە نرخانەم ئەکەم کە بە بۆنەی برینداربوونمەوە خەمخواریی و و پێوەندیی دڵسۆزانەیان پێشاندا، ئایا بە سەردان یان بە هەواڵ پرسین یان بەناردنی تەلەگراف و نامە یاخو بە دەربڕینی هەستی نیشتیمانیی و خۆشەویستییەوە لە ڕێگەی ئیمزا دانەوە، بەتایبەتی قەرزاری سوپاسم بەرامبەر بەو ڕەنجەی دەستە و دائیرەی نەخۆشخانە کە دڵسۆزانە لە گەڵیان دام لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی دوکتۆر عەبدولقادر شاڵیی و دوکتۆر جەمالدا.

ژیانی گشت لایێکم نیازە، بە بەزەیی و لەش ساغیی و بێ وەییەوە

مەحامیی

ئیبراهیم ئەحمەد

[تەواو]

(*) ژین- س۲۹، ز ژ۱۱۸۳، پێنجشەموو ۱۹۵٤/۱/۲۱ز.



۱/۳/۳/۱۰. مژده نامه ۳۰۹(*)

پ. ل: -/-/۳،۹

[بانگی کوردستان ــــ خەڵکیی]

[سلێمانیی]

[۱۹۲۲/۸/۲۱ز]

تەبشیر بۆ قلیانداران

ئیمساڵ لە لیوای سلێمانییدا توتون دەڵێن زۆر بە بەرەکەتە، وەک توتون زۆر بە بەرەکەتە هەموو نەوعە میوەییێکیش ماشاالله زۆر هەرزانە.

[بێ ئیمزا]

[تەواو]

پ. ن: -/-/۳۱۰(**)

[بانگی کوردستان ــــ خەڵکیی!]

[سلێمانیی]

[۱۹۲۲/۹/٤ز]

تەبشیرات

۹محرم ۱۳٤۱ [۱۹۲۲/۹/۱ز]

بۆ موقەدەراتی کوردستان، موددەتێکە جەنابی حاکمی سیاسیی سلێمانیی لەگەڵ مەندووبی سامیی و ئەم زاتەش لەگەڵ لۆندرە مەشغوولی موخابەرەن. جەنابی مەندووبی سامیی ئێستا جەنابی مێجەر گولدسمیتی مەئزوون و موفەووەز فەرمووە:

کە بە عوموومی ئەهلی لیوای سلێمانیی خەبەر بدات عەن قەریب مەیدانیان دەدرێت بۆ حەل کردنی مەسئەلەی تەشکیل کردنی حوکوومەتێک بۆ کوردستان، یەعنی بەسەربەستی فیکری خۆیان دەرمیان بکەن و بۆ حوسوولی ئەم نییەتە جەنابی مەندووبی سامیی لەگەت حوکوومەتی ئینگلتەرە خەریکی موخابەرەیە تاکوو تەرتیبێکی باش دابنرێت و لەم ڕۆژانەدا بە ئەهلی تەبلیغ و تەقدیم دەکرێت.

(*) بانگی کوردستان- س۱، ژ۳، دووشەممە۱۹۲۲/۸/۲۱ز

(**) بانگی کوردستان- س۱، ژ۵، دووشەممە ۱۲ی موحەڕڕەم ۱۹۲۲/۹/٤ز

جەنابی شێخ مەحموود ئەفەندیی لەگەڵ شێخ محەممەد غەریب ئەفەندیی لە (کوێت)ە و بۆ بەغداد نەقڵ کردنی لە تەڕف حوکوومەتی موفەخخەمەی بریتانیاوە موساعەدە کراوە!

بانگی کوردستان

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٣١١[*]

[مەلیکی کوردستان- مەحموود ـــــ گشت][١]

[سلێمانیی]

٣٠ی کانوونی ئەووەل ٣٣٨ [١. ر- ١٩٢٢ز]

تەبشیر

بینا بەتەلغرافێ کە لە مووەخخەسی کوردستان لە بەغدادەوە هاتووە، جەنابی کاپیتان چەپمان وەکیلی مەندووبی سامیی، بەناوی حوکوومەتی مەتبووعەیەوە تەبریکی ئیستیقلالییەتی کوردستانی کردووە.

ئێمەش تەبریک و ئیعلامی ئەم سەعادەتەش موبارەکەی قەومی کورد ئەکەین و لە موقابیلی ئەو لوتف و مەرحەمەتە کە حوکوومەتی فەخمیەی بریتانیا دەرحەق بەم میللەتە

(*) ڕۆژی کوردستان- س١، ژ٧، چوارشەممە ٣٠ی کانوون ئەووەل ١٣٣٨ [ر- ١٩٢٢ز].

(١) ئەم مژدەیە ئەو بەیاننامە دووقۆڵییەی بریتانیا و مەملەکەتی عێراقی عەرەب دەگرێتەوە کە بە (فێڵ) دەریانکرد لەلایێک بۆ دڵنەوایی کورد و لەلایێکی دییەوە بۆ پەستیی تورکەکانی چاو لە هەرێمی بەنێو مووسڵ. بەیاننامەکەش- کە بریتانیا ناردوویەتی بۆ عوسبەتولئومەمیش- ئەمە بەشیکیەتی: (حووکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانیا و حوکوومەتی عێراق دان بەمافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە نێو چێوەی سنوورەکانی عێراقدان بۆ ئەوەی حوکوومەتێکی کوردیی پێک بهێنن و هیوایان هەیە کە ئەو حوکوومەتە ڕێک بکەون کە دەخوازن دروست بکرێ و ئەو سنوورەش دەست نیشان بکەن و نوێنەری دەسەڵات پێ دراویان بنێرن بۆ بەغداد تا دەست بەگوتوبێژ بکەن بکەن لە بارەی پێوەندیی ئابووریی سیاسیی لەگەڵ حوکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانیا و حوکوومەتی عێراق!/ تەواو) [بنۆڕە: ٩٤/١؛ ج٢، ل ٤٨٣] وەکو لە ژیاننامەی حەفید زادە مەحموود دا نیشانم داوە، دوای بەیاننامەکە وەک مس بێل باسی کردووە- حەفید زادە نوێنەری ناردووە بۆ لای نوێنەری باڵای بریتانیا و پاشای عێراق و دەستی دەستییان پێ کردووە و بە مەرجەکان و داخوازیان قاییل نەبوون، چونکە بنچینەی بیروباوەڕی بریتانیا و عێراق درۆزنیی و گەمەبووە بەرامـــــــبەر بە =



پچکۆلەی کوردە عەرزی تەشەککوررات و مەممنوونییەتی حوکوومەتی فەخمیەی بریتانیا ئەکەین و ئومید و ئیستیرحام ئەکەین کە لەمەولاش لە هەموو خوسووسێکەوە بۆ تەرەققیی و تەعالیی کوردستان هەمڕاهیی و موعاوەنەتمان بفەرمووێت:

٣٠ی کانوون ئەووەل ٣٣٨

مەلیکی کوردستان
مەحموود

=کورد و مەبەستی هەرە گەورەیان (هەر لکاندنی کوردستانی باشوور بووە بەعێراقی عەرەبەوە!) بابا عەلیی کوڕی شێخ مەحموود- بۆ م. ر. هاواری گێڕاوەتەوە؛ باوکم هەوڵێکی زۆریدا کە بیروڕای ئینگلیزەکان بەرامبەر بە کورد ڕاست بکاتەوە و نامەیێکیشی نارد بۆ ئەدمۆنس تا لە بەغدادا کاروباری وەفدەکەی کورد ئاسان بکات و دەورێکی خێر ببینێت. بەڵام دەرکەوت دەرچوونی ئەو بەیاننامەیە لە ئەوەدا ڕاست و پاک نەبوون و بەهیچ جۆرێ نەهاتنە پێشەوە و وەفدەکە نەگەییشتە ئەنجام و گەڕایەوە و ئەدمۆنس لە وەڵامی نامەکەی باوکیدا، بە فارسیی بۆ باوکی نووسیی بوو: این خری سطحی -نیازی لە سەیید ئەحمەد بەرزنجیی سەرۆکی وەفدەکەبووە- با ما امده و استقلال باحمایە و با وصایە میخواهد!/ واتە ئەو کەرە بێ مێشکەی ناردووە داوای سەربەخۆیی و چاودێریی ئێمە دەکات! [هەمان سەرچاوە- ل ٤٧٥]

ئەدمۆنس خۆیشی لە کتێبی (کورد تورک و عەرەب)دا پێ ناخۆش بوونی خۆی دەگێڕێتەوە کە نووسویەتی (ناوەڕۆکی ئەو بەیانە و نێوهێنانی دروست کردنی حوکوومەتێکی کوردیی لە بریی ئیدارەیێکی کوردیی و دەست نیشان نەکردنی هیچ جۆرە سنوورێکی جوگرافیی، زۆر لەوە پتر تێ پەڕی کردبوو کە من چاوەنۆڕم دەکرد کە لە کاتی خۆیدا حوکوومەتی عێراق و مەندووبی سامیی بیریان لێ کردبووەوە. بەیاننامەکەم بە تەرجومەکراوی برد بۆ شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرم، بەڵام ڕاستییەکەی پڕ بەدڵ ئەوەم پێ خۆش بوو کە هێندێ لێ پرسراوانی دیمان لە بەغداد دا هەر وەک من، دەرچوونی ئەو بەیاننامەیان بەدڵ نەبووەوە پێیان ناخۆش بوو ئەو بەیاننامەیە بەشێوەیێکی ڕەسمیی بڵاوکرابووەوە!). [هەمان سەرچاوە - ل ٨٧٣]

لێ کۆڵ م . ر. هاوار لە دانراوەکەی خۆیدا- لە کتێبی در. لوتفی جەعفەر فەرەج الله وە- ئەنجامی بەیاننامەکەی بە ئەم جۆرە ڕوون کردووەتەوە کە دەڵێت: (ساتێک پرۆتۆکۆڵی نێوان بریتانیا و عێراق لە ٣٠/٤/ ١٩٢٣دا مۆ کرا- پێنج مانگ دوای بەیاننامەکە/ K- بەتەواویی دەرکەوت کە حوکوومەتی بریتانیا بەشداربوونی لە دەرکردنی ئەو بەیاننامە دوو قۆڵییەدا بەتەنێ شتێک بووە بۆ چاوەڕاو، چونکە لە دوای دەرچوونی پرۆتۆکۆڵەکەوە ئیدی بڕیار درا نێوچەی سلێمانیی- ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتی مەملەکەتی کوردستانی باشوور/. K- بەتەواویی و بەیێکجاریی بخرێتە سەر عێراق و لە پرۆتۆکۆڵەکەدا هەستی نەتەوەیی کورد پشت گوێ خرا!) [هەمان سەرچاوە- ل ٤٧٥]

۱۱/۳/۳/۱ ، هۆشیارییینامه

📖 پ. ن: -/-/۳۱۳(*)

[سلێمانیی]

[۱۹۲۲/۲/۲۳ز]

## ئیعلان

لەبەر زوهووری ئاوڵە لە ئەترافی قەلعەدزە و ڕانیە و هەنێ کەس بەم نەخۆشییە عەمری خوایان کردووە، زۆر پێ ویستە کە هەموو کەس لەم نەخۆشییە خۆی بپارێزێت. ئەمەیش بەواسیتەی کوتانەوە دەکرێت.

هەموو ڕۆژێک لە خەستەخانەی سلێمانیی لە بەینی ساعەت پێنج و نیوی عەرەبیی ڕۆژەوە هەتا حەوت، مەجانەن عەمەلییاتی کوتان ئیجرا دەکرێت. بۆ هەموو کەس مەسڵەحەتە کە خۆی بکوتێت، ئەگەر لە نەفسی شاردا ئەم نەخۆشییە سیرایەت بکات، زۆر کەسی پێ هەلاک دەبێت و ئەو وەختە خۆ پاراستن، کوللیی موشکیلتر دەبێ!

دوقتۆری سلێمانیی

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/۳۱٤(**)

[سلێمانیی]

[۱۹۲۲/۹/۲۹ز]

بە ئەمری جەنابی ڕەئیسی مەجلیسی میللیی کوردستان(۱)؛ خواردنەوەی عەرەق و سایبر موسەککیراتی مەمنووعە! هەچ کەس عەرەق بخواتەوە و یاخو عەرەق و موسەککیراتی سائیرە لە خاریجەوە جەلب بکات، بەشیددەت تەجزییە و حەبس ئەکرێ و ئەگەر مەئمووری حوکوومەت بێت، عەزلیش ئەکرێ!

بانگی کوردستان.

[تەواو]

---

(*) پێشکەوتن- سلێمانیی؛ س۲، ژ ۹٦، پێنجشەنبە ۱۲۲/۲/۱۳ز.

(**) بانگی کوردستان- س۱، ژ۸ جومعە؛ ۱۹۲۲/۹/۲۹ز.

(۱) بەر لەهاتنەوەو دەسەڵات گرتنەوەی حەفید زادە مەحموود و دامەزراندنی دووەم حوکوومەتی کوردستان!



📖 پ. ن: -/-/۳۱۵(*)

[دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەر/ موشاویری کەرکووک](۱)

[۱۹۲۳/۳/۲٤ز]

## ئیعلان

لە تەرەف حەزرەتی مەندووبی سامییەوە حوکمم پێ تەبلیغ کراوە کە بۆ حاڵی مەوەددەتی عموومی ئەهالیی سلێمانیی ئەم ئیعلانە نەشر بکەم...

پێنج مانگ لەمەوپێش ئیدارەی لیوای سلێمانیی بە مەجلیسی لیوای سلێمانیی تەحویل کراوە و حوکوومەتی بریتانیا موساعەدەی کردووە و بۆ ڕیاسەتی ئەم مەجلیسە (شێخ مەحموود)ی پێناوتووە تاکو ئیدارەی ئەم لیوایە لەژێر ئیدارەییێکی کوردیی بۆ

---

(*) ۱/۹٤؛ ج۲، ل٤۹۳ [لە فۆتۆکۆپییەکەیەوە].

(۱) ئەم جارە ڕەسمییەی بریتانیای داگیرکەر کە بەفرۆکە بەردراوەتەوە، بەتایبەتی مەبەستی ڕوخاندنی (دووەم کابینەی حوکوومەتی کوردستانی مەلیک مەحموود)ە کە ئەو بە (مەجلیسی ئیدارەی لیوای سلێمانیی) لە قەڵەم داوە! هەڵبەت ئەم ڕووداوە ڕێکەوتی بەر لە دووەم شۆڕشی حەفید زادەیە ڕوون کردنەوەیشی- بەکورتیی- پێویست دەبینم، بەتایبەتی کە ئەو بڕوبیانووانەو تاوانەکانی دیی بریتانیا، پشکنی ئیداریی کەرکووک، ناسراووتێکەڵی ڕووداوەکان؛ مێجەر ئەدمۆنسی خاوەندی دانراوی (کورد تورک و عەرەب) باسی کردووە و دەگێڕێتەوە. (کاپیتان لاین، ئاگاداری کردم کە شێخ مەحموود ڕۆژی دەست پێ کردنی شەڕی لەگەڵ ئێمە نیشانە کردووە بۆ سەرەتای مانگی مارتی ۱۹۲۳ کە داگیرکردنی کەرکووک و کۆیسنجق یێکەم هەنگاوی ئەو شەڕە دەبێت! لە ۱۹۲۳/۲/۱٤دا بۆ ردیللون بە فرۆکە هاتە لام و پاش گوتوبێژ گەییشتینە ئەوە؛ بۆ نەهیشتنی نا ئارامیی بارەکانی ئەو ڕۆژگارە دەبێت تورکان لە ڕواندزدا دەربکرێت. بەڵام دەمانزانیی ئەوە بە ئاسانیی نەدەکرا بۆ یێکا بە باش زانرا کە لە پێشدا شتێک بەرامبەر شێخ مەحموود بکرێت. بۆ ئەوەش لە ۱۹۲۳/۲/۱٦دا چوومە بەغداد بۆ لای هێنری دوبسی ڕاوێژکاری سیاسیی و یاریدەری پێرسی کۆکس. لەگەڵ ئەوان و دەبلیو. ئێف. ئێم کە موقەددەم بوو لە نێرووی هەوایيدا، هەروەها ئەی. ئی. بۆکتۆن و فەرماندەی پۆلی نێرووی هەوایی دەبلیو. ئێف. ماکنسی، کۆبووینەوە و لە ئەنجامدا چوار باس بڕیاری لەسەر درا:

۱. نوێنەری باڵا-مەندووبی سامیی- تەلێک لێ بدا بۆ شێخ مەحموود و داوای هاتنە بەغدادی لێ بکات.

۲. ئەگەر نەهاتە بەغداد، نێرووی هەوایی خۆنیشان دانێ بەئاسمانی سلێمانییدا بکات و بەیاننامە بڵاوبکرێتەوە کە شێخ مەحموود لەسەر حوکم. لابراوە و داوای لێ بگرێت لە ماوەی «٥» ڕۆژدا خۆی و هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنەکەی بچنە بەغداد [جارەکە یاد بکەرەوە!/K.] =

قـەزای قـانوون و بۆ مـەنفـەعـەتی ئاسـاییـشی عـومـوومـیی ئەهالیی ئیـجـرا بکرێت.

---

= ٣. دوو دەستە لە پەلی «سیخ»ی چوارده، بە شەمەندووفەر ڕەوانەی کنگریان بکرێت و لە ئەوێ ڕاوە بە فڕۆکە بنێردرێت بۆ کەرکووک تا نێرووی «لیڤیی»ی ئەوێش بەهێز بکرێت.
٤. ئەگەر شێخ مەحموود ئەوەی پەسەند نەکرد- واتە چوونەکەی بۆبەغداد.K- و باژێڕی سلێمانیی چۆڵ نەکرد، پی ویستە باژێڕی سلێمانیی بۆ مباردوومان بکرێت!).

ئەدمۆنسی تاوانباری جەنگ پتر دەگێڕێتەوە:

(دوای ئەوەی نوێنەری باڵا و کـاپیـتـان لاین و کـاربەدەسـتـەکـانی دیی بڕیاریاندا هەڕەشە لە شێخ مەحموود بکرێت و هاتنە بەغدادی لێ داوا کرا، ئەمانەی خوارەوەش کرا:
١. ئاگاداری سمکۆ- شکاک.K- کرا کە نوێنەری باڵا داوای لە حوکوومەتی ئێران کردووە کە لێی خۆش بن. لەبەر ئەوە داوا لە سمکۆ کرا کە دەست بەجێ سلێمانیی بەجێ بهێڵێت! [ئەو نیازەیان- داواکردن لە ئێران تا لە سمکۆ خۆش ببێت- بۆ دابڕاندنیەتی لە هاریکاریی حەفید زادە./K].
٢. وەمان زەن دەکرد کە شێخ مەحموود دەکشێتەوە گوندەکانی خۆی لەسەر سنوور!
٣. دەستم کرد بەکار تا قەزای ڕانیە لە سلێمانیی جوێ بکەمەوە و بیخەمە سەر هەولێر و چەمچەماڵ بخەمە سەر کەرکووک.
٤. بڕیار درا چاپمان و نەقیب دوگلاس کە هەردوو لە سلێمانییدا بوون، رابگوێزمەوە بۆ لای خۆم.
٥. تەلێکم بۆ شێخ مەحموود نارد و ئەو تەلەی نوێنەری باڵام پێ ڕاگەیاند).

ئەدمۆنس پتر دەگێڕێتەوە:

(شێخ مەحموود لە وەرامی ئەوەدا داوای کرد بە دوور و درێژیی مەبەستی ئەو تەلە ڕەوانەکراوەی بۆ ڕوون بکرێتەوە. منیش تێم گەیاند کە ناتوانم چی دیی و پتر لە ئەوەی نوێنەری باڵا گوتوویەتی، بڵێم.
٦. بیست فڕۆکە لە کەرکووکەوە بە ئاسماندا فڕین و ڕوویان کردە خۆرهەڵات، بەڵام پێشڕەوەکەیان، فڕۆکەوانەکەی تووشی نەخۆشیی مەلاریابوو، لەڕێگەدا لەبەر نەخۆشیی ناچاری گەڕانەوە بوو، فڕۆکەوانەکانی دیی لە فڕۆکەکانیاندا پێیان وەبوو کارەکە دواخراوە، بۆیێکا ئەوانیش گەڕانەوە دیتنی ئاسمان لە نێوچەی قەرەداغدا زۆر خراپ بوو، بە تەنێ مولازیمی فڕۆکەوان «ئێل، تی، کەی، شیپرات» بەسەر سلێمانییدا فڕیی و هەرچیی بەیاننامەیێکی پێ بوو بەسەریدا باراندی و ڕۆژی دوایی ئەو عەمەلییاتەش کە پێ ویست بوو، سەرکەوتوانە جێ بەجێ کرا. [واتە بۆ مباردومان.K].
تەلگراف لە نێوان من شێخ قادری حەفید و ئەشرافەکانی سلێمانییدا درێژەی کێشا. شێخ مەحموود دەیویست موناوەرە بکات و کات بباتە سەر، بۆیێکا ڕۆژی دوایی باژێڕی سلێمانیی بۆ مباردومان کرا!)(*)

---

*(*) وەرگیراو بەهێندێ دەستکاریی وەرگێڕانەکەە لە : ٩٤/١ ،ج٢ ،ل٤٨٥- ٤٨٧.*



موتەئەسسیفانە نەتیجەی ئەم ساعەدەیە بەعەکسی دەرچووە. چەند پیاوێک کە زیمامی حوکوومەتیان بەدەستی خۆیان وەرگرتووە، بە نەسیحەتی زابتی ئینگیزیی کە بۆ موعاوەنەتی ئیدارەی لیوای سلێمانیی حازربوون، گوێیان نەداوە و موعامەلەکەیان زاڵمانە و ناقیزی قانوون بوون و عەلاوەی بەر ئەمە، لەبەر موعامەلەی تریش، لە دڵی حەزرەتی مەندووبی سامییدا، نیسبەت بەسەداقەت و ڕاستکاریی ئەولیای ئومووری سلێمانیی شک پەیدا بووە، لەبەر ئەمە بەواسیتەی ئەم ئیعلانە حەزرەتی مەندووبی سامیی ئەمر دەدات کە لەپاش ئەم ئیعلانە دەست بەجێ، بەبێ موسامەحەیان ئیعتیزار، شێخ مەحموود ئەفەندیی و لە بەغدادا لە خدمەت حەزرەتی مەندووبی سامیمیەوە تەسریحات و وقووعاتی ئیدارەی خۆیان عەرز بکەن! لەپێش حەرەکەت کردن دەبێت ئەم مەجلیسە چەند ئەشخاسێکی ساحێب نوفووز تەعین بکەن کە بە تەنزیمی ئەمن و ئاساییش و ئینزیباتی شاری سلێمانیی موکەللەف و مەسئوول دەبن. ئەگەر ئیختیشاشێک یان جورمێک بقەومێت مورتەکیبین، شەخسییەن مەورروودی تەجزییەدەبن، دایر بە موعامەلەی مەوانیعی تر لە خاریجی ئیدارەدا تا وەقتێک کە حوکوومەتێکی تازەی کوردیی تەشکیل و تەنزیم بکرێت لە عەینی وەقتدا یێکە یێکە بەمودیران و قائیمقامەکان ئەمری مەخسووسیی تەبلیغ دەکرێت!

به واسیتەی ئەم ئیعلانەوە ئیختار دەکرێت کە (ئەگەر لە ئەسنای پێنج ڕۆژ لە تەئریخی ئەم ئیعلانەوە شێخ مەحموود ئەفەندیی و ئەعزای مەجلیسی لیوای سلێمانیی بەعەزمی بەغداد بە کەرکووک نەگەیشتوون) سەتوەتی حوکوومەتی بریتانیا ئیزهار و ئیجرا دەکرێت و هەموو موسیبەت و ئەزرار بەئێوە بکەوێت، خەتای خۆتان دەبێت لاکین ئەگەر ئەوانە ئەم ئەمرە ئیتاعەت دەکەن و هیچ سەدمەی پێ ناگیرێت.

**٢٤ شوبات ٩٢٣**

موشاویری کەرکووک

ئیختار: ئەم چەند بۆمبایە کە ئەمڕۆ بەعەمدیی فڕێ درایە ئەتڕافی شار، یێکانە مەقسەدمان ئەوە بوو کە بەعزێ کەسانی گۆیا بەعزێ چشتیان لە بیر چوو بوو، بۆ خاترێ بێتەوە فیکریان، لەبەر ئەوە ئەگەر بۆمباکان نەتەقاون، کەس نزیکیان نەچێ چونکە تەهلوکەیە!

[تەواو]

پ. ن: -/-/٣١٦[*]

[دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەر]

[٢٤/٣/١٩٢٣!!][١]

### ئیعلان بۆ شێخ مەحموود ئەفەندیی و خەڵقی سلێمانیی

خەبەرتان بێت کە ئەگەر پێش نیمەڕۆی ڕۆژی یێکشەنبە؛ بیست و پێنجەمی ئەم مانگە شێخ مەحموود ئەفەندیی لە چەمچەماڵ یان لە کەرکووک دەخالەت بکات، بۆردومانی مەرکەزی سلێمانیی ئیجرا ناکرێت، بەڵام ئەگەر حەتا ئەو وەقتە دەخالەت نەکات بۆردومانێکی شەدید واقیع دەبێت.

[تەواو]

پ. ن: -/-/٣١٧[*]

[دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەر]

١٨/٥/١٩٢٤ز[٢]

### ئیعلان بۆ خەڵقی سلێمانیی

چونکە شێخ مەحموود ئەفەندیی، داییما موخالەفەتی ئەوامیری حوکوومەت دەکات و بەبێ ئیزنی حوکوومەت- بریتانیا/K- قووەی موسەللەحە ئیستیخدام و خیلافی حەق بۆ سەندنی زەکات و بۆ ئەنواعی تەعەددییات و تەجاوزاتی کە، ئەم قووە ئیستیعمال دەکات و چونکە بیرەغمی تەنبیهاتی پێشوو کە لە تەڕەف حوکوومەتەوە پێی تەبلیغ کراوە، دائیما خەریکە بە موخابەرەی خائینانە لەگەڵ دوشمنی وەتەن و عاسیی بوون، عەفووتەڵەب کردن، ئیتاعەتی نەکردووە، ئەوا ئێستا ئیعلان دەکرێت ئەم مانگە، بە هەر ڕۆژ و سەعاتێک کە حوکوومەت بە موناسیبی بزانێت، جێی شێخ مەحموود و پیاوەکانی لە

---

(*) ١/٢٣؛ب١، ل١٤٨.

(١) مێژووەکە ڕاست و ڕوون نەکراوەتە. من پێم وەیە هەر لەگەڵ جاڕی ڕابوردوو، بەهەمان مێژووە وە بڵاوکراوەتەوە!

(*) گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسف- سلێمانیی؛ س ١٩٩٧ز.

(٢) بەر لە داگیرکردنی سلێمانیی و ڕووخاندنی دوا حوکوومەتی مەملەکەتی کوردستان و پەلاماری نێرووەکان بریتانیا و عێراق بۆ سلێمانیی!



شاری سلێمانییدا بەشددەتێکی تەواو، بۆ مباردومان دەکرێت!

ئەم ئیعلانە بۆ هەموو کەس بڵاوکراوە تاکوو ئەوانەی کە وەها بەباش دەزانن، بتوانن ماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە جێیەکی مەحفووز خۆیانە بشارنەوە!

[تەواو]

پ. ن: -/-/٣١٨[*]

[سلێمانیی]

[١٠/١٢/١٩٢٥ز]

### ئیعلان بۆ هەموو ئەهالیی و عەشائیری لیوای سلێمانیی[١]

بەپێی سەلاحیەتێک کە بە مووجیبی قانوونی ئەسلیحە. پێم بەخشراوە ئەمەوێ لە ئیعتیباری ١ی کانوون سانیی ٩٢٦ەوە، لە لیوای سلێمانییدا قانوونی ئەسلیحە تەتبیق بکەم و بۆ ئەو مووددەتە تەقریبەن بیست ڕۆژ وەعدە ماوە، لازمە هەرکەس ئارەزوو ئەکا بۆ موحافەزەی نەفس و ئەملاکی بە موساعەدەی ئێمە سیلاح هەڵبگرێ، لە زەرفی ئەم مووددەتەدا بێتە سلێمانیی، ئوسووڵەن موراجەعەت بکا و پاسی سیلاحی وەربگرێ و لە ئیعتیباری ١ی کانوون سانیی ١٩٢٦ەوە هەچ سیلاحی بێ پاس لە لیوادا هەڵنەگیرێ، هەرکەس خیلافی ئەم ئەمرە عومومییە، هیچ ئیستیسنای تێدا نییە!

موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی

[تەواو]

پ. ن: -/-/٣١٩[*]

[سلێمانیی]

[-/١/١٩٤٢ز]

### ئەمر ئیداریی[٢]

ئەبینین لە شاری سلێمانییدا، هەرچیی هەڵدەسێ خەنجەرێکی بەقەدەوەیە، هەر تێ

---

(*) ژیانەوە- س٢، ژ٥٢، پێنجشەنبە ١٠/٢/١٩٢٥ز.

(١) ئەم هۆشیارینامەیە لە پێناوی بەرگرتنە لە شۆڕشگێڕانی حەفید زادە مەلیک مەحموود!

(*) ژین- س١٦، ز ژ٦٩٤، پێنجشەممە ٣١/١/١٩٤٢ز.

(٢) ئەم هوشیارینامەیە ڕێکەوتی (٢. ج. گ) و (گرانییە!).

گیـرا، پەلامـاری خەنجەر ئەدا. ئەمـەیش ئەبێ بە سـەبەبی وقـووعی جـەرائیم و دیارە و قووعاتیش ئەمنییەتی عامە ئیخلال ئەکا و ئاساییش نایێڵێ. لەبەر ئەمە و بەپێ ویستی تەئمینی ئەمنی عام، خەنجەر و کێرد و هەرچیی سیلاحێ کە پیاو بریندار بکا، ئایا بەشەو ئایا بەڕۆژ، بە سوورەتێکی قـەتعیی نابێ کـەس هەڵـیبگرێ. هەرچیی گـوێ نـەداتە ئەم تەنبیـهـاتە خـۆی تووشی جـەزاییێک ئەکـا کـە مـووافـقی مـاددەی «١٣٦» لە قـانوونی عوقووبات بۆی دانراوە.

مـاددە «١٣٦»: هەر کەسێ گـوێ نەداتە ئەوامیـری مـووەززەفی عـومـوومـیی کـەتێی ئەگەیێنێ، بە پێی ئەم ماددەیە جەزای هەیە.

ئەگەر سەبەبییەت بدا بە تەئخیر و تەعتیلی وەزیفەی شەخسی موکەللەف بەئیدارەی خیدمەتی عوموومییە یا تەعریزی تەعتیلی بدا، یا زەرەر بگەیێنێ یا زەحمەتی بێنینە پێش، جەزای ئەدرێ بە حەبسییەک کە لە مانگێ زیاتر نەبێ، یا بەجەزای نەقدیی تا پێنج لیرە یاخود بەهەردووکیان و ئەگەر ئەو کردەوەیش موخالیفە و بەرپێچییە ببێ بە سەبەبی زەرەری حەیات بۆ شەخسێ یا بۆ سیحەت و سەلامەتی جیسم، یا فیـتنەی لێ رووبدا، حەبس ئەکرێ بە موددەتێک کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، یا بەجەزاییێک لە بیست لیرە تێ نەپەڕێ یا بەهەردووکیان.

موتەسەرریفی سلێمانیی

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٣٢٥(*)

[سلێمانیی]

[١٩٤٧/١/٢ز]

بۆ مودیری جەریدەی ژین

لە جەریدەکەتانا، دیم ئیـعلانێک لە بابەت دیوانەکەی (شێخ ڕەزا)وە، ئینجا لەبەر ئەوەی کە ئەم موتەسەرریفەتە (مەنعی کردووە) هێنانی ئەو دیوانە بۆ ئەم لیوایە، نەوەک بووترێ کە بەهۆی ئێمەوە لەم شارەدا فرۆشراوە و بڵاوبووەتەوە و خەبەری داینێ کە قادر ئاغا «١١» نوسخەی لەو کتێبە بۆ نێرراوە و «١٠» نوسخەی لێ فرۆشراوە و پێمانووتووە

(*) ژین- س٢٠، ز ژ٨٥٣، پێنجشەموو ١٩٤٧/١/٢ز.



کە لەمە زیاترهیچ نوسخەیێکی کەی جەلب نەکات. ئینجا تکایە لەمەو دوا لە بابەت ئەو دیوانەوە لە جەریدەکەتانا ئیعلان مەکە!

موتەسەرریفی سلێمانیی(١)

[تەواو]

## ٤/١. سەفەرنامە

📖 پ. ن: -/-/٣٢١(*)

[سەفەرنامە بۆ گوندی گردەسپییان]

قەڵادزە

١٩٤٥/٥/١٩ز

لە سـەعـات «٩»ی ئینگلیـزیی پێش نیـوەڕۆی ڕۆژی هەینیی مـانگی مـایس: ١٩٤٥/٥/١٩، من و ڕۆستەم ئەفەندیی لەگەڵ غەریب مستەفا و فەتح الله عەبداللە، چووینە دیی «گردە سپییان» بۆ خزمەت (بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا).

لە قـەڵادزێوە بو «گربداغ» وە لەوێوە هاتینە «دەسـتـار سـیـمـان» و ئەمـجـا لە چۆمی «ئالاو»ی پەڕینەوە، لە پاشدا بەقـەد گرێکدا هەڵگەڕاین- ئاسـاری کۆنی دێییێکی وێران بووی لێ دیاربوو- لەسەر گردەوە «گردەسپییان» مان لە بۆ دەرکەوت.

گردەسپیان کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی «قەڵادزە» و نزیکەی -بەپێیان- سەعاتە ڕێگەییێکە وە «٣٠» ماڵی دەبێ.

***

باپیر ئاغا و عەلیی ئاغای کوڕانی (بابەکر ئاغا) لەپشت دیواری دیوانخانەکەیدا ڕاوەستابوون چاوەنۆڕی ئێمەیان دەکرد، چونکە لە پێشترەوە خەبەرمان بۆ ناردبوون کە دێین!

(١) موتەسەرریف حەسەن تاڵەبانیی (١٩٤٦/٨/١١ ـــ ١٩٤٨/١/١٧ز) هەر لەبەر تەرزی بابەتەکانی شێخ ڕەزای شاعیر و یێک خانەدانییەوە ئەم هوشیاریی نامەیەی ناردووە، دەنا کتێبێ کە بە ئیزنی حوکوومەت چاپ کرابێت، بڵاوکردنەوەی قەدەغە نییە [وێ دەچێت هوشیارینامەکەش لە عەرەبییەوە کرابێت بە کوردییەکی ناتەواو]

(*) دەنگی گیتیی تازە- ئۆگستۆس- ئاب/١٩٤٥ز؛ ل ٤٤٦- ٤٥٢

بابەکر ئاغا کە زانیی ئێمە لە دیوەخانەکەی نزیک بووینەوە، تەشریفی لە نێوەندی هەیوانی دیوەخانەی ڕاوەستابوو؛ ئیستیقبالی کردین؛ بەڕووییێکی خۆش سەر و تەوقەمان لەگەڵ کرد. ئەمجا لەسەر هەیوانی لای ڕۆژئاوای دیوەخانەکە دانیشتین کە مافوور و دۆشەک و بالێف- سەرین-ی تێدا داخرابوو.

***

دیوەخان

دیوەخانی «گردەسپییان» لەسەر گردێکە «٢٢» ساڵە دروست کراوە جگە لە زێدە هەیوانێک و هێندێ گەورەیی نەبێ، دەنا دیوی دەرەوە و ناوەوەی هیچ فەرقێکی کەی لەگەڵ دیوەخانەکانی کەی (میراودەلیی)یەکان نییە! لەبەر ئەمە (میراودەلیی) بەعەشیرەتیی دەژین دە ساڵی کوێستان و گەرمێنیی دەکەن، بەشی زۆری دیوەخانەکانیان سەفەرییە، زۆر نایڕازێننەوە! دیوەخانی (بابەکر ئاغا) ڕوو لە جنووبە و بەرەو قیبلە وەستاوە. دیواری نزیکەی «٥» مەتر بەرزە، بەپێ پلیکەی قوڕ دەچنە سەربانی دیوەخان.

هەیوانەکەی بەکۆڵەگان ڕاوەستاوە. چوار پەنجەرەی لە پێشەوە و دەرگەیێکی نێونجیی هەیە. هەیوانەکەی بەشێکی لە بەشێکی بەرزترە، هێندێ کۆسپەی لێ دروست کراوە.

چینێکی زۆر درێژ و بەرزی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی قاییمی دەستکردی دێی «سەرسپییان» بەپێش دەمی نیوەی هەیوانەکەوە گیرابوو. نەیدەهێشت تیشکی ڕۆژ بێتە هەیوانەکەوە هەموو قامیشی چیغەکە، بەنی ڕەنگاوڕەنگی تێ ئاڵاندرابوو، لە پاشدا پێکەوە هۆنرابوون.

لە کوێستانان کە تاوڵی زل هەڵدەدەن، ئەم چەشنە چیخە گەورانە بەڕوویاندا دەگێرن، بنمیچی سابیتە. هەیوانی دیوەخانەکە، هێندێ تەختەی لێ درابوو، بەڵام دیاربوون کۆن ببوون وە تاوە تەختەکان پڕ لە چۆلەکە- چێشکە- بوون، لەبەر جریوە جریو نەیاندەهێشت گوێمان چاک لە قسان ببێت جاروباریش پارچە گڵ و وردە بەردیان بەر دەداوە خوارێ، ئەوانیش هێلانەی خۆیان دەردەدا و خۆشیان دەکرد

***

وردە وردە لەگەڵ (بابەکر ئاغا) کەوتینە قسە. باسی عێراق سەفەری بەغدایێ، مەسئەلەی (شێخ مەحموود)، زەمانی ئینگلیزەکان و وەزعییەتی کوردان و باسی پشدەر و ئێران و تورکیا و ڕووسیا و وەزعی ئەورووپا و شەڕ و سیاسەتی دنیامان هەموو پەڕە کرد.



لە هەر مەوزووعەی کە خۆی ئاگاداربوو وەیا تێدابوو ،لەسەرەخۆ و جوان جوان لە بۆی دەگێڕاینەوە و حەقیقەتی مەسئەلەکانی تێ دەگەیاندن. نزیکەی «٥» سەعات ئەم پیاوەمان بەقسانەوە ماندوو کردووە.

باوەڕ ناکەم کەس لە زەرفی ئەم موددەتە، بەقەدەر ئێمە لە زەتی لە قسەکانی جەنابی (بابەکر ئاغا) کردبێت!!

ئەگەر یێکێک موشتاق بێ و بیەوێت لەبن و بنچینەی مەسئەلەیێک- بەتایبەتی ڕابوردوویێک کە بووە بە تەئریخ- بکا، حەق وەهایە لەم کەسانە قسە وەربگرێت کە بینەفس لە ئیشەکاندا بووبن وە یا ئەمانەی کە هیچیان لێ ناشاردرێتەوە و لایان ون نابێت، چونکە پیاوی وا گەورە، ئەگەر لە مەسئەلەیێکدا سوئالی لێ کرا، یا بێ دەنگ دەبێت و نایێلێت، یا حەقیقەت چییە دەریدەخات و دەیگێڕێتەوە!

***

بابەکر ئاغا

بابەکر ئاغا کوڕی سەلیم ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەد ئاغایە. ڕەئیسی تائیفەی (سەلیم ئاغا)ی گەورەی پشدەریانە. من عومریم بە«٧٠» ساڵ پتر هاتە پێش چاو.

باڵای کەڵەگەتە و لەشێکی بەخۆوەی هەیە، بەڵام لەبەر پیریی نەختێ داکەوتووە و لەشی سیس بووەتەوە کڵاوێکی مەخرووتیی قووچی لەسەرە، سەری بەمشکییەکی خست بووە سەرچاوی چەپی و داپۆشیی بوو دەڵێن (کەم کەس دەزانێ ئەم چاوەی کە شاردوویەتیەوە چییەتی!!)، بەڵام چاوە ساغەکەی زۆر تیژە، چاوی بە خەڵق بکەوێتەوە لە مەسافەیێکی موناسیبەوە دەیناسێتەوە. چاوی، نەڕەش وە نەشین بوو. زەردێکی ڕەنگ زەیتیی بوو.

لووتی نێونجیی شووشەیی داوداوی هەبوو دوو لچی تەنگ، دەمی دادەپۆشت وەهیچ ددانی لە دەمدا نەمابوو، ڕەنگی ڕووی سووری، هەیکەلی ڕوو هێلکەییە و سەری خڕە و گوێچکەی ڕاستی بەدەرەوەیە!

ئەو ڕۆژەی کورتەک و شەرواڵێکی قەبەی لەبەربوو، لە سووفی سەوز- کەسک- دروست کرابوو. پشتێنێکی چیتی لە پشت بەست بوو. شەرواڵەکەی، نافەکی گورج بوو. جووتە گۆرەوییەکی خوریی بۆری لەپێ بوو.

سەرینێکی گەورەیان بۆ لە تەنیشت دانابوو کە بێ تاقەت دەبوو پاڵی پێوە دەدا کیسەیێکی توندیشی لە تەنیشت داندرابوو، زوو زوو فەقێ محەممەدی پیاوی، فەقێ

مارف- ژنێکی کورتە باڵای قسە عەنتیکەیەو جلکی پیاوانی لەبەر کردووە- سەبیلە ڕەشە ئەوروپاییەکەیان زۆر بەجوانیی و بەئەدەبەوە لە بۆیان تێ دەکرد و پێ دەکرد و دەستەو سینگ دەیاندایە دەستی!

***

چایی لەسەر چایە لە بۆمان دەهات، تا وەختی نان خواردن داهات بەبێ موشەووەشیی، سێ سینییان لە بۆ ئێمە دانا. بە قەرەسوو -مەسینە- لەسەر و لەگەندا دەستمان شووشت. بابەکر ئاغا و ڕۆستەم ئەفەندیی و من و فەتح الله ئەفەندیی، دوو دوو لەسەر سینییەکی دانیشتین، ئەمجا ناوی خوامان لێ هێنا!

نۆکەرەکان، زوو زوو خۆیان دەخستە پەنایێ و لە بەرامبەرماندا ڕانەدەوەستان جاروبار یێکێکیان دەهات و ئیشێکی دەکرد و دەچووە ژووری دیوەخان.

لەسەر هەر سینییێ، قاپێکی گەورەی پڵاوی سەدریی بوو، بەگۆشتێکی سوور و قەڵەو و ناسک لێ ندرابوو. دەنکە کیشمیشە شیرینە ڕەنگ سوورەکان ئاوسابوون و سینییەکە بە نانی گەنمی قەندەهاریی تەندووری چاک برژاوی داپۆشرابوو.

قاپێک قوڕاوی «بەربەسیل» جەرگ و هەناوی، وە قاپێکیش محەللەبیی فورنی لەسەر سینییەکە داندرابوون وە لە تەنیشت هەر سینییێ کوتکێکی گەورەی پڕ لە دۆی خەست و سارد داندرابوو، هەر یێکێ کەوچکێکی گەورەی ماستاوانی تێ خرابوو. لە دوای تێر خواردن، دەستمان بەسابوونی- پاڵمۆلیف- شوشت وە بە خاولییەکی پاک سڕیمانەوە!

لە پشدەردا، ئەگەر دەعوەت کرا، سەد کەس بن وەیا دووسەد کەس بن، هەرچەندێ بن، هەر سینییەی بوو دووکەس دادەنرێ. لەسەر سینیی یێکەم چ داندرابێ دەبێت لەسەر سینیی ئەخیریش عەینی شت داندرابێت. ئەم عادەتە ئەگەر چیی قاپ و قاچاغی زۆر پێ دەوێت، بەڵام دەستوورێکی زۆر جوانە!

***

لە دوای دەست سڕینەوە، لەسەر چیغەکەوە هێندی تەماشای مەنزەرەی چیای (ئاسۆس) و لوتکەی (کوریس) کە بەفری هەر پێوە مابوو، وە «گردە بێناسە»م کرد. ئینسان لە کاری خوا سەری سوڕدەما!

ئەمجا دانیشتینەوە سەرو یێک دوو چای کەمان لەبۆ هات، - سەماوەری ئەم چەشنە گەورە دیوەخانانە، سارد نابێتەوە، هەر فوویێکی لێ بکەن دەکەوێتە ئیزە گیز و هاشە



هاش- وە لەگەڵ جەنابی بابەکر ئاغای کەوتینە قسەکردن.[1] جاروباریش، سوارێک دەهات و دادەبەزیی نۆکەرێک بەدەست و بردی جڵەوی وڵاغی میوانەکەی دەگرت و وڵاغەکەی دەبەستەوە و کۆمەڵە گیاییێکی دەخستەبەر!

بابەکر ئاغاش بەپێی مەقسەد و مەکان، هەموو حەل دەکرد و بەڕێی دەکردنەوە ئەگەر یێکێ لە دیوەخانی (میراودەلیی)یێ دابنیشێت، وە ٧- ٨ ئاغای لێ بێت، تەماشا دەکەین دوو دوو، ڕووت تێ دەکەن و سەردەخە پەنا گوێی یێکدی و دەبێتە فسکە فسک. جاری وا دەنگیان لەبەر دەرنایەن، دەڵێیت دیوەخانەکە چۆڵ و هۆلە و کەسی لێ نییە! ئەگەر میوانێکی ناشارەزا ڕێی بکەوێتە دیوەخانێکی وەها وە ئەم مەنزەرەی چاو پێ بکەوێت، لەوانەیە خەتەرەییێکی بەدڵدا بێت و لە خۆی بکەوێتە شک، بەڵام ئەگەر یێکێکی شارەزابێت، ئەویش لەگەڵ ئەوەکەی تەنیشتی سەر پێکەوە دەنێن و دەکەونە قسەکردن! میراودەلیی، زۆر بەتاقەتن. سیرڕییاتی خۆیان بەزوویی دەرناخەن وە هەموو ئیشێکیان بە پرس کردن و ڕاوێژە. لە پچوولەکانیانەوە تا هەرە گەورەکەیان ئەمجا بێ دەنگ سەر پێکەوە دەنێت وە هەر دژواریی و ئیشێکیان بێتە پێش، بە کۆبوونەوە و ڕاوێژیان حەلی دەکەن و پێکی دەهێنن!

لەلایێن حەل کردنی شکاتکاریی و ناکۆکیی نیزاعی نێو خۆیان، موراجەعەت زۆر کەم بە حوکوومەت دەکەن، ئەگەر ئیشەکە زۆر گەورە بوو، پێک نەهات و ترسان ببێتە فەرتەنە و کەتنێکی گەورەی لێ ڕوو بدات؛ (عەباسی مەحموود ئاغا) و (بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا) دەکەونە نێوانیانەوە. پێکەوە کۆدەبنەوە و بەزوویی پێکی دەهێنن.

لەم موددەتەی کە ئێمە لە «گردەسپییان»دا بووین، یێک دوو شکاتیان لە خزمەت بابەکر ئاغادا کرد، ئەویش ڕێ و شوێنەکەی دادەنا و قسەی بۆ هەردوولا دەکرد و ڕێکی دەخست.

***

(١) خوێندەوار ڕەنگبێ سەرسام بێت کە بابەتی گوتوبیژی خاوەند سەفەرنامە، هیچ نەنووسراوەتەوە کە ئەگەر بنووسرابا دەبووە سەرچاوەییێکی نرخ گران ئەز وەکو تێ بگەم- بەڕۆشنایی گۆڤارەکە و سەردەمەکەی ڕەنگبێ نووسرابێت و لابرابێت یان لەبەر قەدەغەبوونی دەربڕینی بیروا لە ڕۆژنامە نووسیی کوردییدا، هەر نەنووسراوە. هەڵبەت حوکوومەتی عێراقی عەرەب وەکو ئەو مافەی لە کورد و ڕۆژنامە نووسیی سەندبوو، بۆ ڕۆژنامەنووسیی عەرەب ئەوهە نەبوو کە تەنانەت هەبوو بە خراپە لە کورد مافەکانی دوواوە!

له نزیک سه‌عات «٥ر٤» ئینگلیزییدا و پاش نیوه‌ڕۆ، خۆمان کۆکرده‌وه و دوعا خوازیمان له (بابه‌کر ئاغا) و (باپیر ئاغا) کرد وه فه‌قێ محه‌مه‌د له ترسی سووریی (K/!!) تا له دێی دوورخستینه‌وه، له‌گه‌ڵمان هات. به‌ڕێگه‌که‌دا، له چۆمه‌که‌ی په‌ڕینه‌وه؛ تووشی (باییز ئاغا)ی کوڕی باپیر ئاغا بووین ئه‌مجا هاتینه‌وه دێی گربداغ. له زه‌وییه‌کی نزیک گربداغدا، چه‌ند سه‌ر مه‌ڕ و بزنیان ڕاگرت بوو یێک دوو پیاو و سێ چوار ئافره‌تیان له‌گه‌ڵ بوو. نه‌ختێ لیمان دوور بوون ڕه‌نگ و ڕوویانم نه‌دیت، به‌ڵام زۆر ژنی به‌خۆوه دیاربوون. یێک دووه‌کیان له‌به‌ر مه‌ڕکان بوون؛ ده‌یاندۆشین. که هاتینه‌وه نێو گوندی گربداغ، لامان دا بۆ دیوه‌خانی (ئه‌مین ئاغای بابه‌کر ئاغای مه‌مه‌ند ئاغا) که به مه‌مه‌نده قیت مه‌شوور بوو... دۆییێکی ساردمان خوارده‌وه، له ده‌ره‌وه‌ی گوندی، تووشی ئه‌مین ئاغا و ئه‌حمه‌د ئاغای برای و ئه‌حمه‌دی حه‌مه ئاغای نائیبی پشده‌ر هاتین و چاک و چۆنیمان له یێکدی کرد. له‌دوای چه‌ند قسه‌یێ به‌جێمان هێشتن و به‌ره‌و شار هاتینه‌وه.[١]

دلسۆز[٢]

قه‌لادزه

[ته‌واو]

---

(١) سه‌فه‌رنامه‌که خۆی مێژووی لێ نه‌دراوه.

(٢) نووسه‌ری سه‌فه‌رنامه‌که (دڵسۆز) نێوی ڕاستی بڵاونه‌کراوه‌ته‌وه ئه‌ویی من بیزانم؛ محه‌مه‌د تۆفیق وردیی- ئه‌وکاته مامۆستا بووه له قه‌ڵادزه- هه‌روه‌ها عه‌لائوددین سه‌ججادیی نێوناسی (دڵسۆز)یان به‌کار بردووه. من خۆم پێم وه‌یه هه‌ر ئه‌ویی یێکه‌مه و شێوه‌ی ئاخاوتنه‌که‌یشی ڕووناکیی ده‌دات.



## ١/٥. شیننامه

پ. ن: -/-/٣٢٢[*]

(میرزا مارف ـــــ قاله‌ی ئاییشه خان][١]

[سلێمانیی]

[٦/١٠/١٩٣٤ز]

### چه‌ند خۆشه‌ویستی قاله...

خۆشمویستی له هه‌ووه‌ڵه‌وه، خۆشمویستووی له ژیانا، له مردنا، خۆشمئه‌وێی تا ئه‌به‌دییه‌ت!

ئاخ چه‌ند خۆشه‌ویستی قاله... چاوپێ که‌وتنێکی که‌مت، خۆشه‌ویستییه‌کی بێ پایانی تێکه‌ڵ به هه‌موو هه‌ستیم کرد؛ هه‌ستیی گۆڕیی، هه‌موو هه‌ستم بوو به خۆشه‌ویستیی تۆ، که‌چیی له پێش منا هه‌ستییت ون بوو!

ئۆف چه‌ند ناخۆشه ون بوونی هه‌ستییت قاله! ئاواتر بوو، تۆ له من جوێ نه‌بیوه هیوام بوو که مردنت نه‌بینم ئه‌مویست من له‌پێش تۆدا بمرم. ئاواتم نه‌هاته دیی! به‌هیوام نه‌گه‌ییشتم، له‌پێش منا مردیی!

ئاه... داغی به‌چه‌ند دڵانا مردنت.

قاله، جوێ بوونه‌وه‌ی تۆ له ئێمه داخی نا به جگه‌رمانا و جوێ بوونه‌وه‌ی ئێمه‌ش له تۆ، بێ شوبهه داغی نا به‌جگه‌ری تۆدا. ئاه... له‌و حه‌له‌دا جگه‌ری تۆ خۆی بریندار بوو، توانای ئه‌و داغه‌ی نه‌بوو! خۆزگه جگه‌ری من بوایه قاله!

له‌به‌ر چاوم بوویت له دووریتا، له‌به‌رچاوم بوویت له نزیکیتا، له‌به‌ر چاوم بوویت له

---

(*) ژیان- س٩، ژ ٤١٤، شه‌موو، ٦/١١/١٩٣٤ز. [له چێوه‌یێکی ڕه‌شدا].

(١)- قاله ئاییشه خان؛ ئه‌ندازه‌ڤانێکی خه‌ڵکی سلێمانیی و ناسراو بوو. چه‌ند شاعیرێ بۆ مردنی به‌شیعر- له ڕیزدا پیره‌مێرد- لاواندوویانه‌ته‌وه که به‌هۆی نه‌خۆشیی «جگه‌ر»ه‌وه مردووه! ماڵه خه‌زوورم شێخ مسته‌فای شێخ ئه‌مین له گه‌ڕه‌کی گوێژه‌ی سلێمانییدا دراوسێی ئه‌م دیوو ئه‌ودیویان بوون و کابانم له زمان که‌سیه‌وه ده‌گێڕێته‌وه: قاله تاقانه‌ی دایک و بابی بووه. چه‌ند خوشکی هه‌بووه و به‌مردنی قاله‌ی برایان تا مردن ڕه‌ش پۆش بوون و شوویان نه‌کرد. ئێسته ماڵه‌که‌یشیان کوێر بووه‌ته‌وه و بووه به بازاڕ له‌به‌رده‌م سه‌رای سلێمانییدا.

تابووتا، لەبەر چاوم بوویت لەسەر لێوی گۆڕ؛ کوێر بوومایە، نەم دیتایە قالە! کوێربوومایە نەم دیتایە لە تابووت قالە!

کوێر بوومایە نەم دیتایە لە کەناری گۆڕ قالە... ئاه... سەد ئاه قالە!

حەسرەتی جویێ بوونەوەت لە دڵمایە قالە... حەسرەتی جویێ بوونەوەت لە دڵی لق و پووپدایە قالە... حەسرەتی جویێ بوونەوەت بەم نزیکانە نزیکم ئەخاتەوە لە تۆ قالە!

توانای دووریتم نییە قالە... ئینشاالله بەم زوانە دەست ئەکەمەوە ملت قالە. ئاخ قالە... ئۆف قالە... ئاه قالە... سەد ئاه قالە!

میرزا مارف

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٣٢٣(*)

[مەحموود ئەحمەد ـــــ عەبدولواحید نووریی][(١)]

[ڕواندز]

[١٩٤٤/٧/٢٧ز]

بۆ گیانی پاکی مامۆستای کۆچ کردووم

ڕۆژ ئاوایە؛ زەردە لەسەر لوتکەی چیاکاندا بەعاستەم بەجێ ماوە، دارستانەکان سێبەریان کردووەتە سەر ئەو قەد یاڵانە؛ هەروەک ڕەشپۆش بن وەهایە... منیش نازانم چیی بووە، چیی قەوماوە؟؟ بەڵام خەیاڵم بۆ ئەوە ئەچێت کە ڕەشپۆشیی هەر بۆ لەبەر چاوی من خۆی دەرئەخا، چونکە لەپێش مانگێکدا، منیش کوولەکەی دڵم و هاوڕێی گیانی بەگیانیی ژیانم؛ خێزانم، هەردووکیان گیانی پاکیان بە یەزدان سپارد...

بەڵام، ئەوەندەی پێ نەچوو، هاتە بەرگوێم کە مامۆستا عەبدولواحیدیشم گیانی پاکی سپاردووە؛ ئاه...

موچڕکێکم پیا هات، لەسەرمەوە، لە کەلەموستی پێمەوە دەرچوو، بەڵام لە دوای

(*) ژین- س١٨، ز ژ ٧٥١، پێنجشەموو، ١٩٤٤/٧/٢٧ز.

(١)- مەحموود ئەحمەد/ ئازاد (١٩١٧ز. سلێمانیی- ١٩٦١ز. سلێمانیی) مامۆستای قوتابخانە. چیرۆکنووس و بڵاوکەرەوە، خاوەندی چاپ کراوەکانی خۆی؛ (گوڵاڵە- سلێمانیی؛ س١٩٤٧ز) و (جوان- سلێمانیی؛ س ١٩٦١ز). وەجاغی ڕوونە!



نەختێک کە غەمگینیی گرتمی و ژیانی قوتابخانەم هێنایەوە پێش چاو، بەتەواویی کەمێک ماتەمینیم نەما.

سەرم بەرزکردەوە وتم؛ مامۆستا، مامۆستا گیانم نەمردووە... نەمردووە، چونکە هەمیشە وتەکانی وا لەپێش چاومە ئەوە (بەرەو ڕووناکیی)، ئەوە (لە وڵاتی ئادەمیزادە سەربەستەکان) و گەلێ شتی کە ئەمانە هەموو زیندوویەتیی ئەو ئیسبات ئەکەن.

ئینجا دیسان وتم؛ مامۆستا، گەورەم، نەمردوویت... چونکە بەهەزاران لاوی وەک خۆت گەیاندە جێگەییێک کە چاوەڕێی ئێمەی لێ ئەکەیت! تۆ خۆت گەیاندە جێگەییێک کە چاوەڕێی ئێمەی لێ ئەکەیت! ئێمەش هیچیان بۆ نەماوەتەوە ئەوە نەبێ کە ناکۆکیی و دوو دڵیی و خراپە نەهێڵێن و خۆمان فێری لێ بوردن بکەین و یێک بە یێک، چونکە دوای هەموو ژیانێک مردنە!

ڕواندز
م. مەحموود
(مامۆستا مەحموود]

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٣٢٤(*)

[مەحموود فەهمی/ مەحموود فەقێ محەممەد هەمەوەندیی ــــ پارێزەر ئەحمەد فائیق][(١)]

[سلێمانیی]

[١٩٥٣/٣/٢٦ز]

ئێستاکە دەمەو بەهارە لە هەموو کەل و قوژبنێکی وڵاتەکەماندا نێرگس و گوڵ و گوڵاڵە لە خەملێندایە، خاک و نیشتیمان بە تاراییێکی سەوز ڕازاوەتەوە و بووە بە بووکی خوای جوانیی... لەم کاتەدا کە نەورۆز خەریکە پشتی زستان ئەشکێنێ و سەرزەمین ئەکات بە شایی و لۆغان و ڕەشبەڵەک، مامۆستا (ئەحمەد فائیق) کۆچی یێکجاری کرد و خۆی لێ شاردینەوە، بە دڵ زویرییەوە بەجێی هێشتین و شایی و لۆغانی لێ کردین بەشین و شەپۆڕ!

گیانەکەم؛ کۆچی یێکجاریی تۆ زۆر ناوادە بوو، چونکە هێشتا هاونیشتمانەکانت

(*) ژین- س٢٨، ز ژ١١٤٢، پێنجشەموو ١٩٥٣/٣/٢٦ز.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران

نەگەیی بوون بەوپایەی کە تۆ بۆت بەئاوات ئەخواست و هێشتا پیر و پەرپووت نەبووبوویت، چونکە لە تێ کۆشانێکی سەرومڕدا بوویت بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی داماو و لێ قەوماو. هەمیشە لە کەڵکەڵەی (دانانی مێژوویێک)ی ڕاستەقینەی گەلەکەتا بوویت، ئەو مێژووەی کە هیچ ماستاوی تێدا نەکرێت بۆ ئەم و ئەو و ئەو مێژووەی کە باسی گەلەکەت بکات، ئەو گەلەی کە هەرگیز لە چەرمەسەرییدا بووە؛ تازە کەوتووەتە هەڵس و کەوت و بەڕاستیی لە تواناتا بوو ئەم ئیشە پیرۆزە!

مامۆستا گیان

بێ گومان کە هەموو هاووڵاتیەکانت وەک منی هاوڕێت، تۆیان نەناسیوە، بۆیێکا وەک منیش جگەر بڕاونین... ئەو هاووڵاتیانەی کە هێشتا زۆریان فەرقی مەلائیکەی خێر و شەیتانی شەڕ ناکەن و جێگەی تانەنین، چونکە تۆ؛ شاسوارێک بووی لە مەیدانی ڕاستیی پەرستییدا، شەپۆلت دەدا لە زانین و هەستییدا. پشتت کۆما بووەوە لە غەمخواریی و پەستییدا، پەستیی تەنگ و چەڵەمەی ئەو گەلەی کە تۆ کەسی بێ کەسان بوویت (...) جێی هاوار و بانگی هەژار و کەساسان بوویت!

مامۆستا گیان

تۆ ئەو کاربەدەستە دەست ڕۆییوە بوویت کە نزیکەی «٣٥» ساڵە زیاتر لە پایەی بەرز بەرزدا بوویت و لەو کاتە درێژەشدا چاوت بڕیی بووە ڕاستیی پەرستیی و هەموو ئیش و گوزارێکی داماو لە تۆی بەهرەمەندە بوو و لە پاش ئەو «٣٥» ساڵە، بەدەست کورتیی و هەژارییەوە لە هاوڕێکانت خۆت شاردەوە. ئەڵێم دەست کورتیی بە پێی بیروباوەڕی ئەو پارە پەرستانەی کە پارەیان لە لا هەموو شتێکە و هەموو شتێکیشی لە ڕێگەدا بەخت و تەرخان ئەکەن... بەڵام تۆیێکی بێ پارەو هەژار، خاوەنی کلووری دنیای خوو ڕەووشتی باش و کردەوەی دڵگیر و پەسەند بوویت و مێژووی ژینی تایبەتی تۆ، پڕە لە گەنجی گرانبەهای خوو و ڕەووشتی جوانت!

کێی وەک تۆ، ئەو هەموو دەست کورتیی و سزا ژینەی بەفەخرەوە نۆشیی لە ڕێگەی کەڵەمێریی و جوامێرییدا و یاخود کێی وەک تۆ کۆچی دوایی کرد بەبێ خانوو و مەلازێک بۆ منداڵەکانی؟ قەیناکات، خانوو مەلازی تۆ و سوود و سامانی تۆ، ژینی پاک و خاوێنی تۆیە، ئەو ژینە خاوێنەی کە بەدەگمەن ئادەمیزاد نۆشی دەکات!

مامۆستا گیان

مەرگی کۆتوپڕت، وا دیارە کە ئەویش نرخی بەرزیی تۆی بۆ دەرنەکەوتووە و خەوی



کوتوپڕی لێ خستووە و ئەرک و ئازاری ناخۆشیی و گیانەلاویی بەتۆ ڕەوا نەبینیوە. وا دیارە ملۆزمی مەرگ، مەرگی خوێنڕیش، مەبەستی لێشاوگەی ئەو هەموو بەزەیی و دڵباشیەی ئێوە بوو... ئێوەش بەخەو لێ خستنێکی خۆش، بردنی بۆ عالەمی خولوود، ئەو عالەمەی کە لە دەریاییێکی قووڵی بێ بن ئەچێت و بەرەو گوزەرگەی هەموو ئادەمیزادا ئەچێتە خوارێ و ئێمەش بە واق ورماوییەوە گیرۆدەی داوی خەیاڵی سەرومڕ کردبێت، ئەو خەیاڵەی کە هەمیشە دووربینی ژینی خۆش تێ پەڕیو، ئەنوارێتە سەر و ڕوخساری ئیسک سووکی دەم بە پێکەنینی تۆ تۆراو، تۆراو لە هاوڕێ تا ڕۆژی سەختی مردن!

مەحموود فەهمی هەمەوەند

[تەواو]

### ١/٦. قەسسامنامە

📖 پ. ن: -/-/٣٢٥(*)

[دادگەی شەرعی سلێمانیی]

٥ی موحەڕڕەم ١٣٤٠ [ک ١٩٢١/٩/٩/ز]

● مۆر و نێوی کاری ◎ مۆری مەحکەمەی شەرعی سلێمانی

ئەلقازی بیلوائی سلێمانیی

ئەحمەد موختار ئەربیلی

بۆ تەسوییەی ئوموری سەغیر ئەحمەد کوڕی مستەفا ناوی خەڵقی مەحەللەی گوێژە، لە تەڕەف شەرعەوە تەعین و حەبک و لازمە، وە بینا لەسەر عیلم و خەبەرێ کە مۆری زاتیی و ڕەسمیی ئیمام و موختاری مەحەللەی مەزکوورە؛ موحیەددین مەمهوور و بە ٨ی موحەڕڕەم موئەڕڕەخ بوو، وە حوزوورەن بە شەهادەت و ئەخباری عەبدوڕڕەحمان کوڕی ئیبراهیم ئاغا و عارف کوڕی غەرە دەروێشی خەڵقی مەحللەی مەزکوورە تەحەققوقی کرد کە ئامینە کچی مستەفا ناوی دایکی موستەقیمە و بەئیقبای ئوموری ویسایەتی لاییقە، موقتە دیرەیە؛ بینائەن عەلێهـ بۆ تەسوییەی ئومورو و ئیبقای موعامەلاتی لازمەی سەغیری مەزبوور و مەزبوورە ئامینەی دایکی بە وەسیی نەسب و تەعین کرا. ئەویش بەر وەجهی

(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمانیی- ١٩٨٩/٣/١٧ز.

مەمهوور، ویسایەتی مەزکوورەیی قوبووڵ و بە ئیفای خیدمەتی لازیمەی تەعەههودی کرد. وە موتەعاقیبەن وەسییەی مەزبوور ئامینەی کچی مستەفا، ساکینەی مەحەللەی مەزکوورە کەزاتی بە تەعریف و شەهادەتیس مەزبووران عەبدوڕڕەحمان و عارف غەرە دەروێش موعەڕڕەفەیە لە مەحکەمەی شەرعییەی سلێمانیی و مەجلیسی شەرعی شەریفدا، بیلویسایە تەقدیری کەلامی کرد کە سەغیری مەزبوور ئەحمەد کوڕی مستەفای کوڕم موحتاجی نەفەقەیە و (...) خانوویێک واقیعە لە مەحەللەی گۆێژە کە بەر موجیبی سەنەدی تاپۆی ١ی کانوونی دووەمی ٣٣- (ر. = ١٩١٤ز.K) تەئریخ و ١٤ نۆمیرۆ؛ حیسسەی مەورووسە و موفیدەی هەیە وە لەوە زیاتر هیچی کەی نییە، ئەویش موحتاجی تەعمیر و بە تەعمیریش ئیقتیداری نییە، وەکیباری وەرەسەیش حیسسەی خۆیان ئەدەن بە ڕەهن بە تەبەعییەتی حیسسەی کیبارەوە، حیسسەی سەغیری مەزبوورین بدرێ بە ڕەهن بە بەیع بیلوەفا وە لە بەدەلی ڕهن تەعمیری خانووەکە بکرێ و بەقییەش سەڕفی نەفەقە و حەوائیجی بکرێ دەرحەقی ئەنفەع و ئەولایە.

بینائەن عەلێهـ بۆ تەرهینی حیسسەی سەغیری مەزبوور ئەحمەد لەو خانووە مەورووس و مەحدوود و مەزکوورە بەتاڵیی و بە ئەخز و قەبزی بەدەل و سەڕفی لە تەعمیراتی ئەو خانووە و نەفەقەی سەغیری مەزبوور و ئیبقای تەقریر فەراغی بە تەرهینە لە تاپۆدا بە ناوی موشتەریی بیلویسایە مەئزوونییەتی تەقریری وەسیی مەزبوورە تەئید کرد وە حوزوورەن بە ئەخبار و شەهادەتی زەواتی مەزبووران عەبدوڕڕەحمان کوڕی ئیبراهیم ئاغا و عارف کوڕی غەرە دەروێش تەحەققوقی کرد کە ئیفادەی وەسیەی مەزبوورە موتابیق واقیع و دەرحەق سەغیر ئەنفەع و ئەولایە.

بینائەن عەلێهـ بۆ تەرهینی حیسسەی سەغیری مەزبوور ئەحمەد، ئەو خانووەی مەورووسی مەزکوورە بە (...) حیسسەی کیباری وەرەسەوە بە بەدەل کە موناسەبەتی بێ و بە ئیفای تەقریری فەراغییەی تەرهینە لە تاپۆدا بە ناوی موشتەریی و بە ئەخز و قەبزی بەدەل ڕەهن و سەرفی لە نەفەقە و تەعمیراتی خانووی مەزبوورە؛ ئامینەی کچی مستەفا، ئیزن درا!

تەحریرەن فیلیەوم ئەلخامیس مین شەهر موحەڕڕەم لیسەنەت تیسعەوئەربەعین وە سەلاسمائە مینەلهیجرە!

[تەواو]



☼ پ. ن: -/-/٣٢٦(*)

[قازیی سلێمانیی]

[١٩٢٥/١٢/١٧ز)

قەسسامنامەی شەرعبی

لە سەکەنەی مەحەللەی گوێژە؛ سەیید عومەر ئەفەندیی کوڕی شێخ ئەحمەد ئەفەندیی کوڕی شێخ ڕەسووڵ ئەفەندیی، لە مەحکەمەی شەرعییەی سلێمانییدا حازر بوو. ئیددیعای کرد، وتی؛ مووریسەی من: عائیشە خانمی کچی شێخ ڕەسووڵ ئەفەندیی کوڕی شێخ محەممەد ئەفەندیی بەرزنجیی، ساڵی ١٣٣٢ هیجریی، موسادیفی ساڵی ١٣٣٠ی ڕۆمیی (٩١٣ز.K) سەلما خانمی کچی شێخ ڕەسووڵ ئەفەندیی ناوی خوشکی باوکی و شێخ قادر و شیخ مەعرووف و سەیید عومەر کە منم، ئەولادی شێخ ئەحمەدی شێخ ڕەسووڵ ناوان، برازا و باوک و دایکی داو لەمانە مەزبوورە سەلما خانم کچی شێخ ڕەسووڵ ئەفەندیی لە ساڵی ١٣٣٤ی ڕۆییدا- ١٩١٤ز.K- وەفاتی کردووە، ویراسەتی لەسەر مەزبووروون شێخ قادر و شیخ مەعرووف و سەیید عومەر کە منم، برازایانی باوکی مونحەسیر بووە. لە پاشدا شێخ مەعرووف کوڕی شێخ ئەحمەد شێخ ڕەسووڵ لە ساڵی ١٣٣٧ی ڕۆمییدا (١٩٢٠ز.K) وەفاتی کردووە؛ ویراسەتی مونحەسیر بووە لەسەر عەبدولقادری کوڕی و بەهییەی کچی و زەوجەی مەنکووحەی فاتیمە خانمی کچی شێخ مستەفا ئەفەندیی.

موفتیی، لەمانە زیاتر واریسی شەرعیی نیزامییان نییە، نەحازر نە غائیب. بەپێی قانوونی تەوسیعی ئینتیقالات تەڵەبی قەسسامی کرد. بۆ ئیسباتی دەعوای خۆی مەزبەتەی هەیئەتی ئیختیارییەی مەحەللەی گوێژە، مەمهوور و موئەڕڕەخ بە تەئریخی ١٣ی کانوون ئەووەل ٩٢٥ موئەڕڕەخ بوو، ئیبراز و مەزموونی ئەو مەزبەتە بە تەقریری مەزکووری تەئید کرد و حوزوورەن بە شاهادەتی شێخ ئەحمەد ئەفەندیی کوڕی مەلا نەسرالله کوڕی شێخ حسێن بەرزنجیی، تەحەققوقی کرد کە ویراسەتی مەزکوورە بەر وەجهی مەشرووحە، مونحەسیرە لە وەرەسەی مەزبوورەدا و لەم سووڕەتەدا مەسئەلەی ئیرسییەیان بەپێی موناسەخە بە مووجیبی قانوونی تەوسیعی ئینتیقالاتی ساتی ١٣٢٨ی ڕومیی (١٩١١ز.K) لە بیست و چوار بەش تەسحیح دەبێ بۆ هەریێکێ لە شێخ قادر و

(*) گەنجینەی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی- س ١٩٨٤ز. [لە بەڕێوەبەرەکەیەوە].

سەیید عومەر ئەفەندیی هەشت بەش و بۆ فاتیمە کچی شێخس مستەفا دووبەش و بۆ هەریێک لە عبدولقادر و بەهییە ئەولادی مەعرووف سێ بەش ئیسبات دەکات.

بیتتەلّەب ئەم قەسسامە درا لە ڕۆژی دووی جومادیی ئاخیری ساڵی هەزار و سی سەد و چل و چوار، مووافیقی ١٧ی کانوون ئەووەلی سەنەی ٩٢٥ نووسرا!

قازیی سلێمانیی

مستەفا [قەرەداخیی]

📄 پوول و مۆر

١٩٢٦/٩/١٦[ز](*)

[تەواو]

### ٧/١. مەزبەتەنامە

✡ پ. ن: -/-/٣٢٧(١)

[مەزبەتە نامەی خۆ ولاتیەکانی گوندی گولّپ- سلێمانیی]

[گوندی گولپ](٢)

[س ١٩٣٨ز](٣)

بۆ حزووری جەنابی مودیری مەعاریفی لیوای سلێمانیی

ئێمە کە هەیئەتی ئیختیاری دێی «گولّپ»ین و ساحێب منداڵ و باوک. برای تەلەبەکانین، لە دێی مەزکوورین، ئیستیرحام ئەکەین کە ئەم ساڵ شێخ عبدورڕەحمان(٤) بە

(*) ئەم مێژوو و پوول و مۆرە، دیارە بۆ وەرگرتنی وێنەیێکی قەسسامنامەکەیە کە لە ١٩٢٦/٩/١٦ز. دا دەرهێنراوە.

(١) گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانیی- ١٩٨٣/٣/١٥ز.

(٢) گوندی گولّپ؛ سەر بە باژێڕۆکی هەڵەبجەیە.

(٣) لە فۆتۆکۆپیی مەزبەتەکەدا- مخابن- مێژووی بەرچاو ناکەوێت، بەڵام دەورکردنەوەی دۆسێی مامۆستای نێوبراو، لە ساڵی ١٩٣٦ز. دا مامۆستای گوندە کەبووە، ساڵی ١٩٣٧ز مامۆستای ماوەت و ساڵی ١٩٣٨ز دیسان لە ماوەتەوە بۆ گولّپ و دیارە لەسەر ئەم مەزبەتەیش ڕاگوێستراوە!

(٤) مامۆستا عەبدوڕڕەحمان نسیب بەرزنجیی (١٨٨٨ز- ١٩٧١ز. سلێمانیی)، لە فێرگەکانی ئایینەوە پێ گەیشتووە و دەزگەی مەعاریفی مووسڵی سەردەمی عوسمانیی باوەڕی بە خوێندن و توانای کردووە، لە س ١٩١١ز. دا کراوە بە مامۆستای سەرەتایی. یێکێکە لە مامۆستا پێشڕەوەکانی سلێمانیی لە ١٩٥١/١٠/٢١ز. دا خانەنشین کراوە. [دۆسیی خۆی و نەوەی]



موعەللیمی دێیەکەمان تەعین بفەرموون و ڕجامان هەیە بۆ تەعینی شێخ عەبدوڕڕەحمان بۆ هەمووومان باعیسی مەمنوونیە، وە هەمووومان لەبەر ئەوەی کە شێخ عەبدوڕڕەحمان لە هەموو خوسووسێکەوە عەفیفو مولائیمە، بەهاتنی ئەو مەمنوونین. ئیتر حەواڵەی لوتفی عالیتانە.

ئەگەر بەدڵی لوتفتان نەبوو، عەیشی هەمووومان، ئەولاد و برامان لە مەکتەبی خارجیی ناکەین! ساڵی پار منداڵمان ئیستیفادەی لە مەکتەب نەکردوە پێیاننەخوێنرا. منداڵمان ئیستیفادەی لە مەکتەب نەکرد لەبەر ئەوە عەرزتان ئەکەین ئەگەر منداڵەکانمان ئیمکانە نەبوو بچنە مەکتەب، مەعزووین!

| ئیختیار | ئیختبار | موختاری گولّپ |
|---|---|---|
| شێخ مارف شێخ بەهائوددین | شێخ محەممەد حوسامووددین | ● |
| شێخ تۆفیق سادیق[ئیمزا] | شێخ محەممەد حوسامووددین | فەرەج هەیاس |
| ئەحمەد حەمە [پەنجەمۆر] | حەمە ڕەشید حەمە ئەمین | |
| ئەحمەدی خاڵە | حەمەخان فەتاح ئاغا | حەبیب حەمە کەریم |
| شەریف حەمەکەریم | عبداللە مستەفا | حەمە مستەفا |
| حەمەمین حەمە ئەمین | ڕەحمان جەلال | حەمە حسێن ئەحمەد |
| ڕەمەزان ئەحمەد | ئەحمەد ساڵح | حەمە ئازیز مارف |
| محەممەد وەیسە | فەتح اللە قاد | حەمەرێحان ئیختیار |
| سەعید حەمەمین | | |

موختاری دێی گولّپ سەعید ساڵح

●

[تەواو]

📖 پ. ن: -/-/٣٢٨(*)

[مەزبەتەنامەی قوتابیان ــ ژین ــ کاربەدەستانی حوکوومەت]

[ش؟]

[١٩٥٣/١٢/٣١ز]

ڕۆژنامەی ژینی پیرۆز

ئێمە کە قوتابیانی کوردی حوقووقین، بەگشت ڕق و تووڕەییمانەوە بێزاریی هەرە تیژمان دەرئەبڕین بەرامبەر بەو دەست وەشاندنە تاوانکەرانە کە ئاراستەی ژیانی (مەحامیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد) کرا، وە بەسوورییی داوا ئەکەین تاوانکەرە پەستەکان، چ هاندەر و چ دەستوەشێن بە گورجیی کێش بکرێنە مەحکەمە و بگەیێنرێن بە سزای هەرە سەختی تاوانی پیس و چڵکنیان. هەروەها داوا لە گشت حوقووقیی و مەحامیە بەشەرەفەکانی هاونیشتیمان ئەکەین کە بێزاریی دەربڕن بەرامبەر بەم تاوانە شوورەییە!

لە قوتابیانی کوردی حوقووق

٥٣ئیمزا

[تەواو]

(*) ژین- س٢٨، ز ژ١٨٠، پێنجشەموو ١٩٥٣/١٢/٣١ز.



٨/١. وەسیەتنامە

📖 پ. ن: /-/- /٣٢٩(*)

[وەسیەتنامەی شێخ عەلائوددینی بیارە]

[ش؟]

[س ١٩٤٣ز](١).

بسم الله الرحمن الرحيم

(الحمد لله رب العالمين والصلوه والسلام على سيدنا محمد واله وصحبه أجمعين) ئەمما بەعدو... بەشاهادەتی خودای تەعالا و مەلائیکەی موقەڕڕەبین و پێغەمبەرانی خودا، ئەم وەسیەتە ئەکەم:

وەسیەت ئەکەم کە سێ یێکی عومومی ماڵی مەملووکی خۆم بۆ عومومی موسڵمانان بێ لە ساکینانی خانەقای بیارە و ئەوانەی بە عەزمی زیارەتی دێن بۆ «بیارە» یا بە میوانیی وارید ئەبن کە بە هەموو شێوەیێکی عادەتیی ئیستیفادە لە ماڵی من بکەن، خواه بە دانیشتن و نوستن و هات و چۆ بە خانوەکانما یا بە خواردن و خواردنەوەی ئەوەی عائیدی منە. خواه نان و ئاو و چێشت و چایی و میوە و غەیری ئەمانە وە بەکارهێنانی قاپ و قاچاغ و لێفە و سەرین و فەرش وکەل و پەلی ماڵ بە قەدەر پێ ویستیان، ئەم وەسیەتە شامیلە بۆ هەر موڵکێکی شەرعیم هەبێ چ لە «بیارە» یا لە باقیی دێهاتی عێراق یا لە دێهاتی مۆڵکی ئێران و لە باقیی شوێنەکاندا خواه ئەوەی ئێستە هەمە یا ئەوەی لەمەولا پەیدا ئەبێ.

بۆ تەوزیح: مەقسەد لەم وەسیەتە (بردنی عەینی ماڵەکەم نییە بۆ خۆیان) بەڵکوو ئیستیفادەیە بەخواردن و خواردنەوە و غەیری ئەمانە لە وجووهی ئیستیفادە.

(*) ١/ ٧٥؛ ج٢، ل٣١٦- ٣١٧.

(١)- مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس- لە ئەو سەرچاوەیەدا- دەبێژێت (خوا لێ خۆش بوو شێخ عەلائوددینی بیارە بە شایەتیی من و مامۆستا مەلا بەهای ئیمامی خانەقا و سەیید مەزهەری کاتبی و سەیید نیزامودینی باوەڕ پێ کراوی شێخ عوسمانی شێخ مارفی نێرگسەجاڕ و عومەر مستەفای عەرەبیی دوو ئاوایی شارەزوور، لە بیستی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣٦٣ کۆچییدا ئەم وەسیەتەی کردووە!).

(فمن بدلها بعدما سمعها فعليه الوزر وصلى الله على سيدنا محمد واله وصحبه وسلمه تسليما و آخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين!)

[ئەلموسیی] الموصیی
خادیمەتتەریقەتو نەقشبەندییە
وەلقادرییە: عەلائوددین ئەلعومەریی
ئەلعوسمانی
٢٠ ڕەجەب ١٣٦٣

پ. ن: -/-/٣٣٠(*)

[وەسیەتنامەی چوار ئەفسەری گیانفیدای کورد و کوردستان]

بەغداد

١٨ی حوزیران ١٩٤٧ [ز]

لە شوهەدای ڕێگەی نیشتیمانەوە
عیززەت عەبدولعەزیز
مستەفا خۆشناو
خەیرالله عەبدولکەریم
محەممەد مەحموودەوە

بۆ برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست

(لە دوای تەبلیغی حوکمی ئیعدام بەیێک سەعات نووسراوە:]

برایان

لە ژیانی ژێر دەستیی ئیستیعماردا(١) لە نووسینی ئەم نامەیەوە تەنها ١٤ سەعاتمان ماوە، بە پەتی ئیستیعمار دەگەینە دنیای ئازادیی و گیانمان دەگاتە گیانی پاک و شوهەدای ڕێگەی نیشتیمان.

برایان

خۆمان زۆر بەختیار دەزانین کە بەرامبەر واجیبی میللیی، هیچ دوا نەکەوتین. تەنها

(*) گۆڤاری ڕۆژی نوێ- س ١٩٦٠ز. بلاوکراو لەگەڵێ ڕۆژنامەی دیدا.

(١) بەڕۆشنایی شوێن و کات و دادگە و قانوون و پەتی سێدارە، ئەوە وشەی ئیستیعمار- داگیرکەر- ڕژێمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبی ئیستیعماری کوردستانی باشوور دەگرێتەوە.



نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە کە لاوان و نیشتیمانپەروەرانی کورد، نوکرانی زات بکەنە نیشانە و یێکیەتیی بکەنە پەیڕەوی خۆیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستیعمار وە ڕزگارکردنی هەموو میللەتێکی مەزلووم بەبێ جیاوازیی!

برایان.

دوژمنی جەهالەت بن، بە هەموو تواناتان شەڕی جەهالەت بکەن وە دوای جەهالەت مەکەون! ئێمە نیشانەی تێ کۆشینی میللیی میللەتی کوردین لە ساڵی ١٩٤٧دا. برایانی ئێمە کە ماون بۆ ڕێگەی شەرەف تێ دەکۆشن وە پشت بە خودای گەورە، میللەت ڕزگار دەبێت!

برایان

هاتنمان بۆ بەر سێدارە، لە بێ دەسەڵاتییەوە و سێ و دوو کردنەوە نەبوو، بۆ تێ کۆشین، بەڵکو هەروەک سەربازێکی ئازاد تا ئاخیرین توانا هەوڵمان داو گەییشتینە ئەم نەتیجەیە.

ئیدی بۆ یێکیەتیی و بۆ ئازادیی.

بژیی کورد و کوردستان

[ئیمزای خەیرالله عەبدولکەریم] [ئیمزای مستەفا خۆشناو]

[ئیمزای عیززەت عەبدولعەزیز] [ئیمزای محەممەد مەحموود/ قودسیی]

[تەواو]

پ. ن: -/-/٣٣١(*)

[وەسیەتنامەی پیرەمێرد]

[سلێمانیی]

[بەر لە مردنی بەسێ ڕۆژ- ١٦/٦/١٩٥٠ز]

ئەم جارە ئەمرم، لە مردن ناترسم. ژیانێکی باش و عومرێکی درێژم ڕابواردووە. گەلێ شاران و وڵاتان گەڕاوم. گەورە و پادشاهانم دیوە.

تاڵیی و سوێریی زۆرم چەشتووە. بەنیوە خوێندەواریی لە سلێمانییەوە دەرچووم و

(*) دیوانی پیرەمێرد- س١٩٩١؛ ل ٥٧- ٥٨

خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە. بەسەر بەرزیی ئەزانم کە لە ڕێی باوەڕی خۆما حەپس و زیندانییەکی زۆرم دیوە!

لەم وڵاتەدا دوو چاوم هەبوو؛ یێکێ (زانستیی) و یێکێ (ژین)...

ئێستە لەوانەیە کەڵکی خزمەتم پێوە نەمێنێ و ببم بەبار بەسەر خەڵکەوە؛ ڕوو ئەکەمە قاپیی ئەبەدیی بەبێ ئەوەی کە ماڵی کەسم خواردبێ، موحتاجی کەس بووبێتم!

هیچم پاشەکەوت نەکردووە، هیچیشم لەدوا بەجێ نەماوە، چاوم لە دوای خۆم نییە، خۆم بە ئاخیر خێر ئەزانم، هەرچەندە یێکانە هیوام ئەوەبوو کە ببینم قەوم و میللەتەکەم پلەیێک لەمە بەرزتر و خوێندەوارتر و پێ گەیبێشتووترین، بوو بە گرێ لە دڵما و نەم دیی! لەگەڵ ئەوەش بەختیارم، چونکە بۆم دەرکەوت کە قەوم و میللەتەکەم لە پێشکەوتنان و هەموو جۆرە توان و قابیلییەتێکیان تێدا هەیە. ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕ و کچ ناخوێندەوار نەبن بێ سوودە. هەموو شتێک بە عیلم و فەننەوەیە، وەک وتوومە:

لای من بەخوێندەوارییە، ئاه خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەننی نەبێ دەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزوو ئەکەم
بیبینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم

ئامۆژگاریم ئەوەیە؛ بەشوێن مادده مەکەون! دنیا زۆر بە گران مەگرن. تا ئەتوانن خزمەتی ڕاست و بێ موقابیلی قەوم و زمان و وڵاتەکەتان بکەن و دەستی داماوان بگرن و لە دین لامەدەن، خوا و پەیامبەری خۆتان بناسن و ڕەووشتتان پاک و خاوێن بێ!

ئامۆژگاریم ئەوەیە؛ چاپخانەکە مەفەوتێنن. ئەم قەلەندەرخانەیە تێک مەدەن! ئەو یێک دوو کەسانەی ئەم بەینە لەم قەلەندەرخانەیە خۆیان داوەتە پەنای من، بێ نازیان مەکەن، حەقیان بەسەر مەوەیە.

ڕۆژنامەکەش لە دەست مەدەن، چاپخانەکە ئیش پێ بکەن، چونکە لە لایێکەوە ناکوژێتەوە و خزمەتێکی پێ ئەکرێت. لە لایێکی کەوە ئەو جیهەتانەی من یارمەتیم داون، بەڵکوو بەهۆی ئیش کردنی چاپخانەکەوە ئەو یارمەتییەیان لێ نەبڕێت! مزگەوتی (هەمزاغا)ش فەرامۆش مەکەن، یادگاری باپیرمە، مزگەوتی ئەو گەڕەکەیە، مەڵبەندی خوێندنی ئایینە، ماڵی خوایە. خوا شاهیدە لەوەتیی هاتوومەتەوە فەرامۆشم نەکردووە.

ئامۆژگاریم ئەوەیە؛ شیعر و نووسینەکانم کۆکرایەوە، مەیفەوتێنن، ئیستیفادەی لێ ئەکرێت.



ئامۆژگاریم ئەوەیە لە گردی (یارە) بمنێژن... بۆم مەگرین! ئەگەر زۆر بیرتان کردم، جار جار سەرم لێ بدەن.

(فائیق)(١) ئەم ئامۆژگاریانەم بۆ تۆیە و بۆ ئەو کەسانەیە کە بەتەنگمەوەن.

[تەواو]

### ١/٩. وەقفنامە

📖 پ. ن: -/-/٣٣٢(*)

[وەقفنامەی عەبدوڕڕەحمان پاشا بابان بە عەرەبیی].

[ش؟]

[م!](٢)

بسم للهالرحمن الرحيم

الحمدلله الواقف على الجليّات و والخفّيات، العالم بالكليات والجزئيات و الصلوة والسلام على رسوله المؤيد باوضح البينات والمع المعجزات وعلى آله واصحابه الذين حازوا على قصبات سبق في مضمار المآثر والخيرات.

أما بعد، فلّما انعمَ الله عليّ بأن جعلنى من امة منْ كانَ علّة غائة لايجاد النشّأتين وسبباً لإنتظام الكونين صلعم و إرتفع بي قَلبي محّبة اصحَّ الكونينَ بعد كتاب الله المجيد وهو كتاب (صحيح البُخاري) الذي اشتمل على كلام تلك العلّة. فقد الزَمْتُ على نفسي استنساخ و اشتراء ذلك الكتاب ووقفه ما أمكن رجاءً رجاءً لشفاعة صاحبه يوم الحساب، فها انا قد وقفتُ ذلك الكتاب وقفاً صحيحاً شرعياً على العالم الرّبانى والعارف الصمداني ملا عبدالرحمن الجلبيّ ثم على اولاده الذكور الافقه فالافقه ماتناسلوا بطناً بعد ثم على اولاده الذكور الافقه فالافقه ماتناسلوا بطناً بعد بطن ثم

(١) مەبەست کۆچکردوو فائیق هوشیاری کچەزایەتی کە هەر ئەو وەسیەتەکەی لە زمانییەوە نووسیوەتەوە!

(*) کۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- ب١، س ١٩٧٣، ل٣٨٤- ٣٨٥.

(٢) مێژووی نووسینی تۆمار نییە، بەڵام کتێبەکە خۆی لە ساڵی ١٢١١ک/ ١٧٩٨ز. دا ڕوونووس کراوە. دیاریشە -خێرەکەی پێشکەشی باب و هەردوو برای کردووە- لەسەردەمی پاشایەتیی خۆیدا وەقفی کردووە.

علي اولاد إخوته الاعلم ما توالدوا، ثم على عشيرتة الاعلمين ثم على العلماء الذين كانوا في ناحيه كردستان من الموصل الى بغداد و سنندع وجعلتُ ثوابه هديّة وتحفة لضريح أفضل الكائنات و خلاصة الموجودات عليه أفضل الصلوة و أكمل التحيات رجاءَ أنْ يشفع لى يوم العرصات وجعلتُ مثل ثوابه تحفة لروحي والدي و أخي المرحومين.

انا الراجى عفوَ ربِّه الكريم عبدالرحمن پاشا.

●

عبدوڕڕەحمان پاشا

[تەواو]

١٠/١. وەکالەتنامە

☼ پ. ن: -/-/٣٣٣(*)

[ئەلیاهو/ محەممەد عەلیی داود ــــ ڕۆفائیل ئیبراهیم]

[سلێمانیی]

[٢٦/٥/١٩٣١ز]

ئێمە کە موشێ کوڕی ئەلیاهو و ئەلیاو کوڕی داود ئێستە کە موسڵمانم ناوم محەممەد عەلیی کوڕی داودە، بەیع و شیرائی سەهمە خانوویێکی مەعلوومولحودوود واقیع لە مەحەللەی جوولەکان لە بەینمانا جاریی بوو و بەم بەیع و شیرایە ڕازیی بووین و تەوەففوقمان کرد.

من کە لە پێشدا ئەلیاو کوڕی داود و ئێستە کە موسڵمان بووم و ناوم محەممەد عەلیی کوڕی داودە موقیرڕو موعتەریفم بەم نەوعە؛ خانوویێکی مەعلوومولحودوود واقیع لە مەحەللەی جوولەکان کە ئێستە بووەتە عەرەسە، بە موافیقی سووڕەتی قەیدی تاپۆ کە موئەڕڕەخە بە ماسیی ٣١٥ و ژمارە «١٤»، بە ئیعتیباری هەشت سەهم، دوو سەهمی بە ناوی خۆمەوە قەیدە و ئەویش مردووە، ئەم دوو سەهمە بۆ من و سائیری وەرەسە ئینتیقالی کردووە، ئەوانیش ئەو دوو سەهمە کە لەسەر خۆم قەیدە و لە مەرقووم بووە دەی کوڕی داودی برامەوە سەهر حیسسەیێک بۆ من ئیسبات و ئینتیقال ئەکا، بەیعی باتی قەتعیی

(*) گەنجینەی تاپۆی سلێمانیی- ١١/٤/١٩٩٥ز.



خاڵیی لە (...) و تەقریر و موازەعە بە مەبلەغی سەد ڕوپییە بە دەلی مەقبووز فرۆشتم بەموشێ کوڕی ئەلیاهو وە پارەکەشم بە تەواویی لێ وەرگرت و تەسلیمم بوو، هیچ موداخەلەو تەسەڕووفم بەسەر ئەو عەرەسە خانووە مەحدوودە مەزکوورە مەورووسەوە نەماوە، موڵکی سەحیح موشتەریی خۆیەتی.

بۆ ئەوەی لە دائیرەی تاپۆدا ئەو عەرەسە خانووە ڕەهنە لە پاش موعامەلەی فەک و بۆ ئەو حیسەی مەورووسەشم لە پاش موعامەلەی ئینتیقالی دوو سەهمەکەی خۆم و ئەو حیسسەیە کە مەورووسەن بۆم ئینتیقال ئەکا، بە ناوی موشتەریی مەرقووم موشێ کوڕی ئەلیا هۆوە ڕەبت تاپۆی بۆ بکاو لە سائیری دەوائیری ڕەسمییەی موتەعەللیقەدا لەم خوسووسەوە بۆ هەرچی ئیجاب بکا بە ئیستیعمالی هەموو سەڵاحییەتێکی خۆم مەئزوون بێ لە دانیشتووای مەحەللەی جوولەکان (ڕوفائیل کوڕی ئیبراهیم بۆ وەکیلی دەوریی موتڵەق لایەنعەزیلی خۆم نەسب و تەعیین کرد!).

وە بیلئاخیر ئەگەر لەم بەیعە پەشیمان بوومەوە، بە دەلی ئەم بەیعە و هەر مەساریفاتێک لەو عەرەسەیەدا بیکا، موتەعەهیدم مەعە فائیقی نیزامی تەئدییەی، لەبەر ئەوە سەنەدم نووسیی و دامە دەست![(١)]

عەن ئیقرار لە محەللەی

دەرگەزێن

لە پێشدا ئەلیاو کوڕی داود ئێستە موسڵمان

محەممەد عەلیی کوڕی داود

٢٦مایس ١٩٣١

[تەواو]

(١) لە وەکالەتنامەکەدا- وەک وێنەیی بڵاوە- هێندێ پەراوێز بە کوردیی و ئیمزای عیبریانەش بڵاون و پێ ویستم نەدیت بیاننووسمەوە!

پ. ن: -/-/٣٣٤(*)

[فەقێ تۆفیق کوێخا سەعدە ـــ حەمە ئاغا و میرزا فەتاح]

[سلێمانیی]

[١/٥/١٩٣٣ز]

من کە فەقێ تۆفیق کوڕی کوێخا سەعدە لە دێی «تیمار»ی تابیع بە ناحیەی سورداشم، ئیقرار و ئیعتیراف ئەکەم بەم نەوعە؛ دوو قیتعە زەویی دێم کە یێکێکی مەشهوورە بە تووە سووتاوی سەروو و چوار ئەترافی بەزەویی کوێخا عەبدالله و جۆگەی شێخ شامیل شیوی کانیی سارد و جۆگەکانی سارد مەحدوودە وە ئەوی کەیان مەشهوورە بە کۆیی و چوار ئەتڕافی بە ڕێگە و گردی ئەلەکە کۆکاویی و زەمینی قادر فەتاح مەحدوودە و واقیعن لە دێی «تیمار»ی تابیعی ناحیەی سورداش و لە قەیدی تاپۆدا بە ناوی کوێخا سەعدەی کوڕی سەعید قەیدە و ئەویش مردووە و ویراسەتی بۆ من ماوەتەوە، ئەوانیش زەمینی تووە سووتاو و بە فەراغی قەتعیی بە مەبلەغی حەڤدە دینار و پێنج سەد فلس، جەمعەن بە مەبلەغی سیی و پێنج دینار بە فەراغی قەتعیی خاڵیی لە غەبن و تەقریر و موازیعە(...) فرۆشتم بە شێخ محەممەد سدیق کوڕی شێخ عوسمانی سەرگەڵوو و پارەکەشم بەتەواویی کە عیبارەتە لە سیی و پێنج دینار بە تەواویی لێ وەرگرت و تەسلیم بوو، هیچ حەق و موداخەلە و تەسەڕووفم بەسەر ئەو زەمینە مەحدوودە مەزکووراتەوە نەماوە، موڵکی سەحیی موشتەرای خۆیەتی. بۆ ئەوەی لە دائیرەی تاپۆدا لە پاش موعامەلەی ئینتیقال، تەقریر فەراغ و ڕەبتی تاپۆی بۆ بکا و لە سائیری دەوائیری ڕەسمییەی موتەعەللیقەدا لەم ڕووە وە و بۆ هەرچیی ئیجاب بکات بە ئیستیعمالی هەموو سەڵاحییەتێکی خۆم مەئزوون بن لە دانیشتووی مەحەللەی مەڵکەندیی حەمە ئاغای کوڕی عەبدوڕڕەحمان ئاغا و لە مەحەللەی سەرشەقام میرزا فەتاح مونفەریدەن کان ئەو موجتەمیعەن بە وەکیلی موتڵەقی دەوری لایەنعەزیلی خۆم نەسب و تەعین کرد.

شایەد لەم فەراغە نکوولم کرد و بیلتەڕەف هەرکەسێکی کەوە ئیدریعاییێک بۆ ئەو زەویانە واقیع بوو، ئەم بەدەلەو مەساریفاتی زەرەر و زیان، لەگەڵ مەسرەفی موحاکەمە و

(*) لە سەبیحەخانی کابانی عەلی عەسکەرییەوە- نەوەی شێخ محەممەد سەدیق کوڕی شێخ عوسمانی سەرگەڵوو- سلێمانیی ١٩/٤/١٩٩٧ز.



عەلاوەی بیست دینار بە مووافیقی ئوسووڵی موحاکەماتی حوقووقییە، موتەعەهھیدم بە تەزمین. بینائەن عەلێهـ ئەم [وەکالەتە]م نووسیی، موسەددەق ئیعتام کرد.

عەن ئیقرار ئەلوەکیل
لە دێی «تیمار»ی تابیعی سورداش
فەقێ تۆفیق کوڕی کوێخا سەعدە

شاهێد
قادر ئەفەندیی کوڕی عبدالله
کاتبی ناحیەی سەرچنار
[ئیمزا]
١مایس ١٩٣٣
● تۆفیق

شاهێد
میرزا ئیبراهیم کوڕی مەلا فەتاح
تۆفیق بەززاز لە دەرگەزێن
[ئیمزا]
١ مایس ١٩٣٣
● تۆفیق

| سیجل | یەومیە | تەئریخ مایس٩٣٣ |
|---|---|---|
| ٢٢٨ | ٦١١٨/٧ | |

لە دانیشتووی دێی «تیمار»ی ناحیەی سورداش فەقێ تۆفیق کوڕی کوێخا سەعدە کە هەوییە و شەهادەی شوهوودی بالا مەعلووم بوو، مومائیلێهـ لە حوزووری خۆمدا حەرفییەن بە موندەریجاتی ئەم سەنەدی وەکالەتە ئیقرار و ئیعتیرافی کرد و ئەم مۆرەی وەزع کرد. بینائەن عەلێهـ ئەم سەنەدە لە تەڕەفمەوە تەسدیق و تەسجیل کرا.

٧ی موحەڕڕەم ١٣٥٢ و ا ی مایس ١٩٣٣

کاتب عەدلی لیوائـ
ئەسسلێمانییە

فلس
٢٨١ ڕەسمی تەسدیقی وەکالەت
دووسەد و هەشتا و یێک فلس وەرمگرت.

١ی مایس ١٩٣٣

[تەواو]

## ١١/١. یاداشتنامە

📖 ✡ پ. ن: -/-/٣٣٥(*)

[یاداشتنامەی مستەفا سایب][١]

[گەلیی عەلی بەگ، بعوێرە- مووسڵ، حیللە]

[١٠/٤/١٩٢٩ز ـــ. ١٧/٥/١٩٢٩ز، ٢/١٠/١٩٣٠ز]

«١»

گەلیی عەلی بەگ

ڕۆژی چوارشەموو- سەعات ٤

١٠/٤/١٩٢٩.

ڕۆژی ١٧/٣/٩٢٩، یێکشەموو سەر لە بەیانیی حەرەکەتم کرد لە سلێمانییەوە و من لە دڵی خۆمدا ویداعی ئەبەدییم کرد، چونکە وام بەدڵدادێت کە ئیدی سلێمانیی نابینمەوە.

ئینسان کە نەفیی کرا لە وڵات[٢] زۆر موتەئەسیر نابێ و ئومێدەوار ئەبێت، بەڵام من بیلعەکس، هەمیشە موتەئەسسیر و نەومێدم، چونکە دەربەدەرکراوم. ئەمە نەفیی نییە، دەربەدەرییە. یێک دەفعە وەتەنی ئەسڵیی و دۆست و ئەحبابم، هەموو کەس و کارو عەزیزانم بەجێ هێشت، پشتم کردە بەهاری حەیاتم و بەرەو خەزانی عومرم ئەڕۆم.

(*) گەنجینەی یادگاری مستەفا سایب- بەهۆی ئازاد سایببی برازایەوە و پارێزراو لە لای من- سلیمانیی: س ١٩٨٢ز.

(١) ئەم یاداشتنامەیە -تا هەلی بڵاوکردنەوەی- وێنەیێکی یێکەمە لە ئەدەبیاتی کرمانجیی کوردستانی باشوور- سلێمانییدا کە لە نێوان سنووری مێژووی نیشان دراودا نووسراوە. سەرەتاکەی دوو لاپەڕەی فوتسکاب و دواییەکەی لەسەر دەفتەرێکی سیی پەڕەیی و بەمەرەکبێکی بۆر نووسراوە. ڕۆژگاری نووسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاگۆستنەوە و دوورخستنەوەی -لە سلێمانییەوە- کە بەیاننامەی سیاسیی لێ کەوتووە، ئەم بارەیشی تا نیوەی ساڵی ١٩٣٢ز، ی خایاندووە. نووسراوەکەی ٢/١٠/١٩٣٠یشی کە پەخشاننامەیێکی ئەدەبییە، چونکە بۆنی یاداشتی دوورە وڵاتیی لێ دێن، تێ هەڵکێشی ئەم یاداشتانەم کرد کە وێکرا هەر خۆم بۆ یێکەم جار- هەموو- لە (مستەفا سایب ئەستێرە گەشەی کورد س ١٩٩٨ز)دا بڵاوکردەوە!

(٢) مەبەست سلێمانییە!



واقیعەن ئەو جێگایەی بۆ چووم؛ هەر وەتەنە و موقەددەسە، کوردستانە و خاکی پاکی کوردە، هێلانەی عەزیزی کوردە و ئاشیانی موقەددەسی میللەتە. بەڵام هەی هات؛ سروودی چۆلەکەو تەیرو تیووری شارەزوور، شنەی بای نەسیمی گوێژە و هەوای ئاوداری پیرەمەگروون، مەسیلی نییە لە هیچ کوێیەک و ئەو لەزەتە لە هیچ کوێیەکی کە نابینرێ!

چوار ڕۆژ لە کەرکووک مامەوە... من کە زۆر ڕقم لە کەرکووکە و هەرچەندە چاوم بە کەرکووک کەوتبێ، وام زانیوە زیندانە، کەچیی ئەم جارە وەک بەهەشت وا بوو لام، چونکە بۆنێکی شارەزووری لێوە ئەهات و هەواێکی پیرەمەگروونی بەسەرا تێ پەڕ ئەبوو!

### ٢٢/٤/٢٩ [١٩ز]

ڕۆژی هەینیی لەوێش حەرەکەتم کرد ڕوو بەهەولێرە کۆن... وەختی چێشتەنگاو گەییشتینە پردێ... بەڵام چ پردێ؟ ئەهلێکی بەد و نەوسن و تەماعکاری هەیە.

تا حەرەکەتمان کردوو و لە نان خواردن بووینەتەوە؛ ٥- ٦ کەس، موتەمادیی زەق زەق چاویان تێ بڕیی بووین و بەرامبەر ڕاوەستابوون وەک سەگی گرانییەکە.[١]

ئەوەی سەیر بوو کە سواڵکەریش نەبوون و هەروا برسیی بوون. ئەوەندەی مەوقیعی دێکە خۆش و موهیمە، ئەوەندە ئەهلەکەی بەد و بێ مێشک و جاهیلن!

وەختی سەعات ٥- ٦ گەییشتینە هەولێر، بەڵام بەختی ڕەش، بوو بە پەڵە هەورێک لەوێدا بەسەرمەوە نیشتەوە... لەو جێگەیەی ئوتوموبێلی لێ ڕائەوەستێ و ناو ئەنووسێ، تۆزێ ڕاوەستاین... کە تەماشام کرد موهەندیسەکان و کوڕێکی هەرزەکار لە ئوتوموبێلێکدان و ڕاوەستان و قسە ئەکەن و بەڵام چاویان لە من بوو... منیش بۆ نەگبەتیی خۆم نەگرت، وەک شتێکی زۆر بەقیمەتم دۆزیبێتەوە، گورج دابەزیم و چوومە لای موهەندیسەکەو وتم: (وا هاتووم، چیی بکەم؟). وتی: (هەر ئێستە ئەبێ حەرەکەت بکەن بۆ ڕواندز!). لەگەڵ وای وت؛ من مات بوم... وەک لە بانێکەوە باگردێنێکم بەسەردا بەر بدەنەوە وا تاس بردمییەوە. چۆن؛ من ئەلئان گەییشتووم و ئێستەیش حەرەکەت بکەم بۆ ڕواندز؟

بە تەمای هەولێر، لە سلێمانییدا، هەرچیی ئەرزاق و شتوومەکێکم کڕیی بوو،

(١) مەبەست گرانیی ئەنجامی (١. ج. گ)یە کە لە ڕاییێڵەی ڕۆژگاریدا باری خەڵکی کوردستان تەنگیی و برسیەتیی و مردن بوو. بۆ بیرو ڕاکانیشی بەرامبەر خەڵکی (پردێ/ ئاڵتوون کۆپریی) مەرج نییە ببڕای ببڕبووێت، چونکە ئەو لە بارێکی دەروونیی سەختدا ئەم باسەی نووسیوە.

فرۆشتمەوە لە کەرکووکیش هیچم نەکڕیی بوو. ئێستایش وا کوتوپڕ بڕۆم، ئەی لەو شاخ و کێوە بەچیی و چۆن بژیم؟ ئەمە دووەم نەگبەتیی و قۆرت!.

خواھ ناخواھ بە ئەوتوموبێل دووی ئەوان کەوتم تا دائیرە. لەوێدا وتی: (ئەشیا کانت بخەرە ئوتوموبێلەکانی ئێمەوە و بڕۆین!). منیش بە عەجەلە، شتوومەکەکانم داگرت و پارەم دا بە ئوتوموبێلچیی- پێکەوە دوو کەلیمە کاغەزم نووسیی بۆ تۆفیق فائیق ئەفەندیی موحاسیب و یێک دوو کاغەز کە پێم بوو لە کەرکووکەوە دام بە قادر ئەفەندیی مەئموور مالی کۆیە- خزمی قازیی هەولێرە و خەڵکی سلێمانییە کە بییدا بە ساحێبەکانی: کە تەماشا ئەکەم، ئوتوموبێل جێگەی هەموو ئەشیاکانی تیا نابێتەوە.موهەندیس خۆی بە ئوتوموبێلێکی تایبەتیی هەموو ئەشیاکان بۆ ئوتوموبێلێک! بە مەجبووریی دوو سندووقم هێشتەوە تەسلیمم کرد بە مەئموور ئەنباری دائیرەکە کەرکووکییە و ئەیناسم کە لە پاشدا بۆم بنێرێت!. ئەمەسێیەم نەگبەتیی و قۆرت!

لە پاش موهەندیس؛ کاتبەکە چوو بۆ پۆستەخانە بە ئوتوموبێل، منیش بە (حەسەن)م وت: گورج نەختێ شەکر و چا بکڕێت هیچ نەبێ! خۆیشم هەروا تا سەری بازاڕ چووم بە نەشارەزاییەوە... لە دوکانێکدا (مەجید)ی برای (فوئاد ڕەشید)م چاو پێ کەوت. وتی: (فوئاد لێرە نییە!). منیش ناچار گەڕامەوە دائیرە و بەو چەشنە کەسم بەرچاو نەکەوت و هیچم نەکڕیی و حەرەکەتم کرد!.

فیلحەقیقە، موحیت و مەنازیر لە ڕێگەدا زۆر لەتیف و شیرینە، باخوسووس دەوری شاخی (پیرمەم) و (کۆرە) و (شەقلاوە) یێکجار لە تیف و خۆشە.

بەڵام دلێکی ئەوێ لەزەتی لێ ببینێ، کە ئاسوودە و بێ غەم و تەئەسسور بێ و لەژێر باری غەم و قەهر و یەئسدا نەناڵێ!

لە ڕێگەدا لەم لای «بانامان»ەوە چاوم بە (سەبریی ئەفەندیی کاکە ڕەش) کەوت و نەختێ قسەمان بەسەر پێوە کرد... زەعیف و ڕەش و چرچ بووە بەجارێ.

هەر کە هاتینە بەر (کۆڕە)؛ سێ و چوار خێوەت هەڵ درابوون. یێکێکی گەورەیان ژنێکی (ئالا فرانغە) و منالێکی ئێسک سووکی تیا بوو؛ ژنی (میستەر سێرتی Cear-ty) بوو، وەکو بیستوومە ئەسڵەن کوردە و خەڵکی «سەعەرد»ە [1]، بەڵام بەجینسییەت

(١) سەعەرد- سیعەرد (سێرتی «کوردیی») باژێرێکی کۆنی کوردستانی باکوورە لە سنووری ئارمینیادا. لە ڕۆژگاری کۆندا نێو بانگی لە پیشەسازیی چەک و کوتاڵدا هەبووە. میستەر سێرتیش، واتە کاک سێرتیی بەنێوی باژێڕەکەوە!



ئینگلیزی «قەنادا»یە، چونکە موددەتێکی زۆرە لە «قەنادا» دایە![1]

جێگەی ئەم موهەندیسە زۆر خۆش و لەتیفە و مەوقیعێکی شیرین و شاهانەیە دێی «کۆڕە»ش بە قەد شاخێکەوەیە زۆر نزیکە!

بانگی شیوان لە پاش هەزار موشکیلات و مەشەققەت و ناڕەحەتیی، گەییشتینە موسافیرخانەی دائیرەکە؛ دوو میل لە خوار «شەقڵاوە»ەوە دروست کراوە. وەلحاسڵ من کاغەزێکم پێ بوو بۆ (میرانی قادر بەگ). تەوسییەنامە بوو وە خۆیشم زۆر حەزم ئەکرد چاوم پێ بکەوێت، کەچیی مومکین نەبوو و بەختی ڕەش موساعەدەی نەکرد. ئەمیش چوارەم نەگبەتیی و قۆڕت!

ئەو شەوەمان بە هەزار ناڕەحەتیی و سارد و سەرمایی ڕابوارد. بەیانیی کە هەستام و هاتمە دەرێ و بەڕۆژی ڕووناک سەیرێکی ئەترافمم کرد؛ زۆر موتەحەسسیس و موتەئەسسیر بووم، چونکە حەقیقەتەن مەوقیعێکی لە تیف و شیرینە ئەم ناوە... هەموو هەر ئاوو باغاتە.

موهەندیسێکی لێ بوو ناوی (ئیبراهیم میناس) بوو، ئەو بە شەو لە شەقڵاوەدا ئەنوێ. لەبەر ئەوە بە مەجبووریی کاغەزەکەم دا بەو کە بی دا بە (میرانی قادر بەگ).

وەختی نیوەڕۆ حەرکەتمان کرد. وەختی عەسر بە هەزار شەڕە شەق و ئەزییەت کە تەسویر ناکرێ بە نووسین؛ گەییشتینە نزیک گوندی «میر ڕۆستەم».

لەوێدا عەمەلە ئیشی ئەکرد و موهەندیسێکی تیاریی لێ بوو، ناوی (پارس: Paris) ئەفەندییەو پیرە. کوڕەکەی مەئموور ئەنبارە لە شەقڵاوە.

چەند شەوێک لەوە و پێش یێک دوو عەمەلە دەمانچەیێ ئەنێن بەخۆی و براکەیەوە. براکەی قاچی بریندار ئەبێ. ئێستا براکەی وا لە هەولێردا و لە خەستەخانەیەو خۆیشی لە هەولێردا مەحبووسە و موحاکەمەی ئەکەن، چونکە عەمەلەیێک ون بووە و برایێکی ئەو عەمەلەیە کە ئیش ئەکات لای موهەندیسەکە ئیستیدعای داوەکە گۆیا موهەندیسەکە ئەو عەمەلەیەی برای کوشتووە ودیار نییە!

وەختی دوای عەسر گەییشتینە (حەریر) و تێ پەڕبووین. کە پرسیم؛ وتیان (باتاس) لاڕێیە، وا لە خوارە! وەلحاسڵ من کاغەزێکم بۆ (سەیید عبداللە ئەفەندیی) مودیر پێ بوو، لەگەڵ بەعزێ شتوومەک کە بیدەمێ، زۆریش ئارەزووم ئەکرد کە چاوم پێ بکەوێ

(١)- قەنادا: کەنەدا

کەچیی ئەمیش سەری نەگرت و بەختم موساعەدەی نەکرد. ئەمیش پێنجەم نەگبەتیی و قۆرت![1] لەوە دوایش زۆر بە ئەزیبەت و زەحمەت، سەرکەوتینە سەر شاخی (سپیلک) و هاتینە بەر چایخانەکە. لە چاپخانەکەوە تێ پەڕ بووین، قوڕێکی یێکجار زۆر بوو، ئوتوموبێلەکان پەکیان کەوت و نەمانتوانیی لە وەزیاتر بڕۆین... ئێمەش گەڕاینەوە چایخانەکە. بانگی شیوان بوو، مەجبوورەن قەرار درا، ئەو شەوە لەوێدا بنووین...

کە چوومە ژوورەوە، سەراپا دووکەڵ و تۆز و بۆگەن و کاو پووش و کێچ و ئەسپێ بوو. چارچییە؟ لەسەر ئەم شاخەدا، لێرە زیاتر نییە! کە (حەسەن) شتەکانی هێنایە ژوورەوە، وتی: (قوتوویێک لە شتەکانی سەیید عبداللە دیار نییە!). زۆر گەڕاین، نەدۆزرایەوە.

تومەز دزیویانە... دەوەرە شەق مەبە لە داخا؟ شتێ ئەمانەت بێ و هی خەڵقیی بێ و ون بێ و نەگاتە ساحێبەکەی؛ ئینجا لەبەر مەحجوبییەت ئەبێ چیی بکەم؟ ئەمیش شەشەم نەگبەتیی و قۆرت!

بۆ شەوێ، سەعات یێک و نیوی خۆمان، ئەوەندەم زانیی دوو سوار هاتن، یێکێکیان پۆستەچیی بەینی ڕواندز و هەولێر بوو. ئەوی کەیان ئەفەندییەکی فێس لەسەر بوو؛ مووسڵاویی، لە ڕواندز دوکانی بازرگانیی هەیە! منیش گورج کاغەزێکم نووسیی بۆ (شاکیر ئەفەیدیی) مەئموور پۆستەی ڕواندز کە لە سلێمانییدا بوو، ئەمناسیی، کە ئەگەر مومکینە بەعزێ ئەرزاق و شتوومەکم بۆ بکڕێ و بۆم بنێرێتە «گەلیی»![2].

بەیانیی؛ شەوەکەی خەبەرم بووەوە. تەماشام کرد، زابتەکەمان سواری وڵاغەکەی پۆستەچییەکە بووە و ئەڕوا بۆ «گەلیی» لەگەڵ پۆستەچییەکە و کابرای مووسڵاویی و وتیشی؛ (لەوێوە وڵاغتان بۆ ئەنێرم!).

دەوەرە ئینتیزاری وڵاغ بکە؟ هەر نەهات! منیش لەو بەر هەتاوە لەسەر ئەرزەکە، لەبەر دەمی چایخانەکەدا دانیشتم، دەستم کرد بەنووسینی سەر گوزەشتەی خۆم بە تەفسیلاتەوە بۆ (کاکم) و ئەوان کە تەواوی بکەم و بۆیان بنێرم![3]

(١) مەبەست عەبداللە کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدواللەی شەهیدی کورد و کورستانە!.

(٢) مەبەست شاکیر موجریە کە لە دوا ساڵەکانی حوکمڕانیی عوسمانییدا ڕێبەری پۆستەو تەلگرافی سلێمانیی بوو. پیرەمێرد لە (ژین)دا لێی نووسیوە کە لە یێکەمەکانی خەڵکەو دەزگەی قەوان لێ دان و گرامەفۆن و قەوانی هێناوەتە سلێمانیی.

(٣) مەبەستی جەمیل سایبی برا گەورەیەتی!



بوو بە سەعات ٦- ٧، وڵاغ هەر نەبوو، ئاخیریی، سەعات ٥- ٨ شەش کەر هات، تومەز پۆلیسەکانی «گەلیی» ناردبوویان. ئێمەش بە مەجبووریی، بە هەزار حاڵ، هەموو شتەکانمان نا لە شەش کەرەکە و خۆمان بەپێ لە پێشەوە هاتین بەڕێوە! لە پاش نیو سەعات، سێ ئێسترمان تووش بوو بە کابراییێکەوە. لێمان گرتن بەکرێ تا «گەلیی عەلیی بەگ» و من و ئیبراهیم دەروێش- کاتبەکەمانە- سواری دوانیان بووین و ئوتوموبێلچییەکەش سواری ئەویی کەیان بوو. حەسەن بەپێ هات... ڕێگا قوڕ و بەردەڵانیی و جەنگەڵ و ناخۆش بوو. نزیکی سەعات ٥ر١٠ گەییشتینە بەر دێی «چوولە» و «خەلیفان».

دێی خەلیفان سێ ساڵە کوردەکانیان دەرکردووە و میللەتی (ئاسووریی)ان تیا داناوەو حوکوومەت بەخشیویەتیی بە (ئاسووریی). زاتەن هەر لە سنووری تورکیا و ئێرانەوە تا ئەگاتە شەقڵاوە، ئەم ناوە هەموو پڕبوو لە (ئاسووریی) و ئیسکانیان کردووە.[1]

سەعات ٥ر١١ بە شەڕەشەق گەییشتینە گەلیی عەلیی بەگی مەنحووس.

ئەو جێگەی «کامپ»ەی ئێمەی لێین، نەختێ فەرەح و تەختە، ئیدی هەمووی دەربەند و دۆڵ و تەسک و ناڕەحەتە و ئەمبەر ئەوبەر؛ دوو شاخی بەرز و غەریب هاتوونەتە یێک لە لای چەپەوە، لە بن شاخەکەوە، چەمی ڕووبار بەهاژە هاژێکی موتەمادیی و عەجیب تێ پەڕ ئەبێ.

دەربەندە کەیشی ئیمتدادی تا ڕواندزە کە تەقریبەن ٩ میل، یەعنی سێ سەعات ڕێگە زیاترە.

لە مەدخەلەکەیدا؛ پردێکی ئاسنی تەسک و قوڕیان بۆ کردووە. کە گەییشتینە «گەلیی» وەخت درەنگ بوو. موهەندیسێکی لێ بوو، ناوی (ئەلموسەرکیسیان) ئەفەندییەو ئەرمەنییە. کوڕێکی باش و تێ گەییشتووە، بیلەتەبع ئەرمەنییە. یێکێکی کەیشی لێ بوو، ناوی (لیۆن مار شەمعوون)ە و (تیاریی) یەو کوڕی (مارشەمعوون)ی ئاسوورییەکانەوە مەئموور ئەنبارەو فرانسزیی ئەزانێ و موددەتێک لە فرانسەدا بووە، بەڵام بەعەقڵ و ئیدراکی زۆر کەمەو هیچە!

(١)- مەبەست تیارییەکانە.

ئەو ئێوارەیە لەلای ئیبراهیم دەرویش میوان بووم، چونکە خۆم هیچێ خواردنم پێ نەبوو، غەیری هێندێ نان و گاڵگاڵیی سلێمانیی نەبێ لە شەقڵاوەدا![1]

[ تەواو ]

«٢»

مووسڵ- بعوێرە

ڕۆژی دوو شەموو

٦ی مایس ٩٢٩ [١. ز]

ئەمڕۆ شەش ڕۆژە لەم دەشتی «بعوێرە»یە دام... سەر لە بەیانیی یێکجار بێ تاقەت بووم، چونکە کرێکارەکانم کەم بوو وە زۆیش بێ حەیاو خراپن و لە ترسی ئەوەی ڕانەکەن و پەکم نەکەوێ، ناشوێرم هیچ دەنگ بکەم! جا چەند ناخۆشە، وەک یێکێ لەبەر چاوی خۆی دزیی لێ بکەن و نەتوانێ قسە بکا، هەروا موهەندیسێکیش ڕاوەستێ بەدیار کرێکارەوە و نەتوانێ قسەیان پێ بلێ!

وەختی نیوەڕۆ، یێکجار دنیا گەرم بوو، عادەتا نەمئەویرا بە تەواویی لەسەر قەرەوێڵەکەم پاڵ کەوم پشتم سووتاو زاتی- خۆ- لە نیوەڕۆدا بۆ دەرمان، تۆزەڵقانێ هەواییێکی فێنک و حەتتا نەختێ هەوای گەرمیش نییە!

هەروا ئەڕوانم؛ دەشتێکی زل و بێ سەروبن، گەرماییێکی بێ ئەندازە و بەتین، ئەو چۆڵ و دەشتە، هەروا هەڵمی لێ هەڵئەسێ و چاوی ئینسان هەر بە تەماشاکردنی ئەو دەشتە سوورئەبێتەوە! تۆزێک سەوزایی، نەختی فینکیی، خوا قەت نەیداوە بەم چۆڵ و بیابانە. ئینسان هەروا بەعەزرەتەوە ئەمێنێ قومێ ئاوی پاک و فێنک بخواتەوە نەختێ شنەباییێک ببینێ؛ ئەوانە سەرف مەحاڵەو نییە!.

دوای نیوەڕۆ «١٥» عەمەلە لەگەڵ چاوەشێک هاتن و دەست بەجێ خستنمە سەر ئیش هەموو کوردی (زازا)ن و باشن!

نەختێ دڵم ڕەحەت بوو، چونکە ئینجا نەختێ ئیشم پێ ئەکرێت، بەڵام ئینجا پاچ و خاکەناز، ولاغم ناتەواوە. زیخ و ئاو فریا ناکەوێت. زاتی من ئەزانم هیچ وەختێ نەگبەتیی بەرم نادا، لە لاییێکەوە شتێکم تەواو ئەبێ، لە لاییێکی کەوە ناتەواوە لەم لاوە

(١) ئەم یاداشتە- لە گەلیی عەلیی بەگدا- لە ئێرەدا تەواو بووە. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە؛ یاداشتەکانی ماوەی ڕابواردنی لە هەمان شوێندا دیار نییە تا ڕا گۆستنەوەی بۆ مووسڵ!



چاکی ئەکەم، لەولاوە هەڵئەوەشێتەوە! هەر چۆنێک بوو بە شەڕەشەق ئێوارەمان هێنا... ئێواران و شەو فێنکە... وەختێ ئێوارە زۆر بێ تاقەت بووم هەر لە خۆمەوە فۆتۆغرافەکەم- کامیرا. K- دەرهێناو فۆتۆغرافیکی کرێکارەکانم گرت. لەبەر دەمی خێوەتەکەیاندا دانیشت بووم؛ ئەگەر چاک دەربچێ زۆر مەمنوون ئەبم، بۆ خاتیرە بمێنێ!

شەو؛ سەعات یێک و نیو بە فاسیلەی دە دەقیقە، دوو تەیارە لە دوای یێک لە دەوری «دهۆک» و «عیمادییە» هاتنە مووسڵ... مەنزەرەییێکی جوانیان هەبوو و زۆر خاتیراتی کۆنی هێنامەوە فیکر لە بەغداد دا. لە حەیاتی تەحسیلیەدا گەلی شەو دوان و سیان تەیارە ئەچوون بە عاسمانا و مەنزەرەیێکی جوانیان تەشکیل ئەکرد[1] زۆر حەیفە ئەم مەنزەرە جوانە، لە ئانێکدا و یا ڕۆژێکدا ئەگۆڕێ بە مەنزرەییێکی زۆر موئیلم و مودهیش لە کوشتن و بڕینی جینسی بەشەردا و لە سووتاندن و کاول کردنی مەزڵوومان و بێ دەستاندا ئیستیعمال ئەکرێت.

زاتەن دەردی مەشهوور (گۆستاف لێ بۆن) وتوویەتی: (لەگەڵ مەدەنییەتدا، لە عەینی وەختا وەحشتییەتیش تەرەققیی ئەکا!) کەس ئەو زوڵم و ئیستیبدادەی غەربە بەرامبەر بەشەرق، تیمسالێکی ئاشکرای ئەو وەحشەتە موتەرەققیەی ئەوروپایە کە ئەسڵەن (باربار)یی ئەمەیە!

[ تەواو ]

(١) ئەو فڕۆکانە- لە داهاتووشدا پتر باسیان دەکات- فڕۆکەی نێرووی هەوایی مەملەکەتی عێراقی عەرەب نین، بەڵکو هەموویان سەر بە نێرووی هەوایی بریتانیان کە لە یێکەم جەنگی گێتییەوە هاتنە عێراق و کوردستانەوە و بۆ پاراستنی کەڵکی داگیرکارییان و کەڵکی مەملەکەتی عێراقی عەرەب تا ساڵی ١٩٥٨ز بنەکەیان لە عێراقدا هەبووە... نێرووی مەملەکەتی عێراقی عەرەب تا، ١٩٣١/٤/٢٢ز. دا بەنێوی (فەرماندەی نێرووی هەوایی مەملەکەتی عێراق)ەوە دامەزرا کە پۆلی فڕۆکەی (جیبسی مۆت) و فڕۆکەییێکی (بیسی مۆت)ی لە بریتانیاوە بەکڕین، فڕۆکەوانی عێراقیی مەشق پێ کراوی بریتانیا هێناونی. جێگەی باسە، هەتا ساڵی ١٩٦٨ز- هەڵکەوتنی ڕژێمی بەعسی عەرەب- هێندێ فڕۆکەوان و ئەندازەڤانی کورد لە نێرووی هەوایی عێراقدا هەبوون، تەنانەت لە نیوەی شەستەکانەوە تا ١٩٦٨ز؛ (مونیر محەممەد حیلمیی/ حەمەزلە) کە کوڕە مامی دایکی نووسەری ئەم دێرانەیە، جێگری فەرماندەی نێرووی هەوایی عێراق بوو، بەڵام بەهاتنی بەعس، پیلانێکی بەناهەق چنراو لە ئەم کابرایە کراو دە ساڵ زیندانی کرا تا لە پەستیی ئەو ناهەقیەدا نەخۆش کەوت و مرد. ئەو ڕۆش چ فڕۆکەوانێکی کورد لە پاڵ ئەو نێرووەدا نییە!).

سێ شەمموو

**٧ی مایس ٩٢٩ [١. ز]**

ئەمڕۆ لە هەمـوو ڕۆژێک گـەرمـتـر و لە عـەینی وەخـتـا منیش لە هەمـوو وەخـتـێک مەئیووسترم!

ئێسـتاکە وا سەعات هەشتی ڕۆژە؛ لەژێر خێوەتێکدا، لەم چۆڵ و بیابانە بێ کەس و مەهجوور، مەترووک و مەنسیی و پابەند کەوتووم بۆ خۆم.

لە جیاتیی سەیری دار و درەخت و شینایی و سەوزایی، لە جیاتیی سەیری چەشمە و کارێز و چەم و باغ و باغـات، سـەیری دەشت و سـەحرایێکی لامـوتەناهیی و ئاگراویی، تەماشای هەڵمی سووری ئەرزی عەرەبستان و هەتاوی زۆر بەگڕ و تینی چۆڵی «بعوێرە» ئەکەم!

بەڵێ زۆر کەس هەیە ئێستا لە دەشت و چۆڵ و بێ چارەیش لەبەر بنچکە گیایێکدا، لە بن بەردێکدا کـەوتووە و ئەژین... بەڵام ئەوانە، هەمـوو بۆ غـایەتێکی عـولوویی، بۆ ئەمەلێکی موقەددەس و عەزیز، ئیختیارو تەحەممولی ئەم سەفالەت و مەشەققەتە ئەکەن کە بەو چەشنە، بەغایە و ئامالی خۆیان نائیل بن و بیننەتیجە مەسروور و کامیاب ئەبن. بەڵام ئەم سـەفـالەت و ڕەزالەتە، ئەم هیـجـران و دەردی غـوربەتەی من، لەم چۆڵ و وەحشەتانەدا بۆ چییەو بۆ کێیە؟ چ غایەیێکی من، لەمانەوە- ئەستەغفیرالله- لە ڕزان و فـەوتانی من لەم چۆڵ و بیـابانەدا، چ ئەمـەلێکی من لەم دەردی غـوربەت و هیـجـران و سەفالەتەدا حاسڵ ئەبێ؟

کـەوابوو؛ هەمـووی هەر قـەهر و غـەم و مـەرارەتە سەراپا مـەزەللەت و مـەسکەنەت و ئیـزتیراب‌ە و هەمـوویشی بۆ تەنها پاروو نانێکە! بۆ پـارووە نانێک، لاوێکی وەک من کـە ڕەنگە وجوودی من زۆر ئیستیفادە و قازانجی بێ بۆ میللەت و وڵات هەبێ ئەمڕۆ لەم چۆڵ و دەشتانەدا، لەژێر تینی هەتاوی سووردا، لەژێر باری زیللەت و ئەسارەتدا، هەر بەقەهر و غەم و یەئس و پابەندیی ئەرزێ و ئەسووتێ و ئەفەوتێ!

زاتی ئەمڕۆ؛ موحەققەق چەند کەسێکی وەک من و بەشکو لە من بەکارتر و باشتر، لە عەینی حاڵی زیللەت و مەسکەنەتدا، لە عەینی وەزعی ئەسارەت و سەفالەتدا، ئەڕزێن و ئەبرژێنەوە!

ئۆف! حەیات و ژیان!! بۆ ئەم کەلیمەیە، بۆ ئەم لەفزە سەححارە چەند هەزار کەس خۆی



بەکوشتن و فەوتان ئەدا؟ چەند هەزار کەس لە ژێر باری زیللەت و مەسکەنەت و حەقارەتدا ئەناڵێنێ و هاوار ئەکا؟ حەیات با سەراپا سیـحر و فسوون بێ، موحـەققـەق قـیـمـەتی حەیـاتی ماددیی تەحلیل و تەقدیر بکرێ، زەڕڕەیێک ئەهمییەتی نییەو زۆر حەیفە بەشەر ئەوەندە تەحەممولی ڕەزالەت و مەحکوومییەتی بۆ بکا! چونکە ئەگەر بۆ پارووە نانێک، بۆ تیکەیێک بێ، قەتعییەن لایێق نییەو هەڵناگرێ!

فیلحەقیقە، بۆ مەقسەدێکی عـولوویی، بۆ ئەمەلێکی موقەددەس و مەعنەویی کۆمەڵ شوموول بێ، ئەلحەق شایستەی هەمموو فیداکارییەکە.

زۆر کەس هەیە، لە دەشت و بیاباندا، بە گەرما و باران، هەوڵ ئەدەن و خەریکن بۆ پێ گەیاندنی دوو لق گەنم یا جۆ... ئەوانە مـوستـەحەققی تەقدیس و تەبجیلن و ئەو حاڵەتی زیللەت و مەسکەنەتەی ئەوانە، شایانی ئیـفتـیـخـار و تەقـدیرە، چونکە بەو سـەعـیی و هەوڵە؛ حەیاتی چەند هەزار بەشەر ئەپارێزێ و سەرفراز ئەبێ!

زۆر کەس هەیە، بۆ عەینی غایە و مەقسەد و لە ڕێگەیێکی کەوە، لە چۆڵ و بیابان و لە شاخ و کێوان هەوڵ ئەدەن و خەریکن ئەوانیش هەر موستەحەققی تەقدیس و تەقدیرن و سـەفـالەت و ڕەزالەتی ئەوانە، شـایـانی فـەخـر و شـەرەفـە، چونکە بەو تەقـەلاو جـەهلەی ئەوانەوە، مـیـللەتێک مـەسـعـوود و بڵند، وڵاتێک ئاوەدان و سـەربەرز ئەبێت. بەڵام زۆرکـەسـیش هەیە بۆ هیچ غـایەو ئەمـەلێک نا، سەرف بۆ پارووە نانێک، بۆ پارەیێک ئیـخـتـیـاری ئەنواعی زیللەت و سـەفـالەت، تەحـەممول گـەلێ حـەقـارەت و ئەسـارەت و عـوبوودییـەت ئەکەن کەژیانی ئەوانە زۆر زەرەرە بۆ مـوجـتـەمـەع. نەمانی ئەو مـیـقرۆبی ئەخلاقیی و ئەفکارە، زۆر کار ئاوەرە بۆ مـوجـتـەمـەع و ئەو چەشنە کەسانە هیچ وەختێ لایێقی ناسین و ویستن نین!

[تەواو]

چوار شەموو

٨ی مایس ١٩٢٩[١. ز]

ئەمڕۆ هەر لە بەیانییەوە گەرما دایگرتیین. لەبەر ئەوە زوو شەپقەکەم بۆ لەسەر کرد، بەڵام هیچ فائیدەی نییە... گەرما هەر عەینی گەرمایە و عەینی تینی خۆی بەزیادەوە موحافەزە ئەکات! خۆیشم یێکجار بێ تاقەتم، چونکە نازانم دوعا بکەم کە- بە دووعاش نییە- زوو لێ ببمەوە لەم ئیشە یا درەنگ!!

چونکە نازانم لەم ئیشە ببمەوە چیی ئەکەم و بۆ چ جەهەننەمێکی کەم ئەنێرن کە چاکتر برزێم و یا بسووتێم؛

ئەمڕۆ «٥٢» ڕۆژە حەمامم نەدیوە! ناوێرم بجووڵێمەوە. هەروا لەشم وەختە داڕزێ و موتەمادیی ئەخورێ و ئاڵۆشی هەیە. نەختێکی ماوە گول ببم و کە ڕوو هەڵبینم لەم گەرمایەدا.

وەختێ چێشتەنگاو؛ دوو تەیارە لە «عەمادییە»وە هاتنەوە و لەم دەوروپشتەی ئێمەدا سووڕانەوە و یێکێکیان زۆر نزم بووەوە، لە پاشدا ملیان تکان و ڕۆیشتنەوە مووسڵ ئەمە تیمسالی مەدەنییەت و تەحامولە!

دووسێ ڕۆژی کە، هەر ئەم تەیارەیە، بەچوار نارنجێکی جگەر بڕەوە، ئەچێتە سەر «بەرزان» و عالەمێکی کورد ماڵ وێران و سەرگەردان ئەکا کەوا داوای عەینی سەربەستیی و حورییەت و ئازادیی و سەعادەت ئەکەن کە خۆیان هەیانەو یا یێکێکی لە ئێمە زۆر دواکەوتووتر و کەمتر نائیلی بووە[1] هەروەها بە بیرما دێتەوە؛ ١٩٢٧ [ز. K] لە بەهاردا، تەقریبەن سێ هەفتە لە پێش ئەم وەختانەدا: ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣ی نیسان هێرشیان بردە سەر ئەو شاخ و کێوە عەزیزانە، سەر ئەو دەشت و گوڵزارانەی کوردستان لە

(١) ئەم نووسەرە ژیر و وردبینە، لە کەسە یێکەمەکانە بۆ تێ گەییشتن و ناسینی خەباتی «بەرزان»یەکان و پیلانی دوژمنان. ڕاستییەکەی لە هەلی نووسینەکەیدا، ڕاپەڕین و ڕووداوێ لە «بەرزان»دا نەقەومابوو، بەڵام ئەوانە نارەزابوون بە هەبوونی فەوجێکی نێرووی پیادەی بریتانیا لە «گەلیی بلە»ی نزیک بەرزانەوە کە ئەم فەوجە لە لایێک و فڕۆکەکانیش لە لایێکی دیییەوە، مایەی سڵ کردنەوە و بێزارییان بوو کە چاودێرییان دەکردن. لە ئەنجامدا بریتانیا فەوجەکەی خۆی ڕاگۆستەوە و نێرووی عێراقی عەرەبی لێ دانا کەهەر زوو کەوتە پەلاماردانی «بەرزان» و بەهۆیە لە نێوان ١٩٣١/٢/٩ز- ١٩٣٢ز. دا (ڕاپەڕین و شۆڕشی بەرزان) قەوما.



تەڕەفی «هەورامان»ەوە و بۆمبا بارانیان کرد،[1] وەک باوک کوژیان خۆی شاردبێتەوە تەوە لەو ناوەدا وە یا ئێمە موڵک و سەعادەتی باوو باپیری ئەوانمان داگیر کردبێ، وا بە هەموو قودرەت و حیرسێکی بار بارانەوە غەزەبی مەدەنییەتیان بە ئێمە تەسکین ئەکرد و چەند خانومان و دێهات و عەشائیری کوردی هەژاری ماڵ وێران و سەرگەردان و کاول کرد!

ئێستا وا نیوەڕۆیە؛ وەختی شیدەتی گەرمای جەهەننەمی ئێرەیە. قەتعییەن جێ بەخۆم ناگرم... پاڵ ئەکەوم؛ پشتم سوور ئەبێتەوە و ئەسووتێم دائەنیشم؛ هەوا نییەو تاقەتم ئەچێ... زوو زوو ئاو ئەخۆمەوە، ئەو ئاوە گەرم و بۆگەنە، دەست بەجێ لە سکما ئەکوڵێ و حەل ئەبێ و حیسسی خواردنەوەی ئاوی کە ئەکەم.

هەرچەند ئەکەم؛ تاقەتم نییە بەرێک و پێکیی خاتیرەش بنووسمەوە و پەکم کەوتووە... وا سەعات هەشت و نیوی ڕۆژە، بەرامبەر ئەم دەشت و بیابانە مووحیشە دانیشتووم و تاس ئەمباتەوە، چونکە هەرچەند ئەکەم هیچ جێگەیێکی، هیچ قەترەیێکی وە حەتتا هەتاوەکەیشی لە وڵاتە عەزیزەکەی خۆم ناچێ و زەڕڕەیێک حیس بە مەحەببەت و خواهیش و ئونسییەت و سورروور نابەخشێ بە من!

سیلسیلەیێک گردۆلکە بەرامبەرمە... هەرچەند ئەکەم و ئەکۆشم حەتتا ئەو چلکانەیش حیسسی ئونسییەت و سورروور نادا بە من و فیکری غوربەت و هیجرانم دوور ناخاتەوە.

دەستێ جلی سەوزی عەسکەریم لەبەردایە، قۆندەرەیێکی ڕەش و کۆن و گۆرەوییەکی کۆنی کەششافەم لە پێدایە. کراسێکی شڕم لەبەردایەو بێ بۆینباغ و مل بەڕەڵا. بە ئەموستێ ڕیشی درێژ و بۆز و چەهرەیێکی سیس و زەرد و ناشیرینەوە، لەم وەزعەدا؛ ئەمنیم کەس نامناسێتەوەو کەس نایەوێ بمناسێتەوە و تەماشام بکات. هەروا دەنگی (سوق سوق) و (دەحق زی) و (ئەقشەع زی)ی حارەبی مووسڵاوییەو لەم چۆڵە بێ نیهایەتەدا بە تەلەفوونی گەرما دەنگ ئەداتەوە![2]

(١) ئەم باسانەی نووسەر ڕایگرتوون، ڕێکەوتی پەلامارەکانی فڕۆکەکانی بریتانیایە بۆ لێ دانی بنکەو بارەگاکانی حەفید زادە مەحموودی شۆڕشگێڕ و لەشکری کوردستان کە لە ئەو هەلانەدا لە نێوچەی نێوبراوو ئەوجا لە «پێنجوین»دا بوون، ئەنجامی ئەم پەلامارانەش بە ئەوە شکایەوە «پێنجوین» لە لایێن لەشکری (بریتانیاو نێرووی لیڤیی بەکرێ گیراوو نێرووی عێراقی عەرەب) ەوە داگیر بکرێت و حەفید زادەش بگات بە گوتوبێژی سیاسیی لەگەڵ ئەو لایێنانە و بسازێت و بڵاوە بە شۆڕش بکات!

(٢) دەحق زی، ئەقشەع زی: واتا تەماشا بکە! سوق سوق: واتە بهاژوو، لێ خوڕە.

بەرامبەرم لەو دەشتەدا ٢٠- ٣٠ کوردیی «زاخۆ»یی وەک عەبدی مەملووک کەوتوون و درە و ئەکەن بۆ حارەب.[1] لەوبەر هەتاوە جەهەننەمییەدا، بەداسێکەوە بەربوونەتە خەرمانی جۆو خەریکی دروێنەن و عارەقی شین و مۆریان کردووەتەوە و چەهرەیان ڕەش و مۆر داگەڕاوە و هێزیان لێ براوەو لیسانی وەزعیان ئەڵێ و هاوار ئەکا: (ئەمە وەزعی ئەسارەت و زیللەتمانە و ئەمە ژین و ژیانمانە!)، ئەم هەمووە و ئەمانە بۆ پارووە نانێکە!

منیش لەم وەختانەدا؛ هەرچەند ئەچمە سەر ئیش و یا ئەوەستم، شین و مۆر ئەبمەوە! چاوم سوور هەڵئەگەڕێ و سەرم گێژ ئەخواو پشت ملم وەک تاوە، قرچە قرچ ئەقرچێ و ئەسووتێ و هەموو لەشم ئەنیشێتە سەر عارەق و هێز و تاقەتم نامێنێ و لە پاش ١٠- ١٥ دەقیقە ناچار و ناعیلاج ڕا ئەکەم و دێمەوە خێوەتەکە، خۆمی لێ ئەدەم بە ئەرزدا و دەم و چاوم بەو ئاوە گەرم و بۆگەنە، گەرم ئەکەمەوە و تێر و پڕیش ئاو ئەخۆمەوە و ئیستراحەتێکی نیو سەعاتیی بۆ ئەکەم. ئینجا هۆشێکم بەخۆمدا دێتەوە خۆ هەرچەندە دەم و چاوم ئەشۆم و دەستێ ئەهێنم بەدەم و چاوما، هەروا دەم و چاوم ئەکرووزێتەوە و ئەبرژێتەوە!

[تەواو]

پێنجشەموو

٩ی مایس ١٩٢٩[ز]

ئەمڕۆ سەر لە بەیانیی، هەروا نەختێ بە پیاسە بۆی ڕۆییشتم بەرەو و ژوور بەسەر جادەکەدا، چونکە بیستوومە لە پاش تەواوکردنی ئێرە، ئەچم بۆ «فلفل» کە ١٣ میل لێرەوە دوورە و منیش هەر بەو مەراقەوە وتم؛ ئەچم بۆ ئەو سەرە، بزانم ڕێگەکەو وەزعییەتی ئەو ناوە چۆنە؟

نزیکی نیو سەعات ڕۆییشتم هەرچەند هێشتا وەخت زۆر زۆر بوو و سەعات و نیوێ ڕۆژ نەبوو بوو، کەچیی دنیا یێکجار گەرم بووە وە عارەقم کردووە. منیش بۆیێکا هەر ئەڕۆییشتم ئەموت بەشکو لە دوورەوە یا لەو نزیکانەوە سا دێیەک، ئاوەدانییەک بەدیی بکەم و ئومێدێکی ئاوەدانیی حاسڵ بکەم، کەچیی هەر ڕۆییشتم، وەک سێبەری خۆم نەک گەییشتن، حەتتا هیچ سەوزییەک و جێگەیێکم بەدیی نەکرد، هەر دەشتێکی بێ نیهایەت و زل و وشک و برن و گەرمی ڕووت!

(١) عەبدی مەملووک: واتە نۆکەرێکی کڕدراو کە چ مافێکی نییە!



هەر لە دوورەوە، لەسەر گردێکەوە، تەماشای لای چەپم ئەکرد، دوو سەعات دوور، نەهری دیجلە ئەبریقایەوە و زۆر لە دوورەوە «مووسل» بەمنارەکانییەوە دیاربوو... بەڵام ئاخیریی بە مەیئووسیی گەڕامەوە و هیچم دەست نەکەوت و زۆر هیلاک و ماندوو بووم، بەعارەقی شین و مۆرەوە هاتمەوە و خۆم گەیاندەوە خێوەتەکە! کە هاتمەوە تەراشێکم کرد، چونکە دەمێ بوو ڕیشم نەتاشیی بوو؛ درێژ و بۆز و چڵکن بوو بوو. ئەمڕۆ مووسڵاوییەکان زۆر بۆڵە بۆڵ ئەکەن و شەڕیان بە کوردەکان ئەفرۆشت. منیش قەرارم دا دەریان بکەم.

وەختی دوای نیوەڕۆ، دنیا زۆر گەرم بوو. نزیکی سەعات (٥) ئۆتوموویێلێکی پڕ لە خەڵک لە مووسڵەوە هات و ئیشارەتی ئێمەی ئەکرد. کە چووم؛ دوو سێ کاغەزی منیان پێ بوو... یێکێکی لە موهەندیسی ئیجرای کەرکووکەوە بوو، جوابی کاغەزی خۆم بوو کە سێ هەفتە لەوەپێش بۆم نووسیی بوو لە خوسووس (خەرجیی، ئاهی)یەی مانگی مارتەوە کە مانگێک لەمەوپێش ناردوومە بۆ بەغداد و هێشتا شوکر نەهاتووەتەوە.

یێکیکیان لە مودیری عامی ئەشغالەوە بوو کە نووسیی بووی؛ (لوتفەن لە ١٩٢٩/٤/٢٩دا لە مووسڵدا حازربە!)[1]. لەپاش ئیزنەکەم لە بەغدادەوە کە هاتمەوە، منیش لە عەینی ڕۆژدا لە مووسڵدا لە دائیرەدا ئیسپاتی وجوودم کردووە. کاغەزێکیشم لە (کاکم)و ئەوانەوە بۆ هات بوو: هەر مەدحی بەهاری سلێمانیی و ئەترافی ئەکات وە بەو چەشنە هەموو جارێ چوزووی ئاوات و عەزرەتی من ئەچووزێنێتەوە...

(بە من چیی باغی عالەم جوملەبەربێ کە باغی من هەمیشە بێ سەرمەر بێ!)[2] ئەوان لەوێدا هەموو سوبحێکی خۆشدەم، بۆنی نەسیمی عەنبەر بۆ ئەکەن و شنەی بای شەماڵ، حەیاتیان پێ بەخش ئەکاو منیش لێرە، لەم دەشتەدا هەر لەبەیانیەوە جەهەننەمی خۆش تین ئەبینم و بۆنی بای سەمووم و تینی جەهەننەمی گەرما ئەکەم!

ئەمڕۆ ئەزانم موحیت و ئەتڕافی سلێمانیی، هەموو سەراپا سەوز و سوور و گوڵزار و چەمەنزارە هەر گوڵ و لالەیە و شنەی بای شەماڵ ئەیلەرزێنێتەوە. هەموو درەختی پڕ گەڵا و سەمەرە و بای فێنک ئەشەکێنێتەوە! منیش ئەترافم یێکسەر زەرد و وشک و برن و گەرمی سوور و خەزانە هەموو هەر خاکی بۆشیی و وشکین و لمییە و هالاوی سووری لێ هەڵئەستێ!

(١)- وشەی «ئاهیی» ڕەنگبێ مەبەستی خەرجیی شوێنی دووریی- موخەسسەسات بێت!

(٢) میسرەعێکی شیعری میسباحوددیوانیش بە ئەم واتایەوە، هەروەها گۆرانیی فۆلکلۆریش هەیە.

چارەکێ دوای گەییشتنی ئەو ئوتوموویێلە، ئەحمەد شەوقیی ئەفەندیی موهەندیسی ڕێگەی دهۆک کە (Engeneer ئینجنێرە/K)ە، هات و دابەزی و پرسیی: ئیحتیاجاتت چییە و چیی ئەکەیت و ئیشەکەت چۆنە؟ منیش هەمووم پێ وت کە خۆت لەم چۆڵەدا غەریب و نەشارەزا، بێ وەسائیت ماومەوە و موعەتتەلم، لە پاشدا مەسئەلەی ڕاپۆرتەکەیشم تێ گەیاند کە (موعاوین) لە حەققی نووسیوم. ئینجا ئەویش وتی: (هەموو قەباحەتی خۆتە! ئەگەر تۆ ئەوئیشە قۆڕەت نەکردایە، ئەمڕۆ لە سلێمانییدا ئەبوویت! وا من بەم زوانە ئەچم بۆ ئەوێ، زۆر موعەتتەل ئەمێنم و زۆر موتەئەسسیر و مەقهوورم کە تۆ لەوێ نیت، چونکە موحتاجی یێکێکی وەک تۆ شارەزاو مەکتەبدیدەم و من شارەزای ئەو موحیتەم و لە عەینی وەختا موهەندیسەکانی ئەوێش هیچیان شارەزا و کار ئاشنانین!).

لە پاشی نیو سەعات، دوور و درێژ قسەمان کرد و وەعدەی دامێ کە سەعیم بۆ بکا لای (مێجەر)[1] کە بچمەوە سلێمانیی، کاغەزێکی کورتیشم نووسیی بۆ (ئەنوەر) و دامێ بیبا![2] ئەویش ڕۆییشت و من هاتمەوە خێوەتەکەم. ئەوەندەم زانیی، چاوەشی عەمەلەکان و دووسێ عەمەلەی کورد هاتن بەسەر و لووتی خوێنیاوییەوە، تومەز (کورد و عەرەب) دیسان تێکچوون و شەڕیان بووە! مەجبوور ئیدی لە خراپەکان پێنج عەمەلەی مووسڵاویم ئیزن داو ڕەوانەم کردنەوە بۆ مووسڵ، چونکە تەبیعیی نەم توانیی کوردەکان ئیزن بدەم؛ یێکێکم لەوانەدا ئیزن بدات بە جارێ «١٥» کرێکارم لە کیس ئەچوو.

ئەم شەویش، بیستم پردەکەی مووسڵ چاک کراوەتەوە و خەڵقیی پیا ئەڕوا.

وەختی سەعات یانزە لە بێ تاقەتییا، هەروا چوومە بەری کوردەکان کە درەو ئەکەن. فۆتۆغرافەکەشم- کامیرا/K- بە دەستەوە بوو. لە فورسەتێکدا کە تاقمێک بە گۆرانییەوە درەویان ئەکرد، وە دووسێ ژنیش لە تەنیشتیانەوە بوون، فۆتۆگرافێکم گرتن.

ئەگەر دەربچێ باشە! لە پاشدا هەڕوا بەبێ تاقەتیی بەسەر جادەکەدا بەرەو خوار بوومەوە تا ڕاستی «بعوێرە» ڕۆییشتم... دنیا فێنک بوو بوو، وە ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو؛ سەعات دوانزە و چارەکێ کەم هاتمەوە. هەروا دەورو پشتم قەڵەباڵغ و هەرا و زەنا بوو. یێک دوو

(١) نازانرێت مەبەست کێیە؟ ئایا مێجەر ئەدمۆنسە لە وەزارەتی نێوخۆی عێراقدا؟ ئایا مێجەرێکی ئینگلیزە لە وەزارەتی کار گوزاریدا؟ ئایا کاپیتان هۆڵتی پشکنەری ئیدارییە لە سلێمانیی ئەو ڕۆژگارەدا؟

(٢) ئەنوەری برای!



تاقم پێکەوە جیا بەجیا گردبوونەوە. هەر تەبیعەتەن کورد و عەرەب دوورن، لێرەش کوردەکان دانیشتوون و بە زمانی زازا هەراو هووریایانە.

عەرەباکانیش لەم لاوە بە دوو تاقم دانیشتوون، داییم قیڕەیان دێت و هەر دەنگی (دەحق دەحق، ئەقشەع زی، قەشعە توونو) دەنگ ئەداتەوە![1].

شەو دنیا نەختی شوکر فێنک بوو، کزە بایێکی هەبوو. منیش جاروبار کەوەختم ببێ، بەئێواران وە یا بە شەو کتێبێکی (ئەلمەمانات)ی ئینگلیزیی هەیەو ئەیخوێنمەوە و تاقەتی خۆمی پێ دەرئەکەم.[2]، چونکە یێکجار بێ تاقەت و مەیئووس و بێ هەوەسم، چونکە ئەچم بۆ دەرەوەی «فلفل». لە ئەو ناوەم پرسیی؛ جارێ ئاوێکی زۆر خراپی هەیە، لەبیر هەڵئەهێنجن و هی باراناوە و زۆر خراپە. هەواو ئاوەکەی ناسازە و لەرز و تای زۆرە. سێ چوار ماڵی فەقیر و هیچی تیایە وە تەنها هەر عەلێشیشیان هەیە و ئیدی لەو جادەیە هیچ دێهاتی نزیک نییە و ئاو نییە!

دەرەوە چەند ڕۆژێکی کە، بچۆ بۆ ئەو جەهەننەم و زیندانە؟ ئەمە حەیاتە و ئەمە ئەمەل و موستەقبەلە؟

[تەواو]

ڕۆژی جومعە

١٠ی مایس ١٩٢٩[ز]

سەر لە بەیانیی. نەختێ لەشم قورس بوو، چونکە لە دوێنێ عەسرەوە، سەرم هاتە ژان و نەختێ ناڕەحەت بووم، با خوسووس ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێ گەرمتر و ناخۆشتر بوو!

ئەمڕۆ جومعەیشە، هەموو کەسێک وە حەتتا هەموو عەبدێکی حوکوومەت کە مەئموورە، ئەمڕۆ بۆ خۆی ئیستیراحەت ئەکاو سەری سووکە، بەڵام من؛ لە عەبدیش زۆر کەمترم... وا لەبەر ئەم هەتاوە سوورەوە، ئەسووڕێمەوە و ئیش ئەکەم.

وەختی نیوەڕۆ، فەوقەلحەد، گەرم و ناخۆش بوو. ناو خێوەتەکە عەینی وەکو حەنەفیی، حەمامێکی یێکجار گەرم و داغ و داخراو وابوو.

قەتعییەن هەناسەیێکی تەواوم بۆ نەئەدرا. نەم توانیی نەفەس بدەم و هەموو لەشم

(١ ئەو وشە عەرەبیانەی مووسڵاویی بەڕێز واتا: تەماشاکە، تەماشاکە. تەماشاکە. دیتم!

(٢) وێ دەچێت مەبەستی کتێبێ لە مەڕ بەخت و گرەوەکە (مەنات) لای عەرەبی چاخی بێ هۆشیی- جاهیلیی (خودای قەزاو قەدەر) و لای یۆنانەکان خودای بەخت بووە!.

نیشتەبوون سەر عارەق و تەنگە نەفەس بووم چونکە یێکجار گەرماکەی بەتین بوو!

وەختی نیوەڕۆ کە ئافرەتەکان درەویان ئەکرد، خۆیان نەگرت...

پردێک هەیە لەبەر دەمانا لە جادەکەدا، هەموو ڕایانکردە ناو ئەو پردە پیس و گەرمەوە، چونکە پردەکە زۆر تەسک و تەنگ و ناوەکەی بچووکە!

وەختی عەسر، نەم توانیی بچمەوە سەر ئیش، چونکە زۆر گەرم بوو و پشت ملم عادەتا هەڵ ئەقرچا. پشتی دەستیشم وەک پشت ملم تا ژوور مەچەکم وەکو قولێکی ڕەشی لێ هاتووە و عادەتا دەستی خۆم ناناسمەوە.

ئەمڕۆ «٩» کەری کەم بۆ هات لە مووسڵەوە بۆ زیخ کێشان. وەختی دوای عەسر خێوەتێکی کەم بۆ هات لە مووسڵەوە بۆ زیخ کێشان. وەختی دوای عەسر خێوەتێکی کەم بۆ هات بۆ کرێکارەکان، بەڵام دوای ئیزن، هەموو عەمەلە کوردەکان هاتن و بەشەرتێ بەیانیی وەختی ئیش بێنەوە... چوون بۆ مووسڵ کە نان و خواردن بهێنن بۆ خۆیان.

زۆر بێ تاقەت و بێ حەواسم

[تەواو]

ڕۆژی شەموو

١١ی مایس ٩٢٩ [١. ز]

ئەمڕۆ هەر لە بەیانییەوە چاوەڕوان بووم موحاسیبی دائیرەکەمان بێت بۆ ئەوەی پارە بدا بە کرێکارەکان، چونکە دوێنێ نا، پێڕێ کاغەزم نووسی بوو بۆ (موعاوین) کە موحاسیب یانزەی مانگ بێت پارە بدا!

دنیاش زۆر گەرمە، هەر تاوە نا تاوێ قینم هەڵئەستێ و عەجەلە ئیش ئەکەم و ئەچمە سەر کرێکارەکان و بەدیاریانەوە وەک عیزرائیلی حەیات ڕائەوەستم و نایەڵم ئەو هەژار و برسیی و ڕووتانە ئیسراحەت بکەن، وەک یێکێ چۆن زوڵم و ئیستیبداد لە خەڵقی خۆی بێ دەستتر بکا، وامە...

بەڵام ئێستا زۆر گۆڕاوم و نابێ نەگۆڕێم، چونکە خۆم دووچاری زۆر ئیستیبداد و ناحەقیی بووم، زۆر تووشی فوقر و زەروورەت و ئیزتیراب و ئەنواعی میحنەت و سەفالەت و ڕەزالەت و ئەسارەت بووم!

چاوم لە وەزعییەتی فەقیر و بێ دەستێک بکەوێ با خوسووس کورد بێ، زۆر موتەئەسسیر ئەبم و هیچ ئارەزوو ناکەم ئەزییەت و سەغلەتیی بدەم و بکەم، چونکە خۆم



بە نەفسی خۆمدا تاقیم کردووەتەوە و تێ گەییشتووم کە بەرامبەر بە هەژار و بێ دەستێکی ناچار و برسیی و کەم دەسەڵات، بیلخاسسە کە ساحێبی عیززەتی نەفس و شەرەف و حەیسییات بێ، زوڵم و جۆر، غەدر و ئیستیبدادی ناحەق و زۆری (باربارانە) چەند گران و قورسە، چەند تاڵ و سویرە... چونکە بۆ ئەو نەوعە کەسانە، لام وایە مردن و نەمان لەو حاڵەتە زۆر بەشەرەفتر و خۆشتر و سەعادەتترە لە ئەو نەوعە ژین و ژیانە سەفالەت و میحنەت ئالوودە!

[تەواو]

ڕۆژی یێکشەموو

١٢ی مایس ٩٢٩ [١. ز]

دوێنێ زۆر بە تەمابووم موحاسیب بێت، کە چیی نەهات. ئەمڕۆش هەر لە بەیانییەوە چاوەڕوانیم کرد و قەرارم دا ئەگەر تا ئێوارە نەهات، کاغەزی بۆ بنووسم بەشوێنیا، چونکە زۆر بەزەییم بە کرێکارەکاندا دێتەوە لەگەڵ قوبووڵ و تەحەمموول کردنی ئەم هەموو مەشەققەتە و میحنەت و زەروورەتەیشدا، دەدوانزە ڕۆژ لەم دەشتەدا ئیش بکەن و پارە وەرنەگرن! من حاڵی خۆیان ئەبینم و لەبەر چاومە؛ یێکێ سێ و چوار نانی وشک و ڕەق ئەخۆن بە ئاوەوە و هیچی کە! ئەوە مایەی ژیان و دنیایانە و بۆ ئەوەیە ئەم هەموو سەفالەت و میحنەتە ئیختیار ئەکەن!؟ هەر لە «ماردین»ەوە هاتوون بە پێ و بە عەزاب و ئەشکەنجەوە. ئێستەش لێرە نانێکی وشک و ڕەقیان دەست ئەکەوێت، ئەویش بەم حاڵەو بەم وەزعییەتە!

دوێنێ کرێکارێکم ناردەوە «مووسڵ» کە هەر لەو کوردانەیە، بەڵام وا بزانم بە عەسکەریی موددەتێک لە «سلێمانیی» و ئەترافیدا ماوەتەوە. نەختێ شێوەی ئێمە ئەزانێ... ناردوومە بەعەزێ شتومەک و نانم بۆ بکڕێت و ئەگەر پۆستەیش هات بوو وە کاغەزی من هەبوو، لای (نووریی) جلدروو بۆم بهێنێ!

وەختێ چێشتەنگاو هاتەوە. هەموو لەشی لە عارەقی شین و مۆردا بوو، تەنها کاغەزێکی پێ بوو هی (سەرکەوتوو) بوو لە عارەقی شین و مۆردا بوو، تەنها کاغەزێکی پێ بوو هی (سەرکەوتوو) بوو لە سلێمانییەوە.(١)

---

(١) بڕوام هەیە مەبەستی لە (سەرکەوتوو) فایێق بێ کەسی شاعیر بێت، چونکە لە پەنجاکاندا وەستا بە شیر موشیری کۆنە جلدروو- نەتەوەپەروەر «بەختیار زێوەر» فایێق زێوەری نێو نا (سەرکەوتوو).

بەعزێ شتی تیا بوو لە خوسووس وەزعییەتی سلێمانیی و هێندێ ڕەفیقانەوە. زۆر تەئسیری تێ کردم، باوەجوو من چیم پێ ئەکرێ لەم چۆڵەوە؟

کاغەزێکیشم نووسیی بۆ بەغداد بۆ (مستەفا شەوقیی)، هێشتا نەمناردووە. تەبیعیی لەوێشدا هەر دەرد و زوخاوی خۆم ڕشتووە؛ بە دەست خۆم نییە. هەرچەند زۆر موتەئەسسیرو نەومێد ئەبم، عادەتا وەک چۆن ئینسان موسیبەتێکی گەورەی بەسەر بێ تا نەگریی تەسەللای نایەت، وا منیش زۆر موحتاجی ئەوەم دەرد و زوخاوی دڵم بڕێژم و بڕێسم و بنووسم، وە بەیانی حاڵ و سکاڵا بکەم! تەبیعیی بەمانەوە لە حاڵەتی حەقیقییەی خۆم ڕستگار نابم و نەومێدییم هەر باقیە، بەڵام چیی بکەم، ئەویش وەکو گەلێ شتی کە بەدەست خۆم نییە!!

وەختی نیوەڕۆ، ئەوەندە گەرم بوو، ئەتوانم بڵێم ئەو جەهەننەمەی کە (محەممەد)[1] بۆ ئیسلامەکانی تەسەوور کردووە، هەر ئەوەندە گەرم ئەبێ! هەرچەندم ئەکرد، بەقەتعیی پشووم بۆ نەئەدراو نەم ئەتوانیی نەفەسێکی ڕەحەت وەرگرم!

لە نێو سەعاتدا، ئانێک، لە حزەیێک؛ بایێکی ئەهێنا. ئەمما چۆن بایێک؟ موحەققەت هالاوی نێو دەمی شاری ماران کە لە گەرما و برسیەتیی و هاربیا ئەیباو ئەیهێنێ، ئەمما ئەوەندە گەرم وزەهراویی ئەبێ!

دوای نێوەڕۆ، لەبەر خێوەتەکەدا، بەسەر قوتێن و کراسێکەوە دانیشت بووم و هەیتها هەیتها- پەیتا پەیتا/K/- ئاوم ئەخواردەوە کە نایشزانم ئەم هەمموو ئاوە ئەچێتە کوێمەوە و تێ ناگەم چۆن بەم هەمموو ئاوە ناتەقم و ناپچڕم؟

لەو ئانەدا (حەسەن) لە پشت سەرمەوە ڕاوەستابوو. بەجووتە سەیری قوورەتی غەزەبناکی خواو شەرارەی ئاگری ئەو دەشتەمان ئەکرد.

لە پڕێکا، حەسەن دایێ قاقای پێکەنین... ئاوورم دایەوە، تێ فکریم هەر پێئەکەنێ! لێم پرسیی: (بۆچیی پێئەکەنیی؟). وتی: (سەیری پشت ملت ئەکەم و بیری شتێکم کردەوە، پێکەنینم هات زۆر! پشتی ملت دوو ڕەنگە... ئەڵێی پشتی ملی ئەو کوڕە قولەیە کە لە سلێمانییدا ئەسووڕێتەوە! یێکجار ڕەش و ناشیرین و چەور بووە!) وتم: (بەخوا هێشتا باشە، چونکە هێشتا بەهار تەواو نەبووە و دنیا تەواو گەرم نەبووە و خوا دەرگەی

(١) پەیامبەری ئیسلام (د. خ).



حەنەفییە گەرمەکەی نەکردووەتەوە! ئینجا ئەگەر ئەو دەرگەیە بکاتەوە و هاوین بێت و بای سەمووم هەڵ بکا، ئەو وەختە حاڵم زۆر خۆش ئەبێ و نەک پشت ملم، حەتتا هەمموو لەشم ڕەش دائەگەڕێ و بۆ خۆی تەبەقەیێکی چەوری لێ ئەنیشێ کە ئەگەر سەگی عەرەب چاوی پێم بکەوێ، موحەققەق شالاوم بۆ ئەبا لەبەر چەوریی و ڕۆنی بەدەنم!).

وەختی ئیزن بوونی کرێکارەکان، لەسەر ئیش دانیشت بووم، زۆرماندوو و بێ هەوەس و بێ هۆش بووم. ئەوەندەم زانیی ئوتوموبیلێک هات و لای ئێمە ڕاوەستا... (داود سادیق و ڕەزووق ئەفەندیی) تیا بوو.

لە پێش هەمموو شتێکدا، بۆ ردووی عەمەلەکانم دا بە ڕەزووق ئەفەندیی کە پارەبدا و من و داود سادیق چووینە سەر ئیش نەتیجەی ئیشەکەم هیچ بوو، چونکە ئەوان سەر لە نوێ ئەیانەوێ جادە بکەنەوە وەلحان من ئەووەڵ ڕۆژ وایان پێ وتم کە تەعمیراتی لازمە ئەکرێ کە ئەوە زۆر فەرقی هەیە، با خوسووس و وەستاییێکیان بۆ ناردبووم لە هیچی نە ئەزانیی.

هەرچۆنێ بوو، داود سادیق پێی وتم کە چۆنیان ئەوێت و چۆنی بکەم و شەش حەوت لاپەڕەی مەتبووعی دامێ کە هەر بە پانزە ڕۆژ جارێک ڕاپۆری ئیش بدەم!

لە پاش نیو سەعات هاتینەوە خێوەتەکە، هێشتا پارەی وڵاغدارەکان نەدرابوو. هەرا و زەنا و قەڵەباڵغ و قڕەیێک بوو، ئینسان بێزار ئەبوو لە عومری خۆی، با خوسووس قیمەتی وڵاغەکانیان لەوە پێش تەقدیر نەکردبوو بەهەزار حاڵ و شەڕە شەق تا ڕێک خراو بڕایەوە لە پاشدا ڕەزووق ئەفەندیی داوای ئاوی کرد. کە دایانێ، تەنها یێک قومی لێ داو ڕۆی کردەوە و وتی: (ئەم ئاوە زەهرە، ئاو نییە! ئەوە چۆنی ئەخۆنەوە؟). منیش بە زەردە خەنەیێکی قەهر ئالوو دەوە وتم: (بەڵێ، ئەمە ئاوی حەیاتەکەمانە! شەو و ڕۆژ لەم ئاوە جوان و پاکە ئەخۆینەوە!).

لە پاشدا داود سادیق وتی؛ (بۆچیی؟ ئێمەش هەر لەو ئاوە ئەخۆینەوە، زۆر چاکە!). هەرچەندی کرد داود سادیق نەیوێرا قومێک لە ئاوەکە بخواتەوە. کەچیی ئەیوت؛ (ئێرە بەهەشتە! ئێوە منتان ناردبوو بۆ چوارتا، وەخت بوو بمرم!).

دەوەرە ئینسان لە شتی وا دەهریی نەبێ؟

عالەمێک حەز لە چوار تا ئەکا و کائینات مەتحی هەوای ساف و ئاوی سارد و شیرینی چوارتا ئەکا، کەچیی ئەم مردوو مراوە بەوێ ڕازیی نییە، مەتحی ئەم ئاوە ژەهراوییە و دەستە جەهەننەمیە ئەکات!!

وەلحاسڵ سەعات ٥ر١١ لێ بوونەوە، وتیان:بابچین تا ئەو قەسرە! منیش لە گەلیان چووم تا بەر قەسرەکە و گەڕامەوە لەوێ، ئەو جێگایەم نیشان دان و کە چەوو زیخی لێ ئەهێنن!

ئێوارە؛ کە هاتمەوە زۆر ماندوو گێژ و بێ حیس بووم... هیچ قەتعییەن هەوەس و ئارەزوو ئیشتیاقی کائیناتم نەمابوو! لێی پاڵ کەوتم. شەویش لە سەعات دووەوە هەڵیکردە ڕەشەباییێک؛ موحەققەق ڕەشەبای سلێمانیی لە چاویا نەسیمە! ئاخیریی خێوەتی کرێکارەکانی دا بەزەوییا! هەتا نیوەشەو وە هەتا بەیانیش، هەر وام زانیوە.

[تەواو]

**ڕۆژی جومعە**

**١٧ی مایس ٩٢٩ [١. ز]**

ئەم شەو پێنج ڕۆژە هیچ خاتیراتم نەنووسیوە؛ چونکە نە حەوسەڵەم ماوە، نەشوعوور و هۆش... چونکە غوربەت و هیجران، دەردی بێ کەسیی و دووریی لە بەشەرییەت؛ سەفالەت و میحنەت و ئالامی ژیانی پڕ نەومێدیی لە لاییێکەوە گەرمای جەهەننەمیی، ئاگری سووری شەڕارەی ئاتەشینی ئەم چۆڵ و جەهەننەم ئابادە و مێشوولەی زۆر و بێ هەوایی ئەم دەشت و چۆڵە، لە لاییێکی کەوە بە تەواویی هێز و قودرەتی لێ بڕیوم... شەوق و شەتارەتی پێ نەهێشتووم، حیسسیات و فیکر و زانستی لێ ون کردووم!

لە ١٣ی مانگەوە، من هەر لە بەیانیی هەتاو کەوتنەوە تا سەعات ١٠ی، وەک کرێکارێک ماندوو ئەبم و خەریکم ئیش ئەکەم. لە لاییێکەوە جاددە ڕێک ئەخەم و تەناف ئەگرم و جێگەو شوێن نیشانی کرێکار و وەستا ئەدەم، لە لاییێکەوە هاوار ئەکەم و ئەقیژێنم بەسەر کرێکارەکاندا، بە زبانی خۆش و پاڕانەوە، لە لاییێکی کەوە خۆم عەینی کرێکارێک بەرد دائەنێم و ئیش ئەکەم و بەسەر کرێکارەکانا کە بەعزەن دوو سێ تاقم لە یێک دوور ئیش ئەکەن و... لە لاییێکیشەوە ئەقیژێنم وە یا ئەپاڕێمەوە لە وڵاغدارەکان بۆ بەرد و زیخ. لەلاییێکی کەشەوە لە هەموویان موئلیمتر و خراپتر، گەرما جەهەننەمیەکە و مێشوولەکەی یێکجار زۆر موعەززیب و پیس و بێ حیسابە کە دێت و پەیتا پەیتا بەدەستە سرێک باوەشێنی خۆم ئەکەم کە نەپیشێم لە گەرمادا و مێشوولە نەم خواو بەدەستەسرێک خێرا خێرا عارەقی لەش و دەست و دەم و چاوم ئەسڕم! لەولایشەوە، زوو زوو، موتڵەقەن ئەبێ ڕابکەمە خێوەتەکەوە و نەختێ دەم و چاوم بشۆم و تێرو پڕیش لەو ئاوە گەرم و بۆگەن و پیسە بخۆمەوە!



ئەمڕۆ وەختی نیوەڕۆ، دوو کرێکار نەختێ لەولاوە، بەجیا خەندەقیان هەڵئەکەند. ئەوەندەم زانیی ڕایانکرد و هاتنە ناو عەمەلەکانی کە. کە لێم پرسین، وتیان: (مێشوولە خواردینی و ناتوانین ئیش بکەین!). هەموو دەم و چاویان بە جامانە و شتەوە وەک لە زستانا بن و سەرمایان بێ، وا پێچابووەوە، تەنها چاویان بەدەرەوە بوو! منیش بانگم کردنەوەو پێکەوە چوینەوە سەر ئیشەکان، بەڵام یاخوا هەر ئینسانی بێ کەس و غەریب و نەفیی کراو و بێ چارە و مەزڵووم شتی وا ببینێ؛ ناتوانم بڵێم بە ملیۆن، بەڵام موحەققەق بەملیار و تریلیۆن مێشوولەی پیس و بێ حەیا و بێ حیساب، هێرشیان هێنایە سەرمان، بەدەست و سەر و دەستەسڕ بەربوومە خۆم، هەر زەڕەییێک فائیدەی نەبوو! جێگەیەوە خستە سەر کارو خۆم ڕمکردەوە ئەولا... بەڵام فیلحەقیقە ئەمە یێک دوو ڕۆژە ئەوەندەی کە دنیا گەرم و ناخۆشتر بووە، فەوقولعادە و یێکجار زۆر و بێ ژمارە، مێشوولە زۆر بووە. قەتعییەن دەقیقەیێک ئارام و ڕەحەتیمان نییە، باخوسووس لەم سێ ڕۆژەی دواییەدا لەبەر گازی مێشوولە، هەر چەند دەست ئەبەم بۆ پشت ملم، وا ئەزانم سەری کە چەڵەو برینی لێ هاتووە!

[تەواو]

**«٣»**

**حیللە**

**٢/ ١٠/ ٩٣٠ [ ١. ز]**

ژیان؛ کە کەس لە بنج و بناوان و نهێنییەکەی تێ نەگەیشتووە، سیحرێکە!!

ژین؛ ئەگەر لێی بکۆڵیتەوە و تێی وردبینەوە، لای زۆر کەس بایەخی نامێنێ و ئەوسا گەلێ کەس نایەوێ... ئەم هەموو ناخۆشیی و ناسۆرییە و ئەم هەموو ئەرک و مەینەتە بکێشێ بۆ نەفەسێک؟ بۆ تۆزێ هەناسە و هەوا کە لەم و سەمای بەشەرییەتی پڕ حیرس و خودبینی و ئەنانییەتدا، زەهراویی و پیس بووە!

ژیان؛ ئەگەر تەنها بۆ تێرکردنی سکێک بێ، بۆ پێکەنینێکی زەهراویی و پیس بێ!
ژیان؛ ئەگەر تەنها بۆ تێرکردنی سکێک بێ، بۆ پێکەنینێکی زەهراویی و درۆ بێ، بۆ زەردەخەنەیێکی ساختە بێ، بۆ خوشیی و کەیفێکی بێ بەناو وەختیی بێ، تف لەو ژیانە. تف لەو ڕابواردنە!

ژین و ژیان؛ ئەگەر تەنها بۆ تیکەیێک نانی وشک و قومێ ئاوی زەهراویی بێ، بۆ

قاشێ شووتیی و دەنکێ ترێ بێ، بۆ پێکێ ویسکیی و شەراب بێ، بۆ قومێک بەنگ و تلیاک بێ، بۆ لابردنی هەوەسێکی حەیوانیی و لەزەتێکی یێک دەقیقەیی بێ، تف لەو ژینە، تف و لەعنەت لەو ژیانە! ژیان و ڕابواردن؛ ئەگەر بۆ ڕاووڕووت بێ، بۆ براو خزم کوشتن و بڕین بێ، بۆ هەسان لەبەر پێ دانی دۆست و خزمان بێ، بۆ درۆ و دەلەسە و مێچکە مێچکە و فڕوفێڵ بێ، تف لەو ڕابواردنە! تف لەو گوزەرانە!

ژیان؛ ئەگەر هەر ئەوە بێ کە بەشی زۆری مرۆڤ، هەژار و داماو و برسیی و ڕووت و بێ نان و شوێن بێ، بۆ بەشێکی زۆر کەم کە سک تێر و پۆشتە و بێ دەرد و زوخاو و خاوەنی کۆشک و تەلار و کارەکەر و خزمەتکار و ئوتوموبێل بێ، هەر بۆ مەنافیعی شەخسیی و حیرس و شەهوەتی حەیوانیی چەند کەسێک بێ، بۆ پێکهێنانی ئارەزوو و خواستی زۆردارانە و دوڕاندانەی دەستدار بێ بەسەر بێ دەستەڵات و بێ هێزدا، بۆ خواردنی بێ کەس و فەقیر بێ لە لایێن گەورە و زۆردارەوە، تف لەو ژیانە! تف لەو ژینە!

ژین و ژیان؛ ئەگەر بۆ خۆشیی و کامەرانیی کۆمەڵێک و ئازادیی و سەربەرزیی میللەتێک بێ، بۆ بەرزیی و ئاوەدانیی و خۆشیی وڵاتێک بێ. ، بۆ پێ گەیاندن و سەرکەوتنی قەومێک بێ، بۆ پێکهێنانی موستەقبەل و ژیانی چەند هەزاران و ملیۆنەها بەنی ئادەمیزاد و برسیی و ڕووت و قووت و بێ شوێن و داماو بێ، بۆ بەهێزکردنی مێشک و گیانی کۆمەڵێک بێ، بۆ پاک کردنەوەی دڵ و مێشکی پیس و زەهراویی کراو بێ، ئەوسا ئەو ژین و ژیانە نازدارە و موبارەکە، جێی پەرستن و تەقدیسە!

ژیان؛ ئەگەر بۆ ئەوە بێ چەند هەزاران خزم و برا و کەس و کاری (یێک زمان و یێک دڵ و یێک خوێن و یێک گیان و باوەڕ) یێک بخا و سەر بخا، بۆ خۆشیی و ئاوەدانیی وڵاتێک و کۆمەڵ شوموول و عەزیز بێ، بۆ دەرهێنانی میللەتێک و کۆمەڵێک بێ لە ژێر زنجیری دیلیی و مەینەتیی بێ، یا لەژێر بەندی نادانیی و وەحشەتدا بێ، بۆ ڕزگارکردنی چەند هەزارانی هەژار و بێ دەسەڵات و برسیی و ڕووت بێ لە دەستی زۆردار و ئەشکەنجە، ئەو ژینە؛ زۆر پیرۆزە، زۆر خۆشە، جێی تەقدیس و پەرستنە!

[تەواو]

# دەستنووسەکان

## داوێن - ٢

وێنەی دەستنووس، نامە، بەڵگەنامەی ڕەسمی/ ودنبرە[*]

٢/١- ودبنبرە: عەرەبی...

١- کاکە ئەحمەدی شێخ

٤- عەلی بن حسێن ئامادەیی

٥- شێخ مەعروفی نۆ دێیی

٦- شێخ مەعروفی نۆ دێیی

٧- شێخ مەعروفی نۆ دێیی

٨- شێخ مەعروفی نۆ دێیی

٩- شێخ مەعروفی نۆ دێیی

١٠- شێخ مەعروفی نۆ دێیی

١٢/١- نامەی وەزارەتی مەعاریف بۆ موتەسەرریفی سلێمانی - (کێشەیێکی سیاسی؟)

١٢/٢- نامەی وەزارەتی مەعاریف بۆ موتەسەرریفی سلێمانی - (کێشەیێکی سیاسی؟)

١٣- ئیجازەدانی زانستیی مامۆستا ئەبووبەکر عومەر هەولێریی.

٣٢٨- وەقفنامەی عەبدورڕەحمان پاشا بابان.

(*) ڕستی ڕێزی نامەی زمان بیانیی - بەپێی کۆی گشتی - جوێ لەگەڵ کوردی.





ودنبرە: عەرەبیی: (١) کاکە ئەحمەدی شێخ



## (٤) عەلیی بن حسێن ئامەدیی



عدد ٨ — سالا عولی — دور ١

کردستان ١٣١٥

( پازده روژاده جارکی تیت نفیساندن جریدەیا کردی‌یه )

کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیه‌یی حاوی

( اون بش کونده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در )

غزته‌نك مسلکنه موافق عربجه ترکجه فارسیجه مکتوبلر کردجه‌یه بالترجمه نشر اولنور

عنوان: جنوه‌ده ( کردستان ) غزته‌سی صاحب و محرری بدرخان پاشازاده عبدالرحمن

هر طبعده ٢٠٠٠ نسخه کردستان ولات عظامنه ارسال و و ساطتلریله قرا و قصباته نشر وتعمیم اولنه‌جقدر

کردستان خارجنده هر بر اوجون سنه‌لك آبونه بدلی ٨٠ غروشدر

کردستان داخلنده خصوصی استیانلره مجاناً کوندریلور

... نی کاغدکی ... منزه دفی ... کاغذی وها ... : ونجل المرحوم بدرخان پاشا عبدالرحمن بك

هرجار دو هزار جریدەیا ازی ... کردستانی دەبلاش بدن خلکی

روژا دوشمبیده ٤ رجب ١٣١٦ صالی فی ١٨ تشرین ثانی سنه ١٣١٤

حضرت مدير جريدة الكردستان

لقد طلعت على جريدتكم الغراء المسماه ( كردستان ) التى بذلتم قصارى الهمم فى انشائها باللغة الكردية فى محروسة الجنوره وتصفحت صحائفها فاذا هو موشحة بالمواعظ السديدة والمقالات المفيده حثاً للامم الكرديه على طلب العلو والمعارف وايقاظاً لهم من سنة الغفلة والعطالة وتنويراً لافكارهم التى تنوّ... بالفطنة والذكاء وتنشيطاً لهممهم التى ذلت لهـا الصعاب وحصلت لها الر... ولعمرى انها لمأثرة تذكر وتشكر اذ لا يخفى ان الامم الكرديه وقد تجاوز نفوسها الملايين هى موصوفة بالنجدة والشجاعة والفطنة والبراعة وقد ... منها من الملوك والسلاطين والامراء والخواقين والعلماء والاولياء من ... صيته فى الآفاق وملئت بذكر مناقبه الصحف والاوراق وتاريخ اعظم شـ... وسنوفيكم بالبريد الآتى بمقالة تتضمن تفاصيل احوال بلاد كردستان وا... ونبذة شئونها السياسية والادبية والجغرافيه ووقائعها التاريخيه وما... من ملوكها وسلاطينها وامرائها وصلحائها ومأثرهم الجليلة ولتكفف... بهذ المقدار شكر الله سعيكم وجزاكم خيراً والسلام عليكم ورحمة الله وبر...

خادم العلم الشريف

على بن الحسين الامدى

از ژانم کرد ژ تاریخا کردستانی تونشتی نزانن لوما ازی هر ... خوەده کورت بجك تاریخا کردستانی اویا اجدادین عزیزان بنفیسم .





## (٥) شێخ مەعرووفی نۆدێیی



ادعو لجناب الباشا بالعافية وسلامة الايمان

وهما اعظم مهمات الانسان وادعو له

بالرجوع الى هذا المكان سالكا مسالك العدل

والاحسان قد ذكر عندنا ان الروم والعجم تصالحوا

على رد هذه البلاد الى الروم لكن هذا الامر

مجهول عندنا غير معلوم فان صح هذا

القول فبشرنا حتى تطمئن القلوب بخبر الناس وتنفرج

الكروب ولك الثواب الجزيل والاجر الجميل

وان كان هذا القول كاذبا فاخبرنا حتى ندبر

للخروج الى بلاد الاسلام والدعاء والسلام ختام

(٦) شێخ مەعرووفی نۆدێیی







(٧) شێخ مەعرووفی نۆدێیی



(٨) شێخ مەعرووفی نۆدێیی


ادعو للباشا بان يعيش في ايام حياته على دين الاسلام
وبان تكون وفاته على الايمان عند حلول الحمام
وبان يحفظ من هول المطلع وعذاب البرزخ وعذاب
دار الانتقام وبان يفوز بخلود دار السلام
وليس للمؤمن مطلب عزيز مثل واحد من هذه المهام
وبعد فالحاج احمد عندي بمنزلة الشقيق الشفيق
ومنذ برهة طويلة من الدهر له معي مواخاة وثيقة
فمن اذاه فقد اذاني ومن اخذ منه شيئا من المال فكانما
اخذه مني ومن اكرمه فقد اكرمني ويكون اكرامه
منة يطوق بها جيدي وعندي كلمات اخرى لا تناسب
المراسلة وقد اخذوا منه اربعة تواميين
وقد ترجيت في العفو عنه من بيت الباشا وذهبت
مرارا الى قريب بيت الباشا وسمعت اهل الباشا رجالا لكن الخدام
ما سمعوا واخذوا منه ما ذكرت في المرجو امر الباشا
بان يرد عليه ما اخذوا منه ولعل الباشا حقوقا منه حقوق
الخدمة ولا ينبغي ان يضيع عنده حقوق الخدمة





(٩) شێخ مەعرووفی نۆدێیی


اسلم على الولد العزيز احمد
سلمات اكداقها من آلبوم ارليه
وادعو له بان ينال كل مقصد
وبعد فانه كان في قلبك مقدار
ذرة من محبتي ومراعاة لحق
الابوة وميل الى الحج المبرور
بنظرة الشفقة الى الوالد فعليك
بالمجيء الينا بلا امهال
ولم يظهر عشر معشار ما نقلوه
عنك بعد غيبتي عنك ما كلمتك
يوما واقررت عيون الحسد وكل
والسلام عليك

## (١٠) شێخ مەعرووفی نۆدێی



السلام عليك ايها الولد العزيز
## ٢٤٠/٥/٢: موتەسەرریفی سلێمانیی - ١٩٣٦ز

دائرەی متصرفیتی لوای سلیمانی .
مامووریتی املاك امیریە
ژمارە ٨٧
روزی ٢٩ حزیران ٩٣٦

متصرفية لواء السليمانيه
مامورية الاملاك الاميريه
العدد
التاريخ

بو مدیر طابوی سلیمانی

الى مدير طابو لواء السليمانيه

اشارە یە بە تحریراتی مدیر طابوی عام ژمارە ٧٠٧٨ وروزی ٢٨/٥/٩٣٦ کە بو مدیریتی عامی املاك واراضی امیریە نوسراوە وصورەتی بە ایوە دراوە وتحریراتی مدیریتی املاك واراضی امیریەی عام ژمارە ٤٢٥٨ وروزی ٧-٦-٩٣٦ بوایە هاتوە رجا اکین معلوماتمان لە نتیجەی معاملەی بدەنی کە جواب تحریراتی مذکورەی بدەین

اشارة الى كتاب مديرية الطابو العامه المرقم ٧٠٧٨ والمؤرخ ٢٨-٥-٩٣٦ المعنون الى مديرية الاملاك والاراضي العامة وصورة منها اليكم والى كتاب مدير الاملاك والاراضي العامه المرقم ٤٢٥٨ والمؤرخ ٧-٦-٩٣٦ الموجه الينا نرجو اعلامنا نتيجة القضيه المذكوره كي نتمكن من اعطاء جواب كتاب مديرية المشار اليها

متصرفی لوای سلیمانی

متصرف لواء السليمانيه

صورەتی بو:
مدیریتی املاك واراضی امیریەی عام نیشانە بە مذکرەی ژمارە ٤٧٨٨ وروزی ٢٥/٦/٩٣٦ کیفیت عرض اکری جوابی طابو کە هاتەوە

صوره الى
مديرية الاملاك والاراضي الاميريه العام بالأشارة الى مذكرة ./. المرقم ٤٧٨٥ والمؤرخ ٢٥-٦-٩٣٦ ونعرض القضية عند ورود الجواب من الطابو

دائرة [illegible]
عدد ٩٨١
تاريخ ٢٩/٦/٩٣٦

## ٢٤٢/٥/٢: بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی سلێمانیی

١٣٦١/٣/٢٠
١٩٤٢/٤/١٢

[illegible]

بە واسطەی ادارەی مەکتەبی قرەداغەوە
بو وکیلی معلم سید فاتح [illegible]

لە کاغذی مدیری مکتبی قرەداغ بە ژمارە ١ و ١١/٤/٩٤٢ نوسراوە حالی بوین کە ایوە خراپ لە طلبەی مکتب دەدەن وە تا ایستا چەند جار لە لاین اهالیەوە شکاتتان لیکراوە [illegible] نردەوانە بە ایوە وردە وردە مکتب ترک دەکەن .

ایوە زور باش دەزانن کە غایە لە کردنەوەی مکتبەوە بە طلبە باش تربیە بکریت و [illegible] وقتیا معلم نابیت لە طلبە بدات [illegible] لە طلبە دا دیارە [illegible] لە فنی تربیة و تعلیم نەکردوە ولە ایشی خویدا ناتوانیت سەر بکەویت .

غایە لە تعیینی ایوە وامثالی ایوە ئەوەیە خدمت اولادی ولات بکەن ودلی اهالی رابکرن [illegible] بە شفقەوە لە طلبە بدەن ودلی اهالی لە مکتب بکەن . لە سەر ئەمە اطاعەی ارشاداتی مدیر مکتب بکەن وە بی تمام وظیفەی خوتان بابە جی بینن والا بە شدة تجزیە دەکرین .

مدیر منطقەی معارف سلیمانی

وینەیەکی بو :-
مدیری مکتبی قرەداغ
دەبی زور با [illegible] الیە بکەن جزئی مخالفە
لی بینرا زو اشعارمان بکەن .





## ٢٤٣/٥/٢: ب. قوتابخانەی ئاوایی قەرەداغ؛ ڕەشید کەریم قەرەداغیی

[illegible]

## ٢/٥/٢٤٤: موعەللیم فائیق عەبدالله؛ بێ کەس







## ٢/٥/٢٤٥: بەیاننامەی بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ



١٩٤٧/١٠/١٠

بیان

بو ابیشتوانی ناحیه ی خورمال

موضوع: تشکیلی عام

## ٢٤٧/٥/٢: بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ







## ٢٤٨/٥/٢: جەعفەر کەریمی

١٤٧
٢٥/٢/٥

هێزی دێموکراتی کوردستان
ستادی ...

برایانی بەرزوخۆشەویستم "آقایانی حسین "آقا و محمد "آقای ئەحمەدی و حسنخانی بەداغی و ناسر "آقاو احمد "آقا پاسو
لەپاش سوپاس و رێزپاش نامەیەکی آقای حەمەرەشید خان بۆ ستادی کلی هێزی کوردستان ناردبو
زۆری لەجەنابتان رازی بوون و نووسیبوو کەبەر لەئەوە کەس دیکە بۆ هەمکاری و کۆمەگی بەجێن .
حاضر نەبووە گەیشتنا ... گوزارشی "آقای حەمەرەشید خان بۆ "آگاداری بە تای پێشەوای
معظم و وەزیری بەرزی هێز نارد، و رێز وضمنا" رونووسی ئەو کاغەزەش کەبە ژمارە ١٨٨-١/ ٢/ ٢٥
بۆ ئەو رێز نارد را وە بۆ "آگاداری پێشکەش بە جەنابی حەمەرەشید خان کرا مکینە لەویە ملاحظەی بفەرمون
بەرلە وانە ئیرچاوەڕوان بن کە زیاتر لەوە هەمکاری لەگەل جەنابی حەمەرەشید خان بفەرموو و کۆیە ئەدە
ئەسەی بێ و بێ جی ئەو کەسانە یەکە یەولیتنا و وی ... و وەدەست خستنی شانی وە ئاکار دەکەن
چونکە فکر بیرمان بە تەواوی بەغلط چووە بە هەرحال ئێمە لە کاغەزی خصوصی دا هەمکاری و کاری چاکی
ئێوەم بە وەزیری هێز هەر ش کردووە ئەو ئیرزانین کە لە کات و روژی خۆیدا بە رلە قدردانی کاری زۆر کۆردە
بە جەنابتان دەشهێدر بە چاوەڕوانی ئەوی لە خۆ ڕا بردووی ئێوە بۆ ئەدا کاری لە ریگای میللییەت دا زیاتر
دەکەین ...

### ٢٤٩/٥/٢: محەمەد عەلی ئاغازادە؛ وەهاب



جنابی آغای محمد رشید خان

ئەوە نامەی کردووەتە تەبریک دەکەم. [illegible] بۆم بنێرن کە

خەریکم رەفعی بکەم      چونکو [illegible] خەریکی [illegible]

نابی [illegible] دەستی [illegible] محکم کەن

١٢/٢/٢٥

١٩٥ / ٦

٢٥/٥/١٢





### ٢٥٠/٥/٢: مەلیکی کوردستان؛ مەحموود، س.ئ. م و سەرۆکی نێوخۆ؛ غەریب



ئالتونی شەرو

٢١/٢/٢٥

بەحوزووری جنابی آغای محمد رشید خان

عرض وتقدیم

دەستتان ماچ دەکەم [illegible] ئەحوالی شریفتان دەپرسم [illegible]

باشین. بەلام [illegible] ئالتون [illegible]

دەکەم [illegible]

[illegible]

١ — ئێمە [illegible]

٢ — لەو رۆژەوە کە [illegible]

[illegible]

٣ — [illegible]

لە [illegible] دەکەم

٤ — [illegible]

دەبینن

٥ — خانووی [illegible] خراپ کردن [illegible]

٦ — [illegible]

٧ — حەیوانیان [illegible] ١٠ [illegible]

٨ — [illegible] ١٥ [illegible]

[illegible]

٢/٥/٢٥١-١: مستەفا خۆشناو



بروار ٢٨/٢/١٣٢٥

ژمارە ...

هێزی
دیموکراتی کوردستان
[لکی بوکان]

زۆر گەورەم فرماندەی هێزی [illegible]
لە فرماندەی هێزی بارزانی [illegible] (١)

٢- رجا ئەکەم ئەمر بفەرموون کە ئەو تفەنگانەی کە لە دەستی [illegible]
بۆیان چاک بکەن ئەگەر ممکنە.

٣- دوژمن ئەو قەلەی [illegible] مالانیان [illegible]
[illegible] حصاریک گەورە دروست
کراوە لە سەر شغلی قشلە [illegible] طبعًا [illegible]

٤- مەبەستم لە تقریر ٢٨ ژمارە رۆژی ٢٧/٢/١٣٢٥
تەنها تقدیری [illegible] بەو نظرەی کە خۆم [illegible]
[illegible] عرضی [illegible] عالیتان بکەم وەئیللا [illegible]
کردنی هیچ جۆرە کاریک نیە بەبێ فرمایش [illegible]



ئەدەبی نامەنووسیی کوردیی بابی لالۆ

٢/٥/٢٥١-٢: مستەفا خۆشناو



بروار ٢٨/٢/١٣٢٥

ژمارە ...

هێزی
دیموکراتی کوردستان
[لکی بوکان]

٤- دوژمن [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
٥- [illegible]
[illegible]

## ٢٥٢/٥/٢: هێزی دیموکراتی کوردستان



٢٦١
٢٥/٢/٢٤

هێزی دیموکراتی کوردستان

بەخشنامە

وزارات

پاتپولکونیك آغای محمد نانوازادە کە بەپێی حکم ژمارە ٣٠٢ / ٢٥/٢/١٩ بە معاونی سیاسی وزارت هێزی کوردستان انتخاب کراوە، بەرامبەر بەو بەخشنامە بە ئاغایی ... دەتوانی لە جەلەساتی سیاسی وغیرەی متشکلی وزارتخانان وهەروەها بەرزی ... دا شیرکەت بکات.

فەرمانبەری ... کوردستان . سیف قاضی

٣٢٩-٣٠/٦/٢٥

رونووس بۆ آگاداری ژنرال مابورجەنابی محمد رشیدخان ... دەکرێ بە معاون سیاسی وزارت هێزی کوردستان . نانوازادە .





## ٢٥٣/٥/٢: فەرمانده؛ محەمەد ڕەشیدخان



موضوع/ تقدیری کردەوەی ...

٢٥٤/٥/٢: محەمەد قازیی/ سەرکۆماری کوردستان








٢٥٥/٥/٢ :محەمەد قازیی/ سەرکۆماری کوردستان



## ٢٥٦/٥/٢: محەمەد قازیی/ سەرکۆماری کوردستان


وەزارتی هێزی دیموکراتی کوردستان
هێزی بوکان
ژمارە ٦٧
بروار ٢٩/ ٢/ ١٣٢٥
ضمیمە





## ٢٥٧/٥/٢: حسقیێل



## ٢٥٨/٥/٢: عەبدالله سەبریی







## ٢٥٩/٥/٢: ئەدهەم ئەحمەد



## ٢/٥/٢٦٠ : ئیبراهیم ئەحمەد



بو جالی ناو جیژنی نەوروز پیویستمان بە (٢٠) کیلو شەکرە ئەکاتە
ئە رجون کە شرکە بمانا داتی بە نرخی حکومی

لە بەدنی لجنەی پیکهینانی جیژنی نەوروز
محامی ابراهیم احمد





## ٢/٥/٢٧٨ : بەرنامە – پرۆگرام – جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن؛ سلێمانیی



ژیانەوە

بدل آبونە
بە ٣ مانك روپیە و نیو یك
بە شش مانك ٣ روپیە
بە سالیکی شش روپیە یە
لە ٣ مانك کمتر ابونە قبول ناکری

بو خارج اجرت پوسطە
علاوە دەکری
نسخەی بە آنەیکە

بو همو شتیك مخابرات بناوی
چاپخانەوە اکری
اعلانات
بە دیریك ٣ آنە دەسیێنریت

تأریخ انتشار
١٨ اغستوس ١٩٢٤ سالانی
نسخەی بە آنەیکە

ام غزتەیە غزتەیکی حکومیتیە
هفتە دو جار دردچی

سال ١ ژمارە ١٦٠ (پینجشنبە) ٢٥ رجب ١٣٤٣ ١٩ شباط ١٩٢٥

لم روژانەدا خبر زانرا کە «عصبة الامم» هیئەیکی ناردوە بو عراق بو تدقیق حدود و بمناسبت اوەوە کە مجلس عصبة الامم هیئتیکی ناردوە بو عراق و اوهیئتە الیە همو مهارت خویانە وە تحقیق احوال و تماشای حدود اکن و راپور ادن بە عصبة الامم، هرچند نزاهت وجدان و حقپروری عصبة الامم و هیئتە کە هاتونە عراق جیی شبهە نیە فقط بو اوە بعضی حقایق لە طرف ماتەوە عرض نوەیسبوە، کە بکری عموم اشراف و تجار و اهالی لەجیکایك کردبونەوە، و لپاش گفتکو و مذاکرە قراریان دا کە بناوی (جمعیت مدافعة وطن لە سلیمانی) جمعیتیك تشکیل بکن و پروغرامیکیان بو ام جمعیتە ترتیب کرد، مواد پروغرامە کە لە ژیرەوە درج کرا :—

اساس پروغرام جمعیت مدافعة وطن لە سلیمانی

مادە

١— ام جمعیتە بەناوی جمعیت مدافعة وطن تشکیل اکا.

٢— اساس و غایة ام جمعیتە مدافعة وطن و حدود حاضرة ولایت موصلە کە لە متممات عراق معدودە.

٣— افراد ام جمعیتە خوی بە کوردیکی عراقی انامی و وطن و مملکتەکیان لەکل ولایت موصلدا بە جزئیکی لاینفکی عراق عد اکات.

٤— بو تأمین ام غایەیە کە لە مواد سرەوە ذکر کراوە و کافل و ضامنە بو سلامت و سعادت وطنیە و عمومیەمان بە همو نوعی سعی و تشبث کردن و عند الایجاب تحریراً و شفاهاً بو مقامات رسمیە مراجعت و افکار عمومیە بو ایفای ام مقصدە تنویر کردن بە وظیفەیکی اساسیە بو خومان عد اکین.

٥— لە داخل ام پروغرامەدا بو نشر افکار و تمثیل هیئت عمومیة جمعیت و بو عرض کردن افکار و حسیات جمعیت بە مقامات لازمە لە اعضای جمعیت هیئتیکی دائمە لە طرف افراد جمعیتەوە بە رأی خفی و اکثریت آرا انتخاب و تشکیل کرا.

(٢٧٨)

## ٢٧٩/٥/٢: بەرنامەی جەمعییەتی پێشکەوتنی کوردان؛ سلێمانیی









## ٢٨٩/٥/٢: بەیاننامەی سیاسیی؛ حەفیدزادە/ مەلیک



بسم الله الرحمن الرحیم

وما توفیقی ولا اعتصامی الا بالله علیه توکلت و الیه انیب

امرو هرچی کوردە و اسلامە و لە دیانت حصەمندە وا دزانم کە لە لای معلوم و محققە کە من نە محروم جاە اقبال و نە محتاجی مال و منصبم من اساساً تعصب دینی و سوق حمیت منی مجبور کرد بە فدای مال وجانم بو استقلال و استخلاصی ام ملت نجیبەی کوردە و من مملکتیکم بسرهات و لەم ریە و بو ام مقصدی خیرە کای شسید و اسیر و ضرریکی عظیم ملان دی . امیدم وادم ام فداکاریم لە لای هرچی ادعا دەکا بکردایتی همو کوردیک مصدقە و بە شرف ام جهاد و فداکاریم افتخار اکا و لە لو سایەیە ناو ونوتع کوردایتی امرو لە لای هموکس بلندە و همویان لزان ایمە قومیکی دینداو و جنکاورین و بو ذرەیکی خاك پاکمان دمرین ودمزین و لەم ریە بمرین شهید بمینین سعید و بختیارین .

امرو همو ملتیك بو حق سعادت خوی حول ددا سی و اجتهاد دەکا کە خوی لە زیر زنجیر ظلم و استبداد خلاص بکا . ایە اکی ضرر و منافع خومان نەزانین و بو منافع سیاست یکیکی ایتر آلت بین و خوینی امندە اسلام و برادرانی خومان برژنین و ومنافعیکی زور ویا کم دنیا ، آخرتمان بفروشین و بسوتینین و ملە بی‌گناهی خومان لە زیر پی اجنبی بهاین ..

بو خاطری خدا و پیغمبر بسە لمودوا هشیار و لم خوی غفلە بیدار بین یکتری نخلتینین ام فرصتە عظیمەی امرو لە دستمان مەدەن نەبینین روژیکی وامان ایتر بدست ناکەوی لپاش ندامتیش فائدەمان نادا ابدی محکوم مذلت و منفور عالمیش ابین .

ایمە وا لەری حق و استقلالیت تامە و سربخوی کوردستان خریکین و بە همو صورت و وسیلە یك تشبثمان کردوە و دەکین وابستانیش امیدمان قطع نە بوە و بو مساعدەمان هر کس کە دستمان بکری دستی اکرین فقط خومان زیرباریکی اطاعتمان خارج نابین ولە کل همو دراوسیەکانمان دمانەوی کە بەدوستی و بە خوشەوستی رابطەیك چاك بە اساس دابنین فقط بە شرطیك اوش قدر و قیمت وحقوقمان بزانی و اعترافمان پی بکات . چونکی ایمە ملتیکین ذلت قبول ناکین و بو محافظە شرفمان حیات خومان دەفروشین و بەوە افتخار اکین و الحال خبریکمان وەرگرت کە سید طە افندی لم روژانە دا تعهدی کردوە بنوی کوردایتی بە پارەیکی زور و بە قوتیکی چند سد کسی متوجە و ساعیە کە عسکرەکانی ترك بە شرلە رواندز و اطراف طرد و اخراج بکات .

بە ام حرکت وام تشبثەی ام ذاتە قطعیاً من خبر و موافقتم نیە . سید طە افندی و طرفدارانی نە لکل من و نە لکل حکومت کوردستان من هیچ علاقە و مراجعتیکیان نیە و نەبوە .

من اگر منافع واستخلاصی ام ملتم بە خیر و بە ام صورتە موافق و چاکتر بزانیایە الحمد لله من ام قوتم هیە کە بهر صورتیك حرکت ومحافظە حقوق کوردستان خوم بکەم . فقط هتا ام حقە مشروعە و او مطالبە محقەی کوردستان بتواوی تسلیم بە دستمان و اعترافی پی نکری ممکن و موافق نیە بە هیچ حرکتیك تشبث بکین .

ای قوم عزیز و جنکاور کورد : بسە ایتر یك یکتری بخلەتینین ، دین و دنیامان ، قوم و براکانمان ، بو استفادە و منافعیکی ارزل بکوژین ، خوینیان بفروشین . الحمدالله ایمە اسلامین و کوردین و بو سلامت ملت کورد ازین . پشتمان بە خدا ، دستگیرمان حضرت پیغمبرە لە آخرت لە شفاعتی محرومان نکات ، ایمانمان الحمدالله بتوتە ، دیمان دین محمدە امامان قرآن عظیم الشانە . بیدار وهشیار بین بحول و قوتە نهایت نتیجەی ظفر مالیەیە . امرو من لە سلیمانی بە هموعزم و قدرتم و بە روح و مالم بو حیات و استحصال استقلال کوردستان وقف کردوە ، سی و مجاهدە اکەم لە هموبراکانی کردیشم مساعدە و معاونت لازمە وحتی روح و وقسم هیە لم فداکاریە و لەم شرفە ورنا کرمەوە خدا و عالم اسلام و عموم کورد معین و ظهرمانە و انشاالله هیچ قوت و سلطنیك کور و ساردمان ناکات و لە طلب حق مشروعمان رو ورنا کیرم حق ام ملتە مندورمم دوی و لازمە تا نهایت بو استحصالی دوام و اصرار بکم و ام ملتە محو وقربان منافع غیر نکم . و الله علی ماتقول وکیل و العاقبة للمتقین و السلام علی من سمع و وعا .

فدائی ملت کورد

حفید زادە

محمود

## ۲۹۱/۵/۲: بەیاننامەی جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن؛ سلێمانیی



ژیانەوە　　صحیفە ۱

# ژیانەوە

بو همو شتیك مخابرات بناوی
چابخانەوە اكری
اعلانات
بە دیریك ۳ آنە دەسیێنریت

بدل آبونە
بە ۳ مانك روپیە و نیویك
بە شش مانك ۳ روپیە
بە سالیكی شش روپیە یە
لە ۳ مانك كمتر ابونە قید ناكری

تاریخ انتشار
۱۸ اغستوس ۱۹۲٤ سلیمانی
نسخەی بە آنەیكە

ام غزتەیە غزتەیكی حكومتیە
هفتة دو جار دردچی

بو خارج اجرت پوسطە
علاوە دەكری
نسخەی بە آنەیكە

سال ۱　　ژمارە ۱۷　　( دوشمە )　　۲۹ رجب ۱۳٤۳　　۲۳ شباط ۱۹۲۵

بیاننامە

ایمە كە لە افراد ام وطنەین و لە اشراف و منتخبان كورد اژمیردرین، بە اتفاق عموم علما، سادات، اشراف، تجار، زراع بو مدافعة وطنەكان بالانتخاب جمعیتیكمان تشكیل كردوە غایە و مقصد ام جمعیت و عموم نیشتوان [illegible] ملت امەیە كە ام احوال و فلاكتانە كە او پیش چاومان پی كوت دفعەیكی تر نی ببینەوە. او ظلم و معاملە بیرحمانە كە لە توركەكانەوە دی همو زور چاك ازانین لە حرب عمومیدا ژن و پیاوی نصف ملتەكان لە برسانا مردن هزاران لە افراد ملتەكان بی كناه و بی جرم اعدام كران مظالم تورك امرو لەگل او وقتەیشدا قیاس ناكری هزار قات زیادی كردوە. ایمە امانەوی ام ملت ایمەیش وكو ملتەكانی تر لەمولا بە رحتی و استراحت امرار حیات بكا و تجارت و زراعت و اقتصادیات منتظم و سربست جریان بكا ذاتاً لە عمومیشەوە معلومە كە همو معاملات تجاریە و اقتصادیة ایمە لبراوە بە عراقەوەیە بی عراق ژیانمان نابی. لە داخل ام فكر و مقصدەدا كە منافع عمومیة تیدایە امید اكین همو افراد ملت بە چاك فداكاری معاونت و مطلب سالكی ایمە بكن. و هركس لە داخل ام پروغرام و غایەیە فكر و ملاحظاتیكی باش و جوانی بی لطفاً بیانی بفرموی و ایمەیش مع الممنونیە قبولی اكین. هركس غیری ام فكرە غایە و مقصدیكی تر تعقیب بكا لە نظر جمعیت و عموم ملت كوردا بە خائن وطن و دشمن ملت عد اكری.

۱۹ شباط ۹۲٤　　جمعیت مدافعة وطنی سلیمانی

(٤٩١)





## ۳۱۱/۵/۲: تەبشیر (مژدەنامە)ی مەلیکی کوردستان



روژ كوردستانە　　صحیفە ۱

صاحب امتیاز و مدیر مسئول
م. نوری

محرر
علی كمال

# روژ كوردستان

اعلانات بدیریك
۳ آنە دەسیێنریت

بو همو شتیك مراجعت
بە مدیر مسئول اكری

بدل آبونە
۳ مانك یك ٦ مانك دو
سالیكی چوار روپیە یە

بوخارج اجرت پوسطە
علاوە دەكری

تاریخ انتشار
۱۵ تشرین ثانی ۱۹۲۲
سلیمانی
سیاسی، ادبی، اجتماعی، غزتەیكی رسمی یە
هفتة جاریك دردچی

نسخة بە آنە یك　　نسخة بە آنە یك

سال ۱　　ژمارە ۷　　[ چوارشمە ]　　۱٦ جمادی الاول ۱۳٤۱　　۳۰ كانون اول ۱۳۳۸

— تبشیر —

بنا بە تلغرافی كە لە مرخص كوردستان لە بغداوە هاتوە جناب كپتان چپمن وكیل مندوب سامی بە ناوی حكومت متبوعەیەوە تبریك استقلالیت كوردستانی كردوە،

ایمەش تبریك و اعلان ام سعادتە مباركەی قوم كورد اكین. و لە مقابلی اولطف و مرحمتە كە حكومت فخیمة بریتانیا درحق بم ملتە بچكولەی كوردە عرض تشكرات و ممنونیت حكومت فخیمة بریتانیا اكین.

د امید و استرحام اكین كە لمولاش لە همو خصوصیكەوە بو ترقی و تعالی كوردستان همراهی و معاونتمان بفرمویت.

۳۰ كانون اول ۳۳۸　　ملك كردستان

محمود

## ٣١٥/٥/٢: دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەر



اعلان .

لطرف حضرت مندوب سامی‌وه حکم بی تبلیغ کراوه‌که بوحالی بتی عموم اهالی‌لیوای سلیمانی‌ام اعلانه‌نشر بکم
بنج مانك لمو بیش اداره لوای سلیمانی بمجلس لوای سلیمانی تحویل کراوه وحکومت بریطانیه‌مساعده‌ی کردوه
وبوریاستی ام مجلسه شیخ محمودی بیداوتوه تا کو اداره‌ی ام لوایه لژیر اداره‌یکی کردی بوتفی قانون وبومنفعت
اسایش عموم اهالی اجرا بکریت ـ متأسفانه نتیجه ام مساعده بعکسی درچو. چند بیاویك له زمانی حکومتیان
بدست خویان ورکرتوه به‌نصیحتی ضابطی انکلیزی که‌بو معاونتی اداره‌ی لیوای سلیمانی حاضربون کوی‌یان نداوه
ومعامله کیان ظالمانه ونامشروع قانون بون وعلاوه برامه لبر بعض معامله‌تریش له‌دلی حضرت مندوب سامی‌دا نسبه‌به
صداقت وراستکاری اولیاء اموری سلیمانی شك بیداوه ـ لبرامه براسطه‌ی ام اعلانه حضرت مندوب سامی امر
ده‌دات که بیش وصولی ام اعلانه دست بجی بی مسامحه‌یان اقتدار شیخ محمود افندی واعضای مجلس لوا بری
کرکوکوه بیتوه بغداد وله‌بغدادالخدمت حضرت مندوب سامی‌وه تصریحات وقوعات اداره‌ی خویان عرض بکن .
له‌بیش حرکت کردن ده‌بیت ام مجلسه چند اشخاصیك صاحب‌نفوذ تعیین بکن که بتنظیم امن واسایش والضباط
شاری سلیمانی مکلف ومسؤل دبن اکر اختشاشك یان جرمیك بقومیت مرتکبین شخصاً موورود تجزیه ده‌بن
دایم جامادره مراقع تو لمتفرجی زاردانا وقتیك که حکومتیکی ملزم کردی تشکیله وتنظیم بکریت له‌عیق وتده‌مدایکه
بکه به‌مدیران وقایم‌مقامکان امری مخصوصی تبلیغ ده‌کریت
بواسطه‌ی ام اعلانه اخطار ده‌کریت کا کر له‌ماوه‌ی بنج روژ له‌تاریخی ام اعلانوه شیخ محمود افندی واعضای
مجلس لوای سلیمانی به‌عزم بغداد به کرکوك نکیشتون سطوت حکومتی بریطانیه‌ی المعظم واجراده‌کریت وهمو مصیبت
واضرار بایره بکوی‌ته‌سر خساى خویان دبیت لکن اکر اوان امر اطاعت ده‌کن ودین هیچ صدمه بی‌نا کیریت.

مشاور کرکوك　　　　٢٤ شباط ٩٢٣

اخطار : ام چند برمبایه که امرو بسمدی فری‌درایه اطراف شار بکا مقصد مابناوه بو که بعض کسانی کویا
بعض جشنیان لیرجوبو بوخاطری یتوه فکریان لیراده اکر برمبا کان نتناون کس زیکیان نجی چونکه
تراکیه





## ٣٥٢/٥/٢: دادگەی شەرعیی سلێمانیی (قەسسامنامە)



**٣٢٦/٥/٢: قازیی سلێمانیی [قەسسامنامە]**


[قەسامنامە]





**٣٢٧/٥/٢: مەزبەتەنامەی خۆ وڵاتییەکانی گوندی گوڵیا – سلێمانی**



## ٢/٥/٣٣٠: وەسیەتنامەی ئەفسەرانی گیانفیدای کورد و کوردستان


بغداد
١٨/حزیران/١٩٤٧





## ٢/٥/٣٣٣: ئەلیاهو؛ محەمەد عەلی داود [وەکالەتنامە]



## ٢/٥/٣٣٤: فەقێ تۆفیق کوێخا سەعدە [وەکالەتنامە]







## ٢/٥/٣٣٥، ١-٢: یاداشتنامەی مستەفا سایيب



# ئەلبومی نێوداران

## ئەلبومی نێوداران[1]

١- ئێ.بێ. سۆن E.B. Soane (مێجەر سۆن)

٢- ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ

٣- ئەحمەد عوسمان پاشا جاف* (ئەحمەد موختار جاف)

٤- ئەحمەد شێخ عەبداللە هەولێریی (ئەحمەد موختار- قازیی)

٥- تاهیر مەلا مەحموود (تاهیر بەهجەت مەریوانیی)

٦- تۆفیق مەحموود ئاغا (پیرەمێرد)

٧- جەمال حاجی تۆفیق (جەمال نەبەز- در)

٨- حسێن حوزنیی موکریانیی

٩- حسێن عەبدولفەتاح (حسێن نازم)

١٠- حەسەن محەممەد عەلیی جاف* (حەسەن فەهمیی جاف)

١١- شێخ حسێن شێخ قادر کەسنەزان

١٢- حەفسە مەلا ڕەشید فەتاح*

---

(١) نیشانەی (*) مەبەست بڵاوکردنەوەی وینەکەیە بۆ یێکەم جار لەلاییێن منەوە، نیشانەی (**) مەبەست بڵاوکردنەوەیە بۆ یێکەم جار و زووتر لەلاییێن منەوە. هەر وێنەییێکیش نیشانەی ئەوتۆیان بەسەرەوە نەبوو دیارە بەکڕین لەلاییێن منەوە لە ستۆدیۆکان یان لە سەرچاوەی دیەوە وەرگیراون کە لەبەر پرش و بڵاویی و نادیاریی یێکەم سەرچاوەی بڵاوکردنەوەیان نەتوانرا دیاریی بکرێ. هەر وێنەیێ کە ئەمیستە بۆ یێکەم جار بڵاویان دەکەمەوە، بۆ کەس نییە بێ پرس وەریبگرێ و بڵاوی بکاتەوە.



١٣- حەمە عەلیی محەممەد فوئاد*

١٤- ڕووناک مەلا محەممەد ئەمین* (ڕووناک مەلا ڕەشید فەتاح بابان)

١٥- شێخ ڕەزا تاڵەبانی

١٦- مەلا ڕەشید فەتاح بابان*

١٧- ڕەشید کەریم قەرەداخیی*

١٨- ڕەفیق تۆفیق (ڕەفیق چالاک)

١٩- ڕەفیق ساڵح ئاغا (ڕەفیق حیلمیی)

٢٠- ڕەمزیی مەلا مارف(*)

٢١- سمکۆ شکاک (شۆڕشگێڕ)

٢٢- سورەییا بەدرخان پاشا

٢٣- مەلا سەعید سدقیی کابان*

٢٤- شاکیر فەتاح

٢٥- شەهیدانی کورد و کوردستان (خەیرالله عەبدولکەریم، عیززەت عەبدولعەزیز، محەممەد قودسیی، مستەفا خۆشناو)

٢٦- مەلا عەبداللە ڕەسووڵ (زێوەر)

٢٧- عەبداللە سلێمان (گۆران)

٢٨- عەبداللە عەزیز عەبدوڕڕەحیم**

٢٩- عەبدوڕڕەحمان بەدرخان

٣٠- عەبدوڕڕەحمان عەبدوللەتیف (گیو موکریانی)

٣١- عەبدوڕڕەحمان مەحموود پاشا بابان.

٣٢- عەبدوڕڕەحمان مەلا عەبدولعەزیز*/ شێرۆ

٣٣- مەلا عەبدولکەریم فەتاح (مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس)

٣٤- عەبدولکەریم محەممەد فوئاد*

٣٥- عەبدولواحید مەجید تیلەکۆیی* (عەبدولواحید نووریی)

٣٦- شێخ عەلائەددین (شێخ عەلائەددین بیارەیی)

٣٧- فائیق تۆفیق (ئەحمەد فائیق- پارێزەر)

٣٨- فائیق عەبدالله (بێ کەس)
٣٩- فوئاد ڕەشید بەکر**
٤٠- عەلیی باپیر ئاغا (کەمالیی)*
٤١- شێخ عومەر شێخ محەممەد* (شێخ عومەر قەرەداخیی)
٤٢- ماجید مستەفا
٤٣- میرزا مارف مەلا ئەحمەد*
٤٤- محەممەد ئەمین زەکیی
٤٥- مەلا محەممەد جەمیل ڕۆژبەیانیی
٤٦- محەممەد تۆفیق وردیی
٤٧- محەممەد سالح سەعید زەنگەنە*
٤٨- محەممەد سەعید عەبدولمەجید قەززاز* (سەعید قەززاز)
٤٩- شێخ محەممەد شێخ عەبدالله* (قانیع)
٥٠- شێخ محەممەد شێخ عەلیی شێخ ئەمین خاڵ** (شێخ محەممەدی خاڵ)
٥١- قازیی محەممەد (پێشەوا- سەرکۆماری کوردستان)
٥٢- محەممەد مەحموود حیلمیی (محەممەد قودسیی)
٥٣- شێخ محییەددین شێخ سالح بەرزنجیی
٥٤- مستەفا مەلا ئەحمەد ساییب** (مستەفا ساییب)
٥٥- مستەفا عەزیز (مستەفا پاشا یامەلکێ)
٥٦- مستەفا قەرەداخیی
٥٧- مستەفا عەزیز قازانقایی* (مستەفا مەزهەر)
٥٨- مەلا مەحموود مەلا ئەمین موفتیی (بێخود)
٥٩- مەحموود فەقێ محەممەد هەمەوەند*
٦٠- مەحموود پاشا محەممەد پاشا جاف*
٦١- شێخ مەحموود شێخ سەعید بەرزنجیی (حەفیدزادە مەحموود- مەلیکی کوردستانی باشوور)
٦٢- مەحموود حیلمیی*



٦٣- مەعرووف شێخ عەبدولکەریم بەرزنجیی (مارف بەرزنجیی)
٦٤- مەعرووف عەبدولقادر* (مارف خەزنەدار- در)
٦٥- میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا
٦٦- نووریی شێخ سالح
٦٧- مێجەر نۆییێل (Noeil)
٦٨- پزیشک نووریی فەتتوحیی عەلەکە (نووریی فەتتووحیی-در)
٦٩- هادیی ڕەششید چاوەشلیی*
٧٠- موحمود هۆشمەند حەسەن فەهمیی جاف*



ئیێ. بی. سۆن E.B Soane
(مێجەر سۆن)



ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ



ئەحمەد عوسمان پاشا جاف
(ئەحمەد موختار جاف)



ئەحمەد شێخ عەبدالله هەولێریی
(ئەحمەد موختار - قازیی)







تاهیر مەلا مەحموود
(تاهیر بەهجەت مەریوانیی)



تۆفیق مەحموود ئاغا (پیرەمێرد)



جەمال حاجی تۆفیق
(جەمال نەبەز -در)



حسێن حوزنیی موکریانی



حسێن عەبدولفەتاح
(حسین نازم)



حەسەن محەممەد عەلیی جاف



شێخ حسێن شێخ قادر کەسنەزان



حەفسە مەلا ڕەشید فەتاح







حەمە عەلیی محەممەد فوئاد



ڕووناک مەلا محەممەد ئەمین
(ڕووناک مەلا ڕەشید فەتاح بابان)



شێخ ڕەزای تاڵەبانی



مەلا ڕەشید فەتاح بابان



ڕەشید کەریم قەرەداخیی



ڕەفیق تۆفیق (ڕەفیق چالاک)



ڕەفیق ساڵح ئاغا
(ڕەفیق حیلمی)



ڕەمزیی مەلا عارف







سمکۆ شکاک (شۆڕشگێڕ)



سورەبییا بەدرخان پاشا



مەلا سەعید سدقی کابان



شاکیر فەتاح



خیرواللە عەبدولکەریم



عیززەت عەبدولعەزیز



محەممەد قودسیی



مستەفا خۆشناو







مەلا عەبدالله رەسووڵ (زێوەر)



عەبدالله سلێمان (گۆران)



عەبدالله عەزیز عەبدوڕڕەحیم



عەبدوڕڕەحمان بەدرخان



عەبدوڕڕەحمان عەبدوللەتیف
(گیوی موکریانی)



عەبدوڕڕەحمان مەحموود پاشا بابان



عەبدوڕڕەحمان مەلا عەبدولعەزیز
موفتی / شێرۆ



مەلا عەبدولکەریم فەتاح
(مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس)







عەبدولکەریم محەممەد فوئاد



عەبدلواحید مەجید تیلەکۆیی
(عەبدولواحید نووریی)



شێخ عەلائەددین
(شێخ عەلائەددین بیارەیی)



فائیق تۆفیق
(ئەحمەد فائیق – پارێزەر)



فائیق عەبداللە (بێ کەس)



فوئاد ڕەشید بەکر



عەلیی باپیر ئاغا (کەمالیی)



شێخ عومەر شێخ محەمەد
(شێخ عومەر قەرەداخیی)







ماجید مستەفا



میرزا مارف مەلا ئەحمەد



محەممەد ئەمین زەکیی



مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیی



محەممەد تۆفیق وردیی



محەممەد ساڵح سەعید زەنگەنە



محەممەد سەعید عەبدولمەجید قەززاز
(سەعید قەززاز)



شێخ محەممەد شێخ عەبدالله (قانیع)







شێخ محەممەد شێخ عەلیی شێخ ئەمین
خاڵ (شێخ محەممەدی خاڵ)



قازیی محەممەد
(پێشەوا - سەرکۆماری کوردستان)



محەممەد مەحموود حیلمیی
(محەممەد قودسی)



شێخ محییەددین شێخ ساڵح بەرزنجی



مستەفا مەلا ئەحمەد ساییب
(مستەفا ساییب)



مستەفا عەزیز
(مستەفا پاشا یامەلکیّ)



مستەفا قەرەداخیی



مستەفا عەزیز قازانقایی
(مستەفا مەزهەر)







مەلا مەحموود مەلا ئەمین موفتیی
(بێخود)



مەحموود فەقێ محەممەد هەمەوەند



مەحموود پاشا محەممەد پاشا جاف



شێخ مەحموود شێخ سەعید بەرزنجیی
(حەفیدزادە مەحموود - مەلیکی
کوردستانی باشوور)



مەحموود حیلمیی



مەعرووف شێخ عەبدولکەریم بەرزنجیی
(مارف بەرزنجی)



مەعرووف عەبدولقادر
(مارف خەزنەدار - در)



میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا







نووریی شێخ سالح



مێجەر نۆیێل (Noeil)



پزیشک نووریی فەتتوحیی عەلەکە
(نووری فەتتووحیی - در)



هادیی ڕەششید چاوەشلیی



هۆشمەند حەسەن فەهمیی جاف







کەمال ڕەئووف محەمەد

# فەرهەنگۆک (ئینسکلۆپیدیا)(*)

## - ئا -

ئابیدە: پەرستگە

ئاتلەنتیک: ئۆقیانووسی ئەتلەسیی؛ دووەم گەورەترین ئۆقیانووسە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو، ئەمریکا و ئەورووپاوە.

ئاتەش: (ف)؛ ئاییر، ئاوور، ئاگر. (ئاتەشین– ف) ئاگرین. ئاوورین.

ئاتیە: (آتیة– ع) داهاتوو.

ئاخیر: (آخر/ع) دوایی، ئەدیی.

ئاخیرە: (آخرة/ع) دوارۆژ. ئەوەدنیا.

ئاخیز: (ف) هەستان.

ئاداب: (کۆی أدب/ ع) ئەدەب. ڕێز.

ئادرێس: Address نێونیشان.

ئاربابا: (آربابا) چیاییێکی باژێری «بانە»ی کوردستانی خۆرهەڵاتە.

ئارەمیدە: (ف) هێوربی. ئارامیی.

ئاریکار: ئالیکار. هاریکار.

ئازوگوێز: جێ گۆڕکێ. گۆڕینەوە.

ئازەربێجان: کۆمارێکی تورک زمانی موسڵمانە لە خۆرهەڵاتدا و بەشێکی کەوتووەتە ئێرانەوە و لاییێکی کوردستانی خۆرهەڵاتی بەزۆر پێوەلکێندراوە و بە (ئازەربێجانی خۆرئاوا) نێو دەبرێت!

ئاسار (آثار/ ع) پاشماوەی دێرین.

ئاسوودەگیی: (ف) ئاسوودەیی. دڵنیایی.

ئاسوور: ئاسووریا، ئاشووریا، ئاشوور؛ گەلێکی سامیی نەژادی نیشتەنیی باکووری نێوان هەردوو ڕووبارە– هێندێکی عێراقی ئێستەیە– لە هەزاری دووەمی پێش زاییندا ژیاوە و لە

(*) ڕەنگبێ تەنگانەی ژیانی مەنفا، کارێکی کردبێت هێندی وشە و زاراوەم لە بیر چووبێت، بۆ هەر کەموکوڕییەک داوای لێبوردن دەکەم.



سەدەی چواردەمی پێش زاییندا دەوڵەتێکی بەشکۆ و دەستەڵاتداری خۆرهەڵات بوو. باژێڕە بەنێوبانگەکەی ئاشووریی «نەمرود» لە مێژووی کۆندا بەنێوبانگ و ناسراو بووە. میدەکان و بابلەکان لەنێوان ٦١٢ – ٦١٠ پێش زاییندا، لەنێویان برد.

ئاسەف: (ئاصف) کوڕی پەرخا کە زانایەکی ئیسرائیلیی و وەزیری سلێمانی پەیامبەر بووە!

ئاسیب: (ف) ئازار، دەرد، ڕەنج، زیان، لێدان.

ئاشووب: ئاژاوە.

ئاشیان: (ف) هێلانە، لانە، کولانە.

ئاغوش: (ف) باخەڵ، باوەش.

ئافات: (کۆی؛ آفة/ع) بەڵا، دەرد و دوو.

ئاڤین: هاوین.

ئاقا: (ف) ئاغا.

ئاقار: ئاست.

ئاڵۆش: خوروو.

ئالێک: لاییێک.

ئامال: (کۆی؛ امل/ع) هیوا، ئاوات.

ئاموور: (ف) نووکی قەڵەم. هەوجاڕ.

ئامون: خوای میسری کە (رب النوع)ی (تبس) بوو، لە شاری «کارناک» پرستگاییێکیان دروست کردبوو. (فرهنگ معین).

ئامو: ئامو دەریا: ناوی کۆنی ڕوباری (جەیحوون)ە کە لەسەروی ئەفغانستان هەڵدەقوڵێ و لە کۆندا دەڕژایە دەریای خزر و ئەمڕۆ دەڕژێتە دەریاچەی ئاراڵ. (فرهنگ معین).

ئامین: (آمین/ع) قبووڵی بکە، وابێت، وشەیەکە دوای دۆعا بەکار دێت.

ئانا: ئەوەیە، ئەوەتە.

ئانە: عانە؛ (پارەیێکی بچکۆلەی عێراقییە!).

ئاواز: ئاهەنگ.

ئاوور: ئایر، ئاگر.

ئاوی ئامـوژ: ئاوی مژۆڵـه، فرمێـسک (واته بگریایتایه/ بنۆڕه نامەی پیـرەمێـرد بۆ مـیرزا مارف).

ئاوێژ: هاویشتن

ئاوین: ون.

ئاهوو: ئاسک.

ئایر: ئاوور، ئاگر.

ئوتێل شەریف: چایخانەییێکی کۆنی سلێمانیی دوای (١.ج.گ) بووە، ئەدەیب و شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی میوان دەبوو کە نزیک بەماڵی حەفیدزادە مەحموود بووە. ڕۆشنبیرەکان بۆ خۆشیی و گەمە (شەریف)ی خاوەندەکەیان تووڕ کردووە و ئەویش هەر جاریّ قۆریی و پیاڵەکانی شکاندووە، دوایی هەر ئەوان زیانیان بۆ بژاردرووە.

ئوستاد: (أستاذ/ع) وەستا، مامۆستا.

ئوسووڵ: (کۆی أصل/ع) دەستوور، ڕێباز، ڕێگە و شوێن، ڕیشە، بنەچە.

ئوفووق: (کۆی أُفق/ع) ئاسۆ.

ئوموور: (کۆی أمر/ع) فەرمان، کاروبار.

ئومولخەبائیس: (أُمُّ الخبائث/ ع) لای سۆفییەکان واتە: شەراب. مەی.

ئوممە: (أُمّة/ ع) میللەت.

ئومێد: هیوا.

ئونس: (أنس/ع) هاودەنگ، مایەی خۆشی.

ئونسییەت: (أنیسة/ع) هاودەنگی، هاوسۆزیی.

ئوون: (أون/ف) ئەو.

ئەبانت: (کۆی داتاشراوی؛ أب/ع) باب، بابانت.

ئەبریقێتەوە: دەبریسکێتەوە.

ئەبەد: (أبد/ع) هەرگیز.

ئەبلە قۆیسن: (ت) گەوج بیت. گێل و وڕبیت!

ئەبواب: (کۆی؛ باب/ ع) دەرکە، دەرگە.

ئەبیات: (کۆی؛ بیت.ع) شیعر.

ئەبیلعەلا: ئەبولعەلا ئەلموعەری: **٩٣٣**ز-١٠٥٨؛ شاعیر و هۆشمەندێکی گەورەی عەرەب



بوو، چوار ساڵان بووە کوێرایی داهاتووە. کۆمەڵە شیعر و دانراوی فەلسەفیی هەیە کە وێکڕا نزیکەی «٧٠» دانراو دەبن.

ئەبیە: دەبیستیّ.

ئەپێش: لە پێشەوە.

ئەتباع: (کۆی؛ تابیع/ع) لایێنگر! لایێنگرەکان.

ئەتراف: (کۆی؛ طرف/ع) لا.

ئەجداد: (کۆی؛ جد/ ع) باپیر.

ئەجر: (أجرة/ ع) کریّ، پاداشت.

ئەجزاچیی: دەرمانساز.

ئەجنەبیی: (أجنبي/ ع) بیانی، بێگانە.

ئەحلام: (کۆی؛ حلم/ع) خەون.

ئەحسەن: (کۆی؛ حسن/ع) باشتر، چاکتر.

ئەحفاد: (کۆی؛ حفید/ع) وەچە.

ئەحکام: (کۆی؛ حکم/ع) فەرمان.

ئەحەد: (أحد/ع) کەسیّ، خودا.

ئەخبار: (کۆی؛ خبر/ع) هەواڵ

ئەختەر: (ف) ستێر، ئەستێرە.

ئەخز: (أخذ/ع) وەرگرتن.

ئەخیر: (أخیر/ع) دوایی.

ئەدا: (أداء/ع) بەجیّ هێنان.

ئەدعیە: (أدعیة-دعاء/ع) نزا.

ئەرازیی (کۆی؛ أرض/ع) زەویی.

ئەرباب: (کۆی؛ رب/ع) خاوەند، هاوەڵ.

ئەرجومەند: (ف) بەڕێز.

ئەرزاق: (کۆی؛ رزق/ع) ڕسق، ڕووزیی.

ئەرشەد: (أرشد/ع) ژیرتر، گەورەتر.

ئەرنەئوود: ئەرنائوود- گەلی ئەلبان.

ئەزمان: (لە: «زمن»ەوە/ع) ڕۆژگار.

ئەزهەر (أظهر/ع) دیارتر.

ئەزا: (أذاء/ع) ئازار، ژان، گرانیی.

ئەزیز: (عزیز/ع) ئازیز، خۆشەویست

ئەساتیر: (کۆی؛ اسطورة/ع) ئەفسانە.

ئەسارەت: (لە: «أسر»ەوە/ع) دیلیی.

ئەساس: (أساس/ع) بنچینە، بناغە.

ئەسحاب: (کۆی؛ صاحب/ع) خاوەند.

ئەسحار: (کۆی؛ سَحَرْ/ع) سپێدە، بەرەبەیان.

ئەسرار: (کۆی؛ سِّر/ع) نهێنی.

ئەسعار: (کۆی؛ سِعر/ع) نرخ.

ئەسکەلەت: بەندەر، شوێنی ڕاوەستانی کەشتیی لە کەناری دەریادا.

ئەسکەندەری گەورە: ناسراو بە دوو شاخدار (٣٥٦-٣٢٣پ.ز) لە ماکادۆنیادا هاتووەتە دنیا و لە بابلستاندا مردووە، شاگردی فەیلەسووف ئەرستۆ بووە. جێنشینی بابی بووە و کەڵکەڵەی داگیرکردنی ئیمپراتۆرییەتی وڵاتی فارسی کەوتووەتە سەر. لە «سووس – ٣٣٣پ.ز)دا سەرکەوت. ئەوجا لە کەنارەکانی (فینیکیا) و لە (میسر) و هەروەها لە (٣٢٢پ.ز)دا بازێری (ئەسکەندەرییە)ی داگیرکرد و بنیات نا. دواجار دووی دارا کەوت لە کوردستانی کۆنەوە تا لە نزیکی هەولێردا و لەنێوچەی (گودگەملا)وە لە (٣٣١پ.ز)دا بەسەریدا زاڵبوو و سەرکەوت...هتد.

ئەسلاف: (کۆی؛ أصل، سەلەف/ع) پێشین.

ئەسڵ: (أصل/ع) نەژاد. بنەچە.

ئەسنا: (أثناء/ ع) لە ساتی، لە هەلی...

ئەسەر: (أثر/ع) یادگار، شوێن.

ئەسەف: (أسف/ع) پەژارە، خەم، مخابن.

ئەشخاس: (کۆی؛ شخص/ع) کەسێ.

ئەشعار: (کۆی؛ شعر/ع) هۆنراوە.

ئەشغال: (کۆی؛ شُغل/ع) کار.



ئەشەدبۆوان: بۆنخۆشتر، بۆنخۆشتران.

ئەشەمبیلا: (أشهد بالله/ع) خودا بەشایەت ناسین. باوەڕهێنان بەخودای تاک و تەنیا.

ئەعزا: (عضو/ع) ئەندام.

ئەعزەم: (أعظم/ع) مەزنتر.

ئەعزەمییە: (أعظمیة/ع) گەڕەکێکی گەورەی بەغدادە.

ئەعساب: (کۆی؛ عصب/ع) دەمار.

ئەعلا حەزرەت: (أعلی حضرة/ع.ف) بەرزی بەڕێز.

ئەعمالاتخانە: شوێنکاری کرێکار، پالە.

ئەغیار: (کۆی؛ غیر/ع) بیانیی. بیانەکان.

ئەفراد: (کۆی؛ فرد/ع) تاکەکەسێ.

ئەفسانە: داستانی خەیاڵی.

ئەفکار: (کۆی؛ فکر/ع) بیر، بیروڕاکان.

ئەفسەر: تاج، ئەفسەری سوپا و پۆلیس.

ئەفسوردە: (ف) ئەفسەردە؛ دژ، پەشێو.

ئەفسووس: مخابن.

ئەفەندم: (ت) پاشام، گەورەم.

ئەقتاب: (کۆی؛ قطب/ع) تەوەر، گەورەییێکی ئایینناس، پیر.

ئەقربیا: (کۆی؛ قریب/ع) نزیک، خزم.

ئەکادیمییە: (Acadimy / ل) کۆلێجی خوێندنی باڵا.

ئەلئان: (الآن/ع) ئەمێستە.

ئەلباقیی: (الباقي/ع) پاشماوە.

ئەلبورز: کێوی ئەلبورز: زنجیرە چیاکانی سەرووی ئێرانە کە سەرانسەری سەرووی ئێران لە ڕۆژئاواوە تا ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە و بەرزترین لووتکەی (دەماوەند)ە.

ئەلبەت: (البتە/ع.ف) هەڵبەت.

ئەڵتاف: (کۆی؛ لطف/ع) میهرەبانیی.

ئەلحەزەر: (الحذر/ع) وریابوون.

ئەلحەق: (الحق/ع) خودا، ڕاستیی.

ئەلحەمدوولله: (الحمدُلله/ع) سوپاس بۆ خودا، بۆ ئەو.
ئەلفاز: (کۆی؛ لفظ/ع) گۆ، گوتە.
ئەلکحوول: (الکحول/ع) ئەلکهوول، مەی بەهەموو جۆرێکییەوە.
ئەلەس: (أَلَسْتُ بِرَبِّکُم؟/ع) ئەو ڕۆژەیە کە خودا لە دنیای گیاندا لەگەڵ گیانی هەموو کەسێ دەدوێت لە موسڵمان و هی دی دەپرسێتەوە.
ئەلەم: (ألم/ع) ژان، ئێش.
ئەمما: (اما/ع) بەڵام، ئەوجا.
ئەمر: (أمر/ع) فەرمان.
ئەمرنامە: فەرماننامە.
ئەمسەل: (أمثل/ع) هاوتاتر، هاوجۆرتر.
ئەملاک: (کۆی؛ ملك/ع) سامان، ماڵ.
ئەمن: (أمن/ع) ئاسایش.
ئەمنییە: (أمنیة/ع- ف) ناسینۆی پیاوی ئاسایشی سەردەمی شای ئێران.
ئەمیراندانی: مراندنی.
ئەمیرییە: (أمیریّة/ع) میرییەتی. سامانێ، ماڵێ کە سەر بەمیری دەوڵەت بێت.
ئەمین: (أمین/ع) باوەڕ پێکراو، جێگەی متمانە.
ئەناتۆڵ: ئەنادۆڵ: نیوچەی نیمچە دورگەی ئاسیا و زۆربەی ولاتی تورکیایە کە باکوورەکەی دەریای ڕەشە و خۆرئاوایشی دەریای مەڕمەڕە و دەریای ئیجەیە و باشووریشی دەریایی سپییە. دیسان بە (ئاسیای بچکۆلانە)ش نێودەبرێت.
ئەنبار: شوێنی کۆکردنەوەی دەغڵ و دان و کاڵای بازرگانی و ...هتد.
ئەنترۆپۆلۆژیا: Antherpologia (L) زانستی مرۆڤ- زانستی مرۆڤناسی؛ بایێخ دان بەمرۆڤ کە سێ جۆرە و لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە...
١- ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتیی کە دوو لقی هەیە: کۆڵینەوەی لە ڕەگەزی مرۆڤ. کۆڵینەوە لە لاشەی مرۆڤ.
٢- ئەنترۆپۆلۆژیای ڕۆشنبیریی - ئەتنۆگرافیا -Athnographia- کە سێ لقی هەیە: کۆڵینەوە لە پاشماوە -کەلاوە- دێرینەکان، شوێنەوارەکان.
کۆڵینەوە لە تیرەکان -سولالات-ی مرۆڤ. کۆڵینەوە لە زمانە کۆنەکان.



٣- ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵیی؛ کۆڵینەوە لە خوونەریت، داب و دەستوور و ئەفسانەی کۆن، هتد....
ئەنتی بۆڵشەویک: دژی بۆڵشەویک. (بنۆڕە: بۆڵشەویک!).
ئەنجەب: (أنجب/ع) بەڕێزتر.
ئەنحائـ: (أنحاء/ع) شوێنەکان. (لە ناحیە: شوێنەوە).
ئەندێشە: خەیاڵ، خەم.
ئەنزار: (کۆی؛ نظر/ع) تەماشا. ڕوانین.
ئەنزیمە: (کۆی؛ نظام/ع) ڕژێم، سیستەم، دەستووری هەڵکرد.
ئەنفەع: (انفع/ع) بەکەڵکتر، چاکتر، (لە نفع: کەڵکەوە).
ئەنگەبین: (ف) هەنگوین، هەنوین. (هەنی:E/Honey هۆنین H/ Honing).
ئەنگێز: (ف) هەڵگیرسێن، بەرپاکەر.
ئەنوەر: (أنور/ع) ڕووناکتر.
ئەوج: (أوج/ع، ف) شوێنی هەرە بەرز، لەلای گەردوونناسەکانی کۆن بەشێکە لە دوانزە بەشی خولگەی ئەستێرەی زوحەل و هەر کەلوویێکی بەشێکە و هەر بەشە پلەییێکە!.
ئەودالان: عەبدالان، عەودالان، عەوالان،؛ سەحەرەییێکی ئایینناسێکی کۆن و ناسراوی کوردستانە. عەودالانیش گوندێکی سەر بەئاوایی سورداشی نزیک بەسلێمانییە.
ئەورەنگ: تەختی پاشانشین.
ئەوڕەنگ: هەر ڕەنگێ لە ڕەنگەکان.
ئەوسا: ئەو ساتە.
ئەوشۆ: ئەو شەو.
ئەولاد: (کۆی؛ ولد/ع) کوڕ. منداڵ.
ئەوقاف: (کۆی؛ وقف/ع) لە سەردانان، بڕینەوەی مایەیێکی بەکەڵک بۆ کەسێ، لایێ کە سوودی لێ وەربگیرێت. هەروەها (ئەوقاف) دەزگای چاودێری مزگەوت و فێرگەی ئایینی و کاروباری ئایینە!.
ئەوێستا: ئەمێستە، ئێستە.
ئەهل: (أهل/ع) خەڵکیی، کەسێکی شایستە و چاک.
ئەهەمییەت: (أهمیة/ع) گرنگیی.

ئەییام: (کۆی؛ یوم/ع) ڕۆژ.
ئەیتام: (کۆی؛ یتیم/ع) هەتیو، بێ باب و بێ دایک.
ئەی داری سەنگین دڵ: مەبەست شارەزووری سەر بەسلێمانییە.(بنۆڕە شیعری نالیی).
ئیی: هیی.
ئیبا: (إباء/ع) جوامێریی، مەردیی.
ئیبتدائیی: (إبتدائي/ع) سەرەتایی.
ئیبراز: (إبراز/ع) دەرخستن، نواندن، پێنیشاندان.
ئیبعاد: (إبعاد/ع) دوورخستنەوە. ئاوارەکردن.
ئیتعام: (إطعام/ع) ناندان.
ئیجازە: (إجازة/ع) ڕێگەدان.
ئیجبار: (إجبار/ع) ناچارکردن.
ئیجتیناب: (إجتناب/ع) خۆلادان. خۆ دوورگرتن.
ئیجتیماعیی: (إجتماعي/ع) کۆمەڵیی.
ئیجرا: (إجراء/ع)جێبەجێکردن.
ئیحتیاج: (إحتیاج/ع) پێویستیی.
ئیحتیاجێکو: پێویستییەکەت بێ.
ئیحتیرام: (إحترام/ع) ڕێز.
ئیحتیشام: (إحتشام/ع) ڕێز. شەرەمەندیی.
ئیحتیلال: (إحتلال/ع) داگیرکاری.
ئیحتیمال: (إحتمال/ع)ڕێ تێچوون.
ئیحسان: (إحسان/ع)چاکە.
ئیحیا: (إحیاء/ع) زیندووکردنەوە، بووژاندنەوە.
ئیحیاکونی: (ف) زیندووی بکەوە.
ئیخراج: (إخراج/ع) دەرهێنان، دوورخستنی.
ئیخلاس: (أخلاص/ع) دڵسۆزیی.
ئید: ئەم.
ئیدانە: (إدانة/ع) تاوانبارکردن، قەرزدان.



ئیدراک: (إدراك/ع) فام، هۆشمەندیی.
ئیددیعا: (إدعاء/ع) داواکاری، داخوازی.
ئیرادە: (إرادة/ع) فەرمان، ورە، خواست.
ئیرشاد: (إرشاد/ع) ئامۆژگاریی، ڕێنوێنی.
ئیزافە: (إضافة/ع) زیادکردن، پتر دانان.
ئیزدیهار: (إزدهار/ع) گەشانەوە، پێشکەوتن.
ئیسابە: (إصابة/ع) بەرکەوتن، تووشبوون.
ئیساڵەتەن: (إصالة/ع) ئەسڵی بوون، خاوەن ڕەگ و ڕیشە، خاوەن نەژاد.
ئیسباتی ڕوشد: (إثبات الروشد/ع) سەلماندنی کامڵیی، پێگەیشتن.
ئیستیتلاعات: (استطلاعات/ع) چاوەڕاویی، ئاگەداری، لێ نۆڕین.
ئیستیحار: (استحصار/ ع) گۆشەگیر کردن، گەمارۆدان.
ئیستیحقار: (إستحقار/ع) ڕیسواکردن.
ئیستیحقاقات: (إستحقاقات/ع) بەشەکان.
ئیستیحکامات: (إستحکامات/ع) سەنگەری پتەو، قەڵا.
ئیستیخدام: (إستخدام/ع) بەکاربردن.
ئیستراحەت: (إستراحة/ع) حەوانەوە، پشوو.
ئیستیعارە: (إستعارة/ع) خواستن، هونەرێکی ئەدەبی.
ئیستیعمار: (إستعمار/ع) داگیرکەری وڵاتێ.
ئیستیعمال: (إستعمال/ع) بەکاربردن.
ئیستیغنا: (إستغناء/ع) چاو لێپۆشین، بەلاوەنان.
ئیستیقبال: (إستقبال/ع) پێشوازیی، پێشکەوتن.
ئیسدار: (إصدار/ع) دەرهێنان، دەرکردن، وەدەرنان.
ئیسڕار: (إصرار/ع) سووربوون لە سەر شتێ، پێ داگرتن لە سەر مەبەستێ.
ئیسم: (إسم/ع) نێو.
ئیعادە: (إعادة/ع) گێڕانەوە.
ئیعانە: (إعانة/ع) باربوو، یارمەتی.
ئیعتیبار: (إعتبار/ع) ژماردن، نرخ، ڕێز.

ئیعتیدال: (إعتدال/ع) خۆشیان، هەڵوێستێکی نێونجیانە.

ئیعتیراز: (إعتراض/ع) بەرگرتن، پەرچ دانەوە، نارەزایی.

ئیعجاز: (إعجاز/ع) موعجیزە: کاری لە وزە بەدەر، ئەو کارەی کە لەوزەی خودا و پێغەمبەرانە.

ئیعلان: (إعلان/ع) جاڕ، ئاشکراکردن.

ئیش: کار، فرمان.

ئیشتیغال: (إشتغال/ع) کارکردن.

ئیشتیاق: (إشتیاق/ع) تامەزرۆیی، شەیدایی، ئارەزوو.

ئیشتیها: (إشتهاء/ع) ئارەزوو.

ئیفا: (إفاء/ع) بەجێ گەیاندن، دانەوەی شتی بەیێکێ.

ئیفتیخار(إفتخار/ع) شانازیکردن.

ئیفتیقار: (إفتقار/ع) هەژاریی، دەستکورت بوون.

ئیڤێل: (F) Eiffel قەڵای ئیڤیل: بەنێوی ئەندازەڤانەکەیەوە: ئیڤیل ئەلێکساندەر Eiffel Elexandre (١٨٣٢ – ١٩٢٣) قەڵاکە لە باژێری پاریسی پێتەختی فەرەنسەدایە و قوللەکەی (٩٨٤)م بەرزە و لە ساڵانی (١٨٨٧ز–١٨٨٩ز)دا درووستکرا و ٧.٥ میلیۆن فرانکی زێڕی تێچوو، بەڵام بەبلیتی بینەرەکان لە ماوەی سێ مانگدا پارەکەی گردبووەوە. ئەندازەڤانەکە بەپارەی خۆی دایمەزراند.

ئیقاز: (إیقاظ/ع) راپەڕاندن.

ئیقبال: (إقبال/ ع) چاولێکردن، پێشکەوتن.

ئیقتیدار: (إقتدار/ع) توانا.

ئیقتیراح: (إقتراح/ع) پێشنیاز.

ئیقتیزا: (إقتضاء/ع) پێویست بوون.

ئیقدام: (إقدام/ع) هەڵساند، دەست دانە کارێ.

ئیلام: (عیلام) وڵاتێکی دێرینی نێوان باکووری خۆرهەڵاتی کەناری فارسیی و باشووری دیجلەیە. پێتەختەکەی «سووس» بووە و ژیارستێنێکی مەزن و ڕەنگینی هەبووە. لە هەزاری چوارەمی پ.ز.دا ژێر باری دەسەڵاتی سۆمەر و ئاکەدەکان بووە. ئاشوور بانیپاڵ لە ٦٤١پ.ز.دا داگیری کرد، ئێستەش، بەنێوی عیلامەوە؛ کەوتووەتە نێو خاک و سنووری



ئێرانەوە.

ئیلتیفات: (إلتفات/ع) لاکردنەوە، بەسەرکردنەوە.

ئیلتیماس: (إلتماس/ع) تکا. ڕوولێنان، (ئیلتیماس نامە)؛ تکانامە.

ئیلزام: (إلزام/ع) ناچارکردن، ئەرک نانەسەر.

ئیلغا: (إلغاء/ع) هەڵوەشاندنەوە. لابردن.

ئیللا: (إلاّ/ع) دەنا، ئەگەرنا.

ئیلهام: (إلهام/ع) بەهرە.

ئیمان: (إیمان/ع) باوەڕ.

ئیمزا: (إمضاء/ع) نیشانە و هێڵی بەیێکداچوو کە لەژێر ناودا دەنووسرێ لە کۆتایی نامە و سەنەد و... هتد

ئیملا: (إملاء/ع) نووسین، ڕێنووس.

ئینتیباه: (إنتباه/ع) وریایی.

ئینتیزار: (إنتظار/ع) چاوەنۆڕیی.

ئینتیقالات: (إنتقالات/ع) لە شوێنێکی تر ڕۆیشتن.

ئینتیقام: (إنتقام/ع) تۆڵە.

ئینجینێر: (E) Engineer ئەندازەڤان، ئەندازیار.

ئینزیوا: (إنزواء/ع) گۆشەگیری، لاتەریکیی.

ئینساف: (إنصاف/ع) ویژدان.

ئینستیتوت: (E) Institute مەعهەدی خوێندن.

ئینشا: (إنشاء/ع) دارشتن. نووسین دانان.

ئینعام: (إنعام/ع) بەخشش.

ئینقیراز: (إنقراض/ع) لەنێوچوون.

ئینقیلاب: (إنقلاب/ع) هەڵگەڕانەوە.

ئۆێڵاش: (ت) وێلاش، هاوەڵ.

ئۆپن ئێیر: (E)Open air هەوای پاک.

ئۆجاغ: (ت) ئۆجاغ؛ خانەدان.

ئۆرڤوار: (F) بەدوعا، خواحافیز.
ئۆرکیسترا- ئۆرکیسترا: Orchestra - Orchestra (L) تیمی مووسیقە ژەن کە لەنێوان (٦٠-٩٠) کەسێکدایە و لە سێ کۆمەڵ: کۆمەڵی سازی، ڕەزم، کۆمەڵی سازی ژێدار، کۆمەڵی سازی هەوایی پێکهاتووە.
ئێزد: (ف) یەزدان، خودا.
ئێژێ: دەبێژێت، دەڵێت، دەئاخوێت.
ئیشان: ئەوان.
ئیکۆنۆمی: Economie (E) ئابووری.
ئێڵ: خێڵ، تیرە.
ئێڵچی: (ت، ف) تەتەر، نامەبەر، پەیام هەڵگر.

**- ب -**

با: (ف) لەگەڵ.
بابان: هۆزێکی گەورە و بەنێوبانگی کورد بووە و دامەزرێنەری میرنیشینی (بەبە-بابان) و لە فەقێ ئەحمەدی دارشمانەوە هەڵکەوتوون، بەڵام میرایەتییان لە سەردەمی سلێمان پاشای بەبەی کوڕیەوە هەڵکەوتووە کە پێتەختی لە (ماوەت)ەوە ڕاگوێستۆتەوە بۆ (قەلاچۆلان). تۆفیق وەهبی مێژووی فەرمانڕەوایی ئەو دەگێڕێتەوە بۆ دەسەلاتی لەنێوان ١٣٣٥ز - ١٣٨٠ز. نامەیێکی شێخ مارفی نۆدێیی -بەعەرەبیی- جەختە بۆ ئەوە مێژووە. هێندە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی تاریکە، بەڵام دیارە تا ساڵی ١٨٤٩ز. ژیاوە، لە ئەو دوا مێژووەوە تا ساڵی ١٩١٨ز تورکە عوسمانییەکان پێتەختی (سلێمانیی)یان داگیرکرد بوو. تاکە یادگاری هەرە دیاری بابان بازێڕی نێوبراوە.
بابل: بابلستان: وڵاتی بابل کە شوێنەکەی لەنێوەندی عێراقی ئێستەدایە کەلاوەکانی لە نزیک بازێڕی (حیللە)یە کە ٨٠کم لە بەغدادەوە دوورە.
بابل؛ گەورەترین و بەنێوبانگترین بازێڕی کۆنی خۆرهەڵاتە و لە دەوروبەری سەرەتاکانی دووەم هەزاری پ.ز.دا (دەوڵەتی بابلستان)ی تێدا دامەزراوە کە دوو قۆناغی گەشاندنەوەی بەخۆوە دیتووە: ١- دەوڵەتی بابلی یەکەم؛ جێگەی دەوڵەتی سۆمەر و ئاکادی گرتەوە و هەرە ڕۆژگاری زێڕینی ڕێکەوتی ژیانی (حامورابی) قانوون دانەر بووە لەنێوان ١٧٩٢ز - ١٧٥٠پ.ز.دا. لە ئەم ڕۆژگارانەدا دەسەڵاتی بەشەکانی دی وڵاتی هەردوو ڕووباردا کشا و ئەدەب و وەرزش و زانیستی تێدا گەشایەوە، بەڵام ئەستێرەی بەختی پووکایەوە و کەوتە ژێر باری گەلانی (حیسیی- هیثیی) و (کاشیی) و (ئاشووریی).
٢- دەوڵەتی بابلی نوێ: ٦٢٦پ.ز - ٥٣٩پ.ز. پاشای هەرە بەنێوبانگی (نبووخەز نەسری دووەم: ٦٠٥پ.ز - ٥٦٢پ.ز)ە!.
پاشا (سەنحاریب)ی ئاشووریی لە ٦٨٩پ.ز.دا بازێڕی بابلی کاولکرد. پاشا (ئەسەرحەدوون) دوایی سەرلەنوێ ئاوەدانی کردەوە. لە ٥٣٩ پ.ز.دا (کۆرۆش)ی پاشای ئەخمینییەکان داگیری کردەوە کردی بەبنکەیان تا لە ٣٣١پ.ز.دا (ئەسکەندەر)ی مەکدۆنیی داگیری کرد و بوو بەپێتەختی بەشی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەی کە هەر لە ئەوێش مرد.
باتین: (باطن/ع) نێوئاخن/ نادیار.
باتیڵ: (باطل/ع) پووچ، پێچەوانەی ڕاستیی.
باخوسووس: (ف.ع) بەتایبەتی.
باخەبەر: (ف) بەخەبەر، ئاگەدار.
باربار: بەربەر؛ نەتەوەیێکی ئەفریقا بووە کە بەتوندوتیژیی، دڕ و کوشندە ناسراو بووە.
باردوو: بواردوو، بردوو.
بارگە: بارەگە، کۆڵ.
بارۆ: بهێنە.
باز: (ف) دیسان.
بازن نەبازان: ئەوانەی بازنگیان لە قۆڵ بەستووە.
بازیگە: (ف) شوێنی یاری و گەمە.
باغەبان: (ف) باخەوان.
باقل: بەبیری من.
باقیی: (باقي/ ع) ماوە، پاشماوە.
باقیی: مەحموود عەبد: ١٥٢٥ز - ١٦٠٠ز؛ یێکێکە لە دوو شاعیری گەورەی سەدەی شانزەی عوسمانییەکان.
باقی وەسسەلام: ئیدی سلاو.
بالانون: بالا نوێن. ئامرازێکە بۆ نیشانەکردنی لاکان.

بالۆن: Balloon(E) توورەکەیێکی یێکجار گەورەیە و پڕ دەکرێت لە هەوای هیلیۆم و بۆ ڕاگۆستنەوە و هاموشۆ بەئاسماندا بەکار دەبرێت کە بەر لە دروستکردنی فڕۆکە هەڵکەوتوون.

بانامان: گوندێکی سەر ڕێگەی شەقڵاوەیە.

باندۆ: Band(E) دەستە، تیم Bandore ئامرازێکی مووسیقەی چەشنی گیتارە.(وێ دەچێت لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە لە گوتاری ڕۆشنبیرەکانی کورددا بەکار برابێت) باند، باندۆ لەگەڵ ئۆرکێستر جوداییەکەی ئەوەیە کە دووەم گەورەتر و بەئەرکترە.

بانقەنۆت: Banknot(L) قاقەزێکی قانوونیی و ڕەسمیی باوەڕ پێکراوە لە پارەی قاقەزی ڕەسمیی جوداترە کە لە بری هەڵگرتنی پارەی زۆر بەکاردەبرێت و لە هەموو بانکێکدا دەگۆڕدرێتەوە.

بانێو: (L) حەوزێکی کاشیی گەورەیە بۆ خۆ شوشتن.

باوجوود: وێرا، سەرەڕا.

باوەرە: بهێنە.

ببوس: (ف) ماچ بکە.

ببیەم: ببیستم.

بپرسە: بپرسن.

بت: ببێت.

ب خەبتن: خەبات بکەن.

بدەو: بدە.

بدیە: بنۆڕە.

برچیی: برسیی.

برنجیی: (ت) یێکەم

بریان: بران. تەواوبوو.

بریز: (ف) بڕێژە.

بریسکە: پزیسکە.

بزانۆ: بزانی.

بشانۆ: بوەشێنێ، ببیرژێنێ.



بشۆ: بڕۆ، بچۆ.

ب فکری: تێ بگەییت.

ب کەردی: بکەن.

بکیانی: بگرین.

ب گەهینێ: بگەیێنێ.

بلوورین: ناسکۆڵە، سفت و لووس و سپیی.

بڵا: بەڵێ.

بن دەسی: لە بن دەست کوتاندن بۆ کپ کردنی قسە!

بنمای: بنوێنە.

بنویسم: بنووسم.

بواچە: بڵێیت.

بوازە: بخوازە.

بوخار: (بخار/ع) هەڵم.

بورج: (برج/ع) کۆشک، قەڵا.

بووس: (بوسة/ع) ماچ، ڕامووس.

بووسیدەن: (ف) ماچ کردن.

بوریی: وەرە.

بوریانە: برژاوە.

بوزورگ: (ف) گەورە، مەزن.

بوگەسەوە: بووەتەوە.

بولغار: بولگارستان؛ کۆمارێکی میللی نیمچە دورگەی بالکانە. بەری زەوییەکەی ٨٠٠ر١١٠کم٢ و دانیشتووەکانی لە نێوان (١٠ - ١٥)میلیۆن کەسدایە، نزیکەی پێنج سەدە ژێرماڵەی دەوڵەتی عوسمانیی بوو. دوای ئەوە بوو بەمەملەکەتێکی پاشانشین و لە ١٩٤٦ز.دا بوو بەکۆمارێکی میللیی سەر بەبەرەی خۆرهەڵات کە شیوعییەکان دەسەڵاتگر بوون. دوای تێکچوونی ئەم بەرەیە ئێستە هاتووەتە ڕیزەی خۆرئاواییەکان و بووە بەئەندامی پەیمانی ناتۆ: Nato.

بوول: خۆڵەمیش.

بۆڵشەویک: بۆڵشەڤیک؛ بۆڵشەڤیزم... بۆڵشەویک وەک وشەیێ، واتە دەستەی زۆربە
پێچەوانەکەیشی مۆنشەڤیکە، واتە دەستەی کەم.
وەک زاراوەیێ مانای ڕادەگەیێنێت کە ئەنجامی بیروباوەڕی دەستەی باڵی چەپی پارتی
سۆشیال دیموکراتی ڕووسیایە کە لە ١٩٠٣ز. براوە (ڤەلادیمیر ئیلتیش لەنین V.E Le-
nin) ڕابەر و سەرکردەی بوو، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز دەسەڵات و
فەرمانڕەوایی گرتە دەست لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی پاڵە – پرۆلیناریا (پاڵەکان و
چینە ماندووەکان، ڕەنجدەران).
هەڵکەوتنی زاراوەی بۆڵشەڤیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٣ز کە مارکسییەکانی ڕووس لە
بازێڕەکانی (برۆکسل و لۆندۆن)دا چەندەها کۆبوونەوەیان کرد و لە ئەنجامدا بانگدەرەکان
بۆ چارەسەرێکی بنچینەیی و خۆ ڕاگرتنی ورەی پارتایەتی؛ بەزۆربەیێ کەم و دەمەکییانە
سەرکەوتن بەسەر کەمە مارکسییەکانی هەڵوێستە نێونجییدا کە (بلیخانۆڤ) سەرکردەیان
بوو، بانگیان دەدا بۆ پێویستی بەشداربوونی دەستە دەوڵەمەندە –بۆرژوا–
پێشکەوتنخوازەکان لە بزاڤی شۆڕشگێڕانە و لە پێناوی هەڵکەوتنی دیموکراتیی سیاسیدا!
ئەم دوا دەستەیە نێوبرا بە (مۆنشەڤیک، دەست کەم).
دوای دەسەڵات گرتنی بۆڵشەڤی لە مانگەکانی (ت١، ت٢/١٩١٧ز)دا، لە مارتی
١٩١٨ز.دا (پارتی شیوعیی بۆڵشەڤیی)دامەزرا کە ئەو ئاوەڵناوە –وێڕای ناڕەزایی
لەنین– زیادەبوو خرایە سەر نێوی پارتەکە، بەڵام لە نۆیەم کۆنگرەی پارتەکە– س ١٩٥٢،
بەپێشنیازی (ژۆزێف ستالین Joswph Stalin) گۆڕدرا بۆ پارتی (شیوعیی/
کۆمەنیستی یێکێتیی سۆڤیات) کە دەمەو کۆتایی ساڵی ١٩٩١ز بەڕەسمیی لە کار خرا
و قەدەغەکرا و دەوڵەتی (کۆمارە یێکگرتووەکانی– سۆڤیات)یش هەڵوەشایەوە و کۆمەڵێ
کۆماری سەربەخۆ، لەنێویاندا؛ کۆماری ڕووسیا دامەزرا. دوایی پارتی شیوعیی سەری
هەڵدایەوە، وەک پارتێکی ناڕەزا، بەئاشکرا کەوتە کارە!
بووم: (بوم/ع) کوندەپەپوو.
بوون: بم.
بۆڵژن: بۆڵە بۆڵێکی ژنانە.
بۆننیێە: ژۆژ Giorg (١٨٨٩ز–؟) فرانسییەکی سیاسەتباز ڕادیکالیی بیر. لە کۆنگرەی
نێو دەوڵەتیی تایبەت بەژماردنی زیانەکانی جەنگ و دیسان بەئابووریناس دەرکەوتووە.
باڵوێزی وڵاتەکەی لە ئەمریکادا و دوایی وەزیری کاروباری هەندەران (١٩٣٨ز –



١٩٤٠)، ئەوجا ئەندامی حوکوومەتی (ڤیشی) و بەشداری هەڵکەوتنی پەیمانی
میۆنیخ.
یێکێ بوو لە ڕیزی بانگدەراندا بۆ هاریکاریی کردنی ئەڵمانیا!.
بوهران: بوحران، قەیران.
بویر: بڕۆ.
بۆ: بێ، بۆنە، بۆچ. وەرە!.
بۆریدەن: بۆ بڕین.
بەبەرگ و بار: پۆشتە و پەرداخ.
بەتەبیعەت: بە(طبیعة/ع) شێوەیێکی سروشتییانە.
بەچە: بەچکە، نەوە.
بەحس: (بحث)/ع) باس.
بەختش: بەختی.
بەدخوو: خووخراپ.
بەخواھ: دڵپیس. لە چاکە بەدەر.
بەدرخان بەگ: بەدرخان پاشا؛ میری جزیرا بۆتان. لە ساڵی ١٨١٢ز.دا لەگەڵ میرەکانی وان،
هەکاریی، خێزان، مووش و ئیدی، کۆششی کرد بۆ ڕزگاریی کورد لە چنگی عوسمانیی
داگیرکەر. بۆ ئەمەش کارخانەی تفەنگ، باروتی لە (جزیر)دا دانا. لە ١٢٥٨ک –
١٨٤٣ز.دا، جاڕی سەربەخۆبوونی دا و پارەی بەنێوی خۆیەوە لێدا. دەسەڵاتی لە سنووری
(وان) تا (مەهاباد، ڕواندوز، مووسڵ، قەڵای شەنگار، سێرت، ویرانشەهر، خانە، سێوە
ڕەک، دیاربەکر، شنۆ، ورمێ) کشاند.
تورکە عوسمانییەکان چەند جار لەشکریان بەرەوڕوو کردەوە و کاریان بەفیڕۆ دەچوو.
عیزوددینی خزمی میر بەدرخان، ناپاکیی لەگەڵ کرد و پاڵی بەدوژمنەوە دا. سەرئەنجام لە
دوای شەڕ زیانێکی زۆر؛ گیرا و بەنکراو ڕەوانەی ئەستانبووڵ کران و خۆیشی بۆ بەرەو دوا
بێ سەرو شوێن کرا!
لە س ١٨٧٩ز.دا میران عوسمان پاشا و حسێن کەنعان پاشای کوڕانی بەدرخان پاشا،
هەلیان بۆ هەڵکەوت و لەگەڵ ئەفسەر و نێودارانی دی کورد، ژڕانە تێکۆشان و چوونەوە
کوردستان بۆ بووژاندنەوەی میرنشینی بەدرخانەکان. مەردانە جاڕی سەربەخۆییان دا. چەند

پیلان و پەلاماری تورکانی عوسمانیی سەری پێ دانەواندن و دەسەڵاتیان تا (جولەمێرگ، زاخۆ، ئامێدیی، ماردین، میدیات، نیسیبین) کشا.

کورە گەورە؛ عوسمان پاشا بوو بەمیر و جار و دووانی بەنێوی خۆیەوە بوو، بەڵام پیلانی عوسمانیی دوژمن بەرۆکی بەرنەدان و بەفێڵ داوەتی ئەستەنبووڵ کران و گیران.

بەدرەقە: (بدراهە) ڕابەر، ڕێ پیشاندەر.

بەدرکران: دەربەدەرکران.

بەدەل: (بدل/ع) لە بریی، لە جیاتیی.

بەدەن: (بدن/ع) تەن، لەش.

بەردەن: (ف) بردن.

بەرزان: گوند و نێوچەیێکی شاخاویی سەختە و دەکەونە ئەوسەری باکووری کوردستانی باشوور و لە سنووری باژێری هەولێردان.

مەڵبەندەکەی قەزای (مێرگەسوور)ە کە لە سێ ئاوایی پێکهاتووە؛ مێرگەسوور، بارزان، شیروان. قەزاکانی؛ ڕواندز خۆرهەڵاتی و ئامێدیی خۆرئاوای و ئاکرێ باکوورییەتی.

خەڵکەکەی نێوچەکە لە ٤٠٠ گوند پتربوون و لە ساڵی ١٩٦٠ز.دا ٣٠-٤٠ هەزار کەسێکی تێدا دەژیا کە بەکشت و کێڵ و ئاژەڵەوە خەریک بوون، بەڵام دوای هەرەسی شۆڕشی ١٩٧٤ز.دا زۆربەی کاول و تاڵان کرا.

بەرزان، دیسان ناسنێوە و مەڵبەندی خێڵی (بەرزان)ییە کە دەچنەوە سەر هۆزی میرانیی (ئامێدی) و باپیرە گەورەیان لە گوندی (هەڤینکا)ی نزیک (بەرزان)ەوە نیشتەنیی بووە و کیژێکی لێ خواستوون و کوڕی لێکەوتووەتەوە کە نێوی (سەعید) بووە. ئیدی لە دوای ئەوەوە تاجەددینی کوڕەزای جێگەی گرتووەتەوە کە ژیر و زانا بووە و لایینگیری زۆر بووە و (تەکییەی بەرزان)ی سەر بەرێبازی نەقشەبەندیی ئاوەدانکردووەتەوە. دوای ئەم شێخ عەبدوڕڕەحمان، شێخ عەبدوسسەلام، شێخ محەممەد- ناسراو بە شێخ عەبدوسسەلامی دووەم- شێخ ئەحمەد، محەممەد سیددیق، مەلا مستەفای بەرزان کوڕانی بوون!

بەرزان و بەرزانییان لە ژینی نیو سەدە پتری سەدەی بیستی میللەتی کورددا، بێشەی کوردایەتی و ڕاپەڕین بوون. لە ئەو پێناوەدا (شێخ عەبدوسسەلامی دووەم) لە ١٤/١٢/١٩١٤ز.دا لەلایێن تورکانی عوسمانییەوە لە سێدارە درا. لە ساڵانی ١٩٣١ز، ١٩٣٢ز، ١٩٤٣ز، ١٩٤٧ز، ١٩٦١، ١٩٧٥ز.دا ڕاپەڕین و شۆڕشیان بۆ



گەلی کورد بوو. لە دوا مێژووشدا نەتەوەپەروەری گەورە مستەفای بەرزانیی (١٩٠٣ز-١٩٧٩ز) وەک سەرۆکی (پ.د.ک) سەرکردەی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردستانی باشوور بوو. نیو سەدەیێ وەک پێشەواییێکی کوردی بەنێوبانگ لەنێو خۆ و هەندەراندا دەناسرا. لە ١٩٧٠ز.دا مافی حوکمڕانیی خودموختارییی بەحوکوومەتی عێراقی عەرەب سەلماند، بەڵام لە ١٩٧٥ز.دا، بەفشاری ئەو حوکوومەتە و پیلانێکی نێودەوڵەتیی ناچار بوو بڵاوە بەشۆڕش بکات کە ١٢٠هەزار پێشمەرگەی لە پاڵدابوو. ئیدی خۆی و خاوخێزانی و دۆستەکانی کۆچیان کرد بۆ ئێران و لە ئەوێ ڕاوە بۆ ئەمریکا تا هەر لە ئەوێدا بەنەخۆشییەکی کوتوپڕ گیانی پاکی سپارد و ساڵی ١٩٩٣ز. تەرمەکەی بەخاکی پاکی کوردستان و گوندی (بەرزان) شاد بووەوە.

بەرزەخ: (البرزخ/ع) لەنێوان دنیا و قیامەتدا. لە کاتی مردنەوە تا ڕۆژی قیامەت، نێوان بەهەشت و دۆزەخ.

بەرق: (البرق/ع) برووسکە.

بەرقەرار: ڕاگیراو، بڕیاری لەسەر دراوە، ئاسوودە.

بەرگەشتەگیی: (ف) کلۆڵیی، بێ بەختیی، داماوی، هەڵگەڕاوەیی.

بەرلین: Berlin باژێڕێکی گەورەی ئەڵمانیایە، پێتەختی ئەڵمانیای هیتلەری بوو تا س١٩٤٥ز. گەلێ پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تێدا مۆرکراوە.

بەرمووجیب: (ف) بەپێی.

بەرەغم: (بالرغم/ع) وێڕای ئەوە.

بەرەکەت: (البرکة/ع) پیت، فەڕ، پیرۆز.

بەروەجهی مەشرووحە: (ف) بەپێی ڕووی باسکراو، بەپێی ئەو ڕووە.

بەرید: (برید/ع) پۆستە.

بەس: زۆر.

بەساتەت: (بساطة/ع) ساکاریی، ئاسانیی.

بەستە: بەستراو.

بەسەر: (البصر/ع) چاو.

بەسیرە: (بصیرة/ع) چاوکراوەیی، ژیریی.

بەسیت: (بسیط/ع) ساکار.

بەشارەت: (بشارة/ع) مژدە.

بەشەرییەت: (البشرية/ع) مرۆڤایەتیی.

بەشقی: بەعەشقی، بەخۆشەویستی.

بەعدەهو: (بعده/ع) دواییەکەی.

بەعزێ: (بعض/ع) هێندێ.

بەعقووبە: باقووبە، باژێرێکی نێوەندی عێراق و نزیکی بەغدادە.

بەغەیرەز: (ف) بێ لە.

بەقا: (بقاء/ع) مان، مانەوە.

بەقاڵ: (بقال/ع) فرۆشیاری وردە.

بەقاڵ و چەقاڵ: کەسانێکی هیچ و پووچ، هەرزە و سەرەڕۆ و بازاڕیی.

بەکار: کارکردە، کارامە.

بەکرەجۆ: ئاوایی و دەشتێکی بەپیتە و لە سەردەمی باباندا جۆگەی تێدا هەڵبەستراوە و کشت و کێڵی بەفەڕە! ١٠کم لە سلێمانییەوە دوورە.

بەلەد: (بلد/ع) باژێڕ.

بەلقیس: نێوێکە عەرەب دایبڕیی بوو بەسەر کابانی مەملەکەتی (سەبەء) و هاتووە بۆ لای(سلێمان پەیامبەر) و مەتەڵی بەرەو ڕووکردووەتەوە تا گوێی لە فەرمایشتی دانایی بێت. لە (قران)دا نێوی هاتووە.

بەلووچ: نەتەوەیێکی وڵاتی بەلووجەستانن کە لەنێوان ئێران و پاکستاندا دابەشە!

بەندەگیی: (ف) بەندایەتیی. بەندینی.

بەنەوەشیی: وەنەوشەیی.

بەنیتۆ مۆسۆلۆنی: Mossolini Bento (١٨٨٣ز – ١٩٤٥ز) گەورە کار بەدەستی ئیتالیایی. پارتی فاشیزمی لە (١٩١٩ز)دا دامەزراند. لە ١٩٢٢ز.دا دەسەڵاتی دەوڵەتی گرتەخۆی و لە ئەڵمانیاوە نزیک بووەوە. لە س١٩٤٠ز.دا لەگەڵ (هیتلەر) هاوپەیمانی جەنگ بوو. لە س١٩٤٣.زدا لە فەرمانڕەوایی دوور خرایەوە و ئەڵمانەکان لە س١٩٤٤ز.دا هێنایانەوە سەرکار. دوای بەزینی لە (٢. ج. گ)دا، ڕایکرد و خۆی کوشت. خۆ وڵاتییەکانی -لنگەو قووچ- لەنێوەڕاستی مەیدانی «ڕۆما»ی پێتەختدا هەڵیانواسی.



بەنێر: بنۆڕە.

بەها: نرخ.

بەیاز: (بیاض/ع) سپیی. (دەستنووسی شیعر)

بەیان (بیان/ع) ئاشکرا، دیار، هەروەها هونەرێکی ئەدەبی عەرەبیی.

بەیتولمال: (بیت المال/ع) گەنجینەی پارەی مۆڵکراو بۆ کەڵکی موسڵمانان.

بەیداغ: (ف) ئاڵا.

بەیدێ: وەرن.

بەیع بیلوەفا: (بیع بالوفاء/ع) فرۆشتن بەقەرزێکی دڵنیا، فرۆشتن بەمەرجی گێڕانەوەی.

بەینولمولەل: (بین الملل/ع) نێودەوڵەتیی.

بەینەت: (بینة/ع) بەین، پێوەندی.

بیارە: ئاواییەکی هەورامانی تەختە و کەوتووەتە کوردستانی باشوور و نزیکی باژێڕۆکی هەڵەبجەیە.

بیحەمدیللاە: (بحمدالله/ع) لە سایەی خواوە.

بیرون: (ف) دەرەوە.

بیعەلمین: بخوێنن، فێربن.

بیلتەڵەب: (بالطلب/ع) لە سەر داخوازی، داخوازیی کراو.

بیلجوملە: (بالجملة/ع) تێکڕا، گشتیی.

بیلعەکس: (بالعکس/ع) پێچەوانەی...

بیکر: (بِکر/ع) تازە، نوێ. دەست لێ نەدراو.

بین: (ف) بۆن.

بینا: چاوساغ، وریا، هوشیار، شارەزا.

بینائەن عەلێهـ: (بناء علیه/ع) لەبەرئەوە، بەئەو ڕۆشنایتە.

بیناغە: بنچینە.

بینش: بینین، سەیرکردن، وریایی، هوشیاری.

بێچکە: بەچکە، بێچوو.

بێچوون: (ف) بێ وێنە، بێ هاوتا.

بێ دەماغ: ماندوو، هیلاک، بێ هۆش.

بێزا: بێزراندن.

بێـژەن: بیـژەن: پاڵەوانی ئێـرانی کـوڕی گـیـو، کـە داسـتـانی ئازاییـەکـانی لە شـاهنامـەی فیردەوسیدا هاتووە.

بێ قەی: بێ مەرجیی، لاتەریک.

بێ مەفەڕ: بێ (مفر/ع) دەرەتان، بێ چارە.

بێلاف: بێ درۆ، بێ خۆ هەڵکێشان.

بێ هەقا: بێ هاوتا.

بیبیە: بووە.

- پ -

پا: (ف) پێ.

پادشەهی: پاشایێ.

پارە: کوت، پارچە.

پاریس: Paris پێـتـەخـتی وڵاتی فـڕانسـە و لەسەر ڕووباری (سین) و نێـوبانگی بەخـانووی دێرین و هونەر و ئەدەب و جلوبەرگی نوێ ڕۆیشتووە.

پاسوخ: (ف) وەڵام.

پان: Pan؛ هەمـوو، گـشت. (پـان ئیـتـالیـا Pan Italia) زاراوەیێکی سـیـاسـیـیـە و واتە: کۆکـردنەوەی هەمـوو ئیـتـالیـا بەرەگەز و زمـان و وزە و تواناوە. (یان) ئیـتـالیـا پەروەریی تەواو.

پردی سەرشەقام: پردێکی گەڕەکی (سەرشەقام)ی سلێمـانییی سەردەمی بابانەکان بووە کە ئێستە کوێر بووتەوە.

پردێ: نێـوێکی کـوردییـە و تورکـیـیـەکـەی (ئاڵتـون کـۆپری/ پردی زێڕین)ە. زێی بـچـووکی کـوردسـتـانی باشـووری پێدا تێپـەڕ دەبێت. لە ڕۆژگـاری دێریندا پردێکی بەسـەرەوە بووە بۆیێکا هێندێ پێی دەڵێـن نێـوەکـەی (زێ) بووە. هێندێکی دی دەڵێـن لە ڕۆژگـاری ئاشوورەکاندا بە (سیمموورە) نێوبراوە.

گەشتڤانی ئینگلیز (پەکینگهام) لە ساڵی ١٨١٦ز.دا پردەکەی دیتووە و شوێنەکەیشی بە



«ئاڵتـون سوو/ ئاوی زێڕ» نێوبردووە. ئەمێستە ئاواییەکەی سەر بەباژێڕی کەرکووکە و دانیشـتووەکـانی کورد و تورکمانە، بەڵام لە ئەم چەند ساڵەی دواییدا، بەعسی عەرەبی دەسەڵاتدار و ڕەگەزپەرست پڕی کردووە لە عەرەب.

پرسا: سواڵکەر.

پرسش: (ف) پرسیار.

پرۆپاگەندە: Propaghanda (E) قسەوباس بڵاوکردنەوە بەچاک یان خراپ.

پرۆتێستۆ: Protest (L/E) بێزاری دەربڕین، ناڕەزایی.

پرۆگرام: Program (E) پرۆغرام؛ بەرنامە.

پژە: پریشەی ئاو.

پشتدەر: (بەدوو ماناوە)؛ ١- پژدەری نێوچەی قەڵادزێ. ٢- پشت دەرکە- دەرگە.

پۆستنشین: سەرپەرشتی تەکییە یان خانەقا کە بەمیرات لە سەجەرەیێکی ئایین ناسێکی نێودارەوە بۆ یێکێکی ئەو خانەدانە مابیتەوە و ڕێنوێنی دەکات.

پوشپدە: (ف) داپۆشراوە، پۆشراوە، لەبەرکراوە.

پۆلاتیک: Poletic (E) ڕامیاری، سیاسەت.

پۆلۆنیا: Polonia (Poloska)؛ کـۆمـارێکی باکووری ئەوروپا. بەرەکـەی ٣١١،٤٠ کم٢. دانیشـتووەکـانی ٤٠میلیـۆن پترە. باکوورەکەی دەریای بەڵـتیکە. خۆرئاوایشی ئەڵمـانیایە. باشـووریشی کـۆمـاری چیکە، خـۆرهەڵاتیـشی، ڕووسـیـایە. (وارشـەو ڤـارشـەڤـا) پێـتـەخـتـەکـەیەتی کە دەکـەوێتـە سەر ڕووبـاری (ڤـیـسـتـۆڵ) بەمـێـژووی ئەم وڵاتە پڕە لە تێکۆشـان لە دژی داگـیـرکـەرانی، بەتایبـەتی لە سـەدەی هەژدەدا و لە دژی یێکە یێکەی داگیرکەران، ڕوسیا، نەمسا، برووسیا.

لە دوای (١.ج.گ)ەوە مـاوییێ پارچەکانی یێکیان گرتەوە، بەڵام لە (٢.ج.گ)دا باڵەکانی خۆرهەڵاتی لە دەستدا و بەئەندازەیشی لە باکوور و خۆرئاوا زەویی دەستگیر بوو. هەر لە دوای دوا جەنگی باسکراوەوە، بوو بەیێکێ لە کۆمارە سۆشیالیستەکانی سەر بەبەرەی خۆرهەڵاتی شیوعیی و پارتی باڵەکان حوکمڕان بوو.

لە س ١٩٨٩ز.دا لە بەندەری (گدانسک Gdanck)دا ڕاپەڕینی باڵەکان قەوما و بەرە بەرە ڕژێمی گۆڕی تا بەهەڵبژاردنی دیموکراتییانەی گەل، ڕژێمەکە لە بەرەی نێوبراو جوێ بووەوە و چووە بەرەی گۆیا دیموکراتییی خۆرئاواوە. دواتر بوو بەئەندامی پەیمانی ناتۆ Nato.

پەسن: سیفەت، وەسف.
پەخشنامە: هەر نووسینێ بۆ بڵاوکردنەوە بشێت!
پەراگەندە: (ف) ئاوارە، دەربەدەر، بڵاوکراوە.
پەردەیا: پەردەیێ.
پەردا: ترس.
پەرێ: بۆ.
پەژمووده: پەژمەردە، سیس، لە نەشونما کەوتوو.
پەنج: (ف) پێنج.
پەلی: پەل.
پەنهانیی: نهێنی.
پەی: بۆ. دوایی، دەرک پێکردن.
پەیغام: (ف) پەیام، نامە، پۆستە.
پەلک: (ف) دەنگ.
پەیکۆڵ: دڕک.
پەیەمبەر: پەیامبەر، ڕاسپێردراوی خودا.
پیانقۆ: (L) بلیتی، پسوولەی بەخت ڕاکێشان.
پیچەک: کەمێک، هێندێک.
پیراهەن: (ف) کراس.
پیرمە سوور: (پیرمەنسوور) گەڕەکێکی سلێمانیی بابانە و هێشتا ئاوەدانە.
پیرمەم: نێوی ڕاستەقینەی هەوارگەی (سەلاحەددین) و چیاکەیشە. بێژراوە گۆیا پیاو چاکێ –لە کۆندا– بەئەو نیۆەوە هەبووە و هێشتا مەزاری ماوە!.
پیرە مەگروون: چیایێکی جەنگەڵداری نزیکی سلێمانییە و بەرزاییەکەی ٩٧٠ پێیە. (گوتێ) و (لۆلۆ)ی کورد و (ئاشوور ناسرپاڵ)یش بە (نێسر) نێویان بردووە. تا ئێستەش یادگار و کەلاوەکانی سەردەمە دێرینەکانی بەر لە ئیسلامی تێدا ماوە. زۆر وێ دەچێت کە ڕەگەزی نێوەکەی ئێستەی بچێتەوە سەر (زەردەشت)ییەکان کە کەلاوەی کۆنیانی تێدایە!.
پێش: پێی.
پیکادیللی: مەیدان و باخێکی ئاوەدان و بەنێوبانگی باژێڕی لۆندۆنە.



- ت -

تاب: (ف) توانا، تاو، گەرمیی.
تارەم: (ف) کۆشک، ئاسمان، بەرزیی.
تاف: هەڕەت، جەنگە.
تاڤ: ڕژانی ئاو لە بەرزاییەوە، تاڤگە، ڕێژنە باران.
تاقم: دەستە.
تاقەت: (طاقة/ع) توانا، هێز.
تاقی برۆ: برۆی کەوانیی.
تاڵ: تاو، هەودا، تەڵخ.
تالە: (طالع/ع) بەخت.
تالیب: (طالب/ع) داخوازیکەر، داواکەر.
تام: (طعم/ تام/ع) چێژ، تەواو.
تاملکەر: (بەدوو واتا)؛ توانادار، بنۆڕە.
تاهیر: (طاهر/ع) پاکیژ، بێگەرد.
تربکە: پێکەنینێکی پڕ و ناسک.
ترێد مارگ: (E) Trabemark نیشانەکراو، نیشانی تایبەتی هەر کارخانەییێک و بەجوێ بەسەر بەرهەمەکەیەوە.
ترەیێن: (E) Train شەمەندەفەر، گالیسکەی ئاسنین بۆ ڕاگواستنەوە و هاموشۆ.
تو: هیچ.
توحفە: (تحفة/ع) دیاریی. هەموو شتیکی بەنرخ، ئەنتیکە.
تورک: نەتەوەی تورک، کیژی جوان، دلبەر، شۆخ و شەنگ.
تورکچییەتی: تورکپەروەری، لایێنگرتنی تورک، جلخوار.
تورکانی ڕۆم: (مەبەست لە مەمالیکەکانی بەغدادی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە!).
توروق و مەعابیر: (طرق و معابر/ع) ڕێگەوبان و دەرە.
توغرا: (طغراء/ع) توورە، پارێکە نیونیشانی پاشایانی لە سەرە، زوڵف و ئەگریجەی نازدارانی جوان قەشەنگ.

تولّووع: (طلوع/ع) دەرکەوتن، هەڵهاتن.

توول: (طول/ع) درێژ.

توولانیی: درێژایی.

توولە: بێچووە سەگ، (توولە: تووڕە بەزاری کەسێ کە نەتوانێت تیپی «ڕ» لە وشەکەدا دەربڕێت!).

تۆبە: (توبة/ع) نەکردنی قسەیێ، کارێ بۆ هەتا هەتا، پاشگەزبوونەوە و وازهێنان لە شتێ، بەڵێن دان بۆ وازهێنان لە هەر شتێ بەتەواوی.

تۆمەن: تۆمە.

تۆننە: نینە، نین.

تە: تۆ.

تەئالیف: (تألیف/ع) کتێبە دانراوەکان.

تەئبین: (تأبین/ع) پاسینیی.

تەئدیبە: (تأدیة/ع) بەجێ گەیاندن.

تەئەخخور: (تأخر/ع) دواکەوتن.

تەئخیر: (تأخیر/ع) دواخستن.

تەئسیر: (تأثیر/ع) کارکردە، کاریگەر.

تەئکید: (تأکید/ع) جەخت، سەلماندن.

تەئمین: (تأمین/ع) زامن، دڵنیاکردن.

تەئەسسوف: (تأسف/ع) مخابن.

تەئەممول: (تأمل/ع) ڕامان، ورد نۆڕین، بیرکردنەوە و سەرنج دان.

تەئید: (تأید/ع) لایینگرتن، لایێنگیریی.

تەبجیل: (تبجیل/ع) پیرۆزگرتن، پیرۆزکردن.

تەبدیل: (تبدیل/ع) گۆڕین.

تەبریک: (تبریك/ع) پیرۆزکردن، پیرۆزبایی.

تەبع: (طبع/ع) سروشت، چاپکردن.

تەبلیغ: (تبلیغ/ع) ئاگادارکردن، پێ ڕاگەیاندن.



تەبەڕڕا: (تبرئة/ع) بێ بەریی بوون، پاکانە.

تەبەڕڕوعات: (تبرعات/ع) بەخشش، پیتاک، باربوو.

تەبەعە: (تبعة/ع) لایێنگر.

تەبەعییە: (تبعیة/ع) سەربەییێکێ، لایێ بوون.

تەبیب: (طبیب/ع) پزیشک.

تەبیعییە: (طبیعیة/ع) سروشتیی.

تەتەببوع: (تتبع/ع) بەدواچوون.

تەتەر: تاتار، قاسید، نامەبەر.

تەتهیر: (تطهیر/ع) پاککردنەوە.

تەتیب: (تطیب/ع) دڵنەوایی.

تەتیممە: (تتمة/ع) تەواوکەر، پاشماوەکەی.

تەجاوز: (تجاوز/ع) تێپەڕ.

تەزویر: (تزویر/ع) دروستکراو، ساختە.

تەزەخخوم: (تضخّم/ع) هەڵاوسان، گەورەبوون.

تەسدیق: (تصدیق/ع) باوەڕ پێکردن، سەلماندن.

تەفائول: (تفاؤل/ع) هیواداریی.

تەغلید: (تقلید/ع) لاسایی، بارێکی نوێ.

تەلا: زێڕ.

تەنزیم: (تنظیم/ع) ڕێکخستن.

تەولیە: (تولیة/ع) چاودێری، بەجێ هێنانی ئادابی ڕێبازێکی ئایین پەروەر.

تەهدید: (تهدید/ع) هەڕەشە.

تەهلوکە: (تهلکة/ع) تالووکە، بارێکی ترسناک، تەنگانە.

تەهیئە: (تهیئة/ع) ئامادەکردن، گەڵاڵەکردن.

تەی: (تیە/طي/ع) قەد کردن ، تەی کردن: بڕینی ماوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

تیاریی: خێڵێکی نەستووریییە لە کوردستانی باکووردا دەژیا. لە (١.ج.گ)دا ڕووسەکان فریویان دا بۆ شەڕکردنی تورکی عوسمانیی... کە خۆیشی لە ١٩١٧ز.دا لە جەنگ کێشایەوە تورک هەڵی قۆستەوە بۆ لێدانیان، پەنجا هەزار خێزانیانی ناچاری هەڵاتن کرد.

نێرووەکانی بریتانیا لە باکووری ئێراندا دالّدەیان دان و خێوەتیان بۆ هەڵدان و دوایی ڕایگواستنەوە نێوچەی (دیالیی) نێوەندی عێراق. ئەوجا بەکوردستانی باشووردا و بەتایبەتی لە نێوچەی (دهۆک)دا بلاوکردنەوە. هەر لە ئەمانەش (لەشکری لیڤی)ی پێکهێنا بۆ بەکاربردنی لە دژی شۆڕشەکانی حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان، هەروەها لە دژی شۆڕشی ٢٠ی عەرەبی عێراق و هەر ڕاپەڕینێکی نیشتیمانی. دواتر هێزیان گرت بەڕادەییێک هەر (لەشکری لیڤیی) لە باژێڕی (کەرکووک)دا و بۆ چاوترسێنی کورد نزیکەی ٢٠٠ خۆ ولاتیی کوشت. لە ئەو پتر لە سییەکاندا لە حوکوومەتی عێراقی عەرەبییش هەڵگەڕایەوە و ئەویش توند لێدان و سەرکوتی کردن (بنۆڕە؛ پاشکۆ- پەخشاننامەی هەمەجۆر: یاداشت/ مستەفا سایب).

تیغ: هەر بڕەندەییێکی نووک تیژی وەک خەنجەر و چەقۆ و نەشتەر.

تیفل: (طفل/ع) ساوا، منداڵ.

تیکت: Ticket (E) پسووڵەییێکی نووسراوی سەر قاقەز یان مقەبا بۆ مەبەستێ.

تیوور: (طیور/ع) باڵندەکان، پەلەوەرەکان.

تێتە: دێتە.

تێ ڕە: تێیدا.

تینی: تینوو.

- ج -

جا- جاک: (ف) شوێن، جێگە، پلەوپایە.

جائیز: (جائز/ع) شیاو، ڕێگەپێدراو.

جادوو: (ف) فێڵ، سیحر(ع).

جاروکەش: (ف) گەسکدەر.

جاریی: (جاري/ع) ڕۆیشتوو.

جازیبە: (جاذبة/ع) ڕاکێش.

جاسووس: (جاسوس/ع) نهێنبڕ.

جامە: (ف) جل و بەرگ.

جامیی: شاعیری خوداناسی فارس، نوروددین عەبدوڕڕەحمان (١٤١٤ز-١٤٩٢ز).



جامیعە: (جامعة/ع) کۆمەڵگە، زانکۆ.

جان: (ف) گیان.

جانان: (ف) یاران.

جانشین: (ف) جێگەنشین، جێگر.

جانێ: گیانێ.

جاو: کوتاڵێکی شینە لە جۆری خام.

جاهیل: (جاهل/ع) نەزان، تازەپێگەیشتوو.

جایی: (ف) جێگەی، شوێنی.

جبە: کەواییێکی پیاوانەی درێژی ئاییناسە گەورەکان لە خوریی یان مەرز یان کوتاڵ دروست دەکرێت.

جست و جوو: (ف) گەڕان و پشکنین، چالاکیی.

جڤاندن: کۆکردنەوە.

جگەر پاچ: (ف) جگەر کوت کوت کراو.

جوانبەخت: بەختیار، بەختچاک.

جوانمەردیی: جوامێری.

جۆبار: (ف) جۆگە.

جوادائیی: جودایی.

جوود: (جود/ع) بەخشندەیی.

جورم: (جرم/ع) گوناه، تاوان.

جوز: مەگەر، بێجگە.

جوزئیی: (جزئي/ع) کەمێ، کەمۆکەیێ.

جوغد: (ف) کوندەپەپوو.

جومعە: (جمعة/ع) هەینیی.

جوملە: (جملة/ع) ڕستە، کۆ، گشت.

جونبوش: (ف) جووڵە، هەژان.

جۆن بوڵ: Jhon Bull (E) ناتۆرەییێکی گەمە پێکردنە بۆ گێلیی بەسەر هەر ئینگلیزییێکدا دابڕاوە، (ڕاستییەکەی ئینگلیز گێل نییە و گێل خۆرە!).

جۆشۆ: دێته کوڵ.
جنسییه: (جنسيّة/ع) ڕەگەز.
جە: لە.
جەبەهی: جێبەجێ ببێت.
جەدوەل: (جدول/ع) جۆگە.
جەدید: (جديد/ع) نوێ.
جەریدە: (جريدة/ع) ڕۆژنامە.
جەریمە: (جريمة/ع) تاوان، سزادان (جاران ئاغایێ لە جووتێرێ، هەژارێ تووڕە ببوایە، برێ پارەی بەسەردا دەسەپاند و بەئەوە دەبێژرا: جەریمە).
جەزا: (جزاء/ع) پاداشت، سزا.
جەزیرە: (جزيرة/ع) دوورگە!.
جەستە: لەش، تەن.
جەسوور: (جسور/ع) ئازا، دلێر.
جەفا: (جفاء/ع) ستەم، زوڵم.
جەڤەنگ: قسەی بێ سەروشوێن، هەڵیت و پەڵیت.
جەللاد: (جلاد/ع) زۆردار، ئەشکەنجە کار، پیاوکوژ.
جەلب: (جلب/ع) هێنان.
جەلەسات: (جلسات/ع) کۆمەڵێ کۆبوونەوە، کۆمەڵێ دانیشتن.
جەماڵ: (جمال/ع) جوانیی.
جەمالوددین زنووریی: شاعیرێکی سەردەمە باسکراوەیە (بنۆڕە: نامەکانی پیرە مێرد، «مخابن ژیاننامەی ڕوون نییە!»).
جەمبەستن: گردبوونەوە، کۆبوونەوە.
جەمعەن: (جمعاً/ع) گشتیی، هەمووەکە.
جەمیع: (جميع/ع) گشت، هەموو.
جەمین: (جبين/ع) تەوێڵ، نێوچەوان.
جەناح: (جناح/ع) باڵ.
جەنووب، جونووب: (جنوب/ع) باشوور. (بای گەرمی باشوور).



جەننەت: (جنّة/ع) بەهەشت.
جەواد: (جواد، جود/ع) چاکە.
جەواهیر: (جوهرة/ع) گەوهەر.
جەو دما: لە پاشدا، لە دواییدا، لەودەمەدا، لەو کاتەدا.
جەور: (جور/ع) زۆر، ستەم.
جەولان: (جولان/ع) گەڕیان، جووڵان.
جەهالەت: (جهالة/ع) نەزانین.
جەهان: جیهان، دنیا.
جەهەننەم: (جهنّم/ع) دۆزەخ.
جیبالیی: (جبالي، جبلي/ع) چیانشین.
جیدال: (جدال/ع) مشتومڕ، تێکۆشین.
جیسم: (جسم/ع) تەن، لەش.
جیلوە: درەوشانەوە. ناز و عیشوە.
جیلوەگەر: خۆدەرخەر.
جیناس: (جناس/ع) ڕەگەزدۆزیی، هونەرێکی ئەدەبی عەرەبە.
(جینس/ع): توخم. نەژاد، ڕەگەز.
جیوار: (جوار/ع) هاوسێ، دراوسێ.
جیهاد: (جهاد/ع) کۆشش، تێکۆشان.

## - چ -

چامبەرلین: نێوناسی خانەدانێکی بەنێوبانگ و کاربەدەستی ئینگلیزە. دوا کەسیان؛ ئارتەر نیڤیل چامبەرلین (Chamberlin Arthure Nevile)ـە کە سیاسەتبازێکی هێوور و سەر وەزیر و مۆرکەری (پەیمانی میۆنیخ) بووە و نەیتوانیی بەر لە ئەڵمانیا بگرێت کە وڵاتی چیکسلۆڤاکیای جاران و باژێری Gdanck گدانسکی پۆلۆنیای داگیرکرد. لە س١٩٣٩ز.دا جەنگی بەرەورووی ئەڵمانیا کردەوە!.
چارەمدا: چوارەمدا.
چارێ: چاری، چارەسەری گوێندە.

چاوا؟: چۆن؟.

چاوەنوور: چاوەڕوان.

چت: چیت؟، شت.

چراغ: (ف) چرا.

چ ڕە: بۆچیی؟.

چریگە: ئاوازی بەرز، دەنگی بەرز، مەقامی بەرز؛ Tenor.

چزگیی: قاقەزی خەتدار.

چڤە/ چەوە؟: چۆن؟

چلۆن: چۆن؟

چەقا: چ قاس؛ چەند؟.

چ ما: مەگەر.

چنوور: گیاییێکی بۆنخۆشی کێویلەیە.

چوارتا: بازێڕۆکێ و مەڵبەندی قەزای (شارباژێڕ)ی سەر بەسلێمانییە و لەسەر تەختاییێکی چیای (سەرسیر)دایە. (ڕیشەی نێوکە زۆر ورد نەکراوەتەوە. ئەز دەبینم کە شارباژێڕ لە مێژووی کۆن و پێش ئیسلامدا، ئاوەدان بووە و ڕەنگبێ لە سەردەمی «میدەکان»دا" چوارتاقی ئایینیی لە پەرستگەییێکدا بووبێ و لە پیرۆزیی ئەودا نێوەکە داکەوتبێت.

ڕەنگبێ لە ڕووی مێژووییەوە چ زمانەوە پێوەندیشی بە (قەڵاچوالان/ قەڵای چوار لا/ تاق)ەوە هەبێت.

جێگەی گوتنە چینی یێکەمی بابانەکان لە «مەرگە»وە هاتوونەتە شارباژێڕ و لە «ماوەت»ەوە داکشاونەتە خوارەوە بەرەو «قەڵاچوالان» و ئاوەدانیان کردووەتەوە!).

چووچانیی: خێڵێکی کوردی کوردستانی باشوورە و لەنێوچەی سلێمانیدایە.

چوزانی: چوسوانی، چۆن- کوو دەزانیت؟

چوستیی: دەستوبردیی.

چون: وەکو.

چەشم: (ف) چاو.

چەشمەسار: سەرچاوە.

چەم: چاو.



چەمەر: شین و زاریی، کۆست کەوتن، چوار چێوە.

چەمەڕام: چاوەنۆڕم.

چەمەن: چیمەن، گیای سەوز و تەڕ و تێر ئاو. مێرگوزار...

چەمەنزار: گوڵزار.

چەنگ: سازێکی ژێداری مووسیقەیە.

چەنی: چۆن، لەگەڵ.

چیت واتە: چیت گوت؟ چت ئاخاوت؟.

چیشم: چیم؟ چم؟.

چیشەن: چییە؟

چیکسلۆڤاکیا: Ceskoslovenko (C) وڵاتی دوو نەتەوەی زۆر خزم لە (چیک و سلۆڤاک) پێکهاتبوو. وڵاتەکە لە نێوەڕاستی ئەورووپا و لەنێوان ئەڵمانیا و پۆلۆنیا و مەجەڕستان و یێکێتیی سۆڤیاتی جاراندابوو. لە دوای (٢.ج.گ)ەوە کۆمارێکی سوشیالیستی سەر بەبەرەی خۆرهەڵات بوو. لە ساڵی ١٩٩١ز.دا بەبێ کوشتار و شەڕ و ئاژاوە، ئاشتییانە بوونەوە بە دوو کۆماری جودا و سەربەخۆ (سلۆڤاکیا) و (چێسکا). پێتەختی یەکەم (براتسیلاڤا Braticlava)، پێتەختی دووەم (پراگ Pragua / Praha) و وڵاتی یێکەم پڕ لە چیا و سەروسامانی کشت و کێڵە، بەڵام دووەم لە کۆنەوە پیشەسازیی گرتووە. زمانی هەردوو لایان (سلاڤی)ەو یێکجار نزیکن بەڕادەیێ هەر چەند تیپێکی زمانەکەیان تۆزە لقانی جودایە. بۆ وێنە سلۆڤاک (R/ر)ەکەی لە لای چیک (ڕژ)ە و تیپی (C/س)یش لەلای چیک (C/چ)ە. (من خۆم کە لە شەستەکاندا لە ئەو کۆمارەدا دەژیام، زۆر بەئاسانیی- چیکیی فێربووبووم لە زمانی سلۆڤاکیی دەگەییشتم و هاوەڵی سلۆڤاکیشم هەبوو!).

چێڵە: پێکەنین.

چیهرە: (ف) چارە، ڕوومەت!.

- ح -

حاجەت: (حاجة/ع) پێویستی.

حادیسە: (حادثة/ع) ڕووداو، قەوماو.

حارەب: عەرەب.

حازر: (حاضر/ع) ئامادە.

حاسیڵ: (الحاصل/ع) ئەنجام، دەستکەوت.

حاشا: (حاشا/ع) بێبەریی بوون لە قسەیێ- لە کارێ.

حافیز: (حافظ/ع) ١- لەبەرکەری (قوران) وەک کەسانی مەلا و شێخ و هەر کەسێکی دی.
٢- حافیزی شیرازیی شەمسەددین مـحەممەد (دەوروبەری س ١٣٢٠ز - ١٣٨٩ز)؟ شاعیر و سۆفیی بەنێوبانگی ولاتی فارس.

حاڵ: (حال/ع) بار.

حاڵەزان: شارەزای بار.

حاڵەن: (حالاً/ع) هەر ئێستە. نهوو.

حاڵیی بوو: تێی گەیشت.

حامیل: (حامل/ع) هەڵگر.

حوب: (حُب/ع) ئەڤین، دۆستیی، خۆشەویستیی.

حوباب: (ف) وردە بلّقی سەر ئاو لە (حَبّة ی عەرەبییەوە/ دەنکە).

حوججە: (حُجَّة/ع) بەهانە، بەڵگە.

حوجرە: (حجرة/ع) ژوور، (وەک ژووری نالیی شاعیر لە خانەقای مەولانا لە سلێمانیدا!).

حودود: (حدود/ع) سنوورەکان/ ڕادەکان.

حورووب: (حروب/ع) جەنگەکان.

حوڕ: (حُر/ع) سەربەست.

حوڕییەت: (حُرية/ع) سەربەستیی.

حوزوور: (حضور/ع) ئامادە، لەبەردەمدا.

حوزوورەن: (حضوراً/ع) ئامادەیی.

حوقا: حوقاس، هەرچەند.

حوقووق: (حقوق/ع) مافەکان.

حوقووقیی: (حقوقي/ع) مافناس، کەسێ شارەزای قانوون و شەریعەت بێ.

حوکوومەتی فەخیمە: حکوومەتی مەزن؛ (Great Britin؛ بریتانیای مەزن).

حەتا: (حتی/ع) هەتا.



حەبسەن: بەندە.

حەبک: (حَبْك/ع) گەڵاڵەکردن، هۆننەوە.

حەپس: (حبس/ع) بەندکردن، گرتن.

حەپسخانە: بەندیخانە.

حەجم: (حجم/ع) قەبارە.

حەجەر و لئەسوەد: (الحجر الاسود/ع) بەردی ڕەش (ئەو بەردەی لەلای موسڵمان -لە حەج کردندا- بۆ پیرۆزیی دیدەنی و ماچ دەکرێت!).

حەچکو: وەکو.

حەد: (حد/ع) ڕادە، ئاست.

حەدائیق: (حدائق/ع) باخەکان.

حەدیس: (حدیث/ع) فەرمایشت، گفتار، نوێ.

حەرامزادە: زۆڵ، نەوەی حەرام.

حەرب: (حرب/ع) جەنگ.

حەربییەی ئەستەنبووڵ: کۆلێجی خوێندنی هونەری سوپایی بووە لە ئەستەنبووڵی سەردەمی عوسمانییەکاندا کۆلێجی جەنگاوەریی.

حەرفییەن: (حرفیاً/ع) تیپ بەتیپ.

حەرەکات: (حرکات/ع) بزاڤەکان، جووڵەکان.

حەرەکە: (حرکة/ع) بزاڤ، جووڵە.

حەریر: هەریر؛ ئاواییەکی نێوان باژێڕۆکی شەقلاوە و هاوینەهەواری سەلاحەددینی سەر بەهەولێر.

حەزرەت: (حضرة/ع) بەڕێز.

حەزرەتی بێ چون: خودا.

حەسار: پەرژین، تەیمان؛ دیواری چوارلای ماڵ.

حەسم: (حَسْم/ع) بڕینەوە، یێکلایی کردن.

حەسەب: (حَسَبْ/ع) بەپێی.

حەفرییات: (حفریات/ع) هەڵکەنراوەکان.

حەق: (حق/ع) ڕاستیی، ماف، (خودا).

حەققەن: (حقاً/ع) ڕاستییەکەی، بەڕاست.
حەکایەت: (حکایة/ع) چیرۆک.
حەل: (حلّ/ع) هەڵهێنان، گەیشتنە شوێنێ.
حەلاڵزادە: نەوەیێکی بەباب و دایک، شیرپاک.
حەڵقە: (حلقة/ع) ١- بازنە. ٢- کۆبوونەوەی سۆفییان بۆ یادی خوا و پەیامبەر و یارانی و ڕێبازێکی ئایینی و دوور کەوتنەوە لە دنیای ماددە و بیرکردنەوە لە ڕۆژی قیامەت –چارەنووس–).
حەماڵیی: بارهەڵگریی، بارکێشیی.
حەمام: (حمّام/ع) گەرماو.
حەمل: (حمل/ع) ١- بار. ٢- کەلوویێکە لە کەلووەکان.
حەمیی: هەموو.
حەمییەت: (حمیّة/ع) گەرمیی تین و تاو، غیرەت.
حەوائیج: (حوائج/ع) پێویستییەکان.
حەواشی: (حواشي/ع) دامێنەکان، پەراوێزەکان.
حەواڵە: (حوالة/ع) هەناردن.
حەیا: (حیاء/ع) ١- ئابڕوو. ٢- حەتا، هەتا.
حەیات: (حیاة/ع) ژین.
حەیدەر: (حیدر/ع) ناسنێوێکی چوارەم خەلیفەی موسڵمانان عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیبە.
حەیران: (حیران/ع)سەرسام.
حەیبیرم: (لە حیرەی عەرەبییەوە: سەرسامم).
حیرس: تەماع، چاوچنۆکیی.
حیرفەت: (حرفة/ع) پیشە.
حیریی: سەرسام.
حیس: (حس/ع) هەست.
حیسسەمەند: (ف) بەشدار، خاوەن بەش.
حیفز: (حفظ/ع) پاراستن.



حیکمەت: (حکمة/ع) پەند، دانایی.
حیلم: (حلم/ع) ئارامیی، ئۆقرە.
حیلە: (حیلة/ع) فێڵ.
حیللە: (حلة/ع) باژێڕێکی نێوەندی عێراقە.

## - خ -

خاترجەم: دڵنیا.
خاتوو کلاوزەڕ: کابانی خان ئەحەد خان (گۆیا گیرۆدەی عەشقی نۆکەرەکەی خۆی بووە کە نێوی «یووسف ئاسکە» بووە و نێوبراویش نێوبانگی بەچڕینی ئاهەنگی کوردیی «سیاچەمانە»وە هەبووە!).
خاتیرات: (خاطرات/ع) بیرەوەریی، یاداشت.
خارشت: (ف) دڕک، خروو.
خاریتە: (خارطة/ع) نەخشە.
خاریجیی: (خارجي/ع) بیانیی، هەندەرانیی.
خاریق: (خارق/ع) لە ئاسایی پتر، کارێکی بێ وێنە و سەرسوڕمێن.
خاس: (خاص/ع) ١- تایبەتی. ٢- چاک.
خاسان: چاکان.
خاسە: ئاو و پردێکە بەنێو باژێڕی کەرکوکدایە.
خاشخاش: (ف) گیاییێکە تریاکی لێ دروست دەکرێت.
خاقان: پاشا، (لە کۆندا بە پاشاکانی چین و تورکستان بێژراوە).
خاقانیی: ئەفەزەلوددین بەدیل کوڕی عەلیی خاقانیی؛ (١١٠٦ز-١١٩٨ز)؛ گەورەترین شاعیری سەدەی دوانزەی ئێرانە، شاعیری دەربارەی خاقانیی (ئەکبەر مەنووچەهر کوڕی فەرەیدوون شیروان پاشا) بووە و ناسنێوی خۆی لە ئەم پاشایەوە هەڵبژاردووە. یەکێکە لە مامۆستاکانی غەزەلی فارسیی.
خاک و خۆڵ: گوندێکی چەمی (تانجەڕۆ)ی سەر بەنێوچەی شارەزووری نزیکی سلێمانییە.
خالیسانە: دڵسۆزانە، (لە «اخلاصي» عەرەبییەوە –دڵسۆزیی– وەرگیراوە.
خاڵیی: (خالی/ع) چۆڵیی، دەست بەتاڵیی.

خالیقولئەشیا: (خالق الاشیاء/ع) دروستکەری شتەکان؛ خودا.

خان ئەحمەد خان: کوڕی هەڵۆخانی نەوەی خێڵی ئەردەڵانە. لە س١٦٠٥ز. ڕاوە حوکمڕان بووە و س١٦٣٦ز. لە مووسڵدا مردووە!.

خانەی شەرەف: مەبەست مزگەوتی «دارولئیحسان»ی باژێری سنەیە کە کەوتووەتە لای گۆشەی بەرزی خانووی شەرەف و پیرۆزییەوە. بەمانایێکی دی؛ مەبەست خانووەکەی (شەرەفولمولک)ە کەیەکێکە لە بەگزادەکانی ئەردەڵان دوو جار حوکمڕانی «سنە» بووە.

هەروەها (خانەی شەرەف) لەلای گەردووناسەکان بریتییە لە (١٩) کەلووی حەمەل و هەر کاتێ خۆر بگاتە (١٩)پلەوە؛ ئەوە پیرۆزترین کاتی خۆر کەوتنە.

خانەقا: جێگەی گردبوونەوەی لایێنگر و سەرگەرمەکانی ڕێبازی نەقشەبەندیی و تەریقەکانی دی.

خانیی: جێگە.

خدر: (خضر/ع) مەبەست (خدری زیندە)یە، کە گۆیا پیاوچاکێ بووە و هەمیشە زیندوو و نەمرە.

خرا: خراپ.

خڕە: (مەبەست: گونە./ بنۆڕە نامەی سەیید محەممەد ڕەشید).

خریدار: (ف) کڕیار.

خواب: (ف) خەو.

خواجا: خاوەند بەرزیی، پایە بەرز.

خواسیی: پێ پەتیی.

خوانتەعالا: خودای تەعالا، خودای باڵادەست.

خواهـ: (ف) جارێ. (خواه نا خواه؛ جارێ نا جارێ).

خواهیش: (ف) تکا.

خواهیشت: (ف) داوا، تکا.

خوبیی: (ف) چاکیی.

خود: (ف) خۆ.

خودان: خاوەند.

خودداریی: خۆپەرستیی، خۆ ویستن.



خوداوەند: خوایە، خودا، یەزدان، پەروەردگار.

خود فرۆشیی: خۆ فرۆشیی.

خودێ: خوا، یەزدان.

خورشید: (ف) خۆر، ڕۆژ.

خوردمەندان: (ف) کۆکەکان، کەسانی کۆک.

خوزستان: نێوچەییێکی باشووری ئێرانە و پڕە لە کانە نەوت.

خوسرەو: خوسرەوی پەروێز.

خوسووسەن: (خصوصاً/ف) بەتایبەتی.

خوشکیدە: (ف) وشک، وشک هەڵگەڕاو، وشک بووەوە.

خۆشناوات: خۆشناوەتیی (خۆشناو: خێڵێکی کوردستانی باشوورە لەنێوچەی شەقڵاوەدا).

خۆشنوود: (ف) دڵشاد.

خوشووع: (خشوع/ع) خۆ چەماندنەوە بۆ ڕێزگرتنی ییێکێ، کڕنووش.

خۆشوەقت: کاتخۆش.

خوفیە: (خفیة/ع) بەنهێنیی.

خۆف: (خوف/ع) ترس.

خوڵق: (خلق/ع) ڕەووشت.

خوڵووس: دڵسۆزیی؛ (لە إخلاصي عەرەبییەوە).

خوون: خوێن.

خوونخوار: خوێنخۆر، خوێنڕێژ.

خوندەوار: خوێندەوار.

خوندکار: خوێنکار، پاشا.

خوە: خوێ.

خوەیی: خۆیی.

خۆەیی: خاوەن.

خەبەر: (خبر/ع) هەواڵ، ئاگاداریی.

خەتا: (خطاء/ع) هەڵە. (خەتا: نێوی کێوێکی نێوچەی باکووری وڵاتی چینە کە میسک-موشکی بەنێوبانگی هەیە/ بنۆڕە: موشک).

خەتەر: (خطر/ع) ترسناکیی، مۆلەکە.

خەتیب: (خطیب/ع) دووانبێژ.

خەجاڵەت: شەرم، شەمەساریی (لە خجلي عەرەبییەوە).

خەرابەزار: کاولە.

خەرافات: (خرافات/ع) شتە ئەفسانەیی- پڕوپووچەکان.

خەرمەن: (ف) خەرمان.

خەرمیز: (ف) میزی کەر.

خەریتە: (خریطة/ع) نەخشە.

خەریف: (خریف/ع) پاییز.

خەزان: پاییز.

خەزانش: پاییزیش.

خەزانە: (خزانة، خزینة/ع) گەنجینە.

خەسار: (خسارة/ع) زیان.

خەسم: (خصم/ع) ناحەز، دوژمن، ناکۆک.

خەفایا: (خفایا/ع) نهێنییەکان.

خەفیف: (خفیف/ع) سووک.

خەڵاتی نۆبێڵ: خەڵاتێکی بەنێوبانگی گێتییە کە بەنێوی زانا و داهێنەری تەقەمەنیی (دێنامێت)ەوە؛ (ئەلفرێد نۆبێڵ Nobel Alfred؛ ١٨٣٣ز-١٨٩٦ز) نێونراوە و خەڵاتەکەش بڕاوەتەوە بۆ کردەوە و کۆششی زانستیی دەگمەن و دانسقە لە مەیدانەکانی؛ فیزیا، کیمیا، پزیشکی... هەروەها بۆ تواناکانی مەیدانی ئەدەب و ئاشتیی لە گێتییدا.

خەلەل: (خلل/ع) ناتەواویی، کەموکورتیی.

خەڵوەت: (خلوة/ع) گۆشەگیری.

خەم: کۆماو، چەماو، چەوت.

خەمیی: لاربوونەوە.

خەندان: ڕووخۆش، ڕوو بەخەندە.

خەوش: هەڵە، کەموکووریی، عەیب.

خەیاڵ: (خیال/ع) ئەندیشە.



خەیر: (خیر/ع) فەڕ، چاکە.

خەیلی -خەیلێ: (ف) زۆر.

خیانەت: (خیانة/ع) ناپاکیی.

خیتابەیا: دووانێ، نامەیێ. (لە خطابي عەرەبییەوە!).

خیرام: (ف) ناز و جوانیی، ڕۆیشتنی بەناز و لەنجەولار.

خێر: نەخێر، نا.

خێرەسەر: سەربەخێر، سەروەخێر.

خیلاف: (خلاف/ع) ناکۆکیی، ناتەبایی.

**- د -**

دا: تا.

دائیم: (دائم/ع) هەمیشە.

داخیل: (داخل/ع) لەنێودا.

داخیلییە: (داخلیة/ع) دەزگەی کاروباری نێوخۆیی.

دارا: پاشاییێکی ئەخمینییە. دارای یەکەم لە (٥٢١-٤٨٦پ.ز)دا فەرمانڕەوابووە.

داروتەدریب: (دار التدریب/ع) وەک کۆلێجی خوێندنی کاروباری سوپایی بووە و لە سەرەتای دامەزراندنی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا دامەزرا.

داعیی: ئەز، من.

داغدار: داخدار، سووتاو، خەمبار.

دافیع: (دافع/ع) لابەر، هاندەر، پاڵپێوەنەر.

داک: داییک.

دالادیێە: ئەدوارد Daladier Edward (١٨٨٤ز-١٩٧٠ز)؛ فەڕنسییەکی سیاسەتبازکە سێ جار سەرەوەزیر بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٣ز، ١٩٣٤ز-١٩٤٠و هەروەها لە ١٩٣٨ز-١٩٤٠.زدا وەزیری بەرگری بووە و «پەیمانی میۆنیخ -١٩٣٨ز»ی مۆرکرد. ئەڵمانەکان گرتیان تا ساڵی ١٩٤٥ز.

دامان: دامێن، داوێن، پەراوێز.

دامەعومروهو: (دام عومره/ع) تەمەن درێژ بێت!.

دامەشەوکەتوهو: (دام شوکتە/ع) هەر بەهێز بێت!.

دانا: زانا.

دانتان: (مەبەست گان دانە/ بنۆڕە:نامەی شێخ ڕەزا).

دانس: Dance (E) سەما، لۆغان.

دانیشمەند: (ف) دانا، زۆرزان.

داوەت: (دعوة/ع) شایی، زیافەت.

دبتە: دەبێتە!

دبەری دا: لە پێشدا.

دبهیستی: دەبیستی.

دتەلفی: تەلەف(ع) دەبێت، لەنێو دەچێت.

دجڤێ: کۆدەبنەوە.

دحق زی: (ع مووسلاویی) بنۆڕە.

ددت: دەدات.

دروست کونەندە: (ف) دروستکەر، بنیاتنەر.

درەو: درۆ.

درەم: درهەم (دراخما/G) پارەیێکە لە یۆنانستانی کۆندا هەڵکەوتووە، دوای عەرەبەکانیش پارەیان بەهەمان نێوەوە نێو برد. تا ئەم چەندانە لە عێراقیشدا بەکار دەبرا و نرخی ٥٠ فلس بوو.

دزانت: دەزانێت.

دشکینی: دەشکێنیت.

دڤێ: دەیەوێت، دەخوازێت.

دوقتۆر: دکتۆر، پزیشک.

دکم: دەکەم.

دڵارا: مایەی دڵخۆشیی، دڵ خۆشکەر.

دولبەر: دلبەر، یار، دۆست.

دڵ خواهیی: خواستی دڵ.

دڵنشین: دڵگیر، پەسەندی دڵ.



دما: دوا، ئاخافت.

دمە: دەما، دەمایەوە.

دنێدە: لە دنیادا.

دوجەیل: ماواکەی مەجنوون، ئەو بیابانەی کە مەجنوونی دڵداری لەیلێی تێدا وێڵ بوو.

دود: (ف) دوکەڵ.

دوڕ: مرواری درشت.

دووڕ: لە ئەوێدا.

دوڕییدە: چەشنی دوڕ.

دوزد: (ف) دز.

دۆس: دۆست.

دۆسیی: دۆستیی.

دوعاخوانیی: دوعا خوێندن. دوعا گۆیی.

دۆڤەر: Dover (E) تەنگەی نێوان فڕانسە و بریتانیایە و باژێڕیکیشە لەنێوچەی (کانت)ی ئینگلتەرا و بەندەرێکی گرنگە. لەبەر گرنگییش نێوبراوە بە «کلیلی ئینگلتەرا» و فڕانسەکان پێی دەڵێن «پادی کالێیە» و ٣٣کم لە فڕانسەشەوە دوورە (لە دوای ساڵی ١٩٩١ز. ڕاوە، کوردە ئاوارەکان لە فڕانسەوە بەنهێنی دەپەڕینەوە بۆ دۆڤەر).

دومتم: (دمتم/ع) هەرێمێن.

دوون: (دون/ع) نزم، سووک، بێ لە.

دوونەرگس: دوو چاوی نێرگز ئاسا.

دۆن ژوان: دون خوان Don Joan(L) لاوێکی جوان و مێبازێکی داوێ پیس. وێڕاش کەسێکی ئەفسانەیی کە ڕەفتاری سەرکێشی کردووە بەرەو موتڵەق، بەڕادەیێ کاری لە هونەرمەند و شاعیر و ئەدیبان کردووە بەسەری بکەنەوە، وەک؛ مووسیقەزان موتسارت، و شاعیر و ئەدیبانی وەک مۆلێر، پێلزاک، بیرناردشۆ.

دووی: دوکەڵی، دوای.

دووێ: دوونێ، دوێنێ.

دوها: (ف) دانا، زانا. (لە دها ءی عەرەبییەوە).

دە: لە.

دەرئامەد: (ف) داهات، دەرامەت، سوود، دەسکەوت.

دەبوور: (ف) ڕەشەبا.

دەبوستان: (ف) قوتابخانە، فێرگەی سەرەتایی.

دەبیرستان: (ف) قوتابخانەی دوای سەرەتایی، نێوەندی و ئامادەیی.

دەخەوتێ: دەئاخوێت، دەبێژێت، لێت دەخوێنێت.

دەخیل: (دخیل/ع) پەنابە، هاوارە، ئامان.

دەربەکی: لێدانێکی، زەبرێکی.

دەرحەق: لە بارەی، لە مەڕ، لە ئاستی (دەرهەق).

دەرز: (درس/ع) وانە.

دەرس: دەرز.

دەرکێ: دەرگە، دەرکە.

دەرهەم: (ف) شێواو.

دەرەجە: (درجة/ع) پلە.

دەستوور و عەمەل: (دستور العمل/ع) کارنامە.

دەسماڵ: دەستەسڕی سەر چۆپیی کێش، دەستەسڕ، هەروەها کوتاڵێکی ناسکی ڕەنگینە کە ژنانی کورد دەیخەنە سەر شان و لە ملیاندا گرێی دەدەن.

دەسەری: لە سەری.

دەسیسە: (دسیسة/ع) پیلان، خۆ تێ هەڵقوراندنێکی خراپ.

دەشتی فەقیەکان: تەختاییەک بووە لە گەڕەکی «سەرکارێز»ی سلێمانیی کۆندا و لە نزیک گردی سەیوانەوە بووە.

دەعەمەل: بەکارهێنان، بەعەمەل.

دەعەوات: (دعوات/ع) بانگ، تکاکاریی.

دەعوا: (دعوی/ع) باسێ، گلەیی، شەڕێ.

دەخڵ: دەغڵ، دانەوێڵە.

دەفع: (دفع/ع) لابردن، پاڵ پێوەنان.

دەفعە: (دفعة/ع) جارێ، کەڕەتێ.

دەقیانووس: ئیمپراتۆری ڕۆم بووە، لە ساڵی ٢٠١ز هاتۆتە سەر تەختی پاشایی لە ساڵی



٢٥١ز کوژراوە، بەهۆی ئەشکەنجەدانی مەسیحییەکانەوە بەناوبانگ بووە، دەڵێن هاوچەرخی (اصحاب کهف) بووە، لە ئەسڵدا (دەقیوس) بووە و گۆڕاوە و بووە بە دەقیانووس. (فرهنگ معین).

دەگەڵ: لەگەڵ، لەنک.

دەلاک: (دلاك/ع) سەرتراش.

دەلالەت: (دلالة/ع) میهرەبانیی، نیشانەیێ یان بەڵگەیێ.

دەلیل: (دلیل/ع) بەڵگە، نیشانە، ڕێنوێن.

دەم: دەمەی ئاسنگەر، مووشەدەمە، دڵ.

دەماوەند: بەرزترین کێوی ئێرانە و کەوتووەتە لای «تاران»ەوە.

دەوان: (ف) حاڵەتی ڕاکردن.

دەورە: (دورة/ع) خول، سەردەم.

دەی: بدەیت.

دەیجوور: (ف) تاریک.

دەیر: (دهر/ع) کۆنە ساڵی، دێرین.

دەیرە: درەنگە، شێتە.

دەین: (دَین/ع) قەرز.

دهۆک: باژێڕێکی کوردستان باشوورە، ساڵی ١٩٦٨ز، چووە ڕیزەی پارێزگاکانی کۆماری عێراقەوە کە پێشتر قەزابوو.

دهێ: دێن.

دیاربەکر: (ئامید) لە کۆندا؛ باژێڕێکی ئاوەدانی کوردستانی باکوورە و دەکەوێتە سەر لێواری چەپی ڕووباری دیجلە. لە ڕابردوودا مەڵبەندی میرنشینەکانی کورد بوو تا لە س ١٥١٥ز.دا عوسمانییەکان داگیریان کرد.

دیبا: (ف) جۆرە کوتاڵێکی ئاوریشمینی ڕەنگینە.

دیپلۆم: Diplome باوەڕنامەیێکی خوێندنی یێکێ لە زانستەکانی کۆلێجێکی خوێندنی باڵایە.

دیدە: چاو.

دێرەدا: لە ئێرەدا.

دیزانم: دەیزانم، دەزانم.

دی ژیی: هیی دیی.

دیف: لە دوایەوە.

دیقەهەم: دەقەهەم، قەهر- خەم دەخۆم، خەمگینم.

دیکە: هی دی.

دێڵەبەبا: سەگی مێ کە بای ئارەزووی هەڵیکردبێت.

دیموکراتیی- دیموکراسیی: Democrasy وشەیێکی تێکەڵە لە دوو وشەی گریکیی «دیمۆس= گەل» و «کراتۆس= فەرمانڕەوایی» و واتەی سیاسییانەیشی (حکوومەتی گەل) دەگرێتەوە. بەرۆشنایی ئەم واتە گشتییەیشی دیارە کە جێی هەرە باوەڕێکی تێدا دەبێتەوە کە سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان؛ هێنانە دیی خواستەکانی گەل بێت. دیسان هەر ڕژێمێکی سیاسییش دەگرێتەوە کە بنچینەی فەرمانڕەوایی، گەل خۆی بێت چ لە هەڵبژاردنی ئازادانەی فەرمانڕەواکاندا، چ بەچاودێری کردنیان لە دوای هەڵبژاردنیانەوە.

دیموکراتیی نوێش دوو جۆری هەبووە:

١- دیموکراتیی خۆرئاوایی کە بنچینەکەی هەردوو شۆڕشی ئەمریکا و فڕانسەیە.

ئەمەشە دوو کۆڵەکە ڕاگیری کردووە:

١/١: باوەڕ بەسەروەریی گەل بۆ ڕەوابوونی هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان و چاودێری کردنیان.

٢/١: باوەڕ بەمسۆگەرکردنی سەربەستیی تاکە کەسیی لە مەیدانەکانی سیاسەت و ئابوورییدا.

٢- دیموکراتیی میللیی کە لەسەر بنچینەی سیاسیی و ئابووریی ڕاگیرە و (کارل مارکس)ی فەیلەسووف کۆڵەکەکانی داکوتا.

ئەم جۆرەش لە بەرەی خۆرهەڵاتی هەڵوەشاوەدا بەکار برا و مخابن ئەنجامەکەی -لە کۆتایی هەشتاکاندا- دەرکەوت و وڵاتەکانی ئەو بەرەیە پاشگەز بوونەوە و دیموکراتیی جۆری یەکەمیان پەسەند کرد. (ڕاستییەکەیشی لە سەر ئەم زەویەدا، لە هیچ وڵاتێک و بەرەیێکدا، دیموکراییەکی موتڵەق -ڕەها نییە!).

دین: دیتن، چاو، شێت.

دێوانە: پەتیارە، شێتۆکە.



- ڕ -

ڕا: (ڕاهـ/ف) ڕێگە.

ڕابیتە: (رابطة/ع) پێوەندیی، تێکەڵیی.

ڕاپۆر: (E) Report بەدواچوونی باسێ و لێ نووسینی بەنامە.

ڕاجیع: (راجع/ع) گەڕاو، دەگەڕێتەوە، هۆی.

ڕاحەت: (راحة/ع) حەسانەوە.

ڕازیی: (راض/ع) پەسەندکەر.

ڕازیار: سەرگوزشتەدار.

ڕاس: ڕاست.

ڕگە: ڕێگە.

ڕاگیرکەم: ڕاگیر بکەم، دەستەمۆ کردن.

ڕاهـ: ڕێگە.

ڕجا: (رجاء/ع) تکا.

ڕسق: (رزق/ع) ڕووزیی، دەستکەوتی ڕەنجی شان و کردەوەی چاک.

ڕنەک: شانەیێکی گرنج گرنجیی ئاسنینە بۆ لادانی کرێشی وڵاخ بەتایبەتی وڵاخی بەرزە.

ڕوئەسا: (رؤوساء/ع) سەرکردەکان.

ڕوخسەت: (رخصة/ع) ڕێگەدان، مۆڵەت دان.

ڕۆزفێڵت تیۆدۆر: Roosvelt Theodore (١٨٥٨ز-١٩١٩ز) سیاسەتبازێکی ئەمریکا و بیست و شەشەم سەرۆکی وڵاتە یێکگرتووەکانی ئەمریکا لەنێوان س ١٩٠١ز-١٩٠٩ز.دا.

ڕۆژگار: (ف) ڕۆژگار.

ڕۆژنامە: ڕۆژنامە.

ڕۆماتیز: Rheumatism ڕیۆماتیزم؛ نەخۆشیی باداریی ئێسک و خوێن.

ڕۆ: ڕۆژ.

ڕۆح: (روح/ع) گیان.

ڕۆم: تورکی عوسمانیی.

ڕۆما: Roma پێتەختی کۆماری ئیتالیا لە ئەوروپادا.

ڕۆمان (L): Roman چیرۆکی درێژ.

ڕۆمانیا: Romania وڵاتێکە کەوتووەتە خۆرهەڵاتی ئەوروپای باشوورەوە و لەنێوان ڕوسیا و چیکۆسلۆڤاکیای جاران و مەجەڕستان و یۆگۆسلاڤیای جاران و بۆلگاریادایە. بەرەکەی ٢٣٧ر٠٠٠کم٢، و دانیشتووەکانی پتر لە (٣٠) ملیۆنێ دەبێت و پێتەختەکەی (بوخاریست)ە. لە سەرەتای سەدەی پانزەدا تورکی عوسمانیی حوکمڕانیی بوو تا لە ساڵی ١٨٧٨ز.دا سەربەخۆیی وەرگرتەوە و بوو بەوڵاتێکی پاشانشین. لە دوای (٢.ج.گ) و ساڵی ١٩٤٧ز. ڕاوە بوو بەکۆمارێکی میللیی سەر بەبەرەی خۆرهەڵاتی سۆشیالیست، بەڵام لە ١٩٨٩/١٢/٢٥ز.دا ڕاپەڕینی خەڵک و سوپا کۆتاییان بەئەو ڕژێمە هێنا و سەرەک کۆمار (تشاوسیکۆ) و کابانەکەیان دەستڕێژ کرد و ڕژێمەکە لای دا بەلای بەرەی خۆرئاوادا.

ڕۆنێ: دابنێ.

ڕەئووف: (رؤوف/ع) دڵنەرم، بەزەوییدار.

ڕەئسمال: (رأسمال/ع) سەرمایە.

ڕەئیسولوزەرا: (رئیس الوزراء/ع) سەر وەزیران.

ڕەحەت: (راحة/ع) حەسانەوە، ئارام، هێوور.

ڕەحمەک: ڕوحمەک، بەزەییەک، ڕەحمێک.

ڕەد: (رَدّ/ع) وەڵام.

ڕەزا: (رضاء/ع) قاییل بوون، پەسەندکردن.

ڕەعنا: جوانیی.

ڕەعناکەش: جوان ڕاکێش ئەگەر (ڕەعناکوش) بێت، واتە جوان کوژ...؟

ڕەغمەن: (رغماً/ع) وێڕا، سەرباره.

ڕەفاه: (رفاه/ع) خۆشحاڵیی. (رفاهیه)؛ خۆشگوزەرانییە.

ڕەفع: (رفع/ع) بەرزکردنەوە.

ڕەفیق: (رفیق/ع) هاوەڵ، هەڤاڵ.

ڕەواق: (رواق/ع) هەیوان، ڕێڕەو سەقفداری ناو خانوو.

ڕەسووڵ: (رسول/ع) ڕاسپێردراو، پەیامبەر.



ڕەشت: باژێرێکی ئێرانە.

ڕەشح: (رشح/ع) تەڕایی، شێ.

ڕەشۆل: ڕەشۆل کوڕی عەبدوڵڵا (١٩١٣ز. سلێمانیی ١٩٧٤/٧/٤. دەربەندی ڕایات) مەقامبێژی کود. گۆرانیی بەر قەوان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کەوتووە!.

ڕەققاس: (رقاص/ع) سووڕخۆر. سەماکەر.

ڕەقیيب: (رقیب/ع) پاسەوان، چاودێر، دوو کەس یەک دلبەریان خۆش بووی و دوژمنایەتی لەگەڵ یەکتری دا بکەن هەر یەکەیان ڕەقیبی ئەوی تریانە.

ڕەما: ڕاکردن.

ڕەموودەن: (ڕەمیدەن/ ف): ترسان و هەڵاتن، سڵ کردن.

ڕەنجووریی: خەمباریی، نەخۆشی، بیماری.

ڕەوان: ئەویی بڕوات، بچێت، (جاریی)، حاڵەتی ڕۆیشتن.

ڕەونەق: (رونق/ع) بریسک و هوور، بازاڕ گەرمی.

ڕەه: (ف) ڕێگە.

ڕەهزەن: (ف) ڕێبڕ. چەتە.

ڕەهن: (رهن/ع) بارمتە. لە بریی دانراو.

ڕەهنمایی: ڕێگەنوێن، ڕێگەنیشاندەر.

ڕەهوار: ئەسپ یان ئێستری خۆشڕەو، ڕاهوار.

ڕەهەند: خەندەک، ئاوەڕۆی ئاوی پیس.

ڕیا: (ریاء/ع) مێچکەیی، مەرایی، خۆبردنەپێش، خۆبەباش و پیاو نیشان دان.

ڕیاز: (ریاض/ع) بەهەشت. باخچە.

ڕیازەی بەدەنییە: (ریاضة بدنیة/ع) وەرزش.

ڕیاسەت: (رئاسة/ع) سەرۆکایەتیی.

ڕتیبە: ڕشتووە.

ڕێستۆران: Restaurant (E) چێشتخانە. (لۆکەندا، لۆقنتە «L»).

ڕیقابان: (لە «رقبة»ی عەرەبییەوە) گەردن؛ گەردنان.

ڕیققە: (رِقّة/ع) ناسکیی.

ڕیکاب: (رکاب/ع) ڕکێف، ئاوزەندیی.

ڕێکەن: بنێرن.
ڕێکی: بنێرێت.
ڕێگەئەست: ریگە است (ف) ڕێگەیە.

## - ز -

زابت: (ضابط/ع) ڕاگر، ئەفسەری سوپا -پۆلیس.
زات: (ذات/ع)؛ ١- هەر شتێ، هەر کەسێ. ٢- نەترسان، وێران.
زاتی: خۆ، من.
زاخۆ: ١- ساکۆ، ساقۆ؛ پاڵتاوێکی مشەممایە بۆ تەڕنەبوون. ٢- بازێڕۆکێکی کوردستانی باشوورە و ١١٤کم لە بازێڕی مووسڵەوە دوورە و دەکەوێتە سەر ڕووباری خاپوور. (لەمەڕ نێوەکەیشی قسەی جوێ جوێ هەیە... یێکێ دەڵێت لە «زاخۆتا»ی ئارامییەوە هاتووە! یەکێ دەڵێت «زا-ریوس»ی فەرماندەییێکی لەشکری «زەینەفوون»ەوە هاتووە کە پەلاماری کوردستانی کۆنی داوە و ناچار کراوە بکشێتەوە).
زار: لاواز.
زاریی: ناڵە، گریان، پاڕاندنەوە.
زاکیر: (ذاکر/ع) یادکەرەوە، ستایشکەری خوا، ستایشکەر.
زامزەدە: (ف) زامدار.
زامن: (ضامن/ع) متمانە -باوەڕپێکراو. دڵنیابەخش.
زانان: زانین، زانیوە.
زان و بزمین: (لە فەرهەنگەکانی کوردیی و فارسییدا واتاییم نەدیتووە).
زاهیر: (ظاهر/ع) دیار، لە ڕوو.
زاهیرەن: (ظاهراً/ع) بەڕواڵەت.
زاییع: (ضائع/ع) لەنێوچوو، ون بوو.
زبانزەدە: (ف) بەنێوبانگ.
زراعەت: (زراعة/ع) کشت و کێڵ.
زرتەبۆز: کەسێکی زل و قەبە.
زگار:



زمان گێرمان: زمان ئەڵمانیی (چەند گەلێکی وڵاتانێ کە بەزمانی ئەڵمانیی دەئاخوێن وەک، گەلی نەمسا، سویسرا).
زوان: زمان.
زوودیی: (ف) زوویی، خێرایی.
زووخ: (ف) کێم.
زور: (ف) زبر.
زۆر: توانا، هێز، باڵا دەستی، دەست درێژی.
زوڕراع: (زرّاع/ع) جوتێرەکان.
زول: (ذل/ع) سەرشۆڕیی، ڕیسوایی، شوورەیی.
زوڵم: (ظلم/ع) زۆر، ستەم.
زولێخا: لە ئەفسانەی ئایینییدا بەکابانی پووتیڤاری عەزیزی میسر ناسراوە و گۆیا عاشقی یووسفی کەنعان جوان بووە و داوای دەست تێکەڵیی لێکردووە و ئەویش بەگوێی نەکردووە. زولێخاش بوختانی بۆ هەڵبەستووە و تووشی بەندیی و زیندانی کردووە. دوای ڕستگار بوونی لە بەندیخانەدا، زولێخا چووتە سەر ڕێگەیی و بەرەوپیری چووە و شێن و شەپۆڕی لە ڕوودا نواندووە و داوای لێبوردنی لێ کردووە، هەروەها کە -خۆیشی پیربووە- باوەڕی بەپەیامبەریی یووسف هێناوە و ئەو ساتەش یووسف نزای بۆ کرووە و جوان بووتەوە و مارەی کردووە و بووە بەهاوسەر.
زومرە: (زمرة/ع) دەستە، کۆمەڵ.
زەبت: (ضبط/ع) زەوت، ڕاگرتن، داسەکنان.
زەحمەت: (زحمة/ع) گرانیی، چڕیی، ڕەنج.
زەڕ: زێڕ.
زەڕبەفت: (ف) بەزێڕ چنراو.
زەرف: (ظرف- مظروف/ع) ١- هەل. ٢- کیسەییێکی دروستکراوە لە قاقەز.
زەرکڵاو: کڵاوزەڕ- زێڕ.
زەروورەت: (ضرورة/ع) پێویستیی.
زەریف: (ظریف/ع) جوان.
زەرێ: کیژێ.

زەڕڕەبات: (لە «ذرّة»ی عەرەبییەوە) یێکجار ورد و بچووکتر.

زەڕەبین: شووشەی قۆقزیی بۆ گەورەکردنی وێنەی ورد.

زەڕین کولەهێ: کلاوزێڕ.

زەعیف: (ضعیف/ع) لاواز.

زەکا: (ذکاء- زکاة/ع) ١- زیرەکیی، زیخ. ٢- بەشە پارەیەکی بڕاوە لە داهاتی موسڵمانێ بۆ چاکە و باربووکردنی موسڵمانان.

زەلالەت: (لە زلزلەی عەرەبییەوە) لەرزە، پەریشانیی، (هەروەها ضلالة/ع) نادانیی، نەزانین، سەر لێ شێواویی.

زەڵم: سەرچاوەی ئاو و گوندێکی باکووری خۆرهەڵاتی (خورماڵ/ خۆرماد)ی سەر بەباژێڕی سلێمانییە.

بێژراوە کە ساڵی ١١٦٨ز بابە ئەردەڵانی فەرمانڕەوای شارەزوور قەڵاییێکی سەختی تێدا بنیاتناوە تا بەرگەی پەلامارەکانی خوسرەو پاشای فەرمانڕەوای ئامیدیی بگرێت کە گوێ ڕایەڵی سوڵتانی عوسمانیی سلێمان قانوونیی بووە.

لە چەمی «زەڵم»دا گەلێ ئەشکەوتی گەورە هەیە و ناسراوترینیان ئەوەیە کە بەرزییەکەی ٥٠مەترەیە و خەڵک بە قەڵای خان ئەحمەد خانی نێو دەبەن.

زەلیل: (ذلیل/ع) پەریشان، ڕیسوا، پەککەوتە.

زەم: (ضم، ذم/ع) ١- خستنەپاڵ. ٢- قسەی خراپی پاش ملە، دووزمانیی.

زەمانە: (زمان/ع) ڕۆژگار.

زەمزەمە: لەبەرخۆوە ئاواز خوێندن، لەبەر بەخۆوە گۆرانی وتن، دۆعا خوێندن بەهێواشی، لەژێر لێوەوە قسەکردن.

زەمیر: (ضمیر/ع) نیهاد، دڵ، ویژدان.

زەنگڵە: زەنگوولە، چلوورە.

زەنگۆگراف: Zingograph (E) دەرهێنانی کلێشەی وێنە و نووسین لەسەر مس.

زەوق: (ذوق/ع) ئارەزوو، چێژ.

زەهاویی: باپیری شاعیری بەڕەگەز کورد جەمیل سیدقی زەهاویی.

زەهیر: (ظهیر/ع) پشتیوان.

زەین: (ذهن/ع) بیر.

زێدە: زیادە، پتر.



- ژ -

ژ: لە.

ژار: ١- هەژار. ٢- زەهر.

ژاندارمە: Gendurma (F) جەندرمە، پۆلیس.

ژ ئیرووییە: لە ئەوڕۆوە.

ژ بەر: لەبەر.

ژ مەڕە: لە منەوە.

ژ نوبیا: بێوەژن.

ژ وان ڕە: لەئەوە – ئەوانەوە.

ژۆن تورک: (F) نەوجوان، لاوانی تورک پەرست.

ژەهێ: ژێ.

ژین: (ڕۆژنامەی ژین).

ژیهاتیی: لێ هاتیی، لێهاتوو.

- س -

سائیب سانیی: (صائب ثاني/ع.ف) محەممەد سایبب کوڕی میرزا عەبدوڕڕەحیم (١٦٠١ز- ١٦٧٠ز)؛ یێکێکە لە غەزەل خوێنە بەرزەکانی شیعری فارسیی کە بیری ورد، خەیاڵی بالا، دەربڕینی سفت، وێنەی گەش بووە و بە (سایببی تەبریزی)یش نێوبانگی هەیە و خۆی لە خانەدانێکی تەبرێزییەوە هەڵکەوتووە.

سائیرە: (سائر/ع) هیی دیی.

سابیت: (ثابت/ع) چەسپاو، سەلمێندراو.

سابیق: (سابق/ع) پێشوو.

ساحە: (ساحة/ع) مەیدان، دەست.

ساحیب: (صاحب/ع) ناسنێوێکە لە هێندوستانەوە تا نێوەڕاستی خۆرهەڵات تا نێوەڕاستی خۆرهەڵات -بەکوردستانی باشوورە- بەسەر ئینگلیزەکاندا دابڕاوە کە خاوەند یان خودان ماڵە و بە ساحیب بانگیان دەکردن یان قسەیان لەگەڵ دەکردن.

ساحیل: (ساحل/ع) کەنار، لێوار.

سادیر: (صادر/ع) دەرچوو.

سادیق: (صادق/ع) ڕاستگۆ، سەرڕاست.

سارا: (صحراء/ع) بیابان، دەشت.

ساعیی: (ساع/ع) بەکۆشش، سواڵکەر، باجگر.

ساعید: (ساعد/ع) بازوو.

ساغ: (ت) چاک.

ساف: (صاف/ع) پاک، لووس.

ساقیی: (ساقي/ع) مەیگێڕ، ئاوگێڕ.

ساکین: (ساکن/ع) نیشتەنیی، دانیشتوو.

سالار: سەردار، سەرۆک.

ساڵە خوردە: (ف) بەتەمەن، پیر، بەساڵداچوو.

سالیم سیفەت: سالیم ئاسا (سالیمی شاعیری کورد).

سامیی: (سامي/ع) بەرز، باڵا.

سایا: لە سایەی، لە سێبەریدا.

سایەدار: سێبەردار.

سپیرتیی: Spirita (E) ئەلکوهوول، مەی، ئەسپیرتۆ!.

سپیلک: چیاییێکی نێوان شەقڵاوە و سەلاحوددینە.

ستاد: State (E)دەزگەی باڵا، مەڵبەند، حوکوومەت.

ستارە: Star (E) هەروەها (ف)؛ ئەستێرە، ستێر!.

ستاسیۆن: Stasion (L) وێستگە، شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمووبێل، پاس، شەمەندووڤەر.

ستوون: گوتارێکی کورتی کەم درێژوکۆکە.

ستیوارت: Steward (E) نۆکەری پاپۆڕ.

سروە: بای فێنک، شەماڵ.

سزادار: شاییستە، شایان، بەجێ.

سفارش: (ف) ئەسپاردن، فەرمان بۆ جێ بەجێ کردنی کارێ یان پاراستنی شتێ.



سلّق: ڕووەکێکی گەڵا پان و تەنک و گەورەی کەسکە، بۆ شلەی خواردەمەنیی، هەروەها بۆ یاپراخ (ت) و دۆڵمە بەکاردەبرێت. باژێڕی کەرکووک سلّقی بەناوبانگە.

سلێمانیی: باژێڕێکی تەواو کوردنشینی کوردستانی باشوورە. لە ساڵی ١٧٨٤ز.دا ئیبراهیم پاشای بابان بۆ ڕێزی (سلێمان پاشای گەورە)ی مەمالیکە فەرمانڕەواکانی بەغدادەوە، بەنێویەوە ئاوەدانی کردەوە و پێتەختیی میرنشینی بابانی لە ١٨٥١ز.دا فەرمانڕەوایی بابانیش پاکۆ بوو کە تورکی عوسمانیی داگیری کرد. لە ١٩١٨ز-١٩٢٤.دا فەرمانڕەوایی کودستان و داگیرکاری بریتانیای بەخۆوە دیت تا لە دوا مێژوودا بریتانیا داگیری کرد و بەزۆر لکاندی بەمەملەکەتی عێراقی عەرەبەوە. باژێڕەکەی کە بەکوردایەتیی و ڕۆشنبیرییەوە نێوبانگی هەیە و ئەمیستە دانیشتووەکانی لە ٦٠٠هەزار کەس پترە، ١٠٥کم لە باژێڕی کەرکووک و ٣٧٠کم لە بەغدادەوە دوورە.

سککە: (سكّة/ع) پارەوپوولی لەفلز دروست کراو، وەک زێڕ و زیو، مس... هتد.

سکڵ:: پووڵوو، پەنگر.

سکوونەک: هێمناتیێ.

سکەندەر: (بنۆڕە: ئەسکەندەری گەورە!).

سوئال: (سؤال/ع) پرسیار.

سوب: (صبح/ع) بەرەبەیان، سپێدە.

سوبحدەم: دەمەو بەیانی، تاریک و لێڵی بەرەبەیان.

سوپەرمان: Soperman (E) زاراوەییێکی فەیلەسووفی ئەڵمانی (نیتشە F. Nietzs-che)یە بۆ پێناسینی مرۆڤێکی توانا و دانا و بێ هاوتا کە باڵاترە لە مرۆڤی ئاسایی بەخۆ ئازادکردن لە کۆت و زنجیرەکانی داب و دەستوور و خوو نەریتەکانی کۆمەڵیی باو و لە پێناوی ئازادیی و بەرزیی و کردەوەی دەگمەن و بەکەڵکدا.

سورعەت: (سرعة/ع) خێرایی، بلەزیی.

سوکنا: (سکنی/ع) جێگە نیشینی، جێگەی حەوانەوە.

سوکووت: (سکوت/ع) بێدەنگیی، خامۆشیی.

سولێمان: سلێمان پەیامبەرێکە کە ناسراویشە بە (سلێمانی دانا) و کوڕی داود پەیامبەرە.

سولەحا: (صلحاء/ع) پیاوچاکان.

سندووق ئەمینیی: (أمين صندوق) باوەڕ پێ کراوی گەنجینە.

سنووجات: (کۆی؛ صنج/ع) ئامێرێکی مووسیقەی لە زەرد دروستکراو و دەنگ قەبە و تیژە.

سنووحات: (کۆی؛ سنح/ع) هەل، هەلی بیروڕا دەربڕین بەجوانیی.

سۆما: ڕووناکی چاو، توانای چاوپێکەوتن.

سوممە: (ثم/ع) ئەوجا، ڤێجا.

سوننەت: (سُنَّة/ع) فەرمان، فەرماییشیتی پەیامبەری ئیسلام.

سوهوول: (سهول/ع) دەشتەکان (سهل/ع) ئاسان، سانا.

سوو: (ف) لا. (سوء/ع) خراپە.

سووڕ: (صور/ع) ١- چیاییێکە. ٢- ئامرازێکی مەعدەنییە بەفوو تێ کردنی دەنگێکی بەرزی لێ هەڵدەستێ. (سووڕی ئیسرافیل: شەیپووری ئیسرافیلیی سەرۆکی فریشتەکان کە لە ڕۆژی ڕاست بوونەوەدا -قیامەت-دا دەنگ دەکات و مردووەکان وریا دەکاتەوە!).

سونع: (صنع/ع) دروستکردن.

سویسرا: Swisse کۆمارێکی یێکگرتوو نێوەندی ئەوروپایە بەری زەوییەکەی **٣٩٨ر٤١**کم٢ و دانیشتووەکانی پتر لە ١٠ملیۆنێ دەبێت. ڕژێمەکەی بێ لایێنە و بنکەی چەند ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتییە. چەند کەمە نەتەوەیەکی بەزمان ئەڵمانیی و فڕانسیی و ئیتالیایی دەئاخوێن. لەسەر کشت و کێڵ و ئاژەڵ و گەشت و گوزاری بیانەکان ئابووریی پتەوی خۆی ڕاگرتووە. (پەیمانی لۆزان)ی شووم لە ئەم وڵاتەدا گەڵاڵە و مۆرکرا.

سە: (ف) ١- سێ. ٢- سەگ.

سەب: (سبّ/ع) جوێن.

سەبا: (صبا/ع) بای شەماڵ.

سەبر: (صبر/ع) ئارام، ئۆقرە.

سەبووریی: هێوری، دڵنەوایی.

سەبەب: (سبب/ع) هۆ.

سەبەبییەت: (سببية/ع) بەهۆکانەوە، هۆکاریی.

سەتوە: (سطوة/ع) دەسەڵات، هێز.

سەجییە: (سجيَّة/ع) خو و ڕەوشت.

سەححار: (سَّحار/ع) جادووکەر.



سەحەر: (سحَر/ع) بەرەبەیان.

سەحیفە: (صحيفة/ع) پەڕە، ڕۆژنامە.

سەخاوەت: (سخاوة/ع) بەخشندەیی، دەست بڵاویی.

سەد: (سدّ/ع) بەست.

سەدا: (صدی/ع) زایەڵە.

سەداقەت: (صداقة/ع) دۆستایەتیی.

سەداقەت شیعار: (صداقة شعار/ع) هەڵگری دروشمی دۆستایەتیی.

سەدر: (صدر/ع) پێش، سنگ، سینە.

سەدید: (سدید/ع) پرپەند؛ ڕاییێکی بەکەڵک.

سەراحە: (صراحة/ع) لە ڕوو، ئاشکرا.

سەرئاوەرد: (ف) سەربوهورد، بەسەرهات.

سەرئەفراز: (ف) سەربەرز.

سەر بەسەر: سەرتاسەر، هەموو، یێکە یێکە، گۆڕینەوەی دوو شت بەبێ باقیدانەوە.

سەرپشک: سەربەست لە هەڵبژاردنی هەر باسێ، شتێ، ئیختیاری ئازاد.

سەرچنار: سەراو و سەیرانگەییێکی ناسراوە و **٧**کم لە سلێمانییەوە دوورە.

سەرچەشمە: (ف) سەرچاوە، کانیی.

سەرد: (ف) سارد.

سەردار نەسرەت: (ف) سەرداری سەرکەوتوو؛ ناسنێوێکی سمکۆی شکاکی سەرکردەییێکی بزاڤی نەتەوەیی کوردە لە سەرەتای سەدەی بیستدا.

سەر داستان: (ف) سەرەتای داستان، پێشەکیی.

سەر دەفتەر: (ف) فەرماندەی دەزگەیێ، کۆمەڵێ.

سەرزەنشت: (ف) تەریق کردنەوەی یێکێ لە ڕووی ئامۆژگارییەوە، گلەیی، ڕەخنە، لۆمە.

سەر شار: پڕ بەجۆرێک لێی بڕژێت، لێوان لێو.

سەرشەقام: گەڕەکێکی کۆنی بابانە لە بازێڕی سلێمانییدا.

سەرف: (صرف/ع) خەرجیی، (صرّاف/ع) کەسێ پارە دەگۆڕێتەوە، پارەگۆڕ.

سەرفی نەزەر: (صرف النظر/ع) چاوپۆشیی.

سەرڤیتەر: Serviter (E) کارەکەر.

سەرگەرد: بەلاگەردان، قوربانیی.

سەرگەشتەگیی: (ف) سەرگەردانیی، ئاوارەیی.

سەرگوزەشتە: بەسەرهات، چیرۆک.

سەرلەوحە: سەرنێو، نێونیشان.

سەرمەشق: نووسین. (جاران کە منداڵ لە بەدەستی مەلایان فێری نووسین ببوایە، بەئەو نووسینەی دەبێژرا سەرمەشق).

سەرنوشت: (ف) چارەنووس.

سەروو: درەختێکی بەرزی گەلا زۆری بێ بەرە.

سەریح: (صریح/ع) لە ڕوو.

سەریع: (سریع/ع) خێرا، بلەرز. (سریعاً/ع) خێراتر.

سەعد ئەکبەر: (السعد الاکبر/ع) ١- یێکێ بەختی زۆر یاری بێت، پێی دەڵێن سەعدی ئەکبەرە. ٢- گەورەترین خۆشی. ٣- ئەستێرەی موشتەریی.

سەعدیی: سەعدیی شیرازیی شاعیری فارسیی؛ موسلیحوددین: (دەوروبەری ١١٩٣ز-١٢٩١ز).

سەعدییە: قزەڵڕەبات (ت) ئاوایێکی سەر بەباژێری دیالەیە کە موڵکی مەحموود پاشای جاف بووە و ئێستە ژێر ماڵەی دەوڵەتی عێراقی عەرەبە! (مەحموود پاشای جاف هەر لە ئەوێدا نێژراوە).

سەعیی: (سعي/ع) کۆشش.

سەغڵەت: (ئاڵۆزاو، گرژ، خەمبار.

سەغیر: (صغیر/ع) بچووک، منداڵ.

سەفا: (صفاء/ع) ١- ڕۆشن، پاکیژ. ٢- جێگەیێکی پەرستش بووە لەپێش ئیسلامەوە.

سەفاهەت: (سفاهة/ع) سەرەڕۆیی.

سەفیل: ( سافل/ع) سەرەڕۆ، سەرسەریی، چەپەڵ.

سەقیم: (سقیم/ع) ناپەسەند، زۆر چەوت.

سەکەنە: (سکنة/ع) نیشتەنیی.

سەلابەت: (صلابة/ع) پتەویی.



سەڵاحەددین: کوڕی نەجمووددین ئەییوبیی (١١٣٧ز-١١٩٣ز) کوردێکی پاڵەوانی ڕێگەی ئیسلام. ڕووخێنی دەوڵەتی (فاتیمی)ی میسر و دامەزرێنی خانەدانی (ئەییوبی لە میسر، یەمەن، شام، مووسڵدا. دوژمنی گەورەی خاچدارەکان کە ساڵی ١١٨٧ز. لە شەڕی (حەتین)دا (بەیتولمەقدیس)ی ڕزگار کرد و دوایی بەدانایی خۆیەوە ڕێگەی ئاشتیی گرت و لە س١١٩٢ز.دا ئاگربڕی مۆرکرد و هەر هێڵێکی سەر کەناری نێوان باژێڕەکانی (سووڕ) و (یافا)ی پێ ڕەوا دیتن. ئازایێکی ڕەووشت بەرز و جوامێر و زانستپەروەر ئاوەنداکەرەوەی مزگەوت، قەڵا، جۆگە، پەرژینەکانی قاهیرە، ڕەنگی کرد و کۆشی بەدوارۆژی (نەتەوەی کورد)یەوە نییە، چ لە ڕووی سیاسیی، کۆمەڵیی، ڕۆشنبیریی، ئاوەدانییەوە!. لە باژێڕێ (شام/ دیمەشق)دا بەخۆی و شمشێرەکەیەوە نێژراوە.

سەڵاحییەتدار: بەدەسەڵات.

سەلام: (سلام/ع) سڵاو.

سەلم و توور: دوو کوڕی فەرەیدوونی پاشای (پێشدادیی)ن کە لەنێو خۆیاندا بەشەڕ هاتوون و یێکیان قەڵاچۆ کردووە. بەئەو شوێنشە دەبێژرێت (سەلم و توور!).

سەما: سووڕدان.

سەمەرە: (ثمرة/ع) ١- بەری هەر درەختێکی بەکەڵک. ٢- ڕووداوێکی سەرسوڕمێن.

سەڵەوات: (صلواة/ع) سڵاو، نوێژگاریی.

سەماحەت: (سماحة/ع) لێبووردەیی.

سەمانیە: (ثمانية/ع) هەشت.

سەمەر: (ثمرة)، بەر.

سەمەن: (ثمن/ع) نرخ، بەها.

سەمیع: (سمیع/ع) گوێدێر، بیستوو.

سەنا: (ثناء/ع) ستاییش.

سەنادید: (صنادید/ع) دلێرەکان.

سەنت/ سێنت: Cent دراوێکی خۆرئاواییە ١/١٠٠ی دۆلارێکی ئەمریکییە -جاران نرخی ١٠فلسی عێراقی بوو- لە بریتانیا و هۆڵاندا بەکار دەبرێت.

سەنعان: شێخی سەنعان؛ پاڵەوانی چیرۆکێکی ئەڤینیی دانسقەیە کە گۆیا لە وڵاتێکی خۆرهەڵاتدا قەوماوە.

شێخی سەنعان پیرێ بووە و سۆفیی، گۆیا تووشی داوی جوانیی و عەشقی کیژە گاوڕێ بووە و لە پێناویدا لە ئایین گەڕاوەتەوە و مێزەر و سیواکی فڕێ داوە و زوننارێ گاورانی بەستووە و تیکەڵی ڕیزیان بووە. لایێنگر و دۆستەکانی چەند لێی پاڕاونەتەوە، پاشگەزنەبووتەوە و ئیدی ئەوانیش گۆیا چوونەتە لای (شێخی عەتار) (فریدالدین عطار نیشابوری) کە بە هۆنراو نووسیوێتی، دوای ئەو کراوە بەزۆر زمان و هەروەها چەند جارێ وەرگێڕدراوە تە سەر زمانی کوردی بەشێوەی کرمانجی خواروو، کرمانجی ژووروو و، گۆران تا ئێستا گەلێ کتێب و دیراسە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم داستانە بەزمانی فارسی و زمانە خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتییەکان نووسراوە!.

ئەم چیرۆکە ڕاست بێت یان درۆ، لە ئەدەبییاتی فارس، عەرەب، ئازەر، کورددا، بەنێوبانگە. یێکەم جار شاعیر فەریدوددینی عەتار لە (منطقة الطير/ مەنتیقوتەتەیر)دا لە ساڵی ١١٩٣ز، ئەوجا میر عەلی سەوایی لە (لسان طير/ لیسانولتەیر) لە ١٥٠١ز.دا، هەروەها شاعیری کورد فەقێ تەیران لە سەدەی شازدەدا و سەرەتای سەدەی حەڤدەی کۆچیدا، بەشیعر چیرۆکەکەیان هۆنیوەتەوە. لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییدا، بەشێوەی زمانی کرمانجیی باکوور، سۆرانیی، گۆرانیی، وێنەی هەیە و بەر چاپ کەوتوون. لە ئەمەش پتر هێندێ بیروڕا هەن کە چیرۆکەکە بەڕاست دەزانن.

سەنەد: (سند/ع) بەڵگە؛ قەباڵەییێکی ڕەسمیی و مۆرکراو.

سەنەوییە: (سنوية/ع) ساڵانە.

سەودا: سۆز، ئارەزوو، شەیدا.

سەوق: (سَوق/ع) ناردن.

سەوگەند: (ف) سوێند.

سەوییە: خوو، ئەتوار.

سەه: سەح، ئاگاداریی.

سەهەند: (ف) سێبەری چڕکە درەخت، زۆر سارد و سەرما.

سەییادی مەعنیی: (صياد معني/ع) ڕاوکەری ناسراو.

سەیید سادق: ئاواییێکی نزیک باژێڕێ سلێمانییە.

سەییدی مورسەل: (السيد المرسل/ع) پەیامبەری خودا محەممەد (د.خ).

سەوییە: (سويَّة/ع) ١- پێکەوە. ٢- خوێندەواریی.



سەهوو: (سهو/ع) هەڵە، لێ تێکچوون.

سەیرانگەه: سەیرانگە.

سەیل: (سيل/ع) لافاو. لێ شاو.

سەیوان: گردی سەیوان – سلێمانیی، چەتر.

سیا: (ف) ڕەش.

سیانەت: (صيانة/ع) پارێزگاریی. پاراستن.

سیححە: (صحة/ع) تەندروستیی.

سیحر: (سحر) فێڵ، جادوو.

سیخناخ: تێ ئاخنین، بەزۆر پڕ کردن، تێ تەپاندن.

سێر: (ف) تێر.

سێرئاب: (ف) تێرئاو؛ بەچیمەنێ دەڵێن کە تەڕ و گەش بێت!، هەرشتێ یان ڕووەکێ کە تێر ئاو بێ.

سێراو: تێرئاو.

سیغار: (صغار/ع) ١- بچووکەکان، زارۆکان. ٢- سیغار: کاغەزی جگەرە کە پەڕەییێکی بچووک و تەنکە و توتنەکەی تێدا دەپێچرێتەوە.

سیلاح: (سلاح/ع) چەک.

سیما: (سيماء/ع) ڕوو.

سیم: (ف) زیو.

سیمبەر: بەرزیوین، سنگ و مەمکی سپی و ساف و بێگەرد.

سیمین: (ف) زیوین.

سیمین تەن: (ف) تەن زیوین، لەش و لار زیوین.

سیمین زەقەن: (ف) چەناگە زیوین، چەناگە سپی و جوان.

سیمین عوزار: (ف) ڕوخسار زیوین، دەموچاوی سپی و ساف و جوان.

سین: Seine (F) ڕووبارێکی فڕانسەیە و دەڕژێتە دەریای «مانش»ەوە و درێژاییەکەی (٧٧٦کم)ە.

سینە: (ف) سنگ.

سینه ساف: دڵپاک.
سیننی یەئس: (سن الیأس/ع) تەمەنی ناهومێدیی؛ ئافرەتێ لە سک کردن کەوت ئەو تەمەنەی بەناهومێدیی دەناسرێت.
سبیر: (ف) تێر، تێروتەسەل.

- ش -

شا: (ف)١- پاشا. ٢- شاد.
شاخ: لقی دار، چڵی گوڵ.
شاخه: دەنگ،لقی، چڵی گوڵ.
شارەزوور: نێوچەیێکی پڕ لە چیا و دەشتی سەر بەباژێڕی سلێمانیی. ئەمێستە بەدەشتە پان و بەرین و پیتەکەی دەبێژرێت شارەزوور، بەڵام لە سەردەمەکانی عوسمانییدا تا کەرکووک بەهەرێمی شارزوور لە قەڵەم دەدرا.
لەمەڕ ڕیشەی نێوەکەیشی قسە و باسی جوێ هەیە، هێندێ نووسەری عەرەب -بەهۆی کوشت و کوشتار و داگیرکاریی عەرەبە موسڵمانەکانی سەرەتاوە و بەرگریی خەڵکەکە- بە شاری زۆر و زۆرداریییان لە قەڵەم داوە. هێندێ بیانیی تا کوردیش -لەبەر پیتی خاکەکەی- بەشاری زێڕیان لە قەڵەم داوە..
تۆفیق وەهبیش بە (شەهرە زووڵ/ باژێڕی نشێو)ی لە قەڵەمداوە و گۆیا (تەیموری لەنگ) ئەم باژێڕەی کاولکردووە، بەڵام مێژووی کۆنترە و ڕیشەی دەچێتەوە سەر مادەکان.
شام: (ف) ١- ئێوارە، شەو. ٢- (ع) باژێڕی دیمەشقی وڵاتی سووریا.
شامیل: (شامل/ع) گشتیی.
شانا: وەشاندن.
شانای: هەڵ دان، وەشاندن.
شانەزەن: (ف) شانەکەر.
شانو: بوەشێنێ.
شاهی ئەدەبییات: پاشای ئەدەبییات.
شاهی دەوران: پاشای ڕۆژگار.
شاهی کوردستان: پاشای کوردستان/ مەلیک مەحموودی یێکەم؛ حەفیدزادەی مەحموود



شێخ عەبدولقادر گێلانی (٥٦١ز-١١٦٦ز)؛ ڕابەری ڕێبازی قادریی کە مەزارەکەی لە بەغدادە.
شاهی موحیت: پاشای وڵات.
شای سەر توجاران: (مەبەست خودایە).
شایەد: ئەگەر.
شڤان: شوان.
شکست: (ف) شکا.
شکڵ: (شکل/ع) شێوە.
شکەم: (ف) سک، زک.
شکەنج: (ف) ئەشکەنجە، پێچ و لوول، شکاندنەوە.
شنۆ: شنە، شنەی با.
شنروێ: چیایێکی لای هەڵەبجەیە.
شنە: شەپۆڵی شەماڵ.
شنەفتش: (ف) بیستنی، گوێی لێ بوو.
شوئوون ئیجتیماعییە: (شؤون إجتماعیة/ع) کاروباری کۆمەڵیی.
شوبباکێ: (شباك/ع) پەنجەرەی.
شوبهەیێ: (شبهة/ع) ١- وەک. ٢- گومان.
شوور: (ف) پشێویی، ئاژاوە، شەڕ.
شوعەرا: (شعراء/ع) هەستیاران، شاعیران.
شۆفێر: Chauffeur (L) لێخوڕی ئوتوموبێل و هاوتای.
شوکران: (لە: شکر/ع)ەوە؛ سوپاسگوزاریی.
شوت: شوشت، ششت.
شوورەت: (شهرة/ع) نێوبانگ.
شورووت: (شروط) مەرجەکان.
شورەفا: (شرفاء/ع) مەردەکان، ڕێزدارەکان.
شوهرەت: (شهرة/ع)، ناوبانگ.
شوهەدا: (شهداء/ع) خۆبەختەکان، گیانفیداکان، فیداکارانی پێناوی بیروباوەڕێکی ڕاست

و بەکەڵک.

شەئنین: شان و شکۆ.

شەب: (ف) شەو.

شەباب: (شباب/ع) لاویی.

شەبستان: (ف) جێگەی نووستن، حەرمەسەرا، تاریکستان.

شەپال: شۆخ و شەنگ.

شەت: (شط/ع) ڕووباری پان و گەورە.

شەجەر: (شجرة/ع) درەخت.

شەخس: (شخص/ع) ١- کەسێ. ٢- مەزاری پیاوچاکێ.

شەددی ریحال: (شد الرحال/ع) خۆگرکردنەوە بۆ کۆچ، خۆ ئامادەکردن بۆ کۆچ.

شەڕئەنگێز: (ف) شەڕ هەڵگیرسێن، شەڕانیی.

شەرت: (شرط/ع) مەرج.

شەرح: (شرح/ع) ڕاڤە، لێکدانەوە.

شەرحێم: واتاییم.

شەرع: (شرع/ع) قانوونی ئایین.

شەرق: (شرق/ع) خۆرهەڵات.

شەرمەند: (ف) شەرمن.

شەرەفخان: شەرەفوددین خان (**١٥٤٣**ز-**١٥٩٨**ز) کوڕی میر شەمسوددین ڕۆژەکیی؛ میری سەلیان و محەممەد ئابادی نێوچەی شیروان لە ئێراندا؛ (س**١٥٥٤**ز)، میری خێڵەکانی کورد -بەلوڕڕەکانیشەوە- لە ئێراندا: (س**١٥٧٦**ز). لە ساڵی (**١٥٧٨**ز.دا چووەتە پاڵ عوسمانییەکان و دوای ١٠ ساڵ لایێنگیریی و ئازایەتیی نواندن لە شەڕدا، بووە بەفەرمانڕەوای (بدلیس) و ناسنێوی (خان)ی خەڵاتکراوە. لە تەمەنی **٥٣** ساڵیدا دەسەڵاتی داوەتە دەست ئەبولمەعالیی شەمسوددینی کوڕی و خۆی دانا بۆ نووسینەوەی (مێژووی کورد و کوردستان) بەفارسیی، لە نێوانی **١٥٨٨**ز.-**١٥٩٧**ز.دا بەشی یێکەم و لە **١٥٩٧**ز-**١٥٩٨**ز.دا بەشی دووەمی دانراوە بەنرخەکەی (شەرەفنامە)ی تەواوکرد. شەرەفوددین ئەستێرەی بەختی کوردە و دانراوەکەیشی جەختی کوردایەتییەتی!.

شەرەر: (شرر-شرارة/ع) بڕیشکە، بریسکە.



شەریفیش: شەریفیی ئەو، بەڕێزی ئەو.

شەریک: (شريك/ع) شیرکەت، بەشدار.

شەعب: (شعب/ع) گەل.

شەفاعەت: (شفاعة/ع) تکاکاریی.

شەفەق: (شفق/ع) سپێدە، بەرەبەیان.

شەفیع: (شفیع/ع) تکاکار.

شەفیق: (شفیق-شفوق/ع) بەزەییدار؛ بەزەیی هاتنەوە بەکەسێکدا.

شەقاوەت: (شقاوة؛ لە شقي/ع) سەرکێشیی، سەرچڵیی.

شەقڵاوە: قەزاییێکی کوردنشینی سەر بەباژێڕی هەولێرە و (**٥٦**کم) لێی دوورە و کەوتووەتە دۆڵی چیای سەفینەوە. شوێنەکەی جەنگەڵستانە و پڕ لە درەختی بەردارە. هەروەها هاوینەهەوارێکی بەنێوبانگە.

(ڕیشەی نێوەکەی کۆنە و لە؛ شاقولی بەگی شا عەلیی بەگی کەولۆسی میری سۆرانی سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونیی عوسمانییەوە داکەوتووە و شاقولیی ئاوا -شاقولی ئاباد بووە!).

شەمس: (شمس/ع) خۆر، ڕۆژ.

شەمع: (شمع/ع) مۆم.

شەمیم: (ف/ع)) بۆن کراو، بۆن.

شەندەن: وەشاندنەوە.

شەوخێز بە: شەونخوونی بکە، بەشەومەنوور، شەو بەئاگابە.

شەوق: (شوق/ع) ڕووناکیی، ئارەزوو.

شەوکەت: (شوکة/ع) هێز، دەسەڵات.

شەوگەرد: شەوگەڕ: پاسەوانی شەو، پاساوڵی شەو.

شەه: (ف) شا، پاشا.

شەهدیی: شایەتیی.

شەهزاد: نەوەی شا، نەوەی پاشا.

شەهوەت: (شهوة/ع)، ئارەزوو.

شیار: هۆشیار.

شێخ عەلی: (لە ئێرەدا مەبەست شێخ عەلی تاڵەبانییە لە کەرکووک!).
شێخ هەباس: شێخ عەباس (دەڵێن پیاوچاکێ بووە و مەزارەکەی لە باشووری سلێمانییدایە و خەڵکیی بۆ هاتنەدیی مرازیان چوونەتە سەری و پارچە پەڕۆی کەسکیان پێوە کردووە!).
شیددەت: (شدة/ع) توندیی.
شیرین کەمەر: کەمەر شیرین؛ کەمەرێکی باریک و جوان، کەمەر باریک، ناوقەد باریک..
شێری یەزدانیی: ناسنێوێکی عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیبی چوارەم خەلیفەی موسڵمانانە.
شیعار: (شعار/ع) دروشم.
شیلین: Shilling پارێەکی ئینگلیزە و ١/٢٠ پاوەندێکە. جاران نرخی بەرامبەر ٥٠ فلسی عێراقیی بوو.
شیمال: (شمال/ع) ژووروو، سەروو، باکوور.
شیوەسوور: نێوچەیەکی پڕ کەند و شیوی نێوان باژێڕۆکی چەمچەماڵ و سلێمانییە.
شین: تیپی (ش)؛ گریان، گریانی بەکوڵ.
شێو: ١- خۆراک. ٢- کێلان.

- ع -

عائید: (عائد/ع) سەربە...، دەگەڕێتەوە.
عائیلە: ( عائلة/ع) خێزان.
عاتیر: (عاطر/ع) بۆندار.
عاجبات: (لە عجب/ع)ەوە؛ سەیر و سەمەرە، سەرسوڕمێن.
عاجیز: (عاجز/ع) بێ توانا، نەکارە.
عاجیلە: (عاجلة/ع) پەلە، بلەز، خێرا.
عادەتیی: (لە عادة/ع)ەوە؛ ئاسایی.
عادیلیی: (لە عدل/ع)ەوە؛ دادپەروەرانە.
عارتەن: شوورەیبیتە.
عاریز: (عارض/ع) ١- کۆڵەکە. ٢- ڕوومەت.
عاریف: ( عارف/ع) دانا، خوداناس.
عاسا: (عصی/ع) دار، داردەست.



عاسیفە: (عاصفة/ع) گەردەلوول، زریان.
عافییەت: (عافیة/ع) نۆش، چاکیی.
عاقیبەت: (عاقبة/ع) دواڕۆژ، ئەنجامی شت، ئەنجامی ژیان.
عالەم: (عالم/ع) دنیا. گێتیی.
عالەمەک: عالەمێ، خەڵکێکی زۆر.
عالیمان: زانایان.
عام: (عام/ع) گشت.
عامیل: (عامل/ع) پاڵە، کاریگەر.
عامیی: (عاميّ/ع) گشتیی.
عان: (آن/ع) هەل، هەنهووکە، ئەمێستە.
عوود: (عود/ع) سازێکی ژێداری مووسیقەی خۆرهەڵاتییە.
عۆدە: دەرەقەت.
عورەفا (عرفاء- العارفین/ع) دانا، زاناکان.
عورووس: ڕووس.
عوزر: (عذر/ع) بیانوو، بەهانە، (هەروەها بەمانای عوزری ئافرەت).
عوششاق: (عشاق/ع) دالّدارەکان.
عوقبا: (عقبة، عقباه/ع) دوایی، دواییەکەی، ڕۆژی قیامەت.
عوقدە گوشا: (ع/ف) گرێی کراوە.
عوقووبات: (عقوبات/ع) سزاکان.
عقوود: (عقود/ع) ملوانکەکان.
عولوویی: (علوّ/ع) بەرزییەتیی.
عومر: (عمر/ع) تەمەن.
عومران: (عمران/ع) ئاوەدانیی.
عومرێکە: تەمەنێکە.
عونسور: (عنصر/ع) ڕەگەز.
عەبدولمەنفەعە: (عبدالمنفعة/ع) پیاوی کەڵکی خۆی، ئەو کەسەی کە تەنیا سوودی خۆی بوێ.

عەتر: (عطر/ع) بۆنی خۆش.

عەجەب: (عجب/ع) سەیر، سەراسیمە.

عەجەبا؟: (عجباً؟/ع) سەیرە، ئایا؟.

عەد: (عدّ/ع) ژمارد.

عەداوەت: (عداوة/ع) دوژمنایەتیی.

عەدالەت: (عدالة/ع) داد.

عەدل: (عدل/ع) ١- داد. ٢- زەوییەکیی تەخت، پیاوێکی ڕاست.

عەدلییە: (عدلیة/ع) دەزگەی داوەریی.

عەدوا: (عدوی/ع) پەنا. هەوای ئەو دەردە.

عەدەم: (عدم/ع) نەبوون، پێچەوانەی هەبوون.

عەرائیز: (عرائض/ع) سکاڵانامەکان، ئەرزوحاڵنامەکان.

عەرز: (عرض/ع) خستنەڕوو، نواندن.

عەرعەر: سەرووی کێویی کە لە درەختی سەروو دەچێت؛ بەڵام هێندێ لە ئەو کورتتر و بچووکترە. (لە ئەدەبییاتدا بەقەد و باڵای دلبەر، یار بەراورد دەکرێت!).

عەزا: (عزاء/ع) سەبووریی، تازێ.

عەزاب: (عذاب/ع) ژان.

عەزم: (عزم/ع) نیاز، توانا.

عەزرەت: تاسە، ئارەزوو.

عەزیز: (عزیز/ع) ئازیز، خۆشەویست.

عەزیەت: (أذیة/ع) ژان، ئیش.

عەسر: (عصر/ع) سەردەم.

عەسکەر: (عسکر/ع) سەرباز.

عەفوو: (عفو/ع) لێ بوورین، بەخشین.

عەکس: (عکس/ع) پێچەوانە، درەوسانەوە.

عەلائەیی حال: (علی أيّ حال/ع) وێڕای، هەرچۆنێ بێ.

عەلاحیدە: (علی حدة/ع) بەجوێ، هەر یێکە بۆ خۆی.

عەلاقە: (علاقة/ع) پێوەندیی.



عەلاوە: (علاوة/ع) پتر لە ئەوە، وێڕای ئەوە.

عەلالحیساب: (علی الحساب/ع) لەسەر حسابەکە.

عەلالعەجەل: (علی العجل/ع) دەستوبرد.

عەلەمدار: کەسێ ئاڵای هەڵگرتبێت.

عەلیم: (علم/ع) ئاگەدار.

عەمبەربۆ: عەنبەربۆ؛ جۆرێکی برنجی بۆنخۆشە.

عەمەل: (عمل/ع) کار.

عەمەلە: کرێکار، پالە.

عەمیقەن: (لە عمیق/ع)ەوە؛ قووڵ، قووڵە.

عەنا: (عناء/ع) ئەرک، گران، ماندوویەتیی.

عەنان: (عنان/ع) چلەو (عِنان/ع) ئاسمان.

عەناسر: (عناصر/ع) توخمەکان، خەڵکانێ.

عەن قەریب: (عن قریب/ع) بەئەم نزیکانە.

عەنکەبووت: (عنکبوت/ع) جاڵجاڵۆکە.

عەواریز: (عوارض/ع) کۆڵکەکان، تەگەرەکان، کێشەکان.

عەوام: (عوام/ع) گشتیی، پیران.

عەوامیل: (عوامل/ع) هۆکان.

عەون الله: (عون الله/ع) بەیارمەتیی خودا، پشت بەخودا.

عەهد: (عهد/ع) گفت، بەڵێن، پەیمان.

عەیار: زۆرزان، فێڵباز.

عەیب: (عیب/ع) شەرم، خەوش.

عەیش: (عیش/ع) ژین.

عەین: (عین/ع) کانیی، چاو.

عەینەن: ١- چاوانمن. ٢- وەک.

عەینی: چاوم، وەک

عیبارەت: (عبارة/ع) بریتیی لە، واژە.

عیرفان: (عرفان) چاکە، زانست.
عیسمەت: (عصمة/ع) بێ گوناهـ.
عیسەیی: عیسایی، مەسیحایی.
عیشوە: ناز.
عیشوەرگەر: بەناز، لە خۆبایی.
عیففەت: (عفة/ع) پاکیژیی، داوێنپاکیی.
عیلاج: (علاج/ع) چارەسەر، تیمار.
عیللەت: (علّة/ع) هۆ، دەرد، پەنا.
عیمادییە: (عمادیة/ع) ئامێدیی؛ قەزاییێکی کوردنشینی سەر بەباژێڕی دهۆکە و ٩٠کم لێی دوورە. نێوچەکەی شاخاویی قەڵادارە. (بۆ ڕیشەی نێوەکەی قسەی جوێی هەیە... یێکێ دەڵێت؛ ئاشوورەکان پێیانگوتوو (ئامادی-ئامێدیی). یێکێکی دی دەڵێت عیمادوددەولەی دەیلەفیی کە لە ساڵی ٣٣٨-٩١٩ز.دا تێیدا بووە، ئاوەدانی کردووتەوە. هەیشە دەبێژێت؛ عیمادوددینی زەنگیی والیی مووسڵ دایمەزراندووە و باژێڕۆکەکە لە ئەوەوە نێوەکەی پێ براوە!!).
عیندەلحاجە: (عند الحاجة/ع) لە کاتی پێویستییدا.

- غ -

غائیب: (غائب/ع) نادیار، ون.
غائیلە: (غائلة/ع) خەم، کێشە، شەڕ، مەراق.
غابات: (غابات/ع) جەنگەڵستان.
غار: (غار/ع) ئەشکەوت.
غازووزی: Gazozi (L) ساردەمەنییەک وەک پیپسی و کۆکاکۆلا.
غافڵ: (غافل/ع) بێ ئاگە، بێ هۆش.
غالبیەت: (غالبیة/ع) زۆربە، بەشی هەرەزۆر.
غایە: (غایة/ع) مەبەست.
غوربەت: (غربة/ع) دوورە وڵاتیی، دوورە کەسیی، غەریبایەتی.
غورووب: (غروب/ع) خۆرئاوا بوون.



غوڵامان: (لە غلام/ع)ەوە؛ نۆکەرەکان، کوڕەکان.
غونچە: دەم، زار.
غەدر: (غدر/ع) کردەوەییێکی ناڕەواغ لە ییێکێ زوڵم و ستەم.
غەرەز: (غرض/ع) نیاز، مەبەست.
غەریب: (غریب/ع) نامۆ.
غەزەتە: Gazette (L) ڕۆژنامە، گۆڤار.
غەزەل: (غَزَلْ/ع) پێداهەڵدان، دڵداری.
غەفڵەت: (غفلة/ع) ناکاو، بێ ئاگەداریی، لە پڕێکدا.
غەڵەت: (غلط/ع) هەڵە، ناڕاست. چەوت.
غەمگوسار: (ف) خەمخوار.
غەمان: خەمان.
غەوواس: (غواص/ع) مەلەڤان، مەلەوان.
غەیب: (غیب/ع) پەنهانیی.
غەیبەت: (غیبة/ع) قسەی پاش ملە.
غەیر: (غیر/ع) بیانیی، بێ لە.
غەیرە مەعقوول: (غیر معقول/ع) ناپەسەند، ناماقووڵ.
غەیرەز: (ف) بێ لە.
غیابەن: (غیاباً/ع) بێ ئاگەداریی، بێ دیاربوونی ئەو کەسە.
غیزا: (غذاء/ع) خۆراک.
غیلمان: کوڕان، خولامان، نۆکەران.

- ف -

فائیدە: (فائِدة/ع) کەڵک، قازانج.
فابریقە: Fabrica (E) کوتاڵ (لەلای خۆمان بە: کارخانە، کارگە دەناسرێت!).
فاحیشە: (فاحشة/ع) سۆزانیی، ئافرەتیی بێ ئابڕوو.
فاچیست: Fashisim (E) فاشییەت: بەمانییێکی تەسک واتە؛ ڕژێمێکی سیاسی-ئابووریی کە (مۆسۆلینی) لە ئیتالیا بنیاتی ناو بەرە بەرە بردیە سەر تا لە ساڵی

١٩٢٢ز.دا پێ گەیاند و بە دۆڕاندنی (٢.ج.گ) لەنێودا چوو.

بەمانایێکی بەرینیشە، فاشیزم وەک سۆشیال نەتەوەپەروەرییە چۆن لە ئەڵمانیادا بەهۆی هیتلەرەوە و لە ئەسپانیادا بەهۆی (فرانکۆ Franco)وە هەڵکەوت.

فاشیزم؛ هەڵگەڕانەوەییێکی دژوارە کە چینە دەسەڵاتدارەکان لەڕووی شۆڕشی فڕانسە گرتییانە بەر تا دەسەڵاتی پێشوویان بگێڕنەوە. فاشیزم بەئاوازیی نەتەوەپەروەرییەوە یاریی دەکات و خۆ پێ با دەدات گۆیا دۆستییێکیی، قانوون، پاراستنی موڵکی تایبەتی، ڕەووشت مەسیحاییە. هەروەها گۆیا دوژمنێکی سەرسەرختی بەرەڵایی و ئاژاوەیە.

دوای شۆڕشی س١٩١٧ز.ی پۆڵشەویک و شۆڕشی پالەکان لە ئەڵمانیا، ئیتالیا، مەجەڕستاندا کەسانێکی زۆریان دا، بەتایبەتی دوای (١.ج.گ) کە پارتی کۆمەڵیی ئیتالیا دووچاری پشێویی و ناڕەزایی گشتیی بوو، بەرامبەر ئەو بڕە دەستکەوتەی ئیتالیا -بەخۆ تێ هەڵقورتاندنی لە جەنگەکەدا- دەستگیریی بوو؛ مۆسۆلینی هاتە پێشەوە.

مۆسۆلینی، پشێویی ئەو کاتە و لاوازیی حوکوومەتی بەهەل زانیی تا بۆی لووا خۆی بەڕستگارکەرێکی توانا بنوێنێت؛ گۆیا بۆ بڕینی دەستی ئاژاوەگێڕەکان و بەکرێگیراوەکان، هەروەها بۆ بەرهەڵستی شیوعییەت پەرۆشە!، لە ئەم هەڵپەیەدا ڕێکوپێکی پارتەکەی کە لاوانی (پەستەک ڕەش) و بێ کارە و ناڕەزا جۆر بەجۆرەکان هاتبوونە پاڵی، هەروەها هێزێکی دیکتاتۆرییانەی پشتیوان بوو.

فاشیزم و شیوعییەت -کۆمۆنیزم- لە دوو باسدا جودان:

فاشیزم: بنچینەکەی فەلسەفەی (داروین Darwin)ی پەیڕەو کردووە گۆیا؛ (مانەوە بۆ هەرە چاکە!). بۆ ئەمەش لاوان و تێکۆشان دەستمایەی بوو.

کۆمۆنیزم؛ بنچینەکەی فەلسەفەی (مارکس Marx)ە کە لەسەر زۆرانی چینەکان- نەبێ پارتایەتیی- ڕاگیراوە و مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی هاوبەشیی -سۆشیالیستییە و لایێنگیرەکانیشی گۆیا پاڵە و بێ کارە و هەژاران و چەوساوەکانە!

مخابن وێڕای ئەم ڕاست گوتنە، لە بەرەی خۆرهەڵاتی شیوعییدا هەر چینێکی دەسەڵاتداری بەرز جڵەوگیر بوو، چەوساوەکانیش خەونیان نەهاتە دیی و بەگۆڕینی ڕژێمی سۆشیالیستیش بۆ سەرمایەداریی، چەوساوەتر بوون.

فاریایی: (ألفارابي/ع) فەیلەسووفی موسڵمان ئەبو نەسر محەممەد (٨٧٠ز- ٩٥٠ز) کە یێکێکە لە گەورە وەرگێڕەکانی فەلسەفەی گریکیی -یۆنانی- بۆ زمانی عەرەبیی.



خۆیشی گەلێ دانراوی هەیە.

فاریغ: (فارغ/ع) چۆڵ.

فازیڵ: (فاضل/ع) چاک، بەڕێز.

فاسیدولئەخلاق: (فاسد الاخلاق/ع) بەدخوو، بێ ڕەووشت.

فاسیڵە: (فاصلة/ع) ماوەیێ، هەلی، پشوویێ.

فام: (فهم/ع) ژیریی.

فاییدە: (فائدة/ع).

ف دکری: تێ دەفکرێ، ورد دەبێتەوە.

فرانسز: Franch فڕانسیی.

فرزەند: (ف) ڕۆڵە، کوڕ یان کچ.

فرستادە: ٠ف) ڕاسپێردراو، نوێنەر، پەیامبەر.

فرسەت: فورسەت؛ (فرصة/ع) هەل.

فریب: (ف) فریو، دەستخەڕۆیی، هەڵخەڵەتاندن.

فسوون: ئەفسانە.

فوتووە: (فتوة/ع) لاویی، جوامێریی.

فوزەلا: (فضلاء/ع) کۆی (فاضل)ە.

فوسووڵ: (فصول/ع) وەرزەکان.

فوغان: ناڵە، هاوار.

فونوونی جەمیلە: (فنون جميلة/ع) هونەرە جوانەکان.

فوقەڕا: (فقراء/ع) هەژاران.

فۆتۆگراف: Photograph (E) وێنە.

فۆتە: سەرپۆش.

فۆرم: Form (E) بەش، شێوە.

فەتتان: (فتان/ع) ١- جوان. ٢- ئاژاوەگێڕ، دووزمان.

فەجر: (فجر/ع) سپێدە.

فەحس: (فحص/ع) لێ وردبوونەوە. لێ نۆڕین.

فەخامە: (فخامة/ع) مەزنیی، مەزن.

فەراغ: (فراغ/ع) چۆڵیی، بۆشایی.

فەڕڕاش: (فرّاش/ع) ڕاخەر، ئەوی ڕایەخ ڕادەخات.

فەرد: (فرد/ع) تاک، تاکێ شیعر.

فەرخوندە: (ف) پیرۆز، موبارەک.

فەرز: (فرض/ع) پێ ویسیت، کارێکی سەپێندراو، ناچارکردن.

فەرزەند: (ف) کوڕ و کچ، ڕۆڵە.

فەرسوودە: (ف) دارزان، داوەشان، ڕزیو.

فەرموودە بووت: فەرمووودت بوو.

فەریزە: (فريظة/ع) (بنۆڕە: فەرز).

فەزا: (فضاء/ع) بۆشایی، ئاسمان.

فەزائیل: (کۆی؛ فەزل -فضل) چاکە-کان.

فەزیلەت: (فضيلة/ع) چاک، پیاوچاک.

فەساحەت: (فصاحة/ع) زمانپاراویی، ڕەوانبێژیی

فەساد: (فساد/ع) پیسیی، گەندەڵیی.

فەسڵ: (فصل/ع) وەرز، بەش، جوێ کردنەوە.

فەسیح: (فصيح/ع) ١- ڕەوان. ٢- پانوپۆڕ.

فەعالییەت: (فعالية/ع) جموجووڵ، چالاکیی.

فەرق: (فرق/ع) تەوقەسەر.

فەرقەش: فەرقێ، جیاوازیی.

فەرمایشتات: (بەدەستوورێکی عەرەبیی بەکۆی «فەرمایشت» بێژراوە). واتە فەرمانەکان، ئەمرەکان.

فەرموودە: فەرمایشت، گوتە.

فەرمودەبوند: (ف) لەوە دەچێ کە (فەرموودەبوند) بێ!! واتە: فەرمووبوویان.

فەرەحناک: شادیی بەخش.

فەقەت: (فقط/ع) هەر هێندە، بەڵام.



فەقەرە: (فقرة/ع) بەش، کەرت.

فەقیران: (بەدەستوورێکی عەرەبیی بەکۆی «فەقیر -فقير/ هەژار» بێژراوە).

فەقێ: کەسانێکی ١٢-١٥ ساڵان کە دەچنە بەر فێرگەکانی زانستەکانی ئایین.

فەک: (فك/ع) ١- کردنەوە. ٢- چەناگە.

فەلاحا: (لە فلاحة/ع)ەوە؛ سەرکەوتن.

فەلاحە: (فلاحة/ع) جوتێریی، کشت و کێڵ کردن.

فەلاکەت زەدە: (ف) لێ قەوماوە، پەرێشان.

فەلەک: (فلك/ع) گەردوون.

فەمەن بەددەلەها بەعدەما سەمیعەها: (فمن بدّلها/ع) ئەویی دوای بیستنی دەیگۆڕێت!.

فەن: (فن/ع) هونەر.

فەنا: (فناء/ع) ١- تێداچوون. ٢- حەوشی ماڵ.

فەند: (ف) فێڵ.

فەوتاو: لەنێوچوو، پەککەوتوو.

فەوج: (فوج/ع) پۆل، پەل.

فەوران: (فوران/ع) هەڵچوون، هەڵقوڵان.

فەوزیا: (ئەی فەوزیی شاعیر).

فەوقولعادە: (فوق العادة/ع) لە ژوور ئاساییەوە.

فەوقولتەسەوور: (فوق التصور/ع) لە ژوور چاوەنۆڕییەوە.

فەیز: (فيض/ع) بەخشش، لێشاو.

فەیسەڵ: فەیسەڵی یێکەم پاشای عێراقی عەرەب و بەخانەدان حیجازیی.

فیتنە: (فتنة/ع) ئاژاوە.

فیدا: (فداء/ع) بەخت بوون بۆ مەبەستێکی پیرۆز.

فیرار: (فرار/ع) ڕاکردن، هەڵاتن.

فیراق: (فراق/ع) جودایی، لێک دابڕان.

فیردەوس: بەهەشت.

فیردەوسیی: (دەوروبەری ٩٧٤ز- ١٠٢٠ز) گەورەترین شاعیری فارس و مێژوونووس.

خاوەندی (شانامە).

فیعلەن: (فعلاً/ع) ڕاستییەکەی، ئێستا.

فیکر: (فکر/ع) بیر.

فیکرێ: بیرێ.

فیلحەقیقە: (في الحقیقة/ع) ڕاستییەکە.

فیووز: (فیوض/ع) کۆی فەیز.

فیهرەست: پێڕستی بابەتەکانی هەر دانراوێکی نووسراو.

فێس: جۆرە کڵاوێکی بیانییە، سوورەکەی پیاوانی ئایین، ڕەشەکەی ژنان دەیکەنە سەر.

## - ڤ -

ڤان: ئەوان.

ڤارسا پالاس: کۆشکی ڤارسیل لە پاریسی پێتەختی فڕانسەدا.

ڤی: ئەویی.

ڤێ: ئەوێ.

## - ق -

قابیل: (قابل/ع) شایستە.

قابینە – کابینە: Cabinet (E) دەستە، کۆمەڵ، خانەی جلک، ژوورێکی بچووک.

قاتیل: (قاتل/ع) کوشتە، پیاوکوژ.

قادرۆ: (ت–L) تۆمار، سیجل.

قارت–کارت: Card (E) پسوولەیەکی کاغەز یان مقەبیا کە بۆ مەبەستێ لەسەری دەنووسرێت. هەروەها وێنەیێ کە لەسەر پشتە نووسین دەنووسرێت.

قازان: دەوریی، کاپ–قاپ، تاسە.

قازانقایە: گوندێکی سەر بەئاوایی قەرەداخی سلێمانییە.

قاعیدە: (قاعدة/ع) بنکە. دەستوور.

قاشاو: فلچە یان پەڕۆیێ کە بەمل و سنگ و پشتی ئەسپ یان هەر وڵاخێکی بەرزەدا دەهێنرێت و خاوێن دەکرێتەوە و بەئەوە دەبێژرێت؛ قاشاو.



قاف: کێوێکی ئەفسانەیی مەزنە گۆیا یاجووج و ماجووج لە ئەوێدا بەندن.

قافڵە: (قافلة/ع) کاروان، قەتار.

قاق: (ف) وشک، زڕ.

قاقەز: کاغەز، نامە، پەڕەی نووسین.

قال: (قال/ع) گوتی.

قامەت: (قامة/ع) باڵا.

قامووس: (قاموس/ع) فەرهەنگ.

قانیع: (قانع/ع) ڕازیی بەشتێ.

قاوەڵتیی: شێوی نیوەڕۆ.

قزڵجە: ئاواییەکی –سەردەمی عوسمانییی– سەر بەقەزای پێنجوێنی سلێمانییی بوو.

قسان: ئاخاوتنەکان.

قسن: کۆمەڵە بەردێکی دەوری گۆڕی کەسێ کە گۆیا پیاوچاک بووە.

قسە: ئاخاوتن، گوتن.

قشڵە: (ت) قەڵا، سەرا.

قوبان: قوربان.

قوتار: ڕستگار.

قودرەت: (قدرة/ع) توانا.

قورنە: گۆشەی حەوشێ، گۆشە.

قۆڕ: ناقۆڵا، خراپ.

قۆربییەشکاو: جاران سەیرانگە و ئێستە گەڕەکێکی سلێمانییە و نێوی دێ لێ نراوە: (زەرگەتە).

قوسوور: (قصور/ع) ناتەواوی.

قول: (قل/ع) بڵێ.

قولە: قوللە.

قوماندان: Commander (E) کۆماندەر، سەرکردە، سەرفەرماندە.

قۆمیسەر: Commissary (E) کۆمیساری؛ فرمانبەر، قۆمیسەر– موفەووەزی پۆلیس کە توانای لێ کۆڵینی هەبێت و قانوون ڕێگەی پێ دابێت.

قووه: (قوة/ع) هێز.

قوویله: قوڵه، هەراو هوریا. (بنۆڕە: نامەی ناریی شاعیر).

قۆنغره: (E) Congress کۆنگرس، کۆبوونەوەی باوەڕ پێ کراوەکانی دەوڵەتان، یان پارتێ، کۆمەڵێ!.

قۆنیه: باژێرێکی وڵاتی تورکیایه.

قەبا: کەوا.

قەباڵە: قەواڵە، قەبارە؛ تاپۆی موڵک.

قەبایل: (قبائل/ع) خێڵەکان.

قەبر: (قبر/ع) گۆڕ.

قەبز: (قبض/ع) گرتن.

قەبووڵ: (قبول/ع) پەسەند.

قەبیح: (قبیح/ع) ناشیرین.

قەت: (قط/ع) هەرگیز.

قەتار: مەقامێکی مووسیقەی کوردییه.

قەتاره: پۆل پۆل، ڕیزه چن.

قەتره: (قطرة/ع) دڵۆپ، تنۆکه.

قەتعیی: (قطعي/ع) ببڕای ببڕ.

قەتڵ: (قتل/ع) کوشتن.

قەدیم: (قدیم/ع) کۆن.

قەراخ: لێوار، کەنار.

قەرەداغ: زنجیره چیایێکی نێوان کەرکوک و سلێمانییه که له کۆندا نێوبراوه به چیای «سەگرمه» و چیای «سەنگاو» و هیی دی. هەروەها ئاواییەکی سەر بەباژێری سلێمانییه. نێوەکەی ئێستەیشی تورکییه و ڕەسەن نییه، بەڵکو لێ کۆڵەکانی مێژووی دێرین به (کارداخ)ی وڵاتی کوردانی دەژمێرن.

له س١٩٨٨ز.دا بەر پەلاماری دوڕندانەی «پەلاماری ئەنفال»ی بەعسی عێراقی عەرەب کەوت و وێرای تەخت کردن و پاکۆدانی کیمیابارانیش کرا. دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد له س١٩٩١ز.دا به بازووی گەل و بەکوێرایی دوژمن، ئاوەدانکرایەوه.



قەرەیڵە: تەختێکی دارین یان ئاسنین بۆ لەسەر نووستن.

قەریحه: (قریحة/ع) ئارەزوو، ئیلهام، بەهره.

قەزا: (قضاء/ع) خواکرد، ئەویی خوا بڕیوبەتییەوه.

قەزییه: (قضیة/ع) باس، بابەت، مەسەله.

قەسەم: (قَسَمْ/ع) سوێند.

قەشقەعتوونو: (عەرەبیی مووسلاویی) دیتم.

قەلب: (قلب/ع) دڵ.

قەڵبەز: قەڵوەز، تاڤگه.

قەلەندەر: (ت) ڕەند.

قەڵەهێ: قەڵایێ (قەڵا).

قەمەر: (قمر/ع) مانگ.

قەنات: (قناة/ع) کەنداو، توون؛ (کەناڵ Canal).

قەند: شەکر؛ کەللە شەکر.

قەنج: چاک.

قەنجیی: چاکیی، جوامێریی.

قەوان: تەنێکی خڕه بەئەندازەی سینیه چایێکی بچووک که له فافۆن یا پلاستیک یان قیر دروست دەکرێت و دوایی بەشەپۆلی موگناتیسی دەنگی گۆرانیبێژێ، یان مووسیقەی بەسەردا دێت و ئەوجا به (گرامەفۆن Gramephon /مەکینەی قەوان لێ دان - سندووقی قەوان لێ دان) لێ دەدرێت که دەرزییەکی بچکۆله و سووکەڵه یان ڕووناکیی لێزەر له خولانەوەی قەوانەکەدا بەسەر شەپۆلەکاندا دێت و دەنگەکان بڵاو دەکاتەوه.

(بەوردبوونەوه و لێکۆڵینی من، قەوانی گۆرانیی کوردیی له نێوان س١٩٢٢ز-١٩٢٣ز.دا و بەتایبەتی له کوردستانی باشووردا، بەهۆی کارخانه بیانەکانەوه هەڵکەوتووه!).

قەوانین: (کۆی قانوون E/ Canon) یاسا (یاساغ، یاساق/ مەگۆڵەکان بۆ یێکێتیی خێڵەکانیان دایاننا)، شەریعەت؛ دەستووری ڕاگرتن و پاراستنی پێوەندییەکانی نێوان خودا و مرۆڤ و ئایین، هەروەها دەوڵەت و کۆمەڵ و تاکەکەس!.

قەومییه: (قومیة/ع) نەتەوه.

قەویی: (قويّ/ع) بەهێز، توانا.

قەویلە: ١- خڕی قوڵەی قەڵەو. ٢- قەبیلە، بەرەباب. (بنۆڕە: نامەی ناریی شاعیر).

قەهر: (قهر/ع) جەور، خەم.

قەیدناکا: دەربەست مەبێ.

قەیس: (قیس/ع) مەجنوونی بەنێوبانگی دڵداری لەیلای عامیریی.

قیامەت: (قیامة/ع) ڕۆژی ڕاستبوونەوەی مردووەکان و لێ پرسینەوەیان!.

قیامەتیچت: قیامەتیشت.

قیبتیی: (قطبي/ع) نەتەوەییێکی ڕەسەن و دانیشتووی میسری کۆنە کە هەموو شێوەکانی زمانەکەیان پاراستووە. ئەم نێوەیشیان بۆیێکا هەڵبژاردووە تا لە بیانەکانی نێو ئەو وڵاتەدا خۆ جویێ بکەنەو، کە بەزمانی گریکیی -یۆنانیی- دەئاخاوتن. قیبتییەکان مەسیحایی خاوەن دوو ڕێبازن، (ئەرتۆزۆکس و کاتۆلیک).

قیبلە: (قِبلة/ع) ئەو شوێنە تاکەیە کە ماڵی خودایە لە «مەککە»دا و موسڵمانان ڕووی نزا و نوێژی تێدەکەن.

قیبلەنوما: ئامێرێکی بچکۆلەیە و دەرزییەکی تەنک و سووکەڵەی لە نێوەندایە و لە داناندا لاکان نیشانە دەکات.

قیتعە: (قطعة/ع) کەرت، بڕ.

قیران: (قران/ع) هاوجووت.

قیسمەت: (قسمة/ع) بەش.

قیل: (قیل/ع) بێژراو.

قیمەت: (قیمة/ع) نرخ.

- ک -

کائینات: (کائنات/ع) گیانداران.

کابینەی ئینگلتەرا: ئەنجوومەنی وەزیرانی ئینگلتەرا.

کاتیب تەحریرات: (کاتب تحریرات/ع) نووسەری نووسینکاریی.

کاراکتەر: (E) Charocter پەسنی کەسێ، شەخسییەت.

کارخانە: کارگە، سەنعەتخانە.

کاشانە: (ف) لانە، هێلانە.



کاغەز: قاقەز، نامە.

کافر: (کافر/ع) گاوور، خودانەناس (لە نامەییێکدا مەبەست ئینگلیزە).

کاففە: (کافة/غ) هەموو، گشت.

کافیی: (کافي/ع) تەواو.

کافییێە: Cafe (L) قاوەخانە.

کاکۆڵ: مووی درێژ و شۆڕبوونەوەی سەر.

کاکیی بەکاکیی: دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ و دوور و درێژ. بیابانێکی بەرین.

کاڵ: گەورە، پیر، باپیر.

کالانە: چاڵی چاو.

کالین: گریان بەدەنگی بەرز، گریەییێکی زۆر بەکوڵ.

کام: ئارەزوو.

کامپ: Camp (E) خێوەتگە.

کامگار: (ف) بەهیوا گەیشتوو، بەخۆشیی گەییشتوو.

کامیاب: (ف) خۆشحاڵ، کامەران.

کانیی قادری داوودە: گوندێکی بەردەمی گەرمیانی کوردستانی باشوورە و خەڵکەکەی سەر بەخێڵی (داوودە) و (زەنگەنە)ن.

کبریت: کانە کبریت، ئاگری کبریت، شخارتە.

کر: کرد.

کردگار: بنیاتنەری سروشت، خودا.

کریت: Crete' (L) دورگەییێکی گریکیی -یۆنانی-ە لە دەریای سپییدا. دانیشتووەکانی (کریتیی)ان پێ دەڵێن کە لە باژێڕەکانی (کانیا، کاند)دا دەژین.

کفریی: باژێڕۆکێکی گەرمیانی کوردستانی باشوورە.

کلاس: Class (E) پۆل.

کلدانیی: کلادانیا؛ نێوێکی دێرینە بەسەر زۆربەی ئەوپەڕی باشووری هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا دابڕاوە. هێندێ جاریش پەلی بۆ (بابل) بردووە. بەئەم جۆرە باشووری خاکی نێوان هەردوو ڕووباری گرتووەتەوە. نێوەکەیشی لە نێوی گەلێکەوە داکەوتووە کە لە سەدەی ١١پ.ز.دا نێوچەکەی داگیرکردووە. هێندێ جاریش بەمەملەکەتی دووەمی (بابل)

و بەئیمپراتۆرییەتی (کلدان)یش ناسراوە.

کللک: کلک.

کلیمانسۆ: جۆرج Georges Clemenceau (١٨٤١ز–١٩٢٩ز) فڕانسییەکی سیاسەتباز، مامۆستا، ڕۆژنامەڤان؛ بیرڕادیکالیی کۆمار خواز، دوو جار سەروەزیر لە نێوان ١٩٠٦ز–١٩٠٩ز، ١٩١٧ز–١٩١٩ز.دا. لایێنگیری توندوتۆڵ کردنی پێوەندیی لەگەڵ بریتانیا. جێ بەجێ کەری جوداکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان کلێسە و دەوڵەت. لە دوا ساڵەکانی جموجووڵی سیاسییدا بەهۆی ڕۆژنامەی (پیاوی سەربەست)ی خۆیەوە پەلاماری ئەڵمانیای دەدا بانگی ڕادەهێشت بۆ دەستەوسانیی بەرامبەر بەجەنگ، ناڕەزایی گەورەی بەرامبەر (وێڵسن)ی سەرۆکی ئەمریکا. دوو ڕوو بەرامبەر بەکێشەی گەلی کورد لە دوای ئاگر بڕی جەنگەوە؛ ١٩١٨ز–١٩١٩ز.

کۆ: گرد، خەرمان، سڵ کردنەوە.

کۆبین: گرد، خڕ، یەکگرتوو بین.

کوتم: گوتم.

کودووارات: (کدورات/ع) تۆز و خۆڵ.

کورک: نەرمە مووی مەڕ و بزن، باڵاپۆشێ لە پێستی مەڕ دروست کراوە.

کۆر: کوێر؛ بێ چاو.

کۆڕە: کۆڕێ؟ گوندێکی سەر ڕێگەی شەقڵاوا –سەلاحوددینە. نێوەکەی لە چیای (کۆرەک)ەوە داکەوتووە. (ڕیشەی نێوەکەی دێرینە!).

کۆرەنتینە: کەرنتینە؛ شوێنێ یان ژوورێ بۆ گردکردنەوەی کەسانێ کە درمێکی خراپیان گرتبێت و ترسی تەشەنەی لێ بکرێت.

کۆسەنان: کۆسم، کۆست کەوتم.

کۆکەن: کێو هەڵکەند. نازناوی فەرهادی دڵداری شیرین.

کول: (کل/ع) هەموو، تەڤ، گشت.

کولبە: (بیت الاحزان/ع) ١– ماڵە خەمیشی پێ دەڵێن کە ئەو ژوورەیە یاقووبی بابی یووسف بەژانەوە –بۆ کوڕەکەی– دەتلایەوە. ٢– کەلاوە.

کوول: برین.

کوڵفەت: (کلفة/ع) بەها، نرخ.



کولۆج: لە (کل وجە/ع)ەوە؛ هەر جۆرێ، هەر چۆنێ.

کومەگیی: کۆمەکیی، یارمەتیی، باربوو.

کون؟: کوا؟

کۆوار: (کۆ+وار: مشتێ خۆڵ)؛ گۆڤار.

کۆه: (ف) کێو.

کە: ١– بکە. ٢– هیی دیی؛ دیکە.

کەت: بکەت، بکات.

کە دخودایی: (ف) کوێخایی.

کەرد: (ف) کرد.

کەردەن: (ف) کردن.

کەرکووک: باژێڕێکی دێرین و بەنێوبانگی کوردستانی باشوور و گێتییە و ٢٧٠کم لە بەغدادەوە دوورە و لە نێوان هەولێر و سلێمانییدایە. کانگەی نەوتە. (لە مەڕ ڕیشەی نێوەکەی زۆر بێژراوە... میدەکان بە (ئەڕڕەپەخە) و ئارامییەکان بە (کەرخە، کەرخێن) و گریکەکان بە (خەرخینیی) و سووریانەکان بە (بێت گەرمای) و ساسانەکان بە (گەرمەکان)یان نێوبردووە! ئێستەش گەڕەکێکی کۆنی هەر بەنێوی (عەرەفە/ئەرەفە)وە ماوە کە یێکجار لە (ئەڕڕەپەخە)وە نزیکە!. عەبباسییەکان لە س ١٢٣٥ز.دا خستیانە ژێر باری دەسەڵاتیانەوە و مەگۆلەکان، سەفەویەکانیش لە سەدەی شانزەدا. عوسمانییەکانیش لە دویا (پەیمانی ئەماسییە: ١٥٥٥ز)ەوە داگیریان کرد. لە سەردەمی فەرمانڕەوای (بابە ئەردەڵان)دا باژێڕێکی سەر بە (هەرێمی شارەزوور)ی کورد بوو. لە (١.ج.گ)دا کەوتە ژێر باری داگیرکاری بریتانیاوە و دوایی لەگەڵ دامەزراندنی مەملەکەتی عێراقی عەرەب، خستییە پاڵی و تا ئەوڕۆش داگیرکراویەتی. دانیشتووەکانی هەر لە کۆنەوە هەموو هەر کورد بوون، بەڵام بەهۆی داگیرکاری عوسمانییەوە تورکمان و بەهۆی داگیرکاری عەرەبەوە، بەتایبەتی دوای (١.ج.گ) بەرە بەرە عەرەبیشی تێکەڵ بوو. حوکوومەتی بەعسی عێراقی عەرەب لە دوای ١٩٦٨ز.ەوە تا ئەوڕۆ –ساڵی دوو هەزارە– کوردەکان ئاوارە و سەرگەردان و سامانیان زەوت دەکات و عەرەبیان دەخاتە شوێن!.

کەرەم: (کرم/ع) ڕێز، بەخشش.

کەڕەمنا: (کرَّمنا/ع) ڕێزمان گرت.

کەریم خانی زەند: (١٧٠٥ز–١٧٧٩) دامەزرێنی فەرمانڕەوایی خانەدانی زەند؛ پاشایێکی ئێران لە نێوان (١٧٥٠ز–١٧٥٤ز)دا. لە ڕۆژگاریدا ئاساییش، کەماڵ و دوای خۆیشی ئاژاوە ئێرانی تەنییەوە. پاشایێکی هێوور چاکەخواز بەڕادەیێ لە بریتیی بەکاربردنی ناسنێوی (شا/پاشا) ناسنێوی (وەکیلوڕڕەعایا)ی هەڵبژارد و بەکاردەبرد. قاجارەکان کە بەدوای ئەودا و لە نێوان ساڵانی (١٩٧٤ز–١٩٢٥)دا فەرمانڕەوا بوون، بێ شەرمانە – لەبەر کوردبوونی کەریم خانی زەند– یادگاریان کاول و یادیان سووک کرد.

کەژدووم: (ف) دووپشک.

کەس: مەزاری پیاوچاک «!!».

کەسابەت: (کسابة/ع– لە کسب)ەوە؛ کار فرمان بۆ ڕووزیی و بژێویی.

کەشافە: (کشافة/ع) دیدەڤانیی.

کەشف: (کشف/ع) دەرخستن.

کەشمەکەشم: (ف) کشماکەش، کەشاکەش، دەردی سەریی و ناهەمواریی.

کەفتەن: کەوتووە.

کەفیل: (کفیل/ع) یێکێکی باوەڕ پێ کراو بێ –بۆ هەر کارێ– لە بریی کەسێکی دی گفتێ بدات.

کەلام: (کلام/ع) قسە.

کەلیمات: (کلمات/ع) گوتەکان، وشەکان.

کەماڵ: (کمال/ع) تەواو، پڕ لە زانست و ڕەووشتدا. دنیادیدە و کامڵ.

کەمتیار: دڕەندەیەکی کێوییە و یاڵ و سمی لە هی کەر دەچێت و خۆیشی لە ڕەگەزی گورگە.

کەملیە: تەواوبووە.

کەمەن: کەمن.

کەنار: لێوار، قەراخ.

کەنعان: یووسفی کەنعانیی جوان.

کەنگی؛: کەی؛

کەوشەک: یاریی جارانی فەقییەکانی سلێمانی کۆن بووە کە ڕۆژانی سێشەموان و هەینیی بەهاران و پاییزان کردوویانە. (باوی نەماوە!).



کەی قوباد: یەکەمین پاشای بنەماڵەی کیانییە، لەپێش ئیسلامدا، هەروەها ناوی دوو پاشای سەلجووقی بووە لە ئاسیای بچووک. (فرهنگ معین). مێژوونووس (دیاکۆنۆڤ) لە کتێبی (میدیا)ی دانراویدا لە ڕیزی پاشاکانی (مید)ی دانانەوە.

کەیل: خەمگین، ماندوو، مات.

کی؟: کێ؟.

کیبار: (کبار/ع) گەورەکان.

کیتابە: (کتابة/ع) نووسین.

کیرام: (کِرام/ع) بەڕێزەکان.

کیزب: (کذب/ع) درۆ.

کیسرا: پاشای ئێرانی پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلام.

کێشان: کێشاوە.

کێلان: بەرگی خەنجەر و شمشێر.

کێوی توور: (جبل الطور/ع)؛ کێوێکە لە «سینائ»دا گۆیا خودا ڕووناکیی خۆی نیشانی مووسای پەیامبەر داوە و قسەی لەگەڵ کردووە.

## - گ -

گاه: (ف) جار.

گابەش: گایێکی نێوچەوان سپیی.

گازندە: گلە، گلەیی.

گاڵگاڵیی: کولیچە؛ ئیشێکی هەویر و شەکر و گوێزی برژاوە!.

گاه: (ف) گا، جار، کەڕەت.

گاه گاه: (ف) جارجار.

گفتار: (ف) ئاخاوتن. قسە.

گرامێر: Gramer (E) ڕێزمان، دەستووری زمان.

گرتەن: گرتن.

گردی مامەیارە: گردێکە لە باکووری نێو جەرگەی سلێمانییدا. (یارە)ش پاڵەوانێکی کوردە لە دوا سووڕی فەرمانڕەوایی (ئەحمەد پاشای بابان)دا بەسەر تۆپخانەوە بووە و لە

شەڕێکدا دژی عوسمانییەکان کە لەشکری پاشاکەی شکاوە و پەرت و بڵاوبووەتەوە؛ ئەو هەتا دوا گوللە تۆپخانەکەی بەرنەداوە و جەنگاوە. کاتێک دیل کراوە، سەرفەرماندەی دوژمن پرسیاری لێ کردووە کە بۆچیی ئەوهەی کردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت؛ (سەربازی هەر لەشکرێ پێ ویستە تا دوا فیشەکی بجەنگێ و منیش فرمانی خۆم بەجێ هێناوە!). لەسەر ئەم هەڵوێستەی لێ خۆش بوون و بەراتی پێ بڕاو و ئازاد و سەرفراز ژیاوە تا مردن. ئەوێ دەمێش گردی نێوبراوی بووە بەنسیب و (پیرەمێرد)ی ڕۆژنامەڤان و شاعیریش دوا هەوارگەی -بەپێی وەسیەتنامەی خۆی- ئەو گردە و پەنای (یارە) بووە.

گرفتار: دووچار، تووش بوو. گیرۆدە.

گریشمە: نۆڕین بەلاچاو، ناز.

گریل: Grill (E) برژاندن.

گۆڕت دەکێشێ: لە عۆدەت دێ، دەرقەتت دێ.

گوزەر: (ف) ڕێباز، تێ پەڕین.

گوستاخ: ١ -- ڕوو هەڵماڵدراو، قسەی سەرپێی و لە ڕوو (ئیرتجالی). ٢- گەوهەر..

گوستاف لۆبۆن: گۆستاڤ لی بۆن Gostav Le Bone (١٨٤١ز-١٩٣١ز) زانایێکی دەروونناس و کۆمەڵناسێکی فڕانسییە. گەلێ دانراوی هەیە و بەتایبەتی لە مەڕ زانستیی دەروون و کۆمەڵناسیی. کتێبی (فەلسەفەی مێژوو) و (شارستانێتی عەرەب) لە نێو دانراوەکانیدان. هێندێ لێ کۆڵینەوە دەبێژن گۆیا سەرگەرمی نەژادپەرستیی و دژی دیموکراتیی بووە!.

گوزاریشات: (ف) قەوماوەکانی ڕابوردوو.

گوشا: (ف) کردنەوە. پەخش.

گوشدەر: (ف) گوێ ڕادێرە، گۆێ بگرە.

گوشە: گۆشە، سووچ.

گولبوون: گوڵبوون، بنە گوڵ، داری گوڵ.

گولعەزار: (ف) گوڵ ڕوخسار، ڕوو گوڵێن.

گولشەن: گوڵشەن، گوڵزار.

گوڵەنک چەنگ: زەنکوولە، پرزەی لێک هاڵاوی سەر قرتاو و بەستراو کە بۆ جوانیی بەکار دەبرێت.



گومڕا: گومڕاه (ف) ڕێگە لێ گوم بوو، سەر لێ شێواو.

گۆ: ١- گوێ. ٢- خڕە.

گوێژە: چیایێکی درێژی ڕیزە چیای (ئەزمەڕ)ی خۆرهەڵاتی باژێڕی سلێمانییە. بێژراوە گۆیا لە ڕۆژگاری کۆندا؛ دارگوێزی زۆر بووە و نێوەکەی ئەو دارەی بەسەردا دابڕاوە. ڕەنگبێ ئەم باسە لێک دانەوەی خەڵکیی بێت، بەڵام هێندێ لێکۆڵینەوە دەڵێن کە لە (گۆتی) کوردەکانی (گۆتە)ەکانەوە داکەوتووە.

گەردن کەچ: ئەو ملی لارە بۆ چپەکردن.

گەوهەر: (جوهرة/ع) ١- بەردێکی گرانبەهایە بۆ ڕازاندنەوەی ژنان. ٢- جەوهەر: پەسنی ئازایەتیی و مەردیی.

گەلیی عەلی بەگ: گەلیی؛ تەنگەیێکی سروشتییە کە درێژاییەکەی ١٠کم دەبێت و باشوورەکەی ڕیزە چیای ڕواندوز و باکووریشی چیای برادۆستە. ١٣٠کم لە هەولێر ڕاوە دوورە و پڕە لە دارودرەخت و تاڤگەی سروشتیی و هەوارگەیێکی بەنێوبانگە! گەلیی عەلی بەگ لە نێوی شا عەلیی بەگی کوڕی کەوڵۆسی بنیاتنەری میرنشینی سۆرانەوە هاتووە!.

گەنج: (خەزینە/ع) گەنجینەی زێڕ و زیو و گەوهەر و هاوتاپان.

گێچ: گێژ، وڕ، هێز.

گێچاو: گەرداو.

گێسوو: پرچ.

- ل -

لا: لا، تا: تای بارێ شت، تاک.

لا تەشبیە: (لاتشبە/ع) بێ چوون، وەک ئەوە نییە.

لادێ: کەمێ، تاوێ.

لارە: سەر لاکردنەوە.

لازیم: (لازم/ع) پێ ویستە.

لاف: ئیدیی، زیادەگۆیی، درۆ.

لاکین: (لکن/ع) بەڵام.

لاله: گوڵی لاله.

لال: (لعل) بەردێکی سووری جوان و بەنرخە بۆ ڕازاندنەوەی ژن.

لالۆی باس: (مەبەست دەوڵەتی عەباسییە) بنۆڕە؛ نامەی پیرەمێرد!.

لاله عەباس: گوڵێکی ڕەنگینی گەڵا تەنکی پاییزانەیە و شەوان دەپووکێتەوە.

لامارتین: ئەلفۆنس هاری لوی دی Lamartin (١٧٩٠ز–١٨٦٩ز)؛ شاعیر و ڕۆماننووسی بەنێوبانگی فڕانسە؛ تێکەڵ بووی سیاسەت. نێوبانگی بەبڵاوکردنەوەی دیوانی (یاداشتە شیعر –س١٨٢٠) بڵاوبووەوە. گەلێ لە سروشت و کردگار و وربووتەوە و ئیماندار بووە و ئەمەیشی لە قەسیدەی (کەوتنی پەریی –س ١٨٣٨ز)دا پێوە دیارە. باوەڕی بەدیموکراتیی و ئاشتیی بووە و چەند دیوانێکی بڵاوە.

لامووتەناهیی: (لامتناهي/ع) بێ کۆتایی.

لاو: جوان.

لاوک: گۆرانییەکی شێوە مەقامی کۆنی کوردە و بەیتەکانی پتر فۆلکلۆریین و لە مەڕ قەوماوەکانی نێو گەلی کوردستان دەدوێت.

لاو هەی لاو: لەسەر ئاوازی هەڵپەرکێ گۆرانییە کۆنە.

لاویت: لای خۆت.

لاهووت: خواوەندیی (فەلسەفییێکە)، جیهانی ڕۆح، جیهانی گیان، پێچەوانەی (لاسووت)ە کە جیهانی ماددەیە.

لایەنقەتیع: (لاینقطع/ع) نابڕێتەوە، نەبڕاوەیە.

لایێق: (لائق/ع) شایستە.

لوبس: (لبس/ع) گومان، (لِباس/ع) بەرگ.

لوتف: (لطف/ع) خولق، خووی جوان، نەرم و نیانیی.

لوجنە: (لجنة/ع) کۆمەڵێ، لیژنە.

لزووم: (لزوم/ع) پێ ویست بوو.

لوغات: (لغات/ع) زمانەکان.

لوقمان: (لقمان/ع) پەیامبەری خودا؛ ناسراو بەدانا و پزیشک.

لوولاق: پیشەی بەڵەک، گاللۆر.

لۆرد هالیڤاکس: ئێدوارد Edward Halifax (١٨٨١ز–١٩٥٩ز) سیاسەتبازێکی



ئینگلیز؛ وەزیری هەندەران لە ساڵی ١٩٣٨ز–١٩٤٠ز.دا.

لۆندۆن: لۆندرە، لەندەن London پێتەختی بریتانیایە و کەوتووەتە باکووری خۆرهەڵاتی ئینگلتەرا. هەروەها بەندەرێکە لەسەر ڕووباری (تایمز) و یەکێکە لە بازێڕە کۆنەکانی ئەورووپا و دانیشتووەکانی لە دەوروبەری ١٠ ملیۆندایە.

لەب: (ف) لێو.

لە بڕێز: (ف) سەرلێو، پڕاوپڕ کە لێی بڕژێت، لێوان لێو.

لەبیبان: (لبیب/ع) هۆشیاران، زمانپاراو.

لەحزە: (لحظة/ع) چرکەساتێ.

لەزەت: (لذة/ع) چێژ.

لەعین: (لعین/ع) نەحلەت لێکراو.

لەغزش: (ف) خزان، جوولان. (لغز/ع) مەتەڵی پڕ لە نهێنی.

لەف: (لفّ/ع) لێ پێچانەوە؛ هونەرێکی ئەدەبی عەرەبییە.

لەفز: (لفظ/ع) گۆ، گوتە.

لە قەبیل: (من قبیل/ع) لە بارەی، لە مەڕ ئەوە.

لەگرە: لە ئێرەدا.

لەم یەزەل: (لم یزل/ع) هەرهەبووە و هەیە: خودا.

لەندەهوور: مرۆڤێکی نائاسایی لە شێوەی قەد و باڵادا و قەڵەویدا، زەبەللاح و ترسناک.

لەوازم: (لوازم/ع) پێ ویستییەکان.

لەوحە: (لوحة/ع) تاوێر، تابلۆ.

لەوما: لەبەر ئەوە.

لەون: (لون/ع) ڕەنگ.

لەهجە: (لهجة/ع) شێوە زار، شێوە زمان، بێچووە زمان.

لەیلا: لەیلا عامیریی دۆستی مەجنوون.

لیاقەت: (لیاقة/ع) شیاو، شایستە، توانا.

لیباس: (لِباس/ع) بەرگ.

لیسان: (لِسان/ع) زمان.

لیمۆی تەڕ: (مەبەستی مەمکی کیژانە).

لێ وەدەوە: لێ بدەرەوە.

لێلان: گوندێکی گەرمیانە و سەر بە باژێڕی کەرکووکە. لە ساڵی ١٩٨٨ز.دا بە پەلاماری دڕندانەی لەشکری بەعسی عەرەبی عێراق کەوت و (ئەنفال) و تالان و کاول کرا!.

لێلاو: ئاوی قوڕ و لیتاویی!.

- م -

مائیل: (مائل/ع) کشاو بەلای.

مابەین: (مابین/ع) لە نێوەندا.

مابیم: مابووم.

مات: خەمبار، دڵتەنگ.

ماتەمیی: خەمباریی.

ماجەرا: (ماجری/ع) قەوماو، ئەوی ڕوویداوە.

ماچان: بلێ، دەڵێت.

ماچو: دەڵێم.

ماچوون: دەڵێن.

مادام: Madam (F) خانم.

مادموازیل: (F) خانمۆڵێ، کیژۆڵێ.

مار شەمعوون: سەرکردەی نەستووریبیە تیارییەکان و (کاپیتانێکی ئینگلیزیی) لە ١٩١٨/٣/٣ز.دا لە گوندی کۆهنە شاری ئێراندا بەفەرمانی سمکۆی شکاک کوژرا – سمکۆ گوتەنیی– کە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان بووە؟

مازن: مەزە.

مازیی: (ماضي/ع) ڕابوردوو.

ماستان: پێچەوانەی دانستان؛ چیرۆکێکی پروپووچ، (وشەکە بۆ گاڵتەجاڕییە بە داستانێ کە مەرجی داستانی ئەدەبیی نەبێت!).

ما فەوق: (مافوق/ع) ژووروتر، سەرووتر.

ماڵ مودیریی: (مدير المال/ع) ڕێبەری داراییی.

ماڵش: مشت و ماڵ.



ماڵوو: ماڵەی زەویی تەخت کردن.

مالووم: (معلوم/ع) دیار، ئاشکرا.

مالییە: (مالیة/ع) دارایی.

مانگی چاردە: مانگی چواردە، چواردەمین ڕۆژی پەیدابوونەوەی مانگ (بدر/ع). هەروەها بەجوانێ دەبێژرێ.

مانگی سێزدە: مانگی سیانزە (مەبەست مانگێکی شوومە دەنا ساڵ دوانزە مانگە و سێزدەش لە کن خەڵکیی ژمارەیێکی شوومە!).

مانیع: (مانع/ع) بەرگر، ڕێگر.

ماوای: (مأوی/ع) جێگە و شوێن حەوانەوەی ....

ماه: (ف) مانگ.

ماهیر: (ماهر/ع) زیرەک، ژیر، بەسەلیقە.

مایۆر: مێجەر، عەقید.

موباهیی: (مباهي/ع) شانازیکەر، خۆهەڵکێش.

مدارا: وەستان.

مدعات: (مدعاة/ع) شاییستە.

مدیا: بمدیا، بمدییا.

مراریی: (لە مرارة/ع)ەوە؛ تاڵیی.

مستەفا مورسەل: (المصطفى المرسل) مەبەست پەیامبەر محەممەدە (د).

مننەت: (مِنَّة/ع) چاکە، جوامێریی.

منیا: دەنا.

مووازیب: (مواضب/ع) بەردەوامە لەسەر کاری.

مووافەقەت: (موافقة/ع) پەسەندکردن.

مووافیق: (موافق/ع) قایبیل، پەسەند.

موئەڕڕیەخ: (مؤرخ/ع) مێژوو لێ دراو.

موئەززین: (مؤذن/ع) بانگدەر.

موئەسسەسە: (مؤسسة/ع) دەزگە، دامەزراو.

موئەللەفەتولقولوب: (مؤلفة القلوب/ع) دلڕاگر، یێکخەری دڵان.
موئەللیف: (مؤلف/ع) دانەر.
موباهیی (مباهي/ع) شانازییکەر.
موبتەلا: (مبتلي/ع) بەلا بەرکەوتوو، دەردەدار.
موبەتتەڵ: (مبطل/ع) پووچ کراو.
موبەششیر: (مبشِّر/ع) بڵاوکەر، مژدە بەخش.
موتابیق: (مطابق/ع) وەک ئەو، چون یێک.
موتەلا: (مطالعة/ع) خوێندنەوە.
موتریب: (مطرب/ع) گوینیدە، گۆرانیبێژ.
موتەئەسسیر: (متأثر/ع) کار تێ چوو، هیلاک، خەمبار.
موتتەحید: (متحد/ع) یێککگرتوو.
موتەحەسیس: (متحسس/ع) هەست پێ کردوو.
موتەحەییر: (متحیر/ع) سەرسام.
موتەخالیف: (متخالف/ع) جیاواز، ناکۆک.
موتەعاقیبەن: (متعاقبا/ع) لە دوای یێکەوە، بەدوای یێکدا.
موتەعەددید: (متعدد/ع) چەندین، چەند کەڕەت.
موتەسەللیی: (متسلي/ع) خۆشحاڵ، دڵنەوایی کراو.
موتەفەڕریق: (متفرق/ع) جوێ کراو، پەرت و بڵاو.
موتتەفیق: (متفق/ع) ڕێککەوتوو.
موتەلەززیز: (متلذذ/ع) بەکام گەیشتوو، چێژتووی خۆشیی، خۆشحاڵ.
موتتەڵیع: (مطلع/ع) ١- ئاگەدار. ٢- هێز، زەبر.
موتەمادیی: (متمادي/ع) بەدرێژایی.
موتەنەببیی: (الْمُتَنَبِّي/ع)؛ عەبدوتتەییب ئەحمەد کوڕی حسێن (٩١٥ز-٩٦٥ز) شاعیرێکی گەورەی عەرەب.
موتەوەججیه: (متوجه/ع) ڕوو لە.
موتەوەککیل: (متوکل/ع) پشت ئەستوور بەیێکێ.



موجادەلە: (مجادلة/ع) مشتومڕ.
موجازات: (مجازات/ع) پاداشت دانەوە.
موجتەمەع: (مجتمع/ع) کۆمەڵ.
موجریم: (مجرم/ع) تاوانکار.
مووجیب: (موجب/ع) پێ ویست.
موحافەزە: (محافظة/ع) ١- پاراستن. ٢- پارێزگە.
موحتاج: (محتاج/ع) پێ ویست بوو، سواڵکەر، پەککەوتە.
موحتەشەم: (محتشم/ع) شەرمن، بەڕێز.
موحەببەت: (محبَّة/ع) خۆشەویستیی، دۆستیی.
موحیت: (محیط/ع) ١- ئۆقیانووس. ٢- دەورووبەر.
موخابەرات: (مخابرات/ع) پێوەندیی کردن، نووسین گۆڕینەوە، هەواڵ گۆڕینەوە.
موخالەفە: (مخالفة/ع) سەرپێچیی، هەڵەکردن.
موختار: (مختار/ع) هەڵبژاردە.
موختەسەر: (مختصر/ع) کورتیی.
موختەلیف: (مختلف/ع) جودا، ناتەبا.
موخەسسەسات: (مخصصات/ع) مووچەیێکی تەرخان و دیاریی کراو لە بریتی کارێکی دوای مەودای بڕیاردراوی فرمان.
موادخەلە: (مداخلة/ع) خۆ تێ هەڵقورتاندن، خۆ تێ هەڵکێشان، خۆ تێ خزان.
مودافەعە: (مدافعة/ع) بەرگریی کردن.
مودریک: (مدرك/ع) ژیر، ئاگەدار، تێ گەیشتوو.
مووده: (مدة/ع) ماوە.
مودەڕڕیس: (مدرس/ع) مامۆستا.
مودەووەن: (مدون/ع) نووسراو.
مودهیش: (مدهش/ع) سەرسوڕمێن.
مودیر: (مدیر/ع) ڕێبەر.
موراجەعەت: (مراجعة/ع) چوونە کن، بەدوادا چوون..

مورغ: (ف) پەلەوەر، باڵندە.

موروور: (مرور/ع) تێ پەڕ.

مورەتتەب: (مرتب/ع) ڕێکوپێک، پۆشتە.

موور: مێرووله.

مورووە: (مُروَّة/ع) پیاوەتیی، جوامێریی.

موریدان: (مورید/ع) لایێنگیر، لایێنگیرەکان.

موزعیجات: (مزعج/ع) ناساز، ناسازەکان

موزەففەروددین هەولێریی: ئەبوو سەعید، یان موزفەففەروددین کەوکەبریی کوڕی زەینوددین ئەبیلحەسەن عەلیی کوچووک کوڕی بەکتکین (١١٥٤ز-١٢٣٣ز) بەخاوەندی هەولێر ناسراوە فەرمانڕەوای هەولێر و زانا، پیاوچاک خیرەمەند بووە. لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی هەولێردا بۆ یێکەمین جار لە مێژووی دنیای موسڵمانانا ئاهەنگی (جەژنی مەولوودی پەیامبەری ئیسلام محەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای «د» داهێنا کە نێوبانگ و باسی بەچەند دێڕێ نابڕێتەوە. تا نهووش لە مەتنەکانی (مەولوودنامەی کوردیی)دا نێوی موزەففەروددین بەڕێزەوە یاد دەکرێتەوە).

موزیرڕ: (مضر/ع) زیانبەخش.

مووسا: مووسا پەیامبەری خودا، پەیامبەری جووەکان.

مووسادەمە: (مصادمة/ع) لێک دان.

موسافەحە: (مصافحة/ع) لەیێک بوردن، تەوقەکردن.

موسافیر: (مسافر/ع) ڕێبوار، میوان.

موسافیرخانە: میوانخانە، ئوتێل Hotel.

موسامەحە: (مسامحة/ع) لێ بوردن.

موساوات: (مساوات/ع) یێکسانیی.

موساویی: (مساوي/ع) بەرامبەر.

موستەتاب: (مستطاب/ع) چاکەکەر، پیاوچاک.

موستەحیل: (مستحیل/ع) هەرگیزا و هەرگیز نەکراوە و ناکرێت.

موستەخدەم: (مستخدم/ع) بەکارهاتوو، کارمەند.

موستەعجەل: (مستعجل/ع) خێرا، پەلە.



موستەعمەرە: (مستعمرة/ع) وڵاتێکی داگیرکراوی بێگانە.

موستەعید: (مستعد/ع) ئامادە.

موستەعین: (مستعین/ع) پشت ئەستوور بەیێکێ.

موستەقبەل: (مستقبل/ع) دواڕۆژ.

مۆسقۆف: مۆسکۆ Mosko؛ پێتەختی ڕووسیا.

مووسڵ: باژێڕێکی مێژوویی بەنێوبانگی باکووری عێراقی ئێستەیە و کەوتووەتە خۆرئاوای ڕووباری دیجلە و ٣٩٨کم لە بەغدادەوە دوورە. (مەڵبەندی کۆنی ئاشوورەکانە. یێکەم جار لە ٦٣٦ز.دا بەنێوی مووسڵەوە نێوی دەرکەوتووە. خەلیفەی موسڵمانان عومەری کوڕی خەتتاب لە ٢٠ک-٦٤٠ز.دا ئازادی کرد. بێژراوە یێکەم کەس کە مووسڵی بنیات ناوە (ڕاوەندی کوڕی بێوراسپی ئەژدەهاک) بووە. ساسانەکان بە«نۆ ئاردەشێر» نێویان بردووە). لە سەردەمی عوسمانییدا مەڵبەندی (هەرێمی مووسڵ: مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانیی) لێ پێک هاتبوو.

دوای (١.ج.گ) کێشەی کوردستانی باشوور بە (کێشەی مووسڵ)ەوە کەوتە نێو کۆڕی سیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە. ئەمێستە زۆربەی دانیشتووەکانی نێوباژێڕە -کە کۆن کورد بووە- عەرەبن، بەڵام کوردیشی زۆرە.

موسمیر: (مثمر/ع) بەردار.

موسەججیل: (مسجّل/ع) تۆمارکەر، نێونووسکەر.

موسەخخەر: (مسخّر/ع) چەوساوە، گەرپێ کراو.

موسککیرات: (مسکرات/ع) بێ هۆشخەرەکان، ئەلکوهوول.

موسووەددە: (مسودّة/ع) ڕەشنووس؛ نووسینێ کە پێ ویستی بەپاکنووسە.

موسیب: (مصیب/ع) پێکراو، پێکاو، ڕاست.

موشاوەرە: (مشاورة/ع) ڕاوێژ.

موشاویر: (مشاور/ع) ڕاوێژکەر.

موشتاق: (مشتاق/ع) پەرۆش، شەیدا.

موشتەرەک: (مشترک/ع) هاوبەش.

موشتەریی: (مشتري/ع) ١- ئەستێرەی موشتەریی. ٢- کڕیار.

موشفیق: (مشفق/ع) بەزەویدار.

موشکیله: (مشکلة/ع) کێشه، گیروگرفت.

موشکێن: موشکین؛ بۆنی خۆشی موسک –موشک کە دوومەڵێکی ژێر سکی جۆرە ئاسکێکی چینیی کۆدەبێتەوە و کاتێ کە پڕ بوو، خڕ دەبێ و وشک دەبێتەوە دەکەوێ کۆی دەکەنەوە، لەوە بۆنی خۆشی میسک دروست دەکرێ.

موشەڕڕفیاب: (ف/ع) شەرەفمەند.

مووشەوەش: ( له شەوشەرە– شوشرة/ع)ەوە؛ ئاڵۆزاو، شپرزە.

موعارەزە: (معارضة/ع) ناڕەزایی.

موعامەلات: (معاملات/ع) کاروبارەکان.

موعاوەنەتەن: (معاونةً/ع) یارمەتیی.

موعایەنە: (معاينة/ع) تەماشا کردن، لی وردبوونەوە.

موعتەبەر: (معتبر/ع) بەنرخ، بەرێز، بایەخ پێ دراو.

موعتەدیل: (معتدل/ع) مامنێوەندیی.

موعتەریف: (معترف/ع) باوەڕ نوێن، ددان نان بە قسەدا.

موعەڕڕەف: (معرَّف/ع) ئاشناکراو، ناسێنراو.

موعەززەب: (معذّب/ع) سزادراو، تووش هاتووی ئەشکەنجە.

موعەللەق: (معلّق/ع) هەڵواسراو، پەیوەست.

موعەمما: (معمّا/ع) مەتەڵ.

موعەییەن: (معيّن/ع) نیشانەکراو، داندراو.

موعین: (معين/ع) یارمەتیدەر.

موغار: (مغارة/ع) ئەشکەوت.

موغاڵەتات: (مغالطات/ع) قسەی بێ سەروبەر، قسەی هەڵە و نابەجێ.

موغبەچە: (ف) بەچکە موغ. (موغ) پیاوی ئایینناسی زەردەشتیی ئاگرپەرست.

موفریت: (مفرط/ع) بەفیڕۆدەر.

موفەتتیش: (مفتش/ع) پشکنەر.

موفەووەز: (مفوض/ع) ڕاسپێردراو ، قۆمیسەر.

موقابەلە: (مقابلة/ع) چاو پێکەوتن.



موقابیل: (مقابل/ع) بەرامبەر.

موقتەدیر: (مقتدر/ع) توانا.

موقتەزا: (مقتضى/ع) بەپێی.

موقتەسید: (مقتصد/ع) دەستگیر، پاشکەوتخواز.

موقەددەر: (مقدّر/ع) ڕووداوێ یان باسێکی بڕیاردراو، هەڵسەنگێندراو.

موقەددەس: (مقدّس/ع) پیرۆز.

موقەڕڕەب: (مقرّب/ع) نزیکخراو، نزیک.

موقەددیمە: (مقدّمة/ع) سەرەتا، پێشەکیی.

موقەسسیم: (مقسِّم/ع) دابەشکەر.

موقیر: (مُقِرّ/ع) دان پێدانراو.

موکاتەبات: (مکاتبات/ع) نامەکاریی، نووسین گۆڕینەوە.

موکافات: (مکافأة/ع) تێکۆشان، له نێوبردن.

موکریان: نێوچەیێکی کوردستانی خۆرهەڵاتە و مەڵبەندی میرنشینی موکریی بووە. بێژراویشە کە (موکریی) پەلێکی بابانە و هێندێکیش باسەکە ئاوەژوو دەکەنەوە و من خۆم لایێنگیری ئەوەم.

میرنشینی موکریی (میر سەیفوددین موکریی) دایمەزراندووە و چەندیشی بەدوادا هاتووە؛ دەمێ لایێنگیری سەفەوییەکان و دەمێ لایێنگیری عوسمانییەکان بوون.

لە سەردەمی شا عەباسی –سەفەویی– یێکەمدا ئەم وڵاتی موکریانە دوو جار تووشی کاول بوون و کوشتنی بەکۆمەڵ و تاڵان و بڕۆ بووە.

یێکێ لە میرەکانی (ئەمیرە بەگ) لە سەردەمی سوڵتان مورادی عوسمانییدا؛ شارەزوور، مووسڵ، هەولێر، مەراغەیشی خستووەتە ژێر باری دەسەڵاتی خۆی و کوڕەکانییەوە.

لە ساڵانی ١٨٨٠ز–١٨٨٣ز.دا شۆڕشی (شێخ عەبدوڵڵای نێری –نەهری– کوڕی شێخ عەبدولعەزیز) هیوای دامەزراندنی حوکوومەتێکی نەتەوەیی کورد بوو لە «شەمدینان و موکریان»دا، بەڵام بەخت یاری خۆی و نەتەوەکەی نەبوو و خۆیشی سەرئەنجام گیرا.

(ڕیشەی وشەی موکریی دێرینە و چەند سەرچاوەیێکی زانستیی دەیبەنە سەر «مادەکان» و بەبڕوای منیش لە نێوی خێڵی (مهرکی–موکری)ی سەردەمی میدەکانەوە هەڵکەوتووە! مێجەر سۆن Soane نووسیویەتی کە (زەردەشت)ی پەیامبەر لە موکریاندا لە دایک بووە

و لە ئەویێ ڕاوە ئایینەکەی بڵاوکردووەتەوە. هەروەها دەبێژێت کە شێوەزاری موکریی پاکترین و ڕەسەنترین شێوەزاری کوردییە.

هێندێ ناحەزی کورد، بەتایبەتی عەرەبە ڕەگەز پەرستەکان، نێوەکە دەبەنەوە سەر (مکر/ مەکر-مەکارە: فێڵ-فێڵبازیی) کە ئەمە بەتەنێ قسەی پووچ و باوەڕ پێ نەکراوە!.

موکەددەر: (مُکدَّر/ع) خەمگین، دڵتەنگ.

موکەڕڕەم: (مُکرَّم/ع) ڕێزدار، ڕێز لێ گیراو، بە ڕوومەت.

موکەللەف: (مُکلَّف/ع) ڕاسپێردراو.

موکەممەل: (مُکمَّل/ع) تەواو، پۆشتە.

مولاحیز: (ملاحِظ/ع) چاودێر.

مولایەمەتیی: لە (ملائِم/ع)ەوە؛ کار و قسەی گونجاو.

مولاییم: (ملائِم).

مولحید: (ملحِد/ع) کافر، بێ ئایین، خوانەناس.

مولتەقا: (ملتقی/ع) جێ ژوان، شوێنی بەیێک گەییشتن.

موڵک: (ملك/ع) وڵات، سامان.

مولەووەس: (ملوّث/ع) پیس، چەپەڵ.

مۆڵەت: (مهلة/ع) هەل، دەرفەت.

موومائیلیێە: (مومی إلیه/ع) نێوابراو.

مومکینولئەزەل: (ممكن الازل/ع) لە ئەزەلەوە دەشێ و دەبێت بکرێت!.

مونازەعە: (منازعة/ع) ناکۆکیی.

موناسەبە: (مناسبة/ع) بۆنە.

موناسەخە: (مناسخة/ع) وێنەگرتنەوەی هاوتای.

موناسیب: (مناسب/ع) گونجاو.

مونافیی: (منافي/ع) نەخواستراو، ناپەسەند.

مونافیق: (منافق/ع) دووزمان، دوو ڕوو.

موناقەشە: (مناقشة/ع) لێدوان، ڕاوێژکردن.

مونتەخەب سانیی: (منتخب ثاني/ع) هەڵبژاردەی دووەم جار.



مونتەزەم: (منتظِم/ع) ڕێکوپێک.

مونتەزیر: (منتظِر/ع) چاوەنۆڕکەر.

مونحەسیر: (منحصر/ع) گیرخواردوو.

موندەریجات: (مندرجات/ع) ڕستی بابەتەکان- باسەکان.

مونعیم: (منعِم/ع) بەخشندە.

مونقاد: (منقاد/ع) ڕەدووکەوتوو، پاڵ پێوەنراو.

مونەوویر: (منوّر/ع) ڕووناکبیر، ڕۆشنبیر.

موونیس: (مؤنس/ع) هاودەنگ، هاوسۆز، مایەی دڵنیایی، دڵنەواکەر.

مووەززەفین: (موظفين/ع) کارمەندان، فرمانبەران.

مووففەق بیلخێر: (موفق بالخير/ع) سەرکەوتنێکی بەخێر.

مووەقەت: (مؤقت/ع) دەمەکیی.

موهاجەمە: (مهاجمة/ع) پەلاماردان.

موهاجیر: (مهاجر/ع) کۆچ کردوو.

موهلیک: (مهلك/ع) ترسنانک، پەکخەر، مۆلەکە.

موهەندیس: ئەندازەڤان.

موهەندیسخانە: دەزگەی ئەندازە کیشیی، خانەی ئەندازەڤانیی.

موهیب: (مهیب/ع) مەزن، بەشکۆ.

مووێنی: ببینیت.

مە: ئێمە.

مەئاب: (مآب/ع) بەڕێز.

مەئال: (مآل/ع) مەبەست.

مەئخەز: (مأخذ/ع) ١- سەرچاوەی لێ وەرگرتن. ٢- هەڵە.

مەئزوونییە: (مأذونية/ع) ڕێگە پێ دان، بڕیاردان.

مەئنووس: (مأنوس/ع) ڕام کراو، باو.

مەئیووس: (مأيوس/ع) دڵشکاو، ناهومێد.

مەباحیس: (مباحث/ع) سەرچەوەکانی باس.

مەبادیی: (مبادئ/ع) سەرچاوەکان، سەرەتا، باوەڕەکان.

مەبعووس: (مبعوث/ع) ڕاسپێردراو، نوێنەر.

مەبلەغ: (مبلغ/ع) بڕێ پارە.

مەبهووت: (مبهوت/ع) واق وڕماو، سەرسام.

مەبۆ: مەبە.

مەتاع: (متاع/ع) بارگە، بار، کەلوپەل، تیفاق.

مەتعەم: (مطعم/ع) شێوخانە، چێشتخانە.

مەتڵەب: (مطلب/ع) داخواز، مەبەست.

مەتڵەع: (مطلع/ع) پێشەکیی، سەرەتا.

مەجال: (مجال/ع) ماوە، هەل.

مەجمووعە: (مجموعة/ ع) گۆڤار، کۆمەڵ، کۆمەڵە.

مەجمەع: (مجمع/ع) کۆڕ.

مەجلیس: (مجلس/ع) کۆڕ، ئەنجوومەن.

مەجبوور: (مجبور/ع) ناچار.

مەجهوول: (مجهول/ع) نەناسراو.

مەحاڵ: (مُحال/ع) نابوون، نەبووە و نابێت.

مەحامیی: (محامی/ع) پارێزەر، ئەڤۆکات (L).

مەحبووبە: (محبوبة/ع) یار، خۆشەویست.

مەحبووس: (محبوس/ع) بەندیی.

مەحجوبییە: (محجوبیة/ع) شەرمەساریی.

مەحدوود: (محدود/ع) سنووردار.

مەحرەم: متمانە پێ کراو، خۆیی.

مەحرووم: (محروم/ع) بێ بەش، بەشخوراو.

مەحزوون: (محزون/ع) خەمبار، خەمناک.

مەحسووڵ: (محصول/ع) داهات، بەرهەم، دەستکەوت.

مەحز: (محظ/ع) هەر بەتەنێ.



مەحفەل: (محفل/ع) کۆڕ، کۆمەڵ.

مەحفووز: (محفوظ/ع) پارێزراو.

مەحکەمە: (محکمة/ع) دادگە.

مەحموود: (محمود/ع) ستایش کراو.

مەحوو: (محو/ع) پاکۆ، لەناوبردن، سڕینەوە.

مەحوییەت: پاکۆ کراویی.

مەحەللە: (مجلة/ع) گەڕەک.

مەخسووس: (مخصوص/ع) بەتایبەتی.

مەخلووق: (مخلوق/ع) خەڵک، زیندەوەر.

مەخفیی: (مخفي/ع) داپۆشراو، شاردراوە.

مەدان: دامەن، داوێن، پەراوێز.

مەدان گەزاف: درۆ مەکە!.

مەدح: (مدح/ع) ستاییش.

مەدرەسە: (مدرسة/ع) قوتابخانە، فێرگە.

مەدفوون: (مدفون/ع) نێژراو.

مەدەنییەت: (مدنیَّة/ع) شارسێنیی.

مەدینە: (مدینة/ع) باژێڕ.

مەر: مەگەر، بۆچیی؟.

مەراق: لە (أرق/ع)ەوە؛ خەم، پەرۆشیی، خەوزڕان.

مەرحەبا: (مرحباً/ع) سلاو.

مەرحەمەت: (مرحمة/ع) بەزەیی، چاکە.

مەرحووم: (مرحوم/ع) بەڕەحمەت چوو، خوادا لێ خۆشبوو.

مەرد: مرۆڤ، پیاو.

مەردەن: مردن.

مەرقەد: (مرقد/ع) نزرگە، مەزار.

مەرکە: (مرکز/ع) مەڵبەند.

مەرەز: (مرض/ع) نەخۆشیی، دەرد.
مەزاڵیم: (مظالم/ع) زۆرداریی.
مەزبوور: (مزبور/ع) نێوبراو.
مەزبوورات: (مزبورات/ع) ژنەکان.
مەزکوور: (مذکور/ع) نێوبراو.
مەزموون: (مضمون/ع) نێوەڕۆک، نێواخن.
مەزهەب: (مذهب/ع) مەزەب؛ ڕێبازێکی شەرعناسیی موسڵمانانە.
مەزییەت: (مزيّة/ع) قەدر، جێگەی باس، پەسن.
مەسائیر: (مصائر/ع) چارەنووسەکان.
مەسائیل: (مسائل/ع) باسەکان.
مەساعیی: (مساعي/ع) کۆششەکان.
مەساکین: (مساکن/ع) ١- ماڵەکان. ٢- هەژارەکان.
مەسعوود: (مسعود/ع) بەختیار، شادومان.
مەسکەن: (مسکن/ع) ماڵ، شوێنی نیشتەنیی.
مەسکەنەت: بێ دەنگیی، هێوریی.
مەسلەک: (مسلك/ع) ڕێباز.
مەسڵەحەت: (مصلحة/ع) کەڵک.
مەسنەویی: (مثنوي/ع)؛ جورێکی هونەری شیعرە: نیوەدێڕی یێکەم و نیوەدێڕی دووەمی هەموو دێڕە شیعرێ لەسەر یێک قافییەن وەک شیعرەکانی فیردەوسیی، مەم و زینی ئەحمەدی خانیی شاعیری کورد.
مەشاییخ: (لە شێخ/ع)ەوە؛ پیر، پیاوچاکی ناسراو.
مەشرەب: (مشرب/ع) ١- جێگەی خواردنەوە. ٢- ئارەزوو، خوو.
مەشرووباتی سپیرتی: (مشروبات/ع) ئەلکوحوول؛ مەی بەگشت جۆرەکانییەوە.
مەشریق: (مشرق/ع) خۆرهەڵات.
مەشرووتییەت: (مشروطیة/ع.ت.ف) ژینی دەستووریی کە قانوون فەرمانڕوا بێت (وەک مەشرووتییەتی ئێران، تورکیای عوسمانیی).
مەشرووع: (مشروع/ع) ١- ڕەوا. ٢- پرۆژە.



مەشغەڵەت: (مشغلة/ع) سەرقاڵیی، خەریک ماو.
مەشەققە: (مشقّة/ع) ماندوویی، گرانیی.
مەشنێ: دەشنێ، دەشنێتەوە.
مەشهوور: (مشهور/ع) بەنێوبانگ.
مەشهەد: باژێڕێکی باکووری خۆرهەڵاتی ئێرانە و نزیکەی ملیۆنێ کەس دانیشتوویەتی. لای شیعەکان پیرۆزە کە گۆڕی عەلی ڕەزای هەشتەم ئیمامیانی تێدایە.
مەعاش: (معاش/ع) مووچە، بژێویی.
مەعالیی: (معالي/ع) پایەبەرز.
مەعبەین: (مابین/ع) نێوەند، نێوان.
مەعرووز: (معروض/ع) نیشاندراو.
مەعرووزات: (لە معروض/ع)ەوە؛ باسە نیشاندراوەکان.
مەعرووف: (معروف/ع) ناسراو.
مەعزەرەت: (معذرة/ع) لێ بووریی.
مەعسووم: (معصوم/ع) بێ گوناه.
مەعشەر: (معشر/ع) گەلە، کۆمەڵە.
مەعقوول: (معقول/ع) پەسەندی ئەقڵ و هۆش.
مەعلووم: (معلوم/ع) ئاشکرا، ناسراو، دیار.
مەعلوومات: (معلومات/ع) زانیاریی، هەواڵەکان.
مەعنا: (معنی/ع) واتە.
مەعناتەن: ماناتێ؟ واتایتی.
مەعەڕڕیی: (المعَرّي/ع) ئەبولعەلائولمەعەڕڕیی ئەحمەد(٩٢٧ز-١٠٥٧) شاعیر و نووسەرێکی بەجەرگی عەرەب. لە منداڵییەوە ئاوڵە لێی داوە و کوێر بووە. گەلێ دانراوی هەیە و (ڕیسالەتولغیفران/ رسالة الغفران/ نامەی لێ بووریی) یێکێکە لە نێویاندا کە ڕووداوەکانی وەک چیرۆک ڕۆژی ڕاست بوونەوە -قیامەت- و بەهەشت و دۆزەخ بێ دەگێڕێتەوە!!).
مەعەتتەئەسسوف: (مع ألتأسف/ع) لەگەڵ خەمخۆریم.
مەعە مافیە: (مع مافیه/ع) وێڕای.

مەعنیدار: (ف.ع) مەعنادار، مانا بەخش.

مەغدوور: (مغدور/ع) زۆر لێکراو لە خوتوخۆڕا.

مەغفرە: (مغفرە/ع) لێ بوردن

مەغلووب: (مغلوب/ع) دۆڕاو، ژێرکەوتوو.

مەفتوون: (مفتون/ع) شەیدا، شێتی جوانیی.

مەفسەدە: (مفسدة/ع) خراپەکاریی.

مەفقوود: (مفقود/ع) ون. گوم.

مەفکوورە: (لە فیکر/ع)ەوە؛ بیروباوەڕ.

مەقام: (مقام/ع) پایە.

مەقالە: (مقالة/ع) گوتار.

مەقتەع: (مقطع/ع) برێ، کەرتێ.

مەقسوود: (مقصود/ع) مەبەست.

مەکاتیب: (مکاتب/ع) قوتابخانەکان.

مەکان: (مکان/ع) شوێن.

مکتووم: (مکتوم/ع) شاردراوە.

مەکتەبە: (مکتبة/ع) کتێبخانە.

مەکەرا!: مەکە!.

مەکەهێ: بازێڕی (مەککە).

مەلعەنە: لە (لعنة/ع)ەوە؛ نەفرەت، نەحلەت لێ کراو، بێزراو.

مەلائیکە: (ملائکة/ع) فریشتە.

مەلالەت: لە (ملول/ع)ەوە؛ ڕەنجەڕۆیی، ناهەمواریی.

مەڵلا: مەلا.

مەلای ڕۆمیی: مەولەویی بەڵخیی؛ جەلالوددینی ڕۆمیی (١٢٠٧ز-١٢٧٣ز)؛ شاعیری عیرفانیی بەزمانی فارسیی کە لە مەسنەویی داناندا بەنێوبانگە، هەروەها لە غەزەلدا.

مەلکە: مەلکە جوانڕۆیی، ژنە شاعیرێکی هاوسەردەمی عەلیی بەردەشانیی بەنێوبانگ بووە، شیعری هەیە و پیرەمێردیش لە (ژین)دا وێنەی نواندووە.

مەلەکە: (ملکة/ع) بەهرە، فریشتە.



مەلی: مەلە

مەلێ: مەلا.

مەمات: (ممات/ع) مردن.

مەملووک: (مملوك/ع) ١- ماڵ و موڵکی تایبەتی کەسێ، موڵک. ٢- کڕدراو (وەک پاشا مەملووکە دەسەڵاتدارەکانی بەغداد و میسر.

مەمنوونییەت: (ممنونیة/ع) سوپاسگوزاریی.

مەمهوور: (ممهور/ع) مۆرکراو، مۆر لێ دراو.

مەناخ: (مناخ/ع) کەش.

مەنازیر: (مناظر/ع) دیمەنەکان.

مەنازیل: (منازل/ع) ماڵان خانووەکان.

مەنبەع: (منبع/ع) کانیی، سەرچاوە.

مەنتیق: (منطق/ع) ١- ماقوول، قسە و کردارێ کە تای تەرازووی لەنگ نەبێت. ٢- زانستێکە لە زانستەکان.

مەنتیقە: (منطقة/ع) نێوچە، دەڤەر.

مەنزەرە: (منظر/ع) دیمەن.

مەنزوور: (منظور/ع) ١- تەماشا کراو. ٢- زانستێکی ئەندازە. ٣- باری سەرنج.

مەنسەب: (منصب/ع) پایەی کار و فرمان.

مەنع: (منع/ع) گرتن، بەرگرتن.

مەنفەعە: (منفعة/ع) کەڵک، قازانج.

مەنقولات: (منقولات/ع) نەختینە؛ هەر شتێ هەر قسەیێ لە شوێنێکەوە هەڵگیرابێ بۆ شوێنێکی دی.

مەنکووحە: (منکوحة/ع) ئافرەتی بەشوودراو.

مەنووت: (منوط/ع) بەستراو، دراو بەیێکێکی دی.

مەنهیی: (منهي/ع) تەواوکەر، کۆتایی پێ هاتوو.

مە: ئێمە.

مەه: (ف) مانگ.

مەهما: (مهما/ع) وێرا.

مەهجوور: (مهجور/ع) چۆڵ، دەست لێ هەڵگیراو.

مەواد: (مواد/ع) شتەکان.

مەوتین: (موطن/ع) نیشتمان.

مەوجوود: (موجود/ع) هەبوو، هەیە.

مەوجوودییە: (موجودیة/ع) هەبووەکان.

مەورووس: (موروث/ع) بەمیرات وەرگیراو، میرات.

مەوزووع: (موضوع/ع) بابەت، باس.

مەوزوون: (موزون/ع) بەکێش، کێشدار.

مەوقیع: (موقع/ع) شوێن.

مەولا: (مولی/ع) سەروەر.

مەیکەدە: (ف) مەیخانە.

مەیل: (میل/ع) لاکردنەوە، ئارەزوو.

میاوە: دەگەییشتە.

میحنە: (محنة/ع) تەنگانە، بەلا.

میخ: دارێکی زلە لە زەویدا دەچەقێندرێ بۆ شەتەک دانی سەری گوریسێ کە جلەوەکەی بەولاخەوە بێت.

میدیە: میدیا-ماد، مادیا Medie نەتەوەیێکی دێرینی ئاریانیی نەژادە، لە سەرەتای سەدەی ٧پ.ز.دا دەسەڵاتی فەرمانڕوایی وڵاتی ماد-میدیان دامەزراند.

ڕوون نییە لە چ ڕۆژگارێکەوە هاتوونەتە ئێرانی ئێستەوە و لە ئازەربێجان و کوردستانی ئەمڕۆدا نیشتەجێ بوون، بەڵام هێندێ باوەڕ هەیە گۆیا لە سەدەی ١٠پ.ز.دا هاتوون.

مێژوونووسی کلدانیی (بورس) باوەڕی هەیە کە لە ڕۆژگاری دێریندا مادەکان (بابلستان /بابل)یان گرتووە و ٢٢٤ ساڵ فەرمانڕەواییان درێژەی کێشاوە.

پێتەختی مید-مادەکان (ئەکباتان) بووە کە (هەمەدان)ی ئەوڕۆیە. هەروەها (ڕێگا، ڕەها)ش یێکێ بووە لە بازێڕە بەنێوبانگەکانیان. پاشای فارس (کورۆش) لە ساڵی ٥٥٠پ.ز.دا وڵاتەکەی لێ داگیرکردوون. (دارا)ی یێکەم پاشایەتیی باو کرد.

ئەسکەندەری ماکدۆنیی لە ٣٣٠پ.ز.دا داگیری کرد. دوایی لە ٣١٠پ.ز.دا کەوتە ژێر باری سەلجووقییەکانەوە. ئەوجا کەوتە ژێر باری ساسانەکانی فارسەوە. بەئەم جۆرە مایەوە



تا داگیرکاریی ئیسلامیی لە ٦٣٣پ.ز.دا.

زۆربەی مێژوونووسەکان، زمانناسەکان، کەلاوەناسە بەوێژدانەکان و زانستپەروەرانی دیی، باوەڕیان هەیە کە (کورد وەچەی ڕاستەقینەی ماد- میدەکانە!).

میراودەلیی: خێلێکی کۆن و ئازا و بەهێز و گەورەی نێوچەی «پشدەر»ی کوردستانی باشوورە و بەر لە (١.ج.گ)و داوییشدا هەر بەهێز بوو بەرادەیێ دەسەڵاتی گەییشت بووە نێوچەی ماوەت، ئێستەش هەر لە نێوچەی قەڵادزەدایە و هێندێکی کەوتووەتە ئەودیو بۆ کوردستانی خۆرهەڵات.

میرانیی: پیاوەتیی، مەردیی.

میرئات: (مرآة/ع) ئاوێنە.

میروەحە: (مروحة/ع) باوەشێن.

میزاج: (مزاج/ع) ئارەزوو.

میسال: (مثال/ع) وێنە، نموونە.

میستەر: Mr (E) کاک، بەڕێز.

میسل: (مثل/ع) وەک.

میسلەهو: (مثلە/ع) وەک ئەو، هاوتای.

میعر: پێچەوانەی شیعر؛ ناتۆرەیێکە بەهەر شیعرێکی ناڕێک و ناتەواو دەبێژرێت و (ئەوڕۆ بازاڕی گەورە).

میعمار: (معمار/ع) خانەساز، تەلارساز.

مێکوتە: ١- مێکوت: دارێکی ئەستوور و سەر پان وکلک درێژە کە بۆ کوتانی جل و بەرگ و خوریی لەسەر بەردێ بۆ شووشتن بەکار دەبرێت. ٢- مێکوتە: دەردێکە تووشی منداڵی ساوا دەبێت.

مێکووکە: مەکۆی جۆلایی.

میللیی: نەتەوەیی.

مین بەعدیلئەییام: (من بعد الایام/ع) لە دوای ڕۆژگارەوە.

میهر: خۆر.

مێۆ: نێوان.

میبەسسەر: (میسّر/ع) سانا، ئاسانکراو.

## - ن -

نائیب: (نائب/ع) جێنشین، نوێنەر.

نائێ: نایێت.

ناتوریست: Naturalist/ Naturist (E) زانایێکی سروشتناس.

ناتەمام: ناتەواو، کەموکورت.

ناجیح: (ناجح/ع) سەرکەوتوو.

ناچیز: (ف) هیچ، هیچ و پووچ.

ناحەق: نا (حق/ع)؛ نارەوا.

نادیرە: (نادرة/ع) دانسقە، دەگمەن.

نار: (نار/ع) ١- ئاوور، ئاگر. ٢- هەنار.

نارەحەت: نا (راحة/ع)؛ نائارام، پەرێشان.

نازاران: نازداران.

نازکتەر: (ف) ناسکتر.

نازم: (ناظم/ع) هۆنەر، ئەوی نەزم دادەنێت.

نازیر: (ناظر/ع) چاودێر.

ناسۆر: برین، زام.

ناسیحە: (ناصحة/ع) ئامۆژگاریکەر.

نارەوەن: درەختێکی بەرزی گەورەی لق و پۆپ گەورەی سێبەر دارە و لە زۆربەی مزگەوتەکاندا دەرووێندرێت.

نازیی: Nazi پارتی نازیی دامەزراوی هیتلەر و هێندێ هاوەڵی لە ساڵی ١٩٢٠ز.دا و لە بازێری «میۆنیخ Munschim»ی ئەڵمانیادا. بەرواڵەت پارتی سۆشیال نەتەوەیی ئەڵمان بوو.

نازیست: Nazist؛ دڵسۆز و لایێنگر -هەوادار-انی نازیی.

ناڤ: نێو، ناو.

ناقیس: (ناقص/ع) ناتەواو، کەموکورت.

ناکرێتۆ: ناکرێتەوە.



ناگەوار: (ف) ناخۆش، دڵتەزێن.

نام: (ف.H) نێو، نام.

نسحەت: نەسیحەت(ع) ئامۆژگاریی.

نزدیک: (ف) نزیک.

نگەهدار: (ف) ئاگەدار، چاودێر، نیگاداشت.

نگەهێ: نیگایێ.

نما: خۆ نواندن.

نوازشت: (ف) نەرم جوولانەوە.

نوبزە: (نبذة/ع) سەرپۆتی، کرتەی باسێ، سەرەتا.

نوجەبا: (نجباء/ع) بەرێزان.

نوور: (نور/ع) ڕووناکیی، ڕۆشنایی.

نوورانیی: کەسێکی ڕەنگ و ڕووناک و دڵ و دەم و دەست پاک، پیاوچاک!.

نوسخە: (نسخة/ع) وێنە، دانە.

نوقسانیی: (نقصان/ع) ناتەواویی.

نوقەبا: (نقباء/ع) سەرۆکان، گەورەکانی هۆز.

نوکرانوززات: (نکران الذات/ع) خۆنەویست، لە خۆبوردو.

نومایندان: (ف) نوێنەرەکان.

نەباتات: (نباتات/ع) ڕووەکەکان.

نەبز: (نبض/ع) تەپەی دڵ، لێدانی دڵ.

نەبیم: نەبووم.

نەتیجە: (نتیجة/ع) ئەنجام.

نەجات: (نجاة/ع) ڕستگار، ڕزگار.

نەجیب: (نجیب/ع) بەرێز.

نەحس: (نحس/ع) شووم.

نەحیف: (نحیف/ع) لاواز، باریک.

نەخەڵەتابی: وریابە بەهەڵەدا نەڕۆیت، هەڵە نەکەیت!.

نەداریی: (ف) نییتە.

نەدامەت: (ندامة/ع) پەشیمانیی.

نەدیمان: (ندماء/ع) هاودەنگان، ئەو کەسانەی هاونشینی پاشاکانن و بەرەفتار و قسەی خۆش سەرگەرمیان دەکەن.

نەرد: (ف) تاوڵە کە یارییەکە بە دوو قل زار و سی پوولەوە لە بیست و چوار خانەدا دوو کەس یاریی پێ دەکەن.

نەزاکەت: (نزاکة/ع) ناسکیی، ئەدەب.

نەزاهەت: (نزاهة/ع) پاکیژیی، پاکیی.

نەزم: (نظم/ع) هۆنین، هۆنراوە، ڕێکوپێکیی.

نەزەر: (نظر/ع) تەماشا، نۆڕین.

نەزیری نیشاپووریی: محەممەد حسێن نەزیری نیشابوری، هەر لە منیداڵییەوە خووی داوەتە شیعر لە لاوییتیدا لە خوراسانەوە نێوبانگی شیعری گەییشتە عێراق. دوایی هاتە عێراق و ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ «کاشان». شاعیرێکی گەورەی فارسە! (لە نێو کوردییشدا دیسان بەنێوی نەزیرییەوە هەبووە کە یادگارەکانی زۆر دیار نین!). لە ساڵی ١٦١٢ زاینی کۆچی دوایی کردووە. (گنج سخن- دکتر صفا- ص٦٤٨)

نەزیە: (نزیه/ع) پاک.

نەسر: (نثر/ع) پەخشان.

نەسل: (نسل/ع) نەوە، بنەتۆوو.

نەسەب: (نسب/ع) ڕەچەڵەک.

نەسیحە: (نصیحة/ع) ئامۆژگاریی، پەند.

نەسیم: (نسیم/ع) شەماڵ.

نەشات: (نشاط/ع) جموجووڵ، چالاکیی.

نەشئە: (نشأة/ع) ١- هەڵکەوتن. ٢- نەشە؛ ئارەزوو.

نەشتەر: تیغێکی نووکتیژی درێژ و باریکە و برینی پێ هەڵدەدرێت.

نەشر: (نشر/ع) ١- بڵاوکردنەوە. ٢- هونەرێکی ئەدەبیی عەرەبە.

نەشی: نەچی!

نەفتین: نەوتاویی.



نەفخی سوور: (نفخ الصور/ع) لێدانی شەیپوور لە لایێن ئیسرافیلەوە لە ڕۆژی ڕاست بوونەوە -قیامەتدا.

نەفرەت: (لە نفور/ع)ەوە؛ دوورکەوتنەوە، بێزکردنەوە.

نەفسانییەت: (نفسي/ع) بەخۆم. خۆم.

نەفع: (نفع/ع) کەڵک، قازانج.

نەفعیی: (١٦٣٤ز مردووە) گەورەترین شاعیری داشۆڕین لە سەردەمی عوسمانییدا کە خۆی پێ دابین نەکراوە و گەورەکانی شۆڕیوە بۆیێکا خنکێندرا و لاشەکەیشی فڕێ دراوەتە دەریاوە. دیوانی (سهامی قەزا)ی هەیە. لە نێو کورددا شێخ ڕەزای تاڵەبانیی وێنەی ئەوە، بەڵام بەر لە ئەویش شاعیرێکی (کوردی شەبەک) هەڵکەوتووە کە لەم دواییەدا کاک محەممەد عەلیی قەرەداخیی (دیوانی) لە مەڵبەندی دەستنووسەکانی عێراقدا دۆزیووەتەوە کە بەر لە دوو سەد ساڵەوە نووسراوە.

نەفەس: (نفس/ع) هەناسە.

نەفەقە: (نفقة/ع) خەرجییێ کە شەرع -قانون- بۆ یێکێکی خێزانی بڕیبێتەوە.

نەفیی: (نفي/ع) دوورخستنەوە، ئاوارەکردن.

نەقد: (نقد/ع) ١- دراو، دراوی ئامادە. ٢- ڕەخنە.

نەقڵ: (نقل/ع) ڕاگۆستنەوە.

نەقیز: (نقیض/ع) پێچەوانەی ڕاستیی، پێچەوانەی شتێ.

نەقیزە: دارێکی درێژ و نووکتیژە بۆ هاژوانی وڵاخ (مەبەستی سەیید محەممەد ڕەشید -لە نامەیێکیدا- کێرە!).

نەنگەویست: نەنگەویس، کەس نەویست، خۆپەرست.

نەما: نەمان.

نەوا: ١- هۆی ژین. ٢- نەوەکا.

نەواحیی: (نواحي/ع) لا -ئاواییەکان.

نەوازش: نەوازشت (ف)؛ لاواندنەوە، دڵنەوایی.

نەوڕەستە: (ف) تازە پێگەییشتوو، جوان.

نەوع: (نوع/ع) جۆر.

نەومێد: (ف) ناهومێد، هیوابڕاو.

نەونیهاڵ: (ف) نەو نەمام، جوان.

نەوینی: نەبینیت.

نەی: نای، شمشاڵ، شەیپوور.

نەیزەن: (ف) نەیژەن، نایژەن.

نەیشەکر: (ف) قامیشە شەکر. (مەبەست شیرینیی باڵای یارە).

نەیکەمەر: کەمەرە باریک چەشنی قەدباریکیی قامیشە شەکر.

نهۆم: چین.

نیابەت: (نیابة/ع) ١- لە بریی. ٢- نوێنەرایەتیی.

نیاگارا: (E) Niagara نیاگارا: ڕووبارێکی ئەمریکای باکوورە لە نێوان «کەنەدا» و ئەمریکادا. دیسان نێوبانگی بەتاڤگەکەیەوە هەیە کە بەرزیی ٤٦ مەترە.

نیزام: (نظام/ع) ڕێگە و شوێنی دانراو بۆ کاروگوزەران و هەڵکرد، سیستەم، ڕژێم. ڕێکوپێکی.

نیزامیی: (نظامي/ع- ف) ١- قانوونیی، حوکوومەتیی. ٢- نیزامیی؛ نیزامیی گەنجەویی (١١٤٠ز-١٢٠٣ز)؛ شاعیری گەورەی فارس کە گۆشەگیرانە دەژیا. کارێکی گەورەی کردووەتە سەر ئەدەبی فارسیی و (پێنج غونج/ گەنج پێنج داستانی شیعریی: گەنجینەی نهێنییەکان، خوسرەو و شیرین، لەیلا و مەجنوون، ئەسکەندەرنامە، هەفت پەیکەر)ی ناسراوی خۆرهەڵاتە.

نیسار: (ف) نسێ؛ شوێنێکی سێبەر و سارد.

نیشا: نیشانە.

نیشات: (نشاط/ع) جموجوڵ، چالاکیی.

نیعمەت: (نعمة/ع) بەخشش، فەڕ.

نێڤ: نیو.

نیمەڕەنگ: نیوەڕەنگ، کاڵ.

نیگا: وێنە، نۆڕین.

نیگاران: یاران.

نیوە بریشتوو: نیوە برژاو.

نیویۆرک: (E) Newyork بازێڕێکی گەورەی ئەمریکایە و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی



هەرێمی (نیویورک)ی سەر کەناری نیویۆرک. بەرەکەی ٩٤٥کم٢، دانیشتوانی -ئێستە نۆ میلیۆن پترە. کاتی خۆی هۆڵاندەکان دایانمەزراندووە و نێویان نابوو (ئەمیستەردامی نوێ New Amsterdam؛ س١٨٢٦ز). دوایی ئینگلیزەکان لە س١٦٦٤ز.دا داگیریان کرد. پڕە لە تەلاری بەرز، زانکۆ، مووزەخانە و پێشانگەی جۆربەجۆر. هەروەها مۆڵگەیێکی یێکجار گەورەی پیشەسازی هەمە جۆرە.

نیهالان: (ف) نەونەمامان، جوانان.

## - و -

وا ئەسەف: (وا أسف/ع) ئەفسووس، مخابن.

وا بەستە: (ف) پەیوەست، پێوەندیدار.

واتان: خوێندوویە.

واتای: گوتی.

واجیب: (واجب/ع) فرمان، ئەرک.

واریس: (وارث/ع) میراتگر.

واسیتە: (واسطة/ع) هۆ.

واسیع: (واسع/ع) فراوان.

واسیق: (واثق/ع) ڕاپەرموون، دڵنیا.

واقیع: (واقع/ع) ڕووداو، قەوماو.

واقیعەن: (واقعاً/ع) ڕاستییەکەی.

واگۆن: (E) Wagon گالیسکە، ئەڕرەبانە؛ ژوورێکی ئاسنینی شەمەندوفەرە بۆ بار هەڵگرتن و ڕاگۆستنەوە.

والیی: (والي/ع) پاشا، میری هەرێم، سەرۆکی وڵات.

وان: ئەوان.

وجوود: (وجود/ع) هەستیی، هەبوون.

وجووه: (وجوه/ع) ڕوخسارەکان.

وحووش: (وحوش/ع) دڕندەکان.

وردن: خواردووە.

وزووح: (وضوح/ع) دیار، ڕۆشنا.
وستەن: گەییشتن.
وستنەت: خستووە.
وسووڵ: (وصول/ع) گەییشتن.
وە: ئێوە.
وەجایێ: بۆ، بۆ جێگەیێ.
وەختێ: ساتێ.
وەدزێ: بدزێتەوە.
وەر: بەر، مەگەر، وە، ئەگەر کورتکراوەی: وەئەگەر.
وەرتەر: پێشتر.
وەرد: زەویی دوو جار کێڵدراو.
وەردم دا: کێڵامەوە.
وەڕ وەڕ: (ت) دەمانچە، تفەنگی شەشخانە
وەزارەتی نافیعە: (وزارة النافعة/ع) وەزارەتی کاروبار «ئەشغال».
وەزع: (وضع/ع) بار، دۆخ.
وەزعییەت: چۆنیی بار، دۆخ.
وەزیفە: (وظیفة/ع) فرمان، کار.
وەزیدەن: (ف) هەڵکردن، هەڵکردنی با.
وەسڵ: (وصل/ع) پێوەند.
وەسڵە: (وصلة/ع) کەرت، کوت.
وەسیی: (وصيّ/ع) ڕاسپێردراو، کەسێ سەرپەرشتی لە خوار تەمەنی خۆیەوە پێ سپێردرابێت یان بەفەرمانێکی شەرعیی قانوونیی بەسەر یێکێکەوە بۆ سەرپەرشتیی دانرابێت تا پێ دەگات و هەرزە کاریی تێ دەپەڕەێنێت.
وەسیلە: (وسیلة/ع) ئامراز، هۆ.
وەسییەت: (وصیة/ع) دوا قسە و باس و ئامۆژگاریی، ڕاسپاردە.
وەشتر: خۆشتر.



وەعا: (وعی/ع) ژیربووە، ژیرە.
وەعد: (وعد/ع) گفت، بەڵێن.
وەعدە: (موعد/ع) وادە، گفت.
وەفا: (وفاء/ع) دڵسۆزیی، وەفا.
وەقا: وەقاس، هوقاس، هێندە.
وەقت: (وقت/ع) کات، وەخت.
وەقفە: (وقفة/ع) هەڵوێستە.
وەکن: لەکن.
وەکوژێنەوە: بکوژێنەوە.
وەلاسییەما: (ولاسیّما/ع) نەخوازەلا.
وەلحاسڵ: (والحاصل/ع) سەرئەنجام.
وەلیی: (وليّ/ع) سەری گەورە، سەردار، سەرخێڵ، پیاوچاک.
ولینعمەت: (وليّ النعّمة/ع) خاوەندی چاکە و فەڕ.
وەلێ: لێ، بەلام.
وەلا: (والله/ع) بەخودا.
وەمژێنە: بمژێنە.
وەندن: خوێندن.
وەهەم: پێکەوە.
وەهەمدا: بەیێکدا.
وەیە: ئەوهەیە، ئەوهایە.
وی: ئەو.
وی دەرێ: ئەوێندەرێ، ئەوێ شوێنێ.
ویجدان: (وجدان/ع) ویژدان، نیهاد، دل.
ویر: بیر.
ویرد: (وِرد/ع) دوعا و نزای پاش نوێژی موسڵمانان.
ویزر: (وِزر/ع) گوناه، سووچ.

ویسایە: (وصایة/ع) چاودێر کراو، چاودێری.
وێستاش: ئێستەش.
وێشان: خۆیان.
ویفاق: (وفاق/ع) رێککەوتن، تەبایی.
ویلادەت: (ولادة/ع) زایین، هاتنە نێو دنیاوە.
ویلایەت: (ولایة/ع) هەرێم، وڵات، نیشتیمان.
ویەرد: تێ پەڕی.

- ه -

هاری وەیاد: بهێنەوە یاد.
هام: هاو.
هامشاری: هاو شار، خۆو وڵاتیی.
هاکەزا: (هکذا/ع) بە ئەم پێیە، ئەوهە.
هالیـڤـاکس: Halifax بەندەر و بازێرێکی گـەورەی وڵاتی کـەنەدایە و کـەوتووەتە سـەر ئۆقیانووسی ئەتلانتیک و باشووری نۆڤسکوشیا. لە چوار وەرزدا والآیە بۆ جموجووڵی کـەشـتـیی. لە پیـشـەسـازییـدا بەتایبـەتی لە پالاوتنی نەوتدا، شـەکـردا، هەروەها لە دروستکردنی کەشتییدا ناسراوە. دیسان لە ڕاوە ماسیشدا بەنێوبانگە.
هامیش: (هامش/ع) پەراوێز.
هانا: هاوار، پەنابردنە بەر بێکێ.
هنەرا: هونەرا.
هوجرەت: (هجرة/ع) کۆچ کردن.
هوجووم: (هجوم/ع) پەلامار.
هوونی: ئەوهە.
هوە: هەو؛ ئێدیی.
هەدر: (هدر/ع) فیڕۆ.
هەدەف: (هدف/ع) ئامانج، نیشان.
هەدییە: (هدیّة/ع) دیاریی.



هەراس: ترس. ماخولیا.
هەرقل: هیـراکـیلۆس Heraclius (١١٠ز-١٤١ز) ئیـمـپـراتۆری بیـزەنتی ناسـراوی خۆرهەڵات، گەلێ جەنگی گێڕاوە و لە ٦١١ز.دا ئەنتاکیە و لە ٦١٤ز.دا «قودس» و لە ٦١٩ز.دا «میسر»ی داگیرکردووە و ئەوجا پەلاماری وڵاتی فارسیشی داوە و تا «تەورێز» چوو و داگـیری کـرد. ٦٢٢ز-١٦٣٠ز.دا و «دارەخاج» عـالێ سـتـاندەوە و بەهەڵکەوتنی داگیرکاری عەرەبیش، ئەستێرەی بەختی پووکایەوە کە سووریا و فەلەستین و وڵاتی نێوان هەردوو ڕوباری دۆڕاند لە نێوان سالآنی ٦٣٤ز-٦٤٢ز.دا.
هەرتک: هەردوو.
هەقتانە: مافتانە، ڕەوی خۆتانە.
هەڵاتن: ١- خۆرکەوتن.٢- ڕاکردن، خۆقوتار کردن.
هەڵاو: هالاو، هەڵم.
هەمدەم: هاودەم، هاودەنگ.
هەمشەهریی: (ف) هاوشیاریی، خۆوڵاتیی.
هەمکاریی: هاریکاریی، ئالیکاریی.
هەمەجا: (ف) هەموو لایێ، هەموو جێگەیێ.
هەم میزاج: هاو ئارەزوو، هاوتەبیات.
هەنگامە: (ف) جەنگ، هاوار، هەراوهوریا، کات.
هەنی: ئێدیی.
هەننێ: هێندێ.
هەوا: (هواء/ع) ١- با ٢- ئارەزوو.
هەواخوا: هەوادار، لایێنگیر، دۆست، یار، ئارەزوو.
هەورامان: نێوچەیێکی شاخاویی سەخت و جەنگەڵستانە و پڕە لە میوە. جاران یێک پارچە بوو، ئەمیـست دووکەرتە و١- هەورامانی «لهۆن»ی پێ دەبێژن کە ژێر دەستـەی ئێرانە. ٢- هەورامـانی «تەخت»، کە ژێر دەسـتـەی عێـراقی عـەرەبە و ئەمیـان ئاوایی «تەوێڵە» و دەوروبەری تا نزیک بازێڕۆکەکانی خورماڵ و هەڵەبجە دەگرێتەوە! (بۆ ڕیشەی نێوەکەی بیرورای جۆر بەجۆر هەیە. بەش بەحاڵی خۆم بەهیچیـان قـایـیل نیم و پێم وەیە نێوەکەی (مـاد-مـیـدی)ی بێت و لە (خـۆرمـاد)ەوە داکـەوتبـێت بەشـێـوەی (خـۆرمـاد- هۆرامـاد-

هەورامان)ەوە هاتووە. شایانی باس و یادە، تا دوای هاتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆزیش، ئایینی زەردەشتیی و پیرەکانی لە ئەو نێوچەیەدا هەبووە و چەندین سەرچاوەش جەختیان بۆ هەمان ڕاستیی کردووە و (پیری شالیار)یش یێکێک بووە لە پیرەکانی زەردەشتیی لە دوای ئیسلامەوە!).

هەولێر: باژێڕێکی دێرین و بەنێوبانگی کوردستانی باشوور و کۆنترین باژێڕی گێتییە و ٣٦٠کم لە بەغداوە و ٨٥کم لە کەرکووکەوە دوورە. لە سەردەمی ئاشوورەکاندا (ئەربائیللو)ی نێوبووە. کۆنترین مێژووی نێوبردنی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٠٠٠پ.ز کە بەشێوەی (ئوربیللم) نێوی دەرکەوتووە.

هەوەس: ئارەزوو.

هەیئە: (هیئة/ع) دەستە.

هەیئەت ئیختیارییە: (الهیئة الاختیاریة/ع) دەستەی پیرەکان، هەڵبژاردە.

هەیئە تەعلیمییە: (الهیئة التعلیمیة/ع) دەستەی فێرکردن، دەستەی پەروەردە.

هەیبەت: (هیبة/ع) سام، ڕێز!.

هەیڤ: مانگ.

هەیکەل: (هیکل/ع) پەیکەر!.

هیتیس: (حیثیون/ع)؛ گەلێکی کۆنی ئاسیای بچکۆلە و جێ نشینی وڵاتی سووریای ئێستە بووە. ڕیشەی دەچێتەوە سەر تیرەیێکی باشووری ئەنادۆڵ -تورکیای ئێستە- کە ناسراوە بە (خەتی-خاتی) و پاشانیشینیان دامەزراندکە بەشێکی زۆری باکووری ئێستەی عێراقی عەرەب و سووریای عەرەبی گرتووەتەوە کە ڕاستییەکەیشی کوردستان دەگرێتەوە.

هیتیس؛ تێکەڵی گەلێکی هیندوئەوروپایی بوون -بێگومان کوردە- و لە کۆتای سەدەی دوانزەی پ.ز ئیمپراتۆرییەتەکەیشیان ڕما!.

هیدایەت: (هیدایة/ع) خستنە سەر ڕێگە، ڕێگەنوێن، ڕێگە گرتنی ڕاستیی.

هیجران: (هِجران/ع) دەست لێ هەڵگرتن، دەست لێ بەردان.

هیممەت: (هِمَّة/ع) توانا، ڕەنجێکی زۆر.



- ی -

یاتاغ: (ت) یاتاخ؛ نوێن، جێگە، پێخەف.

یاد ئاوەریی: یادکردنەوە.

یادێوە: یاد بکەیتەوە.

یاران: دۆستان، هاوەڵان.

یاسین: (یاسین/ع) سوورەتی «یاسین» کە لە (قرآن)دا هاتووە و بەتایبەتی بەسەر نەخۆشێکی دەمەو گیانەلادا دەخوێندرێتەوە.

یاگە: جێگە.

یانە: ماڵ.

یاوان: گەییشتن.

یاوەر: هاوەڵ، یارمەتیدەر، هاودەنگ.

یاهوو: (هو/ع) ناسنێوێکی (خودا)ی مەزنە!. یاهوو: بانگ کردنی دەروێشانە بۆ خودا.

یووسف سانیی: (یوسف الثاني/ع) یووسف کەنعانیی.

یە: ئەمە.

یەتە: دێتە.

یەردەی: بەربدەی.

یەقین: (یقین/ع) دڵنیایی، باوەڕێکی ڕاست.

یەمانیی: (یماني/یمنيّ/ع) یەمەنیی (شتێکی وڵاتی یەمەنە).

یەنبووع: (ینبوع/ع) سەرچاوە، کانیی.

یەند: هێند.

یەوم: (یوم/ع) ڕۆژ.

یێکێوەن: پێکەوە.

یێکێوەن: یێکێکە.

یێگانە: (ف) ١- یێکانە. ٢- بەراز.

# پێزانین

* هەزاران ڕەحمەت بۆ چاکەی بەهەشتیی مامۆستای زانا شێخ محەممەدی خاڵ کە لە ژینی پڕ بەرەکەتیدا، کتێبخانەکەی و کۆمەڵێ دەستنووس و نامەی بەنرخی خستبووە بەردەستم و مۆڵەتیشی فەرموو ئەویی پێویستم بێت فۆتۆکۆپیی وەربگرم.

* سوپاسی گەرمم بۆ دۆستم زانا عەبدورڕەقیب یووسف کە هەمیشە کتێبخانەکەی بۆ کردبوومەوە، هەروەها هێندێ سیجلل و چەند بەڵگە و دەستنووسێکی خستە بەردەستم یان پێشکەشی کردم و ساڵەکانی کۆچیشی بۆ هێنامە ڕیزی ساڵی عیساییەوە.

* سوپاسی گەرمیشم بۆ دەزگەکانی؛ پەروەردەی سلێمانیی، تاپۆی سلێمانیی، خانەنشینەکانی سلێمانیی. هەروەها کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی، کتێبخانەی زانکۆی سەلاحوددین/هەولێر، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، کتێبخانەی مووزەخانەی سلێمانیی.

* سوپاسم بۆ هاوەڵم پرۆفیسۆر در. محەممەد محەممەد نووری عارف کە لە هێندێ وەرگێڕان و شیعریی فارسیی و پێداچوونەوەی فەرهەنگۆکدا پشتیوانم بوو.

* سوپاسی هەر زاتێ دەکەم کە دەرگەی لە هەنگاوی ماندووم دەکردەوە و نامەیێکی دەخستە بەردەستم.

* سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە گوێگر و بێ گفت بوون، وەک هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٩٦ز.دا فاکسنامەیێکم دایە دەستی تا بیگەیێنێتە دەستی (ئیبراهیم ئەحمەد)ی باب و نووسەری تا نامەکاریی گەنجینەیم لێ ئاشنا بکات و تێ هەڵکێشی ئەم کتێبە بکەم، بەڵام تا ئەورۆ وەڵامم وەرنەگرتەوە!. هەروەها (کوڕی ڕەش/ عەلیی قازیی محەممەد/ کە بەتەلەفۆن -بۆ ئەڵمانیا- ئاگادارم کرد و گفتی پێ دام نامەیێکی گرنگ و دەستنووسی بابی، نەمر قازیی محەممەدم بۆ بهێنێتە زیندانی مەنفام و کەچیی ئێستە و ئەوساش نە دەنگ و نەڕەنگی هەبوو!).

* سوپاسێکی پێشەکییانە بۆ هەر لێ کۆڵێکی دوای من کە درێژە بەئەم (بابەتە) دەدات و (نامەکاریی س١٩٥٨ز-٢٠٠٠ز) بەسەر دەکاتەوە کە دڵنیام دەوڵەمەندتر و ڕەنگینتر و بەپێزترە!.



## سەرچاوە- تەماشاکراو

١- کوردیی

١/١- ئاوارە: ساجید -نامەی ژیان، بەغداد، س١٩٨٥ز.

٢/١- ئەحمەد: سەلام -دیوانی شێخ سەلام، بەغداد؛ س١٩٥٨ز.

٣/١- ئەحمەد: کەمال مەزهەر (در) -تێ گەیشتنی ڕاستیی شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، بەغداد؛ س ١٩٧٨ز.

٤/١- ئەحمەد: کەمال مەزهەر (در) -کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیی یێکەمدا؛ بەغداد؛ س١٩٨٧ز.

٥/١- ئەحمەد: کەمال مەزهەر (در) -مێژوو، بەغداد؛ س ١٩٨٣ز.

٦/١- ئەمین: نەوشیروان مستەفا -سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، سلێمانیی؛ س١٩٩٩ز.

٧/١- باپیر: عەلیی کەمال -دیوانی کەمالیی (کۆ و پێشەکیی کەمال عەلیی باپیر!! ڕاستییەکەی حەمەی حەمە باقیی!، بەغداد؛ س ١٩٨٦ز).

٨/١- بلە چ شێرکۆ (در) (سورەییا بەدرخان) -کێشەی کورد (وەرگێڕانی؛ حەمەی حەمە باقیی، ج ٣، س ١٩٩٢ز).

٩/١- بدلیسیی: شەرەفخان -شەرەفنامە (وەرگێڕان و پێشەکیی: عەبدووڕەحمان هەژار شەرەفکەندیی)، بەغداد؛ س ١٩٧٢ز.

١٠/١- بوز ئارسلان: محەممەد ئەمین -ژین «١٩١٨ز-١٩١٩ز)، جلد ١ و ٥، سوید، س ١٩٨٥ز. (کۆ و پێشەکیی و لێ کۆڵینەوە و نووسینەوەی بەلاتینیی).

١١/١- بەرزنجیی: عومەر مارف و سامان شێخ مارف -سەرجەمی بەرهەمی مارف بەرزنجیی شەهید (کۆکردنەوە و ڕێکخستن، پێشەکیی و پەراوێز و ساغ کردنەوە)، هەولێر؛ س١٩٩٣ز.

١٢/١- بێسارانیی: کوڕی مەلا قوتبوددین - دیوانی بێسارانیی (کۆ و لێک دانەوە؛ کیومەرت نیک)، بەغداد؛ س ١٩٨٢ز.

١٣/١- بێخود: مەلا مەحموود موفتیی - دیوانی بێخود (کۆکردنەوە و پێشەکیی: محەممەد مەلا کەریم)، بەغداد؛ س١٩٧٠ز.

١/١٤- بێ کەس: فائیق عەبدالله -دیوانی بێ کەس (کۆکردنەوە و پێشەکیی؛ محەممەد مەلا کەریم)، بەغداد؛ س١٩٧٠.

١/١٥- پیربالّ: فەرهاد (در) -ڕۆژنامەگەریی کوردی بەزمانی فڕانسیی، هەولێر، ١٩٩٨ز.

١/١٦- تالّەبانیی: شێخ ڕەزا -دیوانی شێخ ڕەزا (کۆ و بلاّوکردنەوەی کوردیی و مەریوانیی، مستەفا سایب و تاهیر بەهجەت)، بەغداد؛ س ١٩٣٢ز.

١/١٧- تەقیی: ئەحمەد -خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقییدا (پێشەکیی و بلاّوکردنەوەی جەلال تەقیی) بەغداد؛ س ١٩٧٠ز.

١/١٨- جاف: ئەحمەد موختار -دیوانی ئەحمەد موختار جاف (پێشەکیی و پەراوێز: در. عیززەددین مستەفا ڕەسولّ)، بەغداد؛ س١٩٨٦ز.

١/١٩- حسامیی: کەریم -کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، بنکەی پێشەوا، س١٩٧١ز.

١/٢٠- حەوێزیی: تاهیر ئەحمەد -مێژوویی کۆیە؛ ج١ـــ٢ بەغداد؛ س١٩٨٤ز.

١/٢١- حیلمیی: ڕەفیق -شیعر و ئەدەبییاتی کوردیی، ب٢، بەغداد؛ س ١٩٥٤ز.

١/٢٢- حیلمیی: ڕەفیق -یاداشت، ب١ـــ٣، هەولێر ١٩٨٦ز، ب٤، بەغداد؛ س ١٩٩٢ز.

١/٢٣- خالّ: محەممەد -فەرهەنگی خالّ -ج١ـــ٣، سلێمانی؛ س١٩٦٠ز، ١٩٦٢ز، ١٩٧٤ز.

١/٢٤- خالّ: محەممەد -نالّەی دەروون، ج٢، بەغداد؛ س١٩٨٤ز.

١/٢٥- خواجە: ئەحمەد -چیم دیی، ب١ــ٣، سلێمانیی، س ١٩٦٨ز، ١٩٦٨ز، ١٩٨٠ز.

١/٢٦- خەزنەدار: جەمال -بانگی کوردستان (کۆکردنەوە و پێشەکیی)، بەغداد؛ س ١٩٧٤ز.

١/٢٧- خەزنەدار: جەمال - ڕۆژی کورد (کۆکردنەوە و پێشەکیی)، بەغداد؛ س ١٩٨١ز.

١/٢٨- خەزنەدار: جەمال - ڕۆژی کوردستان (کۆکردنەوە و پێشەکیی)، بەغداد؛ س ١٩٨٣ز.





١/٢٩- خەزنەدار: مارف (در) -دەستووری زمانی کوردیی عەلیی تەرەماخیی (کۆ و پێشەکیی و ساغکردنەوە)، بەغداد؛ س ١٩٧٦ز.

١/٣٠- خەزنەدار: مارف (در) - لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغداد؛ س ١٩٨٥ز.

١/٣١- خەزنەدار: مەحموود - بەرهەمی کۆکراوەی عەبدولواحید نووریی (پێشەکیی: در. عیززەدین مستەفا ڕەسوولّ)، بەغداد؛ س ١٩٩١.

١/٣٢- ڕەنجووریی: مەلا عومەر زەنگەنە -دیوانی ڕەنجووریی (کۆکردنەوە و پێشەکیی و لێک دانەوەی محەممەد عەلیی قەرەداخیی)، بەغداد؛ س١٩٨٣ز.

١/٣٣- زامدار: مەحموود - ڕۆژنامەی هەولێر (کۆکردنەوە و پێشەکیی)، هەولێر؛ س ١٩٨٨ز.

١/٣٤- زەبیحیی: عەبدوڕڕەحمان -قامووسی زمانی کوردی، ب ١ـ٢، بەغداد؛ س١٩٧٣ز، ١٩٧٧ز.

١/٣٥- زەکیی: محەممەد ئەمین -مێژووی کورد و کوردستان، ج١ـ٢، بەغداد؛ ١٩٣١ز.

١/٣٦- زەکیی: محەممەد ئەمین -تەئریخی سلێمانیی و ولاّتی، بەغداد؛ س١٩٣٩ز.

١/٣٧- زێوەر: مەلا عەبدالله -خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچیی، سلێمانیی؛ ١٩٤٦ز.

١/٣٨- زێوەر: مەلا عەبدالله -دیوانی زێوەر (بلاّوکردنەوەی کتێبخانەی گەلاوێژ -ڕەئووف مەعرووف)، بەغدا؛ س١٩٥٨ز.

١/٣٩- زێوەر: مەلا عەبدالله -گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەریی (پێشەکیی و پەراوێز: محەممەد مەلا کەریم)، بەغداد؛ ١٩٨٥ز.

١/٤٠- سائیب: جەمیل - لە خەوما (پێشەکیی: جەمال بابان)، بەغداد؛ س١٩٧٥ز.

١/٤١- سائیب: مستەفا -مستەفا سائیب ئەستێرە گەشەی کورد (کۆ و ساغکردنەوە و لێ کۆڵینەوە: کەمال ڕەئووف محەممەد)، سلێمانی ١٩٩٨ز.

١/٤٢- سالّح: شێخ نووری -دیوانی شێخ نووریی شێخ سالّح (کۆ و ساغکردنەوە و لێ کۆڵینەوە: ئازاد عەبدولواحید)،ج١ــ٢، بەغداد؛ س١٩٨٢، ١٩٨٥ز.

١/٤٣- سالم: عەبدوڕڕەحمان ساحیبقڕان -دیوانی سالم (کۆ و بلاّوکردنەوە: کوردیی و

مەریوانیی)، بەغداد؛ ١٩٣٣ز.

١/٤٤- سەججادیی: عەلائوددین -دەقەکانی ئەدەبی کوردیی، بەغداد؛ س١٩٧٨ز.

١/٤٥- سەججادیی: عەلائوددین - دوو چامەکەی نالیی و سالم، بەغداد؛ س١٩٧٣ز.

١/٤٦- سەججادیی: عەلائوددین - مێژووی ئەدەبی کوردیی، بەغداد؛ س ١٩٥٢ز.

١/٤٧- سەججادیی: عەلائوددین -یادی چلەی پیرەمێرد، بەغداد؛ س١٩٥٠ز.

١/٤٨- سەعید: کەریم -گۆرانیی، بەغداد؛ س١٩٢٨ز.

١/٤٩- سەفیزادە: سدیق بۆرەکەیی -مێژووی وێژەی کوردی، ........

١/٥٠- شێرۆ: عەبدوڕڕەحمان موفتیی -دوا ماڵئاواییی، بەغداد؛ س ١٩٩٢ز.

١/٥١- عارف: محەممەد محەممەد نووریی (در) -تێکستی ئەدەبی کوردیی، سلێمانیی؛ س١٩٨٠ز.

١/٥٢- عیززەت: مەحموود مەلا -دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان، سوید؛ س١٩٩٠.

١/٥٣- فوئاد: کەمال (در) -کوردستان یێکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کۆکردنەوە و پێشەکیی و بڵاوکردنەوە)، بەغداد؛ س١٩٧٣ز/ هەروەها (کوردستان/خولی٣)، سلێمانیی؛ س١٩٩٨ز.

١/٥٤- فوئاد: کەمال (در) -کوردستان یێکەمین ڕۆژنامەی کوردیی (وەرگێڕانیی بەشە گوتار تورکییەکانی خولی: ١ و ٣: شێرزاد عەبدولکەریم. پێشەکیی در. فەرهاد پیرباڵ، مەلا بەختیار)، سلێمانیی؛ س٢٠٠٠ز.

١/٥٥- فەتاح: شاکیر -خەباتی ڕۆشنبیران، بەغداد؛ س١٩٨٤ز.

١/٥٦- فەتاح بەگ: کەریم بەگ -تەئریخی جاف (پێشەکیی در. حەسەن جاف)، بەغداد؛ س١٩٩٥ز.

١/٥٧- قادر: جەبار (در) -چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانیی؛ س١٩٩٩ز.

١/٥٨- قانیع: محەممەد شێخ عەبدولقادر -دیوانی قانیع (کۆکردنەوە و پێشەکیی: بورهان قانیع)، بەغداد؛ س١٩٧٤ز.

١/٥٩- قوبادی: خانای -شیرین و خوسرەو (پێشەکیی و ساغکردنەوە و پەراوێز و فەرهەنگۆک: محەممەد مەلا کەریم)، بەغداد؛ س١٩٧٧ز.

١/٦٠- قەرەداخیی: محەممەد عەلیی -کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، ب١-٣،



بەغداد؛ ١٩٨٠ز، ١٩٨٢ز، ١٩٨٦ز.

١/٦١- قەرەداخیی: محەممەد عەلیی -مەهدی نامە (دزۆینەوە و ئاشناکردن و پێشەکیی، بەغداد؛ س١٩٧٥ز.

١/٦٢- قەرەداخیی: عەبدالله (مەلا عەلیی) -ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا، سوید؛ س١٩٩١ز.

١/٦٣- قەرەداخیی: ڕەشید کەریم -بیرەوەریی، سلێمانیی؛ س١٩٦٠ز.

١/٦٤- کورد: لاوان -ڕەووشت و خوو، بەغداد؛ ١٩٢٧ز.

١/٦٥- کوردیی: مستەفا بەگ -دیوانی کوردیی (چاپ و بڵاوکردنەوەی) گیوی موکریانی، هەولێر؛ س١٩٦١ز.

١-٦٦- کۆیی: حاجیی مەلا عەبدالله -دیوانی خادیم، ج١-٢، بەغدا؛ س١٩٨٠ز، ١٩٨١ز.

١/٦٧- کۆیی: حاجی قادری کۆیی (لێ کۆڵینەوە و پەراوێز: سەردار میران، کەریم شارەزا)، بەغداد س١٩٨٦ز.

١/٦٨- گۆران: دیاریی لاوان، بەغداد؛ س١٩٣٤ز.

١/٦٩- گۆران: عەبدالله سلێمان -سەرجەمی دیوانی گۆران (ڕێکخستن و پێشەکیی و پەراوێز: محەممەد مەلا کەریم)، بەغداد؛ س ١٩٨٥ز.

١/٧٠- لازاریف: م -کێشەی کورد، (وەرگێڕان : در. کاوس قەفتان)، بەغداد؛ س١٩٨٩ز.

١/٧١- مان: ئۆسکار مان -توحفەی موزەففەرییە (پێشەکیی و هێنانی بۆ ڕێنووسی کوردیی: هێمن موکریانی)، ج١-٢، بەغداد؛ ١٩٧٥ز.

١/٧٢- مالمیسانژ و مەحموود لەوەندیی -ڕۆژنامەگەریی کوردیی «١٩١٨ز-١٩٨١» لە کوردستانی باکوور و تورکیادا، سوید؛ س١٩٨٩ز:

Malmisanij@ Mahmud Lawandi Li Kurdistana Bakur U Li Tirkiye Rojnamegerya Kurdi 1908-1981 Sweden 1989.

١/٧٣- محەممەد ئەمین: ساڵح (ڕاستییەکەی: نەوشیروان مستەفا ئەمین)، کورد و عەجەم، بەغداد؛ س١٩٩٣ز.

١/٧٤- محەممەد: مەسعوود -حاجی قادری کۆیی- ب٢، بەغداد؛ س١٩٧٤ز.
١/٧٥- مودەڕڕیس: مەلا عەبدولکەریم -بنەماڵەی زانیاران، بەغداد؛ س١٩٨٤ز.
١/٧٦- مودەڕڕیس: مەلا عەبدولکەریم -یادی مەردان،ج١ـ٢، بەغداد؛ س١٩٨٣ز، ١٩٨٤ز.
١/٧٧- موکریی: کامەران -محەممەد قودسیی نەمر، سلێمانیی؛ س١٩٥٩ز.
١/٧٨- موکریانیی: هێمن -تاریک و ڕوون، بەغداد؛ س١٩٧٤ز.
١/٧٩- مەحویی: مەلا محەممەد -دیوانی مەحویی (لێک دانەوە و لێ کوڵینەوە: مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس، محەممەد مەلا کەریم) بەغداد؛ س١٩٧٧ز.
١/٨٠- مەلای جزیری: ئەحمەد مەلا محەممەد -دیوانی مەلای جزیری (پێشەکیی و ساغکردنەوە: سادیق بەهائوددین ئامێدیی)، بەغداد؛ س١٩٧٧ز.
١/٨١- مەولەویی: سەیید عەبدوڕڕەحیم/ مەعدووم - دیوانی مەولەویی (کۆ و بڵاوکردنەوە: پیرەمێرد/ حاجی تۆفیق مەحموود ئاغا)، سلێمانیی؛ س ١٩٣٣ز.
١/٨٢- مەولەویی: سەیید عەبدوڕڕەحیم- دیوانی مەولەویی (کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس)، بەغداد؛ س١٩٦٠ز.
١/٨٣- مەولەویی: سەیید عەبدوڕڕەحیم -دیوانی مەولەویی (لە شێوەی هەورامانییەوە بۆ شێوەی سلێمانیی: محەممەد محەممەد ئەمین ئەردەڵانیی)، ب١، بەغداد؛ س١٩٩١ز.
١/٨٤- ناتیق: مەلا کەریم وەسمان -دیوانی ناتیق، سلێمانیی؛ س؟.
١/٨٥- ناریی: مەلا محەممەد کاکە حەمەی بێلوو -دیوانی ناریی (پێشەکیی و چاپکردن: کاکەی فەلاح)، سلێمانیی، س١٩٨٤ز.
١/٨٦- نالیی: مەلا خدر -دیوانی نالیی (لێ کۆڵینەوە و لێک دانەوە: مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس، فاتیح عەبدولکەریم)، بەغداد؛ س١٩٧٦ز.
١/٨٧- نەبەز: جەمال (در) -گۆڤاری نیشتیمان زمان حاڵی کۆمەڵەی ک: ١٩٤٣ز-١٩٤٤ز، (کۆکردنەوە و پێشەکیی)، سوید؛ ١٩٨٥ز.
١/٨٨- نەریمان: مستەفا -فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد -بەغداد؛ س١٩٨٦ز.
١/٨٩- وردیی: محەممەد تۆفیق -فۆلکلۆری کوردیی «بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بەبە» ب١، بەغداد؛ س١٩٦١ز.



١/٩٠- وەسمان ئاغا: عەبدولعەزیز/ خواجە ئەفەندیی -مەناقیبی کاکە ئەحمەدی شێخ (وەرگێڕانی لە فارسییەوە و بڵاوکردنەوە: پیرەمێرد) سلێمانیی؛ س١٩٣٩ز.
١/٩١- وەفایی: میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابڵاخیی (کۆکردنەوە و پەراوێز: محەممەد عەلیی قەرەداخیی)، بەغداد؛ س١٩٨١ز.
١/٩٢- ویسالیی: محەممەد شێخ ئەحمەد -دیوانی ویسالیی (پێشەکیی و پەراوێز: جەمال محەممەد ئەمین)، بەغداد؛ س١٩٨٦ز.
١/٩٣- هاوار: م. ڕەسووڵ -پیرەمێردی نەمر (دیوانی شیعر، پێشەکیی و لێکۆڵینەوە، بەغداد؛ س١٩٧٠ز.
١/٩٤- هاوار: م. ڕەسووڵ - شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ج ١ـ٢، سوید - لۆندۆن؛ س١٩٩٠ز - س١٩٩١ز.
١/٩٥- هاوار: م. ڕەسووڵ -سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد -سوید؛ س١٩٩٦ز.
١/٩٦- هەژار: عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندیی -هەمبانە بۆرینە، ج١ـ٢، تەهران - س٣٦٨، ١٣٤٩هـ.ق.

٢- عەرەبیی
٢/١/٩٧- ابراهیم: زاهدة -دلیل الجرائد و المجلات العراقیة، کویت، س١٩٨٢.
٢/٢/٩٨- ابوبکر: احمد عثمان (در) -المسألة الکردیة في عهد السلام بعد الحرب العالمیة الاولی (مجموعة مقالات دراسیة): ١٩٧٠-١٩٨٠ / القسم الثالث عشر؛ س؟.
٢/٣/٩٩- احمد: کمال مظهر (در) -دراسات في تأریخ ایران الحدیث و المعاصر- بغداد؛ ١٩٨٥.
٢/٤/١٠٠- ادموندز: س. جي. أ- کرد ترك و عرب (ترجمة: جرجیس فتح الله)، بغداد؛ س١٩٧١.
٢/٥/١٠١- اسماعیل: زبیر بلال -علماء و مدارس اربیل، موصل؛ س ١٩٨٤.
٢/٦/١٠٢- بابان: جمال -اصول اسماء المدن و المواقع العراقیة، بغداد؛ س١٩٧٦.
٢/٧/١٠٣- بابان: مەلا رشید بگ -اقتران النیرین في مجمع البحرین (عربي-کوردي:

تفسير/مقدمة: محمد علي قرداغي)، بغداد/ س١٩٧٣.

١٠٤/٨/٢- بروكلمان: كارل -تأريخ الشعوب الاسلامية (ترجمة: بنية امين فارس و ميران بعلبكي)، ط٧، بيروت؛ ١٩٧٧.

١٠٥/٩/٢- بطي: فائق -صحافة العراق- تأريخها و كفاح اجيالها، بغداد؛ س١٩٦٨.

١٠٦/١٠/٢- بيگەبک: مأمون -مذكرات مأمون بيگەبگ (ترجمة: محمد جميل الروژبياني و شكور مصطفى)، بغداد؛ س١٩٨٠.

١٠٧/١١/٢- بيل: مس -فصول من تأريخ العراق القريب (ترجمة و حواشي: جعفر الخياط)، ط٢، بغداد؛ س١٩٧١.

١٠٨/١٢/٢- جرنفيل: فريمان - التقويمات الهجري و الميلادي (ترجمة: (در) حسام الدين الآلوسي)، بغداد؛ ١٩٨٦.

١٠٩/١٣/٢- الحاج: عزيز (در؟) القضية الكردية في العشرينات، بيروت، س ١٩٨٥.

١١٠/١٤/٢- الچاوشلي: هادي رشيد -تراث اربيل التأريخي، اربيل؛ س١٩٨٥.

١١١/١٥/٢- الحسني: عبدالرزاق -تأريخ الاحزاب السياسية العراقية؛ بيروت؛ س١٩٨٣.

١١٢/١٦/٢-الحسني: عبدالرزاق -العراق الحديث، ج٣، بيروت؛ س١٩٧٥.

١١٣/١٧/٢- الحسني: عبدالرزاق -الوزارت العراقية ج١ــ٣، بيروت؛ س ١٩٨٢.

١١٤/١٨/٢- الحسني: عبدالرزاق -العراق في ظل المعاهدات، بيروت؛ س١٩٨٢.

١١٥/١٩/٢- الحصري: ساطع -مذكراتي في العراق، ج١، بيروت؛ س١٩٦٧.

١١٦/٢٠/٢- الخال: محمد -البيتوشي، بغداد؛ س١٩٥٨.

١١٧/٢١/٢- الخال: محمد - الشيخ معروف النودهي البرزنجي، بغداد؛ س١٩٦١.

١١٨/٢٢/٢- رامزور: ارنست (در) -تركيا الفتاة وثورة ١٩٠٨ (ترجمة: (در) صالح احمد العلي)، بيروت؛ س١٩٦٠.

١١٩/٢٣/٢- رضا: غانم جواد -الرسائل في العصر الجاهلي، بغداد؛ س١٩٧٦.

١٢٠/٢٤/٢- ريچ: كلوديوس جيمس -رحلة ريچ عام ١٨٢٠ (ترجمة وحواشيي: بهاءالدين نوري)، بغداد؛ س١٩٥١.

١٢١/٢٥-٢- زكي: محمد امين -تأريخ السليمانية وانحاءها (ترجمة وحواشي: محمد



جميل بندي الروژبياني)، بغداد؛ س١٩٥١.

١٢٢/٢٦-٢- زكي: محمد امين -مشاهير الكرد (ترجمة: سانحة امين زكي)، بغداد؛ س١٩٤٥.

١٢٣/٢٧/٢- سون: إ.ب «ميرزا غلام حسين الشيرازي» - رحلة متنكر في بلاد مابين النهرين وكردستان (ترجمة وحواشي: فؤاد جميل)، ج١، بغداد؛ س١٩٧٠.

E. B. Soane Through Mesepotamia and Kurdista in Disguise. London, 1926

١٢٤/٢٨/٢- شريف: طارق ابراهيم -شخصيات تتذكر، جل، اربيل؛ س١٩٨٨.

١٢٥/٢٩/٢- شريف: عبدالستار طاهر (در) -الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية، بغداد؛ س١٩٨٩.

١٢٦/٣٠/٢- الصراف: زكي (در) -المقالة الصحفية في الادب الفارسي، القاهرة؛ ١٩٧٨.

١٢٧/٣١/٢- صفوة: نجدت فتحي -العراق في الوثائق البريطانية ١٩٣٤، البصرة؛ س١٩٨٣.

١٢٨/٣٢/٢- عبدالصاحب: اسعد -بغية الواجد في مكتوبات مولانا خالد، دمشق؛ س١٣٣٤ه.

١٢٩/٣٣/٢- العزاوي: عباس (المحامي) -تأريخ العراق بين احتلالين، ج٦، بغداد؛ س١٩٥٢.

١٣٠/٣٤/٢- العمري: ياسين افندي -غرائب الاثر في حوادث القرن الثالث عشر، موصل؛ س١٩٤٠.

١٣١/٣٥/٢- الغلامي: عبدالمنعم -الضحايا الثلاث، موصل؛ س١٩٥٣.

٣٦/٢- ١٣٢- فاخوري: حنا -تأريخ الادب العربي، ط٦، بيروت؛ س؟.

١٣٣/٣٧/٢- الفكيكي: اديب توفيق (در) - تأريخ اعلام الطب العراقي الحديث، بغداد؛

١٣٤/٣٨/٢- فهمي: حسن عبدالمجيد -تأريخ مشاهير الالوية العراقية، بغداد؛ س١٩٤٦.

١٣٥/٣٩/٢- قاسملو: عبدالرحمن (در) -كردستان والاكراد، بيروت؛ س١٩٧٠.

٢/٤٠/١٣٦- قزانجي: فوءاد -العراق في الوثائق البريطانية، بغداد؛ س١٩٨٦.
٢/٤١/١٣٧- القزلجي: احمد - التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، بغداد؛ س١٩٣٨.
٢/٤٢/١٣٨- الگوراني: علي سيدو -من عمان الى عمادية (سفرة)، مصر؛ س١٩٣٩.
٢/٤٣/١٣٩- لونگريك: س -اربعة قرون من تأريخ العراق (ترجمة: جعفر الخياط) ط٦، بيروت؛ س١٩٨٥.
٢/٤٤/١٤٠- ماليسانژ: بدرخانيو جزيرة بوتان و محاضر اجتماعات الجمعية العائلية البدرخانية (ترجمة: شكور مصطفى)، اربيل؛ ١٩٩٨.
٢/٤٥/١٤١- مجموعة اساتذة: الحدود الشرقية للوطن العربي (دراسات تأريخية)، بغداد؛ ١٩٩٥.
٢/٤٦/١٤٢- المدرس: عبدالكريم -علماؤنا في خدمة العلم والدين، بغداد؛ س ١٩٨٣.
٢/٤٧/١٤٣- المطبعي: حميد- موسوعة اعلام العراق في القرن العشرين؛ ج١ـ٢، بغداد؛ س١٩٩٥.
٢/٤٨/١٤٤- مينورسكي: ڤلادمير -الاكراد، ملاحظات وانطباعات (ترجمة: د. معروف خزندار)، بغداد؛ س١٩٦٨.
٢/٤٩/١٤٥- نبز: جمال (در) - الامير احمد الرواندزي، اربيل؛ ١٩٩١.
٢/٥٠/١٤٦- الهلالي: عبدالرزاق -تأريخ التعليم في العراق في العهد العثماني، بغداد؛ س١٩٥٩.
٢/٥١/١٤٧- الهلالي: عبدالرزاق -تأريخ التعليم في العراق في عهد الاحتلال البريطاني، بغداد؛ س١٩٧٥.
٢/٥٢/١٤٨- الوائلي: عثمان بن سند الوائلي النجدي البصري -اصفى الموارد في احوال الامام خالد، مصر؛ س ١٣١٠ه.
٢/٥٣/١٤٩- الوائلي: عثمان بن سند الوائلي النجدي البصري -مطالع السعود، مصر؛ س١٨٩١.
٢/٥٤/١٥٠- ويلسن: ت.أ -بلاد مابين النهرين (ترجمة: جعفر الخياط)، بغداد؛ س؟
٢/٥٥/١٥١- ياملكي: عبدالعزيز -مذكرات عبدالعزيز ياملكي، بغداد؛ س١٩٥٧.



٣- فارسيى
٣/١/١٥٢- ابراهيم پور: محمد تقى -واژەهاى فارسى-كوردى، تهران؛ س١٣٧٣ه.ق.
٣/٢/١٥٣- توكلى: محمد رؤوف -جغرافيا و تاريخ بانه، س ١٣٥٦ه.ق.
٣/٣/١٥٤- خيرّ: خليل (در) -فرهنک عربى و فارسى، ج١، تهران؛ س١٣٤٣ه.ق.
٣/٤/١٥٥- سپهرالدين: ابوبكر خوانچه -زندگينامهء عارفى ربانى حضرت شيخ يوسف ملقب شمس الدين برهانى، انتشارات صلاح الدين ايوبى، چاپ اول؛ س١٣٦٨ه.ش /١٩٨٩م.
٣/٥/١٥٦- قاضى: قادر فتاحى -مهرو وفا، تبريز، (س١٩٦٥م).
٣/٦/١٥٧- معين: محمد (در) برهان قاطع، ج٣، تهران، س ١٣٥٧ ه.ق.
٣/٧/١٥٨ نصيرى: محمد رضا (در) -اسناد ومكاتبات تاريخى ايران، مؤسسه كيهان، تهران؛ س١٣٣٨ه.ق.

**بلاوكراوە/ ڕۆژنامە/ گۆڤار (ب.ڕ.گ)**

١- كورديى...
١/١- ئاگا و ڕووداوى هەفتەیى/ پەيام: س ١٩٤٨ز - ١٩٥٨ز /بەغداد «ب.گ». (زۆربەى ژمارەكانيان).
١/٢- ئومێدى ئيستيقلال - ١٩٢٣ز - ١٩٢٤ز/ سلێمانيى «ڕ».
١/٣- بانگى حەق - س ١٩٢٣ز. / سلێمانى -ئەشكەوتى جاسەنە «ڕ». (هەردوو ژمارەكەى).
١/٤- بانگى كورد - س١٩١٣ز / سلێمانيى «ڕ» (سێ ژمارەى!!).
١/٥- بانگى كوردستان - س١٩٢٢ز / سلێمانى «ڕ» (هەموو ژمارەكانى).
١/٦- بەيان / بەغداد «گ»، (هێندەى مەبەستم بووبێت).
١/٧- پێشكەوتن -سلێمانيى؛ س١٩٢٠ز - ١٩٢٢ز / سلێمانيى «ڕ» (هەموو ژمارەكانى؛ يادگارى كتێبخانەى مستەفا سايیب، لە كاك جەمال عەبدولقادر بابانەوە - س١٩٨٤ز).
١/٨- دەنگى گێتيى تازە - س١٩٤٣ز - ١٩٤٦ز / بەغداد «گ» (زۆربەى ژمارەكانى).

١/٩- دیاریی کوردستان – س١٩٢٥ز – ١٩٢٦ز / بەغداد «گ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/١٠- زاری کرمانجیی – س١٩٢٦ز – ١٩٣٢ز / ڕواندز «گ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/١١- زانستیی – س١٩٣٨ز / سلێمانیی «گ» (ژمارە تاقانەکەی).
١/١٢- زبان – س١٩٣٧ز – ١٩٤١ز / سلێمانیی «ڕ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/١٣- ژیان – س١٩٢٦ز – ١٩٣٨ز / سلێمانیی «ڕ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/١٤- ژیانەوە – س ١٩٢٤ز – ١٩٢٦ز / سلێمانیی «ڕ» (هەموو ژمارەکانی).
١/١٥- ژین- س ١٩١٨ز – ١٩١٩ز / ئەستەنبووڵ «گ» (هەموو ژمارە بڵاوکراوەکانی).
١/١٦- ژین – س ١٩٣٩ز – ١٩٦٣ز / سلێمانیی «ڕ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/١٧- ڕابوون / سوید «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/١٨- ڕووناکیی – س ١٩٣٥ز – ١٩٣٦ز / هەولێر «گ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/١٩- ڕۆژانوو – س ١٩٤٣ز / بەیرووت «گ» ( کۆمەڵێ ژمارەی).
١/٢٠- ڕۆژی کورد – س ١٩١٣ز / ئەستەنبووڵ «گ» (ژمارە بڵاوکراوەکانی).
١/٢١- ڕۆژی کوردستان – س ١٩٢٢ز / سلێمانیی «ڕ» (ژمارە بڵاوکراوەکانی).
١/٢٢- ڕۆژی نوێ / سلێمانیی «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٢٣- ڕۆشنبیری نوێ / بەغداد «گ» ( هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٢٤- ڕەنگین / بەغداد «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٢٥- عێراق (کوردی) / بەغداد «ڕ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٢٦- کاروان / هەولێر «ڕ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٢٧- کورد تەعاون و تەرققیی / ئەستەنبووڵ «ڕ» (ژمارە: ١).
١/٢٨- کوردستان – س ١٨٩٨ز – ١٩٠٢ز «خ١» قاهیرە – ئەورووپا «ڕ» (ژمارە بڵاوکراوەکانی).
١/٢٩- کوردستان – س ١٩١٧ز – ١٩١٨ز «خ٣» / قاهیرە «ڕ» (ژمارە بڵاوکراوەکانی).
١/٣٠- کوردستان – س ١٩١٩ز – ١٩٢٠ز / ئەستەنبووڵ «گ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/٣١- کوردستان – س ١٩٤٦ز / مەهاباد «ڕ» (زۆربەی ژمارەکانی – گەنجینەی کاک



عەبدوڕڕەقیب یووسف).
١/٣٢- کوردستانی نوێ / سلێمانیی «ڕ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٣٣- کۆڕی زانیاریی کورد / بەغداد «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!)
١/٣٤- گەلاوێژ – س ١٩٣٩ز – ١٩٤٨ز / بەغداد «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
٣٥١- مامۆستای کورد / سوید «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٣٦- نزار – س ١٩٤٨ز / بەغداد «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!)
١/٣٧- نیشتیمان – س ١٩٤٣ز – ١٩٤٤ز / مەهاباد «گ» (ژمارە بڵاوکراوەکانی).
١/٣٨- هاوار – س ١٩٣٢ز – ١٩٤٣ز / شام «گ» (زۆربەی ژمارەکانی!).
١/٣٩- هاوکاریی / بەغداد «ڕ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٤٠- هەتاو – س ١٩٥٤ / هەولێر «ڕ» (ژمارە تاقانەکەی).
١/٤١- هەتاو – س ١٩٥٤ز – ١٩٦٠ز / هەولێر «گ» (زۆربەی ژمارەکانی).
١/٤٢- هەولێر – س ١٩٥٢ز / هەولێ «ڕ» (بابەت و باسە بڵاوکراوەکانی).
١/٤٣- هیوا / بەغدا «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
١/٤٤- هیوا / پاریس «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).

٢- عەرەبیی...
٢/١- الاتحاد – ع٤٠٦؛ ٦/٤/٢٠٠١/ سلێمانی «ڕ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
٢/٢- آفاق جامعیة / زانکۆی سلێمانی «گ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
٢/٣- حبزبور – س ١٩٣٦ز / بغداد «ڕ» (هێندەی مەبەستم بووبێت!).
٢/٤- المجلة العسكرية – عدد خاص. ٦ كانون الثاني ١٩٧٠ / بغداد «گ».
٢/٥- الوقائع العراقية- س ١٩٢٤ز / بەغداد «ڕ» (هێندەی پێویستم بووبێت!)
٢-٦- هنا بغداد – س ١٩٤٧ – ١٩٦١ / بەغداد «گ» (هێندەی پێویستم بووبێت!).

# پێزانین(*)

بۆ نەتەوەکەم... بۆ مێژوو

وەکو هەموو ژینم -با ئەورۆ لەسەرە مەرگدابم- قسەم لە رووە و سڵ و کۆ لە کەس ناکەمەوە و ئەویی بۆ چاکیی نەتەوەکەم چاکەیێ بنوێنێ دەیگرمە ڕۆح و ئەویی خراپەیێ بکا مێژووی لێ دەگرم بەشاییێت... بەکورتییش دەڵێم: پێنج ساڵ لە زیندانەکانی مەنفادا ئەم (کتێب)ە لە ئەم ئۆردووگەی پەنابردەکان و ئەو ماڵە دۆستی غیرەتمەندا بەکۆڵمەوە دەگەڕا... هەموو هەڵپە و خولیاییێکم -لە بریی بۆ سەر و سامان و کورسیی- بۆ ڕستگاریی و لەنێو نەچوون و گەیشتنەوەی ئەم ڕەنجە بۆ نیشتمان و ڕوون کردنەوەی چاو و دڵی خوێندەوارەکانی ئەو ڕۆ و دواڕۆژی نەتەوەکەم بوو! لە ئەو ماوەیەدا لەلاییێکەوە خۆم فاکسنامەم نارد بۆ دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی «ئاپیک APCE»ی سوید، هەروەها نامەییێکی دیم بۆ دەزگەییێکی ڕۆژنامەگەریی کوردیی -ئەڵمانیا نارد، یێکەم نەتوانین و دووەم دەمکوتیی نواند!! هاوەڵم کاک مەجموود ڕەزا ئەمین- لە دڵسۆزیی خۆیەوە- نامەییێکی نارد بۆ دەزگەی ئاوەدانیی کوردستان لە ئەڵمانیا، بۆ چاپ کردنی بەڵام هەرگیز وەڵامیان نەدایەوە. دیسان لە ساڵی ٢٠٠١دا و بەهۆی دیدارێکمەوە لەگەڵ «Med tv» ڕووم کردە خەڵکیی بەشکو غیرەتمەندێ هەڵبکەوێ و بیباتەوە بۆ نیشتمان یان لە هەر شوێنێکدا چاپ بکرێ، بەڵام کەسێ دەنگ و جووڵەی نەبوو، چۆن چەند تەلەفوونم بۆ چەند دەسەڵاتداری -خۆپەرستی- نێو نیشتمان بێ هوودە بوو!!

لە ئەوپەڕی داماوییدا، (لالۆ)ی کوڕم پێشنیاری کرد کە ئەم (کتێب)ە دوو هەزار لاپەڕەیە بەئامێری «سکانەر» وەربگرم -هەشت هەزار یۆرۆی تێ دەچوو- ئەوجا بە «ئیمێل»دا بۆی بنێری سلێمانیی و مشووری چاپ کردنی بخوات، بەڵام وەکو ئەو توانایەم نەبوو، لەناکاودا (لالۆ)م جوانەمەرگ بوو، بەتەواوەتیی کۆستی گەورەم کەوت و هیوا بڕاوتر بووم!

لەبنی عێزی ماتەمیینی و تاریکستاندا، لە سەرەتای مانگی تشرینی یێکەمی ٢٠٠٣دا هاوەڵی دڵسۆزم کاک ئازاد کاکە ڕەش -هەر خۆیشی بەچوار ساڵ کتێبێکی دیمی خستبووە سەر سێ دێ CD- تەلەفوونی بۆ کردم کە دیدەنیی سلێمانیی دەکات و تکای گرتم ئەم (کتێب)ە بباتەوە. جوامێرانە هاتە پێشەوە و گوتی: (بەسەر چاو کە بۆ چاکەی نەتەوەکەمە!) و بە ئەو هەڵوێستەیشی مۆمێکی ڕووناکی داگیرساند. گفتەکەیشی بەجێ هێنا و لە ئەوروپاوە و بەسەر دیواری داگیرکەراندا پەڕاندییەوە گەیاندییە دەست کابانم. هەر لە ئەو هەلەشدا (شێرکۆ فایێق بێ کەس)ی ڕێبەری دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی «سەردەم»ی



سلێمانیی لێ ئاگەدار بوو، بەڵام ئەو وەڵامێکی وشکی دابۆوە!

کابانی جگەرسووتاو و ڕەشپۆشم ناچار تەلەفوونی بۆ (شێرکۆ) کردبوو کەچیی ئەو لە وەڵامیدا گوتبووی: (ماسیی لە بەحردا سەودا ناکرێ!؟ جگە لە ئەوە کتێبەکە گەورەیە و ڕێگە لە خەڵک دەگرێ!!؟).

کەواتە دوای بیست ساڵ پێ سووتاویی و شەونوختیی و چڵەی چاو و خۆتواندنەوە -لە نیشتمان و مەنفادا- بۆ خزمەتی ڕۆشنبوونی بیری هاونەتەوەکانم (میدالیای ڕێگریی)م خەڵات کرا! کەی؟ لە ڕۆژگاری (کوردستانی ئازاد)دا؟

هاوەڵی عومرم مامۆستای بەشی کوردیی زانکۆی سەلاحەددین پرۆفیسۆر در. محەمەد محەمەد نوریی عارف کە هەواڵی ئەم میدالیایەی (میر)ی «سەردەم»ی بیستبوو، لە دڵسۆزییەوە ڕێبەری دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی «ئاراس» کاک (بەدران ئەحمەد حەبیب)ی لە هەولێردا ئاگەدار کردبوو، ئەویش تکای گەرمی بۆ هێنانی فۆتۆکۆپیی کتێبەکەمی لێ کرد بوو کە بۆ ڕۆژی دوایی گەییشتە دەستی. کاک (بەدران)یش دەمودەست چەند کارمەندێکی سەر کۆمپیووتەری بۆ دانا و لە ماوەی دوو مانگدا تەواویان کرد. لە ئەوەش پتر بەڕێنمایی خانەدان کاک (نێچیرڤان بارزانیی) و کاک (بەدران) کارێ کرا خۆم سەرپەرشتی ڕاست کردنەوە و چاپی کتێبەکە بکەم، بگرە بڕیاردرا (دوو) کتێبم بۆ چاپ بکرێ کە دوومەکە لە ماوەی دوو هەفتەدا لە کۆمپیووتەردرا و پرنت کرا!

ئەوە (کتێب)ە کە موڵکی نەتەوەکەمە لەبەرچاو و ئەقڵ و ویژدانی خوێندەوارانە و خۆیان سەرپشکن (ڕێگر)ی ڕاستەقینە و ڕەنجی من و جوامێریی دڵسۆزان ببینن.

لە ئەم هەل و هەڵکەوتەدا بەهەموو هۆش و بیری ئینسانیی و نەتەوەییمەوە سوپاسی یێکەییێکەی ئەو جوامێرانە دەکەم. هەر سەربەرزبن!(*)

بابی لالۆ

٢٠٠٤/٢/٢٠ ملیار

** سوپاسی گەرمم بۆ کارمەندە ژیرەکانی دەزگەی «ئاراس» و کۆمپیووتەرزانەکان؛ کاک ئەمیری حاجی داود، کاک ئاراس و هاوەڵانیان و چاپخانەی پەروەردەی هەولێر و دەستیان خۆش بۆ کارامەیی و سەلیقەی جوانیان!*

(*) لەسەر داوای نووسەر ئەم پێزانینەی بەدەست و خەتی خۆی و بەپت چنین بڵاوکرایەوە.

# پێزانین*

## بۆ نەتەوەکەم ... بۆ مێژوو

وەکو هەموو ژینم - با ئەوڕۆ لە سەرەوەرگڕابم - قسەم لە ڕووەو سڵ و کۆ لەکەس ناکەمەوە و ئەوەی جۆ چاکیی نەتەوەکەم چاکەیی بنوێنێ دەیگرمە ڕۆح و ئەوەی خراپەی بکا فێرەوی لێ دەکرم بە شایێت ... بەکورتییش دەڵێم: پێنج ساڵ لە زیندانەکانی مەنفادا ئەم (کتێب)ە لە ئەم ئۆر دووگەی پەنا بردەکانی و ئەو ماڵە دۆستی غیرەتمەندا بە کۆڵەوە دەگەڕا .. هەموو هەڵیە و خولیایێکم - لەبری بۆ سەروساماناو کورسیی - بۆ ڕستگاری و لەنێو نەچوون و گەیشتنەوەی ئەم یەکجە بۆ نیشتیمان و ڕوون کردنەوەی چاوو دڵی خوێندەوارەکانی ئەوڕۆ و دواڕۆژی نەتەوەکەم بوو! لەو ماوەیەدا لەلایێکەوە خۆم فاکسنامەم نارد بۆ دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی «ئاپێک APEC»ی سوید، هەروەها نامەیێکی دیم بۆ دەزگەیێکی ڕۆژنامەگەریی کوردیی - ئەڵمانیا نارد، پێلەم نە توانینی و دووەم دەمکوتیی نواند!! هاوڕێم کاک مەحموود ڕەزا ئەمین - لە دڵسۆزیی خۆیەوە - نامەیێکی نارد بۆ دەزگەی ئاوەدانیی کوردستان لە ئەڵمانیا، بۆ چاپکردنی بەڵام هەرگیز وەڵامیان نەدایەوە. دیسان لە ساڵی ٢٠٠١دا و بە هۆی دیدارێکەوە لەگەڵ «Med tv»ی ڕووم کردە حەزکی بە شکۆ غیرەتمەندی هەڵبکەوێ و بیباتەوە بۆ نیشتیمان یان لە هەر شوێنێکدا چاپی بکرێ، بەڵام کەسێ دەنگ و جووڵەی نەبوو، چۆن چەند تەلەفوونم بۆ چەند دەسەڵاتداری - خۆپەرستی - نێو نیشتیمان بێ هوودە بوو!!

لە ئەویەڕی داماویدا، (لالۆ)ی کوڕم پێشنیاری کرد کە ئەم (کتێب)ە دوو هەزار لاپەڕەیە بە ئامێری «سکان»ەوە بگرم - هەشت هەزار یۆرۆی تێدەچوو - ئەوجا بە «ئیمێل»دا بۆی بنێرمە سلێمانیی و مشووری چاپکردنی بخوات، بەڵام وەکو ئەو توانایەم نەبوو، لە ناکاودا (لالۆ)م جوانەمەرگ بوو، بە تەواوەتیی کۆستێکی گەورەم کەوت و هیوابڕاو تر بووم!

لە بن عەرزی ماتەمینی و تاریکستاندا، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢دا هاوەڵی دڵسۆزم کاک ئازاد کاکە ڕەش - هەرخۆشی بە جوار ساڵ کتێبێکی دیمی خستبووە سەر سێ دی CD - تەلەفوونی بۆکردم کە دیدەنیی سلێمانیی دەکات و تکای کرتم ئەم (کتێب)ە بباتەوە. جوامێرانە هاتەپێشەوە و گوتی: (بەسەرچاو کە بۆ چاکەی نەتەوەکەمە!) و بەو هەڵوێستەیشی هۆمێکی ڕووناکی داگیرساند. گفتەکەیشی بەجێ هێناو لە

---

* بەدەست و خەتی خۆی نووسەر



ئەورووپاوە و بەسەر دیواری داگیرکەراندا پەڕاندییەوە گەیاندییە دەستکارانم. هەر لە ئەو هەڵەشەدا (شێرکۆ فایەق بێکەس)ی بەڕێوەبەری دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی «سەردەم»ی سلێمانیی لێ ئاگەدار بوو، بەڵام ئەو وەڵامێکی وشکی دابۆوە!

کاتی جگەرسووتاو و پەشێوم ناچار تەلەفوونی بۆ (شێرکۆ) کردبوو کە چیی ئەو لە وەڵامیدا گوتبووی؟ (ماسیی لە بەحردا سەودا ناکرێ!؟ جگە لە ئەوە کتێبەکە گەورەیە و ڕێگە لە خەڵک دەگرێ!!؟).

کەواتە دوای بیست ساڵ پێ سووتاوی و شەونوخنی و چڵەی چاوو خۆ تواندنەوە - لە نیشتیمان و مەنفادا - بۆ خزمەتی ڕۆشنبوونی بیری هاونەتەوەکانم (ویدالیای ڕێگری)م خەڵات کرا! کەی؟ لە ڕۆژگاری (کوردستانی ئازاد)دا؟

هاوەڵی خوەرم مامۆستای بەشی کوردیی زانکۆی سەلاحەددین پرۆفیسۆر د. محەمەد محەمەد نووری عارف کە هەواڵی ئەم ویدالیایەی (فێرگەی «سەردەم»)ی بیستبوو، لە دڵسۆزییەوە ڕێبەری دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی «ئاراس»ی کاک (بەدران ئەحمەد حەبیب)ی لە هەولێردا ئاگەدار کردبوو، ئەویش تکای کەری بۆ هێنانی فۆتۆکۆپیی کتێبەکەی لێ کردبوو کە بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتە دەستی. کاک (بەدران)یش دەموودەستا چەند کارمەندێکی سەرکۆمپیووتەری بۆ دانا و لە ماوەی دوو مانگدا تەواویان کرد. لە ئەوەش پتر بە ڕێنمایی خانەدان کاک (نێچیرڤان بارزانیی) و کاک (بەدران) کاری کرا خۆم سەرپەرشتیی ڕاستکردنەوە و چاپی کتێبەکە بکەم، ئەمە بڕیاردرا (دوو) کتێبم بۆ چاپ بکرێ کە دووەمەکە لە ماوەی دوو هەفتەدا لە کۆمپیووتەردرا و پرینت کرا!

ئەو (کتێب)ە کە هوێکی نەتەوەکەوە لە بەرچاو و ئەقڵ و ویژدانی خوێندەوارانەوە خۆیان سەرپشکن (ڕێگر)ی ڕاستەقینە و ڕەنجی من و جوامێریی دڵسۆزان ببینن.

لە ئەم هەڵ و هەڵکەوتەدا لە هەموو هۆش و بیری ئینسانیی و نەتەوەییەوە سوپاسی پێکەیێکەی ئەو جوامێرانە دەکەم، هەر سەربەرز بن! *

بابی لالۆ

٢٠٠٤/٢/٢٠ حلیا،

* سوپاسی گەرم بۆ کارمەندە ژیرەکانی دەزگەی «ئاراس» و کۆمپیووتەرزانەکان؛ کاک ئەمیر حاجیی داوود، کاک ئاراس و هاوەڵانیان و چاپخانەی پەروەردەی هەولێر و دەستیان خۆش بۆ کارامەیی و سەلیقەی جوانیان!